له زنجیره بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ

زنجیرەی کتێب: ١

# گوتاری ناسیونالیزمی کوردی

بەرگی چوارەم

عەتا قەرەداغی

# گوتاری ناسیونالیزمی کوردی

## له بڵاوكراوەكانی ڕێكخراوی كوردستان دیالۆگ (KDO)

ناوی کتێب: گوتاری ناسیونالیزمی کوردی

نووسەر: عەتا قەرەداخی

ژانر:

دیزاینی بەرگ:

دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جبار

نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٢١ سلێمانی

چاپخانە:

تیراژ: (     ) دانە

نرخ: (     ) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (     )ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێ دراوە.

# پێڕست

**پێشەکی**........................................................................... **٧**

**بەشی یەکەم** ..................................................................... **١٥**

نەتەوە چیە؟

**بەشی دووەم**..................................................................... **٤١**

ناسیونالیزم و رەگو ڕیشەکانی یان بنەماو پایەکانی

**بەشی سێیەم** ..................................................................... **٧٧**

ناسیونالیزمی ئیتنیکی و ناسیونالیزمی مەدەنی

**بەشی چوارەم** ..................................................................... **٩٧**

ناسیونالیزمی کەلتوری

**بەشی پێنجەم**..................................................................... **١٢١**

ناسیونالیزمی رۆمانسی

**بەشی شەشەم** ..................................................................... **١٤٩**

ناسیونالیزمی ئایینی

**بەشی حەوتەم** ..................................................................... **٢٠٩**

ناسیونالیزمی چەپ

**بەشی هەشتەم** ..................................................................... **٢٤٩**

ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم

**بەشی نۆیەم ........................................................................٢٧٥**
ناسیونالیزمی کوردی و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ

**بەشی دەیەم ........................................................................٣٨١**
ناسیونالیزمی کوردی و ریفراندۆم

**بەشی یانزەیەم ........................................................................٤٠٣**
ناسیونالیزمی ژێر کاریگەری و شوناسی ناتەواو

# پێشەکی

ئاراستەی باڵادەست و باو لە نووسینەوەی مێژووی کورددا ئاراستەی وەسفی یان وەسفکردنە، واتە Descrptive History. مەبەست لەم شێوازەی نووسینەوەی مێژوو، گێڕانەوەی رووداوەکانە لەگەڵ وەسفکردنیان لە دیوی دەرەوە بەو ئەندازەی چاوی ئاسایی دەیانبینێت. هەندێجار ئاستی وەسفکردن ئەوەندە باڵادەست دەبێت کە درێژەی رووداوەکان وەکو دارشتنی هونەری دەگێڕدرێتەوە. لە راستیدا ئەم شێوازەی نووسینەوەی مێژوو بە لاوازترین شێواز دادەنرێت و لە هەر شێوازێکی تری نووسینەوەی مێژوو زیاتر بواری زیاد پێوەنان، یان کەمکردنەوە، یان گۆڕینی راستی رووداوەکانی تێدایە بەپێی ویست و تێڕوانین و بەرژەوەندی و ئارەزووی مێژوونووس.

بە پێچەوانەی شێوازەی وەسفیی نووسینەوەی مێژووەوە، کە وەکو گوتمان لە روانگەی توێژینەوەی زانستیەوە لاوازترین شێوازە، شێواز یان ئاراستەی بەهێزی نووسینەوە، یان خوێندنەوەی مێژوو، خوێندنەوەی شیکارییە. مەبەست لەم ئاراستەیەش خوێندنەوەی ئەو دیوی یان پشتی رووداوەکانە. بۆ تێگەیشتن لەوەی لە پشتی رووداوەکانەوەیەو هۆکاری سەرەکی روودانی رووداوەکانە، دەبێت ئەم پرسیارانە بەرزبکرێنەوەو مێژوونووس بە دوای دۆزینەوەو ئاشکراکردنی وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت. پرسیارەکانیش سەبارەت بەهەر رووداوێک ئەمانەن: ئەم رووداوە کەی روویدا؟ لە کوێ روویدا؟ بۆچی روویدا؟ دەرئەنجامی ئەم رووداوە چی بوو؟ کێ و چ هۆکارو چ هێزێک لە پشتیەوە بوو؟ لە بەرژەوەندی کێ کۆتای هات؟ چ کاریگەری و شوێنەوارێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، فیکری، کەلتوری... بەجێهێشت؟

بێگومان کاری مێژوونووس لە روانگەی مێژووی شیکارییەوە گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەو زنجیرە پرسیارەدا کە هەموویان پەیوستن بە یەکترەوەو پەیوەندی لۆجیکی لە نێوانیاندا هەیە. رووداوەکان تەنیا وەکو بنەما یان ئامرازێک بەکاردەهێنرێن بۆ زانین و ئاشکراکردنی وەڵامی ئەو پرسیارانە. بێگومان دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە رووناکیەکی تەواو دەخاتە سەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و فیکری و مەعریفی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەو رووداوە تیایدا روویداوە، بەبێ ئەوەی وردەکاری گێڕانەوەی روودوەکەو خودی رووداوەکەش بۆ ئەم بوارانە بایەخێکی هێندە گرنگی هەبێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە وەڵامە بەدەستهاتووەکانە بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە سەبارەت بەهەر رووداوێک. لە راستیدا گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بەرەو روانینی تری بواری مێژووییمان دەبات، کە ئەیش سەیرکردنی مێژوو، خوێندنەوەی مێژووە وەکو زانستی مێژوو، هەروەها وەکو فەلسەفەی مێژوو. لە پشتی ئەوەشەوە پرسارە سەرەکیەکانی زانستی مێژوو، هەروەها فەلسەفەی مێژوو راوەستاون کە بریتین لە: من کێم یان ئێمە کێین؟ بۆچی هەم یان بۆچی هەین؟ ئەرکی سەرشانم، یان ئەرکی سەرشانمان لە بوون یان لە ژیاندا چیەو دەبێ چی بکەین و چی بەرهەمبهێنین؟

خوێنەری خۆشەویست ئێمە لەم زنجیرە کتێبەدا بە ناوی «گوتاری ناسیونالیزمی کوردی» هەوڵمانداوە لە روانگەی مێژووی شیکارییەوە An-alytical History خوێندنەوەی مێژووی کورد بکەین و لەبری گێڕانەوەی وردەکاری رووداوەکان، بەدوای ئەو هۆکارانەدا گەڕاوین کە بە ئەرێنی یان بە نەرێنی بوونەتە هۆی دروستبوونی رووداوەکان، بە تایبەتی ئەو رووداوانەی کوردیان خستۆتە دەرەوەی مێژوو، هەروەها روونەدانی ئەو رووداوانەی کە کورد دەهێننە ناو مێژووەوە. هەروەک لە خوێندنەوەی رووداوەکانی هەر قۆناغێکدا ئەو پرسیارانەی سەرەوەمان بەرزکردۆتەوەو بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەدا گەڕاوین.

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئەو پرسیارانەمان کرد: مەبەست لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی چیە؟ پایەکانی ناسیونالیزمی کوردی چین؟ ناسیونالیزمی

کوردی خۆی لە چ ئاستێکدایەو کەی دەرکەوتووەو رەهەندەکانی چین؟ ئایا بووەتە ناسیونالیزمێکی خاوەن پرۆژە؟ ئایا گوتاری ناسیونالیزمی کوردی گوتارێکی خاوەن شوناسە؟ ئەی گوتار خۆی چیە؟

لە سێ بەرگی پێشوودا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا گەڕاوین، ئەویش لە رێگای پێناسەکردنی ناسیونالیزم و گوتاری ناسیونالیزمەوە لە لایەک و خوێندنەوەی شیکارییانەی بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی و خوێندنەوەی شیکارییانەی مێژووی کورد لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمەوە لە لایەکی ترەوە. دیاریکردنی ئەو مێژووە بۆ قسەکردن لە بارەی بابەتی ناسیونالیزمەوە پەیوەندی بە دوو هۆکارو دوو سەردەمەوە هەیە، کە یەکەمیان سەرەتای ئاشکرای دەرکەوتنی ناسیونالیزمە وەکو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی کە دەرکەوتنی چینی ناوەندو دروستبوونی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە رۆژئاوا لەو مێژووەوە دەست پێدەکات. هۆکاری دووەم پەیوەندی بە تایبەتمەندی بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان خۆیەوە هەیە، کە لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا و لە دوای جەنگی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ لە نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا، کوردستان بووە مەیدانی ئەو جەنگەو خودی جەنگەکەش لەسەر کێشمانکێشی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرێتە خێڵایەتیە ئایینیە بوو لەسەر کوردستان. سەرئەنجام ئەو جەنگە بە رێکەوتنی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرێتە لەسەر دابەشکردنی کوردستان لە نێوان خۆیاندا کۆتایی هات. ئەو دابەشکردنە بۆ یەکەمجار جوگرافیای کوردستانی لە رووی سیاسیەوە دابەشکرد. لە ئاکامدا هەریەکە لەو دوو ئیمپراتۆرێتە بوون بە خاوەنی بەشێکی دیاری کوردستان. ئەو دابەشبوونە یەکەمین سەرەتای کارەسات و بە تراژیدیا کردنی قۆناغەکانی دواتری ژیانی کوردەواری بوو.

رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین دەسەڵاتکردنی فارس و تورک بەسەر کوردستانداو پەرت و بڵاوی و ناهوشیاری میرو بەگ و شێخ و کۆی کۆمەڵگای کوردی یەکێک لە هۆکارەکانی جوڵاندنی شاعیرێکی داهێنەری وەکو ئەحمەدی خانی بوو بێت بۆ باسکردنی تراژیدیای کوردی وەکو نەتەوەیەکی ستەم لێکراو لە مێژوویەکدا کە هێشتا نەک لە کوردستاندا وەکو کۆمەڵگایەکی دەرەوەی مێژوو، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژئاواشدا، لەو کاتەدا

هێشتا سادەترین سەرەتای ناسیونالیزم دەرنەکەوتووە. بەڵام خانی وەکو تاکەکەسی هوشیار، واتە تاکەکەسی ناسیونالیست لە نەبوونی ناسیونالیزمدا، باسی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی و ئەو تراژیدیایە دەکات کە نەبوونی دەوڵەت هۆکاری روودانێتی.

لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا دەربارەی گوتاری راپەڕین و پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئاخاوتنمان کردووەو هەوڵمان داوە گوتاری هەریەکە لەو راپەڕین و پارتە سیاسیانە شیبکەینەوەو لەسەر ئەو بنەمایەش گوتاری هەریەکەیان دیاری بکەین و لەوەش بدوێین کە گوتاری هەریەکەیان لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمدایە. ئەگەر گوتارەکانیان نەبوونەتە گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس، هۆکارەکان چین؟ چۆن و کەی و بە چ شێوەیەک گوتاری پارت و راپەڕین و بزوتنەوەکانی کورد دەبنە گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس؟

لە بەرگی سێیەمدا، ئاخاوتنی گوتاری مێژوویی ژمارەیەک لە مێژوونووسان و نووسەرانی هەرە دیاری کوردمان کردووەو سروشتی گوتارەکانیانمان لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەقە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان دیاری کردووەو لەوەش دواوین کە شوێن و پێگەی گوتاری هەریەکەیان لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدایە.

لەم بەرگەی بەردەستی ئێوەی خۆشەویستدا، گفتوگۆی تیۆرییە دیارەکانی ناسیونالیزممان کردووەو لە روانگەی بنەماکانی ئەو تیۆرییانەوە ئاخاوتنی سروشتی ناسیونالیزمی کوردیمان کردووەو خاسێتە دیارەکانی ناسیونالیزمی کوردی پەیوەست بەهەر تیۆرییەکی ناسیونالیزم تاوتوێ کراوەو لەسەر ئەو بنەمایەش گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لە هەر قۆناغێکی مێژوویداو لە روانگەی ئەو ئاراستەی ناسیونالیزمەوە کە لە چوارچێوەی هەر تیۆرییەکدا جێگای دەبێتەوە دیاری کراوە. هەروەها لە سەر بنەمای شیکاری بنیادی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لە روانگەی تیۆرییە جیاوازەکانەوە گەیشتووین بەو دەرئەنجامەی کە بەپێی هیچ تیۆرییەکی ناسیونالیزم، ناسیونالیزمی کوردی نەبۆتە خاوەنی پرۆژەی ناسیونالیزم کە سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەییە. لەبەر ئەوە خودی ناسیونالیزمی کوردی دەبێتە جێگای سەرنج و جیاوازبوونی لە ناسیونالیزمی نەتەوەکانی تر، ئەوەش

لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیبوونی کوردو شێوازی پەرەسەندنی و بنیادی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگای کوردی وەکو فاکتەرە خودیەکان و دابەشکردن و بە کۆلۆنیبوونی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی کوردیدا لێکدراوەتەوە. پەیوەست بەو بارەی ناسیونالیزمی کوردی تیایدا دەرکەوتووەو گەشەی کردووە، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنیەوە هەتاکو ئێستا نەبووەتە گوتارێکی خاوەن شوناس. لە کاتێکدا گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس تەنیا لە بوونیدا بە گوتاری بزوتنەوەیەکی جەماوەری گشتگر، پێناسە دەکرێت بەجۆرێک کە توانیبێتی یەکێتی و یەکبوون لە نێو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا دروست بکات و هەموو سنورە جیاکەرەوەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا هەڵبوەشێنێتەوەو کۆمەڵگا بکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو.

خوێنەری خۆشەویست ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەو شیکردنەوەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لەسەر بنەمای خوێندنەوەی واقیعیانەی ئەوەی هەبووەو هەیە، نەک ئەوەی کە ئێمە وەکو کورد ئاواتەخوازین کە هەبوایە، هەروەها نەک ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان ئاواتەخوازن کە کورد هەر نەبووایەو بۆ ئەمەو دواش نەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. هەروەک ئێمە لێرەدا بە وردی سەرنجی تێڕوانینی کوردناسانمان داوە سەبارەت بە کورد و مەسەلەی کورد کە ئەویش پۆلێن دەکرێت بۆ دوو پۆل یان دوو ئاراستە، کە یەکەمیان روانینە بۆ کورد لە روانگەی رۆژهەڵاتناسیەوە بە روانینی ئیدوارد سەعید بۆ رۆژهەڵاتناسی. واتە روانینی ئەوی رۆژئاوای شارستانی و پێشکەوتوو بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی ناشارستانی و دواکەوتوو. ئاراستەیەکی تریش لە بەرامبەر ئەم ئاراستەیەدا هەیە، کە وەکو نەتەوەیەکی شارستانی و خاوەن رابردوو سەیری کوردیان کردووە. کە بە بۆچوونی ئێمە دەبێت بەچاوی رەخنەگرانەوە لە روانین و لێکدانەوەی هەریەکە لەم دوو ئاراستەیە بۆ کورد بڕوانین. بەڵام لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا ئاراستەیەکی تر هەیە کە تا ئەندازەیەکی دیارو لەبەرچاو خوێندنەوەیان بۆ مێژووی کوردو بۆ مەسەلەی ناسیونالیزمی کوردی بابەتی و زانستیانەیە، نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەیەش کوردناسانی وەکو ریچ و مینۆڕسکی و وەدیع جوەیدەو ڤاسیلیڤا و لازارێف و مارتین ڤان برۆنیسین و دایڤد ماکدۆواڵ و ئیسماعیل بێشکچی و چەندانی تر دەیکەن.

ئێمە لەم بەرگەدا پەیوەست بە هەر قۆناغ و تیۆرییەکی ناسیونالیزم، راوبۆچوونی ئەم سێ ئاراستەیەمان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لێکداوەتەوەو لەگەڵ ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری هەیە بەراوردمان کردون. ئەوەش بە مەبەستی رەتکردنەوەی ئەوەی کە کوێرانەو بێ بنەما راو بۆچوونی کوردناسان وەکو خۆی وەربگرین، یان بە تەواوی رەتیان بکەینەوە، چونکە ئاشکرایە یەکێک لە گرفتەکانی خوێندنەوەی مێژووی کورد شێوازی هاوشێوەکردنە. واتە خوێندنەوەی مێژووی کورد بە هاوشێوەکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا چی کۆمەڵگا پێشکەتوو پەرەسەندووەکان بێت، چ کۆمەڵگا خێڵایەتی و دواکەوتووەکان بێت. خوێندنەوەی دوو ئاراستە ناواقیعیەکەی کوردناسان بۆ مێژووی کورد لەسەر بنەمای هاوشێوەکردن بنیادنراوە، کە ئەوەش دوورە لەوەی لە راستیدا کورد خۆی چیەو چۆنەو لە چ ئاستێکدایە. چونکە ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگایەک تایبەتمەندی خۆیی هەیەو پێویستە بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بێگومان هەر لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بابەتیانەی واقیعی کوردەواری دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگای کوردەواری نە هاوشێوەی کۆمەڵگای پەرەسەندوی رۆژئاوایە، کە تیایدا لە قۆناغێکی دیاریکراودا ناسیونالیزم دەرکەوتبێت، نە هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی دەرەوەی رۆژئاوایە، کە خاوەنی دەوڵەتی خێڵایەتی ئایینی بوون.

کۆمەڵگای کوردی وەکو کۆمەڵگایەکی دەرەوەی دەوڵەت، کە دەشێ پێیشی بگوترێت کۆمەڵگای دەرەوەی مێژوو، تایبەتمەندی خۆیی هەیە و لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە بەردەوام و بەدرێژایی مێژووی تۆمارکراوی ئەم کۆمەڵگایە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەوانی تردا بووەو لە مێژووی نوێشدا کە زۆرێک لە پێکهاتەو ئیتنیکە بێ دەوڵەتەکان کراونەتە کۆڵۆنی، کورد کراوەتە کۆڵۆنی ناوخۆی چەند کۆڵۆنیالیستێک، واتە بە چەمکی بێشکچی کراوەتە کۆڵۆنیەکی نێو دەوڵەتی. هەر بەو پێیە شێوەی ناسیونالیزمەکەی بە سروشتی دەبێت ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم بێت. ئەمەش مانای ئەوەیە لە کاتێکدا ئەرکی ناسیونالیزمی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە، ئەرکی ناسیونالیزمی نەتەوە خاوەن دەوڵەتە کۆڵۆنیکراوەکان سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە، ئەرکی ناسیونالیزمی کورد وەکو ناسیونالیزمی کۆڵۆنی نێودەوڵەتی یان کۆڵۆنی ناوخۆ و بێ دەوڵەت،

خەباتی رزگاری نیشتیمانی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەییە، چونکە وەکو کۆلۆنی بێ دەوڵەت بە پێچەوانەی دوو جۆرەکەی تری کۆمەڵگاکانەوە ئەم خاوەنی سەروەری نەتەوەیی نەبووەو نیە. لێرەوە ئاشکرایە، کە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، گوتاری رزگاری نیشتیمانی و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە هەم ناسیونالیزمی کوردی و هەم گوتاری ئەم ناسیونالیزمە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە ئەویش دەرئەنجامی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردیە.

**سلێمانی، ١-٦- ٢٠٢١**

# بەشی یەکەم

## نەتەوە چییە؟

تاکو ئێستاش زاراوەی نەتەوە زاراوەیەکە لە فەرهەنگی زمانەکاندا پێناسەیەکی تەواو جێگیری نیە، هەر فەرهەنگەو بە جۆرێک پێناسەی دەکات و جیاوازی ئاشکرا لەو پێناسانەدا دەبینرێت. بە تایبەتی لە دوو روانگەوە کە ئەوانیش پەیوەستن بە پێناسەی کلاسیکی نەتەوەو پێناسەی نوێی نەتەوەوە. یەکەمیان پشت بە رەگەزو بنەماکانی وەکو رەچەڵەک و زمان و خاک و داب و نەریت و مێژوو دەبەستێت، دووەمیشیان نەتەوە دەبەستێت بە دەوڵەتەوەو لەو روانگەیەشەوە بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و شوناسی نیشتیمانی و هاوشوناسی گرنگن و رەچەڵەک و هاوئیتنیکی و هاوزمانی نەک جێگای بایەخ نین، بەڵکو لە پرۆسێسی بنیادنانی نەتەوەدا رۆڵێکی ئەوتۆ نابینن، بەڵکو زەقکردنەوەشیان وەکو بەربەستی بەردەم دروستکردنی نەتەوە سەیر دەکرێت. ئەمەش ئەو ئاراستەیەیە کە لەسەر بنەماو دیدی ناسیونالیزمی مەدەنی بۆ نەتەوە دەڕوانێت و سەیری نەتەوە دەکات.

کەواتە با لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ لەو پێناسانە بکەین کە بۆ نەتەوە کراون. وشەی نەتەوە–Nation کە وشەیەکی ئینگلیزیە لە وشەی Nacio ی فەرەنسی وەرگیراوە، کە بەمانای Naissance دێت، واتە شوێنی پەیدابوون، سەرچاوە، ئەسڵ، بنچینە، رەگوڕیشە. ئەم وشەیەش لە بنەڕەتدا لە وشەی Natio ی لاتینیەوە هاتووە، کە مانای لە دایکبوون دەگەیەنێت. لە مانای وشەی نەتەوەوە دەردەکەوێت کە لە گەوهەردا ئەم وشەیە مانای ئەسڵ یان

سەرچاوەی دروستبوونی بوویەک یان پێکهاتەیەک دەگەیەنێت. بەڵام ئاشکرایە مانای ئەو وشەیەو ئەو رەهەندانەی کە دەیگرێتەوە لە کات و سەردەمێکەوە بۆ کات و سەردەمێکی تر جیاوازییان هەیە. هەڵبەت وشەکە وەکو دالێک جێگیرە، بەڵام ئەو دەلالەت یان مانایانەی کە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتوریەکان دەیبەخشن بە وشەکە، جیاوازەو ئەو جیاوازیەش دەبێتە هۆی دروسستکردنی جیاوازی لە مانای وشەی نەتەوەدا بەپێی کات و تەنانەت هەندێجار بە پێی شوێنیش. بۆ نموونە جیاوازی روانین بۆ نەتەوە لە نێوان سەدەی نۆزدەو سەدەی بیستدا جیاوازە، هەروەک روانینی رۆژئاوایی پشت بەستوو بە سروشتی پەرەسەندوو، جیاوازە لە روانینی رۆژهەڵات و پەراوێزی رۆژئاوا بۆ زاراوەو چەمکی نەتەوەو زۆر چەمکی تریش.

پێناچێت مێژووی زاراوەی نەتەوە زۆر کۆن بێت، واتە لە مێژووی دێریندا بەو پێکهاتانەی کە هەبوون نەوتراوە نەتەوە. بۆ نموونە هیچ بەڵگەیەک نیە کە باسی ئەوە بکات بە میسریە کۆنەکان یان بە چینیە کۆنەکان گوترابێت نەتەوە. هەرچەندە باسی ئەوە دەکرێت کە لە کتێبی پیرۆزدا چەندین جار وشەی Gentile هاتووە، کە مەبەست لەم وشەیە خەڵک یان نەتەوەیە. ئەم وشەیە بەرامبەر بە وشەی (gowy, goy, go–ee) دێت لە زمانی عیبریدا، کە واتای خەڵک یان نەتەوەیە. هەروەک وشەی Gentile لە زمانی گریکیدا بەرامبەر بە وشەی Hellen دێت، کە ئەویش بە مانای دانیشتوان، یان خەڵکی سەربە ئیمپراتۆری رۆمانی و گریکی دێت، کە پێکهاتەی تێکەڵاوبوون و وەکو خەڵکی نەتەوەیەک دانراون. لێرەشدا وادەردەکەوێت کە ئەو پێکهاتەیە لە بنەچەیەک زیاتریان هەبووبێت، بۆیە لەگەڵ پێناسەی کلاسیکی نەتەوەدا زۆر یەکناگرێتەوە. بەڵام بۆ قۆناغەکانی دواتر بە تایبەتی بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپای رۆژئاوا، نووسەرێکی وەکو سوزان راینۆڵد رای وایە: زۆر شانشینی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بەدیدی نویٔ نەتەوە بوون[١]. لە راستیدا ئەسیناو سپارتا و تایری زۆر لە دەسەڵاتەکانی سەردەمی دێرین وەکو ناوەندی دەسەڵات کە دەسەڵاتی خێڵایەتی، فیودیالی، ئایینی بوون، پەیوەستبوون بەخاکەوەو بەرهەمهێن و پارێزەرو پاسەوانی خاکیش بوون. ئەوەش ئەگەر لە رووکەشدا لێی بڕوانرێت وەکو ئەوە وایە هەستی نیشتیمانی هەبووبێت، بەڵام لە راستیدا ئەو پەیوەستبوونە زیاتر پەیوەستبوونی

خۆڕسکی مرۆڤە بە زێد، یان شوێنی لە دایکبوونەوە، هەمان شێوەی زۆربەی زیندەوەرانی تر.

بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە مێژووی کۆندا تەمومژاویە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری و فارسی و گریکی، سەرباری پاراستن و مانەوەی ناویان، ناشێت بابەتی نەتەوەو نیشتیمان بوونی هەبووبێت تیایاندا. واتە دەسەڵاتی نیشتیمانی نەبوون، بەڵکو بریتیبوون لە دامەزراوەی بنیاد خێڵایەتی پەیوەستبوو بە خاکەوە، واتە خاک تەنیا وەکو شوێنی لە دایکبوون و دەستکەوتنی پێداویستیەکانی ژیان. بە ئاشکرا دیارە کە لە سەرەدەمی ئەسکەندەری گەورەدا هیچ ئاسەوارێکی نەتەوە بوونی نەبووە. هەربۆیە گەڕان لە مێژووی کۆندا بەدوای بوونی چەمکی نەتەوەو پێکهاتەی نەتەوەدا وەکو پێکهاتەیەک کە بتوانرێت لەسەر بنەمای بوونی خاسێتەکانی نەتەوە پێناسە بکرێت رەنگە هەم کارێکی ئاسان نەبیت، هەم لە رووی زانستیەوە کە مەبەستمان زانستی کۆمەڵناسیە کارێکی بەرهەمهێن نەبێت. هەربۆیە کاتێک باسی نەتەوە دێتە ئاراوە، سەرنج لەسەر مێژوویەکی نزیک جێگیر دەبێت کە ئەویش دەرکەوتنی بنەماکانی سەرمایەداری و دەرکەوتنی چینی ناوەندە کە ئەوەش بەندە بە رێنیسانس و شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و دەرکەوتنی چینی ناوەند یان بۆرژواوە.

لە ویکیپیدیادا بەم شێوەیە پێناسەی نەتەوە دەکرێت: نەتەوە کۆمەڵێکی سەقامگیرو جێگیرە لە مرۆڤ کە لەسەر بنەمای زمان و خاک و مێژوو، ئیتنی هاوبەش پێکدێت، یان پێکهاتەیەکە لە رووی دەروونیەوە پێکەوە پەیوەستەو لە کەلتورێکی هاوبەشدا گوزارشت لە خۆی دەکات. زۆر بە ئاشکرا نەتەوە پێهاتەیەکی سیاسیە زیاتر لەوەی گروپێکی ئیتنیکی بێت، کە وەکو کۆکردنەوەیەکی تەواو یان بەدامەزراوە بوویەکی تەواوی گروپێکی ئیتنیکی وەسفکراوە. هەروەها نەتەوە وەکو کۆمەڵێکی کەلتوری سیاسی پێناسە کراوە کە بەئاگایە لە سەربەخۆیی خۆیی و لە یەکێتی و لە بەرژەوەندەییە تایبەتیەکانی[٢]. بێگومان ئەم پێناسەیەی لە ویکیپیدیادا بۆ نەتەوە کراوە ئاماژەی بۆ هەندێ لەو رەگەزانە کردووە کە لە تێڕوانینی کلاسیکەوە بنەمان بۆ نەتەوە، وەکو زمان و خاک و مێژووی هاوبەش، بەڵام ئاماژە ناکات بۆ بنچینە یان ئەسڵی هاوبەش، هەروەها باسی نەریتی

هاوبەشیش ناکات کە باسنەکردنی ئەسڵی هاوبەش و کەلتوری هاوبەش، سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێت کە ئەم پێناسەیە دەیەوێت تێکەڵاوێک دروست بکات لە هەندێ لە رەگەزە کلاسیکیەکانی نەتەوە لەگەڵ بەشێک لەو رەگەزانەی کە مۆدێرنێتە یان چەمکی ناسیونالیزمی مەدەنی وەکو بنەمای نەتەوە سەیریان دەکات، کە پێیوایە مەرج نیە نەتەوە لە یەک ئیتنیک یان یەک ئەسڵ و رەگورِیشە پێکبێت. هەروەها باسنەکردن لە دابونەریت مانای ئەوەیە بە جۆرێک بەگرنگ سەیرنەکردنی رابردووی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەوەی کۆمەڵگە لە رابردوودا بەرهەمی هێناوە. ئێرنست رینان لە ساڵی ١٨٨٢دا دەپرسێت: نەتەوە چیە؟ پاشان بە داوی بنەمای بابەتی نەتەوەدا دەگەرِێت- هەریەکە بە دەوری خۆی و ئەوەی پەیوەستە بە رەگەزەوە Race- ئاشکرایە خوێنی نەتەوە نوێیەکان تێکەڵاوە[٣]. هەروەک رینان.. وای دادەنێت کە نەتەوە لە گەوهەردا بریتیە لە رۆح یان بنەمایەکی رۆحیە، یان جۆرێکە لە ویژدانی مەعنەوی، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت: نەتەوە بریتیە لە هاریکاریەکی رەهەند فراون، کە بەهۆی هەستکردن بەو قوربانیدانانەوە درووستبووە کە مرۆڤ لە رابردوودا داویەتی و ئەو قوربانیانەی کە وادەردەکەوێت مرۆڤ ئامادەیی هەبێت لە داهاتوودا پێشکەشیان بکات[٤]. هەروەک دایڤد ماک کرۆن لەبارەی نەتەوەوە دەڵێت: نەتەوەکان قەوارە، یان پێکهاتە سەرەتاییە شاراوەکانن لە ناوجەرگەی مرۆڤایەتی و مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە دەشێت لە رێگای کەلتورە جیاوازەکانەوە بناسرێن، کە دەشێت لە رێگای زمان و ئایین و رۆشنبیری و... گوزارشتی لێ بکرێت[٥].

لە راستیدا سەرباری ئەم بۆچوونانە لە لایەکی ترەوە بوونی نەتەوە پەیوەست دەکرێت بە رەگورِیشە یان رەچەڵەکەوە – Race-. ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشیت کە نەتەوە پێکهاتەیەک بێت کە کۆی ئەندامانی هەمان رەگەزییان هەبێت. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ سەرنجدان لە پەیوەندی خوێن و دەمار کە دوو بنەمای سەرەکی دروستکردنی دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەتن. هەروەک ئیبن خەلدون لەبارەی ئەو دامەزراوەوە دەڵێت: بنەمای سەرەکی پێکهاتنی خێڵ و عەشیرەت یەک خوێن و یەک دەمارە[٦]. بێگومان هەر ئەم دوو رەگەزە بایۆلۆجیەش وەکو هۆکاری سەرەکی توندو تیژی و داخران سەیردەکرێن لە دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەتدا. بۆیە ئەگەر ئەم

دەروازەیە راستبێت بۆ قسەکردن لەسەر نەتەوەو دامەزراوەی نەتەوە، ئەوە گۆڕینی ئەم دامەزراوەیە بۆ تووندو تیژی و بۆ تەنیا سەیرکردنی خۆی و تا دەگات بە ئاستەکانی رەگەزپەرستی پەیوەندی بەو بنەمایەی دروستبوونیەوە هەیە، کە هاوشێوەی دەکات لەگەڵ دامەزراوەی خێڵدا. لە بارێکی وەهاشدا رۆڵی بنەماڵەی خاوەن هەژموون و خاوەن پێگەو دەسەڵاتدار لە دروستبوونی نەتەوەدا دەردەکەوێت و دێتە پێشەوە. لەم بارەوە ئێرنیست گیلنەر دەڵێت: زۆرینەی نەتەوە هاوچەرخەکان لە لایەن خێزانێکی بنەما فیودیالیەوە دروستکراون کە پەیوەستبوون بە خاکەوە، لە روویەکەوە ئەو خێزانە دەسەڵاتدارە ناوکی دروستبوونی ئەو نەتەوە بووە[٧].

سەرباری ئەوەی گیلنەر باسی بنەمای خێزانی دەکات بۆ دروستبوونی نەتەوە هاوچەرخەکان، کە ئەوەش مانای بوونی بنەمای خوێن یان رەگەزە بۆ بوون و پێکهاتنی نەتەوە، بەڵام لەوەش دەدوێت کە بۆ پێناسەکردنی نەتەوە دەشێ پشت بە کەلتوری هاوبەش ببەسترێت، بەڵام دیسان دەشێت رەگوڕیشە یان رەچەڵەک پێش کەلتورو شارستانی هاوبەش بکەوێت. هاوکات گیلنەر پێیوایە: ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات و کارەکە بەپێچەوانەوە نیە، دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ناسیونالیزم خزمەتی دەوڵەمەندی کەلتوری و کەلتوری پێشتر دەکات، کە لەرووی مێژووییەوە ماوەتەوە. لەو پرۆسێسەشدا بەشێوەیەکی گوڵبژێری و بەشێوەیەکی ریشەیی ئەو کەلتورە دەگۆڕێت. زمانە مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، نەریت دەخوڵقێنرێت، پاکژیە رەسەن و خەیاڵیەکان دەگێڕرێنەوە[٨]. کەواتە لێرەوە گیلنەر بڕوای بە پێکەوە کۆکردنەوەی رەگەزە کلاسیکیەکانی نەتەوەو روانینی هاوچەرخ بۆ دروستبوونی نەتەوە هەیە. ئەوەی ئەو باسی دەکات دەچێتە چوارچێوەی جۆرێک لە رێنیسانسەوە لە بنەما کلاسیکیەکانی نەتەوەدا، کە بکەری ئەو رابوونەوەیە یان ئەو رێنیسانسە، ناسیونالیزمە. رەنگە شتێکی هەڵە نەبێت کە بگوترێت هەرچەندە لەگەڵ کەلتوری هاوبەشدا باسی ئەوە دەکرێت کە رەگەزی خاوێن بوونی نیەو ئەوەی ئێستا نەتەوەیە مەرج نیە لە یەک رەگەزو یەک خوێنی خاوێن بێت، بەڵام هێشتا ناشێت ئەم بۆچوونە بۆ هەموو نەتەوەکان راست بێت، بەتایبەتی بۆ ئەو پێکهاتانەی کە بە بێ ئەوەی دەوڵەتیان هەبێت یان گەیشتبنە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت، بوونی خۆیان هەیەو لە ئاستێکدا

پاراستوویانە. دەشێ بۆ ئەو بۆچوونە بۆ نەتەوەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا راستبێت کە ناسیونالیزم یان دەوڵەت دروستیکردوون.

لەسەر ئەم بنەماو بۆچوونانەی سەرەوە دەبینرێت کە دوو تێڕوانینی ئاشکراو هاوکات لەیەکتر جیاواز بۆ نەتەوە هەیە.. نەتەوە کۆمەڵێکی دیارن لە خەڵک، کە بە رەچەڵەک و زمان و مێژووی هاوبەش جیادەکرێنەوە[٩]. بەڵام بوونی نەتەوە لەم ئاستەدا بریتیە لە پێکهاتەیەکی ئیتنی کە بارێکی وەرگیراوە لەسەر بنەمای کۆمەڵ و دیارە پەیوەستبوون تیایدا بەندە بە هاوبەشی لە میراتی کەلتوری و زۆر لە رەگەزەکانی رابردووی وەکو رەگوڕیشەو ئەفسانەی رەسەنایەتی و مێژوو، زمان و خاک و داب و نەریت و هونەرو ئەدەب و کەش و سرووتە کۆمەڵایەتیەکان، کە لە ئاستێکدا یان لە قۆناغی دیاری ژیانی کۆمەڵایەتیدا دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەتیش کە بنەمای پێکهاتنیان خوێن و دەمارە دەگرێتەوە. ئەمەش هاوشیوەیە لەگەڵ روانین بۆ ئیتنیک تەنیا لە روانگەی رەگەز، یان رەچەڵەکەوە، کە ئەمەیان زیاتر دەلالەتی رەگەزپەرستی یان ئەوەی لە عەرەبیدا پێی دەوترێت بنەمای عیرقی دەگرێتەوە، کە ئەوەش دەربڕینێکی ناجۆرەو هەڵگری ماناو دەلالەتی رەگەزپەرستیە. هەڵبەت نموونەی گەشەکردووی ئەم  بۆچوونە، بە پیرۆز سەیرکردنی ئەسڵ و بنەچەو بەرزتر نیشاندانێتی لەچاو ئەوانی تردا. بۆ نموونە بە پیرۆز سەیرکردنی رەگەزی ئاری لای ئەڵمانەکان بەرهەمهێنی نازیزمی ئەڵمانیە. هەر لێرەوەیە ئەگەر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ نەتەوەو نەتەوەییبوون نەکرێت، ئەگەری زۆری هەیە ببێتە بزوتنەوەیەکی رەگەزپەرستی یان شۆڤێنیزم، چونکە پەیوەستبوونی لە ئەندازەبەدەر بە رەگەزو رەچەڵەکەوە پیرۆزکردن و پەرستنی ئەو رەگەزە بەرهەم دەهێنێت. بەهەرحاڵ ئەوەی تا ئێستا لە ناوەندی رۆشنبیریی گشتیدا نەک تەنیا لە ناوەندی رۆشنبیریی کوردی باسی لێوە دەکرێت، ئەوەیە کە رەگەزی زمان وەکو بنەمای جیاکردنەوەو بوونی نەتەوە سەیر دەکرێت و هەر کۆمەڵێک خاوەنی زمانی جیاوازی ئاخاوتنی خۆیان بن، وەکو نەتەوە سەیردەکرێن یان باس دەکرێن. هەر لەم رووەشەوە نەتەوەکان پۆلێن دەکرێن بۆ نەتەوە پەرەسەندوو خاوەن دەوڵەتەکان و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و لەسەر ئەم بنەمایەش کورد وەکو گەورەترین پێکهاتە، یان نەتەوەی بێ دەوڵەت سەیر دەکرێت. بەڵام ئایا لە رووی زانستی و ئامادەبوونەوە تەنیا

بوونی زمان و خاک و مێژووی هاوبەش و دابونەریتی هاوبەش بەسە بۆ سەلماندنی بوونی نەتەوە؟

ئاراستەی دووەم بۆ پێناسەکردنی نەتەوە، پشت بە بوونی یەک رەگەزو رەچەلەک و تەنانەت یەک زمانی هاوبەش و یەک کەلتوریش نابەستێت، بەڵکو بوونی کەلتوری هاوبەش یان گشتی، خاک و سەروەی دەبنە بنەما، کە ئەمانەش بە بێ بوونی دەوڵەت هیچ ناگەیەنن. کەواتە لێرەوە باس لە بوون و پێناسەکردنی نەتەوە دەکرێت لە بوونی دەوڵەتدا، کە لە راستیدا لەم روانگەیەوە ئەوەی لە پرۆسیسی نەتەوە سازیدا نەتەوە دروست دەکات یان بەرهەم دەهێنێت دەوڵەتە. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە پێیوابێت، نەتەوە وەکو هەر دیاردەیەکی تر یان وەکو هەربوونێک لەم گەردوونەدا دروست دەبێت. بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسا واینیشان دەدا کە نەتەوە لەخۆیدا دێتە بوون و هیچ هێزو بەربەستێکیش ناتوانێت رێگری لێ بکات. بەهەرحاڵ لە وڵاتێکی وەکو سویسرادا، سێ زمان هەیە، بەڵام لەبری گەلی سویسرا یەک نەتەوەی سویسری هەیە، کە خاوەنی کەلتورێکی هاوبەشن، بەڵام فرە رەگەزن و ئەمەش لە لایەن بەشێک کۆمەڵناسانەوە دەکرێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە نەتەوە دیارەکانی ئەوروپا ئەوانەن کە لە خوێنی تێکەڵاون و ئەو بۆچوونە بەلاوە دەنێن کە دەبێ ئەندامانی نەتەوە لە یەک خوێنی پاک بن و سەربە یەک خوێن و یەک دەمار بن، واتە نەوەی یەک باپیر بن و هاوشێوەو هاوسیماو لە هەموو شتێکدا هاوشێوەی یەکتری بن. ئەنتۆنی دی سمیس دەڵێت: نەتەوە کۆمەڵێکی مرۆییە، نیشتیمانێکی هاوبەش و ئەفسانەی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و کەلتوری جەماوەریی گشتی و یەک ئابوری و ماف و ئەرکی گشتی بۆ کۆی ئەندامانی هەیە[١٠]. لێرەدا دیارە کە دی سمیس لە پێناسەی نەتەوەدا باسی بەشێک لە رەگەزەکانی پێناسەی کلاسیک بۆ نەتەوە دەکات، بەڵام خۆی بەدوور دەگرێت لە باسکردنی ئەو رەگەزانەی کە داخران یان توندڕەوی بەرهەم دەهێنن و دەشێت ببنە بناما بۆ رەگەزپەرستی، لەوانەش رەگوڕیشە و خوێنی پاک. لەم پێناسەی ئەنتۆنی دی سمیسدا خاک و ئەفسانەو کەلتوری هاوبەش دەبنە بنەما و رایەڵە بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ کە پێویستبوون لە باسکردنی رەگوڕیشەو خوێن یان باوباپیری هاوبەش دەخەنە پەراوێزەوە. کەلتوری هاوبەش بنەمایەکی

کراوەترو جیرترو بەپێزترە بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی یەکگرتوو کە مەبەست لەمەش ئەوەیە کاتێ پێداگری لەسەر رەگەز یان رەگوریشە ناکرێت، بۆ بوونە بنەمای پێکهاتنی پێکهاتەیەک کە پێی دەوترێت نەتەوەو کەلتوری هاوبەشیش بەجۆرێک ئاماژە بۆ زیاتر لەرەگەزێک دەکات و بنەمایەکی فرەیی تێدایە کە ئەوەش زیاتر دوورکەوتنەوەیە لە خانە سەرەتاییە داخراوەکانی دروسبوونی کۆمەڵگە لە جۆری بنەماڵەو عەشیرەت و خێڵ و دامەزراوەکانی تر کە پشت بە رەچەڵەک دەبەستن.

جیاواز لە بۆچوونەکەی ئەنتۆنی دی سیمس، کۆرنەر نەتەوە واپێناسە دەکات کە بریتیە: لە کۆمەڵێک لە خەڵک کە برِوایان وایە لە باپیرانەوە پەیوەستن بە یەکترەوە[١١]. ئەم رستەیە کە وەکو پێناسەی نەتەوە نیشان دەدرێت، رستەیەکی تا ئەندازەیەک گشتیەو رەنگە بۆ پێناسەکردنی خێڵ یان عەشیرەت گونجاوتر بێت، کە لەو دوو دامەزراوەدا کە هەمان سروشتی پێکهاتنیان هەیە، خوێن و دەمار بنەمای پێکهاتنن، خوێن و دەماری هاوبەشیش بە بێ بوونی هەمان باپیر نابێت، بەڵام ئەگەر لە روانگەی مۆدێرنێتەو ناسیونالیزمی مەدەنیەوە سەیری نەتەوە بکەین ئەوا رەگەزو رەگورِیشەو رەچەڵەک کە هەمان خوێن و دەمار دەگرنەوەو ئەوەش لە بوونی باپیری هاوبەشدا بەرهەم دێت، بنەما نیە بۆ دروستبوونی نەتەوە، بەڵکو کەلتوری گشتی جێگای باپیری هاوبەش دەگرێتەوە. دەشێت لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا هەر تاکە گروپێک کە باپیری هاوبەشیان هەبێت دەشێت نەتەوەیەک پێکبهێنێت، یان بە چەند گروپێکی لەم جۆرە نەتەوەتەک پێکبهێنن؟ ئەگەر بە چەند گروپێکی لەمجۆرە نەتەوەیەکیان پێکهێنا، ئایا خاسێتی باپیرەی هاوبەش لە ناوناچێت؟

هەندی نموونەی دیاریش هەن کە هەمان پێکهاتەی ئیتنی دابەشبووە بۆ پێکهاتەی جیاواز یان دەوڵەتۆچکە، بۆ نموونە ئیتنیکی ئەڵمانی لە پێش دروستبوونی نەتەوەی ئەڵمانیدا، یان بە دەربرِینێکی تر پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئەڵمانی یەکگرتوو لە چەند بەشێکی پەرت و بڵاو پێکهاتبوو، بەڵام نەتەوەی ئەڵمانی جەخت دەکاتە سەر ئیتنیکی ئەڵمانی یان وەکو فێختەو هێردەر دەیانگوت نەتەوەی ئەڵمانی جەخت دەکاتە سەر دەوڵەتێک کە گوزارشت لە رۆحی ئەڵمان وەکو نەتەوە بکات. ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە

مێژووی هاوبەش و کەلتورو کەلەپوری هاوبەش و زمانێکی هاوبەشیان هەیە، پێویستە ئەم خەڵکانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کۆببنەوە کە گوزارشت لەو بوونە مێژووییە بکات.. ئەو خەڵکانەی کە رەگوڕیشەیەکی ئیتنی هاوبەشیان هەیەو بە زمانێکی هاوبەش قسەدەکەن، پێویستە بە جۆرێک ئیرادەیەکی هاوبەشیشیان هەبێت، پێویستە ئەو ئیرادە هاوبەشە لە شێوەی دەوڵەتێکی تایبەت پێیان کە دەوڵەتێکی یەکگرتووە گوزارشتی لێ بکرێت[١٢]. رەنگە جێگای خۆی بێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە عەرەب خۆیان بە یەک ئیتنیک دەزانن و چەندین دەوڵەتیان هەیە، لەسەر بنەمای هەمان ئەم تێڕوانینەیە، کە عەرەب باسی یەکێتی عەرەب دەکەن و بەهیوان دروشمی تاکە نەتەوەیەکی عەرەب کە گوایە پەیامێکی نەمری هەیە پێکبێت، کە بێگومان ئەم نەتەوە پارچە پارچەیە یەک ئەسڵی ئیتنیان هەیە. بێگومان لەگەڵ پێداگری لەسەر بنیادنانی نەتەوە، تەنیا لەسەر بنەمای ئیتنیک، دەروازەیەکی تریش هەیە کە باسی بنیادنانی نەتەوەی لێوە دەکرێت ئەویش بوونی خاکە کە لەسەر خاک، هاونیشتیمانی دروست دەبێت.

وشەی هاونیشتیمانی لەگەڵ خۆیدا بە مەرج نەبوونی ئیتنیکی هاوبەش هەڵدەگرێت. واتە مەرج نیە کۆی ئەو هاونیشتیمانیانەی کە لەم روانگەیەوە نەتەوەیەک پێکدەهێنن لەیەک ئیتنیک بن و تەنانەت یەک زمانیشیان هەبێت. باشترین نموونەش فەڕەنسایە کە نەک هەر پێش شۆڕشی١٧٨٩، بەڵکو لە سەروەختی شۆڕشیشدا نیوەی فەڕەنسیەکان بە زمانی فەڕەنسی قسەیان نەدەکرد، بەڵام هەموویان هاووڵاتی فەڕەنسی بوون و سەرئەنجام سەرکەوتنی شۆڕش، چەمکی هاونیشتیمانیبوونی چەسپاندو نەتەوەی فەڕەنسی پێکهات. ئەو ئاراستە بۆچوونەی کە لە روانگەی بنەمای ئیتنیکیەوە سەیری نەتەوە دەکات، واتە گفتوگۆ لەبارەی پێشینە یان بنچینەکانەوە دەکات، وەکو دایڤد ماک کرۆن دەڵێت: ئەوەش لە گەوهەردا گفتوگۆکردنە لەبارەی رەگوڕیشەی هەستی نەتەوەییەوە. لە لایەکەوە راوبۆچوونێک هەیە دەڵێت نەتەوەکان پێکهاتەی سەرەتایی شاراوەن لە ناوجەرگەی سروشتی مرۆڤایەتی و لە مێژووی مرۆڤایەتیداو دەشێت لە ڕێگای کەلتورو رۆشنبیری دیارو جیاوزەوە بناسرێن، کە بەهۆی زمان و ئایین و رۆشنبیری و شتی تری لەو بابەتەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت. پێکهاتە سەرەتاییەکان مەیلی ئەوەیان هەیە ببنە

نەتەوەیی- ناسیونالیزم-و خۆیان تیڕوانینی بنچینەیی و گەوهەریی بەرامبەر بە نەتەوە وەردەگرن[١٣]. ئەمەش هاوشێوەی هەمان بۆچوونی فیختەو هێردەر و رۆمانتیکە ئەڵمانیەکانە سەبارەت بە نەتەوە. دیارە ئاشکرایە ئەم بۆچوونە لە رونگەی مۆدێرنێتەوەو لە توێژینەوەی نوێدا سەبارەت بە دەرکەوتن و پێکهاتنی نەتەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت و وەهاش سەیردەکرێت دانانی نەتەوە تەنیا لە روانگەی پێکهاتنیەوە لەسەر بنەمای ئەو بنچینە سەرەکیە کە رەگوڕیشەی ئیتنیە، رێگایەکە بەرەو رەگەزپەرستی و تەنانەت رەتکردنەوەی ئەوانی تر. ستۆری دایڤد پێیوایە بنەما سەرەتاییەکان یان پێشینەکان باسی ئەوە دەکەن نەتەوەکان رەگوڕیشەی مێژوویيان هەیەو دەگەڕێنەوە بۆ پێش چەندین سەدە، بۆ سەرەتاو دەستپێکی شارستانی مرۆیی[١٤].

بێگومان هەر باسکردنێکی نەتەوە وەکو چەمک و وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، مانای سەیرکردنی ئەو پێکهاتەیە وەکو بوویەک تیایدا بنەمای سەرەکی بۆ پێکهاتن و دەرکەوتنی نەتەوە، بریتیە لە ئیتن یان رەچەڵەک و رەگوڕیشە. دەشێت لێرەوە ئاماژەی ئەوە هەبێت کە بە پشتبەستن بە بنەما سەرەتایی یان پێشینەکان وەکو رێبازێک کە لێیەوە نەتەوە دەربکەوێت، ئاماژە هەبێت بۆ پەرەسەندنی ئۆرگانی گروپ و پێکهاتە ئیتنیکیەکان و پەرەسندنیان بۆ بوون بەنەتەوە. واتە لێرەدا گواستنەوەی شوناسی ئیتنیکی بۆ شوناسی نەتەوەیی دێتە ئاراوە. پیشاندان و نمایشکردنی ئەو شوناسە نەتەوەییە بەرهەمهاتووە لە شوناسی ئیتنیکیەوە چونکە بناما ئەسڵەکەی ئیتنیکەو ئەویش پایەی سەرەکی رەچەڵەک یان باپیرەی هاوبەشە. ئەم شوناسە نەتەوەییەش جەخت دەکاتە سەر بوون و رۆڵی باپیرەی هاوبەش و بێگومان شانبەشانی ئەویش خاک و زمانی هاوبەشیش رۆڵی خۆیان دەبینین. ئێرنست گیلنەر دەڵێت: بە ڕاستی دەشێت نەتەوە لە رووی ئیرادەو کەلتورەوە پێناسە بکرێت و بەڕاستیش لە روانگەی یەکگرتنی ئەو دووانەوە لەگەڵ یەکە سیاسیەکاندا، لەم هەلومەرجەشدا کەسەکان لە رووی سیاسیەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، تەنیا لەگەڵ ئەواندا، یەکدەگرن کە بەشداری کەلتورەکەیان دەکەن[١٥]. لەم پێناسەی گیلنەردا نەتەوە لەسەر بنەمای دوو پایە پێناسە دەکرێت کە ئەوانیش ئیرادەو کەلتورن. کە ئەم دوو رەگەزەش پەیوەستنین بە رەگوڕیشە یان ئیتنیکەوە، بەڵکو پێناسەی نەتەوەو دەرکەوتنی نەتەوە دەبەستێت بە قۆناغیکی ترەوەو

بە بوونی بکەرێکی ترەوە بۆ دروستکردنی نەتەوە کە قۆناغی مۆدێرنێتەو بکەری ناسیونالیزمە.

سەرەتای مێژووی دروستبوونی نەتەوە لە روانگەی کلاسیکەوە کۆنە بەڵام لەبەرئەوەی پێناسەی کلاسیک بۆ بوونی نەتەوە کەمتر لەگەڵ دیدی ئێستادا بۆ بوونی ئەو دامەزراوە دەگونجێت، دیاریکردنی مێژوویەکی دێرینیش بۆ نەتەوە لە رووی زانستیەوە بە ئاسانی جێگای بۆ ناکرێتەوە. بۆیە لە بارێکی وادا دێینە سەر باسی دیدو تێڕوانینی نوێ بۆ بوون و پێناسەی نەتەوەو پێکهاتنی نەتەوە کە ئەوەش مێژوویەکی هێندە کۆن نیە. یان دروستتر بڵێین ئاراستەی دووەم پێکهاتن و دەرکەوتنی نەتەوە دەبەستێت بە مۆدێرنێتەوە، کە پێناسەکەی گیلنەریش دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە. کەواتە ئایا نەتەوە لە روانگەی مۆدێرنێتەوە کەی و چۆن دەرکەوت؟ بەڵام پێش ئەوەی باسی مۆدێرنێتەو رۆڵی دەوڵەت لە دروستکردنی نەتەوەدا بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ باسکردنی شۆڕشی پیشەسازی و کەریگەری ئەو شۆڕشە لە هێنانە کایەی قۆناغێکی نوێی ژیان لە هەموو ئاستەکاندا، بە تایبەتی لە ئاستی کۆمەڵایەتی و درستبوونی چینی ناوەندو پەیوەندی چینی ناوەند بە بابەتی دروستکردنی دەوڵەت و لەوێشەوە رۆڵی دەوڵەت لە درستکردنی نەتەوەدا.

لە پێش شۆڕشی پیشەسازیدا کە مەبەست لێی گواستنەوەی کارە لە کاری دەستەوە بۆ کاری ئامێرو جۆرەکانی ئامێرو ئامرازی درستکراو، کۆمەڵگاکان لە سایەی سیستێمی فیودیالی و کاری کشتوکاڵ و شوانکاریدا دەژیان و سیستێمی ئابوری فیودیالی سیستێمی باڵادەست بوو. ئەو سیستێمەش دەوڵەتی فیودیالی و ئیمپراتۆریتی خێڵایەتی ئایینی بەرهەمهێناوەو چینی باڵادەست فیودیال و خاوەن زەوی و زاربووەو چینی بەرهەمهێن جوتیارو کشتیارو وەرزێرو رەنجبەری بێ زەوی بوون. لە بارودۆخێکی وەهاداو لەسایەی سیستێمی فیودیالی و دەسەڵاتی دەوڵەت و ئیمپراتۆریتی ئایینی و خێڵایەتیدا بابەتی نەتەوایەتی و جیاوازی ئیتنیکی ناشێت رووبەرێکی هێندە فراوانی داگیرکردبێت. لە سایەی ئەم سیستێمەی فیودیالی بەرهەمهێناندا پێداویستیە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان لە دروستکردنی ئامێرو ئامرازی سادەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵدا دەرکەوتووە، کە ئەوەش لە جوڵەی سروشتی خۆیدا گەشەی زیاتری کردووە تا گەیشتووەتە ئاستی دروستبوونی مانیفاکتۆریا،

واتە شوێنی بچووکی بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرو ئامرازە سادانەی کارکردن کە ئەوەش بە سەرەتایەکی زۆر سادەی بەرەو سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پیشەسازی دادەنرێت.

شۆڕشی پیشەسازی کە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، لە بەریتانیاوە پیشەسازی لە کاری رستن و چنینەوە دەستپێدەکات، کە ئەویش گۆڕینی شێوەی بەرهەمهێنانە لە بەرهەمهێنانی دەست و پیشەی دەستەوە بۆ بەرهەمهێنان بەهۆی ئامێرەوە. کرێکار لەبری ئەوەی خۆی بەدەست ئەو کارە بکات، کار بەئامێر دەکات و ئامێر کاری بەرهەمهێنان ئەنجام دەدات. واتە کرێکار لە بری ئەوەی تەنیا هێزی فیزیکی بەکاربهێنێت، ئەمجارەیان هۆش و هێزی عەقڵیش بەکاردەهێنێت. دیارە لە کاتی ئیشی دەستدا چنین و رستن لە نێو ماڵدا دەکرا، بەڵام لەگەڵ داهێنانی ئامێری چنین و رستندا کار گوازرایەوە بۆ قۆناغێکی تر کە قۆناغی بەرهەمهێنانی ناو کارگەیە. دیارە بەدوای رستن و چنیندا، پیشەسازی زۆر بواری تری گرتەوە لە دروستکردنی ئامێرو ئامرازی جۆراوجۆر، بەرهەمهێنانی وزەی ئاو و با، بەرهەمهێنانی وزەی هەڵم و داهێنانی ئامێری هەڵمی بۆ بەرهەمهێنان، بەرهەمهینانی هۆکارەکانی گواستنەوەو پەیوەندیکردن و دۆزینەوەی کارەباو پیشەسازی خەڵوزو دۆزینەوەی ئاسن و ستیل و.... واتە گۆڕانکاری ریشەیی لە شێوازی کارکردن و بەرهەمهێناندا روویدا. ئەوەش گواستنەوەیەکی تەواو بوو لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیودیالیەوە بۆ بۆ شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کە بریتیە لە بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنانی بۆرژوای سەرمایەداری.

ئەم گۆڕانکاریە لە شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کەلتوری و عەقڵیشی لەگەڵدا دەبێت. چونکە ئاشکرایە گواستنەوە لە قۆناغی بەرهەمهێنانی فیودیالیەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی، یان بۆرژوازی، لەگەڵ خۆیدا قۆناغی بەشاریبوون و بەشاریکردنی کۆمەڵگاش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، چونکە سەرهەڵدانی پیشەسازی و دروستبوونی گارگەو کارخانە مانای راکێشانی دەستی کار بۆ شوێنی کاری تازە، شوێنی بنیادنانی کارگەو کارخانەش شارە. ئەمەش دەبێتە هۆی راکێشانی هێزی کار لە لادێوە بۆ شارو کۆبوونەی زیاتری خەڵک لەشاردا، کە ئەوەش

لەگەڵ خۆیدا پرۆسێسی بە شاریبوون و بەشاریکردن دەێنێتە ئاراوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە سروشتی بەرهەمهێنانی قۆناغی پیشەسازی، شێوازی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت و پەیوەندی پێشتری فیودیالی کە پەیوەندی خاوەن زەوی و زارو جوتیاری بەرهەمهێنە، دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی نێوان بۆرژوای خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کرێکاری تەنیا خاوەن هێزی کارو بەرهەمهێن. لەم گواستنەویەدا لە نێوان چینی سەرەوە- بۆرژوای سەرمایەدار- و چینی خوارەوەدا- کرێکار، پرۆلیتاریا- چینی ناوەند دروست دەبێت کە بۆرژوای نیشتیمانیە. ئەم بۆرژوای نیشتیمانیە پەیوەندی بە ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە، کە مەسەلەی نەتەوایەتیە.. بیرۆکەی ئەوەی کە بۆرژوای نوێ پەیوەستە بە پێکهاتنی نەتەوەی نوێوە، بە قوڵی رەگوڕیشەی لە مێژوونووسیی مارکسیدا داکوتاوە. بە مانایەکی تر لە روانگەی مارکسیزمەوە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراسیەو بکەری جێبەجێکەری ئەرکە دیموکراسیەکان چینی ناوەند یان بۆرژوازی نیشتیمانیە، کە سەرەکیترینی ئەو ئەرکانەش بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە. واتە لەم روانگەیەوە چینی ناوەند دەبێتە هەڵگری پرۆژەی نەتەوەیی و هەڵگرو جێبەجێکەری گوتاری ناسیونالیزم. کەواتە چینی ناوەند کێیەو چیە؟

لە سادەترین پێناسەدا، چینی ناوەند پێکهاتە یان چینێکی کۆمەڵایەتیە لە نێوان چینی باڵا- بۆرژوای سەرمایەدار- و چینی خوارەوە- پرۆلیتاریادا- هەندێ لە شارەزایان چینی ناوەند لەسەر بنەمای داهات دیاری دەکەن، هەندێکی تریان لەسەر بنەمای شێوازو جۆری ژیان و هەندێکی تریش چینی ناوەند لە روانگەی بیرکردنەوەو عەقڵ و روانینەوە دیاری دەکەن. بێگومان رەنگە هیچ کام لەو بوارانە بە تەنیا بەس نەبێت بۆ ئەوەی کە پێناسەیەکی گونجاو و گشتگر بۆ چینی ناوەند بکرێت. هەر لە چوارچێوەی ئامادەکردنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ ناساندن و پێناسەکردنێکی گونجاو بۆ چینی ناوەند ئاماژە بۆ چەند بنەمایەک دەکرێت کە دەشێت پێکەوە بەشداری بکەن لە دارشتنی پێناسەیەکی گونجاودا بۆ چینی ناوەند. کە ئەوانیش بریتین لە داهات وسامان و خەرجکردن و خواست و ویستی ژیان و دیمۆگرافیا کە لەمەی دواییاندا باری کۆمەڵایەتی و ئابوری بەشداری دەکەن لە شێوەی دابەشبوونی

دانیشتواندا. هەڵبەت ئەمەش پەیوەندی هەیە بە دابەشبوونی دیمۆگرافیەوە، لە کاتێکدا ئاشکرایە کە چینی ناوەند چینێکی کۆمەڵایەتی شارییە، واتە بەرهەمی پرۆسێسی بەشارییبوونە، کە ئەوەش دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیە، چونکە ئاشکرایە شۆڕشی پیسەسازی کە بەرهەمهێنی کارگەو کارخانەو بازاڕە لەگەڵ خۆیدا هێزی کار بەرەو بازاڕی کار رادەکێشێت کە ئەوەش بە ئاراستەی شارو تەنانەت دروستکردنی شارو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی شارە. هەر لێرەوەیە کە دەگوترێت: چینی ناوەند وەکو چین یان پێکهاتەو جۆرێکی کۆمەڵایەتی ئاراستە شاری دەردەکەوێت(١٦).

بێگومان سیستێمی ئابوری و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە چینی ناوەندیش یەکێکە لە چینە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە، دابڕانێکی تەواو دەکات لەگەڵ سیستێم و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی قۆناغی پێش خۆی کە سیستێم و پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالیە. قۆناغی نوێ و سیستێمی نوێی بەرهەمهێنان جیاوازەو بەو پێیەش شێوازی ژیان و کۆی خاسێت و پەیەندییەکانی ژیانی کۆمەڵگا گۆڕانیان بەسەردێت، کە گواستنەوەی کۆمەڵگا لە شێوازی ژیانی لادێ و ئابوری لادێوە بۆ ژیانی کۆمەڵگەی شارو ژیانی شار دیارترینی ئەو گۆڕانکارییانەیە. دیارە لەم زەمینە نوێیەدا چینی ناوەند وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان چینی باڵاو چینی خوارەوەدا لەدایک دەبێت و گەشەدەکات و رۆڵ و پێگەی خۆی دیاری دەکات. لە راستیدا.. پەیوەندی ئەم چینی ناوەندە بە ناسیونالیزمەوە پەیوەندییەکی داینامیکی و بنیادیە، لە پرۆسێسێکدا یەکتر بنیاد دەنێن. چینی ناوەند لە کۆمەڵگەدا وەکو بەشێکی ناسیونالیست پێکدێت(١٧). لە روویەکی ترەوە چینی ناوەند وەکو بکەری ناسیونالیزم لە رۆژئاوادا خۆی نمایش کردووە، چونکە نەک هەر رۆڵی کارای هەبووە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەدا، بەڵکو بکەری دروستکەری دەوڵەتە نەتەوەییەکان بووە. دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوە کە بکەرەکەی چینی ناوەند- بۆرژوا یان ناسیونالیستە، ئایدیۆلۆجیای ئەم چینە کۆمەڵایەتیە ناسیونالیزمە، ئەم ئایدیۆلۆجیایەش گەوهەرو رۆحی دروستبوون و دەرکەوتنی لە بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەییەوە بەرهەمدێت. ئەوەش ئاشکرایە بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی هاوشان دەڕوات لەگەڵ پێکهاتنی چینی ناوەنددا. واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین شۆڕشی پیشەسازی کە بەرهەمهێنی چینی

ناوەندە، هاوکات بەرهەمهێنی مەسەلەی نەتەوایەتیەو ئەم چینە کۆمەڵایەتیەش زیاتر خاسێتی ناسیونالیستی دەبێت و ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیای ئەم چینەیە، کە گەوهەری ئەم ئایدیۆلۆجیایەش دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە. ئێستا بۆچوونەکان لەسەر ئەوەن کە نەک هەر پەیوەندی لە نێوان شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەند و مەسەلەی نەتەوایەتی یان ئاشکراتر بڵێین ناسیونالیزمدا هەیە، بەڵکو دەرکەوتنی چینی ناوەند یان بۆرژوای نەتەوایەتی یان بە چەمکی نوێ ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی سەیر دەکرێن، کە بەرهەمی ئەم دووانەش پێکەوە بریتیە لە پێکهێنان و دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی. لەم روانگەیەوە نەتەوە لە ئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتدا دروست دەبێت یان پێکدێت.

سەربارى ئەم بۆچوونە، ئێرنیست گیلنەر دەڵێت: دەشێت نەتەوە بە ڕاستی لە روانگەی ئیرادەو کەلتورەوە پێناسە بکرێت، بە یەکگرتنی ئەو دوو بنەمایە لەگەڵ یەکە سیاسیەکان. لەم هەلومەرجەشدا، مرۆڤەکان لە رووی سیاسیەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا یەکیان پێدەگیرێتەوە، کە بەشداری کەلتورەکەیان دەکەن[١٨]. کەواتە لێرەدا دوو بنەمای سەرەکی هەن بۆ پێناسەکردنی نەتەوە، وەکو پێشتریش باسکران، کە ئەوانیش بریتین لە ئیرادەو کەلتور. کەلتور رووبەرێکی فراون دەگرێتەوە لە کۆی سەرخانی کۆمەڵایەتی. کە دیارە لێرەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ بوونی کەلتوری ئیتنیکی نیە، بەڵکو زیاتر ئاماژەکردن بۆ کەلتورێکی هاوبەش هەیە، کە زیاتر لە پێکهاتەیەکی ئیتنیکی دەشێت بەشداری تێدا بکەن، یان بە لایەنی کەمەوە پەیوەستبوون بە کەلتورێکی ئیتنیکی داخراوەوە بوونی نیە. لە نێوەندی ئەم کەلتورەو بەرهەمهێنەران و بەشدارانی ئەم کەلتورەدا، ئیرادەیەکی بەهێز دەبێت بوونی هەبێت بۆ دروستکردنی پرۆسێسی یەکگرتن، کە لە ئاستی یەکەمدا یەکگرتنی ئەو ئیرادەو کەلتورە لەگەڵ ئەو یەکە سیاسیانەدا دەبێت کە لەو کۆمەڵگایەدا هەن و بوون و ئامادەبوونیان هەیە. لە ئاستی دووەمیشدا درووستکردنی پرۆسێسی یەکگرتن لەگەڵ کۆی هەموو ئەوانەی بەشدارن لەو کەلتورە هاوبەشەدا. لێرەدا ئەوەی جەختی لێدەکرێتەوە بریتیە لە یەکگرتنی مرۆڤەکان. بەبێ ئەوەی باسی رەگوڕیشەی هاوبەش و زۆر لە هاوبەشەکانی تریش بکرێت، بێجگە لە کەلتور، هەرچەندە دەشێت کەلتور زمان و داب و نەریت و ئەفسانەو چیرۆک و

گێڕانەوەو خەیاڵی هاوبەشیش بگرێتەوە. کە هەموو ئەم هاوبەشانەش وەکو ڕەگەز یان پایەکانی شوناش یان ئەو پایانەی نەتەوە سەیردەکرێن و کاریش دەکەن و هاوکاتیش دەوڵەت ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردن و گەشەپێدانیاندا، وەکو ڕەگەزو بنەماکانی دروستکردنی نەتەوە.

بێگومان ڕابردوو یان ئەو ڕەگەزو بنەمایانەی کە دەکرێنە پایە بۆ ئەوەی نەتەوەیان لەسەر پێناسە بکرێت یان بە مانایەکی تر بوونیان دەبێتە سەلمێنەری بوونی نەتەوە لە دەرەوەی بوونی دەوڵەت، هەرچۆن ڕۆڵ دەبینن لە بەدەستهێنانی شوناسدا، هەروەها گرنگ و بایەخدارن لە ئامادەکردنی زەمینەی دروستبوونی هەستی نەتەوەیدا، کە ئەوەش هەستی خودناسین و هەستی خۆجیاکردنەوەیە لەوانی تر. هەرچەندە لە هەندێ لاوە ئەو هەستی خۆجیاکردنەوەیە لەوانی تر وەکو ڕێگا یان ئاراستەیەک لە پیشدانانی ڕەگەز یان ئیتنیکێک لە پێش ئەوانی ترەوە سەیر دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست لە خۆناسین و خۆجیاکردنەوە لەوانی تر بۆ خۆسەپاندن نیە، بەڵکو بۆ پاراستنی بنەماو تایبەتمەندییەکانە، بۆ گەڕانە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەڵێت: من کێم، یان ئێمە کێین؟ زۆربەی کات بۆ وەڵامدانەوەیەکی گونجاو و بۆ زیاتر ئاشکراکردنی بوون لە ئێستادا مرۆڤ نەک هەر وەکو دەستەو گروپ، بەڵکو تەنانەت وەکو تاکەکەسیش پێویستی بەوە دەبێت پەنا بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو، هەروەها ئامادەکردنەوەی ڕابردوو لە ئێستادا ببات. لێرەوە دایڤد ستۆری دەڵێت: هەموو نەتەوەکان ڕابردوو دەخوازن یان ڕابردوو وەردەگرن بۆ پاساودانەوەی بوونی ئێستایان و بۆ خستنەڕووی داواکردن و وانواندنەکانی خاکەکەیان. شتە واقیعیەکان و فۆلکلۆرو چیرۆک و- بەرهەمەکانی خەیاڵ- یەکپێدەگرن بۆ بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەستی نەتەوایەتی. ئەفسانەو داستانەکان بەشێکی گرنگن لە بنیادنانی نەتەوەدا[١٩]. بێگومان ئەم بۆچوونە دەقاودەق لەگەڵ ڕوانینی کلاسیک بۆ نەتەوەو پێناسەی نەتەوە یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی ڕەگەز و بنەما بابەتی و جێگیرەکانی بوونی نەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی هەستی نەتەوەیی.

ڕاستە هەستی نەتەوەیی سەرەتاو دەستپێکە بۆ سەرهەڵدانی پرسی گەڕان بەدوای شوناسدا، بەڵام دیسان وەکو دەستپێکی قۆناغێکی تر سەیر

دەکرێت، کە قۆناغی دەرکەوتنی هوشیاری نەتەوەییە، کە ئەوەش نەک هەر پەیوەستە بە شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی بۆرژوا یان چینی ناوەندەوە، بەڵکو لە راستیدا بەرهەم و دەرئانجامی ئەو قۆناغەیەو بەرهەمی دەرکەوتنی چینی ناوەندو دروستبوونی دەوڵەتی نوێیە لە شوێنی دەوڵەتی فیودیالی و ئیمپراتۆریتی ئایینیدا.

هەرچەندە لە روانگەی پێش مۆدێرنێتەوە، وەها سەیری نەتەوە دەکرێت کە بوویەکی ئامادەیەو بوونی هەیەو خاوەنی شوناسەو دەشێت لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەوڵەت دروست بکات، یان دەوڵەت بەرهەمبهێنێت. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لەم روانگەیەوە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت بەرهەمی نەتەوەیە. ئەگەر نەتەوە لە روانگەی ئیتنیک و خاسیێتە هاوبەشەکانی زمان و مێژوو داب و نەریتی هاوبەش و بوونی خاکەوە سەیر بکرێت، وەکو بوون یان پێکهاتەیەکی بێ سەروەری و تەنانەت نەپارێزراو ئەوا ئەم بۆچوونە راستە چونکە پاراستنی نەتەوە بەبێ سەرەروەری نەتەوەیی نابێت، سەروەریی نەتەوەیش بەبێ دەوڵەت بوونی نیە . دەشێ کورد خۆی باشترین نموونە بێت بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە یان ئەم بۆچوونەی کە پێیوایە هەر پێکهاتەیەک خاوەنی ئیتنیک و زمان و مێژووی هاوبەش بێت نەتەوەیە، چونکە ئاشکرایە کورد کۆی ئەو رەگەزانەی هەیە کە پێناسەی کلاسیکی نەتەوەیان لەسەر دەکرێت. هەر بەو پێیە کورد نەتەوەیە بەڵام پارێزراو نیە چونکە سەروەری نیە. لە کەلتوری سیاسیشدا لە کاتێکدا بە نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان دەگوترێت نەتەوەی خاوەن دەوڵەت، بە کورد دەگوترێت نەتەوەی بێ دەوڵەت یان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیا. لە راستیدا ئەم بۆچوونەش لای ئێمەی کورد خۆیشمان وەکو شتێکی جێگیرو چەسپاو سەیر دەکرێت و پێمان وایە کورد نەتەوەیەکی گەورەیە. راستە لە رووی ژمارەو خاک و زمانەوە کورد بە چەمکی کلاسیک نەتەوەیەکی گەورەیە، بەڵام پێکهاتەیەکی پارێزراو نیە، هۆکەشی ئەوەیە کە سەروەری نیە. دیارە ئاشکرایە سەروەریش تەنیا لە بوونی دەوڵەتدا بەدیدێت. لە روانگەی نوێوە نەتەوە بە بێ سەروەری پێناسە ناکرێت، سەروەریش لە بوونی دەوڵەتدا بوونی دەبێت، بۆیە لەم روانگەیەوە بوونی نەتەوە پەیوەستە بە بوونی دەوڵەتەوە. واتە لەم روانگەیەوە ناشێت هیچ پێکهاتەیەک وەکو نەتەوە سەیر بکرێت ئەگەر دەوڵەتی نەبێت، ئەمە

بێجگە لە رۆڵی پرۆسێسی بنیادنانی نەتەوە لە پێکهاتنی دەوڵەتدا. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو بۆچوونەی بڵێین کە دەوڵەت و نەتەوە پێکەوە هەن. بەڵام کام دەوڵەت؟ بێگومان دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مێژووی دەوڵەت زۆر کۆنترە لە مێژووی نەتەوە. دەوڵەتی پاشایەتی و ئایینی و خێڵایەتی کە زۆرینەیان فەرمانڕەوایی خوایانەیان کردووە لەسەر زەوی و دەسەڵاتی رەهایان هەبووە، نە دەوڵەتی نەتەوە بوون، نە ئەو دەوڵەتە بوون کە نەتەوە دروست دەکات، بەڵکو دەوڵەتی فرە رەگەزو فرە کەلتورو ئایین و فیودیالی یان خێڵایەتی بوون. ئەو دەوڵەتەی کە نەتەوە دروست دەکات، دەوڵەتی چینی بۆرژوایە، ئەو دەوڵەتەیە کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیە. هەر لێرەوە سەرەتای قسەکردن لە سەر بوونی نەتەوە بە تەواوی جیادەبێتەوە لەو مێژووە سەرەتاییەی کە روانینی کلاسیک بۆ نەتەوە پێداگری لەسەر دەکات و دەیگێڕێتەوە بۆ قۆناغە دێرینەکانی مێژوو.

لەم روانگەیەوە واتە لە روانگەی مۆدێرنەوە، سەرەتای دەرکەوتن و دروستبوونی نەتەوە پەیوەستە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەند یان چینی بۆرژوای نیشتیمانیەوە، کە ئەویش بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیە. هاوکات سەرهەڵدانی رێنیسانس و رۆشنگەری و سیکیولاریزم بێلایەن نین لە بارودۆخێکی وەهاداو هەم کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغە مێژوویە رۆڵی لە کۆی ئەم دەرکەوتنە نوێیانەدا بینیووە، هەم بە بارێکی تردا هەریەکە لەم دیاردەو دەرکەوتنە نوێیانە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی نوێ و بەو پێیەش لەسەر بنیادنانی نەتەوە هەبووە.

ئاشکرایە بنیادنانی نەتەوە وەکو دەرئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ کە ئەویش بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیە، پەیوەندی تووندو بەهێزی هەیە بەو زەمینەوە کە شۆڕشی پیشەسازی تیادا روودەدات. واتە پێگەیشتنی بنەماو رەگەزو هۆکارەکانی روودانی ئەو شۆڕشە لە هەموو ئاستەکاندا پەیوەندی بەهێزی هەیە بە سروشتی ئەو دەوڵەتەوە کە دروست دەبێت. سروشت و بەهێزیی ئەو دەوڵەتەش کە دروست دەبێت پەیوەندی هەیە بە پرۆسێسی نەتەوەسازی یان دروستکردنی نەتەوەوە. واتە بنیادنانی نەتەوە مەرج و پێداویستی خۆیی هەیە، ناشێت هیچ بنیادنانێک لە بۆشایدا بگاتە ئەنجام..

بنیادنانی نەتەوە پێویستی بە ژێرخانە، هۆکارەکانی گواستنەوە، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، پەرەسەندنی ئابووری نیشتیمانی لە ئابووری هەرێم و ناوچەکانەوە، میدیای جەماوەری فراوانی نیشتیمانی- نەتەوەیی، بە مەبەستی دامەزراندنی گوتارێکی سیاسی و رۆشنبیری نەتەوەیی و شانبەشانی ئەمانەش پێکهاتن و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی[٢٠] لە پێداویستیەکانی بنیادنانی نەتەوەن. بێگومان لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بنەماو پێداویستیەکانی بنیادنانی نەتەوە هاوشێوەی بنەماو پێداویستیەکانی دەوڵەتن. ئەمەش زیاتر پاڵپشتی ئەو بۆچوونە دەکات کە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات و بە بێ بوونی دامەزراوەی دەوڵەتی نوێ کە دامەزراوەی چینی ناوەندە، ناشێت بنیادنانی نەتەوە بگاتە ئەنجام، بە تایبەتی لەو روانگەیەوە کە بەبێ دەوڵەت ئەوەی بە چەمکی کلاسیک پێی دەوترێت نەتەوە، خاوەنی هیچ سەروەرییەک نابێت.

بێگومان بەو ئەندازەی کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێت کە رەگوڕیشەی نەتەوە لە رابردوودایە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ باپیری هاوبەش و مێژوو داب و نەریت و زمانی هاوبەش، ئەو بۆچوونەش هەیە کە راستەوخۆ هەردوو تێروانینی پشتبەستوو بە رابردوو، هەروەها کەلتوری هاوبەش و کاریگەرییەکانی شۆڕشی پیشەسازیش بۆ دروستبوونی نەتەوە پێکەوە دەبەستێت.. ئەوەی نەتەوە پێکدەهێنێت دوو بنەمای سەرەکین، یەکێک لە رابردوودایەو یەکێک لە ئیستادایە. ئەوەی رابردوو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەریی میرات و کەلتورو کەلەپوری کۆن، واتە هەموو ئەوانەی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی لە مێژووی خۆیدا بەرهەمی هێناون و بوونەتە رەگەزو بنەماو پایەی شوناسی ئەو پێکهاتە ئیتنیکیە. دەشێ لە لایەک جیاکردنەوەو پاراستنی ئەو پێکهاتەیان مسۆگەر کردبێت، لە لایەکی تریشەوە بنەمای هەست بەخۆکردنی ئێستاو ئامادەبوونی سادەی ئێستای ئەو پێکهاتە ئیتنیکیە بن. کە ئەمە زیاتر دەشێت بۆ ئەو پێکهاتە ئیتنیکیانە راستتربێت کە تاکو ئێستا دەوڵەتیان نیە، واتە لە دەرەوەی بەدەستهێنانی سەروەرین. بنەمای هەبوو یان ئامادەی رانەبردوو یان ئێستا، بریتیە لە گونجاندن یان مامەڵەکردنی ئەمڕۆ، کە ئەویش بوونی خواست و ویست و ئارەزووە بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجاندن، ئەویش لە ئاستی یەکەمدا لە سنووری ئیتنیکیکداو، لە ئاستی دووەمدا لە سنووری

زیاتر لە یەک ئیتنیکدا. هەروەها بوونی ئیرادە لە ئێستادا بۆ کارکردن لەسەر ڕەگەزەکانی ڕابردوو بە مەبەستی کردنیان بە بەشێک لە ڕەگەزەکانی زەمینە سازی بۆ ئامادەکردنی ژێرخانی بنیادنانی نەتەوەو بەرهەمهێنانی بەهای زیندوو تەمەندرێژو گونجاو و خۆگونجێن و سازاو بەپێی کات و شوێن و پێداویستیەکانی هەر ساتێک وەکو بنەمایەکی دابەشنەبوو کە هەر تاکێک وەریان دەگرێت و بۆی دەبنە ڕەگەزێکی پتەو و دابەشنەبوو کە کاردەکات لە بنیادنانی کەسێتی کۆمەڵایتیداو ئەوەش لە ئاست و قۆناغێکی تردا دەبێتە ڕەگەزێکی زیندوو کارا لە پرۆسێسی بنیادنانی نەتەوەدا. هەروەها بوونی ئیرادەیەکی لەم جۆرە ڕۆڵ و کاریگەری دەبێت لە زەمینە سازیدا بۆ بەرهەمهێنانی کەلتوری هاوبەش، کە ئەمەش بنەمایەکی پێناسەکردنی نەتەوەیە لە ڕوانگەی نوێوە.

بەلام ڕوانگەی نوێ بۆ پێناسەی نەتەوەو دەرکەوتن و دروستبوونی نەتەوە، نەک هەر بڕوای بە پشتبەستن بە ڕابردوو نیە لە پێکهێنانی نەتەوەدا، بەڵکو بە تەواوی ڕۆڵی ڕابردوو ڕەتدەکاتەوەو تەنیا پێناسەی نەتەوە دەبەستێت بە مۆدێرنێتەوەو لە ڕوانینی ئەم تێزەوە شتێک نیە بە ناوی نەتەوەوە لەپێش بوونی دەوڵەتی نوێدا. لەم ڕووەوە مارشاڵ پیلسۆدسکی دەڵێت: ئەوە دەوڵەتە نەتەوە دروست دەکات، نەک نەتەوە دەوڵەت دروست بکات. ئەم بۆچوونەش پشتگیری ئەو ڕایەی هۆبسباوم دەکات کە دەڵێت: نەتەوەکان دەوڵەت و ناسیونالیزم دروست ناکەن، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە دەوڵەت و ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکەن. بێگومان پێش ئەم بۆچوونانەش ڕایەکی هاوشێوە هەیە کە ڕای ئێرنیست گیلنەرە لەبارەی پەیوەندی دەوڵەت و نەتەوەوە کە هۆبسباوم لە زۆر شوێن و بارودۆخدا ئەو بۆچوونەی دووبارە کردووەتەوە کە دەڵێت: ئەوە ناسیونالیزمە کە بەراستی نەتەوە دەخوڵقێنێت- خەیاڵی دەکات- هۆبسباوم وشەی دەوڵەت بۆ قسەکەی گیلنەر زیاد دەکات، بۆ ئەوەی وا لە قسەکەی گیلنەر بکات کە ئەوە بگەیەنێت کە پێویستە ئێمە تێبگەین نەتەوەکان بنیادە ئایدیۆلۆجیەکانی دروستکردنی دەوڵەتن. بەدەربڕینیکی تر، ڕەوایەتی پشتگیریکەر کە لە بنەمای سیاسیەوە واتە لە دەوڵەتەوە دەردەچێت، کارایە بۆ ڕۆشنبیری، واتە بۆ نەتەوە[٢١]. لە کاتێکدا لە ڕوانگەی کلاسیکەوە بۆ نەتەوە، نەتەوە واپێناسە

دەکرێت کە بوون و قەوارەی هەتاهەتایی بن، بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەم بۆچوونانە بدەین کە نەتەوە بە بەرهەمی ناسیونالیزم و دەوڵەت دەزانن، دەردەکەوێت کە نەتەوەکان نەمرو هەتاهەتایی نین، بەڵکو دروست دەکرێن و بەرهەمی جۆرێک لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کەلتورین. تا ئەو ئاستەی دەگەینە بۆچوونەکەی بێندینکت ئەندریسۆن کە دەڵێت: نەتەوەکان «کۆمەڵی سیاسی خەیاڵین» چونکە ئەندامانی تەنانەت بچوکترین نەتەوەش هەرگیز زۆربەی ئەندامانی تری نەتەوەکەیان ناناسن، نایانبینن، تەنانەت گوێیان لە دەنگیشیان نابێت، لەبەرئەوە بەخەیاڵ لە مێشکی هەریەکەیاندا هاونەتەوەییەکانیان دەژین[٢٢].

بێگومان ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەشێت بۆ هەریەکە لە ئێمەش شتێکی هەستپێکراو و زانراو بێت. بۆ نموونە ئێمە وەکو کورد کە یەکێکین لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، تەنانەت گرفتمان لە دروستکردنی سنووری جیاکردنەوەدا هەیە لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەکەی خۆمان کە چەندین هێڵی دابەشکردن و جیاکردنەوە بە چەق و گەوهەری ئیتنیستی کوردیدا کێشراون بۆ پارچە پارچە کردنی. کە ئەوەش سەرباری بوون بە ربەربەست لەبەردەم پرۆسێسی یەکگرتندا، بوونەتە هۆی دابەشکردن لە قەوارەی هەمان پێکهاتەی ئیتنیکیدا، کە ئەوەش لەیەکتر پەرتکردنی دروستکردووەو سەرئەنجام ئەو پەرتبوون و دابەشبوونە رۆڵی ئاشکرای گێڕاوە لە زیاتر دوورخستنەوەی بەشەکانی هەمان پێکهاتەی ئیتنیکیدا. ئەوەش رایەڵەی پەیوەستبوونی مادیانەی لە نێوان ئەندامانی هەمان پێکهاتەدا لاواز کردووە، کە دەرئەنجامەکەی یەکتر نەناسینی زیاترو یەکتر نەبینین و تەنانەت گوێ لە یەکتر نەبوونیشە. بۆیە لێرەوە ئەگەر سەیری کورد وەکو نەتەوە بکەین ئەوا رەنگە زیاتر وەکو کۆمەڵێکی سیاسی خەیاڵی ببینرێت، کە کۆی ئەندامان لە رووبەری خەیاڵی یەکتردا دەژین و بوون و ئامادەبوونیان هەیەو ئەوەش جۆرێک لە پەیوەستبوون بە یەکترەوە، یان جۆریک لەسەربەیەکبوونی بەرهەمهێناوە بە تایبەتی لە رووی سۆزو پەیوەستبوونی مەعنەویەوە.

دیارە ئەوە جێگای گومان نیە کە شۆڕشی پیشەسازی بۆ یەکەمجار لە ئەوروپا و بەتایبەتیش لە بەریتانیا دەستی پێکرد، هەر بەوپێیەش دەرکەوتنی چینی ناوەند، واتە بۆرژوا کە بکەری دروستکردنی دەوڵەتی نوێیە لە ئەوروپاوە

دەستپێکردووە، بەوپێیەش دەرکەوتنی ناسیونالیزم و بنیادنانی نەتەوە بە چەمکی نوێ یان لە روانگەی مۆدێرنێتەوە لە ئەوروپاوە دەستپێدەکات.. روانینی گشتی لە نێو مۆدێرنیستەکاندا ئەوەیە کە نەتەوەکان و ناسیونالیزم بۆ یەکەمجار لە ئەوروپای نێوان سەدەی شازدەیەم و سەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوتوون. کلیلی ئەم پەرەسندنەش گەشەکردن و پەرەسندنی کۆمەڵگای پیشەسازیە، کە ئەوەش بەهۆی دەرئەنجامی نایەکسانی دابەشکردنی سامانەوە بوو. سەرباری ئەوە هاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا یاسادانان و رێکخستن و هاونیشتیمانیبوونی هێنا. هەروەها فراوانبوونی بەرەبەرەی زمانە گشتیەکان و پەروەردەو بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری، بەشێوەیەکی هەستپێکراو دەرکەوتنی کەلتوری جەماوەریی و هوشیاری گشتی نەتەوەیی ئاسانکرد[٢٣]. ئێستا ئەوەی لە بارەی نەتەوەوە زیاتر پێداگری لەسەر دەکرێت دوو بۆچوونی سەرەکیە. ئەو بۆچوونەی نەتەوە دەباتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنترو دەیخاتە پێش شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندەوە. واتە ئەو بۆچوونەی کە نەتەوە لە سەر بنەمای رەگەزە میراتیە هاوبەشەکان پێناسە دەکات. کە نەتەوە وەکو بوویەکی ئامادەو تەنانەت بێ کۆتایی یان نەمر سەیر دەکات و بەهیچ شێوەیەکیش سەروەری بە بنەماو پایەیەکی سەرەکی بوونی نەتەوە دانانێت، کە مەبەست لە سەروەریش بوونی دەوڵەتە.

تێڕوانینی دووەم ئەوەیە کە سەرباری ئێتنیکی جیاوازو زمان و مێژووی جیاواز کە هەریەکەش لەو جیاوازانە کۆمەڵ، یان دەستەو گرۆپی خەڵک بەشدارن لەهەر یەکە لەو ئێتنیک و زمان و مێژوو، خاک و داب و نەریت و رابردوودا، بەڵام تێڕوانینی نوێ بایەخێکی ئەوتۆ بەو بنەمایانە نادات و دابڕانێکی تەواو لەگەڵ قۆناغی پێش شۆڕشی پیشەسازیدا دەکات و بڕوای وایە شتێک نیە بەناوی نەتەوە کە لە پێش شۆڕشی پیشەسازیدا بوونی هەبووبێت. واتە راست و دروست نەتەوە وەکو بەرهەمی ئەو شۆڕشەو دەرکەوتنی چینی ناوەند سەیر دەکات و پێیوایە ئەوەی نەتەوە دروست دەکات دەوڵەتی نوێیە. واتە ئەم چەمکە بۆچوونە، وای دەبینێت کە نەتەوە دروستکراوی ئەو دەوڵەتەیە کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و دروستبوونی چینی ناوەندە. هەر لێرەوەیە کە لە روانگەی نوێوە ئەو گفتوگۆیە یەکلابووەتەوە کە دەڵێت: ئایا نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات، یان بە پێچەوانەوە دەوڵەت نەتەوە

دروست دەكات؟ بێگومان لە روانگەی نوێ یان مۆدێرنێتەوە دەوڵەت نەتەوە دروست دەكات. كەواتە نەتەوە چۆن دروست دەبێت؟ لەم بارەیەوە ئەنتۆنی دی سمیس بە كورتی چەند بنەمایەكی پێویست بۆ دروستبوونی نەتەوە دیاری دەكات و دەڵێت: بۆ دروستبوونی نەتەوە دەبێت پرۆسێسی پێكهاتن یان گەشەكردنی نەتەوە دەستپێبكات. دەبێ سۆزو هوشیاری سەربەنەتەوەبوون یان پەیوەستبوون بە نەتەوەوە بوونیان هەبێت. دەبێت زمان و سیمبوڵی نەتەوە دروستببن. دەبێت بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی و سیاسی بە ناوی نەتەوەوە بوونیان هەبێت. دەبێت بڕوا یان ئایدیۆلۆجیای نەتەوە بوونی هەبێت، ئەویش لەسەر ئاستی گشتی و تایبەتی[٢٤].

بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم بنەمایانەی كە ئەنتۆنی دی سمیس وەكو بنچینەی نەتەوە دیارییان دەكات، كەی و چۆن و لە سەر چ زەمینەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابوری و كەلتوری و سیاسی دروست دەبن؟ بێگومان لە بارەی بوونی ئەم بنەمایانەوە، لە بەردەمی ئەم پرسیارەدا رادەمێنین: ئایا دەشێت لە قۆناغی پێش بوونی دەوڵەتی نەتەوەدا ئەم بنەمایانە فەراهەم ببن یان ئامادەبكرێن، یان لە راستیدا ئەم بنەمایانە تەنیا لە سایەی دەوڵەتدا دەستەبەر دەبن؟ بە تایبەتی كاتێ باسی پرۆسێسی پێكهاتنی نەتەوە دەكرێت، ئەو ئاماژەیە دەردەكەوێت كە پرۆسێسێكی لەم جۆرە بەشێكە لە بنیادنانی نەتەوە لە لایەن دەوڵەتەوە. هەر بەوپێیە ئەوە ئاشكرا دەبێت كە ئەو بنەمایانەی لەسەرەوە باسكران، بەشێكن لە بنەماكانی بنیادنانی نەتەوە لە روانگەی نوێوە كە مەبەست دروستبوونی نەتەوەیە لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی و دەركەوتنی چینی ناوەنددا.

# سەرچاوەکان


1. Wikipedia.
2. Susan Reynolds, Kingdoms and Communities in Western Europe, 900-1300 (Oxford, 1997), p. 23.

٣. دايفد ماك كرون، علم اجتماع القومية، ترجمة سامي خشبة، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٢٢

٤. دايفد ماك كرون، علم اجتماء القوميه، ص ٢٤

٥. دايفد ماك كرون، علم اجتماع القوميه، ص ٣٤

٦. عبدالرحمن بن خلدون، مقدمه ابن خلدون، تحقيق ابى عبدالرحمن عادل بن سعيد، دار الدهبيه للطبع والنشر والتوزيع، القاهره، ٢٠٠٦، ص ٢١٤

7. Ernest Gellner, Nations and Nationalism, Cornell University Press, New York, 1983, p.17.

٨. القوميه مرض العصر ام خلاصه؟ اعده للنشر فالح عبدالجبار، بيروت، الطبعه الاولى، دار الساقى، ١٩٩٥، ص ٣٧.

٩. دايفد ماك كرون، علم اجتماع القوميه، ص ٦٦.

10. Anthony D. Smith, Nationalism: Cambridge University Press, 2001, p.11 .
11. Corner Walker, Ethnonationalism: The Quest for understanding: Princition university press, 1994, p.xi.

١٢. القوميه مرض العصر ام خلاصه، ص٨٥

١٣. دايڤد ماكرون، علم الاجتماع القوميه، ترجمه سامى خشبه، المركز القومى للترجمه، القاهره، الطبعه الاولى، ٢٠٠٧، ص ٣٢.

14. Storey David, Teretory, the Claiming of space (Harlow, Pearson, Education), 2001, p.77.
15. Ernest Gellner, Nations and nationalism, Cornell University Press, New York, 1983, p.55.
16. Indian Middle Class, p.61.
17. Indian Middle Class, p. 37.
18. Ernest Gellner, Nations and nationalism, cornell university press, New York, 1983, p.55.

19. Storey David: Teritory, the Claimung of space (Harlow pearson,Education), 2001, p.77.

20. Hipper, (2005), p.8.

٢١. دايڤد ماک کرون، علم الاجتماع القوميه، ص ١٩٥.

22. Anderson Benedict, Imagined Community: reflections on the origion and spread of nationalism, London, 1991, p.6.

23. Hearn Jonathan, nations and nationalism, 2nd edition ( Oxford: Blackwell publishing, 2006), p.13.

24. Anthony D. Smith, Nationalism, Cambridge: Cambridge University Press, 2001, pp.5-6.

## بەشی دووەم

# ناسیونالیزم و ڕەگو ڕیشەکانی یان بنەماو پایەکانی

سەرەتا: مەبەست لە نەسیونالیزم چیە؟ ئایا ناسیونالیزم چ پەیوەندییەکی بە نەتەوەوە هەیە؟ پەیوەندی ناسیونالیزم و بە پیشەسازیکردن چیە؟ پەیوەندی ناسیونالیزم و مۆدێرنێتە چیە و کامیان بەرهەمهێن یان دروستکەری کامیانە؟ سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم کەیەو لە کەیەوە سەری هەڵداوە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن، کە ئەم باسە هەوڵدەدات وەڵامی گەنجاو بۆ ئەم پرسیارانە پێشکەش بکات و لە دوای ئەوەش هەوڵدەدات ڕووناکی بخاتە سەر پێناسەی ناسیونالیزم و دەربارەی ناسیونالیزمی کوردی و دەرکەوتن و شێوازی کارکردنی ئاخاوتن بکات.

ئاشکرایە دەشێ چەندین پێناسەی ناسیونالیزم لە لایەن لێکۆڵەرانی بواری ناسیونالیزمەوە کرابێت، کە بە گشتی لێکۆڵەرانی ئەو بوارە بریتین لە مێژوونووسان و کۆمەڵناسان، بەتایبەتی کە ئەوە ئاشکرایە ناسیونالیزم بیرمەندی تایبەت بەخۆیی نیە. ڕەنگە ڕاستیەکەش ئەوە بێت کە ناسیونالیزم وەکو بیر ناناسرێت، یان بە بیر دانانرێت و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بیرمەندی نیە، هەرچەندە هەندێجار دەربرینی وەکو «بیری ناسیونالیزم» دەبیستین یان دەبینین. هەر لێرەوە باسکردن لە ناسیونالیزم یان چەمکی ناسیونالیزم وەکو «بیر– Thought» دەکەوێتە بەردەم گومانەوە. لە ڕاستیدا ناسیونالیزم زیاتر وەکو ئایدیۆلۆجیا باس دەکرێت. ئەنتۆنی دی سمیس دەڵێت: ناسیونالیزم بیرو بزووتنەوەیەکە کە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو وەکو دەستەیەک

له خەڵک پتەو و بەهێز دەکات[١]. لێرەدا دەردەکەویت کە ناسیونالیزم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نەتەوەوە هەیە، یان بە واتایەکی تر ئەو مادەیەی کە ناسیونالیزمی لەسەر بەرهەم دێت نەتەوەیە، ئەگەرچی بە بارێکی تردا ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات. بەهەرحاڵ هەر لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت کە ناسیونالیزم وەکو جوڵانەوە یان بزووتنەوەیەک سەیر دەکرێت کە ئامانجێکی دیارو ئاشکرای هەیە، کە ئەویش بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکە.

بێگومان ڕەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەک یان هەر نەتەوەیەک چیە؟ زۆر بە سادەیی بەرژەوەندی هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە خۆی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوای سەر خاکی خۆی بێت. بە مانایەکی تر ناسیونالیزم ئامانجی ئەوەیە کە نەتەوە خاوەنی سەروەی خۆی بێت لەسەر خاکی خۆی، کە ئەوەش پێش هەموو شتێک دەبێ دەوڵەتی خۆماڵی خۆیی هەبێت لەسەر خاکی خۆی، چونکە بە بێ بوونی دەوڵەت ناتوانرێت باسی سەروەری بکرێت، کە سەروەریش تەنیا لە بوونی دەوڵەتی نەتەوەدا بوونی دەبێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین ناسیونالیزم پشتگیری ئەوە دەکات و داکۆکیکەری ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەک خۆی خۆی بەڕێوەببات و خاوەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی و هەموو بڕیارێکی پەیوەست بەخۆی بێت و پارێزراو بێت لە دەستتێوەردانی دەرەکی و نەکەوێتە ژێر هەژموونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەرەکیەوە. هەر نەتەوەیەک لە رووی سروشتیەوە هەمان مافی نەتەوەکانی تری هەیەو بەو پێیەش هیچ نەتەوەیەک بە هیچ بیانوو پاساوێک مافی ئەوەی نیە کە دەسەڵات بەسەر نەتەوەکانی تردا بکات و داگیریان بکات و بە ویستی خۆی سەرکوتیان بکات و بەکاریان بهێنێت، چونکە هەر نەتەوەیەک خۆی بنەماو بنچینەی سروشتی و نموونەییە بۆ فەرمانڕەوایی خۆی وهیچ نەتەوەیەکی تر نابێتە ئەو بنچینە سروشتیە بۆ فەرمانڕەوایی ئەم. بە مانایەکی تر هەر نەتەوەیەک خۆی تاکە سەرچاوەی دروست و ڕەوایە بۆ بەرهەمهێنان و بنیادنانی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرێتی خۆی و لەسەر ئەو بنەمایەش وەک هەموو نەتەوەکانی تر مافی بەدەستهێنانی سەروەرێتی خۆیی هەیە.

هانس کۆهن لە پێناسەی ناسیونالیزمدا دەڵێت: ناسیونالیزم حاڵەتێکی زیهنیە بۆ زیادکردنی چوونە ناوەوەی زۆرینەیەکی گەورەی دانیشتوان

لەسەر بنچینەی هەڵوێستی دڵسۆزی و پەیوەستبوون لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا[٢]. لێرەدا سێ بنەمای سەرەکی بۆ دروستبوونی هەر جوڵانەوە یان بزووتنەوەیەک باس دەکرێت. یەکەمیان بارێکی زیهنیە واتە پەیوەستە بە عەقڵ یان مێشکەوەو ئەویش یان لەسەر بنەمای سۆزو هەڵچوون یان لەسەربنەمای عەقڵ و بەئاگایی کاردەکات، کە ئەم دوو رەگەزەش هەردووکیان هەم پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی جوڵانەوە یان بزووتنەوە، هەم لە خاسیێتە دیارەکانی مرۆڤن و لە لایەک پەیوەستتن بە بنەمای بایۆلۆجی و لە لایەکی تریشەوە پەیوەستن بە بنەمای عەقڵی و دەرونی و مەعنەویەوە. بنەمای دووەم دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەیە لە کۆمەڵگەدا کە دەچنە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی وەهاوە کە زیاترین ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگای تێدایە. ئەمەش ئاسایی ئەوە دەردەخات کە ناسیونالیزم پەیوەستە بە کۆمەڵگاوەو لەچوارچێوەی کۆمەڵگادا بوونی هەیەو قسەی لەبارەوە دەکرێت و دەشخوازێت زیاترین ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگای تێدا بێت. بنەمای سێیەم ئەو فاکتەرەیە کە زیاترین ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگا دەبرێت یان دەخاتە ناوەوە کە ئەویش دڵسۆزی و پەیوەستبوونە کە دەشێت بە چەمکی سەربەبوون یان ئینتیما ناوببرێت. لێرەوە شتێک لەبارەی سروشتی ناسیونالیزمەوە ئاشکرا دەبێت کە دەشێت وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئامانجدار لە چوارچێوەی کۆمەڵگاو لە زەمینیەیەکدا سەیر بکرێت کە گەوهەر یان رەگەزی سەرەکی بۆ پێکهینانی ناسیونالیزم بوونی هەبێت کە ئەویش نەتەوەیە. بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە لە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا نەتەوە بوونی هەبووە یان بوونی هەیە.

هەروەک هانس کۆهن لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکە دەوەستێتە سەر ئەو بنچینەیەی کە تیایدا دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنی تاکەکەس بۆ دەوڵەتی نەتەوە باڵادەست دەبێت بەسەر بەرژەوەندییەکانی تری تاکەکەس و گروپدا[٣]. لێرەدا زیاتر چەمکی ناسیونالیزم ئاشکرا دەبێت و تەنیا وەها باس ناکرێت کە بیرۆکە یان جوڵانەوەو بزووتنەوەیەک بێت، بەڵکو خاسێتی ئایدیۆلۆجیای دەدرێتە پاڵ، کە ئەویش لە گەوهەردا باسی ئەو هێزو پاڵنەرە دەکات کە وا لە تاکەکەس و گروپیش دەکات دەستبەرداری بەرژەوەندییە تاکەکەسی یان گروپیەکانی خۆی ببێت و خۆی تەرخان

بکات بۆ بەرژەوەندییەکی فراوانتر کە بەرژەوەندی دەوڵەتی نەتەوەیە، واتە دامەزراوەیەک کە نەتەوە خاوەنداریێتی دەکات و گەیشتووەتە ئاستێکیش کە بووەتە خاوەنی سەروەری چونکە وەکو دامەزراوەی دەوڵەتی نەتەوە ناودەهێنرێت. کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کاتێ خاسیێتی ئایدیۆلۆجیا دەدرێتە پاڵ ناسیونالیزم مانای وایە ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکە لە گەوهەردا خۆتەرخانکردن و پەیوەستبوون و ئینتیمای زیاترین تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ کارکردن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوە لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو لەخۆدەگرێت. ناسیونالیزم بزووتنەوەیەکی نوێ یان مۆدێرنەو پەیوەندی بەو گۆڕانکارییە گرنگانەوە هەیە کە لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا لە کۆمەڵگای ئەوروپی و پاشان ئەمەریکی و دواتریش لە شوێنانی تر لە بنیادی گشتی کۆمەڵگەکاندا روویانداوە، بە تایبەتی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی مۆدێرنیتە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم گۆڕانکارییانەدا خەڵک پەیوەستبوون بە زێدی خۆیان و بە خاکی نەتەوەکانیان و بە داب و نەریتی باوک و باپیرانیانەوەو بەو دەسەڵاتانەی کە لەسەر خاکی خۆیان هەیانبووە، بە تایبەتی نەتەوە خاوەن دەوڵەتە فیودیالی و ئیمپراتۆرێتە ئایینیەکان، کە دیارە لەگەڵ دەرکەوتنی سادەترین سەرەتای ناسیونالیزمدا ئامانجی گۆڕینی ئەو جۆرە دەسەڵاتە رەهایەی خۆیانیان نەبووە. بەڵکو ئەوان بەجۆرێک لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا هەوڵی مانەوەی خۆیانیان داوەو، پرۆژەی دروستکردنی دەسەڵاتی نوێی خۆیانیان لەسەر خاکی خۆیان هەبووە، کە ئەوەش درووستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی لێکەوتووەتەوە.

هەر لێرەوە ناسیونالیزم زیاتر بەرەو فۆرمەلەبوون دەچێت و هەستێکی ئەوتۆ دروست دەکات کە ببێتە مایەی جۆرێک لە دانپێدانانی گشتی و شێوەیەک بە ژیانی تاک و کۆمەڵ دەبەخشێت و رۆڵی گرنگ و دیاری دەردەکەوێت و خۆی وەکو هێز یان جوڵانەوە یان ئایدیۆلۆجیایەکی کاراو بزوێنەرێکی چالاک لە مێژووی نوێدا نمایش دەکات، کە ئامانجی دیارو ئاشکرای دروستکردنی دەسەڵاتی خاوەن سەروەری نەتەوەکانە. هەڵبەت مەبەست لە سەروەری نەتەوەییش دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە، چونکە وەکو پێشتریش باسمان کرد بەبێ بوونی دەوڵەتی نەتەوە شتێک نیە بە ناوی سەروەری نەتەوەیی.

بێندیکت ئەندرسۆن رای وایە: ناسیونالیزم هێزیکی سیاسی پتەوە، بەڵام لە

ڕووی فەلسەفییەوە هەژارە. سەرباری ئەوەی "ism"ی پێوەیە، بەڵام هەرگیز بیرمەندی بەرهەم نەهێناوە(٤). بێگومان ئەوە ئاشکرایە لە ڕووی زمانەوە وشەی ناسیونالیزم Nationalism لە ئاوەڵناوی National دروووستکراوە، ئەویش بە زیادکردنی پاشگری "–ism" کە ئەم پاشگرە بە مانای بڕوایەکی دیار یان پیادەکردن یان سیستێمێکی دیار یان فەلسەفەیەک، یان سیستێمیکی فیکری دێت. بنچینەی ئەم ناوە دارێژراوە ناوێکی ترە لە زمانی ئینگلیزیدا کە ئەویش ناوی "Nation"ە. واتە بنچینەی دارشتنی وشەی ناسیونالیزم کە دەشێت بە کوردی پێی بگوترێت «نەتەوایەتی» وشەی نەتەوەیە. ئێستا دەردەکەوێت کە پێش دەرکەوتنی یان بوونی وشەی ناسیونالیزم لە زماندا وشەی نەتەوە بوونی هەبووە. ئەگەر لەم ڕوانگە زمانییەوە سەیر بکرێت ئەوا لە پێش بوون یان دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا نەتەوە هەبووە. ئەمە ڕوانینێکی دروستە لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵناسیشەوە، بەڵام نەتەوە وەکو مادە، وەکو بوویەکی بایۆلۆجی کۆمەڵایەتی نەک وەکو بوویەک یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی. ئەوە ناسیونالیزمە نەتەوە دەگۆڕێت بۆ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی و بارگاویی دەکات بە خواست و ویستی سیاسی کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە لوتکەی ئەو خواست و ویستانەیە.

لە فەرهەنگی مێریەم ویبستەردا بەم جۆرە پێناسەی ناسیونالیزم دەکرێت: ناسیونالیزم بریتیە لە دڵسۆزی و خۆتەرخانکردن بۆ نەتەوەیەک، بەتایبەتی دیمەنی هوشیاری نەتەوەیی و ئاستی پێشکەوتن و باڵابوونی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی تردا نیشان دەدات و دانانی جەختکردنی سەرەتاییە لەسەر پتەوکردنی کەلتورو بەرژەوەندییەکانی ئەو نەتەوەیە بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکانی تر یان گروپە نەتەوەییە باڵاکان(٥). دیسان لەم پێناسەیەدا خاڵی سەرەکی خۆ تەرخانکردنە بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوە. واتە لێرەدا ناسیونالیزم وەکو بابەتێکی گرنگ و تەنانەت بە گوێرەی ئەندامانی هەر نەتەوەیەک وەکو شتێکی پیرۆز سەیر دەکرێت، تا ئەو ئاستەی ئەندامانی نەتەوە یان کۆمەڵگا خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن، کە ئەو خۆ تەرخانکردنە جۆرە سروشتێکی تەسەوفی تێدا دەبینرێت. واتە چۆن سۆفی خۆی تەرخان دەکات بۆ شوێنکەوتنی پرینسیپی ڕێبازەکەی و لەو پێناوەدا هەموو کارێک دەکات و واز لە هەموو خواست و ویستە دنیاییەکان دەهێنێت بە ئومێدی

ئەوەی بگات بە ڕۆحی باڵای خوداو تیایدا بتوێتەوە، بەهەمان شێوە خۆ تەرخانکردنی ئەندامانی نەتەوە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە مانای دەستبەرداربوونیانە لە بەرژەوەندیە تایبەتەکانیان لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەدا.

بێگومان یەکێک لەو هۆکارانەی کە ناسیونالیزم توانای یەکخستن و یەکپێگرتنی نەتەوەی هەیە، ئەو گیانی خودنەویستیەی تاکەکەسە لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەدا. دیارە لەم پێناسەیەدا باسی ئەوە دەکرێت کە ئەندامانی هەر نەتەوەیەک هەوڵی باڵابوونی یان بەرزترداناانی نەتەوەکەی خۆیان دەدەن لە بەرامبەر بەرژەوەندی یان لە بەرامبەر نەتەوەکانی تردا. ئەگەر لە رووکەشدا سەیری ئەم رستەیە بکەین ئەوا ئاماژەی جۆرێک لە رەگەزپەرستی تێدا دەبینرێت. بەڵام لە رووی راستیەوە بابەتەکە بەو شێوەیە نیە کە ئەندامانی هەر نەتەوەیەک بیانەوێت نەتەوەکەی خۆیان لەوانی تر بە باشترو تەنانەت بە پیرۆزتر لەوانی تر سەیر بکەن، نەخێر مەبەستەکە ئەوەیە کە بنەمای بەراوردی هەر نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ببێت بە پاڵنەر بۆ گەشەکردن و پەرەسەندن و پێشکەوتنی زیاتر بە ئامانجی بەرهەمهێنانی زیاتری ئەو بنەمایانەی کە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن بە گشتی.

جۆن کانی پێناسەیەکی نزیک لەم پێناسانەی سەرەوە بۆ ناسیونالیزم دەکات و دەڵێت: ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکە جەخت دەکاتە سەر دڵسۆزی بۆ نەتەوەو پەیوەستبوون بە نەتەوەوە[٦]. تۆماس هایلاند ئیریکسین دەڵێت: ناسیونالیزم جۆرێکی لێڵی ئایدیۆلۆجیایە، دەشێت لە ناوەوەو دەرەوەی سنووری دەوڵەتدا دوژمنکارانەو فراونخواز بێت، هەروەک دەشێت ناسیونالیزم وەکو پارێزەری راستی و ئاشتی وەکو هێزی یەکگرتنی کەلتوری لە دەوڵەتی نەتەوەدا یان لە هەرێمێکدا خزمەت بکات[٧]. هەروەک زۆربەی کات ناسیونالیزم لە لایەن خاوەن تیۆرییانی لیبراڵەوە بە ئایدیۆلۆجیایەکی جیهانی دادەنرێت کە جەخت دەکاتە سەر یەکسانی و مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی فەرمانڕەواییەکەیدا[٨]. لەم پێناسانەی سەرەوەو چەندین پێناسەی تریشدا دەردەکەوێت کە ناسیونالیزم دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنە لە پێناوی نەتەوەو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا، لەگەڵ هەوڵی بەدەستهێنانی سەروەریدا کە ئەویش لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بنیادنانی نەتەوەدا دەستەبەر دەبێت.

هەروەها دەردەکەوێت کە ناسیونالیزم ئەو ئایدیۆلۆجیایە کە ئامانجی یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، واتە ئایدیۆلۆجیای دروستکردنی هەستی پێکەوەبوون و دەستەجەمیە لەگەڵ پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو رەگەزو بنەمایانەی کە نەتەوە پێکدەهێنن. یان بە دەربڕینێکی تر ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی نەتەوەیە کە دەوەستێتە سەر هەستی پێکەوەبوونی خەڵک لە رووی ئیتنیکی و زمان و خاک و نەریت و مێژوو ئایین و بنەماکانی تری نەتەوەوە. لە راستیدا سەرباری باسکردنی ئایین یان تێزی مارکسیزم یان ئەنارکیزم و رۆڵبینینیان لە بەرهەمهێنانی ناسیونالیزمدا یان بوونیان بە پایەی ناسیونالیزم، ئەوە بۆچونێکە هەریەکەیان بە جۆرێک رەتدەکرێتەوە. بە گوێرەی ئایین کە چەمکێکی تەواو ئومەمیە، پەیوەستبوونی لەگەڵ هەر رەگوڕیشەیەکی ئیتنیکیدا ناگونجێت، هەر بۆیە ناشێت ببێتە بنەمای کاراو زیندوی ناسیونالیزم. هەروەک لە لایەکی ترەوە ناسیونالیزم بەگشتی چەمکێکی عیلمانیە، واتە لە گەوهەردا نەک هەر لەگەڵ چەمکی ئایینی ناکۆکە بەڵکو دژیشە. دەشێت لە رووبەکی ترەوە باسی ناسیونالیزمی ئایینی بکرێت، بەڵام ئەو ناسیونالیزمی ئایینیە دژی دەوڵەتی نەتەوەیە، خۆ ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی ئایینیشی پێکهێنا ئەوا لەبەر داخرانی ئایین ئەو دەوڵەتە شمولی، رەگەزپەرست، تۆتالیتار یان فاشیزم دەردەچێت. ئەوەی ئێستا بە تایبەتی لە جەنگی دووەمی جیهانی بۆ دواوە بە ناوی دەوڵەتی ئایینی بە تایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی دروستبوون و وەکو دەوڵەتی نەتەوە دەردەکەون، بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی و ئێران و تورکیای ئێستا، تەنیا لە رووکەشداو بۆ پەردەپۆشکردن روخسارێکی ئایینی بەسەر دەوڵەتەکانیاندا دراوە، ئەگینا دەوڵەتی نەتەوەیی یان ناسیونالیزمن و تەنانەت ناسیونالیزمەکانیان کە دەشیا بە پشتبەستن بە بنەمای نائیتنیکی ئایین بگوازرانایەتەوە بۆ ناسیونالیزمی مەدەنی و دەوڵەتی فرە ئیتنیک و فرە کەلتوریان بەرهەمبهێنایە، گەیشتوونەتە ئاستی رەیسیزم و فاشیزم.

ئاشکرایە یەکێک لە خاسێتە خراپەکانی ناسیونالیزم ئەگەر بە عەقڵی داخراوی دەستەبژێری ناسیونالیست و بەپێی هەندێ تێڕوانینی تەسک و پەیوەستبوونی لە رادەبەدەر بە ئیتنیک و بنەماکانی بوونی نەتەوەو خۆ بە پیرۆزسەیرکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان لە روانگەی داخراوی ئایینەوە

کاری پێبکرێت، ئەوا دەگۆڕێت بۆ شۆڤێنیزم و بەرهەمهێنانی فاشیزمی ئیتالی و نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی تورکی و فارسی و عەرەبی بەرهەمی پێداگری زۆرە لەسەر چڕکردنەوەی بنەماکانی ناسیونالیزم و ئایین وەکو کەلتوری داخراو و تاک رەهەند.

ئەوەی بە ناوی دەوڵەتی ناسیونالیزمی ئایینیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێ شوێنی تر دەبینرێت، ئەوە دەوڵەتی نەتەوەیی رووپۆشکراون بە ئایدیۆلۆجیای ئایینی و هەردوو رگەزی ئیتنیک و ئایین بە داخراوی مامەڵەیان لەتەکدا کراوەو فاشیزمی نەتەوەیی ئایینیان بەرهەمهێناوە. بەگشتی دەوڵەتانی عەرەبی ئەگەرچی پێشتر هەندێکیان ئیدیعای عیلمانیەتیان دەکرد، بەڵام لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەوەو لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانانەی کە ناوی بەهاری عەرەبییان لەخۆیان نابوو، هەندێ لە دەسەڵاتەکانیان گۆڕی، بەڵام لە خراپترەوە بۆ خراپترین و ئەو رووکەشە بەناو عیلمانیەش نەماو بەتەواوی بوون بە دەوڵەتی ناسیونالیزمی ئیتنیکی ئایینی، کە ئاشکرایە کۆکردنەوەی دوو رەگەز یان دوو پایەی وەکو ئیتنیک و ئایین پێکەوە خراپترین جۆری داخستن پێکدەهێنێت بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە بە پیشەسازیکردن و بەشاریبوون بە سرووشتی دروستنەبوون. لە راستیدا ناسیونالیزم لە دوو سەرچاوەوە درووستبووە، یەکەمیان سەرچاوەی خێڵ، واتە خوێن و دەمار کە گەوهەری داخراوی ئیتنیکن، لەگەڵ پایەی دووەم کە گەیشتنی هەست و ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمە بەم کۆمەڵگایانە لە رێگای داگیرکردن و کۆلۆنیالیزمی رۆژئاواوە.

هەروەک گەیشتنی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاواو هەژموونکردنی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە مێژوویەکی درەنگتردا لەچاو گەیشتنیدا بە ئەمەریکاو ئەفریقا و تەنانەت رۆژهەڵاتی ئاسیادا، دەوری هەبووە لەسەر سروشتی دەرکەوتنی ناسیونالیزم لەم رووبەرە جوگرافیەدا بە کوردستانیشەوە. لەبەرئەوەی کۆلۆنیالیستی ئەوروپی زووتر گەیشتە ئەمەریکا، هەم شۆڕشی پیشەسازی لە ئەمەریکا زووتر روویداو، هەم ناسیونالیزمی ئەمەریکی پێش ناسیونالیزمی ئاسیایی و ئەفەریقایی دروستبوو، دەرکەوت. کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە ئاسیادا زووتر گەیشتە هیند، ناسیونالیزمی هیندی زووتر لە چاو

وڵاتانی تری ئاسیادا گەشەی کرد. واتە هۆکارێکی تری سەرەکی دەرکەوتنی ناسیونالیزمێکی نەبەکام لە ئاسیاو ئەفریقادا رۆڵی کۆلۆنیالیکردنی ئەم وڵاتانە بوو لە لایەن ئەوروپاوە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ناسیونالیزمی ئایینی دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی نەتەوەیە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەند بێت، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی شۆڕشی پیشەسازی دەرکەوتنی چینی ناوەند و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییە. لە راستیدا دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیست پەیوەندیەکی رەتنەکراوەی بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەوە هەیە لە رۆژئاوا. واتە کۆلۆنیالیزم دەرئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیە. واتە پرۆسێسی کۆلۆنیالیزم لە دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەوە دەست پێدەکات لە پێناوی فراوانکردنی هەژموون و دەسەڵات و دۆزینەوەی سەرچاوەی ئابووریدا.

ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی نەتەوە یان وەکو دڵسۆزی و خۆتەرخانکردن بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو دانانی ئەو بەرژەوەندییانە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە پێناسەکرا. لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا لە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمەوە، رەهەندو مەودای پەرەسەندن و پەتەوبوونی ناسیونالیزم وەکو چەمکێک زیاتر فراوان بووەو مانای دیارو ئاشکرای وەرگرتووە. لەم بارەیەوە ئەنتۆنی دی سمیس دەڵێت: ناسیونالیزم پرۆسێسی پێکهاتن یان گەشەکردنی نەتەوەیە، بەها، یان هوشیاری سەربە نەتەوە بوونە، زمان و سیمبۆلیزمی نەتەوە، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەناوی نەتەوەوە، بیروباوەڕ، یان ئایدیۆلۆجیای نەتەوە، لە هەردوو ئاستی گشتی و تایبەتیدا دەگرێتەوە[٩]. ئەگەر سەرنجی ئەم مانایانە بدەین کە ئەنتۆنی دی سمیس باسیان دەکات، ئەوا بەلایەنی کەمەوە ناسیونالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەم مانایانەی وەرگرتووە، کە بە ئاشکرا دەبینرێت کۆی ماناکانی ناسیونالیزم پەیوەستن بە نەتەوەوە. لە ئاستی یەکەمدا وەکو گرنگترین مانایەک کە ناسیونالیزم وەریبگرێت کە وەکو ئەرکی سەرەکی ناسیونالیزمیش لە روانگەی مۆدێرنیتەوە دیاریکراوە، پێکهاتنی نەتەوەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یەکێک لە خاسێتە سەرکی و یەکەمەکانی ناسیونالیزم

بنیادنان و پێکهێنانی نەتەوەیەو بەدوای ئەوەشدا گەشەپێدان و پەرەپێدانی نەتەوە دێت. هەروەک مانایەکی تری گرنگ کە ناسیونالیزم وەری دەگرێت ئامادەکردن و پەرەپێدانی ئاستی هوشیاری ئەندامانی کۆمەڵ، یان نەتەوەیە بۆ ئاستی گەیشتن بە دروستبوونی پەیوەستبوونی بەهێز بە نەتەوەوە کە ئەوەش بە سەربەنەتەوەبوون یان ئینتیمای نەتەوەیی ناودەبرێت. ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەک کە سەرئەنجام ئایدیۆلۆجیایەکی جەماوەریە، بەتەواوی بارگاوی دەبێت بە مانای سەربە نەتەوە بوون، کە ئەوەش لە ئاستی قوڵدا مانای بوونی هێزێکی پتەوە بۆ بەکردارکردنی پرۆسێسی سەربە نەتەوە بوون و گواستنەوەی لە تەنیا رایەڵەیەکی مەعنەویەوە بۆ پەیوەستبوونێکی پیادەکراوی واقیعی بینراو. ناسیونالیزم هەرچۆن جەخت دەکاتە سەر زمانی دایک و سیمبوڵ یان هێمای نەتەوە، لە هەمان کاتدا مانای ئەم رەگەزانە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. هەروەها ناسیونالیزم وەکو چەمک و وەکو زاراوە مانای بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەردەگرێت. هەروەها لە خۆیشیدا، لە روویەکی ترەوە وەکو ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی جەماوەریی سەیر دەکرێت و هەر لەو رووەشەوە ناسیونالیزم چۆن وەکو ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی نەتەوە سەیردەکرێت، بە هەمان شێوە مانای ئایدیۆلۆجیای نەتەوەش لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ..ناسیونالیزم بە مانا نەتەوەییەکان و بە بیرو بە مەعریفەی نەتەوەیی بارگاویی کراوە[١٠].

سەرباری مەترسی ئەوەی کە ناسیونالیزم بگۆڕێت بۆ رەگەزپەرستی و فاشیزم، بەڵام روانینی تریش هەیە کە بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانە سەیری ناسیونالیزم دەکات و پێیوایە کە رۆڵی گرنگ دەبینێت لە بنیادنانی کۆمەڵگەی باش و تەنانەت کاریگەری لەسەر رەفتاری تاکەکان دەبیت بە ئاراستەی باش. بێندینکت ئەندرسۆن لە گفتوگۆیەکیدا باسی ئەوە دەکات کە.. ئەو ناسیونالیزمی بەلاوە پەسەندە چونکە ئەم چەمکە وەکو دیدو وەکو ئایدۆلۆجیا بەشداری دەکات لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشداو وا لەخەڵک دەکات باشتر رەفتار بکەن چونکە ئەوان دەبنە ئەندام لە کۆمەڵگەیەکدا [١١]. لێرەدا ناڕاستەوخۆ و لە پشتی ئەم بۆچوونەوە ئەو تێروانینە ئامادەیە کە ناسیونالیزم رۆڵ دەبینێت لە پێکهێنانی کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگەیەک کە سەربەبوون یان پەیوەستبوونی

تاکەکانی بە سیستێمی ئەو کۆمەڵگەیەوە پتەوو بەهێزبێت و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەیەکی رێکخراودا بێت و بە پێی رێساو نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بێت. دیارە ئەو کۆمەڵگایەی ناسیونالیزم وای لێ بکات ببێتە کۆمەڵگایەکی باش، کۆمەڵگای دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیە، کە ئەویش دەبێ بەلایەنی کەمەوە بووبێتە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و لەگەڵ ئەوەشدا کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە دروست بووبێت. هاوشانی بەپیشەسازیبوون دەبێ بەشاریبوون گەیشتبێتە ئەنجام، کە ئەویش لەگەڵ خۆیدا کەلتوری کۆمەڵگەی شار دروست دەکات، کە کەلتوری دروستبوونی تاکەکەسی خاوەن شوناسە. ئەو کۆمەڵگایەی لە دوای دەرکەوتنی ناسیونالیزم و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەو دروستکردنی نەتەوە دەبینرێت، ئەگەر بەم شێوە سروشتیە درووست بووبێت، ئەوا کۆمەڵگایەکی خاوەن شوناسی مەدەنیە بە کۆی خاسیەتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە. بۆیە بە پێویست دەبێت کۆمەڵگایەکی باش بێت و تاکەکانی دەگەنە ئاستێکی هوشیاری ئەوتۆ لە رووی کۆنەستەوە، وابەستە دەبن بە نەریت و رێساکانی کۆمەڵگاکەیانەوە، کە یاساو رێسای کۆمەڵگایەکی خاوەن شوناسە لەو رووەوە کە خاوەنی سەروەری خۆیەتی و پارێزراوە.===

لە پێناسەی ناسیونالیزمدا دوو ئاراستە دەردەکەوێت، کە دیارە ناسیونالیزم زیاتر لە پێناسەیەکی بۆ کراوە، بەڵام کۆی ئەو پێناسانە دابەش دەبن لە نێوان دوو ئاراستەدا، ئاراستەی بابەتی و ئاراستەی نابابەتی، کە یەکەمیان بێلایەنی پێوەدیارەو وەکو دیاردەیەک سەیری ناسیونالیزم دەکات، کە ئەوەش لەو پێناسانەی سەرەوەدا دەبینرێت، بەلام لەبەرامبەر ئەوەدا پێناسەی نابابەتیش هەیە کە زۆر بە خراپی دەڕوانێتە ناسیونالیزم و لەباشترین باریدا وەکو فاشیزم و نازیزم و کۆمۆنیزمی نەتەوەیی سەیری دەکات و بە دوژمنی مۆرڤایەتی دەزانێت. واتە لە روانگەی نابابتیەوە، دەشێت ناسیونالیزم وەها سەیر بکرێت کە هاوبەشە لە ئایدیۆلۆجیای فاشیزم و نازیزم و لە ئایدیۆلۆجیاو دیدی شێوەکانی کۆمۆنیزمدا کە بەگشتی ئەمانە، واتە ئەم سیانە فاشیزم و نازیزم و کۆمۆنیزم دەسەلاتیان بەسەر مێژووی سەدەی بیستدا کردووەو بێجگە لەوەی کە لە دوو جەنگی جیهانی گەورەدا بەشێکی زۆری مرۆڤایەتیان لەناوبردووە، دیسان لە سنووری دەوڵەتەکانی خۆیشیاندا وەکو خراپترین

شێوەی سیستێمی ستەمکار بێ پەروا مرۆڤیان کوشتووەو مرۆڤایەتیان لەناو بردووە. بەشێک لە توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی و مێژوو، ناسیونالیزم بە ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی فاشی و رەگەزپەرست دەزانن و لەو روانگەیەوە پێیانوایە فاشیزم و نازیزم و دەوڵەتی کۆمۆنیزمی نەتەوەیی لە نموونەی بالای ناسیونالیزمن.

بێگومان بەگشتی روانینی ئەنارکیزم بۆ نەتەوەو ناسیونالیزم و دەوڵەت ئەوەیە کە نەتەوەو ناسیونالیزم بەلاو بەدبەختین بۆمرۆڤایەتی، چونکە ئاشکرایە ئەنارکیزم لە روانگەی ململانێی چینە کۆمەلایەتیەکانەوە سەیری دنیا دەکات و بڕوای بە ململانێ و جیاوازی ئیتنیکی نیەو وەکو دروستکراوی دەستەو چینی دەسەلات و دەوڵەت سەیری دەکات، بۆ درێژەدان بە ستەمکاری. واتە ئەنارکیزم وایدەبینێت کە نەتەوە بوونێکی راستەقینە یان واقیعی نیەو دروستکراوی خەیاڵە و ئەوەی بوونی راستەقینەو واقیعی هەیە چینە کۆمەلایەتیەکانن و هەر لەبەر ئەوەش ململانێی راستەقینەو خەباتی راستەقینەش بە روانینی ئەو ململانێ و خەباتی چینایەتیە نەک نەتەوایەتی. ئەوەش لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە کە پێیانوایە لەناو پێکهاتە کۆمەلایەتیە فرە چینایەتیەکاندا شتێک نیە پێی بگوترێت بەژەوەندی هاوبەش، چونکە ناشێت بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان کرێکارو بۆرژوا، لە نێوان هێزی کارو خاوەنی کاردا هەبێت، بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی چینێکی کۆمەلایەتیدا هەیەو هەر ئەو بەرژەوەندییانەش یەکێتی چینایەتی دروست دەکەن. بەلام پێکهاتەی نەتەوە کە لە چینی جیاواز پێکهاتووە نەک بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا نیە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانیشیان دژی یەکترە. هەربۆیە هەرگیز یەکێتی نەتەوەیی دروست نابێت، چونکە لەناو ئەو پێکهاتەیەدا هەر چینێکی کۆمەلایەتی بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیە. هەر لێرەوە بە بۆچوونی ئەنارکیزم ئەو دروشم، یان ئەرکە سەرەکیەی کە ناسیونالیزم دەبێ بیگرێتە ئەستۆ و دروستی بکات کە یەکێتی نەتەوەییە، بێجگە لە خەیاڵ هیچی تر نیە. بۆیە ئەنارکیزم وایدەبینێت کە ناسیونالیزم بێجگە لە وێرانکاری هیچی تری بۆ مرۆڤایەتی نەهێناوە. بۆ دەرخستنی روانینی دژە ناسیونالیزم، ئەلبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: ناسیونالیزم نەخۆشی ئیفلیجیە، سورێژەیە بۆ مرۆڤایەتی. هەروەها بێرتراند رەسڵ دەڵێت: نیشتیمانیبوون (ناسیونالیزم) ئامادەبوونە بۆ کوشتن یان بۆ کوژران لە

پێناوی ئامانج یان هۆکاری پڕوپووچدا. دان فرێد دەڵێت: ناسیونالیزم وەکو ئەلکحول- خواردنەوە- وایە، سەرەتا مەستت دەکات، پاشان کوێرت دەکات، لە کۆتایدا دەتکوژێت[١٢]. ئەمەی سەرەوە تێڕوانینی دژە بۆ ناسیونالیزم، کە ئێمە بە تیڕوانین یان ئاراستەی نابابەتی ناومان برد. راستە ناسیونالیزم وەکو دیاردەیەکی بەهێز لە سەدەی هەژدەیەمەوە دەرکەوتووە، بەڵام هەم ریگری هەبووەو هەم خۆیشی ئەگەر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت دەبێتە دیاردەیەکی دزێو و ناشیرین و سیستێمی فاشیزم و تۆتالیتار بەرهەم دێنێت.

جۆناسان هێرن باس لەو شێوازانە دەکات کە ناسیونالیزم لەخۆیی دەگرێت و ناسیونالیزمیان پێ دەناسرێتەوەو کۆی ئەو شێوازانەش لەناو پرۆسێسی گەشەکردنی ناسیونالیزم و کارکردنی ناسیونالیزمدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی پێکدێن و پەرەدەسەنن. ئەوانیش بریتین لە: هەستکردن، شوناس، ئایدیۆلۆجیا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و پرۆسێسی مێژوویی، کە ئەمانە هاوکات روودەدەن[١٣]. بێگومان ئەو شێوازانەی هێرن باسیان دەکات دابڕاونین لە کۆمەڵگاو لە راستیدا پەیوەستن بە شێوەی گەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، یان لە چوارچێوەی هەر پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان نەتەوەییدا. هێرن «هەستکردن»ی لە یەکەمدا داناوە، ئەوەش دەستپێکی پرۆسێسی دەرکەوتن یان بەرەو دەرکەوتنی ناسیونالیزمە. هەستکردنی هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی بەخۆی و بە دەوروبەری، کە ئەوەش بەرەو شێوازی دووەم دەڕوات کە پرسی شوناسە. پرسی شوناس لە سادەترین شێوەیدا، پرسیارکردنە دەربارەی خۆ، کە ئەویش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە «من کێم، ئێمە کێین، تۆ کێیی، ئێوە کێن، ئەویتر کێیە، ئەوانی تر کێن؟ تۆ و ئێوە و ئەو و ئەوانی تر پەیوەندیتان بە من یان بە ئێمەوە چیە؟» کە ئاشکرایە بنەمای سەرەکی بۆ دیاریکردنی شوناس جیاوازیە. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە تیایدا هەر گروپ و پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتی لە پرۆسێسی بەرەو پێکهاتندا ئەم پرسیارانە لە خۆیی دەکات.

ناسیونالیزم کاتێ دەگاتە شێوازی گەڕان بە داوی شوناسدا، مانای وایە لە قۆناغی تەنیا هەستکردن تێپەڕیووەو بەرەو قۆناغی هوشیاری دەچێت، کە لەوێشەوە ئایدیۆلۆجیا پێکدێت. ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی

جەماوەریی کە لەسەر بنەمای هەستکردن و هوشیاری و بەئاگابوون لەوەی کە ویستەکانی نەتەوە چین و چۆن بە ئاراستەی گەیشتن بەو ویستانە دەجولێت، پێکدێت. گەیشتنی ناسیونالیزم بەم ئاستە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا یان نەتەوە بنەماکانی یەکبوون نەخش دەکات و شێوەی لەیەکتر نزیکبوونەوەی تاکەکان و هەستکردن بە بوونی یەک بەرژەوەندی دەردەکەوێت، کە بەرژەوەندی هەموویانە، واتە بەرژەوەندی نەتەوە. لەم دۆخەدا بەرژەوەندی نەتەوە لە دایک دەبێت و هەموو لە دەوری ئەو بەرژەوەندیە کۆدەبنەوەو ئامانجی پاراستنی ئەو بەژەوەندیە هاوبەشە جۆرێک لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، کە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا دەبێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی و ئامانجی سەرکی دەردەکەوێت، کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە. دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەش بە مانای قۆناغێک دێت کە تیایدا پرۆسێسی بنیادنابی نەتەوە دەستپێدەکات کە پرۆسێسێکی مێژووییە و بە گوێرەی هەر نەتەوەیەکیش گرنگترین قۆناغە چونکە قۆناغی دروستبوون و بنیادنانە. راستە لە رووکەشدا جۆرێک لە ریزبەندی لەم چۆنێتی گەشەکردن و شێوازوەرگرتنەی ناسیونالیزمدا هەیە، بەڵام لە راستیدا کۆی شێوەکان بەناو یەکتردا چوون و لە رووی رووداندنیشیانەوە وادەردەکەوێت هاوکات روودەدەن.

## رەگورِیشەی ناسیونالیزم:

بێگومان گفتوگۆی ئەوەی کە ئایا نەتەوە ناسیونالیزم بەرهەم دەهێنێت و دروستی دەکات، یان ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات بابەتێکە هەتاکو ئێستا توێژەرانی مێژوویی و کۆمەڵناسی ئەو بوارەی کردووەتە دوو سەنگەرو هەریەکەش بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەو بابەتە هەیە. دیارە کاتێک باسی رەگورِیشەی ناسیونالیزم دەکەین، رووبەڕووی جیاوازی ئاشکرایی نێوان روانینی ئەو دوو ئاراستەیە دەبینەوە. هەر ئاراستەیەک لەسەر بنەمای روانینی خۆیی و ئەو کەرەستانەی کە کاری لەسەر دەکات بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆی، ناڕاستەوخۆ باسی رەگورِیشەی ناسیونالیزم بە پێی ئەو ئاراستەی بڕوای پێیەتی دەکات. بەڵام دەبێ بزانین بنەماکانی نەتەوەو رەگورِیشەی ناسیونالیزم بۆ هەر یەکێک لەو دوو ئاراستەیە بنەمای مادی

و بەرجەستەن. ئەوەش وا دەکات هەر ئاراستەیەک بتوانێت بەڵگەی بابەتی بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆی بهێنێتەوە. ئەمە سەرباری جیاوازی بۆچوونی هەر ئاراستەیەک لە باسکردنی رەگوڕیشەی ناسیونالیزمدا، یەکتربڕین و تیکەڵاویش لە بۆجوونیاندا سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی دروست دەبێت. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازی لە نێوان ناسیونالیزم و شوناسی نەتەوەیی، یان شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەو نەتەوەییبوون و ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیدا نیە. راستە سنووری نێوان ئەم چەمکانە زۆر پتەو و بەهێزنین، بەڵام سنوورگەلێکن کە دەتوانن ئەرکی جیاکردنەوەی پێناسەو گەوهەرو رەهەندی نێوانیان ببینن.

ئێرنیست گیلنەر گفتوگۆی ئەوەی دەکرد کە: نەتەوەکان و شوناسی نەتەوەیی و ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەن(١٤). هەروەک مۆدێرنیستەکان وای دادەنین کە نەتەوە لە گەوهەردا دیاردەیەکی سیاسیە(١٥). هانس کۆهن و ئیلیا خەدوری ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی پێناسە دەکەن کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوتووە(١٦). مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم وتانە کە پێداگری لەسەر رۆڵی مۆدێرنێتە لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزم و پێکهاتنی نەتەوە دەکەن، بەو مەبەستەیە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە روانگەی ئەم ئاراستەیەوە نەتەوەو ناسیونالیزم رەگوڕیشەیەکی دێرینی نیەوە بەرهەمی دوای شۆڕشی پیشەسازین. ئەم بۆچوونەش تەواو ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونی نەریتخوازەکاندا، کە ئەوان مێژووی نەتەوە زۆر بە کۆن دەزانن و هاوکات نەتەوە بە یەکەم و ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی بە دووەم دادەنێن.. نەریتیەکان بڕوایان وایە ناسیونالیزم زۆر پێش دەرکەوتن و هاتنی مۆدێرنێتە دەرکەوتووەو شێوەی خۆیی وەرگرتووە(١٧). ئەم بۆچوونەی نەریتیەکانیش پەیوەندی بە گەوهەری تێڕوانینی ئەوانەوە هەیە بۆ بوونی نەتەوە، کە پێیان وایە نەتەوە مێژوویەکی دێرینتری هەیە لەچاو شۆڕشی پیشەسازی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەودا.. لای زۆربەی ناسیونالیستەکان، نەتەوەکان ئەو رێکخراوە سروشتیانەن، کە بە سروشتی و زۆر لە پێش دروستبوونی دەوڵەتەوە هەن(١٨). لێرەوە تەواو ئاشکرا دەبێت کە رووبەرێکی فراون لە نێوان تێڕوانینی نەریتیەکان و مۆدێرنیستەکاندا هەیە بۆ دەرکەوتنی نەتەوەو ناسیونالیزم. بەوپێیەش وەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد دەشێ

لە روانگەی هەر ئاراستەیەکیانەوە باس لە سەرچاوە، یان رەگوڕیشەی ناسیونالیزم بکرێت.

دایڤد هیوم گفتوگۆی ئەوەی دەکرد کە کەسێتی نەتەوەیەک- بەو پێیە ناسیونالیزمەکەیشی- تەنیا وەستاوەتە سەر فاکتەرە رەفتاری و کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکان و هەروەها هەندێ بنەمای تری کردووە بە پاشخان بۆ خاسێتی نەتەوەیی- ناسیونالیزم- وەکو زمانی هاوبەش و ئایینی هاوبەش و نەریتی کەلتوری و ژێردەستەیی و بوونی یەک حکومەت[١٩]. دایڤد هیوم باس لەو بنەما هاوبەشانە دەکات کە لە روانگەی نەریتیەکانەوە وەکو بنەما یان رەگوڕیشەی نەتەوەو ناسیونالیزم دادەنرێن. ئەو بایەخ بە فاکتەرە رەفتارییەکان دەدات و تا ئەندازەیەک شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی بنیادی کەسێتی و ئەوەش دەبەستێت بە ئەو زەمینە جوگرافیەوە کە هەر پێکهاتەیەکی تێدا دەژی و رۆڵی جوگرافیاو کەش و هەواش لەسەر تاکەکەس و گروپەکانیش بەهێند وەردەگرێت. ئەو باس لەوە دەکات کە خەڵکی باشوری ئەوروپا بە تایبەتی ئیسپانیا و ئیتالیا ژیرترن لەچاو خەڵکی باکوری ئەو کیشوەرەدا، کە ئاو وهەوایەکی ساردی هەیەو هەتاوی لێهەڵنایەت و تەمومژاوی و خەماویە. ئەو پێیوایە خەڵکی باشور چالاکترن و ئارەزووی زیاتریان بۆ شەروشۆڕ هەیەو سەرئەنجام ئەو چالاکی و جوڵەیە رۆڵیان دەبێت لە زەمینەسازیدا بۆ نزیکبوونەوەو یەکگرتنی زیاتر، کە ئەوەش وەکو بنەمایەکی نەتەوەو ناسیونالیزم سەیر دەکرێت.

ئاراستەی نەریتیەکان زیاتر پێداگری لەسەر بوونی نەتەوەو بەو پێیەش سەرهەڵدانی ناسیونالیزم دەکەنەوە لە پێش شۆڕشی پیشەسازیداو لەوێشەوە دەیانەوێت بیسەلمێنن ئەو بۆچوونەی مۆدێرنیستەکان راست نیە کە پێیوایە نەتەوەو ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەن. نەریتیەکان پێیان وایە کە نەتەوە لە قۆناغێکی زووتردا پێکهاتووەو شێوازی تایبەتی خۆیی وەرگرتووەو بووەتە دامەزراوەیەک یان کۆمەڵگایەکی سیاسی کەلتوری. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش ئاماژە بۆ کۆمەڵگای ئینگلیزی و سویدی و فەڕەنسی و هۆڵەندی دەکەن. لەبارەی کۆمەڵگای ئینگلیزیەوە ئەندریان هاستینگ دەڵێت: ئینگلیز نموونەیەکی بنچینەیی لە نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە دەنوێنێت کە هەستی یەکێتی نەتەوەیی تیایدا لە کۆتایی سەدەی دەیەمەوە دەرکەوتووە[٢٠]. ئاشکرایە کە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا دەستپێکرد و هەر بەوپێیەش

لە روانگەی مۆدێرنیستەکانەوە دەوڵەتی نەتەوە لەو وڵاتە لە پێش شوێنانی ترەوە دروستبووەو نەتەوەو ناسیونالیزمیش ئەگەر وەکو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی سەیربکرێن، ئەوا دیسان سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا. لەپاڵ ئەم بۆچوونەدا لێکدانەوەی لەوجۆرەش دەکرێت گوایە لە سیستێمی فیودیالی و لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرێتە خێڵایەتی و ئایینەکانیشدا کە خاسێتی دەوڵەتیان هەبووە، بە جۆرێک نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەش دەشێت ببینرێن، واتە نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە بەو پێیە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی پێش شۆڕشی پیشەسازی.

هەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەی سەرەوە، رستەیەکی دیار لەسەر زمانی ناسیونالیستانەوە بەردەوام دەبیسترێت کە دەڵێت: هەستی نەتەوایەتی- ناسیونالیزم- رەگوڕیشەی بەقوڵی رۆدەچێتە ناو مێژووی مرۆڤایەتیەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە گوایە نەتەوەو ناسیونالیزم مێژوویەکی کۆنیان هەیە.. گەڕان بە دوای دەسەڵات و سامان و هەژموونندا ئارەزووی مرۆڤە، کە زیاتر بەشێک لە پێکهاتنی بۆماوەیی-جێنەتیکی- مرۆڤ و بناغەی ناسیونالیزم پێکدەهێنێت کە لە مێژووی دوورو درێژی مرۆڤایەتیدا پێکهاتووەو دەرکەوتووە[٢١]. لێرەدا بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزم پەیوەست دەکرێت بە بنەمای بۆماوەوە، یان وەکو خاسێتی خۆڕسکی مرۆڤ سەیردەکرێت و بەلای ئەو بۆچوونەدا دەچێت کە مەسەلەی نەتەوەو هەستی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم پەیوەندی بە هیچ قۆناغێکی مێژووییەوە نیە، بەڵکو دیاردەیەکە پەیوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیەو وەکو خاسێتی دیاری مرۆڤ لێی دەڕوانرێت. باسکردنی نەتەوەو ناسیونالیزم و گێرانەوەیان بۆ مێژوویەکی کۆنتر لەوەی مۆدێرنیستەکان دیاری دەکەن، زیاتر پشت بە هەندێ بنەما دەبەستێت کە وەکو رەگوڕیشەی ناسیونالیزم سەیر دەکرێن کە بریتین لە:

**یەکەم**: کەلتورو نەریتی هاوبەش، مەبەست لە کەلتور کۆی خاسێتەکانی گروپێک لە خەڵک، یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکیە کە لە درێژەی مێژوودا بەدەستیانهێناوەو رووبەری مادی و مەعنەوی دەگرێتەوە، لەوانەش زمان، ئایین، بیروباوەر، فەلسەفە، ئەدەب، گۆرانی، مۆسیقا، فۆلکلۆر، نەریت، شێوازی ژیان، میرات و کەلەپور، ئەفسانە و چیرۆک، بەیت و بالۆرەو سرووتی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو باری ئاسودەیی و خەمباری و شارستانی

و کۆی بەرهەمەکانی تری هەر پێکهاتەیەک. ئەم رەگەزانە رووبەرێکی فراون لە بوونی هەر پێکهاتەو کۆمەڵگایەک داگیردەکەن و هەم بەرهەمی کۆمەڵگان هەم دەبنە پایەی بەهێز بۆ بوون و خۆنمایشکردن و ناساندن و پێناسەکردنی هەر پێکهاتەو گروپێک. کاتێ دەگوترێت کەلتوری هاوبەش، مەبەست لە کۆی ئەو رەگەزانەیە کە لەسەرەوە ناویانهێنراو تایبەتن بە ئیتنیکێکی تایبەت یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت. رەگەزەکانی کەلتور ئەو خاسیێتانەیان هەیە کە ئەو پێکهاتەیە بەرهەمیان دەهێنێت و بە کۆی خاسیێتە ئەنتۆلۆجیەکانی خۆی بارگاویان دەکات. هەر لەبەرئەوەشە کە کەلتور وەکو بنەمایەکی سەرەکی دیاریکردنی شوناس سەیردەکرێت و پشتی پێدەبەسترێت. کەلتور ئاسایی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بڕوای هاوبەش و شێوازو رێگای هاوبەشی ژیان دروست دەکات و رێککەوتن و رێکخستنێکی گشتی ژیان لە نێوان کۆی ئەندامانی ئەو پێکهاتە یان کۆمەڵگەیەدا دروست دەکات. کەلتور بەرهەمی مەعنەوی و مادی ژیانی کۆمەڵگایە و لەگەڵ رۆیشتنی کات و کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی هەر پێکهاتەیەکدا بەرهەم دێت.

ئێمە باسکردن لە ئایین و زمان و هەندێ لەو رەگەزانەی تری کەلتور جیادەکەینەوەو سەربەخۆ لێیان دەدوێین، چونکە سەربارى ئەوەی کە کۆی ئەو رەگەزانە رۆڵی دیار دەبینن لە گەشەپێدان و پەرەسەندنی ناسیونالیزمدا، بەڵام زمان و ئایین وەکو دوو بنەما، یان دوو پایەی سەرەکی نەتەوەو ناسیونالیزم سەیردەکرێن. کەلتورو نەریتی هاوبەشی کۆمەڵگا وەکو ئاماژەی بۆ کرا زۆر رەگەز لەخۆدەگرن، بە تایبەتی بواری ئەفسانەو حیکایەت و خەیاڵی مێژوویی، کە لەم بوارانەدا زۆربەی کات رابردوویەکی گەش و پڕ لە بەها لە رێگای دروستکردنی ئەفسانەی هاوبەشەوە بۆ ئەو پێکهاتەیە دروست دەکرێت. کە پاڵەوانی ئەفسانەیی و ئەفسانەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. ئایا ئەو جۆرە پاڵەوانە ئەفسانەییانە لە رابردووی کوردیدا تۆمارکراون و خاسیەتی خەیاڵیان وەرگرتبێت؟ ئایا کاریگەری هێمای ئەفسانەیی و پاڵەوانی نموونەیی لەسەر کورد وەکو نەتەوەو وەکو ناسیونالیزم هەبووە هەیە؟ ئایا پاڵەوان یان هێمای ئەفسانەیی کوردی توانیوێتی لەسەر زەمینەی واقیع پاڵەوان و هێما بێت، یان تەنیا لە خەیاڵدا دروستکراون؟ ئایا ئەگەر هێمای ئەفسانەیی لەوجۆرە لە رابردووی کورددا هەن بۆچی خاسیێتی کاریزمییان

وەرنەگرتووەو نەیانتوانیووە ببنە هێمای نەتەوەیی و لە رووی مەعنەویەوە کورد پشتیان پێببەستێت؟

بۆ نموونە با سەرنجی چەند هێمایەکی ئەفسانەیی کوردی بدەین. با سەیری کەسێتی کاوەی ئاسنگەرو سەلاحەدینی ئەیوبی بکەین، کە بە ئاستی جیاواز وەکو هێمای ئەفسانەیی لە رابردووی کورددا سەیر دەکرێن. یەکەمیان کە گوایە لاوێکی کورد بووەو دژی پاشایەکی خوێنرێژ راپەڕیووە، لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووەو وەکو هێمای ئازایەتی و بەرخوردان و قوربانیدان سەیردەکرێت و نەورۆزو هێمای ئاگریش پەیوەست دەکرێن بەوەوە. بەڵام بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە ئەو مێژووە ئاوەژوو کراوەتەوەو ئەو پاشایەی کە بە خوێنرێژ ناودەبرێت، دەشێت کورد بێت و کاوەی ئاسنگەر فارس یان رەگەزێکی تری ئێرانی بێت. رێگای تێدەچێت ئەم بۆچوونەیان لە چوارچێوەی ئەفسانەدا راست بێت، چونکە فارسەکان لە هەموو روویەکەوە ئەوەی باش و بەرهەمهێنە بۆ خۆیانیان تۆمارکردووەو ئەوەیشی خراپ و روخێنەرو دزێوە داویانەتە پاڵ ئەوانی تر بە تایبەتی کورد. ئەگەر کاوە کوردیش بووبێت ئاوا پێدەچێت دژی دەسەڵاتێکی کوردی راپەڕیبێت و مەرجیش نیە ئەو ئەفسانەیەی دەگێڕدرێتەوە سەبارەت بە ئەژدیهاک راست بێت، بەڵکو پێدەچێت بەرهەمی عەقڵ و مێژوونووسی فارسی بێت و زیاتر بۆ سووککردنی کوردو شێواندنی راستیەکانی مێژوو لە بەرژەوەندی خۆیان بەوجۆرە نووسیبێتیانەوە.

بەهەرحاڵ سەرباری تەمومژاویبوونی ئەو رابردووە، بەڵام کاوەی ئاسنگەر وەکو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لە رابردووی کورددا سەیر دەکرێت و رۆڵی بنیادنەری لە هەست و پەیوەستبوونی تاکی کورددا دروستکردووەو دەشێت بگوترێت وەکو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی رۆڵی هەیە لە پتەوکردن یان بەهێزکردنی گیانی ناسیونالیزمی کوردیداو وەکو وێنەی ئازایەتی و خۆڕاگری و ئیرادە سەیر دەکرێت. ئەویتریان کە سەلاحەدینە پاڵەوانێکی مێژوویی ئەفسانەییە کە بەڕەگەز کوردە، بەڵام لە روانگەی نەتەوەیی و ناسیونالیزمی کوردیەوە هیچ ئامادەبون و پێگەیەکی نیە، چونکە پەیوەست بە رابردووی کوردو کەسێتی کوردی هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە رۆڵی ئەو لە رووی نەتەوەییەوە نەرێنیەو وەکو هێمای

خزمەتکردنی ئەوانی تر سەیردەکرێت و لە دوای خۆیشیەوە زەمینەی بۆ ئاراستەیەک لە کۆمەڵگای کوردیدا خۆش کردووە بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر بە ناوی ئایین و ئایدیۆلۆجیا ئومەمیەکانەوە. تاکو ئیستاش ئاراستەیەک کە وەکو ناسیونالیزمی ئایینی خۆیان دەنوێنن، خۆیان لە شێوەی پارتی سیاسی ئایینیدا ڕێکخستووەو لە راستیدا نەتەوەیان لە پێناوی ئایینەکەیاندا دەوێت، بە جۆرێک سرۆش لە کەسێتی سەلاحەدین وەردەگرن، کە خزمەتی ئیسلام و عەرەبی کردووە. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین کەلتوری کوردی نەیتوانیووە پاڵەوانی ئەفسانەیی ئەوتۆ بەرهەمبهێنێت کە ببێتە هێمای بەهێز بۆ پتەوکردنی ناسیونالیزمی کوردی یان وەکو پایەیەکی ئەو ناسیونالیزمە دەربکەوێت و رۆڵی نموونەی باڵا ببینێت.

**دووەم**: ئایین وەکو بنەمایەکی ناسیونالیزم سەیر دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ناسیونالیزمێک هەیە بە ناوی ناسیونالیزمی ئایینی. ئاشکرایە ئایین ئەو بڕوایەیە کە زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەڵگەکان پەیڕەوی دەکەن و بڕوایان پێیەتی، کە دەشێت ئایینێکی ئاسمانی یان زەمینی بێت. ئاشکرایە ئایین پانتایی رۆحیی کۆمەڵگا داگیر دەکات. ئەستەمە کۆمەڵگایەک ببینرێت لە دەرەوەی ئایین یان بەبێ ئایین. لەبەرئەوەی ئایین پەیوەندی رۆحیی تاکەکەس و کۆمەڵگەیە بە خودایەکەوە کە بە دروستکەرو جوڵێنەرو پارێزەری ژیان دەزانرێت و بە پیرۆز سەیر دەکرێت و دەپەرسترێت. مرۆڤ لە زۆربەی بنەماو رەگوڕیشەکانی تر زیاتر بە ئایینەوە پەیوەست دەبێت. سرووتە ئایینیەکان و یاساو رێساکانی ئایین لە هەر کۆمەڵگایەکدا رۆڵی کاریگەر دەبینن لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. هەروەک ئایین لە رووی رۆحیەوە بڕوادارانی پێکەوە دەبەستێت. لە رووی رەفتارو کەشە کۆمەڵایەتیەکانەوە جۆرێک لە هاوبەشی لە نێوانیاندا دروست دەکات و تەنانەت ئایین بڕوادارانی ناچاری یەکگرتن دەکات یان بێ هیچ سەپاندن و زۆرلێکردنێک لە رووی رۆحیەوە یەکیان دەخات و کاری هاوبەشیان پێدەکات و وایان لێدەکات کە هاوکاری یەکتری بن و خۆیان بۆ یەکتری تەرخان بکەن. بێگومان ئایین کە تێکەڵاوی رووبەری رۆحی و کۆمەڵایەتی دەبێت وەکو جۆرێک لە ئایدیۆلۆجیا کاردەکات و لە گەوهەریشیدا بەرنامەی یەکبوون و یەکگرتن هەڵدەگرێت. رەگەزی یەکگرتن کە ئایین لە رووبەرێکی فراواندا بەرهەمی

دەهێنێت، دەبێتە خاسیەتێکی دیاری ناسیونالیزم و لەم رووەوە ئایین وەکو پایەیەکی ناسیونالیزم سەیردەکرێت یان دەتوانین بڵێین دەبێتە یەکێک لە رەگورِیشەکانی ناسیونالیزم، بەلام ناسیونالیزمی ئایینی.

رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە دەڵێت: ئایا لە مێژووی کورددا ئایین توانیویتی ببێتە بنەما یان پایەی ناسیونالیزمی کوردی؟ ئەگەر توانیوێتی چۆن؟ ئەگەر نەیتوانیووە بۆچی؟ ئایا رۆڵی گۆرِینی ئایین لە مێژووی کورددا لەم رووەوە چ کاریگەرییەکی هەبووەو تاکو ئێستا چی کاریگەرییەکی هەیە؟ رەنگە قسەکردن لە مەسەلەی ئایینیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئەندازەیەک تەمومژاوی بێت. ئاشکرایە لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە کورد بەهەر شێوەیەک بێت بووەتە پەیرِەوکەری ئەم ئایینەو تەنانەت بەسەر مەزهەبەکانی ئەو ئایینەشدا دابەشبووە. هەروەک پێش ئایینی ئیسلامیش ئەوەی باوەو باس دەکرێت گوایە کورد پەیرِەوکەری ئایینی زەردەشتی بووە. کەمایەتی کوردی پەیرِەوکەری ئایینی جوو، فەلە بوون. ئەمە بێجگە لە پەیرِەوکەرانی ئایینی ئێزیدی و یارسان یان کاکەیی. لەناو ئیسلامیشدا کورد پەیرِەوکەری مەزهەبی سونەی شافیعی و شیعەن. هەروەها کورد لە بواری تەسەوفیشدا شوێنکەوتووی زیاتر لە رێبازێکی تەسەوفن. ئەگەر سەیری ئەم نەخشەی دابەشبوونەی ئایین و مەزهەب و رێبازی تەسەوف بکەین لە کوردستاندا، ئەوە راستەوخۆ ئەو نەخشەیە ئەم پرسیارەمان لەلا دروست دەکات: ئایا ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا هۆکاری یەکگرتنە یان بە پێچەوانەوە هۆکاری دابەشبوونە؟ بێگومان ئەو نەخشەی دابەشبوونەو رەوشی ئایینی لە کوردستاندا زیاتر لە هۆکاری یەکگرتن و یەکبوون، هۆکاری دابەشبوون و پەرتکردنی زیاترە. ئەمەش دەریدەخات کە ئایین نەک نەیتوانیووە ئەرکی یەکخستن و یەکگرتن لە نێوان شوێنکەوتووانیدا دروست بکات، بەڵکو زەمینەی پەرتکردن و دابەشبوونی زیاتری ئامادەکردووە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئایین لە کوردستاندا نەیتوانیووە زەمینەی تەنانەت یەکبوونی رۆحی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دروست بکات و لەو روانگەیەشەوە نەیتوانیووە ببێتە پایەیەکی دیارو فاکتەرێکی چالاک و رەگورِیشەیەکی پەل هاوێشتوو بەناخی کۆمەڵگادا و دەرکەوتنی وەکو ئایینی ئیتنیکێکی دیاریکراو کە ئیتنیکی کوردیە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئیتنیکی کوردی چەندین ئایین دەپەرستێت و پیادەی سرووتەکانی

ئایینی جیاوازو مەزهەبی جیاوازو ڕێبازی جیاوازی تەسەوف دەکەن، کە ئەوانەش نەک هەر جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵکو زۆرجار لەگەڵ یەکتر دژ و ناکۆکیشن. هەر بەوپێیەش کۆمەڵگا ڕێکدەخەن و ئاراستەی دەکەن و رووبەری رۆحی ئامادە دەکەن. بێگومان بە پێی سرووستی ئایینی و جۆراوجۆری و دابەشبوون لە رووبەری ئاییندا رۆحی کۆمەڵگاش دابەش دەبێت کە ئەو دەبەشبوونەش نەک لەگەڵ رۆح و ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمدا کۆک نیە، بەڵکو دژو ناکۆکیشە. هەر لێرەوەیە کە ئایین لە مێژووی کورددا لە هیچ سەردەمێکدا نەیتوانیوە رۆڵی بوون بە رەگورێشەی یان پایەی بەهێزی ناسیونالیزم ببینێت. لەبەشەکانی دواتری ئەم بەرگەدا باسی ناسیونالیزمی ئایینی دەکەین.

**سێیەم**: ئیتنیک– Ethnic، یەکێکی تر لە رەگورێشەکانی یان بنەماو پایەکانی ناسیونالیزم ئیتنیکە. کەواتە مەبەست لە ئیتنیک چیە؟ ئیتنیک گروپێکە لە خەڵک کە وا دادەنرێت بە رێگایەک یان بە رێگای جۆراوجۆر هاوشێوە بن. هەمان رەچەڵەک و باوباپیرانیان هەبێت، بەهەمان زمان قسەبکەن و هەمان ئایینیان هەبێت و لەسەر هەمان خاک، یان نزیک لەیەکترو لەسەر خاکێکی دیاریکراو بژین و بنەما هاوبەشەکانی تری وەکو کەلتورو مێژوو دابونەریتی هاوبەشیان هەبێت. بنەمای سەرەکی بۆ ئیتنیک بریتیە لە رەگەز یان رەچەڵەکی هاوبەش، واتە کۆی ئەندامانی گروپێکی کۆمەڵایەتی نەوەی هەمان باپیرانن و رایەڵەی بەهێزی پێکەوەبەستنیان پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارە. لێرەوە چەمکی هاوخوێنی دەبێتە پایەیەکی بەهێزی ئیتنیک. ئەگەرچی ئیتنیک لە رووی پەرەسەندنەوە وەکو شوێنگرەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی پێش خۆی دێت لە بنەماڵەو تیرەو خێڵ یان عەشیرەت، بەڵام ئاستی فراوانبوونی دامەزراوەکەو خاسیەتەکانی زیاتر گەشەیان کردووەو وەکو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێش نەتەوە دەردەکەوێت و لە بنەڕەتیشدا پایەیەکی گرنگی نەتەوە یان ناسیونالیزمە. بەتایبەتی بەو خاسیەتانەوە هەیەتی لە زمان و خاک و مێژوو نەریت و ئایین لە رووکەشدا وەکو نەتەوە دەردەکەوێت، بەڵام بە بێ ئەوەی سەروەریی هەبێت.

ئاشکرایە رەچەڵەک لەخۆیدا وەکو جۆرێک لە خەیاڵ یان ئەفسانە دەردەکەوێت. هەروەک لێرەدا، لە چوارچێوەی خەیاڵ و خەیاڵی دروستکردندا

تەنانەت هەندێجار بە پیرۆز سەیرکردنی رەچەڵەکیش سەرهەڵدەدات، کە ئەوەش رێگای بەرەو رەیسزم دەگرێتەبەر، ئەگەر نەوەستێندرێت. ئەفسانەی رەچەڵەک و تەنانەت دروستکردنی هێماو پاڵەوان لە چوارچێوەی ئەو ئەفسانەیەدا هەندێجار وەکو رەگەزی بەهێزو ئەرێنی بۆ پتەوکردنی پایەکانی نەتەوەو ناسیونالیزمیش سەیر دەکرێت. بە مانایەکی تر ئەفسانەی رەچەڵەک دەرکەوتن یان وانواندنی نەتەوەیی بەهێزدەکات و لەوێشەوە دیسان دەبێتە بنەمایەکی ناسیونالیزم، چونکە رەچەڵەک یەکێک لە بەهێزترین رایەڵەکانی پێکەوەبەستن و دروستکردنی یەکێتی و یەکبوون، کە وەکو ئەرکێکی سەرەکی ناسیونالیزم دادەنرێت و سەیردەکرێت. بەڵام سەرباری ئەوەی کە ئیتنیک وەکو پایە یان ریشەیەکی سەرەکی ناسیونالیزم دادەنرێت، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە، گومان دەکرێت رەگەز یان رەچەڵەکی خاوێن هەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە خودی رەگەزو رەچەڵەک وەکو جۆرێک لە بوویەکی لە خەیاڵدا دروستکراو یان شێوەیەک لە ئەفسانە سەیر دەکرێن.

**چوارەم**: خاک یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی نەتەوەو ناسیونالیزم. خاک ئەو شوێنە جوگرافیە دیاریکراوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک یان گروپێکی ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتی لەسەری دەژین و بەخاکی ئەوان ناودەبرێت. پەیوەندی خاک و رەچەڵەک پەیوەندییەکی پتەو و لەیەکتر جیانەکراوەیە. زاراوەکانی خاکی باوک، خاکی دایک و پاشان خاکی نیشتیمان، ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونیەوە بە توندی بە خاکەوە پەیوەستبووە. پەیوەندی مرۆڤ و خاک پەیوەندییەکە خاسیەتێکی ئەنتۆلۆجیانەی هەیەو تا ئەو ئاستەی کە جیاکردنەوەی مرۆڤ لە خاکەکەی لەو شوێنەی تیایدا لەدایکبووەو پەروەردە بووە کارێکی ئەستەمە. هەربۆیە دەتوانرێت بگوترێت پەیوەندی مرۆڤ و خاک دەکەوێتە سەرووی تەنانەت رایەڵەی بەهێزی پەیوەندی نەتەوە بە خاک یان بە نیشتیمانیشەوەو دەگوازرێتەوە بۆ چوارچێوەی بوون کە خاک رۆڵی پایەیەکی ئەو بوونە دەبینێت. بەهەرحاڵ سەرباری پەیوەستبوونی مرۆڤ بەگشتی بە خاکەوە، هەر پێکهاتەو گروپێکی کۆمەڵایەتی هەر لە سەرەتای بوونیانەوە پێداویستی ژیان پەیوەستیکردون بە رووبەرێک لە خاکەوەو سنوورەکانی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیە، کە پێشتر بنەماڵەو تیرەو خێڵ و عەشیرەت بوون و پاشان ئیتنیک و نەتەوە، سنوورەکانی ئەو خاکە، یان ئەو

رووبەرە جوگرایەیان دیاریکردووە. بەهەرحاڵ تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی مەسەلەی نەتەوەو نەتەوایەتی و ناسیونالیزمیش سەیری خاک بکەین، ئەوا ناتوانین ئەوە بشارینەوە کە بەگشتی مرۆڤ تەنانەت وەکو تاکەکەسیش بەخاکەوە پەیوەستە و ئەستەمە بە ئاسانی بەو گروپە مەعنەویەوە پەیوەست نەبێت کە لەگەڵیاندا نەوەی یەک خاکە. واتە هەموو تاکێک لە رووی نەستەوە بە زێدی خۆی و بە خاکی باوک یان دایک یان نیشتیمانەوە پەیوەستەو پەیوەندی تاکەکەس و خاک لە زۆر ئاستدا دەبێتە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی. هەر لێرەوە شوێنی لە دایکبوون و پەروەردەبوون کە دەلالەتی نیشتیمان یان خاکی هەیە، لەخۆیدا بنەمای یەکگرتن و یەکخستنی ئەندامانی کۆمەڵگا یان نەتەوە هەڵدەگرێت.

**پێنجەم**: زمان، زمان یەکێکە لە رەگوڕیشە یان پایە سەرەکیەکانی بوونی نەتەوەو هەروەها ناسیونالیزمیش. زمان ئامرازی پەیوەندیکردن و دەربڕینە. کاتێک باسی زمان دەکەین وەکو پایەیەکی ناسیونالیزم و نەتەوەش، سەرنجمان بۆ لای بوونی زمانێکی دیاریکراو دەچێت، واتە زمانێک ئەگەر کۆی دانیشتوانیش پێی نەدوێن و ئاخاوتنی پێ ناکەن، ئەوا دەبێت زۆرینەی دانیشتوان پێی بدوێن، بەجۆرێک کە بەتەواوی خاسێتی هاوبەش یان گشتێتی تێدا بێت و هەمووان قسەی پێبکەن و پێبنووسن و پێی بخوێننەوە. زمان و ئەدەب کە ئەدەبیش لە رێگای زمانەوە دەردەبڕرێت و بەرجەستە دەکرێت و دەگات بەوی خوێنەر، هاندەری گرنگن بۆ ناسیونالیزم. لە ڕێگای زمانەوە خەڵک پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن و لەیەکتر تێدەگەن و ئاگاداری یەکتر دەبن و هەست بەیەکتر دەکەن. هەر لە ڕێگای زمانەوەو بەهۆی زمانەوە بیرو بۆچوون و تێڕوانین و بەها نەریتیەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە قۆناغ و سەردەمێکەوە بۆ قۆناغ و سەردەمێکی تر دەچن و دەگوازرێنەوە. زمانی گشتی یان زمانی هاوبەش هۆکاری سەرەکی یەکگرتن و یەکبوونی کۆمەڵایەتیە، چونکە دروستبوونی هەست و بیرو ئەندێشە ئاسان دەکات و برەو بە پەرەسەندنی ئەدەبی نەتەوە دەدات و داب و نەریت بەهێز دەکات و هەموو ئەمانەش بێجگە لەوەی وەکو بنەمای شوناسی نەتەوەیی کاردەکەن، دیسان رۆڵی گرنگ دەبینن لە نەشونوماکردنی ناسیونالیزمداو وەکو بنەمایەکی سەرەکی ناسیونالیزم سەیردەکرێن و فاکتەرێکی بەهێزی پێکهێنەری

ناسیونالیزمن و لەراستیشدا بە بیرو ئایدیۆلۆجیاو خەیاڵ و مەعریفەی نەتەوەیی بارگاوی دەکرێن و بەوپێیەش دەبنە رەگەزی بەرهەمهێنانی ناسیونالیزم و گوتاری ناسیونالیزم.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری زمانی کوردی بکەین، ئەوا دەشێت ئەو پرسیارەمان لە لا دروست ببێت کە دەپرسێت: ئایا زمانی کوردی توانیوێتی ببێتە بنەما یان پایە یان بەشێک لە رەگورِیشەی نەتەوەو ناسیونالیزمی کوردی؟ ئەگەر توانیوێتی ئەوە بکات، چۆن و کەی و بەرهەمەکانی چین؟ ئەگەر نەیتوانیووە ئەو ئەرکە جێبجێ بکات، هۆکار چیە؟ ئایا هۆکارەکان ناوخۆیین یان دەرەکی، بە دەربرِینێکی تر هۆکارەکان  زاتین یان بابەتین؟ گومانی تێدا نیە کە سەرباری نەبوونی دەسەڵاتێک کە بوونی کوردو هەموو پایەکانی بوونی بپارێزێت، بە لایەنی کەمەوە لە دوای روخاندنی دەوڵەتی مید، بەڵام هێشتا هەم کورد خۆی وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی، هەم زمان و پایەکانی تری بوونی لە سەرووی هەمووشیانەوە زمان، پارێزگارییان لە بوونی خۆیان کردووەو سەرباری هەوڵ و کۆششی بەردەوامی ئەوانی تر- فارس و عەرەب و تورک- بۆ تواندنەوەو لەناوبردنی تەواوەتی، بەڵام هێشتا لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە کورد وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی ماوەو زمانەکەشی سەرباری ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرەیەی لەبەردەمیدا بووە، یان بۆی دروستکراوە، هێشتا وەکو زمان ماوەو توانیوێتی ئەرکی زمان کە پەیوەندیکردن و تێگەیشتن و گواستنەوەی بیرو بۆچوون و روانینەکانە، جێبەجی بکات.

بەڵام دیارە نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی و پەرت و بڵاوی کۆمەڵگەی کوردی و بوون و ژیان و دواتریش نیشتەجێبوونی کورد لە جوگرافیایەکی فراون و لە تۆپۆگرافیایەکی ئاڵۆزدا بنەمای کۆمەڵایەتیبوونی گشتی و تێکەڵاوبوونی دواخستووەو ئەوەش سەرئەنجام کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئامادەکردنی زەمینەی زمانی ستاندەر یان یەکگرتوو کە وا پێدەچێت بەگوێرەی نەتەوەیەکی وەکو کورد هەتا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەسەر خاکی خۆی دروست نەکات، زەمینەی دروستبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی پێکنایەت. ئەم دەوڵەتە لە رابردووداو تاکو ئێستاش پێکنەهاتووە. لە روویەکی ترەوە زمانی کوردی لە چەند دایەلێکت و زاری جیاوازی ئاخاوتن

پێکهاتووه، کە هەندێ جارو لە هەندێ ئاستدا پەیوەندیکردن و تێگەیشتنی قسەکەرانی دوو زاری جیاواز لەگەڵ یەکتری و لەیەکتری زۆر گرانە. زۆرینەی قسەکەرانی کرمانجی بە ئاسانی لە سۆرانی تێناگەن و بە پێچەوانەشەوە. ئەم دوانەش هەردووکیان مەگەر بە دەگمەن یان تەنیا لە ئاستی وشەدا لە نیمچە زارەکانی گۆرانی و لوڕی تێبگەن، سۆرانی و زارەکانی لوڕی زۆر دوورن لە زازاوە. کەواتە ئاستی پەیوەندیکردن لە نێوان قسەکەرانی زارە جیاوازەکاندا زۆر لاوازە. ئەوەش بە بارێکی تردا ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی تیکەڵاوبوون و پەیوەندیکردن لە نێوان پێکهێنەرەکانی یەک پێکهاتەی ئیتنیکیدا کە کوردە زۆر لاوازەو لە رووکەشدا یان لە ئاستی بینراودا هەست دەکرێت کە ئاستی یەکێتی و یەکبوون لە نێوان پێکهێنەرانی هەمان پێکهاتەدا زۆر لاوازە، تا ئەو ئەندازەی لە هەندێ بارودۆخ و لە هەندێ ئاستدا لە رووی زمان و لە یەکتر تێگەیشتنەوە وەکو یەک نەتەوە دەرناکەوێت. فرە زاری زمان و لاوازی ئاستی تیگەیشتن لە یەکتری، لەبری هەستی لە یەکتر نزیکبوونەوەو تێکەڵاوبوون، جۆرێک لە هەستی بەیەکتر نامۆبوون و دوورکەوتنەوەی لە یەکتری دروست کردووە.

لە راستیدا لە ئێستادا بێجگە لە دەستەبژێرێکی ناسیونالیست کە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو سەیری کورد دەکەن، لەسەر ئاستی گشتی ئەو هەستکردنە زۆر لاوازەو کوردی ژێرسایەی هەریەکە لە داگیرکەرەکانی کوردستان پەیوەندییان بە زمانی نەتەوە سەردەستەکەی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی وڵاتەکەی خۆیانەوە لە رووی تیگەیشتن و پەیوەندیکردن و بەکارهێنانەوە، بەهێزترە لەگەڵ زاری ئاخاوتنی ئەو بەشانەی تری کوردستان کە زاری ئاخاوتنیان لەوان جیاوازە. بۆ نموونە کوردی سۆرانی لە باشوری کوردستان و لە رۆژهەڵات ئاستی تێگەیشتن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ زمانەکانی عەرەبی لە عێراق و فارسی لە ئێران بەهێزترە لە ئاستی بەکارهێنان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ زاری کورمانجی و بەهەمان شێوە کوردی باکورو رۆژئاوا ئەوەندەی پەیوەندییان بە تورکی و عەرەبیەوە بەهێزەو بەکاری دەهێنن و لێی تێدەگەن، ئەوەندە پەیوەندییان بە زاری سۆرانیەوە نیەو لێی تیناگەن و مامەمەڵەی پێناکەن. ئەم واقیعە ئەگەرچی زۆر تاڵە بەڵام تا ئاستێکی زۆر راستی تێدایەو ئەوە نیشان دەدات کە زمانی کوردی نەیتوانیووە سادەترین بنەمای زمانی

هاوبەش یان گشتی دروست بکات. هەروەک نەیتوانیووە ببێتە هۆکاری یەکگرتن و یەکبوون و تەنانەت بەشێوەیەکی گشتی نەبووتە هەڵگری بیرو بۆچوون و دیدی هاوبەش لەسەر ئاستی کۆمەڵگا. راستە زمان پایەیەکی زیندووی نەتەوەو ناسیونالیزمە، بەڵام دیسان زمانی کوردی نەبووەتە بنەما یان پایەو ریشەیەکی بەهێزو پتەو بۆ ناسیونالیزمی کوردی چونکە زمانەکە خۆی دابەشبووەو بەوپێیەش زیاتر لەوەی لەخۆیدا پەیامی یەکگرتنی هەڵگرتبێت، هۆکاری دابەشبوون و لە یەکتر دوورکەوتنەوەی زیاتر بووەو تاکو ئێستاش بەو ئەندازەی یارمەتیدەری زیاتری دابەشبوونە ئەوەندە یارمەتیدەری یەکگرتن نیە.

**شەشەم**: مێژوو، مەبەست لە مێژوو چیە؟ مێژوو بریتیە لە تۆماری زنجیرەی رووداوەکانی رابردوو کە پەیوەستن بە مرۆڤ و سەردەمەکەیەوە، کە لەخۆیدا تۆماری کرۆنۆلۆجیانەی ئەو رووداوانەیە کە پەیوەست بە مرۆڤ روویانداوە. بێگومان سەرباری ئەوەی مێژوویەکی گشتی هەیە کە مێژووی مرۆڤایەتیە، هەر گرۆپ و دەستەو پێکهاتەو چینێکی کۆمەڵایەتیش مێژووی تایبەتی خۆیانیان هەیە، کە مێژووی هەر پێکهاتەیەک دەشێت هێڵێکی کاتی درێژکراوە بێت و ئەو هێڵەش لە روانگەی تۆماری رووداوەکانەوە دەناسرێت و دەشێت لە مێژووی هەندێک لە میللەتاندا دابڕانی گەورە لەو مێژووەدا هەبێت بە تایبەتی کە تۆماری رووداوی گەورەو دیار سنووری نێوان قۆناغێک و قۆناغێکی تری دیاری کردبێت. مێژووی هاوبەش وەکو تۆماری رووداوەکانی رابردووی هەر پێکهاتەیەکی ئیتنیکی لە لایەک بوون و ئامادەبوونی ئەو پێکهاتە لە رابردوودا نیشان دەدات، لەلایەکی ترەوە تێگەیشتن لە رووداوەکانی رابردوو، شیکردنەوەی ئەو رووداوانە دەشێت وەکو ئەزموون ببێتە مایەی سوود لێوەرگرتن بۆ ئێستاو یارمەتی بدات بۆ پێشبینیکردنی داهاتووش.

بێگومان لە رووی سروشتیەوە پێویستە هەر پێکهاتەیەک یان دانیشتوانی وڵاتێک، مێژوو یان رابردوویەکی هاوبەشیان هەبێت. ئەو مێژووە دەبێت ئامادەبوونی ئەوان لە رابردوودا بنوێنێت. ئەگەر لەم رووەوە سەیر بکەین، ئەوا زۆربەی رابردووی میللەتان یان پێکهاتەو گروپەکان نابێتە مێژوو، چونکە شتێکی ئەوتۆیان تێدا تۆمار نەکردووە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە بەشداری بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتییان نەکرووە، یان بە لایەنی کەمەوە لە

رابردوودا نەبوونەتە خاوەنی دامەزراوەی دەوڵەت و سەروەرییان نەبووە. بە گوێرەی کورد ئەوەی وەکو مێژوو سەیر دەکرێت، مێژووی سەردەمی میدە ئەگەر پێداگری ئەوە بکرێت کە مید دەوڵەتێکی کوردی بووە. بێگومان ئاشکرایە کە مید بەرهەمهێنی کەلتورو بەشێک لەو شارستانێتیەیە کە ئێستا پێی دەگوترێت شارستانێتی ئێرانی. لەراستیشدا ئێرانیەکان، واتە فارس هەوڵیانداوە ئەوەی مید بەرهەمیهێناوەو ئەوەی مێژووی میدە ناو و شوناسی میدی لێ بسڕنەوەو بەناوی ئەخمینی یان ساسانیەوە تۆمار بکرێت. ئەگەر ئەوەش بۆ هەموو شتێک سەری نەگرت کە بە شارستانێتی و مێژووی ئێرانی ناوببرێت، ئەوا گرنگ ئەوەیە ناوی میدی لێبکریتەوەو ئەو ناوە لەیاد بکرێت. ئامانج لە فەرامۆش کردن و پشتگوێخستنی ناوی مید هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی رابردوویەک کە تیایدا کورد ئامادەبوونی هەبووە. ئەو تۆمارکردنەش بەناوی فارس یان ئێرانەوە، بۆ سڕینەوەی رووبەی یادەوەری کورد و تۆمارو ئامادەبوونی کوردە لە ڕابردوودا. ئەویش بۆ وادەرخستنی ئەوەی کە کورد لە رابردوودا بوون و ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبووە تا ببێتە پاشخان و زەمینەو ئێستای خۆیی لەسەر بنیاد بنێتەوەو لەسەر ئەو بنەمایەش سەیری ئایندە بکات.

مێژووی کورد وەکو تۆماری رابردوو، کەمتر ئامادەبوونی کوردی تێدا تۆمارکراوە، هەروەک لە لایەکی ترەوە کەمتر خاسێتی مێژوویەکی گستی ئەوتۆی هەیە کە مێژووی هەموو نەتەوە بنوێنێت. بەڵکو لەراستیدا ئەوەی هەیە زیاتر وەکو مێژووی پێکهاتە ناوچەییەکانی کورد نمایش دەکرێت و خۆیشی هەر ئەوە نیشان دەدات. مێژووی کورد وەکو تۆماری رابردوو، مێژووی بنەماڵەکان و پاشان خێڵ و عەشیرەتەکانە تا دەگاتە مێژووی دەسەڵاتی میرنشینەکان، کە بەگشتی میرنشینەکان لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە دامەزراوەکانی پێش گەیشتن بە ئاستی دروستکردنی دەوڵەتن. هەر بەوپێیەش مێژووەکەیان مێژووی دامەزراوە ناوچەییەکانن و نابنە مێژووی هەموو کورد وەکو نەتەوە یان مێژووی گشتی. مێژووی نەتەوە یان مێژووی هاوبەش کاتێک بوونی دەبێت و وەکو مێژوو سەیر دەکرێت کە ئەو پێکهاتە ئێتنیکیە خاوەنی هەموو شتێکی خۆی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بێ بەربەست و بێ ترس رابردووی خۆی تۆمار بکات وەکو نەتەوە. بەلام

ئەگەر سەروەریی نەتەوەیی نەبێت، ئەوا نووسینەوەی مێژوو بەجۆرێک لە بەردەم گوماندا دەبێت. هەر لێرەوەیە کە مێژووی کورد لە روانگەی تۆماری رابردووەوە نەیتوانیووە خاسێتی تەواوەتی مێژووی هاوبەشی هەبێت، واتە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی بە مێژووی خۆیانی بزانن و هەست بکەن تیایدا بەشدارو هاوبەشن و ببێتە بنەماو مایەی یەکگرتن و یەکبوونیان.

**حەوتەم**: ئابووری. سەرباری ئەو خاڵە سەرەکیانەی لە سەرەوە باسکران، وەکو بنەما و پایەو رەگوڕیشەی ناسیونالیزم، چەندین بنەماو هۆکاری تریش هەن کە هەریەکەیان بە جۆرێک وەکو رەگوڕیشەو بنەمای ناسیونالیزم کاردەکەن. بۆ نموونە ئابووری یان بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری. ئاشکرایە کە ئابووری رۆڵی کاریگەرو لەبەرچاوی هەیە لە نەخشەڕێژکردنی ژیانی تاک و کۆمەڵگادا. هەروەک لە روانگەی تێزی مارکسیزمەوە ئابووری وەکو بزوێنەری مێژوو سەیر دەکرێت و ئەوەش راستە کە ئابووری ئەو ژێرخانەیە کە هەم سروشتی ژیانی کۆمەڵگا دیاری دەکات و رێکدەخات، هەم بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی ململانێکان و ئاراستەی پەرەسەندنیش لەهەر کۆمەڵگایەکدا دیاری دەکات. ئابووری ئەو بنەمایەیە کە پەیوەندی بە ژیانی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیەو هەمووان بەرژەوەندییان تێیدا هەیەو بەهێزترین هۆکارە کە وەکو ناوەندێک سەرجەمی ئەندامانی کۆمەڵگا هەریەکە بە پێی ئاستی چینایەتی و شوێن و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگاداو لە ژیانی ئابووریدا پێوەی پەیوەستن. پەرەسەندن و گەشەکردنی ئابووری و سیستێمێکی ئابووری گونجاوی ئەوتۆ کە هەمووان لێی سوودمەند بن، دەبێتە بنەما بۆ خۆش گوزەرانی کۆمەڵایەتی. لێرەوە دەردەکەوێت کە دروستبوونی بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش لە نێوان ئەندامانی هەمان کۆمەڵگادا دەبێتە رایەڵەیەکی بەهێز بۆ پێکەوەبەستنی کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا پێکەوەو لێرەوە بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش تاکەکانی کۆمەڵگاو دەستەو گروپە جیاوازەکان لەیەکتر نزیک دەکاتەوەو بەرەو یەکگرتن و یەکبوونیان دەبات. بێگومان ئەو یەکێتی و یەکبوونەی کە بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری دروستی دەکات پەیوەندییەکی بەهێزترو پتەوترە لەچاو زۆرێک لەو پەیوەندییانەی کە هەندێ بنەماو هۆکاری تر لە کۆمەڵگادا بەرهەمیان دەهێنن. ئەو یەکخستن و یەکگرتنەی کە هۆکاری ئابووری لە کۆمەڵگادا

دروستی دەکات کاریگەری ئاشکرای لەسەر پەرەسەندنی ناسیونالیزم دەبێت. هەروەک چۆن لە روانگەی مۆدێرنیستەکانەوە ناسیونالیزم بە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و بەپیشەسازیکردن و بەشاریبوون و دەرکەوتنی چینی ناوەند دادەنرێت، وەکو چینێک کە دەبێتە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و رێکخەری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش.

کاتێ باسی ئابووری و بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری دەکرێت، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری لە کۆمەڵگای کوردیدا دروستبووە؟ ئایا ئابووری لە کوردستاندا بووەتە ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتییەی کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دیاری بکات و لە هەر قۆناغێکدا چینە کۆمەڵایەتییەکان بە سروشتی بخەملێن و گەشە بکەن و کەلتورو پەیوەندی بەرهەمهێنانی خۆیان بەرهەمبهێنن؟ ئایا لە کۆمەڵگای کوردیدا بەدرێژایی مێژووی تۆمارکراوی ئەم کۆمەڵگایە سیستێمی ئابووری دیار بە خاسێتەکانیەوە پێکهاتووە؟ ئایا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی بەرهەمهێنان زەمینەی بەرهەمهێنان بەجۆریک بوون کە لە کورستاندا ئابووری سەربەخۆ، واتە ئابووری کوردی پێکبێت؟ ئایا لە راستیدا لە کۆمەڵگای بێ دەوڵەت و بێ سەروەری و دابەشکراو و داگیرکراودا ئەگەری ئەوە هەیە سیستێمی ئابووری دروست ببێت؟ یان ئابووری وڵاتی داگیرکراو لە هەموو روویەکەوە دەبێتە پاشکۆ یان بەشێک لە سیستێمی ئابووری دەوڵەتی داگیرکەر یان کۆلۆنیالیست؟ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە رووناکی دەخاتە سەر رۆڵی لاوازی ئابووری لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا لە کۆمەڵگای کوردیدا، کە دیارە ئاشکرایە ناسیونالیزم راستەوخۆ پەیوەندی بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە هەیە.

بێگومان هۆکارو بنەمای تریش هەن کە دەبنە هۆی بەهێزکردن و پەرەسەندنی ناسیونالیزم، لەوانەش دووچاربوونی پیکهاتەیەکی ئێتنیکی بە شەڕ، بەتایبەتی کاتێک دەوڵەتێکی دەرەکی پەلاماری خاکەکەی دەدات و هەوڵدەدات داگیری بکات، ئەوا هەستی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی و ناسیونالیزم یەکدەگرن و دەبنە هۆی کاردانەوەی بەهێزو بەرگریکردن. لە بارێکی وەهادا بەگشتی ئەندامانی ئەو پێکهاتەیە هەست دەکەن کە هاوچارەنووسن و

پێکەوەو بەهاوکاری و هاوبەشی دەتوانن خۆیان و نیشتیمانەکەیان بپارێزن. لە بارێکی وەهاشدا لە یەکتر نزیکبوونەوەو یەکگرتن و یەکبوون دروست دەبێت، کە ئەوەش هەم بنەمایەکە بۆ بەهێزکردنی ناسیونالیزم، هەم ئەو پێداویستی بەرگریکردنە وەکو یەکێک لە ئەرکەکانی ناسیونالیزم دادەنرێت و سەیر دەکرێت. بە گوێرەی پێکهاتەیەکی وەکو کورد کە نەک هەر چەندین جار دووچاری شەڕی داگیرکەرانی وڵاتەکەی بووەتەوە، بەڵکو بەردەوام لەبەرگریدا بووە بەرامبەر بە سیاسەتی پاکتاوکردنی لەلایەن ناسیونالیزمی نەتەوەی شۆڤێنیزم و فاشیزمی دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتەکەیەوە. ئەمەش رۆڵی بینیووە لە زیاتر بەهێزکردنی ناسیونالیزمی کورددا بە جۆرێک سەرباری بانگەشەی دەوڵەتانی داگیرکەری فارس و عەرەب و تورک بۆ پێکەوەژیانێکی درۆینەئەم بەردەوام لە ئاستی جیاجیادا لەبەرگریدا بووە.

هەوڵی پێکەوەژیانی درۆینەی نەتەوەی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان لەگەڵ کورددا کە لەراستیدا لەسەر بنەمای نەتەوەی یەکەم و خاوەن دەوڵەت و هەژموونداری کوردی پاشکۆو سەرکوتکراو بووە. ئەوەش بەرهەمی ئەوجۆرە ناسیونالیزمە مەدەنییە کە ئەو سێ ناسیونالیزمە ئیتنیکیە رەیسیزمە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام لە ناوەرۆکدا سادەترین خاسێتی ناسیونالیزمی مەدەنییان نیە، بەڵکو سروشتی ناسیونالیزمەکەیان هەمان سروشتی ناسیونالیزمی ئەڵمانیە کە نازیزمی بەرهەمهێنا و ناسیونالیزمی ئیتالی کە فاشیزمی بەرهەمهێنا. لە کاردانەوەدا بۆ هەڵوێستی ناسیونالیزمەکانی داگیرکەرانی کوردستان، ناسیونالیزمی کوردی زیاتر گەشەی کردووەو پەرەی سەندووە، ئەگەرچی نەبووەتە خاوەنی گوتارێکی دروست و تەواوی ناسیونالیزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بووەتە هەڵگری بەشێکی دیار لە خاسێتەکانی ناسیونالیزم، کە ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراش نەبێت، بەڵام لە گەوهەردا خواستی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت و بەدەستهێنانی سەروەری بەشێکە لە بەرنامەو پرۆژەی نەدرکێندراوی ئەم ناسیونالیزمە. بێگومان جەنگ و پرۆژەی ناسیونالیزمی ئەوانی داگیرکەر بۆ پاکتاوکردنی ئیتنیکی کورد کە تاکو ئێستاش بەردەوامە، رۆڵی ئاشکرای بینیووە لە زیاتر دەرکەوتن و پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردیدا.

خاڵێکی تری گرنگ کە بە تایبەتی دوای دروستبوونی دەوڵەت، زیاتر رۆڵ دەبینێت لە پەرەسەندن و پتەوکردنی پایەکانی تری ناسیونالیزمدا، ئەویش پەرەسەندنی دیموکراسی و بە دیموکراتی کردنی کۆمەڵگایە. لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا ئینتیما و سەربەبوون، واتە سەربە دامەزراوەی بەڕێوەبردنی وڵات و دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی دیموکراتی و دامەزراوەکانی دەسەڵاتی دیموکراسی زیاترو بەهێزتر دەبێت چونکە لە سیستێمی دیموکراتیدا تاکەکەس هەست دەکات ئەو مافی هەیەو بەشدارە لە بڕیاردانی چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵاتداو ئاستی نامۆبوونی دەسەڵات بەهاووڵاتی نزم دەبێتەوەو دیواری ئەستوور لە نێوان تاکەکەس و دەسەڵاتدا دروست نابێت و لەگەڵ پەرەسەندنی زیاتری دیموکراسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی و گواستنەوەی بەرنامەی دیموکراسی لە قسەوە بۆ کردار دڵسۆزی تاکەکەس زیاتر گەشە دەکات و ئەو دڵسۆزیە دەگوازرێتەوە بۆ رووبەری فراوانتری دەستەجەمی و پانتای جوگرافیای نەتەوە دەگرێتەوە و دەبێتە دڵسۆزی و سەربەبوون یان پەیوەستبوونی گشتی نەتەوەیی. لەسایەی سیستێمی دیموکراتیدا هەم گەشەکردنی تاکەکەس روودەدات، هەم لە کۆی گەشەی تاکەکانی کۆمەڵگا گەشەو پەرەسەندنی میللی یان گشتی روودەدات، کە ئەو گەشە میللیە بەچەتری سەروەریێتی دادەنرێت و دەوڵەتیش کە بەرهەمهێنی ئەو سەروەریێتیەیە دەپارێزرێت. لە پێش دروستبوونی دەوڵەتداو بە تایبەتیش دوای دروستبوونی دەوڵەت بۆ کۆڵۆنیەکانی وەکو کورد، دیموکراسی و ئازادی بیروڕا دەبێتە هۆی رەخساندنی زەمینەی باشتر بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی زیاتری ناسیونالیزم.

بێگومان بەو ئەندازەی رەهەندی دیموکراسی فراوان دەبێت، بنەماکانی ناسیونالیزمی مەدەنی زیاتر گەشەدەکەن و ئەگەری گۆڕانی ناسیونالیزم بۆ توندڕەوی و داخران و سەرئەنجام هەنگاونان بەرەو رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و فاشیزم کەمتر دەبێتەوە. کەواتە دیموکراسی لە دوو رووەوە زۆر گرنگە بۆ ناسیونالیزم، یەکەمیان دەبێتە هۆی زیاتر پەرەسەندنی ئەو ناسیونالیزمە. دووەمیان دیموکراسی، ناسیونالیزم لە ئەگەری گۆڕانی بۆ رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و فاشیزم دووری دەخاتەوە. بۆ زیاتر ئاشکرکردنی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی

نەتەوەیی بکەین کە بەرهەمی ناسیونالیزمن و بوون بە رەگەزپەرست و فاشیزم و شۆڤێنیزم، بۆ نموونە سەرجەمی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا یان لە ئەمەریکای لاتین و تەنانەت لە ئەوروپای رۆژئاواش ئەڵمانیا و ئیتالیا و هەروەها دەوڵەتە ناسیونالیستە کۆمۆنیستەکان لەوانەش یەکێتی سۆڤێت و چین دیارترین و ناشیرینترین نموونەی فاشیزم و شۆڤێنیزم و تەنانەت رەگەزپەرستین. هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوە لەم وڵاتانەدا نەک دیموکراسی گەشەی نەکردووەو پەرەی نەسەندووە، بەڵکو سادەترین بنەمای دیموکراسیش بوونی نەبووە. بەڵکو لەبری دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دیموکراتی، دەوڵەتی شموڵی تاکە ئایدیۆلۆجیاو تاکە روانین دروستبووەو لە سایەی دەوڵەتی لەم جۆرەشدا نە تاکەکەس گەشەدەکات و نە کۆمەڵ، چونکە گەشەکردنی تاکەکەس و گەشەکردنی دەستەجەمی کۆمەڵگا تەنیا لە سایەی سیستێمی دیموکراتی و لە ئازادیدا دەگەتە ئەنجام. نەبوونی دیموکراسی نەک رێگربووە لە گەشەکردنی ناسیونالیزم بەڵکو گۆڕیوێتی بۆ ئایدیۆلۆجیایەک کە لە گەوهەردا هەڵگری پەیامی دژە مرۆڤ بووە. هەر لێرەوەیە ئەگەر دەوڵەتی نەتەوە دەوڵەتێکی دیموکراسی نەبێت ئەوە لە جۆری ئەو دەوڵەتە ناسیونالیستە رەگەزپەرستت و فاشییزم و شۆڤێنیانە دەبێت کە لەسەرەوە ناویان هێنرا.

# سەرچاوەکان


1. Anthony D. Smith, Nationalism, Theory, Ideology, History, Policy,2nd edition, Camridge university press,2010, p.9.
2. Hans Kohn: political Ideologies of Twentieth Century,New York, Harper and Row, 1966, p. 14.
3. Hans kohn: political Ideologies of twentieth Century, p.16.
4. Benedick Anderson, Imagined Community, London, 1983, p.5
5. Merriam Webster Dictionary.
6. John Kane, The politics of Moral Capital ( Cambridge, 2001), p. 17.
7. Thomas Hylland Eriksen: Ethnicity versus Nationalism, in Journal of Peace research, Vol.28, No:3, p. 263-278 .
8. Ibd, p.263-278.
9. Anthony D. Smith, Nationalism: Theory, Ideology, History, Policy, 2nd edition, Cambridge university press, pp.5-6.

١٠. عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیونالیزم، بەرگی سێیەم، سلێمانی، دەزگای رۆشنبیری جەمال عێرفان، ٢٠١٩، ل ١٢.

11. Lorenzo Khazaleh, written for University of Oslo, published at Culcom Uio, December 15, 2005.
12. http:ll Socialistlbvation. Blogost.
13. Jonathan Hearn: Rethinking nationalism, Red Globe Press, 2006, p.6
14. Ernest Gellner: Nations and nationalism ( Oxford: Blackwell, 1983),p.12
15. The Roots of Nationalism, National Identity Formation (1600- 1815), edited by Lotte Jenson, Amsterdam university press, 2016, p.10
16. Ibd. Pp.11-12.
17. Ibd. P.12.
18. Anthony D. Smith, Ethno-Symbolism and Nationalism, London, Routledge Books, 2009, p.74.
19. The Roots of Nationalism, edited by Lotte jenson , p.9

20. Andrian Hastings, The construction of Nationhood, Ethnicity, Religion and Nationalism (Cambridge university press,1977), p.5
21. The Roots of Nationalism, p.xii

# بەشی سێیەم

## ناسیونالیزمی ئیتنیکی و ناسیونالیزمی مەدەنی

پێشتر لەبارەی ناسیونالیزمەوە ئاماژەمان بۆ چەندین پێناسە کرد، بەڵام دیارترینی ئەو پێناسانە پێناسەکەی ئەنتۆنی دی سمیس بوو کە دەڵێت: ناسیونالیزم بیرو بزووتنەوەیەکە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو وەکو گروپێک لە خەڵک پتەو دەکات و بەرزیان دەکاتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئامانجی بەدەستهێنان و پاراستنی سەروەریی نەتەوەیدا (واتە دەوڵەتی خۆماڵی) لەسەر خاکەکەی[١]. هەروەک جۆن کەین دەڵیت: ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکە جەخت دەکاتە سەر دڵسۆزی بۆ نەتەوەو پەیوەستبوون بە نەتەوەوە[٢]. ئێمە پێشتر باسی دوو تێڕوانینی دیارمان بۆ نەتەوەو ناسیونالیزم کرد، کە یەکەمیان تێڕوانینی نەریتیە بۆ نەتەوەو ناسیونالیزم و دووەمیشیان روانینە بۆ ئەو دوو چەمکە لە روانگەی مۆدێرنیستەکانەوە کە دەرکەوتنی ئەو دوو چەمکە بە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندو مۆدێرنێتە دەزانن. لێرەدا باس لە دوو جۆری دیاری ناسیونالیزم دەکەین کە ئەوانیش ناسیونالیزمی ئیتنیکی و ناسیونالیزمی مەدەنی یان لیبراڵە.

ناسیونالیزمی ئیتنی کە پێیشی دەگوترێت ئیتنۆناسیونالیزم، لە رووی مێژووییەوە کۆنترین جۆری ناسیونالیزمە. هەرچەندە بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە ناسیونالیزمی مەدەنیش هەر شێوەیەکی تری ناسیونالیزمی ئیتنیکیە، بەڵام ئاخاوتن بەو ئاراستەیە دوورە لە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە. بۆیە لێرەدا ئاخاوتن لەسەر ناسیونالیزمی ئیتنیکی و پاشان ناسیونالیزمی مەدەنی

دەکەین. ناسیونالیزمی ئیتنیکی ئەو شێوەیەی ناسیونالیزمە کە لە روانینی ئەوەوە نەتەوە لەسەر بنەمای ئیتنیک پێناسە دەکرێت، مەبەست لەمەش سەرباری رەچەڵەکی هاوبەش، بوونی کەلتورێکی هاوبەش ئەو بنەما سەرەکیەیە کە نەتەوەی لەسەر پێکدێت و بە پێی ئەو کەلتورە هاوبەشە بە هەموو توخم و رەگەزەکانیەوە نەتەوە پێناسە دەکرێت، کە کۆی ئەو بنەما هاوبەشانە دەگرێتەوە کە ئەندامانی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی تیایدا بەشدارن. لەوانەش زمانی هاوبەش، داب و نەریتی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، بیرو باوەڕو ئەندێشەی هاوبەش، خاکی هاوبەش و رەگوڕیشە و رەچەڵەک یان بنچینەو باپیرانی هاوبەش. ئەم رەگەزە هاوبەشانە لە روانگەی نەریتیەکانەوە بنەمان بۆ بوونی نەتەوەو ناسیونالیزم کە بە روانینی ئەوان نەتەوە بوونێکی کۆنترو لە پێشتری هەیە لەچاو ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەدا.

لە راستیدا ناسیونالیزمی ئیتنیکی لە روانگەی مۆدێرنیستەکانەوە زیاتر وەکو ناسیونالیزمی سەرەتایی یان رۆژهەلاتی سەیر دەکرێت، کە زیاتر خاسێتی ناوچەییان هەیە. لەم رووەوە ئێرنیست گیللنەر دابەشبوونی کەلتوری زیاتر دەردەخات کاتێ دەڵێت: نەتەوە مەدەنیەکانی رۆژئاوا لەسەر بنەمای کەلتوری بەرزو باڵا یەکدەگرن، لە کاتێکدا بەرامبەرەکانیان لەسەر بنەمای ئیتنیکی رۆژهەلاتی یەکدەگرن، واتە لەسەر بنچینەی کەلتوری ناوچەیی و میللی و نەریتی[٣]. لەم روانینەی گیللنەردا دوو ئاستی جیاواز بۆ ناسیونالیزم باس دەکرێن. یەکێک سەرەتایی و یەکێک پەرەسەندوو، یەکێک بەرهەمی کەلتوری باڵاو گەردوونی، یەکێک بەرهەمی کەلتوری نزم و ناوچەیی و میللی و نەریتی. کە ئەم بەراوردەش راستەوخۆ ئەوە دەردەخات کە گیللنەر ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵگا سەیر دەکات، بەلام مەرج نیە تەنیا کۆمەڵگا پێشکەوتوو گەشەسەندووەکان ناسیونالیزم دروست بکەن، بەڵکو کۆمەڵگا دواکەوتوو، سەرەتاییەکان لە رووی کەلتوری و، داخراو لە رووی پەیوەندییەوە، دیسان جۆرێک لە ناسیونالیزم بەرهەم دەهێنن، کە ئەویش ناسیونالیزمی ئیتنیکیە. باسکردنی ئەم جۆرە لە ناسیونالیزم وەکو ناسیونالیزمی رۆژهەلاتی ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە رۆژهەلات یان ئەوەی ئەو بە رۆژهەلات ناوی دەبات بریتیە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لە رووی کۆمەلایەتی و کەلتوریەوە.. ناسیونالیزمی ئیتنیکی وەکو خاسێتی قۆناغە

سەرەتاییەکانی پەرەسەندن وێنا دەکرێت، لە کاتێکدا ویستی کارکردن، کە بە جۆریک بێت لەگەڵ دەوڵەتی یاسادا بگونجێت، خاسێتی ناسیونالیزمی مەدەنیە، کە وەکو دەربڕین و گوزارشتکردن لە قۆناغیکی زۆر پێشکەوتووی پەرەسەندنی ئیتیکی و سیاسی کۆمەڵگاکان نیشان دەدرێت(٤). ئێستا ئەوەی پێداگری لەسەر دەکرێت نیشاندانی ئەم دوو جۆرەی ناسیونالیزمە وەکو بەرهەمی دوو ئاستی تەواو جیاواز لە ژیانی کۆمەڵگاو ئاستی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەمەش دەریدەخات کە ناشێت باس لە ناسیونالیزم بکرێت لە دەرەوەی باسکردنی ژیانی کۆمەڵگاو لە دەرەوەی بەستنەوەی بە ژیانی کۆمەڵگاوە لەسەرجەم ئاستە جیاوازەکاندا. لێرەدا ئاماژەیەکی تریش دەکرێت بۆ ئەوەی کە ئاستی پەرەسەندنی ناسیونالیزم پەیوەستە بە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوەو ناشێت لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، یان سەرەتاییدا پێشبینی بوونی ناسیونالیزمی مەدەنی بکرێت. هەر لەم بارەیەوە ئێرنست گیللنەر دەڵێت: ناسیونالیزم وەکو زنجیرەیەک رووداو – دیاردە – سەیر دەکرێت، کە هێزی جوڵێنەرو بزوێنەری بریتیە لە زنجیرەیەک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، نەک تیۆریی بیجوڵێنێت(٥).

لەراستیدا بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزم بە جۆری جیاوازیانەوە، یان بە تێڕوانینی جیاوازەوە بۆ هەردووکیان وەکو دوو چەمک لە دەرەوەی فیکرو لە دەرەوەی تیۆریی تایبەت باس دەکرێن و تۆێژەرانی بواری مێژوویی و کۆمەڵناسی و سیاسەت لەم بابەتانە دەکۆڵنەوەو توێژینەوەکانیش زیاتر وەکو توێژینەوەی مێژوویی، کۆمەڵناسی، سیاسی بەرهەم دەهێنرێن و مەسەلەی نەتەوەو ناسیونالیزم نە وەکو تیۆریی تایبەت و نە وەکو بیری تایبەت سەیر ناکرێن و هەر بەو پێیەش نە بیرمەندو نە خاوەن تیۆرییان هەیە. لێرەوە دەشێت بگوترێت نەتەوەو ناسیونالیزم وەکو دیاردەی کۆمەڵایەتی مێژوویی سیاسی سەیر دەکرێن و ناسیونالیزمیش زیاتر وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت.. ناسیونالیزم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی کەلتوریە کە رەگی بە تایبەتمەندیدا داکوتاوە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت و پێویستیش نیە بکرێت بە شتێکی گشتی بکرێت بە تیۆری(٦).

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ناسیونالیزمی ئیتنیکی لەسەر بنەمای بوونی رەگوڕیشەو رەچەڵەکی هاوبەش پێناسە دەکرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە

ئەندامبوون لە نەتەوەدا یان ئەندامێتی نەتەوە لە روانگەی ناسیونالیزمی ئیتنیکیەوەو بەپێی خوێندنەوەی کۆمەڵناسی کلاسیک دەوەستێتە سەر درەختی بنەماڵە- نەسەب -یان بۆماوە، کە ئەوەش لە خوێنی هاوبەش یان لە دەماری هاوبەش و خزمایەتیدا گوزارشت دەکرێت و بەرجەستە دەبێت، کە لە روانگەی کۆمەڵناسی نوێوە پێی دەوترێت باپیرەی هاوبەش. ئەم خاسێتانەش لە راستیدا بنەما، یان خاسێتی پێکهاتەی خێڵایەتین. هەر لێرەوەو لەم روانگەیەوە نزیکی ناسیونالیزمی ئیتنیکی لە دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەتەوە دەردەکەوێت. کە ئاشکرایە رووبەرێکی فراون لە ناسیونالیزمی رۆژهەڵاتی وەکو لەسەرەوە باسمان کرد لەم روانگەیەوە لەسەر بنەمای پەیوەستبوون بە بنەماو نەریتەکانی ناسیونالیزمی ئیتنیکیەوە پێناسە دەکرێت، یان تەنانەت لە چوارچێوەی دەوڵەتانی نەتەوەیی بنیادنراو لەسەر بنەمای ناسیونالیزمی ئیتنیکی و ئەندامبوون لە نەتەوەدا یان هاووڵاتیبوون لە سایەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەدا بە پێی یاسای خوێن و دەمار یان خزمایەتی دەبێت، کە دەشێت لە ئاستێکی تردا بگوترێت هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای رەچەڵەک یان باپیرەی هاوبەش پێناسە دەکرێت نەک لەسەر پەیوەستبوونی کەلتوری.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە بەرامبەر ناسیونالیزمی ئیتنیکیدا، چەمکی ناسیونالیزمی مەدەنی دێتە ئاراوە کە بە ناسیونالیزمی رۆژئاوا، یان ناسیونالیزمی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دەناسرێت. کەواتە ناسیونالیزمی مەدەنی چیە؟ ناسیونالیزمی مەدەنی کە دیسان بە ناسیونالیزمی لیبراڵیش ناودەبرێت لە روانگەی هاووڵاتیبوون و ئازادیەکانی تاکەکەس و کۆمەڵێک خاسێتی ترەوە پێناسەدەکرێت کە تەواو جیاوازە لە ناسیونالیزمی ئیتنیکی.. ناسیونالیزمی مەدەنی شێوەیەکی ناسیونالیزمە کە پێناسە دەکرێت لە لایەن ئەو فەیلەسوفە سیاسیانەوە کە بڕوایان بە شێوەی گشتگری ناسیونالیزم هەیە کە نەریتە لیبراڵەکانی ئازادی، لێبوردەیی، یەکسانی و ئازادیەکانی تاکەکەس یەکدەخات[٧]. ناسیونالیزمی مەدەنی کە بایەخ بە ئیتنیک و خاسێتە هاوبەشە ئیتنیکیەکان نادات، زیاتر دەڕوانێتە کۆی کۆمەڵگاو مەبەستی لەخۆگرتنی هەموو دانیشتوانی سەر خاکەکەیەتی و رەچەڵەک و زمان و ئایینیان هەرچیەک بێت، نە جێگای بایەخەو، نە دەبێتە بنەما بۆ ئەم جۆرەی ناسیونالیزم. ئەنتۆنی دی سمیس دەڵێت: نموونەی مەدەنی نەتەوە بەشێوەیەکی

باو-باڵادەست- پەیوەستە بە رووبەرێک لە خاکەوە. رەگەزێکی تری گرنگ خاک و باوک و کۆمەڵگای یاساو دامەزراوەکانە لەگەڵ تاکە دەنگێک و دەربڕینێکی باشی سیاسی ئامانجە هاوبەشەکان و بەرژەوەندیە سیاسیەکان[٨]. لەم روانگەیەوە خاک وەها پێناسە دەکرێت کە نیشتیمانی هەموو ئەوانەیە لەسەری دەژین و پێکەوە خاوەنی ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشن تیایدا، لەگەڵ کۆمەڵگای یاساو دامەزراوەکان و کۆدەنگی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەویش گوزارشتکردنە لە ئامانج و بەرژەوەندیەکان کە ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەشی تاکەکانی نەتەوەیەکە کە بنەمای دروستبوونی ئیتنیک نیە، بەڵکو هاوولاتیبوونە. لە راستیدا ناسیونالیزمی مەدەنی بە واتای بیرکردنەوە دێت لە کۆمەڵێکی سیاسی لە نەتەوە کە رایەڵەکانی پێکەوەبەستن و پێکەوە پەیوەستبوون لەم کۆمەڵە سیاسیەدا پەیوەندی زۆرەملێ نیە، بەڵکو پەیوەندی خۆویستانەو شێوە برایانەی کۆی هاوولاتییانە، کە لەم کۆمەڵە یان یەکە کۆمەلایەتیەدا کۆبوونەتەوە. کە لە راستیدا مادەم ئەم پێکهایە کۆمەلایەتیە بووە بە نەتەوە کەواتە دەوڵەت و سەروەریی بوونی هەبووەو لەو سیستێمە و لە چوارچێوەی ئەو یەکەیەدا مافی یەکسانی و ئازادی هاوولاتیان نەک هەر بوونی دەبێت بەڵکو دەبێ گەشە بکات و پەرە بسەنێت. ئەوەش لەگەڵ خۆیدا ئازادی تاکەکەسی خاوەن شوناس دروست دەکات و بیری ئۆرگانی نەتەوە کە لە بارێکی وەهادا گەشەدەکات، بەدوای پێکهێنانی بنەمای کۆمەلایەتی زیاتر سروشتیدا دەگەڕێت و هەوڵی پێکهێنانی دەدات. واتە لێرەوە زەمینەی باشتر بۆ یەکگرتن و یەکێتی نەتەوەیی پێکدێت، کە ئەویش بریتیە لە یەکێتی کۆی دانیشتوانی نیشتیمان بێ رەچاوکردنی ئیتنیک و زمان و مێژوو ئایین و رەنگ و جێندەر. کە بنەمای سەرەکیش بۆ دروستبوون و دەرکەوتن و کارابوونی ناسیونالیزمی مەدەنی کە دەوڵەتی هەمووان وەکو دەوڵەتی نەتەوە بەرهەم دەهێنێت کۆبوونەوەی کۆی تاکەکانە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیانە وەکو رەچەڵەک و زمان و رەنگ و جێندەر، کە ئەوەش هاو واتایە لەگەڵ بنەماو چەمکی هاوولاتییبوون و خاکی هاوبەشدا.

ناسیونالیزمی مەدەنی بە سنووری ئاشکرا لە ناسیونالیزمی ئیتنیکی جیادەکرێتەوە. ئەگەر لە ئێستادا سەیری دوو دەوڵەتی دیاری جیهان بکەین کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەڵمانیان، ئەوا جیاوازی ئەو دوو

دەوڵەتە با ئاشکرا دەبینین. ئەڵمانیا نموونەی دەوڵەتێکە کە ناسیونالیزمەکەی ناسیونالیزمێکی ئیتنیکیە لە ئاستێکی لە ئەندازە بەدەردا پێداگری لەسەر رەگەزی ئەڵمانی کردووەتەوەو سەرئەنجام نازیزمی بەرهەمهێناوەو تاکو ئێستاش تێکەڵاوبوونی ئیتنیکی لە ئەڵمانیا یان تێکەوڵاوبوون بە رەگەزی ئەڵمانی شتێکە بە ئاستەم روودەدات، یان هەر روونادات. بۆ نموونە ئەو ژمارە گەورەی کرێکاری تورک کە چەند نەوەیەکە لە ئەڵمانیا کاردەکەن تاکو ئێستاش سەرباری فێربوونی زمانی ئەڵمانی و شارەزابوونی مێژوو کەلتورو نەریتی ئەڵمانی، بەڵام هەرگیز نەبوونەتە بەشێک نە لە نەتەوەی ئەڵمانی و تەنانەت نە لە کۆمەڵگای ئەڵمانیش. بەڵام هەموو ئەو کۆچکەرانەی ئەوروپا، ئەفریقا و ئاسیا کە لە دوای سەربەخۆیی ئەمەریکاوە لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەو وڵاتە، هەموویان بوون بە هاونیشیمانی ئەو وڵاتەو خۆیان بە خاوەنی وڵاتەکە دەزانن و لە ماف و ئازادیشدا ئەمەریکیەکان لە هەر ئیتنیک و ئایین و رەنگ و زمان و مێژوویەک بن یەکسانن. کۆمەڵگای نەتەوەی ئەمەریکی نەتەوەیەکی مەدەنی و ناسیونالیزمێکی مەدەنی هەیە. ئەڵمانیاش نەتەوەیەکی رەچەڵەک ئاری و بنەما ئیتنیکی ئەڵمانی و تەنانەت باسی رەچەڵەکی خاوێن و خوێنی پاک دەکەن و ناسیونالیزمێکی ئیتنیکی هەیەو گواستنەوەی ناسیونالیزمی ئیتنیکی ئەڵمانی بۆ نازیزم، یان گواستنەوەی ناسیونالیزمی ئیتنیکی ئیتالی بۆ فاشیزم، رۆڵی نەرێنیان هەبووەو تاکو ئێستاش هەیانە لەسەر ناسیونالیزمی نەتەوەکانی ترو بەشێک لە ناسیونالیزمی نەتەوەکانی تر بە تایبەتی لە ئەفریقاو ئاسیاو تەنانەت لە ئەوروپای رۆژهەڵاتیش نموونەی ناسیونالیزمی ناشیرینی ئەڵمانی و ئیتالیایان وەکو نموونەی باڵا وەرگرتووە. لە لایەکی تریشەوە ناشیرینی ناسیونالیزمی ئەڵمانی و ئیتالی کاریگەری لەسەر دەستەبژێری خوێندەواری جیهانی و رووبەرێکی فراوان لە جەماوەر هەبووەو هەیە بە جۆرێک نەک پاڵپشتی ناسیونالیزم نەکەن، بەڵکو وەکو مەترسیش بۆ سەر چارەنووس و ئایندەی مرۆڤایەتی سەیری بکەن.

میشیل ئیگناتیف جۆرێک لە بەراورد لە نێوان ناسیونالیزمی مەدەنی و ناسیونالیزمی ئیتنیکیدا دەکات(٩). ئێمە لێرەدا بەشێک لە بیرۆکەی بەراوردکردنەکەی ئەو وەردەگرین و دەیکەین بە دەروازەیەک بۆ قسەکردنی

زیاتر لەسەر جیاوازی ئەم دوو جۆرەی ناسیونالیزم. ئیگناتیف لە بەراوردەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە ناسیونالیزمی مەدەنی لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون نەتەوە پێناسە دەکات و نەتەوەی مەدەنی لەم روانگەیەوە لە کۆی هەموو ئەوانەی لەسەر خاکی نەتەوە دەژین و بەشداری دەکەن لە ڕێبازی سیاسی نەتەوەدا پێکدێت. نەتەوەی مەدەنی لە بنەمادا کۆمەڵگایەکی یەکسانەو هاوولاتیانی خاوەنی ماف و ئازادی یەکسانن و لە پەیوەستبوون و سەربە نیشیمان بووندا یەکگرتوون و هەمووان هاوبەشن لە پیادەکردنی سیاسی و لە هەڵگرتنی بەهاکاندا. نەتەوەی مەدەنی نەتەوەیەکی دیموکراتیە لەو رووەوە کە کۆی هاونیشتیمانیانی ئەو نیشتیمانە بەرگی سەرەرییان لەبەردایە، کە ئەویش لە بوونی دەوڵەتدا دەستەبەر دەبێت. کە دەوڵەتی نەتەوەی مەدەنی داوای مافی نەتەوە وەکو دەستەجەم و کۆی ئەندامانی وەکو ماف و ئازادی تاکەکەسی دەکات و هاوکات داوای مافی حکومەتی خۆماڵی بۆ هاوولاتیانی دەکات و دەیەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی- نیشتیمانی خۆیی هەبێت، هاوشیوەی دەوڵەتانی تری نەتەوەیی.

لە بەرامبەردا وەکو لەسەرەوە باسکرا، ناسیونالیزمی ئیتنیکی بەهۆی رەچەڵەک و زمان و نەریت و ئایین و میژووەوە پێناسە دەکرێت و لە تێڕوانینی ناسیونالیزمی ئیتنیکیەوە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات نەک بەپێچەوانەوە، واتە دەوڵەت نەتەوە دروست ناکات. ناسیونالیزمی ئیتنیکی پێیوایە ئەوەی خاڵک یان ئەندامانی ئیتنیکێکی دیاریکراو پێکەوە دەبەستێت و یەکیان دەخات و یەکیان پێدەگرێت مافە سیاسیە هاوبەشەکانی لە جۆری ئازادی و یەکسانی نیە، بەڵکو ئەو خاسێتە ئیتنیکیانەن کە لە دروستبوونی ئەو ئیتنیکەوە هەن و جۆرێکن لە میرات یان بۆماوە. لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ئیتنیکی جەخت دەکاتە سەر رەچەڵەکی هاوبەش، واتە هەمان باپیران و پەیوەستبوونی خوێن و سۆزو کۆبوونەوەی دەستەجەمی لە دەوری تاکە کەسێک یان لە دەوری زۆرینەی ئیتنیکی لەسەر بنەمای برایەتی و خزمایەتی و خوێن و مانەوەی هەموو شتێک وەکو میرات و بۆماوە لە زمان و نەریت و مێژوو. ناسیونالیزمی مەدەنی جەخت دەکاتەسەر چەمکی هاوولاتییبوون و ڕێکخستن لە ڕێگای یاساوەو دیاریکردنی شوێن و پێگەو دامەزراوەی بەڕێوەبردن لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە. پەیوەندی تاکەکان لە کۆمەڵگاداو پەیوەستبوونیان

بنەمایەکی عەقڵانی هەیەو دوورە لە بنەمای سۆزو پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارو خزمایەتیەوەو کۆبوونەوەو یەکێتی و یەکبوون بەدەوری نیشتیمان و بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەدایەو بنەمای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە ڕێگای فرەیی دیموکراتیەوە دەبێت و لە بری وابەستەبوونی سەرەتایی خزمایەتی و برایەتی، پێکەوەبەستنی تاکی ئازادو خاوەن شوناس بوونی دەبێت، تاکەکەسێک کە لەسەر پێی خۆی راوەستاوەو خاوەنی بوون و شوناسی خۆیەتی و کۆی ئەو تاکەکەسە پێگەیشتوو خاوەن شوناسانە نەتەوە دروست دەکەن، نەک نەتەوە تاکەکەس دروست بکات.

ئێستا دوور لە تاریکی و تەمومژ، سنووری جیاکەرەوەی نێوان ناسیونالیزمی ئیتنیکی و ناسیونالیزمی مەدەنی ئاشکرایە. بەڵام با سەیری ئەوە بکەین کە هەریەکە لەم دوو ناسیونالیزمە کە لە رووی تیۆریی و بنەماو پایەکانیانەوە جیاوازن، ئایا لە سەر زەمینەی واقیع چین و چۆنن؟ ئەوە ئاشکرایە سەرباری ئەوەی هەندێ لە توێژەرانی ناسیونالیزم، ناسیونالیزمی ئیتنیکی وەکو ناسیونالیزمی رۆژهەڵاتی و ناسیونالیزمی مەدەنی وەکو ناسیونالیزمی رۆژئاوایی سەیر دەکەن و ناودەبەن، بەڵام ناتوانن نکوڵی ئەوە بکەن کە خراپترین شێوەی ناسیونالیزم لە ئەورووپادا دروستبووە کە دوو ترسناکترین بزووتنەوەو چەمکی دژە مرۆڤایەتییان بەرهەمهێناوە کە ئەوانیش ناسیونالیزمی ئەڵمانی و ناسیونالیزمی ئیتالی بوون واتە بەرهەمهێنی نازیزم و فاشیزم کە هەردووکیان ناسیونالیزمی ئیتنیکی بوون لە زەمینەی رۆژئاوادا دەرکەوتوون نەک لە زەمینەی رۆژهەڵات. هەربۆیە ئەو بۆچوونە لەجێی خۆیدا نیە کە وێنای رۆژهەڵات وەکو زەمینەی توندڕەوی و بەرهەمهێنی دەوڵەتی نەتەوەیی نادیموکراتی بکرێت. ئەمەش پاساوهێنانەوە نیە بۆ درووستبوونی سیستێمە ناسیونالیستیە تۆتالیتارو فاشیزمەکانی رۆژهەڵات، یان ئەو کۆمەڵگایانەی کە ناسیونالیزمەکانیان بە ناسیونالیزمی رۆژهەڵاتی ناودەبرێت.

بێگومان وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی جەماوەریی و هەم وەکو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی سەیر دەکرێت، چونکە هەڵگری چەمکی نەتەوەو بکەری ناسیونالیزم بریتیە لە چینی ناوەند، چینی ناوەندیش کە مەبەست چینی بۆرژوایە، بەرهەمی شۆڕشی

پیشەسازیە. هۆکاری گەشەکردن و پەرەسەندنی چەمکی نەتەوەو ناسیونالیزم لە رۆژئاوا لە پێش رۆژهەڵاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر لە ناوەند لە پێش کەنارەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەند لە رۆژئاواو و دواکەوتنی دەرکەوتنی لە رۆژهەڵات یان لە کەنار. لەو جوگرافیایەی کە شۆڕشی پیشەسازی روویداوە، یان لەو کۆمەڵگایەی کە چینی بۆرژوا دەرکەوتووەو گەشەی کردووەو پێگەیشتتووەو بووەتە بکەری قۆناغە مێژووییەکەی خۆی و دەسەڵاتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا کردووەو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گۆڕاون بۆ پەیوەندی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی سەرمایەداری و چینی بۆرژوا بووەتە چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن متمانەی ئابووری و کەلتوری، بە جۆرێک کە بتوانێت دەوڵەتی نەتەوە درووست بکات. ئەم چینە کۆمەڵایەتیە نوێیە لەگەڵ خۆیدا هەڵگری کۆی خاسیەتەکانی کۆمەڵگای شارەو کەلتوری شار بەرهەم دەهێنێت. ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کە دروستی دەکات بە رۆحێتێکی مەدەنیانە دروستی دەکات و سەرباری بوونی خاسیەتە ئیتنیکیە چەسپاوەکان لە زمان و مێژوو، نەریت و ئایینی هاوبەش، بەڵام بنەما دیموکراتیەکان لەو دەوڵەتەدا بوونیان دەبێت کە چەمکی هاووڵاتیبوون و ئازادی بیروڕاو مافی تاکەکەس لەو بنەما سەرکیانەن و لە خاسیەتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیشن. هەر لێرەوە، ئەو نەتەوەیەی کە ئەم دەوڵەتە دروستی دەکات، نەتەوەیەکی مەدەنی دەبێت و ناسیونالیزمەکەیشی ناسیونالیزمێکی مەدەنی دەبێت، واتە پشت بە چەمکی هاووڵاتیبوون دەبەستێت، نەک بە رەچەڵەکی هاوبەش و سەربە هەمان ئیتنیک بوون و گەڕانەوە بۆ باپیرەیەکی هاوبەش. لێرەوە ئەو بۆچوونە ئاشکرا دەبێت کە ناسیونالیزمی مەدەنی بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە بە سروشتی پەرەیان سەندووەو شۆڕشی پیشەسازییان تێدا گەیشتووەتە ئەنجام و چینی ناوەند وەکو بۆرژوای خاوەن شوناس دەرکەوتووەو بکەری جێبەجێکەری ئەرکەکانی قۆناغە مێژووییەکەی ژیانی خۆیەتی کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو دروستکردنی نەتەوەیە.

لەسەر ئەو زەمینەو پاشخانە، دەوڵەتی ناسیونالیزمی مەدەنی یان رۆژئاوایی دەوڵەتێکی دیموکراتی دەبێت و پشت بە دامەزراوەو هەڵبژاردن و دەستوور دەبەستێت، لەکاتێکدا ناسیونالیزمی رۆژهەڵاتی کە مەبەست لێی ناسیونالیزمی ئیتنیکیە لەو دەوڵەتانەدا زیاتر دەردەکەوێت، کە پەرەسەندنێکی سروشتی

یان ئاسایی کۆمەڵایەتییان نیەو شۆڕشی پیشەسازی وەکو ئەوەی پێویستە تیایاندا ڕوویندەداوەو بەو پێیەش چینی ناوەند دروست نەبووەو دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو دەوڵەتی چینی ناوەند پێکنەهاتووە. بەڵکو ئەم کۆمەڵگایانە لە لایەن ئیمپراتۆریتە ئۆتۆکراتەکان و ئیمپراتۆریتە ئایینیەکان و دەرەبەگە خاوەن مولکەکانەوە کە هەموویان نموونەو هێمای ستەمکارین فەرمانڕەوایی دەکرێن و بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی تیایاندا لاوازە، یان لە ئاستی نەبووندایەو بەوپێیەش هیچ بنەمایەکی مادی و زەمینەیەکی ئامادە بۆ درووستبوونی ناسیونالیزمی مەدەنی و دەوڵەتی مەدەنی و نەتەوەی مەدەنی فەراهەم نابێت.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە دروستبوونی یان دەرکەوتنی ناسیونالیزمی مەدەنیدا، ئیتنیک و ڕەچەڵەک و باپیری هاوبەش ڕۆڵ و کاریگەرییان نیە، بەڵکو هاوولاتیبوون و خاکی هاوبەش پایەی سەرەکین لە دەرکەوتن و دروستبوونی ناسیونالیزمی مەدەنیدا. هەربۆیە ناسیونالیزمی مەدەنی لە ئیتنیک و ڕەچەڵەک و زمان و نەریتی جۆراوجۆر پێکدێت و پێکەوە کۆبوونەوەی ئەم جیاوازانەش لە یەکەیەکی یەکگرتوودا تەنیا لە کۆمەڵگا پەرەسەندو پێشکەوتووەکاندا دەبێت کە ڕوانین بۆ مرۆڤ وەکو تاکەکەس پێش هەر پێوانەیەکی تر کەوتبێت. لەم بارەشدا هیچ ئیتنیکێک نابێتە ئیتنیکی هەژموونداروو لەڕاستیدا بنەمای ئیتنیک و ڕەچەڵەک هیچ بایەخێکی نیە. جۆن کۆهن بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتیانەوە دەخاتە ڕوو کە ناسیونالیزمی مەدەنی و ناسیونالیزمی ئیتنیکی بەرهەم دەهێنن. بۆچوونەکەی کۆهن لە لایەن بەشێک لە توێژەرانی بواری ناسیونالیزمەوە پشتگیری دەکرێت. کۆهن پێیوایە: ناسیونالیزمی مەدەنی خاسێتی ئەو نەتەوانەیە کە لە رووی کەلتورییەوە پەرەیان سەندووەو لە پێگەی بڕواو متمانە بەخۆبووندان. لەبەرئەوە – ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانە سەرباری جیاوازی ئیتنیکییان– لە یەکتر نزیک دەبنەوەو لەسەر بنەمایەکی یەکسان و لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی هاوبەش هەوڵی هاریکاری کردنی یەکتری دەدەن. بەپێچەوانەوە، ناسیونالیزمی ئیتنیکی خاسێتی نەتەوە سەرەتاییەکانە کە بزوێنەرەکەی هەست بەکەمیکردنە[١٠]. ئەم بۆچوونەی کۆهن لە ڕاستیدا سەیرکردنی کۆمەڵگاکانە تەنیا بە پێوانەیەک و بێ لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکان. واتە خوێندنەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکانە

لەسەر بنەمای هاوشێوەکردن[١١]. چەمکی هاوشێوەکردن بۆ خوێندنەوەی مێژوو، بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی چەمکێکی لاوازەو ناتوانێت تایبەتمەندی هیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی یان هیچ ئیتنیک و نەتەوەیەک وەکو خۆی دەربخات. یەکێک لە دیارترین شێوەکانی خوێندنەوەی مێژوو لای زۆرێک لە مێژوونووسان و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لای زۆرێک لە نووسەرانی بواری کۆمەڵایەتی و تەنانەت لای کۆمەڵناسانیش خوێندنەوەی مێژووی میللەتانی جیاوازو قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی ئەو میللەتانەو شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا جیاوازەکانە نەک هەر بە هەمان میتۆد، بەڵکو بە هەمان پێوانەو بۆچوون و لە قاڵبنانی کۆمەڵگە جیاوازەکان لە هەمان قاڵب و چوارچێوەدا. لەم رووەوە بۆچوونەکانی کۆهن و لایەنگرانیشی هەمان روانین و لێکدانەوەیان هەیە بۆ ناسیونالیزم و نەتەوە لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا و دابەشیان دەکەن بەسەر دوو هێڵدا، رۆژئاوایی و رۆژهەلاتی، رۆژئاوایی پەرەسەندو پێشکەوتوو، دیموکراسی و باش، رۆژهەڵاتی سەرەتایی و دواکەوتوو، توندو تیژو توندرەوو خراپ. بە بێ ئەوەی سەیری ئەوە بکەن ئەو قۆناغە ترسناکانەی کە ناسیونالیزمی ناوجەرگەی کۆمەڵگای ئەوروپی پێیگەیشتوون، لە نموونەکانی ناسیونالیزمی ئەڵمانی و ئیتالی وەکو بەرهەمهێنی نازیزم و فاشیزم. ئاشکرایە ناسیونالیزمی رۆژهەڵاتی، یان ناسیونالیزمی دەرەوەی رۆژئاوا یان کەنار، یان کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین پێینەگەیشتوون.

دروستبوونی سیستێمە تۆتالیتارە رووکەش ناسیونالیست و سەربازی و خێڵەکی و ئایینیەکانی کەنار یان دەرەوەی رۆژئاوا، زیاتر سرۆشیان لە نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتالی و دیکتاتۆری کۆمۆنیزمی ئایدیۆلۆجی ستالینیزم و ماویزم و هاوشیوەکانیانەوە وەرگرتووە. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە تەنیا ناسیونالیزمی ئیتنیکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان نیە کە سیستێمی سیاسی دەوڵەتی توندو تیژو نادیموکرات پێکدەهێنێت، بەڵکو ناسیونالیزمی کۆمەڵگە پێسکەوتووەکانی رۆژئاواش لە قۆناغێکدا ئیمپریالیزمیان بەرهەمهێناوەو پەلاماری وڵاتان و کۆمەڵگاو میللەتانی تریان داوەو وێرانیان کردون. بەریتانیا وەکو یەکەم وڵاتی رۆژئاوا کە شۆرشی پیشەسازی تیایدا روویداوە، بووەتە ترسناکترین هێزی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستی و رووبەرێکی فراوانی

دنیای داگیرکردووەو کوشتن و بڕینی میللەتانی ئەنجامداوە. لە لایەک بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و ئەمەریکا داگیردەکات، لە لایەکی ترەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەکەوێتە جوڵەو هیندستان داگیر دەکات و لە جەنگی جیهانی یەکەمیشدا بەشێک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕست داگیر دەکات. ئاشکرایە ئەو جەنگەش واتە جەنگی یەکەم، دەرئەنجامی گەیشتنی ناسیونالیزمی ڕۆژئاوا بوو بە قۆناغی ئیمپریالیزم و بە بەرزترین و ترسناکترین ئاستی توونددو تیژی و دڕندەیی ئەو هێزانەی ڕۆژئاوا بە ناسیونالیزمی مەدەنی و ئیتنیکیەوە، کە گەورەترین کارەساتیان بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا.

بەریتانیا رووبەرێکی فراوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرکرد، فەڕەنسای نموونەی باڵای ناسیونالیزمی مەدەنی رووبەرێکی فراوان لە شام و باکوری ئەفەریقای داگیرکردو ئیسپانیا و پورتوگال و هۆڵندا کە نموونەی پەرەسەندووی ئەوروپاو ناسیونالیزمەکەی بوون، هەریەکەیان پەلاماری لایەکیان داو داگیریان کردو وێرانیان کرد. لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا وەکو جەنگی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری کە پلاندانەرو بکەری سەرەکی جێبەجێکەری ئەو جەنگەش ناسیونالیزمی ڕۆژئاوابوو، گەڕێکی تر، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وێران کردەوە. ئەمە شوێن و پێگەی ناسیونالیزمی ڕۆژئاواییە لەسەر زەمینەی واقیع، کە نموونەی ناسیونالیزمی کۆمەڵگا پێسکەوتووەکانەو زیاتر وەکو ناسیونالیزمی مەدەنی پێناسە دەکرێت. دیارە لە رووی راستیەوە ئەگەر ئەم ناسیونالیزمە ڕۆژئاواییە بە مەدەنی و ئیتنیکیەوە، ترسناکتر نەبێت لە ناسیونالیزمی ڕۆژهەڵاتی یان کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، ئەوا لە رووی روانینیەوە بۆ بەها مرۆییەکان هیچ لەو باشتر نیە. لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ڕۆژهەڵاتی کە زیاتر بووەتە ناسیونالیزمی کۆمەڵگا کۆلۆنیکراوەکان و ڕەوایەتی چەمکی رزگاری نیشتیمانی بەدەستەوەیە، ناسیونالیزمی ڕۆژئاوایی ئەو ڕەوایەتیەشی نیە، بەڵکو لە پێگەو هەڵوێستێکی ناڕەواشدایە چونکە ئەو دەوڵەتانەی نوێنەرایەتی ئەو دەکەن ماف و ئازادی و تەنانەت بوون و ژیانی نەتەوە یان کۆمەڵگاکانی تریان داگیرکردووەو بوونی مرۆیی ئەوانی تریان تێکشکاندووە.

بێگومان دابەشکردنی کەلتورە نەتەوەییەکان لەسەر بنەمای کەلتوری ڕۆژئاوایی و کەلتوری ڕۆژهەڵاتی کە لەخۆیدا ماناو دەلالەتی کەلتوری

بەرزو شارستانی لە بەرامبەر کەلتوری نزم و سەرەتایی هەڵدەگرێت و لە روانگەی عەقڵی رۆژئاواوە ئەم دابەشکردنە دەکرێت و لە گەوهەردا بەشێکە لە تێڕوانینی رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات کە لەسەر بنەمای روانین لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان لە بەرزەوە بۆ نزم، لە ئامادەوە بۆ نائامادە بنیادنراوە. لەم بارەیەوە ئێرنست گیللنەر دەڵێت: دابەشبوونی کەلتوریی لەسەر ئاستی نەتەوەیی رەت دەکرێتەوە، ئەویش بە گفتوگۆکردنی ئەوەی کە نەتەوە مەدەنیەکانی رۆژئاوا لەسەر بنەمای کەلتوری بەرز یەکدەگرن، لە کاتێکدا بەرامبەرەکانیان لە ئیتنیکی رۆژهەڵاتی یەکدەخرێن لەسەر بنچینەی کەلتوری ناوچەیی، میللی، نەریتی[١٢]. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا کەلتوری رۆژئاوایی بووەتە یەک کەلتورو یەک نەتەوەی رۆژئاوایی و یەک ناسیونالیزمی رۆژئاوایی پێکهاتووە؟ یان بە پێچەوانەوە هەموو ئیتنیکە گەورەو دیارەکانی رۆژئاوا لە ئیتنیکی ئینگلیز، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ئیتالی، دەچ، روس، گریک، رۆمان، بەڵتیک... ماون و خاوەنی کەلتوری باڵادەستی خۆیانن و ئیتنیکە بچووکەکان یان راستتر بڵێین ئەو ئیتنیکانەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەدەستەوە نەبووەو نیە، لە ناو ئیتنیکە گەورە یان دەسەڵاتدارەکاندا تواونەتەوە؟ ئایا ئیتنیکە جیاوازەکانی ئینگلتەرا یان ئیسپانیا یان سویسرا، یان روسیا لە سنووری هەریەکە لەو جوگرافیایانەدا توانیویانە نەتەوەی مەدەنی پێکبهێنن؟ ئەگەر ئەوە پێکهاتووە بۆچی بۆ ماوەی دوورو درێژ ئێرلەندای باکور لە هەوڵی جیابوونەوەدا بوو لە ئینگلتەرا؟ ئەی بۆچی کەتەلۆنیا دەیەوێت لە ئیسپانیا جیابێتەوەو لەبەرامبەردا نەتەوەو ناسیونالیزمی مەدەنی ئیسپانی وەکو هەر رژێمێکی تۆتالیتاری شۆڤێنی رۆژهەڵاتی رێگرییان لێ دەکات و هێرش دەکاتە سەریان؟ کەواتە ئایا ئەو کەلتورە هاوبەشە بەرزە شارستانیە کامەیە کە بەشێک لە توێژەران لە بەرامبەر کەلتوری وەکو خۆیان دەڵێن سەرەتایی رۆژهەڵاتیدا دایدەنێن؟

هەر بۆ زیاتر رووناکی خستنە سەر جیاوازی نێوان ناسیونالیزمی مەدەنی و ناسیونالیزمی ئیتنیکی، ئیگناتیف دەڵێت: کۆمەڵگایەک ناسیونالیزمی مەدەنی دروست دەکات کە تاکەکانی لە رووی مافەوە یەکسانن و لە پەیوەستبوونێکی نیشتیمانیدا یەکدەگرن بە مەبەستی زنجیرەیەکی هاوبەش لە پیادەکردنی سیاسی و بەدیهێنانی بەهاکان، لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ئیتنیکی بەهۆی ئەو

پەیوەستبوون و وابەستەبوونە قوڵانەوە دەجوڵێنرێت کە بەمیراتی دەمێننەوە، نەک لە رێگای هەڵبژاردنەوە بێنەدی، چونکە ئەوە کۆمەڵگای نەتەوەییە کە تاکە کەس پێناسە دەکات، نەک تاکەکەس نەتەوە پێناسە بکات، کە رکەبەرایەتی کۆمەڵگای نەتەوەیی دەکات[١٣]. ئێستا دەپرسین لە چ کۆمەڵگایەکدا تاکەکان یەکسان دەبن؟ ئەوە کام سیستێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەڕێوەبردنە کە یەکسانی تێدا دەستەبەر دەبێت؟ بێگومان مافی یەکسانی یان دروستبوونی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا راستەوخۆ پەیوەندی بە سروشتی کۆمەڵگاو ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگاوە هەیە. یەکسانی نە لە کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری و نە لە کۆمەڵگای دواکەوتووی رۆژهەڵاتیدا ناگاتە ئەنجام. یەکسانی لە چوارچێوەی سیستێمێکی دیموکراتی ئازاددا تا ئەندازەیەک دەگاتە ئەنجام، بەڵام ئایا ئەو سیستێمە دیموکراتیە سیستێمی دەوڵەتی نەتەوە دەبێت یان نا؟ هەروەها ئەگەر دیموکراتی خاسێتی دەوڵەتی نەتەوە بێت، ئایا دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتنیکی یان نەتەوەیی مەدەنی ئەگەری بوونی بە سیستێمی دیموکراتی زیاترە؟ بێگومان هەم دیموکراسی و هەم یەکسانی لە تێڕوانینی ئیگناتیفەوە پەیوەستن بە ناسیونالیزمی مەدەنیەوە یان ناسیونالیزمی رۆژئاواییەوە، کە لەو روانگەیەشەوە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، کە ئەویش لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و دادپەروەری و یەکسانی دەبێت. کەواتە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕدا هەرچۆن هاووڵاتیبوون و یەکسانی بنەمای ناسیونالیزمی مەدەنین، بەهەمان ئاست لە کۆمەڵگایەکدا ناسیونالیزمی مەدەنی دروست دەبێت کە چەمکی هاووڵاتیبوون و یەکسانی وەکو مۆتیڤی بەرهەمهێنانی ناسیونالیزمی مەدەنی کاربکەن. لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ئیتنیکی بەرهەمی ئەو خاسێتانەیە کە وەکو میرات یان بۆماوە دەردەکەون، لە رەچەڵەک و باپیری هاوبەش و زمان و نەریت و مێژووی هاوبەش و...لە راستیدا ناسیونالیزمی مەدەنی یان رۆژئاوایی لەبەرامبەر ناسیونالیزمی ئیتنیکی یان رۆژهەڵاتیدا وەکو دوو پێکهاتە یان دوو چەمکی زۆر جیاواز دادەنرێن. لەم رووەوە جۆن پلامێناتز جیاوازی ئاشکرای نێوان ناسیونالیزمی رۆژئاوایی زۆر نەرم و نیان و مەدەنی لەگەڵ ناسیونالیزمی نارۆژئاواییدا – دەرەوەی رۆژئاوا- دەپارێزێت کە بە بۆچوونی ئەو ئەمی دواییانان دوژمنکارانەو سەرکوتکەرو نالیبراڵ و ترسناکە[١٤]. دیسان لێرەدا

جارێکی تر پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێت کە ناسیونالیزمی مەدەنی یان ڕۆژئاوایی ناسیونالیزمێکی نەرم و نیان و متمانە بەخۆبووی دوور لە توندو تیژیەو بارگاویکراوە بە ڕەگەزەکانی ئازادی و مافی یەکسانی و هاوولاتیبوون. لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ڕۆژهەلاتی یان ئیتنیکی پەیوەستە بە ڕەچەڵەک و ئەو ڕەگەزو بنەمایانەوە کە پارێزگاری لە خاسیێتەکانی تەنیا خۆبینین و خۆ لە پێش ئەوانی ترەوە دانان دەکات و ڕەچەڵەک و زمان و نەریت و ئایین و مێژووی خۆی دەخاتە پێش ئەوانی ترەوەو ئەوەش وای لێدەکات بە جۆرێک خۆیی لە ئەوانی تر پێ گرنگتر بێت و بۆ پیادەکردنی ئەم ڕوانین و بۆچوونانەش دەگاتە ئاستی ڕەتکردنەوەی ئەوانی ترو تەنیا بڕوا بە بوونی خۆی دەکات. بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم بۆچوونانەش کە دووانەی خۆپەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر بەرهەم دێت، هەڵوێستی ئەم ڕوانین یان ئایدیۆلۆجیایە کە ناسیونالیزمی ئیتنیکیە دوژمنکارانە دەبێت بەرامبەر بە ئەوانی ترو سەرکوتکەرو ترسناک و نالیبراڵ دەبێت لە ئاستی ناوخۆدا. نموونەی دیاری ئەم جۆرە ناسیونالیزمە ناسیونالیزمی ئەڵمانی و ئیتالین لە جوگرافیای ڕۆژئاوادا کە یەکەمیان نازیزم و دووەمیان فاشیزمی بە هەموو خاسیێتە دزێوو وێرانکەرو دژە مرۆییەکانیانەوە بەرهەمهێناوە.

ئاشکرایە ڕوانینی تێزی مارکسیزم بۆ بابەتی نەتەوەو نەتەوایەتی یان ناسیونالیزم سەرباری باسکردنی بڕیاردانی مافی چارەنووس کە دەربڕینێکی لاستیکیە، ئەوەیە کە ئەم بابەتە واتە مافی چارەنووس ویستێکی بۆرژوازیەو نەک خزمەت بە پرۆلیتاریا ناکات، بەڵکو لەگەڵ خواست و ویستەکانی پرۆلیتاریادا دژو ناکۆکە، چونکە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە پرۆلیتاریا نیشتیمانی نیە، نیشتیمان چەمکێکی بۆرژوازیانەیە. مارکس و ئینجلس و دواتریش لینین لەبری ناسیونالیزم خەون و خواستی سۆشیالیزمیان هەبوو. واتە دامەزراندنی سیستێمێکی سۆشیالیستی لە وڵاتدا یان بۆ کۆمەڵگا کە تیایدا یەکسانی دەستەجەمی دەستەبەر بکرێت و لەسەر بنەمای ئیتنیک و ڕەچەڵەک و زمان و ڕەنگ و مێژوو نەریت و ئایین و جێندەر جیاکاری نەکرێت. ئەو یەکسانیەی لە دیدی مارکسیزمەوە باس دەکرێت بێجگە لە ناوەکەی تا ئەندازەیەکی ئاشکرا نزیکە لەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کە ناسیونالیزمی مەدەنی دروستی دەکات.

بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە بابەتی بڕیاردانی چارەنووس لە تیزی مارکسیزمدا لە گەوهەردا رازیبوونە بە بڕیاردانی چارەنووس لە روانگەی خواست و ویستی ناسیونالیزمی ئیتنیکیەوە، چونکە ئاشکرایە ئیتنیکە جیاوازەکان یان ناسیونالیزمی ئیتنیکی ویستی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیی هەیە لەسەر جوگرافیای خۆی. چەمکی بڕیاردانی چارەنووس تەنیا لە چوارچێوەی تیۆرییدا بوونی هەیەو باس دەکرێت. تەنانەت لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش بە تایبەتی لەسەردەمی لینین خۆیدا، بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بەو شێوەیەی مارکسیزم باسی دەکات جێبەجێ نەکرا. لەو هەموو نەتەوانەی لەچوارچێوەی یەکێتی سۆڤێتیدا بوون یان پێشتر لە سەروەختی ئیمپراتۆریتی قەیسەریدا داگیری کردبوون، لینین تەنیا رەزامەندی لەسەر جیابوونەوەی فینلەندا دەربڕی. ئاشکرایە پاساوی لینین بۆ رازیبوون لەسەر جیابوونەوەی فیلەندا ئەوەبوو کە فینلەندا لە رووی ئابووریەوە پێشکەوتووەو وەکو وڵاتێکی رۆژئاوایی وایەو لە رووی پەرەسەندنی ئابووری و چینایەتیەوە جیاوازە لەو نەتەوانەی تر کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سۆڤێتیدان. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لینین بڕوای وابوو ئەو نەتەوە یان وڵاتانەی لە روسیا جیادەبنەوەو سەربەخۆ دەبن، دواتر خۆیان دێنەوە ناو یەکێتی سۆڤێت یان ناو فیدرالیزمی سۆڤێتی. بەهەرحاڵ نموونەی فینلەندامان بۆ ئەوە هێنایەوە کە رووناکی بخەینە سەر ئەوە کە چەمکی بڕیاردانی چارەنووس چەمکێکە زیاتر پەیوەستە بە ناسیونالیزمی ئیتنیکیەوە. لە کەلتوری مارکسیزمدا کاری پێنەکراوەو تەنیا وەکو تێزێک پێشکەشکراوە. ئەگینا لە رووی راستیەوە روانینی مارکسیزم بۆ ناسیونالیزمی ئیتنیکی، واتە بۆ دروستکردنی نەتەوە لەسەر بنەمای ئیتنیک هەمان روانینی ناسیونالیزمی مەدەنیە، کە دژی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لەسەر بنەمای ئیتنیک و زمان و نەریت و مێژووی هاوبەش. هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە تاکو ئێستا دەوڵەتانی ناسیونالیزمی مەدەنی یان شێواز رۆژئاوایی، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە بە ئاسانی داننانێن بە دروستبوونی هیچ دەوڵەتێکی نوێدا لەسەر بنەماو پایەی ئیتنیکی یان تاک ئیتنیکی درووست بکرێت.

کیملیکا باس لە دوو جۆری ناسیونالیزم دەکات و هەریەکەیان لە جەمسەرێک دادەنێت و ماوەی جیاوازی نێوانیان زۆر بە فراون نیشان دەدات.

لەم رووەوە دەڵێت: هەندێ ناسیونالیزم ئاشتیخوازو لیبراڵ و دیموکراتن، لەکاتێکدا ئەوانی تریان لە بێگانە ترساو و ستەمکارو فراوانخوازن[١٥]. ئەم توێژەرە بەئاشکراو راستەوخۆ ناوی ئەو دوو جۆرەی ناسیونالیزم ناهێنێت، بەڵام لە دەربڕینەکەیدا ئاشکرایە کە مەبەستی لە ناسیونالیزمی ئاشتیخوازو لیبراڵ و دیموکرات ناسیونالیزمی مەدەنی یان ناسیونالیزمی لیبراڵ یان رۆژئاواییەو، ناسیونالیزمی ستەمکارو فراوانخوازو ترساو و متمانە بەخۆنەبوو، ناسیونالیزمی ئیتنیکی یان رۆژهەڵاتیە. هەر لەراستیدا لە زۆر بۆنەو لێکۆڵینەوەشدا لە بری ناسیونالیزمی مەدەنی دەربڕینی ناسیونالیزمی لیبراڵ بەکاردەهێنرێت. ئەم بەراوردو جیاکردنەوەی کیملیکا هەمان دووبارەکردنەوەی ئەو بۆچوونە سادەیەیە کە دەڵێت ناسیونالیزمی مەدەنی ناسیونالیزمێکی باشە، بەڵام ناسیونالیزمی ئیتنیکی ناسیونالیزمێکی خراپە. هۆکەیشی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ناسیونالیزمی ئیتنیکی رەگوڕیشەی لە چەمکی نەتەوەدایەو تایبەتمەندەو ئەندامێتی یان سەربە نەتەوەبوون لەسەر بنەمای رەچەڵەک واتە باپیری هاوبەش پێناسە دەکات و ئەوەش بەهۆکاری داخران و مانەوە لە جوغزێکی داخراودا دادەنرێت و وەکو بەربەست و رێگر لەبەردەم تیکەڵاوبوون و کۆمەڵایەتیبوونێکی باڵاترو شارستانینەتردا دادەنرێت و ئەم پاشخانەش بەرهەمهێنی عەقڵی داخراو و ئاسۆی تەنگ و کورت مەودای بینینە و سەرئەنجامیش سنووردارکردنی ئازادیەکان و تەنانەت تواناکانی تاکەکەسیشە.

هەر لێرەوە دەشێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئەو ناسیونالیزمەی لە ئەڵمانیا و ئیتالیا دەرکەوتووە بێ هیچ گۆڕانکارییەک لە روانیندا بۆ چەمکی نەتەوە لەسەر بنەمای ئیتنیک، بێگومان ناسیونالیزمێکی نادیموکرات و نالیبراڵ و ستەمکارو فراونخوازەو نازیزم و فاشیزمی بەرهەمهێناوە. ئاشکرایە ئەو ناسیونالیزمە ناسیونالیزمێکی خراپەو لەسەر بنەمای ئیتنیکی دروستبووەو شوێنی دەرکەوتن و هەژموون پەیداکردنی جوگرافیای رۆژئاوا بووە. هاوکات ناسیونالیزمی فەڕەنسی و هۆڵندی و ئەمەریکی و ئیسپانی و تەنانەت بەریتانیش کە بە ناسیونالیزمی مەدەنی دادەنرێن و لەسەر بنەمای هاوولاتیيبوون و خاک پێکهاتوون، ئەگەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆ پێداگریی لەسەر ئازادی و مافی تاکەکەس و یەکسانی دەکەن، بەڵام ئەوانیش

لە قۆناغێکدا ئیمپریالیزمیان بەرهەمهێناوەو رووبەری فراوانیان لە خاک و وڵاتی میللەتانی تر داگیرکردووەو بێ هیچ سنوورێک نەک هەر ئازادی و مافی ئەوانی تریان پێشێل کردووە، بەڵکو رووبەرێکی فراوان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان وێرانکردووەو مرۆڤەکانیان کوشتووە لە پێناوی بەرژەوەندییە ئابووەییەکانی خۆیاندا.

هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بە پلەی یەکەم دروستکراوی دەوڵەتانی پێشکەوتووی رۆژئاوا بوو. ئەو دەوڵەتانە بەرزترین نموونەی پەرەسەندوی دەوڵەتی ناسیونالیزمی بوون کە زۆرینەیان ناسیونالیزمی مەدەنی دروستکەرو بەرهەمهێنیان بوو. ئەم وتەیە بۆ دژایەتیکردنی جۆرێکی ناسیونالیزم نیە بە دژی جۆرێکی تری، بەڵکو بۆ نیشاندانی ئەو راستیەیە کە دەسەڵات بە هەموو جۆرەکانیەوە بە توندو تیژی بارگاویکراوە. هەروەک لە لایەکی ترەوە ئەوە دەردەخات کە زۆرێک لەو کۆمەڵناس و مێژوونووسانەی بە بواری ناسیونالیزمەوە خەریکبوون، کەمتر سەیری ئەوەیان کردووە کە دەوڵەتانی ناسیونالیستی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەوانەی ناسیونالیستەکەیان بە ناسیونالیستی مەدەنی ناودەبرێت، کە گوایە لە ئاستی ناوخۆدا دەوڵەتی دیموکراتی و لیبراڵ و بەرهەمهێنی ئازادین، بۆچی لە پرۆسێسەکانی کۆلۆنیالیزمدا هێندە توندو تیژو خوێنڕێژو وێرانکەرن،؟ ئایا ئەم سیاسەتی وێرانکردنەی وڵاتانی تر ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەمانیش لە گەوهەرو ماهیەتدا دژی هەموو ئیتنیکەکانی ترن بێجکە لە ئیتنیکەکانی کۆمەڵگاکانی خۆیان؟ یان ئایا ئەوە ناسەلمێنێت کە هەموو دەسەڵاتێک لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەموو پێوانەو رێساو بەهاکان پێشێل دەکات؟ یان ئایا ئەوە ناسەلمێنێت کە هەموو دەسەڵاتێک لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەرامبەر بە نەتەوەو ئیتنیکەکانی تر رەگەزپەرست و تۆتالیتارو فاشیزمە؟

# سەرچاوەکان


1. Anthony D. Smith, Nationalism: Theory, Ideology, History, (polity press, 2010), p. 9
2. John Kane, The political of Moral Capital (Cambridge, 2001), p.14.
3. Ernest Gellner, Nations and Nationalism (UK, Oxford, Blacwell, 1983), pp.99-100.
4. Annual Review of Political Science, V.22, 2019, p. 125
5. Ernest Gellner, Nations and Nationalism, p.124.
6. Annual Review of Political Science, Volume,22, 2019, p. 419.
7. Auer Stafan, Liberal Nationalism, Routledge Books, 2004, p. 5.
8. Anthony D. Smith, The Ethnic Origins of Nations (UK, Oxford, Blackwell), p. 19
9. Michael Ignatieff, Blood and Belonging: Journeys into the new Nationalism, 1994, p.34
10. Annual Review of Political Science, Volume 22, 2019. P. 425.

١١. عەتا قەرەداخی، ستراتیژو کەسێتی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٩٦

12. Ernest Gellner, Nations and Nationalism, 1983, pp.99-100.
13. Michael Ignatieff, Blood and Belonging: Journeys into the new Nationalism, p.6
14. Krzysztof Jaskulowski, The Origins and Critique of the Dichotomy, in Sociological Review, No.17, 2010, p.292.
15. The Philosophical Forum, Volume xxviii, No 1-2 Fall-Wnter 1996-1997: Cultural Nationalism Neither Ethnie nor Civil by Kymlicka, p.44

بەشی چوارەم

# ناسیونالیزمی کەلتوری

سـەرەتا: مەبەسـت لـە ناسـیونالیزمی کەلـتوری چیـە؟ پایەکانی ناسـیونالیزمی کەلتـوری چیـن؟ جیـاوازی نێـوان ناسـیونالیزمی کەلتـوری و ناسـیونالیزمی ئیتنیکـی چیـە؟ جیـاوازی ناسـیونالیزمی کەلتوری و ناسـیونالیزمی مەدەنی چیە؟ مێـژووی دەرکەوتـن یـان سـەرهەڵدانی ناسـیونالیزمی کەلتـوری دەگەڕێتـەوە بـۆ کـەی و لـە کـوێ دەرکەوتـووە یـان سـەریهەڵداوە؟ نموونـەی ناسـیونالیزمی کەلتـوری کامەیـە؟ ناسـیونالیزمی کەلتـوری چـۆن دەڕوانێتـە دروسـتکردنی نەتـەوەو دەوڵـەتی نەتـەوە؟

زاراوەی کەلتور لە Culture ەوە هاتووە کە بە مانای چاندن یان چاککردن بەکارهاتووە. سـەرباری کۆنی ئەم زاراوەیەو گەڕانەوەی بۆ سـەردەمی ڕۆمان و بەتایبەتـی گوتاربێـژی ڕۆمانـی سیسـیرۆ، بەڵام لـە سـەدەی هـەژدەو نۆزدەدا لـە ئەوروپـا بەکارهێنانـی ئـەم زاراوەیـە لـە چاندنـەوە گواسـترایەوە بـۆ بـواری کۆمەڵایەتـی. هـەر لـەو کاتـەوە ئـەم زاراوەیـە ڕەهەنـدی فراوانـی کۆمەڵناسـی وەرگـرت و بوارەکانـی بـڕواو بەهـاو زمـان و ئـەدەب و هونـەرو فۆلکلـۆرو ئەفسـانەو پەیوەندیکـردن و ئـەو پیادەکردنـە گشـتیانەی دەگرتـەوە کـە مـرۆڤ بەشـداری پیادەکردنیانـی دەکـرد وەکـو سـرووت و کەشـە کۆمەڵایەتیـەکان و تەنانـەت هـەردوو ئاسـتی مـادی و مەعنـەوی دەگرتـەوە. ڕەگەزەکانـی کەلتـور بەکاردێـن بـۆ پێناسـەکردنی دەسـتەجەمی یـان گـروپ و پێکهاتـەکان، کـە ئەوەش لەسـەر بنەمـای هاوبەشـیکردن لـە هەمـان ئـەو ڕەگەزانـەی پیادەکردنـی ژیانـی

رۆژاندا دەبێت. هەڵبەت ئەم رەگەزانەش کە بەگستی لە چوارچێوەی کەلتوردا کۆدەکرێنەوە، پەیوەندییان بە دەرکەوتنی ناسونالیزمەوە هەیەو تەنانەت جۆرێکی تایبەت لە ناسیونالیزم لەسەر بنەمای ئەم رەگەزە کەلتوریيانە دروستبووە، کە ناودەبرێت بە ناسیونالیزمی کەلتوری.

ناسیونالیزمی کەلتوری شێوەیەکە لە ناسیونالیزم کە نەتەوە پێناسە دەکات بەهۆی کەلتوری هاوبەشەوە، بەڵام بڕوای بە ئیتنیکی هاوبەش یان رەگوڕیشەو باپیری هەوبەش نیە. ئەمەش دەریدەخات کە ناسیونالیزمی کەلتوری دەکەوێتە نێوان ناسیونالیزمی ئیتنیکی و مەدەنیەوە. بەشێک لە توخم و رەگەزو پایەکانی هەریەکەیانی تێدایەو بە تەواویش هاوشێوەی هیچ کامیان نیە. ناسیونالیزمی کەلتوری بایەخ بەو شوناسە دەدات کە بەهۆی یان لەسەر بنەمای نەریت و بنچینە کەلتورییەکان پێکدێت، بەڵام نەریتێک نا کە بەرهەمی رەچەڵەک یان خوێن و دەمار یان باپیری هاوبەش بێت. لە ویکیپیدیادا هاتووە: ناسیونالیزمی کەلتوری شێوەیەکەیە لە ناسیونالیزم تیایدا نەتەوە بەهۆی کەلتوری هاوبەشەوە پێناسە دەکرێت[١]. هەڵبەت لێرەدا بۆ ئەوەی سنوورو چوارچێوەی ئەو بنەما هاوبەشە بزانین کە بەهۆیەوە نەتەوە پێناسە دەکرێت، پێویستە سەرەتا بزانین کەلتور چیە؟ توخم و رەگەزەکانی کەلتور چین؟ هەروەها پەیوەندی نێوان کەلتورو شوناسی نەتەوەیی چیە؟ پەیوەندی نێوان کەلتور بە کۆی رەگەزەکانیەوە لەگەڵ ناسیونالیزمدا چیەو چۆنە؟ لە راستیدا پایەکانی کەلتور بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە: زمان، هێماکان-سیمبوڵ-، پێوانە یان نموونەو بنچینە، بەهاکان، بیروباوەڕ، ئەدەب و هونەر و سرووت و کەشە کۆمەڵایەتیەکان. هەریەکە لەم پایانەی کەلتور چەندین رەگەزی دووەمی لەخۆ دەگرن و پەیوەندی راستەوخۆ و بوونگەراییانەیان بە کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشتی ژیان و ئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتنەوە هەیە. هەڵبەت کۆی ئەم رەگەزانەش پەیوەندییان بە شوناسی نەتەوەوە هەیەو تەنانەت لە روویەکی ترەوە وەکو پایەکانی نەتەوەش سەیر دەکرێن. هەربۆیە لەم تیشکەنیگایەوە دەشێت باس لە پەیوەندی نێوان کەلتور بە گشتی و رەگەزەکانی بەتایبەتی بە ناسیونالیزمەوە بکرێت.

زمان کە بە یەکێک لە پایەکانی کەلتور دادەنرێت و لە پیت و وشەو رستەو دەنگ پێکدێت و ئامرازی سەرەکی دەربڕینەو هۆکاری سەرەکی

پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەو هەڵگرو گوێزەرەوەی هەموو پەیام و نامەیەکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا. ئەگەر ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیا یان گوتار سەیر بکرێت، ئەوا بنەمای سەرەکی ئەو گوتارە یان ئەو ئایدیۆلۆجیایە زمانە کە بارگاوی دەکرێت بە بیرو زانین. هەروەک هێما بریتیە لە هەر شتێک کە بەکاردەهێنرێت بۆ نواندن یان دەربڕین و گوزارشتکردن لە هەر شتێک یان ڕووداوێک یان بارودۆخێک یان کەس و گروپ و بیرو ئایدیایەک، یان هێما بەکاردێت بۆ نیشاندانی ڕووداوێکی رابردوو، یان ئێستا یان داهاتوو. هێما ڕەگوڕیشەی قوڵی لە ناو مێژوو، هەروەها لەناو کۆنەستی کۆمەڵایەتی هەر دەستەو گروپێکی کۆمەڵایەتیدا هەیە. ئاشکرایە هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک هێمای تایبەت بە خۆیی هەیە. ئاگر، ڕەنگ، شمشێر. خەنجەر، باڵندە، ئاژەڵ... هەریەکەیان هێمان بۆ شتێک و هەریەکەش پەیوەستن بە گەل و نەتەوەی جیاوازەوە. هێمای گشتیش هەن کە بۆ هەموو گەل و نەتەوە جیاوازەکان هەمان مانایان هەیە. لە هەموو شوێنێک خۆڵەمێش هێمای سوتان و وێرانبوونە. لە ڕاستیدا کەلتور وەکو سیستێمێک یان ڕێکخستنێکی هێماکان سەیر دەکرێت و هێماش دەربڕینە بە ڕێگایەکی کورت و چڕ. ئەو هێمایانەی کە لەناو پانتایی بوونی نەتەوە یان ئێتنیکێکدا بوونیان هەیە، ڕوڵ دەبینن لە زیاتر کۆکردنەوەی تاکەکانی ئەو ئێتنیک و نەتەوەیە لە دەوری خۆیان و بەوپێیەش لە دەوری یەکترو ئەوەش نەک پەیوەندیکردن ئاسانترو بەهێزتر دەکات، بەڵکو جۆرێک لە وابەستەبوون و سەربەیەکتربوون لە نێوان ئەو ئەندامانەدا درووست دەکات. ئەوەش سەرئەنجام دەبێتە دروستکردن و بوونی ئینتیما بۆ یەکتری و بۆ ئەو زەمینەو پاشخانە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و زمانیەی کە ڕۆڵیان بینیووە لە بەرهەمهێنانی ئەو هێمایانەدا.

هەروەها Norms کە بەمانای پێوانە، بنچینە، ڕەفتار دێت، یەکێکە لە بنەما، یان ڕەگەزەکانی کەلتور، یان ئەو ڕێساو پەیڕەوەیە کە ڕەفتاری تاکەکەس دیاری دەکات و تاکەکەس لە ناو کۆمەڵ و لە چوارچێوەو سنووری کۆمەڵ و کەلتوری ئەو کۆمەڵەدا دەپارێزێت و هەروەها نۆرم یان پێوانە سنوور بۆ ئەنجامدانی شتێک یان ئەنجامنەدانی دیاری دەکات و لێرەشەوە سنووری ئەو ڕەفتارانە دەکێشێت کە تاکەکەس لەناو ئۆرگانێکی گەورەتردا بۆی هەیە ئەنجامیان بدات، یان نا کە ئەو یەکە، یان ئەو ئۆرگانە ڕێکخراوەش کۆمەڵگایە.

هەروەک نۆرم زانیاری سەبارەت بە راستیی یان هەڵەبوونی شتێک پێشکەش دەکات. نۆرم، پێوانە، بنچینە، رەفتار بەشێوەیەکی سەرەکی دابەش دەبێت بۆ فۆلکلۆر و داب و نەریت. فۆلکلۆر بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکە لە کاری ئاسایی و رەفتاری تاکەکەس و دەستەجەمیش، بەڵام لە راستیدا فۆلکلۆر هەمیشە وەکو بەرهەمی میللی یان خەڵک سەیر دەکرێت و کۆمەڵگا خاوەنێتی. فۆلکلۆر بەرهەمی میللی دانپێدانراو یان پەسەندکراوی کۆمەڵگایەو لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک جیاناکرێتەوە. داب و نەریت و عورف، ئەمانیش بەرهەمی پیادەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگان کە شێوەی رێساو چوارچێوەی جێگیر و دەست لێنەدراو وەردەگرن و سنووری رەفتاری تاکەکەس و تەنانەت کۆی کۆمەڵگاش دەکێشن. داب و نەریت و عورف لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتی یان نەریتیەکاندا زۆربەی کات نەک هەر شوێنی یاسا دەگرنەوە، بەڵکو پێشێلی دەکەون و تەنانەت عورفە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگا ئایینیەکاندا بۆ نموونە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، لە زۆر بارو هەلومەرجدا پێش بنەماو بڕیارەکانی شەرع و شەریعەت دەکەون. ئایا نۆرم یان پێوانەو بنچینەو رەفتار پەیوەندییان بە ناسیونالیزمەوە چیە؟

نۆرم وەکو رەگەزێکی کەلتور، رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و لە چۆنێتی ئەنجامدانی سروتە کۆمەڵایەتیەکان و لە دیاریکردنی سنووری رێگاپێدراو قەدەغەدا. هەمیشەش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نۆرم وێنەی یەکەیەکی فراوانتر لە تاکەکەس و گروپی بچووک دەکێشێت و بۆ ئەو مەبەستەش لە لایەک جۆریک لە پتەویی دەدات بە پرۆسێسی کۆمەڵایەتیبوون و کۆمەڵایەتیبوون وەکو خاسێتێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و شێوازی پەیوەندی و پێکەوە پەیوەستبوونی کۆی ئەندامان و دەستەو گروپ و ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا سەیر دەکات. ئەمەش لە گەوهەردا ئاماژەی جۆرێک لە یەکێتی و یەکبوون هەڵدەگرێت. لە راستیشدا هەم نۆرم، واتە پێوانەو بنچینە، هەم داب ونەریت و عورف ئەوەندەی وەکو بەرهەمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی، یان کۆمەڵگای رووبەرێکی جوگرافی فراوان بە تایبەتی سەیر دەکرێن، بۆ نموونە رۆژهەڵات، رۆژئاوا، کۆمەڵگای ئەوروپی، ئەمەریکی، ئیسلامی، کۆمەڵگای ئەفەریقی، رۆژهەڵاتی ناوەراست...ئەوەندە وەکو بەرهەمی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان دەستەو گروپی سنوردارو ناوچەیی

سەیر ناکرێن. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یان کۆمەڵگای رووبەرێکی جوگرافی وەک کۆمەڵگای ئەوروپی، رۆژهەڵاتی... کۆمەڵگای فرە ئیتنیکین و ناکرێت وەکو کۆمەڵگای تاکە ئیتنیک سەیر بکرێن. لێرەوە دەشێ رەگەزەکانی کەلتور بەگشتی وەکو بنەماو پایەی ناسیونالیزمی کەلتوری سەیر بکرێن. کە خودی ناسیونالیزمی کەلتوری لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش و رەتکردنەوەی ئیتنیک یان باپیرەی هاوبەش دروست دەبێت و لەم روانگەیەشەوە نەتەوە لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش پێناسە دەکرێت.

رەگەزێکی تری بایەخداری کەلتور بریتیە لە بەهاکان. مەبەست لە بەها چیە؟ هەر شتێک لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤدا بایەخی هەبێت، دەبێتە بەها بۆ مرۆڤ. دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە دەپرسێت: ئایا بەهاکان ئەسڵێکی بایۆلۆجیانەیان هەیەو لە شێوەی بۆماوە یان میراتدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە؟ بێگومان ئاشکرایە کە بەهاکان بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتین.کۆی بەهاکان لە کۆمەڵگادا لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگاو کۆی کارلێکە کۆمەڵایەتیەکاندا دروست دەبن و گەشەدەکەن و پەرەدەسێنن. مەبەست لە بەهاکان چیە؟ بەهاکان ئەو شتانەن کە ئیمە وەکو مرۆڤ نەک هەر حەزبە چەسپاندنیان دەکەین، بەڵکو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەکو پێویستیان لێ دێت و لە لایەک لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگادا گەشە دەکەن و لە لایەکی ترەوە دەبنە هۆکاری زیاتر پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگا. لەو بەهایانەش بۆ نموونە: یەکسانی، ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری، نیشتیمانپەروەری، برایەتی، هاونیشتیمانیبوون، گیانی بەرگری و یەکترقبوڵکردن، ئاشتیپەروەری، دڵسۆزیی، راستگۆیی، خۆنەویستی، سادەیی... ئەم بەهایەناش هەندێکیان پەیوەستن بە سروشتی کۆمەڵگاو شێوازی رێکخستنی و پەرەسەندنیەوە. هەندێکیان پەیوەستن بە باری ئابووری و شێوازی رێکخستنی ئابووری و چۆنێتی بەڕێوەبردنیەوە. هەندێکیان پەیوەستن بە سیستێمی بەڕێوەبردن یان دەوڵەتەوە لە جۆری ئازادی و دیموکراسی و مافی هاووڵاتیبوون و ئازادی تاکەکەس و دەستوەرنەدانی سیستێمی دەسەڵات لە ئازادیە کەسیەکان. هەروەک کۆی بەهاکان پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستی گەشەو پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەکەوەو لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لە بارودۆخێک بۆ بارودۆخێکی تر لە یەکتر جیاوازن. بەهاکان کە پایەیەکی

بەهێزی کەلتورن و بوونیان دەبێتە زەمینەو پاڵنەر بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی پەرەسەندو و چەسپاو کە تیایدا تاکەکەس هەست بە شوێن و پێگەی راستەقینەی خۆی بکات و هەست بە بوونی مرۆیی خۆی بکات کە ئەوەش گیانی هەست بە بەرپرسیارێتیکردن بەهێز دەکات و پەیوەستبوون و سەربە کۆمەڵگابوون پتەو دەکات و تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێتە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەیان و گیانی نیشتیمان پەروەری و وڵاتپەروەری و وڵاتپارێزی و بەرگریکردن لە کۆمەڵگاکەیان بە گشتی بە هەموو جیاوازییەکانیەوە بەهێزدەکات. واتە سەرباری جیاوازی ئیتنیکی، زمانی، ئایینی، رەنگ، جێندەر ... وا لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەکات وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو سەیری هەموو کۆمەڵگا بکەن و وەها بڕوانن کە کۆی ئەو بەها هاوبەشانە دەبنە بنەما بۆ بنیادنانی نەتەوە.

یەکێکی تر لە رەگەزەکانی کەلتور بڕوا یان بیروباوەڕە. هیچ رێبازو شێوازێکی ژیان نیە کە بیروباوەڕێک لە پشتیەوە نەبێت. بیروباوەڕ هەروەکو ئاراستەی گشتی ژیان دیاری دەکات، دیسان پاڵنەرێکی بەهێزیشە بۆ دروستکردنی ئیرادەو بەرهەمهێنانی جوڵە. هەروەها بیروباوەڕ لە ئاستێکدا بەرنامەو شێوازی کارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکان دیاری دەکات. رووبەرێکی فراون لە خەڵک هەڵگری بیروباوەڕی ئایینین و سەربە ئایینە جیاوازەکانن. بڕواداری مسوڵمان خودا دەپەرستێ و بڕوای بە پێغەمبەرو قورئان و رۆژی کۆتایی و زیندوبوونەوەو لێپرسینەوە هەیەو لەو پێناوەشدا هەوڵدەدات ئەرکە ئایینیەکان بە باشی جیبەجێ بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەڵینانەی ئایینەکە بە بڕوادارانی خۆیی داوە بۆ رۆژی کۆتایی. ئەم بیروباوەڕە ئایینیە زۆربەی کات کەسێتیەکی متمانە بەخۆبوو، خۆنەویست، خاوێن، زاهید و قوربانیدەر لە پێناوی راستیدا بەرهەمدەهێنێت. بیروباوەڕە دنیاییەکانیش بۆ بڕوادارانیان هەمان رۆڵ و کاریگەرییان دەبێت، بەمەرجێک ئەو بیروباوەڕە بیروباوەڕێکی مرۆییانە بێت و لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.

لەسەر بنەمای بیروباوەڕ، بنیادنانی کەسێتی لەم جۆرە پتەو لە لایەک و یەکگرتنی لایەنە گەش و دروستەکانی بیروباوەڕی ئایینی لەگەڵ خواست و ویستە رەواکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا لە لایەکی ترەوە، زەمینە بۆ دۆزینەوەی دەربازبوون لەو بارە ناهەموارو نادروستە دەدۆزێتەوە کە کۆمەڵگایەکی

تێدایە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە لە ئیتنیکی جۆراوجۆرو و زمان و رەنگ و ئایینی جۆراوجۆر کە بیروباوەڕی هاوبەش وەکو رەگەزێکی کەلتوری یەکیان دەخات و یەکیان پێدەگرێت. ئەم یەکگرتن و یەکبوونە بەهۆی بیروباوەڕی هاوبەشەوە بێ رەچاوکردنی ئیتنیکی هاوبەش یان بوونی یەک رەچەڵەک و یەک باپیرە دەبێتە دەروازەیەکی تر بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و بنیاتنانی نەتەوە لە سەرخاکێکی هاوبەش نەک لەسەر بنەمایەی تاکە ئیتنیک یان تاکە رەگوڕیشەیەک.

رەگەزێکی تری کەلتور ئەوەیە کە پێی دەگوترێت شتە زانرو ،یان هەستپێکراو و پەیپێبراوەکان Cognitive Elements. ئەمەش ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ یان تاکەکەس بە خۆڕسکی یان لە نێو ژیانی کۆمەڵگادا وەکو رەگەزێکی کۆمەڵایەتیبوون، یان لە ئەنجامی هەستکردن و لێکدانەوەو پەیبردنەوەو دەشێ لە رووی غەریزەشەوە ئەو شتانە بزانیت یان فێر ببێت و فێریش دەبێت کە چۆن لە ژیانی رۆژانەدا مامەڵە لەگەڵ ئەو رەگەزانەدا بکات و چۆن لەگەڵ واقیع رێکیان بخات و لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرج و زەمینەی کۆمەڵایەتیدا بیانگونجێنێت، یان کاریان پێبکات، یان بیانپارێزێت. بۆ نموونە مرۆڤ چۆن رووبەڕووی کارەسات و رووداوە نائاساییەکان ببێتەوە، چۆن خۆی لە مەترسیەکان بپارێزێت، چۆن پێشبینی کارەساتە سروشتیەکان بکات و رێ و شوێنی پێویست بۆ خۆپاراستن لێیان دابنێت. چۆن کاربکات و پێداویستیەکانی ژیانی دەستەبەر بکات، چۆن هەڵس و کەوتی خۆی رێکبخات و وەڵامدانەوەی بۆ هەر رووداو و کارەسات و رووبەڕووبوونەوەیەک چۆن بێت و سرووت و ئەتەکیتی ژیانی رۆژانە چۆن رێکبخات بەجۆرێک لە ئاستێکی تردا ئەم رەگەزە زانراو و پەیپێبراوانە وەکو بەشێک لە داب و نەریتیان لێبێت. ئەم رەگەزە زانراوانە کە دەبنە بەشێک لە کەشی کۆمەڵایەتی دەچنە ناو بنیادی هوشیاری و عەقڵی تاکەکەس و بەشداری دەکەن لە بنیادنانی کەلتوری گشتیداو وەکو رەگەزێکی هاوبەشی کۆی ئەو پێکهاتانەیان لێ دێت کە لەسەر رووبەرێکی دیاریکراوی خاک یان جۆگرافیا دەژین. هەر لێرەوە ئەم رەگەزە زانراوانە دەبنە بەشێک بۆ بنیادنانی شوناس و جیاکردنەوەی کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکانی تر. هەروەک دەشێت ببنە پاڵنەرو هۆکاری دروستکردنی جوڵە بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی هەستی لە یەکتر نزیکبوونەوەو پێکەوە

پەیوەستبوون و سەربەیەکتربوون. ئەمانەش لە ئاستێکی تردا دەبنە بنەما بۆ دروستکردنی ناسیونالیزمێک کە بنەماکەی خودی ئەم رەگەزانەیە کە هەمووان تیایدا هاوبەشن و ئیتنیکی هاوبەش و باپیرەی هاوبەش رۆڵێکی ئەوتۆ لە دروستکردنیدا نابینن. ئەم رەگەزە زانراوانە وەکو بنەمایەکی کەلتور بەشداری دەکەن لە پێکهێنان و دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا. لەسەر ئەو بنەمایەش لە ئاستێکی تردا دەبنە بەشێک لە رەگەزەکانی بنیادنانی نەتەوەو شوناسی نەتەوەیی.

بێگومان کاتێک باسی ناسیونالیزمی کەلتوری دەکرێت، ئێمە دەزانین مەبەستمان لە کەلتور، کۆی ئەو رەگەزە کەلتورییانەیە کە لەسەرەوە ناومان هێنان. بەڵام ئایا ئەم رەگەزە کەلتورییانە چۆن بەشداری دەکەن لە بنیادنانی یان لە بەرهەمهێنانی ناسیونالیزمدا. بەگشتی کەلتوری هاوبەش، تەنانەت لە روانگەی کلاسیکەکانەوە بۆ بوونی نەتەوە وەکو توخمێک یان پایەیەکی بوونی نەتەوە سەیردەکرێت، بەڵام لە روانگەی ناسیونالیزمی کەلتورییەوە ناوسیونالیزمی کەلتوری لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش بە کۆی رەگەزەکانیەوە پێکدێت. بنەمای کەلتوری هاوبەش بنەمایەکی نەرمترو جیرو پڕکێشترە لەچاو ئیتنیکی هاوبەش و باپیرەی هاوبەشدا بۆ پێکهێنانی ناسیونالیزم، کە ئەمانەی دواییان توندو گرژن و ئەوەش زۆرجار دەگۆڕێت بۆ رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم. هەر لێرەوە نزیکی لە نێوان ناسیونالیزمی کەلتوری و ناسیونالیزمی مەدەنیدا زیاتر ئاشکرا دەبێت و ئەو سنوورەی لە یەکتریان جیادەکاتەوە ناتوانێت بەتەواوەتی رێگا لە بەناویەکتر چونیاندا بگرێت. بەڵام ئەوە ئاشکرایە سەرباری نزیکی نێوان ئەم دوو شێوازی ناسیونالیزم بەڵام هەریەکەیان بوونی سەربەخۆی خۆیی هەیە و لەویتریان جیاوازە.

ناسیونالیزمی کەلتوری بزووتنەوەیەکی فراوانە بۆ پێناسەکردنی نەتەوە لە رێگای خاسێتە هاوبەشە میراتیە کەلتورییەکانەوە[٢]. لێرەشدا پێداگری لەسەر خاسێتە هاوبەشە کەلتورییەکان دەکرێت، کە خەڵک تیایاندا بەشدارن و وەکو میراتی هاوبەشی هەموویانی لیهاتووە. یان ئەو خاسێتە هاوبەشانەی پێکەوە وەکو سەرخانی کۆمەڵگا سەیر دەکرێن و بەرهەمی هەموو کۆمەڵگا

یان هەموو خەڵکن، دەبنە بنەمای یەکگرتن و یەکخستنی هەموو کۆمەڵ بێ ڕەچاوکردنی ئەو زمانەی پێی دەدوێن یان ئەو ئایینەی پەیڕەوی دەکەن یان ڕەنگ و جێندەریان. ئەمە بێجگە لەوەی ڕەچەڵەکی هاوبەش و باپیرەی هاوبەش هەرگیز لەم ڕوانگەیەوەو لەم ڕووبەرەدا جێگایان نابێتەوە. ڕەگەزە هاوبەشەکانی کەلتور کۆی خەڵک یەکدەخەن و دەیانکەنە یەکەیەکی یەکگرتوو. واتە لێرەدا کەلتور بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە ڕۆڵی بزووتنەوەی کەلتوری کۆمەڵایەتی دەبینێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و یەکخستن و ڕێکخستنیان.

لەپاڵ ئەمانەدا، ڕەگەزێکی تری هاوبەش وەکو ژێرخان و بنەمایەکی پەیوەست بە بوونی تاکەکەس و بە خۆپێناسەکردنی تاکەکەس کە خاکی هاوبەشە ڕۆڵ دەبینێت. خاک وەکو زەمینەی پێکهاتن و دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە ڕۆڵ دەبینێت کە ئامانجی ئاراستەکردنی کۆمەڵ یان خەڵکە بۆ پێناسەکردنی خۆی وەکو نەتەوە. لە بارێکی وەهاشدا نەتەوە لە بری ئەوەی بە ناوی ئیتنیک یان زمانەوە پێناسە بکرێت، یان بناسێنرێت، بەناوی خاک یان نیشتیمانەوە دەناسێنرێت و پێناسە دەکرێت. بۆ نموونە نەتەوەی یان گەلی ئەمەریکی، سیویسری، کەنەدی، ئوسترالی، هیندی. تەنانەت لە هەندێ وڵاتی دواکەوتووی فرە ئیتنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کە سادەترین بنەمای دیموکراسیش بوونی نیە، بەڵام لە بری ئیتنیک یان نەتەوە، گەل بە ناوی خاک یان نیشتیمانەوە ناودەبرێت. لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو وڵاتانەی لە ئیتنیکێک زیاتریان تێدا دەژی، لەبری ناونانی وڵات بە ناوی ئیتنیک یان زمانەوە، بەناوی خاکەوە ناونراوە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ناسیونالیزمی کەلتوری لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش بە کۆی ڕەگەزەکانیەوە بەرهەم دێت، کە بێگومان ناسیونالیزمی کەلتوری، لە کەلتوری تاکە ئیتنیک و تاکە ڕەچەڵەک و تاکە زمان پێکنایەت و بەرهەم نایەت، بەڵکو لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی کەلتورە جیاوازەکان بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە بەرهەم دێت. هەر لەم ڕووەوە بکەرانی ناسیونالیزمی کەلتوریی، کە ناسیونالیستانی کەلتورین کۆشش دەکەن بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شانازیکردن بە جیاوازی کەلتورییەوە ئەگەرچی سەروەریی سیاسی بوونی هەبێت، یان نا[٣]. کەواتە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی

ناسیونالیزمی کەلتوری جیاوازیە، یان کۆبوونەوەو پێکەوە کۆبوونەوەو یەکگرتنی جیاوازییەکانە، کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا فرەیێتی پێکدەهێنێت. دیارە ئەو فرەیێتیە ئەگەر لە ئاستێکی پتەودا بێت، دەبێتە سەرچاوەی هێز. هەر لەم روانگەیەوەی دەبینرێت ئەو نەتەوانەی لەسەر بنەمای ناسیونالیزمی کەلتوری بنیادنراون یان پێکهاتوون، هەم لە رووی دیموکراسیەوە هەم لە رووی ئامادەبوونەوە لە روانگەی ئازادیەکانی تاکەکەس و گروپەکانەوە کە ئەوەش دەبێتە ئازادی کۆمەڵگا، لەو کۆمەڵگایانە پەرەسەندوترن کە ناسیونالیزمەکیان ئیتنیکی یان ئایینی یان چەپ بووە. ناسیونالیستانی کەلتوری هەوڵدەدەن بۆ بەکارهێنانی هێزی میراتی هاوبەش و مێژوو بۆ پەڕینەوە بەسەر دابەشبوونەکانداو بۆ یەکگرتنی هەمووان و بەشداریکردن لە ئەرکی بنیادنانی کۆمەڵێکی یەکگرتووی جیاوازی سەربەخۆدا، کە بتوانێت نەتەوە لە هەڵوەشاندنەوەوە بگوازێتەوە بۆ زیندووبوونەوە(٤). کەواتە لێرەوە ئامانجی ناسیونالیزمی کەلتوری بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە سوود وەرگرتنە لە بنەما کەلتوریە هاوبەشەکانی پێکهاتە ئیتنیکیە جیاوازو جۆراوجۆرەکان و کردنی ئەو بنەما هاوبەشانە بە هۆکارو جوڵێنەری دروستکردن و کارپێکردنی دیدو تێڕوانینی هاوبەش لە نێوان جیاوازەکاندا بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئاستەکانی دابەشبوون و لە یەکتر نزیک کردنەوەی جیاوازەکان تا ئاستی کۆکردنەوەیان لە یەکەیەکی یەکگرتوودا. کە مەبەست لەوەش دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتووە، بەڵام نەک لەسەر بنەمای تواندنەوەی لاواز لەناو بەهێزدا، نەخێر، بەڵکو لەسەر بنەمای ئامادەبوونی هەموو جیاوازەکان بەپێی بوون و ئامادەبوونیان و پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەکانیان و ئازادی پیادەکردنی سرووت و کەشە تایبەتی و جیاوازەکانی هەر پێکهاتەو دەستەو گروپێکی ئیتنیکی کۆمەڵایەتی کەلتوری.

زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەیی لە رووی کەلتورییەوە، نەک لە رووی ئیتنیکیەوە، دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزی گەشەکردن و پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کەلتوری. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا مەبەست لە گیانی نەتەوەیی چیەو چۆن لە رووی کەلتورییەوە ئەو گیانە زیندوو دەکرێتەوە؟ ئایا ئەو گیانە پێشتر بوونی هەبووە؟ ئەگەر بوونی هەبووە چی وای لێ کردووە کە بمرێت یان سست ببێت؟ ئایا ئەو رەگەزانەی گیانی نەتەوەیی بەرهەمدەهێنن

چین؟ ئایا زیندووکردنەوەی ئەو رەگەزانە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەیی، ئەگەری ئەوەی نیە بە ئاراستەی زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی ئیتنیکیدا بڕوات و ئایدیۆلۆجیاو دیدی ناسیونالیزمی ئیتنیکی تیایدا باڵادەست بێت؟

کاتێ باسی گیانی نەتەوەیی دەکرێت، راستەوخۆ قسەکردن لەسەر دوو لایەن دێتە ئاراوە، رووبەرێکی مادی و رووبەرێکی مەعنەوی. واتە هەرچەندە گیان بۆ خۆی زاراوەیەکی ئایدیالیە، بەڵام لێرەدا لایەنە بەرجەستەکەی بوونێکی مادییانەی هەیە. لایەنی دووەمیشی کە پانتایی مەعنەوی یان مۆراڵی دەگرێتەوە، ئەویش لەگەڵ لایەنی مادی پەیوەندی و کارلێکیان هەیە پێکەوە. بێگومان لایەنە مادیەکە بنەمایە بۆ زیندووکردنەوەی یان زیندووبوونەوەی لایەنی مەعنەوی. هەروەک ئیرادە کە بنەمایەکی مەعنەوی یان ئایدیالی هەیە هۆکارو بزوێنەرە بۆ دروستکردنی جوڵە لە رەگەزە مادییەکانی گیانی نەتەوەییدا.

هەرچۆن ئابووری وەکو بنەمای دروستکردن و بنیادنان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە زەمینەو ژێرخان بۆ ئەوەی سەرخانێکی بەهێز بەرهەم بێت. بەهەمان شێوە گیانی نەتەوە زیندوو نابێتەوە ئەگەر بنەمای مادی رۆڵی خۆی لەو بوارەدا نەبینێت و لەوێشەوە دەبێت هەردوو بواری مادی و مەعنەوی پێکەوە کاربکەن. ئەمە بۆ نەتەوە یان کۆمەڵگای ئاسایی و دەرەوەی کۆلۆنیالیکردن یان کۆلۆنی نەکراو روانینێکی دروستە، بەڵام بۆ ئەو نەتەوانەی کە کۆلۆنیکراون بە تایبەتی کۆلۆنیالیکردنی کەلتوری سەرەتا دەبێت لە رزگارکردن و زیندووکردنەوەی کەلتورو گێڕانەوەی کەلتور بە هەموو رەگەزەکانیەوە بۆ لای نەتەوەو بۆ ژێردەستی نەتەوە دەست پێبکات، چونکە ئاشکرایە داگیرکەر نەتەوەی داگیرکراو لە کەلتورەکەی جیادەکاتەوە بە مەبەستی ئەوەی بیخاتە باری نامۆبوون و شلۆقیەوەو لەوێوە بەرەو روخانی تەواوەتی مەعنەوی و پاشان مادی ببات و رێگا لە خۆدروستکردنەوەو رابوونەوەی بگرێت. هەر لێرەوە دەشێت ئاماژەیەکی روون بۆ ئەوە بکرێت کە رەگەزەکانی کەلتور رۆڵی بنەمای مادی لە زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەییدا دەبینن.

دیاره کاتێک باسی ڕەگەزەکانی کەلتور دەکەین وەکو بنەمای زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوە، دەبی ئاماژە بۆ کۆی ڕەگەزە کەلتورییەکانی نەتەوە بکەین کە دەبن بە بنەما بۆ ناسیونالیزمی کەلتوری. تەنانەت ناسیونالیزمی ئیتنیکی و سیاسیش ناتوانن نەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕەگەزانە چونکە لە هەموو بارێکدا نەتەوە چی بەرهەمی ناسیونالیزمی ئیتنیکی بێت یان مەدەنی یان کەلتوری، بەبیٔ کەلتور وەکو قەوارەیەک یان لاشەیەکی بیٔ گیان وایە. هیچ لاشە یان تەنێک بەبیٔ گیان توانای جوڵەی نیە. ڕەگەزە کەلتورییەکان بەرهەمی ژیانی دووردرێژی کۆمەڵ یان نەتەوەن.. کە هەموو ئەو نموونەو شێواز یان دەربڕینانەی کۆمەڵگان، کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگایە ڕێکدەخەن و یەکیان پێدەگرن و دەیانکەن بە جۆرێک لە چەمک یان تێگەیشتن، هەروەها شێوازی بوون و بیرکردنەوەش ڕێکدەخەن[٥]. بێگومان رووبەری ئەم ڕەگەزانەش فراونەو بریتیە لە زمان و مێژوو، ئایین و داب و نەریت و خوو هەڵسوکەوت و سرووت و عورف و بیروباوەڕو جل و بەرگ و خواردن و گۆرانی و مۆسیقاو فۆلکلۆرو هونەرو نەخشەسازی و شایی و شین و..تاد. کە هەموو ئامانە ڕەسانایەتی کۆمەڵگا یان نەتەوە نیشان دەدەن و وەکو بەرهەمی ڕاستەقینەو سروشتی ژیانی کۆمەڵگا سەیر دەکرێن و بۆ زیندوکردنەوەی گیانی نەتەوەیی ڕۆڵ و کاریگەرییان دەبێت. دیاره دوور لە ڕوانینی داخراو و دوور لەوەی بکرێن بە بنەما بۆ بەرهەمی ڕوانینێکی لەوجۆرە کە نەتەوەیەک بخریتە پێش یان سەرووی نەتەوەکانی ترەوە.

پەیوەستبوون بەم ڕەگەزانەی کەلتورەوە جۆریک لە وابەستەبوون و ئینتیما لای تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە هەمووان هاوبەشن لە پەیوەندی و پەیوەستبوون بە کۆی ئەو ڕەگەزانەوە. ئەو هەستی پەیوەستبوون و هاوبەشبوونە لە کۆمەڵێک ڕەگەزدا کە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە دەکرێن و چەند بارە دەبنەوەو لە ئاستی کۆنەستی کۆمەڵایەتیدا ئامادەبوونیان هەیە، نەک هەر تاکەکانی کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستن، بەڵکو دەبنە بنەمای یەکێتی و یەکبوون و لە ئاستی ڕۆحی و مەعنەویدا ئەو بۆچوونە لای ئەندامانی کۆمەڵگا دروست دەکەن، کە هاوبەشی یەکترن و هاوچارەنووس و هاوبەرژەوەندین و ئەوەش دەبێتە بنەمای دروستبوون و

برەوسەندن و جوڵەی رابوونەوەی گیانی یەکێتی و یەکبوون و رێکخستنی کۆمەڵگا یان نەتەوە وەکو تاکە پێکهاتەیەک یان قەوارەیەک.

با لێرەدا سەرنجێک لە رەگەزەکانی کەلتوری کوردی بدەین و بزانین ئایا ئاراستەیەک یان ئاماژەیەک بۆ بوونی یان دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کەلتوریی هەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا یان لە مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا. ئاشکرایە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد یەکێک لە رەگەزە سەرەکیەکانی کەلتور زمانە. کەواتە ئایا زمانی کوردی لە رووی بوونی کوردەوە چیەو لە کوێدایەو چی پێکراوەو چ رۆڵ و کاریگەرییەکی هەبووەو لەبەرامبەریشدا لە کوێداو بۆچی هەندێجار سروشتی زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی هەبووەو هەیە؟

زمانی کوردی پەیوەست بە ناسیونالیزمی کەلتوری لەو رووەوە گرنگە کە زمانی ئەو پێکهاتە یان کۆمەڵگایە کە بە کۆمەڵگای کوردی ناو دەبرێت و لە راستیدا زمانی ئیتنیکی کوردیە یان زمانی نەتەوەیی کوردە. لە راستیدا ئەوەی زمانی کوردی سەربە چ خێزانێکی زمانیە هیچ بایەخێکی نیە، چونکە لە هەموو بارێکدا زمان ئامرازی پەیوەندیکردنەو زمانی کوردیش وەکو هەر زمانێکی تر ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات، بەڵام تا چ ئاستێک بە بیرو زانیاری نەتەوەیی بارگاوی کراوە یان دەکرێت بۆ ئەوەی گوتار بەرهەم بهێنێت، ئەوەیان بابەتێکی ترە. ئاشکرایە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە دێرینەکان، بەڵام لە رووی زیندوێتی کەلتورییەوەو وەکو تۆمارکردن، زمان لەو کاتەوە کە پێیدەنووسرێت دەچێتە چوارچێوەی تۆمارکردنەوەو وەکو بەشێک لە کەلتوری تۆمارکراوی لێ دێت. پێشتر ئێمە لە باسی رێنیسانسی کەلتوریدا باسی ئەوەمان کرد کە بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠) یەکەمین شاعیری کورد بووە کە گەڕاوەتەوە بۆ ناو هێماو رەگەزە کوردیەکان. بێگومان ئەم قسەیە لە روویەکەوە راستە، بەڵام دیارە بابا تاهیر بە زمانی پەهلەوی نووسیوویێتی. واتە پایەی سەرەکی بۆ زیندووکردنەوەی کەلتوری کوردی کە زمانی کوردیە ئەو بەکاری نەهێناوە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە دەبێ نووسین بە زمانی نەتەوە وەکو بنەمای زیندووکردنەوە، یان رابوونەوەی کەلتوری بەکاربهێنرێت.

لەبارەی سەرەتاکانی نووسین بە زمانی کوردی، سۆران حەمە ڕەش زانیاری ورد پێشکەش دەکات و باسی ئەوە دەکات کە نزیکەی هەزار ساڵ پێش ئێستا نووسین بە کوردی دەستی پێکردووەو لەو بارەیەوە دەڵێت: هەزار ساڵ پێش ئێستا سەرهەنگی دەودانی یارسانی نووسیوویێتی: «سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان ئەز کە نامەن سەرهەنگ دەودان چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان مەکۆشم بەری ئایین کوردان». شاوەیس قولی کە ساڵی ١٤٠٧ لەدایکبووە، دەڵێت: «ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد با بۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد سلسلەی سپای زەحاک کەردم هورد». خانای قوبادی (١٦٧٢-١٧٣٥) دەڵێت: «راستەن مەواچان فارسی شەکرەن، کوردی جە فارسی بەل شیرین ترەن، پەی چێش نە دەوران ئی دنیای بەرکێش، مەعلومەن هەرکەس بە زمان وێش[٦]». هەروەک ئاشکرایە سەرەتای نووسینی کوردی بە زاری گۆرانی بووە، بەڵام ئەوە هیچ لە بایەخی دەستکردن بە نووسین بە زمانی کوردی کەم ناکاتەوە، چونکە زمانی کوردی لە چەند زارێک پێکهاتووەو کۆی ئەو زارانەش وەکو یەک کوردین و مادەم زمانی یەکگرتووی کوردی بوونی نیە، کەواتە بەهەر زارێک نووسین دەست پێبکات بایەخەکەی هەمان شتە. هەروەک نووسین بە زاری کورمانجی دەشێت لە مێژوویەکی زوو دەستی پێکردبێت، بەڵام مەلای جزیری لە کۆتایی سەدەی شانزەو نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا نموونەی باڵای شیعری کلاسیکی بەو زارە نووسیووە. نووسین بە زمانی پەخشان و دانانی فەرهەنگ لە سەدەی نۆزدەداو دانانی سەرەتاکانی ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا دەستیان پێکردووە. ئەم پەرەسەندنانەی لە زمانی کوردیدا روویانداوە وەکو زیندووبوونەوەی کەلتوری و لە ئاستێکی تریشدا وەکو زیندووبوونەوەی پایەیەکی گرنگی کەلتوری کوردی سەیر دەکرێن. هەروەها سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراو بە تایبەتی لە سەروەختی خانای قوبادی و مەلاجزیری و ئەحمەدی خانی و شاعیرانی تری گۆرانی و دەرکەوتنی شاعیرانی بابان و مەولەوی و بەرهەمهێنانی ئاستێکی بەرز لە داهێنان سەرەتایەکی بەهێزی رابوونەوەی کەلتوری کوردیە. بێگومان لەگەڵ ئەم پەرەسەندنە زمانی و ئەدەبییەدا، فۆلکلۆرو گۆرانی و پەیوەستبوون بە داب و نەریت و سرووتە نەتەوەییەکانی

کوردەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتیدا بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە زیاتر پەرەی سەندووەو لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستدا بە ئاشکرا جوڵەو رابوونەوەیەکی دیاری کەلتوری لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرچاو کەوتووە، بەجۆرێک کە هاوشانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی ئیتنیکی، دەستەبژێری رۆشنبیر لە شاعیرو نووسەرو هونەرمەند، وەکو دەستەبژێری ناسونالیستی کوردی دەرکەوتوون و لە کاتێکدا ئەم دەستەبژێرە بڕوای وابووە کە دەبێ لە رێگای ئەدەب و هونەرەوە کە بەرهەمی هاوبەشی پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە ئاستی هوشیاری بەرزبکرێتەوەو بەرخوردان و ئیرادە بەرهەم بهێنرێت و لەم رێگایەوە داوا ناسیونالیستیەکانی کورد بەرجەستە بکرێن و رێکبخرێن کە خۆیان لە سەربەخۆیی و بنیادنانی دەڵەتی نەتەوەدا دەبیننەوە.

لە کۆمەڵگای کوردی و هاوشێوەکانیدا کە مێژووی سەخت و دوورو درێژی ئەزموونی داگیرکردنیان هەیە، دەشێت بزوتنەوەی ناسیونالیزمی ئیتنیکیش لە لایەن ئەم دەستەبژێرە رۆشنبیرەوە رابەرایەتی و سەرکردایەتی بکرێت. ئەمەش بە پێچەوانەی ناسیونالیزمی ررۆژئاواوەیە کە چینی ناوەند داهێنەرو رابەرو جێبەجێکەری کۆی ئەو داخوازی و ویستانەیە کە لە چوارچێوەی پرۆژەی ناسیونالیزمدا کۆدەکرێنەوەو رێکدەخرێن. لە بارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و نەتەوەوە شاعیری دیاری ئێرلەندی ییتس دەڵێت: ئەدەبی گەورە بێ بوونی نەتەوایەتی- ناسیونالیزم- بوونی نیە، هەروەک نەتەوایەتی گەورە بەبێ بوونی ئەدەب بوونی نیە(٧). ئاشکرایە ییتس شاعیرێکی دیاری ئێرلەندایەو لە رابەرانی نوێگەری بواری شیعرە. ئەو ئەدەبە گەورەیەی ئێرلەندا کە ئەو باسی دەکات بەرهەمی چەندین رەچەڵەکە نەک بەرهەمی تاکە رەچەڵەکێک یان تاکە ئیتنیکیک بێت. واتە ئەدەبی ئێرلەندی بەرهەمی هاوبەشی چەند رەگەزێکی جیاوازە، بەڵام هەموو ئەو جیاوازانە پێکەوە ئەدەبی ئێرلەندی پێکدەهێنن نەک تاکە ئیتنیکێک ئەو ئەدەبەی بەرهەمهێنابێت. ئەدەبی داهێنەرانەی ئێرلەندا وەکو رەگەزێکی سەرەکی کەلتوری هاوبەشی ئەو کۆمەڵگایە رۆڵی گرنگی بینیووە لە زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەیی ئێرلەندیدا و لەوێشەوە دەبێتە بنەما یان پایەیەکی ناسیونالیزمی کەلتوریی ئێرلەندی.

ناسیونالیزمی کەلتوری کە لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش پێناسەی نەتەوە دەکات، لەراستیدا وەها دەناسرێت کە داهێنەرەکەی یان بکەرەکەی بەشێوەیەکی گشتی رۆشنبیرانن. تەنانەت لە هەندێ باردا بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کەلتوری وەکو شۆڕشی رۆشنبیری ناوبراوە یان ناودەبرێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ناسیونالیستی کەلتوری کە رۆشنبیران و هونەرمەندان و خاوەن بیرو تێڕوانینەکانن لە پێش ئاستەکانی تری کۆمەڵگاوە هەستی نەتەوەیی و هوشیاری نەتەوەییان لەلا دروست دەبێت.. لە راستیدا لە هەموو شوێنێک لە دنیای نوێدا کە خەبات بۆ نەتەوەییبوون کراوە یان دەکرێت، دەرکەوتنی بزووتنەوە ناسیونالیستیە کەلتورییەکان پێشی ئەو خەباتە کەوتووە[٨]. بێگومان هۆکاری دەرکەوتنی ناسیونالیستە کەلتورییەکان و تەنانەت ناسیونالیزمی کەلتوری بەئاشکرا ئەوەیە کە دەستەبژێری رۆشنبیران و هونەرمەندان هوشیارترو بەئاگاترن بەراورد بە گروپ و توێژو چینە کۆمەڵایەتیەکانی تری ناو هەر کۆمەڵگایەک و زووتر هەست بە پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکەیان دەکەن.

ئەگەر لێرەوە سەیری مێژووی کورد بکەین، لە سەردەمی میری بۆتاندا ئەحمەدی خانی وەکو کەسێتیەکی دیارو پێشڕەوی ئەو دەستەبژێرە هەستی بە پێداویستیەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵگاکەی کردووەو لەبارەیەوە دواوەو بەرنامەی ناسیونالیستێکی کەلتوری هەبووە لە داواکردنی یەکێتی و یەکبوونی کورداندا بۆ بەدەستهێنانی خواست و ویستەکانیان و رزگاربوونیان لە دەستی تورک و عەجەم. هەڵویستی نالی بۆ پێداگری لەسەر بەرگریکردن لە زمانی کوردی و لاواندنەوەی هەرەس و روخانی میرنشینەکە لە لایەن نالی و سالمی ساحێب قەرانەوە، دیسان هەڵوێستی ناسیونالیستی کەلتوریە کە لە هەستکردندا پێش کۆمەڵگاکەیان کەوتوون. بایەخدانی حاجی قادری کۆیی بە باری ناهەمواری کورد بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە رێگای شیعرەکانیەوە، دیسان هەڵوێستی ناسیونالیستێکی کەلتوری بەرجەستە دەکات. هەروەها تێروانین و هەڵویست و جوڵەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە رێگای تەسەوفەوە کە ئەویش یەکێکە لە رەگەزە دیارو بەهێزەکانی کەلتوری ئیسلامی و کوردی، بۆ دروستکردنی یەکێتی و یەکبوونی کوردو کردنی ئەو رێبازەش بە رێبازی گشتی ئاستەکانی خوارەوەی خەڵک

لە جەماوەری کارکەرو بەرهەمهێن و پیشەوەر بەو ئەندازە کەمەی لەو کاتەدا هەبوون، روانین و هەڵوێستی رابەرێکی ناسیونالیستی کەلتوریە کە کۆکردنەوەی ئیتنیکە جیاوازەکانیش لە دەوری رێبازەکەی و ئاراستەکردنیان بۆ پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش بە تایبەتی لەسەر بنەمای پرینسیپەکانی رێبازی نەقشبەندی پێگەی ئەو وەکو رابەرێکی ناسیونالیستی کەلتوری نیشان دەدات. هەروەک دوای ئەمانیش دەستەبژێری رۆشنبیری کورد زیاتر لە پێگەی ناسیونالیستی کەلتوریدا بوون و لە بزووتنەوەو راپەڕینەکانی کورددواو دواتریش لە دروستبوونی حیزبی کوردیدا رۆڵی پێشەنگیان بینیووە وەکو ناسیونالیستی کەلتوری.

بێگومان خاسیەتێکی ئاشکراو دیاری رۆشنبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە، بە تایبەتی لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، رۆڵی ناسیونالیستی کەلتوری بووە لەو روانگەیەوە کە لەگەڵ رۆشنبیرانی ئیتنیکی تورک و ئەوانی تریشدا تێکەڵاوبوون بە پشتبەستن بەو بۆچوون و سیاسەتە باوەی فەرمانڕەوایی عوسمانی، کە هەمووان هاووڵاتی عوسمانین و بنەماو پەیوەستبوونی ئیتنیکی رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو لەو سەردەمەو لە چوارچێوەی ئەو ئیمپراتۆرێتەدا. پاشتریش دەستەبژێری رۆشنبیری کوردی کە لە هەمان کاتدا دەتوانرێت بە ناسیونالیستانی کەلتوری ناوببرێن، بەشدارییان کرد لە ئیتیحادو تەرەقیدا بە مەبەستی گۆڕینی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەوڵەتێکی نوێ و هاوچەرخ و بنیادنانی نەتەوەی تورکی لە جێی نەتەوەی عوسمانیدا لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش. تەنانەت دوای روخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی باشوری کوردستان بەو دەوڵەتەوە، زۆرینەی ئەو دەستەبژێرە خوێندەوارەی کورد کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا شوێن و پێگەیان هەبوو، یان لە ئیتیحادو تەرەقیدا کاریان کردبوو، نموونەی ناسیونالیستی کەلتوری کوردی بوون، هەر زوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی نوێی عێراقیدا جێگایان گرت بێ لەبەرچاوگرتنی رەچەڵەک و پەیوەستبوونی ئیتنیکیان. بەڵکو لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش لەگەڵ ئەو ئیتنیکە سەرەکیەی کە ئەو دەوڵەتەی بۆ دروستکرا، کە ئیتنیکی عەرەبی بوو، ئەم دەستبژێرە کوردە بوون بە بەشێک لە دەستەبژێری بەڕێوەبەرانی دەوڵەتەکە . بنەمای شوێنگرتنی ئەم دەستەبژێرەی کورد لەو دەوڵەتە نوێیەدا کەلتوری

هاوبەش و رەگەزێکی سەرەکی تری هاوبەش بوو کە ئەویش ئایینی ئیسلام بوو، لەگەڵ عەرەبی عێراق وەکو هاوولاتی یەک ولات لە دامەزراندنی بنەمای دەوڵەتی نوێی عێراقدا بەشدارییان کرد بەمەبەستی بنیادنانی نەتەوە یان گەلی عێراقی. هەتا ئێستاش هەستکردنی رووبەرێکی فراون لە رۆشنبیرو دەستەبژێری سیاسی و خوێندەوار و تەنانەت خەڵکی ئاسایش بە عێراقی بوون و تەنانەت بە تورکی بوون و بە سوریایی بوون، دەرئەنجامی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کەلتوری و تەنانەت ناسیونالیزمی مەدەنیشە کە لە هەردووکیاندا ئیتنیک و رەچەڵەک هیچ بایەخێکیان نیەو نەتەوە لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش پێناسە دەکرێت و لەو رووەشەوە چەمکی هاوولاتیبوون و مافی تاکەکەس دەکرێت بە بنەما نەک مافی نەتەوەو بنیادنانی نەتەوە لەسەر بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کە ناسیونالیزمی ئیتنیکی لە پشتیەوەیەتی.

هەڵبەت بە گوێرەی ولاتێکی وەکو ئێران بنەمای بوون و پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کەلتوری بۆ کورد بەهێزترە، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی کە گوایە کوردو فارس تەنانەت لە رووی رەچەڵەکەوە یەک رەچەڵەکیان هەیە و هەروەک هەموویان لەگەڵ پێکهاتەکانی تری گەلی ئێراندا خاوەنی یەک کەلتوری دەوڵەمەندی هاوبەشن، کە ئەویش کەلتوری ئێرانیە. ئەو چەمکی هاوکەلتوریە رۆڵی گرنگی بینیووە لەوەیدا کە کوردی رۆژهەلات بەو ئەندازەی خۆیان بە کورد دەزانن ئەوەندەش خۆیان بە ئێرانی بزانن. خۆ بە ئێرانی زانین دیاردەیەک نیە لەخۆیەوە دروستبووبێت، بەڵکو بەرهەمی کەلتوری هاوبەشی ئێرانیە کە ئیتنیکە جیاوازەکانی ئێران تیایدا هاوبەشن و ئەوەش زیاتر لەوەی بووبێتە هۆی بەرهەمهێنان و دروستکردنی ناسیونالیزمی ئیتنیکی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، زیاتر بووەتە هۆی دروستکردنی ناسیونالزمی کەلتوری و زۆرینەی رۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندی رۆژهەلات لە کۆنەستیاندا ئێرانیبوون ئامادەبوونی هەیە، بە جۆرێک سەربە ئێرانبوون پێدەچێت بەهێزتر بێت لەسەربە ناوەندی کوردستانی بوون، ئەگەرچی ئەو ناوەندی کوردستانیبوونە هێشتا لەسەر ئاستی هەموو کوردستان وەکو نەبوو وایە. دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە خۆ بە ئێرانیزانین و خۆ بە عێراقی زانین و خۆ بە تورکیایی زانین و خۆ بە سوریایی زانینی

کورد لەسەر بنەمای کاریگەری کەلتوریەو بەو پێیەش وەکو دەروازەیەک بۆ دروستبوونی ناسیونالیزمی کەلتوری لە چوارچێوەی ئەو چوار دەوڵەتەدا سەیر دەکرێت. لەم بارەدا کەمتر باسی ناسیونالیزمی مەدەنی دەکرێت چونکە یەکێک لە پایە سەرەکیەکان بۆ دروستبوونی ناسیونالیزمی مەدەنی بوونی سیستێمێکی دیموکراتی فەرمانرەواییە، کە لەم دەوڵەتاندا کە کوردستانیان پێوە لکێندراوەو بوونەتە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان، هیچ بنەمایەکی دیموکراتی بوونی نەبووەو تاکو ئێستاش بوونی دیموکراتی تیایاندا تەنیا قسەیە.

ناسیونالیزمی کەلتوری کە پشت بە کەلتوری هاوبەش دەبەستێت بۆ پێناسەکردن و بنیادنانی نەتەوە، دەشێ زیاتر چەمکێکی گونجاو بێت بۆ کۆمەڵگا فرە ئیتنیکیە سەربەخۆکان، واتە ئەو کۆمەڵگا فرە ئیتنیکیانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیەو دەوڵەتەکە دەوڵەتی وڵاتە، یان دەوڵەتی جوگرافیایەکی دیاریکراوەو لەسەر بنەمای ئیتنیک دروستنەبووەو لە ڕێگای هەڵبژاردن و پارتی سیاسی نیشتیمانیەوە حکومەت دروست دەکرێت نەک لە ڕێگای هەڵبژاردنی حیزبی و ئیتنیکی و ئایینی و تائیفیەوە. نموونەی ناسیونالیزمی کەلتوری دەشێ بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای ئەمەریکا گونجاو بێت کە بنەمای ئیتنیکی نەک هەر ئامادەبوونی نیە لە بەڕێوەبردنی وڵات و لە بنیادنانی نەتەوەدا، بەڵکو ئەو بنەمایە وەکو دژو ناکۆکیش لەگەڵ بنەمای درستبوونی نەتەوەیی ئەمەریکیدا سەیر دەکرێت.

ئێستا جێگای خۆیەتی بپرسین، ئایا ناسیونالیزمی کەلتوری بۆ کۆمەڵگا داگیرکراوەکانی وەکو کۆمەڵگای کوردی کە نەک هەر خاوەنی دەوڵەتی خۆی نیە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی کە داگیریان کردووە، دەوڵەتی لەسەر بنەمای ئیتنیک دامەزراون و لە راستیشدا نەک دەوڵەتی ئیتنیکی دیموکراسی نین، بەڵکو دەوڵەتی ئیتنیکی شۆڤێنیزم و فاشیزمن و تەنیا بڕوایان بە ئیتنیکی خۆیان و بوونی خۆیان هەیەو، نەک هەر بڕوایان بە پێکهێنانی گەلێک نیە لەسەر ئەو جوگرافیایەی کە ناوی دەوڵەتی لێنراوەو ناوەکەش ناوی خاک یان جوگرافیایە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی تواندنەوەی کورددان لەناو ئیتنیک یان نەتەوەی خۆیاندا. واتە ئەم دەوڵەتانەی کە کوردستانیان کردووەتە چوار کۆڵۆنی ناوخۆ، نەک دەوڵەتی ناسیونالیستی نەتەوەی کۆڵۆنیالیستن، بەڵکو لە

ناوەوەڕا بێجگە لە ئیتنیکی نەتەوەی خاوەن دەوڵەتی داگیرکەر، دان بە هیچ ئیتنیک و پێکهاتەیەکی تردا نانێن. لەپاڵ ئەوەشدا ئیتنیکی عەرەب و فارس و تورک کە دەوڵەتەکانیان کوردستانی داگیرکردووە، بە بەرنامە، نەک ڕێگایان نەداوە کەلتوری کوردی زیندوو ببێتەوە، بەڵکو هەوڵی لە ناوبردنی کەلتوری کوردیشیان داوەو زۆرێکیان بردووە بۆ خۆیان و بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بەشێکی فراوانی رابردوو هەروەها کەلتوری کوردییان بۆخۆیان تۆمار کردووە. بۆ نموونە داگیرکردنی کەلتوری ماد لە لایەن فارسەکانەوەو سڕینەوەی ناوی مادەکان و باس نەکردنی مادو دەوڵەتی ماد لە مێژووی ئێراندا ئێستا بە ئاشکرا دەبینرێت. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت: ئایا لە کۆمەڵگایەکی ئیتنیک جیاوازدا کە یەکێک لە ئیتنیکەکان باڵادەست و دەسەڵاتدار بێت، بواری ئەوە هەیە کەلتوری هاوبەش دروست بێت؟ یان کەلتوری ئیتنیکی باڵادەست خۆی بەسەر ئیتنیکەکانی تردا ناسەپێنێت؟ بەتایبەتی لە کاتێکدا هیچ بنەمایەکی دیموکراسی و ئازادی بوونی نەبێت و دەوڵەت دەوڵەتی تاکە نەتەوە یان ئیتنیکی باڵادەست بێت، وەکو سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە. کە ئاشکرایە ئەم دەوڵەتانەی نەتەوەی هەژموونداروو باڵادەست، نەک هەر سیاسەت، بەڵکو زمان و کەلتوری خۆیان بەسەر کورددا سەپاندووە. بە گوێرەی کورد تەنیا لە ئاستی ناوخۆو ناوچەییدا مەگەر توانیبێتی پیادەی کەلتوری خۆی بکات، ئەویش وەکو کەلتوری دووەم، لە کاتێکدا زمان و کەلتوری نەتەوەی باڵادەست و خاوەن دەوڵەت و حکومەت بە رەسمی بەسەر کورددا سەپێندراوە.

لێرەوە ئاشکرایە کە لە نێوان ئیتنیکی خاوەن دەوڵەتی داگیرکەرو ئیتنیکی داگیرکراودا هیچ جۆرە هاوبەشیەک دروست نابێت، نە لە بواری کەلتوریداو نە لە بواری بەرژەوەندیدا، چونکە هاوبەشی بە بێ یەکسانی نێوان دوو لایەن و بەبێ بوونی ئازادی و دیموکراسی بۆ پیادەکردنی ئەو یەکسانیە هەرگیز پێکنایەت. هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە بەهیچ شێوەیەک ناسیونالیزمی کەلتوری بۆ نەتەوە یان کۆمەڵگای داگیرکراو هیچ بەرهەم ناهێنێت، چونکە هەرگیز ئەگەری ئەوە نیە کە گەل یان نەتەوە بەناوی وڵاتەوە وەکو گەلی عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا لە نەتەوە سەردەستەکان و کوردی بندەست و پەراوێزخراو دروست ببێت. هەر لێرەوەیە کە دوای تێپەڕبوونی ماوەی

سەد ساڵ بەسەر لکاندنی کورد بەم دەوڵەتانەوەو باسکردنی پێکهاتنی گەلی ئەم وڵاتانە، بەڵام هێشتا لەبری یەک گەل لە وڵاتدا، دوو گەل هەیە کە نەک لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، بەڵکو دوژمنی یەکتریشن لەم بەناو وڵاتانەدا. گەلانی عەرەب و فارس و تورک ی داگیرکەرن و گەلی کوردیش ژێردەستەو داگیرکراو و دابەشکراوە لەم وڵاتاندا. ئیتر چۆن کەلتوری هاوبەش پێکدێت؟ لە راستیدا تاکە بنەمایەکی هاوبەش لە نێوان کوردو ئەم ئیتنیکە باڵادەستانەدا هەبێت ئایینە، واتە پەیوەستبوونی کورد بە ئیسلامەوە وەکو ئەوانی عەرەب و تورک و فارس، بەڵام لە جیابوونەوەی مەزهەبیشدا لە راستیدا ئەو هاوبەشیە ئایینیەش زۆر لاوازە، چونکە ئاشکرایە ناکۆکی مەزهەبە دیارەکانی ئیسلام بە تایبەتی سونەو شیعە هێندە قوڵە لە بنەماکای هاوئایینی بەهێزترە. واتە بە ئاشکرا پەیوەندی نەک هەر کوردی سونە، بەڵکو هەموو پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سونە لەگەڵ پەیڕەوکەرانی ئایینی مەسیحی پتەوترە، هەتا پەیوەندی سونەی ئیسلامی بە شیعەی ئیسلامیەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئایینیش کە لێرەدا مەبەست ئایینی ئیسلامە، نەتیوانیووە رەگەزێکی هاوبەشی بەهێزبێت لە نێوان کوردی سونەو فارس و عەرەبی شیعەو تورکی سونە و عەرەبی عەلەویدا.

بێگومان بۆ کۆمەڵگای فرە ئیتنیکی خاوەن دەوڵەت و سەروەری بە مەرجێک بنەمای ئیتنیک پێوانە نەبێت بۆ دەسەڵات، هاوکات بنەماکانی دیموکراتی و ماف و ئازادی هەبن و فەراهەم کرابن، کە بنەمای ناسیونالیزمی مەدەنین و هاوکات پایەی پێویستن بۆ ناسیونالیزمی کەلتوری، ئەوا ناسیونالیزمی کەلتوری کە لە روانگەی کەلتوری هاوبەش و لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش نەتەوە پێناسە دەکات..بەشدارییەکی ئەرێنی دەکات لە ئەرکی بنیادنانی نەتەوەدا، بە دەربڕینێکی تر ناسیونالیزمی کەلتوری بەشداری دەکات لە دیاریکردن و لە رێکخستنی سیاسی و لە یەکگرتنی کۆمەڵگادا[٩]. ئەمە بۆ ئەو جۆرە کۆمەڵگایەی کە ئازادن و خاوەنی سەروەرین. بەڵام ئاشکرایە بۆ کۆمەڵگای داگیرکراوی وەکو کۆمەڵگای کوردی کە داگیرکەرانی وڵاتەکەی سیستێمێکی ناسیونالیزمی ئیتنیکین و هاوشێوەی ناسیونالیزمی ئیتنیکی ئەڵمانی و ئیتالی کە چۆن لە قۆناغێکدا بوون بە سیستێمی نازیزم و فاشیزم، دەوڵەتانی ناسیونالیستی ئیتنیکی عێراقی و ئێرانی و تورکی و

سوری کە داگیرکەرانی کوردستانن، سیستێمی ناسیونالیستی ئیتنیکی تائیفی مەزهەبی فاشیزمن و هیچ ئەگەرێک بۆ کارابوونی ناسیونالیزمی کەلتوری لەم دەوڵەتانەدا نیە، چونکە هیچ ئازادییەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و هیچ بنەمایەکی دیموکراسی و هیچ جۆرە مافێکی کەلتوری بۆ کورد بوونی نیە، بۆیە هیچ ئەگەرێک بۆ دروستبوونی کەلتوری هاوبەش لەم وڵاتانەدا بوونی نیە، چونکە ئیتنیکی باڵادەستی خاوەن دەوڵەت و داگیرکەر بە گوێرەی کورد ناتوانێت بێجگە لە خۆی دان بە بوونی هیچ ئیتنیکێکی تردا بنێت. بە گوێرەی کورد وەکو ئیتنیکێکی وڵات داگیرکراو و کەلتور تێکشکێندراو و لەناوبراو، تەنانەت ئەگەر هەوڵی ئەوەش بدات لەسەر بنەمای کەلتوری هاوبەش گەل یان نەتەوە لەگەڵ ئیتنیکی سەردەستدا پێکبهێنێت، هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکی نابێت و ناشتوانێت پارێزگاری لە کەلتوری ناوچەیی خۆی بکات و ئەویش دەخاتە بەردەم مەترسی سڕینەوەو لەناوچوونەوە، چونکە لە هەوڵێکی لەو جۆرەدا دەوڵەتانی ناسیونالیستی ئیتنیکی داگیرکەری کوردستان لە روانگەی داگیرکردن و توانەوەوە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن.

لە روانگەی ناسیونالیزمی کەلتورییەوە بە گوێرەی کورد، کەلتوری هاوبەش لەگەڵ ئیتنیکی دەوڵەتی داگیرکەردا پێکنایەت، بەڵام خاڵێکی گرنگ بە گوێرەی ناسیونالیستی کەلتوریی کوردی کە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە لە ناسیونالیزمی کەلتوریدا رۆشنبیری کورد لە نووسەرو هونەرمەندو رۆژنامەنووس و تەنانەت بەشێک لە ئەکادیمیەکان لە پێگەی ناسیونالیستی کەلتوریدا بوون، بە تایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە پێگەی خۆیان وەکو ناسیونالیست لە بزووتنەوەکانی کورددا دیاریکردووە، بەتایبەتیش لە دروستبوونی پارتی سیاسی کوردیدا، ناسیونالیستی کەلتوری کوردی هەم رۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی پارتە سیاسیەکاندا، هەم وەکو دەستەبژێر ئەگەر سەرکردایەتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی کوردیشیان نەکردبێت، ئەوا بەشدارییان لە سەرکردایەتی ئەو پارتانەو لە بەڕێوەبردنی ئەو بزووتنەوانەدا کردووە کە ئەو بزووتنەوانە زیاتر بزووتنەوەی ناسیونالیزمی ئیتنیکی بوون.

# سەرچاوەکان


1. Wikipedia
2. Sara Goek, The Poetics of Cultural Nationalism, in Thomas MacDonagh's Literature in Ireland (1916), Dublin, the Talbot Press, p.22
3. Sara Goek, The Poetics of Cultural Nationalism, p.25
4. John Hutchinson, The Dynamics of Cultural Nationalism, London, 1987, p. 34.
5. Eunie Ribeiro Durham: Culture, Heritage, Preservation. Alteridodes, 1998. Pp.131-136.

٦. کوردپیدیا، سۆران حەمە رەش، ناوهێنانی گۆران، کورتە باس.

7. Cited in Regan, 2006, p.88.
8. John Hutchinson, The Dynamics of Cultural Nationalism: the Gaelic Revivaland Creationof the IrishnationState-GuffithUniversity, Australia-London, 1987,p.2
9. John Hutchnson, The Dynamics of Cultural Nationalism: p.30

# بەشی پێنجەم

## ناسیونالیزمی رۆمانسی

سەرەتا: مەبەست لە ناسیونالیزمی رۆمانسیزم یان رۆمانسی چیە؟ بنەماکانی ناسیونالیزمی رۆمانسیزم چین؟ پەیوەندی نێوان رێبازی رۆمانسی لە بواری ئەدەب و هونەر لەگەڵ ناسیونالیزمی رۆمانسیزمدا چیە؟ کەی ئەم شێویەی ناسیونالیزم دەرکەوتووەو دەکەوێتە کوێی شێوەکانی تری ناسیونالیزمەوە؟ ئەم شێوەیەی ناسیونالیزم زیاتر لەکام زەمینەدا سەریهەڵداوە؟ لەو کۆمەڵگایانەدا کە خاوەنی سەروەری نەتەوەیی بوون یان لە کۆمەڵگا داگیرکراو و سەرکوتکراوەکاندا، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە بواری ئازادییان لێ تەندراوە؟ پەیوەندی ئەم شێوەیەی ناسیونالیزم چیە بە دەوڵەتی نەتەوەوە؟ چ پەیوەندیەک هەیە لە نێوان خاسێتەکانی رۆمانسیزم و ئەم شێوەیەی ناسیونالیزمدا؟

ناسیونالیزمی رۆمانسیزم جۆرێکە لە ناسیونالیزم کە دەشێ لە هەندێ باردا لەگەڵ ناسیونالیزمی کەلتوریدا لە هەندێ خاسێتدا هاوبەش بن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەم دوو جۆرەی ناسیونالیزم هاوشێوەن، یان زۆر نزیکن لەیەکتری.. ناسیونالیزمی رۆمانسیزم کە بە ناسیونالیزمی ئۆرگانی یان ناسیونالیزمی شوناسیش دەناسرێت، جۆرێکە لە ناسیونالیزم کە تیایدا دەوڵەت رەوایەتی سیاسی خۆی وەکو دەرئەنجامێکی ئۆرگانی یەکێتی ئەوانەی بەڕێوەیان دەبات، دادەڕێژێت. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی پیادەکردن، پشتبەستن بە زمان، رەچەڵەک، رۆشنبیری، ئایین و نەریتی نەتەوەیەک

لە هەستی سەرەتایی ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەو کەلتورەدا لەدایکبوون، لەخۆدەگرێت[1]. لێرەدا پێش ئەوەی لەبارەی ناسیونالیزمی رۆمانسیزمەوە بدوێین، وشەی دەوڵەتمان بەرچاو دەکەوێت لەگەڵ ئەوانەی کە بەڕێوەیان دەبات، کەواتە دوانەیەک ئامادەبوونی هەیە، کە دوانەی دەسەڵاتی دەوڵەتە لەگەڵ خەڵک. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێرەدا سیستێمێکی بەڕێوەبردن ئامادەبوونی هەیە، کە ئەویش سیستێمی دەوڵەتە. بەڵام دیارە باسی شوناسی ئەو دەوڵەتە نەکراوە، یان لێرەدا باسی ناکەین. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە پەیوەست بەم شێوەیەی ناسیونالیزم گرنگە بوونی دامەزراوەی دەوڵەتە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە باسی جۆریک لە ناسیونالیزم دەکرێت کە لە چوارچێوەی ئەودا دەوڵەت رەوایەتی سیاسی خۆی دادەڕێژێت، ئەویش لە یەکێتی و یەکگرتوویی ئەوانەوە کە بەڕێوەیان دەبات. لێرەدا دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەداتەوە کە ئایا ئەو دەوڵەتە لە پێش درووستبوون یان دەرکەوتنی ئەم جۆرەی ناسیونالیزمدا دەرکەوتووەو بوونی هەبووە، یان ئەم ناسیونالیزمە ئەو دەوڵەتە دروست دەکات؟ لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێدەهێڵین، چونکە درێژەی باسەکەدا وەڵام دەدرێتەوە.

هەروەک ئەم شێوازەی ناسیونالیزم پشت دەبەستێت بە هەندێک لە پایەکانی ناسیونالیزمی کەلتوری یان بە دەربڕینێکی تر ناسیونالیزمی کەلتوری و ناسیونالیزمی رۆمانسی لە بەشێکی دیار لە رەگەزەکانیاندا هاوبەشن لەوانەش زمان، ئایین، داب و نەریت... ئەمەش سەرنج بەلای ئەو بۆچوونەدا رادەکێشێت کە سەرباری رەهەندو دیدی جیاوازی جۆرەکانی ناسیونالیزم، بەڵام سەرئەنجام هەرچۆن جۆرە جیاوازەکان لەژێر ناوێکی گشتیدا کۆدەبنەوە، بەهەمان شێوە سەرباری بوونی جیاوازی لە رەگەزو بنەماکانی پێکهاتنیاندا، بەڵام رەگەزو بنەمای هاوبەشیشیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەم شێوازەی ناسیونالیزم پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە دەرکەوتنی رێبازی رۆمانسیەوە لە بواری ئەدەب و هونەردا، کە دیارە دەرکەوتنی ئەو رێبازە هونەری و ئەدەبیەش پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە کە لە هەناوی کۆمەڵگای فیودیالی و سیستێمی فیودیالی و دەسەڵات و هەژموونی ئیمپراتۆری فیودیالی و ئۆتۆکراتی دەسەڵات رەهاوە هەیە، کە فەرمانڕەوایەتیەکەی ئەو رەهایەتیەی لە دەسەڵاتی خواوەندەوە وەرگرتووەو دەسەڵاتیکی هەرەمی

لەسەرەوە بۆ خوارەوە بووە. هەرچۆن دەرکەوتنی رۆمانسیزم پەیوەندی بەم پاشخانە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەوە هەبووە، بەهەمان شێوە ناسیونالیزمی رۆمانسی وەکو کاردانەوەیەک بۆ هەژموون و دەسەڵاتی دایناميكی یان ئیمپراتۆری ئایینی یان فیودیالی دەرکەوت. کە وەکو گوتمان ئاراستەی فەرمان و رەوایەتی سروشتی دەسەڵاتی ئەم جۆرە سیستێمە کە تاکە کەس لە لوتکەیدایە هەرەمیە، واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیەو لوتکەی ئەم دەسەڵاتەش رەوایەتی خۆیی وەکو هەستێکی گشتی یان گەردوونی لە پێش خۆیەوە وەرگرتووەو بەتەواویش وەکو هاوشێوەی دەسەڵاتی خواوەند دارێژراوە. لەم بارودۆخەو لەسەر ئەم پاشخانە، رۆمانسیزم سەریهەڵداوە، کە پایەی بوونی جەختکردنە لەسەر تاکەکەس و تاکگەرایی. ئایا شوێنی ئەم چەمکە لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی رۆمانسیدا چۆنە کە رۆمانسیزم لە ئاستیکی گشتیدا وەکو رۆحی ئەم شێوازەی ناسیونالیزمە؟

راستە کاتێ زاراوەی «رۆمانسیزم» دەبیستین، راستەوخۆ دەشێت خەیاڵمان بۆ ئەوە بچێت کە ئەم زاراوەیە بێجگە لە ئاراستەیەکی ئەدەبی و هونەری هیچی تر نیە، بەڵام ئاوە ئاشکرایە کە رۆمانسیزم رێبازیکە بۆ ژیان یان شێوەیەکە لە ژیان کە خاسێت و کەشی تایبەتی خۆیی هەیە. کەواتە لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین رۆمانسیزم وەکو رێبازیکی ئەدەبی و هونەری و وەکو شێوازێکیش بۆ ژیان هەم خاوەن بەهای هونەری و ئێسەتیکیەو هەم سیستێمێکە بۆ بەهاکان و بۆ هەڵسوکەوت و رەفتارکردن. هەر لێرەوە لە ئاستی نەگوتراودا ئەوە دەبینرێت کە رۆمانسیزم پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەژیانەوە هەیە. ئەمەش بەئاشکرا لەو بوارانەدا دەردەکەوێت کە رۆمانسیزم جەخت دەکاتە سەریان کە ئەوانیش بریتین لە سۆزو هەڵچوون، لە زاتیبوون، لە پەیوەستنەبوون بە نەریتەوە، بەمانایەکی تر لە رۆمانسیزمدا بەچەقبوونی تاکەکەس و هەستی تاکەکەس بنەمای سەرەکین نەک گشت و هەستی گشتی. لە سەروی هەموو ئەمانەشەوە پەیوەندی رۆمانسیزم بەژیانەوە دەشێ وەها لێکبدرێتەوە کە رێبازێکی ناواقیعیە بۆ سەیرکردنی دنیا.

هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە رۆمانسیزم وەکو رێبازێک کە دوای کلاسیک دەرکەوتووە، بریتیە لە جۆرێک لە کاردانەوە بۆ رێبازی کلاسیک کە پایەی سەرەکی لە بری سۆزو هەڵچوون و تاکگەرایی و نانەریتیبوون، بریتیە

لە عەقلانیەت و گشتیبوون و پایە جێگیرەکانی کلاسیک و روانینی عەقڵانیانەو واقیعیانە بۆ دنیاو بۆ ژیان. ئەوە ئاشکرایە ژیانی قۆناغی کلاسیک ژیانێکی چەسپاو و دوور لە هەڵچوونە و ژیانی پێکەوەیی و دوور لە نامۆبوونە، لەکاتێکدا ژیانی قۆناغی رۆمانسی ژیانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و هەست بەتەنیاییکردن و گۆشەگیری و تەنانەت خۆپەرتکردن و گەڕانەوەیە بۆ ناو سروشت بە مەبەستی هەست بە دڵنیاییکردن و دەربازبوون لە هارمۆنیای شێواوی ژیانی ژێر سایەی عەقڵانیەتی قۆناغی کلاسیک و عەقڵانیەتی رۆشنگەری.

رۆمانسیزم وەکو رێبازێک بریتیە لە گەڕانەوە بۆ ساتە نموونەییەکان، بۆ ئەو سەردەمانەی کە دەشێت بەسەردەمی پڕ مانای هەموو شتەکان لێکبدرێتەوە. ئەمەش مانای گەڕانەوەیە بۆ پێشتر، بۆ قۆناغی رابردوو، بۆ ئەو سەردەمانەی کە هێشتا ژیان خاوێن و بێگەردبوو، کە مرۆڤ یان مرۆڤایەتی هێشتا لە قوڵایی خاوێنی و دڵسۆزی و خۆنەویستیدا دەژیاو هێشتا سەرەتاکانی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا، یان ژیانی شارستانی و کۆمەڵگەی شار، جوانیەکانی ژیانی پیس و پەڵاوی نەکردبوو. رۆمانسیزم گەڕانەوەیە بۆ قۆناغێک کە هێشتا توندو تیژی و ژاوەژاو و پشێویی کۆمەڵگای شارو تەکنۆلۆجیا پێکەوە سازان و پێکەوە گونجاندنی رەگەزەکانی سروشتی نەشێواندبوو، هێشتا هارمۆنیای ژیان، سروشت، گەردوون تێکنەچووبوو. ئاشکرایە لە گەڕانەوەدا بۆ رابردوویەکی لەم جۆرە، مەبەست گەڕانەوەیە بۆ لای خەڵک، بۆ لای ئەو رووبەرە فراوانەی لە رێبازی رۆمانسیدا ناودەبرێت بە فۆلک Folk کە مەبەست خەڵکە، واتە کۆی گشتی جەماوەری ئاسایی خەڵک، کە دەشیَ لە ئاستێکی تردا بە گەل ناوببرێت. هەروەک لە تێڕوانینیَ رۆماسیانەوە سەرئەنجام گەل مێژوو دروست دەکات کە ئەمەش لە تیۆریی کۆمەڵناسی دواتردا رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، بەتایبەتی لە تێزی مارکسیزمدا. هەروەها لەگەڕانەوەدا بۆ رابردوو، بۆ ناو خەڵکی ئاسایی کە بە پێی چەمکی کلاسیک ئەوان گەل یان نەتەوەن، کە ئەوانیش بەرهەمی رابردووی خۆیانیان هەیەو وەکو بەرهەمی گەل یان خەڵک یان میللی ناودەبرێت، واتە فۆلکلۆر. فۆلکلۆر دواجار بە یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی رۆمانسیزم دادەنرێت و دەشبێتە پایەی سەرەکی ناسیونالیزمی رۆمانسی.

ڕۆمانسیزم جەخت دەکاتە سەر زمانە نەتەوەییەکان و فۆلکلۆر لەگەڵ بەها ڕۆحیەکانی داب و نەریتە ناوخۆییەکان. فۆلکلۆر لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانسیدا وەکو چەمکێکی نیشتیمانی ڕۆمانسی گەشەی کرد. لێرەوە فۆلکلۆر وەکو ڕۆحی ڕۆمانسیزم و لەویشەوە وەکو ڕۆحی ناسیونالیزم کە مەبەست ناسیونالیزمی ڕۆمانسیە وەسف دەکرێت و ڕۆڵ دەبینێت.

لەکاتێکدا ڕۆمانسیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی نەتەوەو زمان و فۆلکلۆرو داب و نەریت و ڕۆحی گشتی دەکاتە پایەی خۆیی و تاکەکەس تیایدا دەبێتە چەق، بەڵام ئەو تاکەکەسە بەشێکە لە گشت و لە ڕێگای گوزارشتکردن لە خواست و ویستەکانی تاکەکەسەوە، گوزارشت لە کۆ یان لە کۆمەڵ دەکرێت، بەتایبەتی کۆمەڵێک کە تیایدا سنوورەکانی جیاوازی چینایەتی و ئاستی چینایەتی لەبەرچاو ناگیرێن یان لە ڕوانگەی ڕۆمانسیزمەوە بەلاوە دەنرێن. هەروەک ئەو ڕەگەزانەی کە ڕۆمانسیزم دەیانکاتە پایەی بوونی خۆی، لە هەمان کاتدا ئەم ڕەگەزانە دەبنە پایەی ناسیونالیزمیش. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت بگوترێت کە هەریەکە لە ڕێبازی نەتەوەیی یان ناسیونالیزم و ڕێبازی ڕۆمانسیزم هەرچۆن تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانیان هاوبەشە، بەهەمان شێوە هەمان ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتییان هەیەو هەردووکیان هەریەکە بە شێوازو میکانیزمی خۆی بە دوای زیندووکردنەوەو ژیانەوەی نەتەوەوەیە. ناسیونالیزم دەیەوێت نەتەوە ببێتە خاوەنی شوناسی خۆیی و سەبەخۆیی خۆیی و سەروەری بەدەستبهێنێت و پارێزراو بێت، ڕۆمانسیزمیش دەیەوێت لە گەڕانەوەیدا بۆ ڕابردووی زێڕین و بۆ زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوەیی و فۆلکلۆرو داب و نەریت و لە ڕێگای جەختکردنە سەر تاکەکەس و لە ڕێگای ئەویشەوە جەختکردنە سەر گشت کە مەبەست کۆمەڵ یان نەتەوەیە، نەتەوە لە پشێویی و توندو تیژی و فشاری پەیوەندی شاروعەقڵانیەتی ڕۆشنگەری و دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتی فیودیالی و ئیمپراتۆریێتی ئایینی دەربازبکات و هارمۆنیای شێواوی ژیان ڕێکبخاتەوە لەسەر شێوەی هارمۆنیای سروشت کە پێکەوە سازان و ئازادی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تێدا فەراهەم دەکات. لێرەوە ناسیونالیزم و زەمینەو تێڕوانینی هاوبەشی ناسیونالیزم و ڕۆمانسیزم پێکدێت. لەم پێگەیەوە ئاماژەی ئەوە دەردەکەوێت کە ناسیونالیزم لە ڕێگای

بایەخدانی بە ڕەگەزە نەتەوەییەکان، مەبەستیەتی جوڵە لە جەماوەری نەتەوەدا دروست بکات و شانبەشانی جولاندنی هەست و سۆزی ڕۆمانسیانەی تاکەکەس بۆ خواستە مرۆییە تاکەکەسیەکان و پەیوەستبوون بە جوانی و بە سروشت و بە خاک و زێدەوە وەکو زەمینەی پڕ لە هارمۆنیای ژیان بۆ ئاسودەیی تاکەکەس، مانای نەتەوەییبوونیش بەم ڕەگەزانە ببەخشێت کە ئەو خاک و زێدو نیشتیمانە بەرهەمی دەهێنن. هارمۆنیای زێدو خاکی نیشتیمان و سروشتی نیشتیمان بەگشتی ئاسایش و هێمنی و پاراستنی تاکەکەس و لەوێشەوە کۆمەڵ بەرهەم دەهێنن. واتە لێرەدا ڕەگەزە مادییەکانی ڕۆمانسیزم و ڕەگەزە مادیەکانی ناسیونالیزم هاوشێوەن و هەردووکیشیان کاردەکەن بۆ فەراهەمکردنی زەمینەو کەشێک کە تاکەکەس و کۆمەڵ تیایدا پارێزراو بن و بە هێمنی و لە ئاسایشدا بژین، کە ئەوەش تەنیا لە بەدەستهێنانی شوناسدا دەبێت، ئەویش ئەو شوناسەیە کە ناسیونالیزمی ڕۆمانسیزم وەکو ڕێبازەکانی تری ناسیونالیزم لە هەوڵی بەدەستهێنانیدایە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆمانسیزم مەبەستیەتی نەتەوە ئامادە بکات. هەر لێرەوە ڕۆڵی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە چوارچێوەی ئەو هۆکارو پاڵنەرانەدا دەردەکەوێت کە کاردەکەن بۆ پێکهێنانی نەتەوە، یان دەشێ بگوترێت کاردەکەن بۆ بنیادنانی نەتەوە. ئەمەش زیاتر لە سەروەختی دەرکەوتنی ڕێبازی ناسیونالیزم لە ئەدەب و هونەردا دەردەکەوێت کە ئەو قۆناغەش تا ئاستێکی ئاشکرا قۆناغی دەرکەوتن و بوونی بزوتنەوە نەتەوەییەکانە.

بیرو بۆچوونەکانی ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨)لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بە تایبەتی بیرو باوەڕە شۆڕشگێڕیەکانی و پێداگری لەسەر ئازادی و یەکسانی و جەختکردنی لەسەر فۆلکلۆری میللی و زمان و شێوازی نووسینی پێکەوە گونجاو و پڕ لە هارمۆنیا، کە هاوشێوەی هارمۆنیای سروشتە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر شۆڕشی فەرەنسی و گەشەکردنی بیری سۆشیالیستی و لەسەر بیرو مەسەلەی نەتەوایەتی. هەروەها بیرو بۆچوونەکانی جۆهان گۆتفرید هێردەر(١٧٤٤-١٨٠٣) کاریگەری دیاریان هەبوو لەسەر پێکهاتنی چەمکی ناسیونالیزمی ڕۆمانسی، بەجۆرێک بیرو بۆچوونەکانی ئەو سرۆشییان بە ناسیونالیزمی ڕۆمانسی لە هەموو ئەوروپادا بەخشی. هێردەر سەرباری

باسکردنی پایەکانی زمان و فۆلکلۆرو حیکایەتی میللی و داب و نەریت، وەکو بنەمای رۆمانسیزم و ناسیونالیزمی رۆمانسی، دیسان ئەو ئاماژە بۆ رۆڵی سروشت دەکات، کە دەشێت پێیشی بگوترێت رۆڵی جوگرافیا کە چۆن دەبێتە پایەیەکی بەهێزی ناسیونالیزمی رۆمانسی. هەر لەم رووەوە دەشێت نموونەیەکی دیارو لەبەرچاو، رۆڵی سروشتی جوانی جوگرافیای هیندستان بێت، لە بوونیدا بە یەکێک لە پایەکانی ناسیونالیزمی رۆمانسی هیندیدا، ئەویش لە رووی رۆڵی کاریگەری ئەو سروشتە جوانەوە لە راکێشانی خەڵکی هیندو پەیوەستکردنیان بە جوانی سروشتەوە، کە جوانی خاکەکەیانە. هەروەک لە لایەکی ترەوە خاک یان جوگرافیا بێجگە لەوەی لە رووی جوانیەوە دەبێتە بنەمایەکی ناسیونالیزمی رۆمانسی، دیسان ئابووری خەڵک یان کۆمەڵ یان نەتەوە پێکدەهێنێت کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ناسیونالیزم بە هەموو جۆرەکانیەوە ئابوریە، لە ناویاندا ناسیونالیزمی رۆمانسی.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە حیکایەتی میللی و فۆلکلۆر لە پایە سەرەکیەکانی رۆمانسیزم و ناسیونالیزمی رۆمانسین. زۆرینەی رابەرانی رۆمانسیزم پێداگرییان لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەو رەگەزە سەرەکیانە کردووە کە لەسەرەوە باسکران، بە تایبەتی تێزەکانی هێردەر لەو بوارەدا کاریگەرییان لەسەر نووسەرانی دوای خۆی هەبووە. بۆ نموونە لە رۆمانسیزمی ئەڵمانیدا برایانی گریم بەهۆی کاریگەری نووسینەکانی هێردەرەوە، دەستیان دایە کۆکردنەوەو یەکخستنی ئەو حیکایەتانەی کە لە گەوهەردا ئەڵمانیایەکی راستەقینەو تەواویان نیشاندەدا. ئەم حیکایەتانە هەرچۆن پایەی رۆمانسیزمی ئەڵمانی بوون، بەهەمان شێوە بوونەتە یەکێک لە بنەماکانی ناسیونالیزمی رۆمانسی ئەڵمانی. ئەم حیکایەتانە کە میراتی کەلتوریی هاوبەشی گەلی ئەڵمانین و هەڵگری بەشێک لە رابردووی ئەو خەڵکەن، دەبنە بنەما یان گەوهەری ناسیونالیزمی رۆمانسیزم و رۆحی یەکخستنی نەتەوەی ئەڵمان.

فیختە (١٧٧٥-١٨٥٤) قسە لەبارەی زمان و نەتەوەوە دەکات کە مەبەستی نەتەوەی ئەڵمانیە. ئەو دەڵێت: یەکەم سنوورە بنەڕەتی و بەڕاستی سروشتیەکانی دەوڵەتەکان لەو دیووی گومانکردن لە سنوورە ناوخۆییەکانەوەن. ئەوانەی بە هەمان زمان قسەدەکەن هاوبەشی یەکتری دەکەن لە رووی پێکەوەبەستنی

نەبینراوی سروشت خۆیەوە، ئەوەش بەر لەوەی هەر هونەرێکی مرۆڤ دەربکەوێت. ئەوان لەیەکتر تێدەگەن و هێزی بەردەوامییان هەیە بۆ ئەوەی وایان لێبکات زۆر بە روونتر تێبگەن کە ئەوان پێکەوە پەیوەستن و بەسروشتی یەکن و گشتێکی دابەشنەبوون[٢]. لە روانینی فێختەوە زمان بایەخێکی گەورەی هەبوو سەرباری ئەوەی کە وەکو پایەیەکی سەرەکی رۆمانسیزم سەیری دەکرد. هەروەها فێختە زمانی وەکو بوونی نەتەوە دەبینی و نەتەوەی بە زمان دادەنا: فێختە وا سەیری نەتەوەی دەکرد کە لە بنچینەدا زمان بێت. هەروەها جەختی لەوە دەکردەوە کە زمان بە پێی کات گۆڕاوە، بە جۆرێک کە مێژووی نەتەوەو مێژووی زمان پێکەوەو هاوکات روویانداوە[٣]. بێگومان لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە سەیرکردنی فێختە لەو روانگەیەوەیە کە زمانی خەڵک یان زمانی نەتەوە پایەیەکی گرنگی رۆماسیزمە. لێرەدا رۆمانسیزم و ناسیونالیزم بەهۆی بنەمای زمانەوە لێک دەئاڵێن.

ئاشکرایە فێختە لەو روانگەیەوە کە بڕوای بە منی رەها هەبوو، وای دەبینی تاکەکەس بوویەکی تەوەرییە لە روانین بۆ ئەدەب و هونەردا، کە ئەمەش وەکو بنەمایەکی دیاری رۆمانسیزم سەیر دەکرێت. بوونی تاکەکەس وەها سەیرناکرێت کە شتێکی پەرت و ناپەیوەست بێت بە گشت یان بە خەڵکەوە، کە سەرئەنجام ئەو خەڵکە کۆی کۆمەڵ یان نەتەوەن بە گشتی و لە بارێکی وەهاشدا سنورە ناوخۆییەکانی جیاکردنەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان دیارنین یان کاڵ دەبینرێن. فێختە لە گوتار بۆ گەلی ئەڵمانیدا گوزارشت لە بڕوابوونی خۆی دەکات بە شارستانێتی و بە گیانی نیشتیمانپەروەری کە ئەوەش کاریگەری ئاشکرای لەسەر پەرەسەندنی ناسیونالیزم بەگشتی و ناسیونالیزمی رۆمانسیزم بەتایبەتی هەبوو. ئەویش لەو روانگەیەوە کە «گوتار بۆ گەلی ئەڵمانیا» زیاتر ئاخاوتنە لەگەڵ گشت یان هەمووان و سۆزو هەڵچوونی خەڵک هەوڵێکە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە یۆتۆپیا، کە مەبەست یۆتۆپیای بوون و ئازادیە. ئەوەش جۆرێکە لە ئەفراندن و داهێنان لە چوارچێوەی خەیاڵدا. لە کاتێکدا خەیاڵ لە بنەما سەرەکیەکانی رۆمانسیزمە، ئاشکرایە تا ئەندازەیەکی روون لە رووبەری عەقڵانیەتی رۆشنگەری و لە چوارچێوەی رۆڵ و پێگەی عەقڵدا لە رێبازی کلاسیکدا، بوارێکی ئەوتۆ بۆ کارکردنی خەیاڵ نیە.

ناسیونالیزمی رۆمانسی بایەخی تەواو دەدات بە رەگەزەکانی رۆماسیزم و لە راستیشدا ئەو رەگەزانەش دەبنە پایەکانی ریبازی رۆمانسی. هەر لەم تیشکە نیگایەوە ناسیونالیزمی رۆمانسی سرۆش دەبەخشێت بە ئەفاسنە فۆلکلۆرییەکان، وەکو بەرهەمی میللی و تەنانەت حیکایەتە خەیاڵیەکانیش، کە دەشێت بە زارە ناوچەییەکان گێڕابنەوە، جارێکی تر بە زمانی نەتەوە ئەگەر زمانی یەکگرتووی نەتەوە دروستبووبێت بڵاودەکرێنەوە، کە ئەوەش وێنەیەکی نوێ و زیندووی زمان پێشکەش دەکات. ناسیونالیستانی رۆمانسی وای بۆ دەچن لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو زمانەدا کە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا سنوورە جیاکەرەوە ناوخۆییەکانی دەڕوخێن، بەگشتی هاونیشتیمانیان بە سروشتی ئەو زمانە کە خاسێتی زمانی نەتەوەیی وەردەگرێت فێردەبن و منداڵ و نەوەکانیشیان وا لێ دەکەن بەو زمانە بدوێن و پەیوەندییەکانیان جێبەجێ بکەن وەکو بەشێک لە بەرنامە یان رێگایەکی گشتی بۆ دروستکردنی شوناسێکی دەگمەن، کە شوناسی نەتەوەییەو هاوکات ئەوە دەبێتە هەنگاوێک بۆ بنیادنانی نەتەوە. جوڵەو گەشەکردنە زمانەوانیەکان لە روانگەی ناسیونالیزمی رۆمانسیەوە بەدوای نموونەو شێوەکانی کەلتوری زمانەوانیەوەن. لێرەوە ئەگەر سەیری مێژوو بکرێت کەسانێک دەرکەوتوون کە لە رێگای ئەدەبەوە یان باشتروایە بگوترێت لە رێگای نووسینەوە زمانی ناوچەییان گۆڕیووە بۆ زمانی نەتەوەو ئەو کەسانەش وەکو نموونەی باڵای نەتەوەکانیان دەرکەوتوون کە پاڵنەری رۆمانسی گەڕاندونێتیەوە بۆ ناو زمانی میللی خۆیان، ئەگەرچی دەشێت ئەو کەسانە لە رووی کاتی دەرکەوتنەوە بکەونە پێش قۆناغی رۆمانسیشەوە. بۆ نموونە دەشێ لەم روانگەیەوە سەیری پێگەی شکسپیر بکرێت نەک تەنیا لە جوگرافیای ئەدەبی ئینگلیزیدا، بەڵکو رۆڵ و کاریگەری ئەو نەک تەنیا لە زیندووکردنەوەی زمانی ئینگلیزیدا بەڵکو لە بەنەتەوەیی کردنی ئەو زمانەدا. هەمان بۆچوون دەشێت بۆ شوێنی دانتی لە زمانی ئیتالیدا راست بێت. ئایا لە مێژووی نووسینی کوردیدا نموونەی لەمجۆرە دبینرێت؟

سەرباری گرنگیی بایەخی دەستپێکردنی نووسین بە کوردی، دیسان هەوڵی هەندێ لە نووسەرانی کورد بۆ نووسینەوەی ئەفسانەو حیکایەتی کوردی بە زمانی نەتەوەو بە شێوەی هونەری خاسێتێکی رێبازی رۆمانسیە کە گەڕانەوەیە بۆ ناو رابردووی نەتەوە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی

رابردووی زێڕین. گەڕانەوەی ئەحمدی خانی بۆ نووسینەوەی چیرۆکی ئەفسانەیی مەم و زین بە زمانی کوردی و بە شێوەیەکی هونەری و بە شێوەی شیعرو سەرباری بەکارهێنانی ناوەرۆکەکەی بە مەبەستی نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی کاتی مێژوویی نووسینی ئەو بەرهەمەو قۆناغی ژیانی ئەحمەدی خانیش بە گوێرەی کورد دەکەونە پێش دەرکەوتنی رۆمانسیزم و ناسیونالیزمیشەوە، بەڵام ئەم کارەی خانی نموونەیەکی زیندووە کە لە لایەک بنەماکانی رۆمانسیزمی تێدایەو لە رووی گەڕانەوەشەوە بۆ حیکایەتی میللی و ئەفسانەی نەتەوەیی و نووسینەوە بە زمانی نەتەوە هەم جێیەجێکردنی هەندێ لە بنەماکانی رۆمانسیزمە کە بوونیان هەیە لە دەقەکەدا، هەم بەکارهێنان و بەکارخستنی هەندێ لە رەگەزەکانی ناسیونالیزمی کوردیە لە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا.

واتە لێرەدا بنەمایەکی سەرەتایی ناسیونالیزمی رۆماسیزم دەبینرێت کە وەکو گوتمان زۆر پێش قۆناغی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزمە لە کۆمەڵی کوردیدا. هەر لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەحمەدی خانی وەکو شاعیر سەرباری پێگەی بەرزی داهێنانی، خاوەنی ئاسۆیەکی بینینی قوڵە و پێش قۆناغەکەی خۆی کەوتووە. ئەو ناسیونالیستێکی کوردە لە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردیدا. هەروەها دواتریش گەڕانەوەی هەندێ لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد بۆ نووسینەوەو تۆمارکردنی ئەفسانەو حیکایەت و فۆلکلۆری کوردی هەنگاوێکی ترە لە گەڕانەوەدا بۆ رابردوو. بۆ تۆمارکردن و وەبیرهێنانەوەو ئامادەکردنەوەی بەشێک لەو رەگەزانەی کە دەبنە بنەما بۆ ناسیونالیزم. ئەوە ئاشکرایە نەک هەر نووسەران و هونەرمەندانی کورد بەڵکو زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی نەتەوەکانی تریش گەڕاونەتەوە بۆ تۆمارکردن و بەکارهێنانی فۆلکلۆرو حیکایەت و ئەفسانەی رابردووی میللەتەکانی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا بە مەبەستی دەربڕین و گوزارشتکردن لە ناسیونالیزمی خۆیان. تەنانەت رەگەزێکی وەکو ئیپیک- داستان- وەکو سەرچاوەیەک یان رەگەزێکی تری ناسیونالیزمی رۆمانسی سەیر دەکرێت و زیندووکردنەوەی سرۆش و لەهەمان کاتدا هێز دەبەخشێت بە خاوەنەکەی کە نەتەوە یان گەلە. تەنانەت هەندی داستان و فۆلکلۆرو حیکایەتی خەیاڵی و ئەفسانەو ئاوازو رەگەزی تری فۆلکلۆری هەن کە زیاتر لە نەتەوەیەک خۆیان

بە خاوەنی دەزانن و دەشێت هەریەکەیان لە روانگەی خۆیەوە تۆماری بکات و بەکاری بهێنێت، وەکو رەگەزێکی ناسیونالیزمی رۆمانسی خۆی و بیکاتە بنەمایەک بۆ بنیادنانی شوناسی نەتەوەیی.

دەشێت گفتوگۆی ئەوە بکرێت کە ئایا ناسیونالیزمی رۆمانسی تا چ ئاستێک پەیوەندی بە تێڕوانینی هیگڵەوە هەیە بە تایبەتی کاتێک هیگڵ باسی رۆحی گشتی کۆمەڵگا دەکات، لەگەڵ هەنگاوەکانی دروستبوونی رۆحی گشتی و چۆنێتی گوزارشت لەخۆکردنی ئەو رۆحە کە بە بۆچوونی ئەو رۆحی گشتی تەنیا لە بەرهەمهێنانی دەوڵەت و گەیشتنی کۆمەڵگا بە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەتدا دەتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات. هەروەک ئاخاوتن لەبارەی رۆحی سەردەمەوە لەو روانگەیەوە کە رۆحی سەردەم خەڵکێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراوداو لە زەمینەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ دەکات، کە ئەو نیشتەجێکردنەش قۆناغێکی دیاری کۆمەڵایەتیبوونە، واتە بنیادنانی جۆریکی نوێ لە پەیوەندی کە پەیوەستبوونە بەخاکەوە، خاکیش ئەو شوێنەیە لە کاتێکی دیاریکراودا کۆمەڵێکی دیاریکراو دەتوانن مێژووی لەسەر دروست بکەن. کە پاڵنەری دروستکردنی ئەو مێژووەش رۆحی گشتی کۆمەڵگایە کە رۆحیش چەمکێکی ئایدیالیستیەو لەگەڵ خەیاڵ و یۆتۆپیا هەمان سەرچاوەیان هەیە، کە ئاشکرایە خەیاڵیش لە بنەما سەرەکیەکانی رۆمانسیزمە.

لێرەوە مێژوویەک بەرهەم دێت کە خەیاڵ یەکێکە لەسەرچاوەکانی. کاتێکێش باسی مێژووی شارستانێتی دەکەین، راستەوخۆ بابەتی دامەزراوەی دەوڵەت دێتە پێشەوەو بە بێ بوونی ئەو دامەزراوەیە کە باڵاترین ئاستی خۆنمایشکردن و خۆدەربڕینی رۆحی گشتی کۆمەڵگایە، نە مێژووی خاوەن شوناس و نە شارستانێتی بەرهەم نایەت. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت مەسەلەی رۆحی گشتی و رۆحی سەردەم وەکو رەگەزی زیندووی ناسیونالیزمی رۆمانسی سەیر دەکرێن لەو روانگەیەوە کە ئەو رۆحە یەکگرتن و یەکبوون دروست دەکات و دەبێتە پاڵنەری جوڵاندنی کۆمەڵگا بەرەو پێکهێنانی دامەزراوەی دەوڵەت، کە ئەو دامەزراوەش زیاتر لەوەی خاسێتی دامەزراوەی ئێتنیکی هەبێت، خاسێتی دامەزراوەی هەموو کۆمەڵگای دەبێت، واتە دەوڵەتی کۆمەڵگا دەبێت. بەو پێیەش کە رەگەزەکانی رۆمانسیزم لە دروستکردنی ئەو دەولەتەدا

بەشدار دەبن، لە رووی نەتەوەییەوە وەکو دەوڵەتی ناسیونالیزمی رۆماسیزم سەیر دەکرێت.

ئاشکرایە ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لەوەی ناسیونالیزمێکی ئیتنیکی تەواو یان ناسیونالیزمێکی کەلتوری یان ناسیونالیزمێکی مەدەنی، یان ناسیونالیزمێکی سیاسی خاوەن شوناس بێت، زیاتر ناسیونالیزمێکی رۆمانسیە. هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شێوەکانی تری ناسیونالیزم لە رووبەری گشتی ناسیونالیزمی کوردیدا بوونیان نیە، بەتایبەتی لە کاتێکدا بنەمای هاوبەش و رەگەزی هاوبەش لە نێوان جۆرەکانی ناسیونالیزمدا هەیە. بۆ نموونە بەگشتی زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، دابونەریتی هاوبەش، کەلتوری هاوبەش لە بەشی زۆری جۆرە جیاوازەکانی ناسیونالیزمدا رەگەزو بنەمای بەرهەمهێنانی ناسیونالیزمن. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بنەمایەکی سەرەکی رۆمانسیزم و بەو پێیەش ناسیونالیزمی رۆمانسیزم گەڕانەوەیە بۆ رابردوو. لەو رووەشەوە گەڕانەوەیەکی لەبەرچاو هەیە بۆ فۆلکلۆری کوردی و بۆ حیکایەت و ئەفسانەی کوردی و بۆ ئاوازو مۆسیقای کوردی و بۆ بەیت و بێژەی کوردی و تەنانەت گەڕانەوە بۆ هێماکانی ئایینی زەردەشتی و هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئایینی زەردەشتی ئایینی کوردی بووەو دیسان هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو ئایینە بکرێت بە بنەمایەک بۆ ناسیونالیزمی کوردی. هەروەها هەندێ هەوڵی گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی رێنووسی لاتینی بۆ نووسینی کوردی هەیە بە تایبەتی لە باکورو رۆژئاوای کوردستان و لەم دواییانەدا هەندێ هەوڵی لەمجۆرەش لە باشووریش دەبینرێت. هەرچەندە یەکەمین دەستپێکردنی نووسینی کوردی بە ئەلفابێتی رۆمانی لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە بوو کە لە گۆڤاری هەتاو کە لە ساڵی ١٩٣٤لە شام دەرچووە دەست پێدەکات... ئەمانە هەمووی گەڕانەوەیە لە روانگەی رۆمانسیزم و ناسیونالیزمی رۆمانسیزمەوە بۆ ناو بوون و رەسەنایەتی و رابردووی زێڕین. شانبەشانی ئەم رەگەزانە گەڕانەوە بۆ نێو سروشتی جوانی کوردستان و پەیوەستبوون و خۆشەویستی بۆ خاک چ وەکو زێدو چ وەکو نیشتیمان، هەستی بە پیرۆز سەیرکردنی سروشت و خاکی دروستکردووەو هەر ئەو هەستەش کە هەستی رۆمانسی تاکەکەس و لە ئاستێکیشدا دەستەجەمیە، بووەتە هەوێنی هەزاران دەقی شیعری

ڕۆمانسی کوردی و سەدان سرودی ڕۆمانسی نیشتیمانی. ئەمەش وایکردووە کە شاعیرانی پەیوەست بە سروشتی جوانی کوردستان لە چیاو دەشت و دۆڵ و شیو و گوڵ و گوڵزارو تاڤگەو ڕوبارو دەشت و نزار، خۆیان وەکو هێمای نەتەوەیی و کوردایەتی و بەرهەمەکانیشیان وەکو دروستکەرو بزوێنەرو وروژێنەری هەستی نەتەوایەتی کوردی سەیر بکرێن. ئەم ڕەگەزانە لە ڕوانگەی ڕۆمانسیزمەوە دەبنە ڕۆح و گەوهەری ناسیونالیزمی کوردی.

ئاشکرایە کە کۆمەڵگای کوردی زۆر پێش دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم و ناسیونالیزم لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەوانی تردا بووەو تەنانەت وەکو جوگرافیاو ئیتنیکێک دابەشکراوە. واتە نە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خۆیی هەبووە کە مەبەستمان دەوڵەتە، نە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە یەکەیەکی یەکگرتوو بووە. واتە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی سادەترین بنەمای ناسیونالیزمی کوردیداو لە پێش سەربەخۆیی و لە پێش بنیادنانی نەتەوەدا یەکگرتن و یەکخستنەوەی گەلی کورد پێویستییەکی سەرەکی بووە. دیارە پاش تێپەڕبوونی ماوەی درێژیش بەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیست و ناسیونالیزمی کوردیشدا هێشتا ئەو یەکگرتن و یەکبوونە لەسەر زەمینەی واقیع نەهاتووەتە دی. هەڵبەت یەکگرتنێکی لەم جۆرەش تەنیا لە ڕوانگەی ڕەچەڵەک یان ئیتنیکی هاوبەشەوە سەیر ناکرێت. هەروەها شتێک نیە کە دەستکرد بێت یان دروستکراوی خەیاڵ بێت، بەڵکو یەکگرتن و یەکبوونێکی لەم جۆرە زەمینەیەکی کەلتوری پێویستەو دەبێت هەیبێت کە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا زمانی هاوبەشەو لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتنێکی وەها کۆبوونەوەیەکی سیاسیەو دەربڕین و گوزارشتکردنە لە بیرکردنەوەو لە وردبوونەوەو تێڕوانینی سیاسی کە مێژووی کۆن و نوێی هەیە.

لە هەر کۆمەڵگایەکی دەرەوەی دەوڵەتدا، ویستی سیاسی و ئیرادەی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی دەوڵەت و بۆ بەرژەوەندی گشتی و هاوکات ویستی کەلتوری پەیوەستن بەو ناسیونالیزمەوە کە ئەو یەکێتیەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ پێکدەهێنێت، کە ڕۆحی ئەو ناسیونالیزمەی کوردی ڕەگەزە ڕۆمانسیەکانن و بەوپێیە ناسیونالیزمەکەش خۆی زیاتر ناسیونالیزمێکی ڕۆمانسیە.

ئایا دەشێت وەها سەیر بکەین کە ناسیونالیزمی کوردی بە رەگەزە رۆمانسیەکانیەوە تەنیا ناسیونالیزمێکی رۆمانسیەو هیچی ترو خواست و ویستەکانیشی تەنیا لە چوارچێوەی روانین و دیدێکی رۆمانسیانەدا دەمێنێتەوەو ئەوەش وای لێدەکات زیاتر لە هەڵچوون و داچوونێکی بەردەوامدا بێت و نەبێت بە خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی دوور مەودا، یان بە پێچەوانەوە ناسیونالیزمی کوردی تەنیا شتێکی رۆمانسی نیە، بەڵکو بەرهەمی جۆرێک لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەو وەکو پێداویستیەکی پراگماتیکانە سەیر دەکرێت و هەڵگری ویست و بەرنامەیەکە بۆ پیادەکردن؟ کە ئەم دوو رەگەزەش واتە بەرژەوەندی- پراگماتیک- و پیادەکردنی بەرنامە ئاماژە بۆ دیدێکی ئایندەیی دەکەن کە گەوهەرەکەی گەیشتنە بە کۆمەڵگایەکی نوێ، نەک تەنیا لەسەر بنەمای پەیوەستبوون و وابەستەبوونی تاکەکەسی، بەڵکو بۆ بەخشینی شوناسێکی رۆشنبیری گشتگرو هەمەلایەن بە هاوولاتی کە پەیوستبوون و وابەستەبوونە ناوچەیی و نەریتیەکانی لە جۆری خێڵایەتی و ئایینی و مەزهەبی و حیزبی بخاتە لاوەو پەیوەستبوون و وابەستەبوونی سیاسی تاکەکەس دیاری بکات.

رەگەزەکانی رۆمانسیزم لە هەست و سۆزو هەڵچوون و خەیاڵ، لە بزووتنەوەو بەرنامەو ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا خاسیتی پیرۆزی بە پەیوەستبوون و ئینتیما بە نیشتیمان و نەتەوەوە دەبەخشێت و هاوکات وەهاش سەیر دەکات کە پەیوەستبوونی تاکەکەس و کۆمەڵیش بەو بزووتنەوانەوە جۆریکە لە ئەرک و دەبێت جێبەجێ بکرێت. هەروەک رۆمانسیزم لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا دەبێتە مۆتیڤی خۆنەویستی و رێکخستن و دیسپلینکردن و و گوێڕایەڵی و ئەمەش هێزو ئیرادە بەو بزووتنەوانە دەبەخشێت و چوارچێوەی بەها نەتەوەییەکان فراوانترو چەسپاوتر دەکات. رەنگە بۆچوونێکی هەڵە نەبێت ئەگەر ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بنەما رۆمانسیەکان لە ناسیونالیزمی کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، شوێنی بەشێک لەو مۆتیڤ و فاکتەرانە دەگرنەوە کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو، گەشە ئاساییەکاندا بە پیشەسازیکردن و بەشاریبوونی کۆمەڵگا و دروستبوونی چینی ناوەندو بوونی تاکەکەسی خاوەن شوناس بەرهەمیان دەهێنن.

ئەگەر لێرەوە سەرنجی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد بدەین، هەر لە دوای روخاندنی میرنشینەکانەوە کە بزووتنەوەی بەدرخانیەکان وەکو یەکەم بزووتنەوە دەرکەوت، لە دوو ئاست پێکهاتبوو، یەکەمیان سەرکردایەتی بزووتنەوەکە کە بریتبوون لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان پاشا و کەسە نزیکەکانیان کە لە لایەک لە ئەستانەو شارە گەورەکانی تری دەوڵەتی عوسمانییدا خوێندبوویان و ژیابوون و ئەوەش لە رووی رۆشنبیرییەوە گەیاندبوونیە ئاستێکی زۆر پەرەسەندووتر لەچاو کۆمەڵگای کوردیدا. لە لایەکی تریشەوە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان تیکەڵاوی ژیانی ئەوروپا بووبوون و دروستبوونی بزووتنەوە نەتەوەییەکان و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییان لە ئەوروپای رۆژئاوا بینیبوو، ئەوەش بووبووە هۆی زیاتر هوشیارکردنەوەیان و بیریان لەوە دەکردەوە کە پێویستە کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر خاوەنی بوون و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی بێت. ئاستی دووەمی پێکهێنەری بزووتنەوەی بەدرخانیەکان ئەو جەماوەرە بوو کە بزووتنەوەکەی پێکهێنابوو، واتە خەڵک کە ئەوانیش هاوولاتیانی کورد بوون. ئەم جەماوەرە لە کاتێکدا دوای بزووتنەوەیەک کەوتبوون کە مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا هیچ ئامادەبوونێکی نەبوو. هەڵبەت ئەم بۆچوونەش لە رووی روانینی زانستیانەوە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم بۆچوونێکی راست و دروستە، چونکە بۆ ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەم نەک هەر لە کۆمەڵگای کوردیدا کە لە بارێکی تەواو دواکەوتوویدا بوو، تەنانەت بۆ کۆی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان بەگشتی و کۆمەڵگاکانی سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانی بەتایبەتی مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ئەو مێژووە هێشتا نەبووبووە بابەتێک کە جێگای باس بێت. واتە شوێنکەوتووانی بزووتنەوەی بەدرخان پاشا کە نە لەژێر کاریگەری فاکتەری هوشیاری و نە لەژێر کاریگەری فاکتەری چینایەتیدا دوای ئەو بزووتنەوەیە نەکەوتبوون، بەڵکو ئەوەی لە پشتی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی هێزی بزووتنەوەکەوە بوو لە ئاستی یەکەمدا فاکتەری رۆمانسی بوو، واتە هەست و سۆزو هەڵچوون و خەیاڵ بۆ بوون و ئازادی و تەنانەت بۆ سەربەخۆیی ئەو جەماوەرەی لەدەوری بزووتنەوەکە کۆکردبووەوە.

ئەوە شتێکی رەتنەکراوەیە کە رەگەزە رۆمانسیەکان لە سەرهەڵدانی

ناسیونالیزمی کوردیدا ڕۆڵ و شوێنی دیاریان هەبووە. لە ئاستی یەکەمدا هەست و سۆزو هەڵچوون و گەڕانەوەو پەیوەستبوون بە سروشتی جوانی کوردستان و تەنانەت باسکردنی لەلایەن شاعیرانەوە لە رووی جوانی و خۆشیەوە وەکو بەهەشتی سەرزەمین و جوانترین شوێن و باسی کورد خۆی وەکو رەسەنترین و رەگەزو خاوەن مێژوو، خاوەن شارستانێتی و خاوەن عیلم و عیرفان و هونەرو باسی کەسێتی کوردی وەکو پاڵەوان و پتەو وەکو چیاکان، هەروەها گەڕانەوەی ناسیونالیستەکانی کورد بۆ زمان و فۆلکلۆرو چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەی کوردی و بایەخپێدان و بەکارهێنانیان وەکو بنەما بۆ رۆمانسیزمی کوردی و تەنانەت گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ پەیوەستکردنەوەی کورد بەو شوێنەوارەنەوە وەکو هەنگاوێکی ناسیونالیستانی کورد سەیر دەکرێت لە دۆزینەوەی رەگوڕیشەی رۆچووی کورد بەناو مێژووی دێرینی ئەم خاکەدا. لێرەوە بە ئاشکرا دیارە کە ئاراستەی دیاری ناسیونالیزمی کوردی ناسیونالیزمی کەلتوری بووەو ئەم گەڕانەوانەش لە ئاستی یەکەمدا بۆ بەدەستهێنانی شوناس بووە. هەڵبەت لە پشتی بەدەستهێنانی شوناسیشەوە ئامانجێکی فراوانتر هەیە کە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بووە.

وەکو پێشتر گوتمان بزووتنەوەکانی کورد هەریەکە بە ئاستێک بە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی کراون، کە لێرەدا رۆڵی رەگەزە رۆمانسیەکان دیارو لەبەرچاوە. تەنانەت لە بزووتنەوەکانی کورددا هەر لە بزووتنەوەی بەدرخانیەکانەوە هەتا بەرنامەو ستراتیژی ئەو پارتە سیاسیانەی ئێستای کوردستان، کە هەریەکەیان بەجۆرێک خۆی وەکو پارتی ناسیونالیستی نیشان دەدات، بەرنامەکانیان بە بەشێک لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاویکراوە(٤)، زیاتر خاسێتەکانی ناسیونالیزمی رۆمانسی بەسەریاندا زاڵەو لەبری لۆجیکی عەقڵ و بیرو تێڕوانینی واقیعیانە، سۆزو عاتیفەو هەڵچوون و خەیاڵ کۆکەرەوەو بزوێنەری ئەم بزووتنەوانە بووەو بەردەوام لەبەر کاریگەری سۆزو هەڵچوونی رۆمانسیانە بزووتنەوەکان و تەنانەت دروستبوونی پارتە سیاسیەکانیش وەکو کاردانەوەو هەڵچوون و هەندێ جاریش وەکو چاولێکەری و لاساییکردنەوە دەرکەوتوون. تەنانەت هۆی سەرەکی شکست و هەرەسهێنانی راپەڕین و بزووتنەوەکانی کوردو نەتوانینی نزیکبوونەوە

لە ئامانجی سەرەکی کە بریتیە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت، باڵادەستبوونی رەگەزە رۆمانسیەکان و لاوازی یان نەبوونی بیرو عەقڵ بووە لە دروستبوون و لە بەڕێوەبردنی کۆی بزووتنەوەکاندا.

ئایا ناسیونالیزمی رۆمانسی کوردی بووەتە بزووتنەوەیەکی دیار لە مێژووی کورددا؟ بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە باشتروایە بێجگە لە کاریگەری ئاشکرای ناسیونالیزمی رۆمانسی لەسەر بزووتنەوەو راپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بۆ دواوە. سەرنجێکی خێرا لە مێژووی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتیش مێژووی دروستبوونی پارتی سیاسی کوردی بدەین، بۆ ئەوەی بزانین تا چ ئاستێک رۆمانسیزم تێکەڵاوی بەرنامەی ئەو پارتە سیاسیانە بووەو ناسیونالیستی کورد زیاتر لەهەر جۆرێکی ناسیونالیست، ناسیونالیستی رۆمانسی بووە. بەشێک لەو دەستەبژێرەی رۆشنبیران و ئەفسەرانی کورد بە گشتی و ئەوانەی باشوری کوردستان بە تایبەتی کە لە پایتەختی دەوڵەتی وعوسمانی و شارەکانی تری ژێر سایەی قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتەدا بوون و کاریان کردووە، راستەوخۆ کاریگەری دەرکەوتنی ناسیونالیزمی تورکی و ناڕاستەوخۆش کاریگەری ناسیونالیزمی رۆژئاوایان لە رێگای تورکەکانەوە پێوە دیاربووە. ئەو رۆڵ و کاریگەرییەش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە ئاشکرا لەسەر ئەو دەستەبژێرەی کورد دەرکەوتووە. هەم لە هەوڵ و کۆششیان بۆ ئەوەی کورد لەدوای جەنگ و لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ببێتە خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی، هەم لە گەڕانەوەی دواتریان بۆ باشورو تەنانەت بەشداریکردنی هەندێکیان لە بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودو لە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران و لە بزوتنەوەی ئیحسان نوری پاشاداو دواتریش بەشداریکردنی بەشێکیان لە پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقیدا و تەنانەت رۆڵی دیاری هەندێ لە ئەفسەران لە دروستکردنی سوپای عێراق و بوونی ئومێدیک بەوەی کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی و لەبری دەوڵەتی ناسیونالیزمی ئیتنیکی ببێتە دەوڵەتی ناسیونالیزمی مەدەنی.

بێگومان ئەم دەستەبژێرە کە زیاتر سیمای ناسیونالیستییان هەبووە، لە نائامادەبوونی ناسیونالیزمی کوردیدا بریتیبوون لە ناسیونالیستانی رۆمانسی، کە سەرباری گەڕان بە دوای مافی سیاسی و جۆرێک لەسەربەخۆیدا، ئەوان

زیاتر گەڕاونەتەوە بۆ زیندوکردنەوەی ئەو ڕەگەزانەی رابردووی کورد، کە ڕەگەزی ڕۆمانسی و ناسیونالیزمی ڕۆمانسیزمن لە زمان و فۆلکلۆرو چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەو ئایین و لەو رووەشەوە بەشێکیان پێیان وابووە دەبێ کورد بگەڕێتەوە بۆ زیندوکردنەوەی ئایینی زەردەشتی. ئەمە بێجگە لە کاریگەری ئاشکرای هەست و سۆزو هەڵچوونی نەتەوەیی لای دەستەبژێری ناسیونالیستی کوردی. ئەگەر سەرنجی دروستبوونی حیزب بدەین لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەوە بەئاشکرا دەردەکەویت کە کاریگەری ناسیونالیزمی ڕۆمانسی لە دروستبوون و بەرنامەکانیاندا لەبەرچاوە. ڕێکخراوی «خۆیبوون» وەکو یەکەم پارتی سیاسی کوردی، بەرنامەو ئایدۆلۆژیای ئەو پارتە لەسەر دوو پایە وەستاوە، ڕۆمانسیزم و ئیتنیک کە پایەکانی ئەم دوو جۆرە ناسیونالیزمەش هاوبەشن. بەڵام دیاردەیەکی تر لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا کە لە یەکەم بزووتنەوەی کوردەوە باڵادەستبووە، دیاردەی چەکدارییە، واتە پەنابردن بۆ چەک کە ئەوەش لوتکەی توندو تیژیە.

بێگومان ئاشکرایە سەرکردایەتی هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی نەیتوانیووە بیر لە هیچ جۆرە خەباتێکی تر بکاتەوە بێجگە لە خەباتی چەکداری. ئەمەش لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورددا یەک دەلالەتی هەڵگرتووە، ئەویش پێش هەر بەرنامەو پرۆژەیەک پەنابردن بۆ چەک، واتە نەبوون و نائامادەبوونی بیرو لێکدانەوە، واتە کارنەکردن بە بیرو عەقڵ و لێکدانەوەو بەرنامەو پەنابردن بۆ بەرامبەر یان دژەکانیان کە بریتین لە هەست و سۆزو هەڵچوون و کاردانەوە کە ئەمەش بەرهەم و دەرهاوێشتەی ڕۆمانسیزمە. بزووتنەوە چەکدارییەکانی کورد هاوشان و هاوتان لەگەڵ شاخدا، واتە لەگەڵ سروشتدا کە ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ گەڕانەوەی ڕۆمانسیانەدا بۆ ناو سروشت. لێرەوە دەردەکەوێت کە لە بزووتنەوەو ڕاپەڕینەکانی کورددا سەرباری روخساری سیاسی و ئیتنیکی ئەو بزووتنەوانە، بەڵام لە هەموو ئاستێکدا کاریگەری ناسیونالیزمی ڕۆمانسی زیاتر بووە، تەنانەت لە پێکهاتنی پارتە سیاسیەکانیشدا بەوانەشیانەوە کە خۆیان وەکو پارتی نەتەوەیی پێشکەش کردووەو بەوانەشیانەوە کە پاشخانی چەپیان هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پارتی هیواو ژێکاف و پارتی دیموکراتی کورد و پاشان پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراق و پاشانیش سەیری بەرنامەی

کاژیک و دواتریش سەیری بەرنامەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی و یەکێتی نیشتیمانی و کۆمەڵەی زەحمەتکێش و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات و پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی یەکێتی دیموکرات بکەین، بە نەتەوەیی و ناوەندو چەپیشیانەوە، لەوەدا یەکدەگرنەوە کە رەگەزە رۆمانسیەکانی ناسیونالیزم تیایاندا دیارو بالادەست و کاریگەرن. بۆ نموونە گەڕانەوە بۆ زمان و فۆلکلۆرو رابردووی کوردو سروشتی کوردستان و ئەدەب و هونەری کوردی و لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە باڵادەستی هەست و سۆزو هەڵچوون و دروستکردنی پاڵەوانی ئەفسانەیی لە پێشمەرگەو کاریزمای خەیاڵی لە سەرکردەی ئاسایی بزووتنەوە چەکدارییەکان، لە هەندێ لەو سەرکردانەی بزوتنەوە چەکدارییەکان کە هەندێکیان نەک هوشیاری نەتەوەییشیان نەبووەو نیە بەڵکو هەر خوێندەوارییشیان نەبووە، هەموو ئەمانە خاسێتی دیارو ئاشکرای پارت و راپەڕین و بزووتنەوەکانی کوردن.

لە لایەکی ترەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستەبژێرێک لە رۆشنبیری بچووک ئەگەر لە لوتکەی پارت و راپەڕینەکانیشدا نەبووبن، ئەوە لە سەرکردایەتی پارت و راپەڕینەکاندا بوون، کە رۆشنبیری بچوکیش لەبەر ناجێگیری پێگەی چینایەتییان و لە رووی سایکۆلۆجیەوە رۆمانسیبوونی رۆشنبیری بچووک خاسێتی رۆمانسیبوونی بە بزوتنەوەکان بەخشیووەو جۆرێک لە یۆتۆپیایان دروستکردووەو قەوارەی بزووتنەوە چەکدارییە سنووردارەکانی خۆیانییان لە ئەندازەبەدەر گەورە کردووە. بە جۆرێک کوشتنی دوو سەربازی داگیرکەر یان گرتنی سەنگەرێکی سوپای داگیرکەر وەکو ئەفسانە دروستکردن دراوەتە قەڵەم.

لە لایەکی ترەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لە سەرەوە بەرزمان کردەوە: ئایا ناسیونالیستانی کورد کەوەتوونەتە ژێر کاریگەری ناسیونالیزمی ئەوانی تر یان نا؟ دەشێ سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ناسیونالیزمی کوردی ناسیونالیزمێکی ئاسایی نیە، ئەویش لەبەر داگیرکردن و دابەشکردن و دواکەوتن و لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی کوردی لەجۆری دەوڵەتی فیودیالی، ئایینی... واتە نەبوونی سەروەریی نەتەوەیی و لەوەش نائاساییتر نەبوونی گەشەیەکی کۆمەڵایەتی سروشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا[٥]، ئەویش لەبەرچەندین هۆکار کە ئێمە پێشتر لە کتێبی (پەرەسەندنی

ناسروشتی کۆمەڵگای کوردیدا) بەدرێژیی لەو هۆکارانە دواوین. واتە ئەو هۆکارانەی کە وایانکردووە سیستێم و پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالی لە کۆمەڵگای کوردیدا دروست نەبێت و ئەوەش هۆکاری سەرەکی بووە بۆ دروستنەبوونی چینی ناوەندی کوردی کە لە راستیدا ئەو چینە واتە چینی ناوەند کە پێشی دەگوترێت بۆرژوای پیشەسازی، یان بۆرژوای نیشتیمانی کە هەڵگری پرۆژەی ناسیونالیزم و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بنیادنەری نەتەوەیە. لێرەوە زیاتر بوار بۆ دروستبوونی ناسیونالیزمی رۆمانسی و ناسیونالیزمی کەلتوری فەراهەم بووە، ئەویش بەکاریگەری ناسیونالیزمەکانی ئەوانی تر کە مەبەست لە ئەوانی تر ناسیونالیزمی نەتەوەکانی ترە. هەر ئەمەش هۆکاربووە لە کۆمەڵگای کوردیدا ناسیونالیستی بێ ناسیونالیزم دروست ببێت. دەرکەوتنی چەندین کەسی وەکو شەریف پاشای خەندان و عەبدولرەزاق بەدرخان و، شێخ عەبدولقادری شەمزینی، رەفیق حیلمی... کاریگەری ناسیونالیزمی ئەوانی تریان لەسەر بووە.

دروستبوونی حیزبی هیواو ژێکاف و پاشانیش کاژیک زیاتر بە کاریگەری ناسیونالیزمی ئەوانی تر بووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەو دەستەبژێرە ناسیونالیستە بکەین کە کاژیکیان دامەزراند زیاتر ناسیونالیستی رۆمانسی بوون و ئاشکراشە ئەم دەستەیە وەکو کەسانی خوێندەوار بە ئاگابوون لە ناسیونالیزمانی نەتەوەکانی تری وەکو ناسیونالیزمی ئەڵمانی و ئیتالی و تەنانەت ناسیونالیزمی عەرەبییش کە ناسیونالیزمی ئەم نەتەوانەش زیاتر ناسیونالیزمی رۆمانسی بوون. کێشەی ناسیونالیستی رۆمانسی بە تایبەتی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی وەکو کۆمەڵگای کوردی و تەنانەت کۆمەڵگاکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەئاسانی نەبوونەتە خاوەنی جەماوەرو سەرباری ئەوەی کە پارتی سیاسیشیان دامەزراندووە، بەڵام نەبوونەتە خاوەنی پێگەی جەماوەریی. ئەو پارتانەی لە ژێر کاریگەری ناسیونناليزمی رۆمانسیدا دروستبوون، تەنیا وەکو ئایدیۆلۆجیا ماوەنەتەوەو رووبەری کارکردن و گەشەی جەماوەرییان زۆر سنووردار بووەو تەنیا وەکو پارتی دەستەبژێر ماوەنەتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی گۆشەگیری ئەم پارتە سیاسیانەی وەکو کاژیک و نەبوونیان بە پارتی جەماوەریی، لە ئاستی یەکەمدا لاوازی هوشیاری نەتەوەیی بووە لای جەماوەر. دووەمیش تێڕوانینی

تا ئەندازەیەک داخراوی ئەو دەستەبژێرە ناسیونالیستە بووە بۆ شێوازی پارتایەتی و سیاسەت و بۆ دۆزی نەتەوایەتی کوردی و بۆ پەیوەستبوون بە بنەما رۆمانسیەکانی ناسیونالیزمەوە لە زمان و رابردووی کوردو داب و نەریت و فۆلکلۆر و چیرۆکی خەیاڵی کوردی و بە بنەما کردنی ئایینی زەردەشتی و لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە وەها سەیرکردنی کورد کە لەسەروی هەموو ئەوانی ترەوەیە. ئەمە بێجگە لە لاوازی بواری پیادەکردن لە لایەن ناسیونالیستانی رۆمانسیەوە بەگشتی، کە بێگومان هەمان خاسێت لە ناسیونالیستانی تری رۆمانسی کوردیدا دیارو ئاشکرابووەو ئەوەندەی کەسانی تیۆریی و ئایدیۆلۆژی بوون، ئەوەندە لە بواری کارو پیادەکردنندا لاوازو ناکارا بوون. ئەوەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی ناسیونالیستانی رۆمانسی کوردی و ئەو پارتە سیاسیانەشی دروستیان کردوون لە کاژیک و پاسۆک و هەر گروپ و رێکخستنێکی تر کە خۆیان بە نەتەوەیی زانیبێت، نەتوانن ببنە خاوەنی پێگەی جەماوەریی.

لەراستیدا یەکێک لە خاسێتە زاڵەکانی ناسیونالیزم ئەوەیە کە ببێتە ئایدیۆلۆجیایەکی جەماوەریی، نەک وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی گۆشەگیر بمێنێتەوە. بەڵکو ناسیونالیزم دەبێت ببێتە هاندەرو پاڵنەری یەکێتی و یەکبوون و هەموو سنوورە ناوخۆییەکانی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە جۆری سنووری چینایەتی و خێڵایەتی و ئایینی و مەزهەبی و جێندەری هەڵوەشێنێتەوەو هەموو نەتەوە بکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو. ناسیونالیزم جەخت دەکاتە سەر پەروەردەکردنی لاوان و رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگاو جولاندنی رۆحی گشتی کۆمەڵگاو پتەوکردن و بەهێزکردنی بەهاکان و بنیادنانەوەی کەسێتی تاک و دروستکردنی خەونی ئاییندە بەگشتی لای کۆمەڵگاو بەتایبەتیش لای لاوان و دروستکردنی جوڵەی بەرەو رابوونەوە لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگاداو زەمینە خۆشکردن بۆ جۆرێک لە رێنیسانسی نەتەوەیی کە ئەوەش شانبەشانی لایەنی پەروەردەیی و مەعنەوی پێویستی بە پتەوکردن و بەهێزکردنی لایەنی مادی هەیە، کە ئەویش ئابوورییە، واتە هیچ رابوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی روونادات ئەگەر ژێرخانێکی ئابوری پتەو و بەهێزی نەبێت. یەکێک لە کێشەکانی ناسیونالیزمی رۆمانسی کە زیاتر سیمایەکی ئایدیالییانەی هەیەو زیاتر بڕوای بە لایەنی مەعنەوی هەیەو لەسەر هەست و سۆزو هەڵچوون کاردەکات، کەمتر

بایەخ بە بوارە مادییەکان دەدات، لە ناویشیاندا ئابوری. یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی شکستی ناسیونالیستی رۆمانسی کوردی لە بوون بە خاوەنی پێگەی جەماوەریی بەهێزو فراوان، وەستانە لە دەرەوەی ژیانی خەڵک، لەو رووەوە کە ژیان پەیوەستە بە بنەما مادیەکانەوەو لەسەروی هەمووشیانەوە مەسەلەی ئابوری.

بێگومان لە ناوەندی سیاسی و رۆشنبیری و پارتایەتی کوردیدا، ئەوە ئاشکرایە کە چەپ و کۆمۆنیست و راست ڕەوە ئیسلامیەکان و ئەوانەشی کە دیدی لیبراڵانەیان هەبووە، ناسیونالیزمی کوردییان بە رۆمانسیانە تاوانبارکردووە. رەنگە ئەمەش دوو هۆکاری هەبووبێت کە یەکەمیان ئەوەیە ئەم ئاراستانە لە بنەڕەتەوە بڕوایان بە مەسەلەی نەتەوایەتی نەبێت، دووەمیشیان ئەوەیە کە هۆکاری هەست و سۆزو هەڵچوون سیمایەکی توندڕەوانەی داوە بە ناسیونالیستانی کورد و وای لیٔ کردوون بێجگە لە خۆیان نە دان بەکەسی تردا بنێن نە کەسی تریش پەسەند بکەن لە کاتێکدا کە ئەم ئاراستەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا کە دەبوو دەوری پێشەنگ ببینن، کەچی گۆشەگیرو ناکاراو ناکردە بوون. ئەوەش سەرئەنجام ناسیونالیستانی رۆمانسی کوردو پارتە ناسیونالیستە رۆمانسیەکانی خستۆتە گۆشەیەکی تەسکەوەو لەناو جەماوەردا پێگەیەکی ئەوتۆیان بۆ دروست نەبووە بەراورد بەو تاکەکەس و دەستە سیاسیانەی کە بە هەندیٔ لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی کراون و بەراورد بەو پارتانەی کە بە هەندێک لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی کراون بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و ئێران و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان و کۆمەڵەی رۆژهەلات و پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان، کە سەرباری گوتارەکانیان وەکو گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزمی کوردی، بەلام هەریەکەیان بوونەتە خاوەنی پێگەی جەماوەریی بەرفراوان. هەرچەندە ئەم پارتانەش زۆرێک لە خاسێتەکانی ناسیونالیزمی رۆمانسییان هەڵگرتووە بە تایبەتی کارکردن لەژێر کاریگەری هەست و سۆزو هەڵچوون و خەیاڵی رۆمانسیانەدا لەبری کارکردن بە لۆجیکی عەقڵ و لێکدانەوە، بەلام بە پێچەوانەی پارتە ناسیونالیستەکانەوە توانیوویانە رەگوڕیشەی خۆیان بە ئاستی جیاواز لەناو کۆمەڵگادا دابکوتن.

پەیوەستبوونی سۆزداری و هەست و عاتیفەو مەیلداری رۆمانسی بۆ نەتەوەو زێدو زمان و کەلتور و رابردوو، بنەمای سەرەکین لە بنیادنانی خواست و ویستی نەتەوەیدا لای زۆربەی گەلانی جیهان کە ئەو گەلانە لەسەر پێکەوە کۆکردنەوەو کارپێکردنی ئەم رەگەزانەو رەگەزە ئابوری و سیاسیەکان و لەسەر بنەمای بەهاکان توانیوویانە یەکێتی نەتەوەیی بەهێز و پتەو بنیاد بنێن، کە ئەوەش لە ئەرکەکانی ناسیونالیزمە. واتە ئەو مەیلە سۆزدارییە رۆمانسیە ئەگەر بە دروستی لەگەڵ رەگەزەکانی تردا بخرێتەکار، دەبێتە هۆکاری زەمینە رەخساندن بۆ یەکێتی و یەکبوون. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین ئەوا ناسیونالیزمی رۆمانسی و ناسیونالیستانی رۆمانسی نەیانتوانیووە رۆڵیان هەبێت لە خستنەڕووی بیرۆکەی یەکێتی و یەکبوون و هەست و سۆزی رۆمانسیانەش لەو رووەوە ناکارا بووەو رەنگە تاکەکسی ئامادەکردبێت بۆ بەرگری و تەنانەت قوربانیدان و شەهیدبوون، بەڵام بە ئاراستەی یەکبوون و یەکگرتنی نەتەوەیی هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکی نەبووەو بەڵکو گۆشەگیرییەکەی کاریگەری نەرێنیشی هەبووە بە ئاراستەی پەرتبوونی زیاتر.

ناسیونالیستی رۆمانسی کە خۆی سرۆشی لە رەگەزەکانی رۆمانسیزم وەرگرتووە، واتە لە هەست و سۆزو هەڵچوون و خەیاڵ، کە ئەمانەآ رەگەزی بەرهەمهێنانی ئەدەب و هونەری رۆمانسین، ئەم ناسیونالیزمە نەک هەر بە ئاسانی دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەدەب و هونەری رۆمانسیەوە، بەڵکو لەژێر کاریگەری ئەو رەگەزە رۆمانسیانەدا بەرهەم دێت و ئاسایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری وێنەی ئەفسوناوی هونەرییەوەو خۆی لە وێنەی پاڵەوانی رۆمانسیدا بەرجەستە دەکات و بەخەیاڵ یۆتۆپیای نەتەوەیی دروست دەکات. یۆتۆپیا لە جۆری شاری نموونەی تۆماس مۆرو شاری هەرە تەواوی فارابی. لەم روانگەیەوە دەوڵەتی نەتەوەیی لە خەیاڵدا پێکدەهێنێت کە دەوڵەتێکی نموونەیی دەبێت لە شێوەی بەهەشتدا. بەڵام ئەم روانینە تەنیا لە سنووری خەیاڵدا دەمێنێتەوە بە تایبەتیش کە مرۆڤی رۆمانسی بەگشتی مرۆڤی ناکارایەو لەبری کار ئەو خەیاڵ دەکات و لە خەیاڵدا دەژی. ئەم خاسێتە نەک تەنیا لە ناسیونالیزمی کوردیدا بەڵکو بە ئاستی جیاواز لە ناسیونالیزمی رۆمانسی زۆربەی نەتەوەکاندا باڵادەستە، بە تایبەتی ناسیونالیستی کۆمەڵگا دواکەوتوو

پەراوێزییەکانی وەکو کورد و ئەو نەتەوانەی کە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزم خاوەنی دەسەڵات نەبوون.

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، کە دەشێت بە کۆمەڵگای سەرەتایی یان کۆمەڵگای دەرەوەی نووسین یان کومەڵگای خەیاڵ و هەست و سۆز ناوببرێن، کاریگەری بەرهەمەکانی ئەم رەگەزە رۆمانسییانە زۆر بەهێزترە لە کاریگەری عەقڵ و بیرو فەلسەفە، کە کۆمەڵگەی کوردی لە پێشەنگی ئەم جۆرە کۆمەڵگا دواکەوتووانەیە. هەر بۆیە لەم کۆمەڵگایانەدا نە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە سروشتی روودەدات و نە خاسێت و دەرهاوێشتەکانی هیچ قۆناغێک بەسروشتی دەردەکەون. هەربۆیە لێرەوە مەسەلەی نەتەوایەتیش کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندە، لێرە لە لایەک بە کاریگەری ئەوانی ترو لە لایەکی تریش وەکو بەرهەمی خەیاڵ و سۆزو ویژدانی رۆمانسی دەردەکەوێت. ئەوە شتێکی راستە هیچ پەیامێکی ئەدەبی و هونەری خاڵی نیە لەو هەست و خەیاڵ و مەیلە رۆمانسیەی کە وەکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی سەیر دەکرێن لە بنیادی ئەم پەیامەدا کە هەست و سۆزو ویژدان و کەرامەتی نەتەوەیی دەدوینێ. هەر لێرەوەیە وەکو دیاردەیەکی نیمچە گشتی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خەونی نەتەوەیی دەبێتە بەشێک لە بیرۆکەی سەرەکی ئەدەب و هونەری رۆمانسی و بە تایبەتی تیمەی دیاری شیعری رۆمانسی ئامانجی نەتەوەیی دەدوێنێت.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری شیعری رۆمانسی کوردی بکەین، ئەوا دەبینین بەسەر دوو ئاراستەدا دابەش دەبێت، کە یەکەمیان گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشت و بۆ ناو رووبەری بوونی تاکەکەس و گەڕانەوە بۆ رابردووی لە دەستچوو کە لە ئەدەبی رۆمانسیدا زیاتر وەکو بەهەشتێکی لەدەستچوو وێنا دەکرێت. دووەمیان گەڕانەوەیە بۆ ناو پانتایی بوونی نەتەوە بە هەموو رەگەزەکانیەوە بۆ بەرجەستەکردن و بەخشینی شوناسی نەتەوەیی بە هەموو رەگەزێکی نەتەوە، ئەوەش وەکو بەشدارییەک لە بنیادنانی نەتەوەدا. یان لە گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگا یان نەتەوەدا بەرەو باشتر.. رۆمانتیک بە دڵنیاییەوە جەختی کردۆتە سەر رۆڵی هۆنەرمەندان و ئەدیبان توێژەرانی ئەو بوارە لە کۆمەڵگادا. هەروەها جەختی کردۆتە سەر جێبەجێکردن و پیادەکردنی پەیامی

سیاسەت و هونەر. ڕۆمانسیەکان بڕوایان وایە کە دەشێت هونەرو ئەدەب جیهان بگۆڕن[٦].

هەر لێرەوە لە ڕوانگەی ناسیونالیستانی ڕۆمانسی و ڕووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگەشەوە بەرهەمی ئەدەب و هونەری ڕۆمانسی کە پەیوەستە بە نەتەوەوە وەکو پەیام و ویژدان و تەنانەت ڕێنیشاندەرو بەرنامەی نەتەوەیی سەیر دەکرێت و شاعیران و هونەرمەندانیش وەکو پاڵەوان و هێماو ڕابەری نەتەوەیی نیشان دەدرێن. لێرەوە دەشێ سەیری وێنەی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و ...بکرێت. جۆن کۆهین باسی ئەوە دەکات کە چۆن ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕاستەوخۆ کاری لە ناسیونالیزم کردووە. لەم ڕووەوە کۆهین گفتوگۆی کەسێتە ئەدەبیەکانی وەکو گوێتە دەکات کە زۆر لە ئاوازدانەرانی سەردەمی ڕۆمانسی لە ئاوازەکانیاندا جێگایان بۆ شیعرەکانی کردۆتەوە. هەروەها باسی شلیگڵی ڕۆماننووس دەکات و لەوە دەدوێت کە ئەمانە ڕۆڵیکی گرنگیان هەبووە لە پەرەسەندنی ناسیونالیزمی ڕۆمانسی ئەڵمانیداو هەروەها ئەدەب و هونەرەکەیان کاریگەریی گەورەیان هەبووە لەسەر ناسیونالیزمی ئەڵمانی[٧]. هەر لەم چوارچێوەیەدا سیمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن، وەکو بەشێک لە ژانری ڕۆمانسی دادەنرێت لەو ڕووەوە لە سیمفۆنیای نەریتی جیابووەتەوەو، تیایدا زیاتر لە فۆرم جەخت دەکرێتە سەر سۆزو هەڵچوون. ئەمەش بەجۆرێک دوورکەوتنەوەیە لە کلاسیک. هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە تێکستی ئەم سیمفۆنیایە لە لایەن فریدریک شیللەرەوە نووسراوە. ئەم سیمفۆنیایەو دەقەکەی یارمەتی بەهێزکردنی ناسیونالیزمی ئەڵمانی داوە.

چیرۆکە خەیاڵیەکانی برایانی گریم کە ساڵی ١٨١٢ بڵاوکرانەوە، کاریگەریی گەورەیان لەسەر ناسیونالیزمی ئەلمانی هەبووە لەو ڕووەوە کە بەرجەستەی هەست و سۆزو خەیاڵ و ئەفسانە و هێماو پاڵەوانی خەیاڵی و ڕۆحی میللی گەلی ئەڵمانیا دەکەن لە ڕابردوودا. کاریگەری شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزی لەسەر ناسیونالیزمی ئینگلیزی قوڵ و فراون بووە، بە تایبەتی شیعری وۆردزۆرس و بایرۆن و کیتس براونینگ لەو ڕووەوە کاریگەری زۆریان هەبووە. ئەویش لە گەڕانەوە بۆ ناو سروشتی وڵات و بە کەرەستەکردنی

رەگەزەکانی سروشت و ئەفسانەو بالادی ئینگلیزی و کارکردنی هەست و سۆزو خەیاڵی رۆمانسیانەو گەڕانەوە بۆ ناو خودی تاکەکەس وەکو بەشێک لە یەکەیەکی ئۆرگانی کە نەتەوەیە.. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا رۆمانسیزمی کیشوەریی- ئەوروپا- پەیوەستبوو بە ناسیونالیزمەوەو دڵنیایی تاکەکەسی شێوەی شکۆمەندیی وەرگرت لە هێزو توانای پاڵەواندا[٨]. هەڵبەت پەیوەستبوونی رۆمانسیزم بە سروشت و بە تاکەکەس و بە رابردووی لە دەستچووەوە، لەگەڵ گەڕانەوەدا بۆ ناو زمان و چیرۆکی خەیاڵی و فۆلکلۆرو ئەفسانەی نەتەوە، لە رووی شێوەشەوە شێوازی ئاڵۆزی کلاسیکی تێکشکاندووەو شێوازی نووسین نزیکبووەتەوە لە فۆلکلۆرو زمانی خەڵکی ئاسایی، واتە زمانی کۆمەڵگا. ئیپیک – داستان- لە سەردەمی گریکەوە هەڵگری بیرۆکەی گەردوونی یان جیهانی بووە، بەڵام لە قۆناغی رۆمانسیدا ئەو بۆچوونە جێگیرە گۆڕا بۆ تایبەتمەندبوون یان خودێتی - زاتیبوون-ی رۆمانسیانە. ئەوەش لەسەر دەستی ۆردزۆرس ئەنجامدرا کە داستان لە سەردەمی رۆمانسیزمی ئینگلیزییەوە بوو بە رووبەرێک بۆ خستنەڕووی بیری نەتەوەیی، واتە داستانی رۆمانسیزم کە بە داستانی «سەردەمی ۆردزۆرس» ناودەبرێت.. لە رووی نەریتیەوە، داستان لەسەر بیرۆکە نەتەوەیی یان گەردوونیەکان-جیهانی- نووسراوە. بەڵام ۆردزۆرس بەردەوام دەبێت لە نووسینی داستان سەبارەت بە نەتەوەکەی خۆی[٩].

بێگومان ئەگەر لێرەوە سەیری شیعری رۆمانسی کوردی بکەین بۆ نموونە گۆران و شێخ نوری شێخ سالح و شاعیرانی تری قۆناغی رۆمانسی شیعری کوردی، ئەوا دەبینین گەڕانەوە بۆ ناو سروشتی جوانی کوردستان و وەسفی وردو هونەرییانەی ئەو سروشتە جوانە، کە مرۆڤی کورد پێش ئەوەی وەکو سروشت سەیری بکات، وەکو زێدو نیشتیمان سەیری دەکات و خودی ئەم سروشتە هەڵگری رۆحی میللی و نەتەوەیی کوردەو لە لایەکی تریشەوە گەڕانەوە بۆ زمانی ئاسایی خەڵک و گەڕانەوە بۆ نووسین بە کێشی پەنجەو پشت کردن لە کێشە عەرەبی و فارسیەکان لای شاعیرانی رۆمانسی کورد، مانای گەڕانەوەیە بۆ رەسەنایەتی کوردی، گەڕانەوەیە بۆ زیندووکردنەوەی پایە سەرەکیەکانی ناسیونالیزم. هەر لێرەوە رۆمانسیزمی کوردی دەبێتە سەرچاوەو یارمەتیدەر بۆ سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی،

لە کاتێکدا سەرهەڵدانی هەستی سادەی نەتەوەییش پاڵنەرە بۆ برەوسەندنی ڕێبازی رۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا. واتە رۆمانسیزم و ناسیونالیزمی کۆردی تەواوکەری یەکترین و هەر لێرەشەوەیە کە خاسیێتی باڵادەست لە ناسیونالیزمی کوردیدا خاسیێتە رۆمانسیەکانن. ئەویش وەکو ئاماژەمان بۆ کرد سەرباری گەڕانەوە بۆ ناو سروشتی جوان و بۆ ناو زمان و فۆلکلۆرو بۆ دواندنی هاووڵاتی ئاسایی کوردی و گەڕانەوە بۆ حیکایەتی خەیاڵی کوردی و بۆ ئەفسانەو هێمای پاڵەوانێتی لە رابردووی کورددا، کارکردنە بە هەست و سۆزو خەیاڵ و هەڵچوون، کە ئەم خاسیێتە تاکو ئێستاش لە ناسیونالیزمی کوردیدا باڵادەستەو ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لەوەی بیرو عەقڵ و لێکدانەوەو لۆجیک بەڕێوەی ببات، هەست و سۆزو هەڵچوون و خەیاڵی رۆمانسیانە بەڕێوەی دەبات، کە دەشێت یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی بە ناسیونالیزمێکی خاوەن پرۆژە تا ساتەوەختی ئێستاش باڵادەستی کاریگەری هەست و سۆزو خەیاڵ بێت لە گوتارو لە بڕیارو لە ستراتیژی ناسیونالیزم کوردیدا.

# سەرچاوەکان


1. New World Encyclopedia.
2. Johann Gottieb Fichte, George A. Kelly(ed), Therteenth Adresses, Adresses to the German Nationalism (New York, Harper Tourch Books, 1968), pp.190-191
3. Elizabeth Della Zazzerg: Romancing the Nations, University of Ottawa Press, 2007. P.63.

٤. عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیونالیزم، بەرگی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل ١٧.

٥. عەتا قەرەداخی، پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣٦.

6. Eric J. Hobsbawm, The Age of Revolution, Europe 1789- 1848 ( London, Werder Feld and Nicolson, 1962), p. 172.
7. John GilRoy, Romantic Literature, Longman, 2010, p.2
8. John GilRoy, Romantic Literature, p.4.

# بەشی شەشەم

# ناسیونالیزمی ئایینی

سەرەتا: مەبەست لە ناسیونالیزمی ئایینی چیە؟ ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئایین و ناسیونالیزمدا هەیە؟ ئایا لێرەدا مەبەست لە ئایین پەیامی رۆحیە یان گۆڕینی ئایینە بۆ بەرنامەی پارتی سیاسی و بزووتنەوەی سیاسی، واتە گۆڕینی ئایین بۆ ئایدیۆلۆجیا، یان بە دەربڕینێکی تر گۆڕینی دین بۆ تەدەیون؟ ئایا لەم رووەوە هەموو ئایینەکان بە هەمان پێوانە هەڵدەسنگێنرێن و لە نێوان هەموو ئایینەکان و ناسیونالیزمدا هەمان پەیوەندی و تێکەڵاوبوون و بەناو یەکتردا چوون یان ناکۆکی و دژایەتی هەیە؟ ئایا چۆن ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی رۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی و بەرهەمی کۆمەڵگای شار، یان وەکو دیاردەیەک یان ئایدیۆلۆجیایەک کە بنەمایەکی عیلمانی هەیە لەگەڵ ئایین تێکەڵاو دەبێت کە ئەم دووانە وەکو دوو دژی یەکتر سەیردەکرێن؟

ئاشکرایە دەرکەوتنی ئایینەکان بەراورد بە ناسیونالیزم مێژوویەکی هێجگار کۆنیان هەیە و مرۆڤ هەر لە قۆناغی سەرەتای ژیانیەوە خۆی بتی دروستکردووەو پەرستوویەتی، ئەوەش سەرەتای دەرکەوتنی ئایینە. بێگومان ئاشکرایە کە مرۆڤ وەکو ژیرترین بوونەوەر لە ئەنجاکی ترس و نیگەرانی لە چارەنووسی خۆی بەدوای پارێزەر، یان رزگارکەرێکدا گەڕاوەو بۆ ئەو مەبەستەش خودای بۆ خۆی ئەفراندووە. واتە یەکەم ئەفرێنەدەری خودا مرۆڤ خۆیەتی. پەیوەندی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بەو خودایەوە کە خۆی دروستیکردووە پەیوەندی ئایینیە، واتە پەیوەندی خوداو ئەوانەی دەیپەرستن.

دیاره بنەمای ئەوەش بڕوابوون و دڵسۆزی شوێنکەوتن و ملکەچی مرۆڤە بۆ خودا. ئەوەش بەرزترین ئاستی پەیوەستبوون و سەربەبوون و پەیڕەوکردنە کە دواجار پەیوەستبوونیش بە نەتەوەوە سروشتێکی هاوشێوەی پەیوەستبوونی ئایینی هەیە. بێگومان هەمان شێوە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و ئەو خودایانەی بەدەستی خۆی دروستیکردوون یان دیاریکردوون، گواستراوەتەوە بۆ نێوان مرۆڤ و خودا لە ئایینە ئاسمانیەکانیشدا. کەواتە پەیوەندی مرۆڤ بە ئایینەوە، پەیوەندییەکی هێجگار کۆنەو لەراستیشدا سروشتی ئەو پەیوەندیە کە پەیوەندییەکی هەرەمیە لە لوتکەی هەرەمەوە کە پێگەی خودایە بۆ بنکەی هەرەمەکە کە پەیڕەوکەران و شوێنکەوتووانی ئایینن لە دەرکەوتنی یەکەم ئایینەوە تا دواین ئایین کە ئایینی ئیسلامە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. لە بەرامبەردا ناسیونالیزم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نوێیەو پەیوەندی بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە هەیە. هاوکات لە ئاییندا پەیڕەوکەرانی ئایین خەڵک یان هەموو یان زۆرینەی کۆمەڵگان. هەڵگرانی بیری نەتەوەیی یان بکەرانی ناسیونالیزم چینی ناوەندی کۆمەڵگان. کەواتە لە کوێوە پەیوەندی لە نێوان ئەم دووانەدا دروست دەبێت؟ بەڵام پێش ئەوە با بپرسین ناسیونالیزمی ئایینی چیە؟

ناسیونالیزمی ئایینی وەکو دەربڕینێکی زمانی، بە مانای ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی ئایینی دێت، واتە بەرهەمی نەتەوەو ئایینە پێکەوە. ناسیونالیزمی ئایینی بریتیە لە تێکەڵبوون و بەناویەکداچوونی شوناس و ئامانجە ئایینی و نەتەوەییەکان[١]. لێرەدا دەردەکەوێت کە پێکەوە کۆکردنەوەو تێکەڵاوکردنی دوو رەگەزی سەرکی هەن کە پێکەوە ئایین و نەتەوە تیاندا بەشدارن، ئەوانیش شوناس و ئامانجن. ئاشکرایە هەر یەکە لە ئایین و نەتەوە شوناسی تایبەتی و ئامانجی تایبەتی خۆیانیان هەیە. بەڵام تێکەڵاوبوون و بەناویەکداچوونی ئەو شوناس و ئامانجانە پێکەوە، نسیونالیزمی ئایینی پێکدەهێنن. لەم رووەوە ناسیونالیزمی ئایینی بەشێوەیەک وەکو لایەنێکی دیارو لەبەرچاوی ناسیونالیزم دەردەکەوێت و دەبینرێت. لە راستیدا ناسیونالیزم کە وەکو دیاردەیەکی یان ئایدیۆلۆجیایەکی عیلمانی و بەرهەمی پەرەسەندنی بنەما مادییەکانی ژیان دەرکەوتووە، لێرەدا لە رووی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئاییندا، خاسێتە ئایینیەکان تیایدا ئەگەر بەتەواویش جێگای خاسێتە عیلمانیەکان نەگرنەوە، ئەوا رووبەرێکی

فراوان لـه بوونـی ئـەو لایەنەی ناسـیونالیزمدا داگیردەکەن، بەجۆرێک لە رووی زاڵبوونـی ئـەو خاسـیّتانەوە زەمینـەی پێناسـەکردنی ئـەو لایەنـەی ناسـیونالیزم بـە ناسـیونالیزمی ئایینـی فەراهـەم ببێت. سـەرباری هاوبەشـی ئاییـن و نەتـەوە لـە بەشـێک لـە خاسـیّتەکانیاندا، بێگومـان بـەو ئەندازەش خاسـیّتی دژ بـە یەکترو لەگەڵ یەکتـر ناکۆکیـان هەیـە. بەڵام لەگـەڵ رەچاوکردنـی ئـەم دوو لایەنـەی نەتـەوەو ئاییندا، شوناسـی ئایینی و شوناسـی نەتەوەیی پێکـەوە هـەن و بوون و ئامادەبوونیـان هەیـە و یـەک ئەویتر بەهێزو چەسـپاو دەکات. لەبەرئـەوەی ئایین بابەتێکی رۆحیەو پانتایی کۆنەسـتی کۆمەڵایەتی داگیردەکات و بەردەوام پاڵنـەرو بزوێنەرێکی کاراو چالاکە بۆ هـەر جوڵـەو وروژاندنێک، سـەرباری بوونی کۆمەڵگا بە هێزێکی پتەو بۆ پشتگیری کردنی ئایین لە هەموو ئاستێکداو پاراسـتنی، بەهەمـان شـێوە ناسـیونالیزمی ئایینـی وەکو ئایدیۆلۆجیای نەتـەوەو ئاییـن پێکـەوە دەبێتـە هێزێکی پتـەو بۆ کۆکردنەوەو پشـتگیریکردنی هەڵوێسـتی میللـی کـە مەبەسـت لەمـەش هەڵوێسـتی جەماوەریـی یـان هەڵوێسـتی خەڵکە.

هـەر لێرەوە ناسـیونالیزمی ئایینـی دەبێتـە پاڵپشـت بۆ رێکخـراو و بزووتنەوە ئایینیـەکان و پتـەو و بەهێزیـان دەکات و لـە رووبـەری فراواندا زەمینـەی بڵاوبوونەوەیـان بـۆ دەرەخسـێنێت و بواریـان بـۆ خـۆش دەکات کـە بـەرەو کـۆی جومگەکانـی ژیانـی کۆمەڵگا بجوڵێن و بچنە ناوەوەو رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین لێرەوە ئەو خاسـیّتە سـەرەکیەی ئایین کە پەیوەندی تاکی بڕوادارە بـە خـودای خۆیـەوە دەبێتـە خاسـیّتێکی لاوازو پەیوەنـدی رووبەرێکـی فراوانـی شـوێنکەوتووانی ئاییـن دەبێتـە شـوێنکەوتنی ئایدیۆلۆجیـای ئایینـی لەبـری پەیامـی ئایینـی و زۆرێک لـە توونـدوتیژییەکانی ئاییـن کـە توونـدترن لـە توونـدو تیژییەکانـی ناسـیونالیزمی ئیتنیکـی لێرەوە بەرهـەم دێن.

کاتێ باسـی ناسـیونالیزمی ئایینـی دەکەیـن، پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کە مەبەسـت لە ناسـیونالیزمی ئایینی، پەیوەندی ناسـیونالیزمە بە بیروباوەڕێکی ئایینـی دیاریکـراوەوە. ئـەم پەیوەندییـەش دوو ئاسـت یـان دوو ئاراسـتەی هەیـە، یەکەمیـان بەسیاسـەتکردنی ئاییـن و دووەمیش کاریگـەری ئاییـن لەسـەر سیاسـەت. بێگومان نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت کە کاتێک باسی چەمکی ئایین و سیاسـەت دەکرێت، مانای وایە باسـکردنی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، چونکە نە ئایین و نـە سیاسـەت هیچیـان لـەدەرەوەی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و لـە دەرەوەی ژیانـی

تاکەکەس و کۆمەڵ یان گروپە کۆمەڵایەتیەکان نەک هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکیان نابێت، بەڵکو بوونیشیان بێ ماناو بێ شوناس دەبێت چونکە ئەوە کۆمەڵگاو مرۆڤەکانن مانا بە هەموو شتەکان دەبەخشن. کاتێک باسی بە سیاسەتکردنی ئایین دەکرێت، دەبێت لە دوو رووەوە سەیری کاریگەری و جێکەوتی ئەم پرۆسێسە بکرێت. یەکەمیان کاریگەری لایەنی رۆحی ئایین لەسەر کۆمەڵ کە یەکبوونێکی رۆحی لە نێو کۆی پەیڕەوکەرانی ئایینەکەدا دروست دەکات و واینیشان دەدات هەمووان براو خوشکی ئایینی یەکترن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەها سەیری ئایینی هاوبەش دەکرێت کە بەشداری دەکات لە دروستکردن و بەهێزکردنی گیانی یەکێتی نیشتیمانیدا لە نێو هاووڵاتیانی یەک کۆمەڵگا، یان لە سایەی یەک دەوڵەتدا. لێرەشەوە ئاشکرایە ئەو رایەڵە رۆحیەی ئایین دروستی دەکات بەسەر سنووە ئیتنیکیەکاندا دەپەڕێتەوە. هەروەک ئاستی دووەم ئەوەیە کە لە رووی سیاسیەوە، ناسیونالیزمی ئایینی کاردەکات بۆ لایەنگری و بنیادنان و پتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی یان لەوەش فراوانتر شوناسی نیشتیمانی لە ئاستی یەکەمداو لایەنگری شوناسی ئیتنیکی بە رەگەزەکانی ئەو شوناسەوە وەکو زمان و کەلتور لە ئاستی دووەمدا. ئەگەر لە ئاستێکی قوڵتردا سەیری کاریگەری ئایین لەسەر سیاسەت بکرێت، سەرباری ئەوەی کاریگەرییەکە وەکو کاریگەری ئایدیۆلۆجی دەردەکەوێت، بەڵام لە راستیدا گەوهەری ئەو کاریگەرییە لە ئاستی بیرو باوەڕو فیکردایە، واتە کاریگەری فیکرییە. لێرەوە ئایین بەتەواوەتی تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردن دەبێت و نەک هەر شۆڕدەبێتەوە بۆ کۆی پانتایی ژیان و هەوڵیش دەدات بگات بە سەرجەم جومگەکانی دەسەڵات و ئەگەر نەشتوانێت بەتەواوی داگیریان بکات، هەوڵدەدات بە ئاراستەی بەرنامەو ستراتیژی ئایینی رێکبخرێن و هەر جوڵەو ئاراستەیەک بە پێچەوانەی گوتاری ئایینیەوە بێت، سنووردار بکات بە مەبەستی تەواو رکێف کردنیان.

ئاشکرایە لە دوای سەرهەڵدانی چەمکی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت لە رۆژئاواو لاوازبوونی رۆڵ و کاریگەریی کەنیسە لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و بەڕێوەبردن و تا ئەندازەیەک کەمتر تێکەڵاوبوونی ئایین بە سیاسەت لە قۆناغی پەرەسەندنی ناسیونالیزمی عیلمانیدا، خودی ئەم ناسیونالیزمی عیلمانیەی رۆژئاوا تا ئەندازەیەک سروشتی ئایین وەردەگرێت، بە تایبەتی لەو

رووەوە کە سیماو وێنەیەکی رۆمانسی دەپۆشێت و شێوەیەک لە دەمارگیری وەردەگرێت، کە هاوشێوەی دەمارگیری ئایینیە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو شێوازەی برەودان بە نەتەوەو گەشانەوەی بنەماکانی نەتەوە کە بەشێک بوو لە بەرنامەی شۆڕشی فەرەنسی، سروشتی شێلگیرانەو خاسێتی هەڵچوونی ئایینی هەبوو. هەر لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ سیماو روخسارو دیمەنی شۆڕشی ئایینی هەبوو. تەنانەت بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە باسی ئەوە دەکات شۆڕشی ئەمەریکی ١٧٧٦رووییەکی ئایینی هەبوو، لەو روانگەیەوە زۆرێک لە سەرکردەکانی کەوتبوونە ژێرکاریگەری مەزهەبێکی دیاریکراوەوە کە پێی دەوترێت دایزم- Deism و لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوت و بڕوای بە زانست و یاسای سروشتی هەبوو. هەروەها پێداگری لەسەر فراوانکردنی رووبەری بە ئایینکردن دەکرد بۆئەوەی لەوێوە رۆشنایی و پرتەوی زانین و مەعریفە دەربکەوێت. ئەو دەرکەوتنەش ببێتە سەرەتایەک بۆ ژیانی کۆمەڵگا لە دوای شۆڕش و لە سایەی ئەوەدا کە شۆڕش بەرهەمی دەهێنێت. لەسەرووبەندی شۆڕشەوە... ناسیونالیزمی ئەمەریکی برەوی دا بە خاسێتە ئایینیە تایبەتەکان، ئەویش لە رێگای پێکەوە گرێدانی چەمکی ناسیونالیزمی عیلمانی و هێماکانی ئایینی مەسیحیەوە کە پێی دەوترا ئایینی مەدەنی(٢). ئەم نموونانە سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشن کە پێدەچێت پەیوەندی ریشەیی لە نێوان ناسیونالیزم و ئاییندا هەبێت. کەواتە با بپرسین ئایا ئەم دوو چەمکە لە بنەڕەتدا دژی یەکترن یان پێکەوە کۆکن و هاوبەشیی هەیە لە نێوانیاندا، یان هەریەکەیان بەرنامەو تێڕوانینی خۆیی هەیەو دەشێت لە هەندێ پێگەدا بەریەککەوتنیان هەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بەوەیە بەدوای سەرچاوەو رەگەزو توخم و کەرەستەکانی هەریەکەیاندا بگەڕێین و لەسەر ئەو بنەمایەش سەیری بەرنامەو ستراتیژو ئامانجی هەریەکەیان بکەین.

کاتێ باسی ئایین و ناسیونالیزم دەکەین، پێویستە ئاماژە بۆ رەگەزێکی هاوبەشی نێوان ئەم دوو چەمکە بکەین، کە رۆڵی گرنگ دەبینێت لەوەدا کە ئایین و ناسیونالیزم لەگەوهەردا وەکو یەک دەربکەون، یان دروستتر بڵێین لەوەدا کە دەریبخەن ئەم دووانە هەمان سروشتیان هەیە. هەڵبەتە ئەوەیش لەسەر بنەمای بوونی رەگەزیکی هاوبەشە لە نیوانیاندا کە ئەویش»بیری

پیرۆزە». ئاشکرایە سەرباری ئەم رەگەزە گرنگە هاوبەشە لە نێوان ئایین و ناسیونالیزمدا.. پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیونالیزم پەیوەندییەکی ناجێگیرو پەشێوو ئاڵۆزە لەسەر ئاستی تیۆریی و هیچیان بەوە رازی نابن پەیوەستبوون پێیانەوە یان پەیڕەوکردنیان دابەش ببێت، چونکە هەردووکیان لەسەر بنەمای بیری پیرۆز یان بیری پیرۆزکراو بنیاد دەنرێن. ئەگەر ئەو بیرە لە ئاییندا چەند توندو تیژو یەک ئاراستەو داخراو دەربکەوێت و ئەوەش ببێتە هۆکاری ئەوەی کە ئایین یەک ئاراستەی بۆ بینین هەبێت و ئەویش لەو پیرۆزییەوە هاتبێت. ئەوا هاوشێوە ناسیونالیزمیش پشت بە پیرۆزی دەبەستێت، پیرۆزی رەچەڵەک و زمان و کەلتور و خاک لە روانگەی ناسیونالیزمەوە هاوشێوەی پیرۆزی خوداو باوەڕو هێما ئایینیەکانە.. هەموو پیرۆزییەک ئەگەر نەشگاتە ئاستی بەخواوەند کردن، ئەوە دروستکردنی شتێکە کە شایانی دەستبۆبردن نیە. واتە چەمکی ئایین و چەمکی ناسیونالیزم لە روانگەی بڕواداران و شوێنکەوتوانی ئەم دوو رێبازە خۆیانەوە پیرۆزەو لە ئاستی دەست بۆبردن و دەست لێداندا نین.

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە چۆن مرۆڤ لە ئەنجامی ترس لە رووداوەکانی سروشت و ترس لە چارەنووسی خۆی، خودای بۆ خۆی دروستکردووە. لە قۆناغی سەرەتادا، لەگەڵ دروستبوونی دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەتدا کە رەگەزی سەرەکی دروستبوونیان خوێن و دەمارە، ئایینیش دێتە ناوەوەو لەو سەروبەندەدا هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لەو یەکە سەرەتاییانە خودای تایبەتی خۆیی هەبووە. لێرەوە ئەگەر سەیری کۆمەڵگە یان گروپێکی نەتەوەیی بکەین، ئەوا دەبینین لە چەندین دامەزراوەی بچوکتری خێڵ و عەشیرەت پێکهاتووەو زۆرینەی ئەم دامەزراوە بچوکانەش خودای خۆیانیان هەبووە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریێتی بابلی کە لە چەندین دەوڵەتۆچکەی شار پێکهاتووە، هەر دەوڵەتۆچکەیەک خودای تایبەتی خۆیی هەبووە. لە میسری کۆندا دیسان فرە خودایی هەبووەو لە مێژوویەکی دواتریشدا، لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام وەکو پەیامێکی ئاسمانی یەکتاپەرستی، هەر خێڵ و عەشیرەتێک خواوەندی خۆیی هەبووە. لات و مەنات و عوزراو هوبەل هەریەکەیان خواوەندی خێڵ یان عەشیرەتێک بووە لە نیمچەی دورگەی عەرەبیدا. لێرەوە دەردەکەوێت کە

ئەم یەکە کۆمەڵایەتیە بچووکانە، هەریەکەیان ئایین و خودای خۆیی هەبووە. سەرئەنجام کۆمەڵگاکانیان کە خاسیەتی گروپی نەتەوەییان هەبووە بە چەمکی کلاسیک، چەندین ئایینی تێدا پەیڕەوکراوەو بەوەش جۆرێک لە فرە ئایینی هەبووە. هەر لێرەشەوە ئایین لە بوونی ئەم پێکهاتانەدا بوونی هەبووە کە دەشێ بگوترێت ئەم گروپە نەتەواییانە لەخۆیاندا ئایینیان هەبووە، یان بەشێوەیەکی تر ئایین لەسەرەتاوە سروشتێکی نەتەوەیی وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بگوازینەوە بۆ قۆناغی ناسیونالیزم ئەوا نەتەوە یان نەتەوایەتی لەناوخۆیدا ئایینی هەڵگرتووە.

بەهەرحاڵ ئەم شێوازەی فرە ئایینی بەردەوامبوو هەتا بڵاوبوونەوەی شێوەی ئایینی یەکتاپەرستی. ئاشکرایە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکتاپەرستیدا لە لایەک فرە ئایینی کۆتایی هاتووەو ئایین بووەتە ئایینی کۆمەڵ یان گشت و هەر لێرەشەوە ئایین بە جۆریک لەگەڵ پەیامی رۆحیدا بووەتە بەشێکی پەیوەست بە ئەرکی بەڕێوەبردنەوە، کە دواتر وەکو پەیوەستبوون بە ئەرکی دەوڵەتەوە دەرکەوتووە. سەرئەنجام لە یەکتر نزیکبوونەوەو یەکگرتن لە نێوان شوناسی ئایینی و شوناسی سیاسیدا دەرکەوتووە، یان روویداوە. بەڵام ئاشکرایە لەبەر بەهێزی بنەماکانی ئایین و لاوازی بنەماکانی گروپە نەتەوەییەکان لە درێژەی مێژوودا بەگشتی و لە چاخی ناوەندیدا بەتایبەتی و هەتا دەگەینە قۆناغی رۆشنگەری و سەدەی هەژدەو دەرکەوتنی ناسیونالیزم، ئایین هەژموونێکی بەربڵاو و گشتگرو هەمەلایەنەی هەبووە بەسەر کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەڕێوەبردندا. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکانی پێش شۆڕشی پیشەسازی و پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزم و درستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئیمپراتۆرێت و دەوڵەتی ئایینی و فیودیالی بوون. سەرباری جیاوازی ئیتنیکیش، دەوڵەتە ئیمپراتۆریتە ئایینیەکان وەکو دەوڵەتی فرە ئیتنیک دەرکەوتوون و بنەمای سەرەکی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن ئایین بووە. ئایینی یەهودی و مەسیحی و ئیسلامی لەگەڵ هاتنیاندا هەتا روخاندنی ئیمپرتۆریتە ئایینیەکان بنەماو پەیڕەو و بەرنامەی بەڕێوەبردن بوون. دەسەڵاتی رەهای ئیمپراتۆرێتە ئایینیە فیودیالیەکان کە لەسەر پایەی پیرۆزی و داخرانی ئایینی و لەسەر پەیوەندی خوێن و دەمار، واتە خێڵایەتی و لەسەر بنەمای ئابوری فیودیالی دامەزراون، دەسەڵاتێکی

فراوان و ڕەهایان هەبووە. ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە بووەتە هۆی داپۆشین و شاردنەوەی جیاوازیە ئیتنیکی و کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکانی نێوان گەلان و ناوچە یان هەرێمەکانی ژێر سایەی قەڵەمڕەوی هەر ئیمپراتۆرێتێک. ئەوەش بووەتە هۆی دواکەوتن و دواخستنی ئارەزووی سروشتی پێکهاتە جیاوازەکان بۆ خۆناسین و هەوڵی خۆجیاکردنەوە لە ئەوانی ترو گوزارشت لەخۆکردنیان وەکو پێکهاتە یان بوونی جیاواز. دیارە شێوازی ئەم باڵادەستیەی هەژموونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتەکان بەشێکە لە گوتاری ئایینی، کە لە قۆناغەکانی دواتردا بووەتە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی، کە ئاشکرایە گەوهەری گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی لە ڕوانگەی ڕوبەرێکی فراوانی ئایینەوە گوتارێکی گشتی یان نێونەتەوەییەو تایبەتمەندی تیادا نیەو داننانێت بە سنووری نێوان ئیتنیکەکاندا. ئەمەش هەتا سەردەمی کۆلۆنیالیزم بەردەوام دەبێت، تا ئەوکاتەی ئایین و ئیتنیک تێکەڵاوی یەکتردەبن و بەناویەکدا دەچن لە هەوڵ و کۆششدا بۆ ڕزگاری نیشتیمانی. لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی پیشەسازی و بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوونی ئیمپراتۆرێتە ئایینیە فرە ئیتنیکیەکان و دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا.. پەرەسەندنی نوێ ڕێکخستنی ئیمپراتۆرێتی ئایینی گشتگری هەڵوەشاندەوە. ئەوەش دەرگای بۆ فرەێتی کردەوەو ئارەزووە نەتەوەییەکانی ڕێکخست کە گۆڕان بۆ ئارەزووی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ[٣]. ئیستا ئاشکرایە هەتا دەرکەوتنی ناسیونالیزم گەوهەری دەسەڵات و هەژموونی ئیمپراتۆرێتەکان لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووەو هەر لەبەرئەوەش دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیمپراتۆرێتەکان وەکو دەسەڵاتی فیودیالی ئایینی ناسراون.

## نەتەوە لەبەرامبەر ئاییندا:

وەکو پێشتر گوتمان ئایین مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە لەچاو نەتەوەدا، تەنانەت دەرکەوتنی نەتەوە لە ڕوانگەی دیدی کلاسیکەوە، دیسان دەکەوێتە دوای دەرکەوتنی ئایینەوە. بەڵام ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوە مەبەستیەتی بنیادنانی نەتەوەیە لە ئەنجامی دەرکەوتنی ناسیونالیزم و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەدا. ئاشکرایە لە دیدی کلاسیکەوە بۆ نەتەوە ئایین لە پاڵ ڕەچەڵەک و زمان و کەلتورو خاک و داب و نەریت و مێژوودا بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرکیەکانی پێکهێنانی نەتەوە دادەنرێت. لە مێژووی نوێشدا، واتە دوای

دەرکەوتنی ناسیونالیزم، سەرباری هەڵوەشاندنەوەی هەژموونی ئایین وەکو ئەوەی لە سایەی ئیمپراتۆریەتە ئایینیەکاندا هەیبوو، سەرباری پەرەسەندنی تێزی عیلمانیەت و هەوڵی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و تایبەتکردنی ئایین وەکو پەیوەندی نێوان تاکەکەسی بڕوادارو خودای خۆی، بەڵام هێشتا رووبەرێک بۆ ئایین و بایەخی ئایین لە روانینی نوێی نەتەوەییەوە هەیە. لەم رووەوە دەتوانرێت بگوترێت بیری نەتەوەیی نوێ یان چەمکی ناسیونالیزم نکوڵی بایەخی ئایین ناکات وەکو یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی نەتەوە شانبەشانی زمان و کەلتوری گشتی و جوگرافیای کۆمەڵایەتی. لێرەدا ئایین بەشێکە لە بنیادی پێکهێنەری نەتەوەیی[٤].

لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت کە بیری نەتەوەیی نوێ نکوڵی رۆڵ و بایەخی ئایین ناکات، بەڵام بە پێچەوانەوە بیری ئایینی نکوڵی هەر رۆڵ و بایەخێکی کاریگەری ناسیونالیزم دەکات لە بنیادنانی ئاییندا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بنیادی ئایین کە بە گشتی بنیادێکی رەهایەو سەرچاوەی ئایین پەیوەندی نیە بە کۆمەڵگاوەو دەگەڕێتەوە بۆ پەیامێکی هاتوو لە دەرەوەی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتیبوون و سروشتێکی گەردوونی یان جیهانی هەیەو مەودای فراوانەو سنوورەکان ناناسێت، چ سنووری ئیتنیکی و چ سنووری کەلتوری یان جوگرافی بێت. ئایین دەکەویتە سەروی هەموو تایبەتمەندیەکانەوە، واتە لەسەروی نەتەوەو جوگرافیاوەیە. ئەمەش دەریدەخات لە کاتێکدا ئایین چەمکێکی رەهای سنوور نەناسە، نەتەوایەتی یان ناسیونالیزم چەمکێکی تایبەت و سنووردیاریکراوە. راستە ئایین پەیوەندی راستەوخۆی بە کۆمەڵایەتیبوونەوە نیە، بەڵام شتێکی دابڕاو نیە لە ژیان و لە کۆمەڵ، بەڵکو لە دەرەوەی کۆمەڵ نە بوونی هەیەو نە هیچ مانایەک دەبەخشێت. هەروەک ناکرێت پێشبینی بوونی کۆمەڵگایەک بکرێت بە بێ ئایین. هاوکات ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی نەتەوەیە یان دروستکەری نەتەوەیە. لەم رووەوە هەریەکە لە ئایین و ناسیونالیزم بەشێوەی جیاوازو بە ئاستی جیاواز پەیوەستن بە کۆمەڵگاوە. لە کاتێکدا نەتەوەو ناسیونالیزم بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندن، واتە ناسیونالیزم لە زیاتر لە روویەکەوە پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە، ئایینیش ئەگەرچی لە دەرەوەی کۆمەڵگاو لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە وەکو

پەیامێک هاتبێت و بەسەر هەموو سنووره جیاکەرەوەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگادا بپەڕێتەوە، بەڵام تەنیا لە بوونی بە ئایینی کۆمەڵگادا ماناو پێناسەی هەیە. واتە ئەوەی ماناو پیرۆزی بۆ ئایین دەستەبەر دەکات دیسان مرۆڤە، کە دەشێ ئایین روانگەی کۆمەڵناسیەوە وەکو باوەڕی دەستەجەمی یان ئایینی کۆمەڵگاکان ناوببرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت هەموو ئایینێک سەرباری سەرچاوەی هاتنی، پەیوەستە بە ژینگەیەکەوە.. بنیادی ئایینی، وەکو واقیعی مێژوویی ئاماژەی بۆ دەکات، بەتەنیا لە رەها پێکنایەت، بەڵکو تیمەیەک- بیرۆکەیەک- هەیە کە لایەنی کۆمەڵایەتی گۆڕینی ئایین بۆ-ئایدیۆلۆجیای ئایین- تەدەیون دروستی دەکات و ئەو لایەنە خاسیتەکان بە ئایین دەبەخشێت. ئایین دەرهاوێشتەی راستەوخۆی ئەو ژینگەیە کە تیایدا پێکدێت[٥].

ئەگەر سەیری دەرکەوتنی ئایینی جولەکە بکەین ئەوا دەبینین کە دەرکەوتنی پەیوەندییەکی دیاری هەیە بە ژینگەوە. بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە ئایینی یەهودی یان جولەکە لەناو بیری نەتەوەییدا پێکهاتووە، واتە گەل یان خەڵک پێویستیان بە هاتنی ئەو ئایینە هەبووە. ئەم ئایینە بەشێکە لە بەڵینی خودا بە زەوی بۆ ئاوەدانکردنەوەی، کە بە زیادبوونی نەوە دەستی پێکرد. هەر لەسەرەتاوە ئەم ئایینە خزمەتی ئامانجێکی سەرەکی کردووە کە ئەو ئامانجەش گەلەو ئەو ئایینەش لە لایەن خودای گەلەوە رەوانەکراوە بۆ گەلەکەی. بێگومان یەهودا خودای گەلی عیبری بوو، عیبری گەلی هەڵبژاردەی خودایە. لێرەوە گەل و ئایین هەمان شتن. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا هاتنی ئایینی یەهودی پەیوەندی بە خودی گەلی عیبری و بەو ژینگەیەوە هەیە کە ئەو گەلەی تێدا ژیاوە یان نا؟ بۆچی گەلی عیبری گەلی هەڵبژاردەی خودایە؟ بێگومان ئەوە پەیوەندی هەیە هەم بە گەلی عیبریەوە، هەم بەو ژینگەیەوە کە ئەو گەلەی تیادا ژیاوە. لەگێڕانەوەی ئەم بیرۆکەیەدا دوو وشە یان دوو ناو لەبەرامبەر یەکتردا ئامادە دەبن، کە ئەوانیش ئایین و گەلن. واتە پەیام و مرۆڤ. کاتێک ناوی مرۆڤ دێتە پێشەوە بە تایبەتی لەژێرناونیشانی گەلدا، خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێت کە گەل دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لە روانینی نەریتیەوە دەشێت وەکو هاوتای نەتەوە سەیر بکرێت.

ئاشکرایە ئایینی مەسیحی لە هاتنەخوارەوەیدا وەکو ئایینی یەهودی تایبەت نەبووە بە تاکە گەلێک، بەڵکو بۆ هەمووان هاتووەو ئایینی گەلانی جۆراوجۆر

بووەو کەنیسەش دەسەڵاتێکی هاوتەریب بووە بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن کە دەشێ دامەزراوەی بەڕێوەبردن وەکو دەوڵەت ناسرابێت یان بە دەوڵەت ناوبرانێت. زۆرجاریش ئایین یان کەنیسە هەژموونی بەسەر دامەزراوەی بەڕێوەبردندا هەبووەو خۆی وەکو بنەمای بەڕێوەبردن نیشانداوەو لە راستیشدا نەک تەنیا وەکو ئایینی کۆمەڵگاو دەوڵەتەکانیش کاریکردووە، بەڵکو وەکو ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتیش دەرکەوتووە. واتە بە ئاشکرا تێکەڵاوبوون و بەناویەکداچوون لە نێوان ئایینی مەسیحی یان باشتربڵێین کەنیسەو دەوڵەتداری یان بەڕێوەبردندا هەبووە. لێرەوە ململانێ و ناکۆکی لە نێوان کەنیسەو پاشاو ترۆپکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا دروستبووە. ئەو ململانێیە رۆڵی هەبووە لە نەخشەڕێژکردنی سنووری نێوان ئایین و دەوڵەتداو دواتریش رۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی سنووری نێوان ئایین و نەتەوەکانداو لە دیاریکردنی تایبەتمەندی نەتەوەییدا لە رووی ئیتنیکیەوە لە سنوورە ناوخۆییەکاندا، کە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کەلتوریدا زیاتر دەرکەوتوون. بەڵام ئایین و دەسەڵاتی کەنیسە هەوڵیانداوە بەسەر هەموو ئەو سنوورە ناوخۆییانەدا بپەڕنەوەو وەکو دەسەڵاتێکی گشتگری هەمەلایەن بەسەر هەمواندا خۆیان نمایش بکەن و دان بە سنووری ئیتنیکی یان زمانی و کەلتوریدا نەنێن. هەر لێرەوە گشتگری گوتاری ئایینی مەسیحی دەردەکەوێت، کە جیاواز بووە لە گوتاری تایبەتی ئایینی یەهودی، کە ئەمیان واتە ئایینی یەهودی بۆ گەلی هەڵبژاردەی خودا هاتووەو ئەویشیان واتە ئایینی مەسیحی بۆ هەموو ئادەمیزاد بێ رەچاوکردنی شوناسی تایبەتییان هاتووە. لەکاتێکدا مەلیک یان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئایینی ئارەزووی سەربەخۆبوون و دەرچوونی لەژێر هەژموونی کەنیسەی هەبووە، کە ئەوەش بە ئاراستەی زیاتر جیاکردنەوەی سنوورە ناوخۆییەکانی ئیتنیکە جیاوازەکانی سایەی یەک دەوڵەت هەنگاوی دەنا، کەنیسە وای دەبینی لەبارێکی وەهادا ئیتنیکە باڵادەستەکان لە زیاتر جیابوونەوەی سنوورە ناوخۆییەکاندا باڵادەست دەبن و ئیتنیکە بچووک و کەمینەکان پارێزراونابن. کەنیسە ئارەزووی پاراستنی ئەم کەمایەتیانەی هەبوو کە دواتر نە گوتاری دەوڵەتی ناسیونالیستی و نەگوتاری دەوڵەتی ناسیونالیستی ئایینی نەیانپاراستوون و رووبەڕووی پرۆسێسەکانی توانەوە بوونەتەوە. لەناو چوارچێوەی ئەم ململانێیانەدا، لە

شێوەیەکی سادەدا بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی لە رووبەری بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی و لە ژێر سایەی هەژموونی کەنیسەدا دەردەکەوێت.، ئەم چاکسازیەش رۆڵ دەبینێت لە دەرکەوتنی مەیل و ئارەزو و هەستی سادەی نەتەوەیدا بە جۆرێک کە بە ئاراستەی دەرچوونی کۆمەڵگا لە ژێر دەسەڵات و هەژموونی کەنیسەدا دەجولێت.

ئاشکرایە ئایینی ئیسلام لە قۆناغێکی دواتردا هاتووەو بەراورد بە ئایینەکانی تر ئەم وەکو دوا ئایین سەردەمی هاتنی مێژوویەکی نزیکترە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە ئایینی ئیسلام لە بارودۆخێکدا لە نیمچە دوورگەی عەرەبی هاتووە، کە لە هەموو روویەکەوە لە ئەوپەڕی دواکەوتوویدا بووە. خاسیێتە دیارەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بریتی بوون لە پێکهاتەی خێڵایەتی دواکەوتووی بت پەرست و سەرقاڵ بوو بە ململانێ و کوشتن و بڕین و زیندەبەچاڵکردنی ئافرەتانەوە، هەروەها جوگرافیاکەی لە رووی ئابووریەوە ناوچەیەکی وشک و بێبەرهەم بووە. ئایینی ئیسلام بۆ ئەم خەڵکانەو لەم ژینگە نالەبارەداو بە زمانی عەرەبی و بۆ پێغەمبەرێکی عەرەبی هاتووەتە خوارەوە بۆ ئەوەی عەقڵ و ژیرییان پێببەخشێت. کەواتە لە ئاستێکی سادەدا سەرەتای هاتنی پەیامی ئیسلام خاسێتی ئیتنیکی هەبووەو پەیوەستیش بووە بە زەمینەو ژینگەیەکی تایبەتەوە، کە ژینگەو زەمینەی نیمچە دورگەی عەرەبیە و بۆ پێکهاتەیەکی عەرەبی هاتووە، بەڵام دواتر خۆی وانمایش کردووە کە بۆ گەل و خێڵە جیاوازەکان هاتووە هەتا یەکتر بناسن و پێکەوە بژین. واتە هەر لە پەیامی ئایینی ئیسلامدا، ئاراستەیەکی ئاشکرا بەرەو بەرهەمهێنانی گوتارێکی گشگری هەمەلایەن دەبینرێت کە بەسەر سنووورە ناوخۆیی یان ئیتنیکیەکاندا دەپەڕێتەوە.

گوتاری ئایینی، ئایینی ئیسلام ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە وەها دەرکەوتووە کە بەرەگەزە نەتەوەییەکانی عەرەب بارگاوی کرابێت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسێسەکانی فەتحدا، واتە هەر لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدینەوە گوتاری گشتگری ئایینی ئیسلام دوو ئاراستەی هاوتەریبی هەبووە، ئاراستەیەکی نەتەوەیی و ئاراستەیەکی نێونەتەوەیی- ئومەمی- کە ئاراستەی یەکەمیان هەمیشە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بووە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتانی خەلافەتی راشیدینەوە بۆ خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی

و پاشانیش ئیمپراتۆریێتە ئیسلامیەکانی تورک و فارس. دواتریش لە قۆناغی دوای دەوڵەتی خەلافەت و ئیمپراتۆریێتە ئیسلامیەکاندا، واتە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاواو سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسی جیهانی ئیسلامی و دروستکردنی دەوڵەتە نوێیە ئیتنیکیەکاندا، گوتاری ئیسلام لە بەرژەوەندی دەوڵەتە ئیسلامیە ئیتنیکیەکان بووە. واتە لە دروستبوونی دەوڵەتی خەلافەتەوە ئاراستەی گوتاری نەتەوەیی لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە بەرژەوەندی نەتەوە باڵادەست و خاوەن دەوڵەتە ئیسلامیەکان بووە، کە ئەویش بەشێوەیەکی دیار هەر لە دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیەوە هەتا ئێستاش بەگشتی سێ نەتەوەی عەرەب و فارس وتورک لوتکەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامییان بەدەستەوە بووە. دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خەلافەتیش کە دەوڵەتی نوێ دروستبووە دیسان هەر ئەم سێ نەتەوەیە بەشی شێریان لە دەسەڵاتی ئیسلامی بەرکەوتووەو ئاراستەی ئیتنیکی لە گوتاری دەوڵەتی ئیسلامیدا رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، بەردەوامیش لە بەرژەوەندی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست و هەژموونداربووە.

ئاراستەی دووەمی گوتاری ئایینی ئیسلام گوتاریکی نێونەتەوەییە، واتە گوتارێک کە گەوهەرەکەی نێونەتەوەییبوون و لەبەرچاو نەگرتنی سنوورە ئیتنیکیەکانە. بەتایبەتیش ئەم ئاراستەی گوتاری ئایینی ئیسلام لەگەوهەریدا بە توخمەکانی داگیرکردن- فەتح- بارگاویکراوە... لە ئیسلامدا لایەنی نێونەتەوەیی وادەردەکەوێت کە شتێکی ئاشکراو لەبەرچاو بێت، کە ئەوەش لە لایەن دەوڵەتی خەلافەتەوە سەپێندراوە، بەڵام لە راستیدا خاسێتە جیاوازەکانی گەلانی جیاواز وەکو خۆیان ماون. نەبوونی دەوڵەتێکی ئایینی کۆکەرەوە، رۆڵی بینیووە لە دەرکەوتنی دەوڵەتانی نوێی نەتەوەییدا[٦]. ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئیسلامی لەژێر ناوی پرۆژەی فەتحی ئیسلامیدا بە چەند ئاراستەی جیا لە دورگەی عەرەبیەوە هێرشی دەستپێکرد. رووی ئاشکرای ئەو هێرشانە کە ناونرابوون فەتحی ئیسلامی، بۆ بە ئیسلامکردنی نەتەوەکانی تربوو. بەڵام لە راستیدا ئەو پرۆسێسە یەکەم پاڵنەری ئابووری لەپشتەوە بوو، واتە هەوڵدانی سوپای ئیسلام بوو بۆ گەیشتن بەسەرچاوەکانی ئابووری و بژێوی ژیان و هەروەها گەیشتن بە زۆر ناوچەی دەوڵەمەندو سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی

ئیسلامی بەسەریاندا لەو پێناوەدا. واتە ئەگەرچی لە رووی زانستیەوە بۆ پرۆسێسی فەتح گونجاو نیە پێی بگوترێت کۆلۆنیالیکردن، بەڵام لە راستیدا جۆرێک بووە لە داگیرکردن و لەسەر بنەمای ئەو داگیرکردنەش بەرهەمهێنانی گوتاری ئایینی پان ئیسلامیزم کە گەوهەرەکەی ناسیونالیزمە، ئەگەرچی ئەم زاراوەیەش دیسان لە رووی زانستیەوە بۆ قۆناغی مێژوویی فەتحی ئیسلامی گونجاو نیە، بەڵام ئاشکرایە لە پروسێسی فەتحدا ئەگەر باسی ئایینەکەش نەکەین، ئەوا زمان و کەلتورو عەقڵ و شێوازی بەڕێوەبردنی عەرەبی بەسەر ئەو نەتەوانەدا سەپێندراوە کە فەتحی ئیسلامی گرتوونیەتیەوە، کە کورد لە ریزی پێشەوەی نەتەوە بەر فەتح کەوتووەکان بووە.

بێگومان لە سەروەختی پرۆسێسی فەتحەوە هەتا هەڵوەشاندنەوەی دوا دەوڵەتی خەلافەت کە دەوڵەتی عوسمانیە، کە ئەویش لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیونالیزمی تورکیدا بەرەو هەڵوەشاندنەوە چووەو سەرئەنجامیش لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە شوێنی ئەو ئیمپراتۆریێتەدا چەندین دەوڵەتی نویٚ دروستکرا، کە هەندێکیان بوون بە دەوڵەتی خاوەن سەروەری و هەندێکیش دەوڵەتی کۆلۆنی و کوردیش کرا بە کۆلۆنی نێودەوڵەتی. گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی یان دەوڵەتی خەلافەت هێشتا بە دوو ئاراستەی خۆیەوە بەردەوامبوو. لە پلەی یەکەمدا گوتارێکی ئیتنیکی یان نەتەوەیی بوو کە ئەویش بریتی بووە لە گوتاری عەرەبی هەتا ئەو کاتەی دەسەڵاتی خەلافەت لە دەستی عەرەبەکاندا بووە (راشیدین، ئەمەوی، عەباسی). پاشانیش گوتاری تورکی عوسمانی و لەبەرامبەریشیدا گوتاری فارسی سەفەویی و قاجاریی. ئاراستەی دووەمیش ئاراستەی گشتگر یان نێونەتەوەیی گوتاری ئایینی ئیسلامی بووە، کە ئاراستەی دووەمیش راستەوخۆ لە بەرژەوەندی ئاراستەی یەکەمدا بووە. کەواتە لێرەوە ئاشکرایە ئیسلام بەرهەمهێنی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی بووە.

هەڵبەت دەبیٚ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین لە کاتێکدا گوتاری ئایینی گوتارێکی داخراوی لەسەر بنەمای پیرۆز بەرهەمهێنراوی رەهایە، گوتاری ئەم سیٚ نەتەوەیەش کە سیٚ نەتەوەی دیاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئاشکرایە ناسیونالیزمی ئەم نەتەوانە رەنگدانەوەو بەرهەمی خودی ئەم نەتەوانەو ئەو ژینگەو واقیعەن کە تیایاندا دەرکەوتوون. هەڵبەت ئەم نەتەوانەش

نەتەوەی دواکەوتوون لە رووی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە، لە رووی ئابووری و کەلتوریشەوە بنەماکانی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندو بەوپێیەش دەرکەوتنی ناسیونالیزم تیایاندا بە سروشتی فەراهەم نەبووەو ئەو ناسیونالیزمەی لە رووبەری ئەم گروپە نەتەوەیی یان ئیتنیکیانەدا دروستبووە، ناسیونالیزمی نائاساییین. هەموو بەرهەمێکی نائاسایش سروشتی نیە، بۆیە ئەم ناسیونالیزمانە لە گەوهەردا توندو داخراو و بەسەرخۆدا شکاوەن و لەسەر بنەمایی پیرۆزیی نەتەوەیی لەدایکبوون و دەرکەوتوون و خۆیان بە رەها دەزانن. واتە لێکچوونی تەواو لە نێوان بنیادی گوتاری ئایینی ئیسلام و گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی، تورکی، فارسیدا هەیە. ئەوەش هۆکارێکی ئاشکرای زیاتر بەناویەکدا چوون و تیکەڵاوبوونی گوتاری ئایینی و گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسیە. هەر لەسەر ئەم بنەمایانەیە کە دەوڵەتە عەرەبیە نوێیەکان زیاتر دەوڵەتی نەتەوەیی ئیسلامین. دەوڵەتی نوێی تورک کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دروست بوو، وەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی عیلمانی دروستبوو، بەڵام ئەویش لە دوا دەیەی سەدەی بیستدا بەهۆی باڵادەستبوونی گوتاری ئیسلامیەوە لە چوارچیوەی دەوڵەتی تورکیادا، گوتاری دەوڵەتەکەو سروشتی دەوڵەتەکاش گۆڕا بۆ دەوڵەتی ناسیونالیستی ئیسلامی تورکی. دوڵەتی ئێرانی لە دوای روخاندنی قاجەرییەکان بە ئاراستەی دەوڵەتێکی ناسیونالیستی عیلمانی هەنگاوی دەنا، بەتایبەتی لە سەردەمی رەزا شا و دوای خۆیشی لەسەردەمی کوڕەکەیدا لە ئاستی پێکهاتەو لوتکەی فەرمانڕەواییدا سیمای دەوڵەتێکی ناسیونالیستی عیلمانی هەبوو. بەڵام بەهۆی رابوونەوەی ئیسلامی لە چوارچێوەی پرینسیپەکانی مەزهەبی شیعەداو لە ئەنجامی زیاتر بە ئایدیۆلۆجیابوونی ئیسلامدا، ئێران گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئایینی کە گوتاری ئەم دەوڵەتەش لەسەر دووانەی ئێرانیبوون و تەشەیوعی ئیسلامی بنیادنرا. واتە لەبری پێداگری لەسەر فارسیبوون وەکو ئیتنیک، ناوی خاک و رەگەزی خاک و پاشکۆی ئیسلام لە گوتاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا جێگای گرت. هۆکاری ئەوەش ئاشکرایە کە زۆرینەی ئەو دەستەبژێرە ئایینیەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئیسلامییان کردو لەوساوە تا ئێستا فەرمانڕەوایی ئێران دەکەن لە ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی ئێرانن بە فارس و بەلوچ و ئازەری و ئیتنیکە شیعەکانی تریشەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە

لە گوتاری ناسیونالیستی ئایینی ئێرانیدا دەبینرێت، دوو بنەمای هاوبەش کرۆک و کاکڵەی ئەو گوتارەن کە ئەوانیش بریتین لە مەزهەبی هاوبەش کە مەزهەبی شیعەیە، لەگەڵ جوگرافیای هاوبەش کە جوگرافیای ئێرانە.

هەڵبەت سەرباری رابردووی هاوبەش و کەلتوری هاوبەش، گوتاری ناسیونالیستی ئایینی ئێرانی هەوڵدەدات بەسەر سنووره جیاکەرەوە ئیتنیکیەکاندا بپەڕێتەوەو کەلتوری جیاوازی ئیتنیکە جیاوازەکانی ئێران وەکو کەلتوری گشتی ئێرانی پێشکەش بکات و ناوی ئیتنیکیان لێبکاتەوە. واتە لە بری فارس، بەلوچ، کورد، ئازەری، عەرەب...گەلی ئێرانی بەکاربهێنێت. ئەمەش وەکو هەوڵێک بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ناسیونالیستی ئایینی مەدەنی. واتە هاوشێوەی گوتاری ناسیونالیستی مەدەنی ئەمەریکی کە چۆن لەوێ وابەستەبوون و سەربەبوون بۆ خاکی ئەمەریکاو بۆ نەتەوەی ئەمەریکایەو ئیتنیک لە گوتاری ئەمەریکیدا ئامادەبوونی نیە. ئێرانیەکانیش دەیانەوێت گوتاری باڵادەستی ئێرانی گوتارێکی ناسیونالیستی ئایینی نیشیمانی بێت، نەک گوتاری ناسیونالیستی ئایینی فارسی. ئەوەش پاڵپشت دەکرێت لە لایەن ئاراستەی بەهێزی گشتگرو فرە نەتەوەیی- نێونەتەوەیی ئیسلامیەوە. بەڵام ئاشکرایە رەگەزی بەهێزی نێو گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی ئێرانی مەزهەبی شیعەیەو دەستەبژێری فەرمانڕەواش لە دروستبوونی کۆماری ئیسلامیەوە سەربە مەزهەبی شیعەن. واتە گوتاری دەوڵەتی ئێرانی گوتاری ناسیونالیزمی مەزهەبی شیعەیەو ئەو دەستە بژێرەش گرنگ نیە سەربە چ ئیتنیکێکن، بەڵکو ئەوەی گرنگە سەربە چ مەزهەبێکن، واتە وابەستەبوونی مەزهەبی گەرنگترە لە وابەستبوونی ئیتنیکی.

پشت بەستنی زیاتر بە مەزهەب لەچاو ئیتنیکدا، وای کردووە کە دەستەبژێری ناسیونالیستی فەرمانڕەوای ئێرانی، پەیڕەوکەرانی مەزهەبی شیعەی ئیتنیکە جیاوازەکانی ئێران لەخۆبگریت. بەڵام پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سونە بۆ نموونە کورد لە دەرەوەی پێکهاتەی هەرەمی دەسەڵاتی ئێرانین، چونکە سەرباری ئەوەی بە ئیرانی دادەنرێن، واتە لە خاک و مێژوو رابردوودا هاوبەشن، بەڵام لە مەزهەبدا جیاوازن. ئەوەش وای کردووە کە گوتاری ناسیونالیزمی مەزهەبی ئایینی ئیرانی وەکو ئەویتر سەیری کورد بکات و نەک لە چوارچێوەی گوتاری ئایینی ئێرانیدا شوێن و جێگەی بۆ نەکاتەوەو

پێگەی نەبێت، بەڵکو هەرگیز ڕێگای ئەوەیشی پێنەدات بگاتە بازنەی دەسەڵات. سەرباری ئەوەش هەوڵبدرێت لە ڕێگای فسارەوە مل بە کورد کەچبکرێت و هەوڵی تواندنەوەی بدریت و لەناو گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی ئێرانیدا ڕێکبخرێت و لە ڕێگای هێزو فشارەوە بگونجێندرێت، واتە واقیعی باوی پێ پەسەند بکرێت.

ئاشکرایە کە چەمکی ناسیونالیزمی ئایینی لە یەگرتنی ناسیونالیزم و ئایین پێکهاتووە، بۆیە دەشێ بگوترێت: ناسیونالیزمی ئایینی بریتیە لە پەیوەندی ناسیونالیزم بە بیروباوەڕێکی ئایینی دیاریکراوەوە، یان بە دۆگمایەکەوە، یان بە ئینتیمایەکەوەو دەشێ ئەو پەیوەندیە دابەش ببێت بۆ دوولایەن، بە سیاسەتکردنی ئایین و کاریگەری ئایین لەسەر سیاسەت[٧]. ئەگەر لەسەر ئەم بۆچوونە رابووەستین، ئەوا دەبێت دوو قۆناغ لە یەکتر جیابکەینەوە. قۆناغی یەکەم بوونی گروپە ئێتنیکی یان نەتەوەییەکان و تێکەڵاوبوون و بەناویەکتردا چوونی رەگەزەکانی نەتەوە لە روانگەی نەریتیەوە کە مەبەست زمان و کەلتور و خاک و مێژووە. لەم رونگەیەوە نەتەوەو ئایین پەیوەندی بەهێزیان پێکەوە هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەکو نەتەوە ناودەبرێت ئەو نەتەوەیە نیە کە ناسیونالیزم و دەوڵەتی ناسیونالیزم بەرهەمی دەهێنێت یان بنیادی دەنێت. قۆناغی دووەم قۆناغی دەرکەوتنی ناسیونالیزم و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییە کە ناسیونالیزم و دەوڵەت دروستی دەکەن، یان بە دەربڕینێکی تر مۆدێرنێتە بەرهەمی دەهێنێت. ئەوەی زیاتر بە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی ناودەبرێت ئەو گوتارەیە کە لەم قۆناغەیاندا بەرهەم دەهێنرێت. بۆچوونی باڵادەست سەبارەت بە ناسیونالیزم ئەوەیە کە ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە. ئاگەر ئایینەکان لە هاتنیانەوە لەو رووەوە کە بوونەتە بەرنامەی بەڕێوەبردن یان گۆڕاون بۆ تەدەیون، ئایدیۆلۆجیای باڵادەست بووبن لە پێکهاتەی دەوڵەتی ئایینی فیودیالیدا، ئەوا ناسیونالیزم لەگەڵ دەرکەوتنیدا بووەتە جێگرەوەی ئایین. هەروەک ئاشکرایە ئایین و ناسیونالیزم هەردووکیان لەسەر بنەمای پیرۆزی بەرهەمهاتوون و هەردووکیشیان تاک رەهەندو داخراو و بەسەرخۆدا شکاوەن و هەردووکیشیان هەموو ئەوانی تر رەتدەکەنەوەو تەنیا بڕوایان بە یەکەمی و تەنانەت بە بوونی سەرەوەری تەنیای خۆیان هەیە.

راستە باسی ئەوەش دەکرێت کە دەشێ ئایین و ناسیونالیزم یەکتر بەهێز بکەن و پێکەوە گوتارێک پێکبهێنن کە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینیە، بەڵام دەبێ سەرنج لەوە بدەین کە لە دوای دەرکەوتنی ناسیونالیزم ئەگەرێکی لەم جۆرە هەیە، چونکە بۆ پێش قۆناغی دەرکەوتنی ناسیونالیزم گوتاری ئایینی گوتاری باڵادەست و هەژموونداربووە لە سیستێمی دەوڵەتی ئایینی فیودیالیدا. دیارە دەوڵەت یان ئیمپرتۆریتە ئایینیە فیودالیەکان لە ئایینێکەوە بۆ ئایینیکی تر جیاوازییان هەبووە، بە تایبەتی ئایینی مەسیحی و ئایینی ئیسلام کە دەوڵەت سەرباری باڵادەستبوونی نەتەوەیەک یان کەنیسەک یان مەزهەبێک بەڵام دەوڵەتەکە وەکو دەوڵەتی فرە ئیتنیکی خۆی نمایش کردووەو بەسەر سنوورە نەتەوەیی و ئیتنیکیەکاندا پەڕیووەتەوەو لە بارێکی وەهادا نەتەوە وەکو پێکهاتەیەکی سەربەخۆ یان جیاواز دەرناکەوێت. بەڵکو هەتا کاتی دەرکەوتنی ناسیونالیزم و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریتە ئایینیەکان، گوتاری باڵادەست گوتاری ئایینی فیودیالی گشتگر یان فرە ئیتنیکیە بەڵام بەدەر لە باسکردنی ئیتنیک. کەواتە بۆ قۆناغی یەکەم باسکردنی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی لە رووی زانستیەوە لە جێگای خۆیدا نیە. کەواتە باسکردنی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیونالیزمدا دەست پێدەکات.. ناسیونالیزمی ئایینی تێکەڵاوبوونی ناسیونالیزم و ئایینە بەجۆرێک کە لەیەکتر جیانابنەوە[٨]. هەروەها ئایین و ناسیونالیزم هەردووکیان پێکەوە سیستێمە کەلتوریەکان دروست دەکەن[٩]. ناسیونالیزمی ئایینی کە لەسەر بنەمای تێکەڵاوبوونی هەردوو رەگەزی ئایین و ناسیونالیزم بەرهەم دێت، ئەگەری دابەشبوون یان جیابوونەوەی ئەم دوو پێکهێنەرە تیایدا لە ئارادا نیە. بەڵام ئەگەر وەکو گریمانەیەک لەیەکتر جیابوونەوە، ئەوا جیابوونەوەیان بەمانای هەڵوەشاندنەوەی ئەمجۆرە لە ناسیونالیزم دێت کە ناسیونالیزمی ئایینیە.

لێرەدا لەبەردەم پرسیارێکدا رادەمێنین ئەویش ئەوەیە کە لە لایەکەوە ناسیونالیزم پەیوەست دەکرێت بە عیلمانیەتەوە، لە لایەکی ترەوە باس لە پەیوەندی نێوان ناسیونالیزم و ئایین دەکرێت، ئایا دەشێت ناسیونالیزم لەگەڵ دوانەیەکی ناکۆک یان بەرامبەردا هاوکات یەکبگرێت و بەجۆرێک تێکەڵاوبێت کە لەیەکتر جیانەکرێنەوە، کە ئەوانیش ئایین و عیلمانیەتە؟ لێرەدا هەندێ پاساو بۆ ئەوە دەهێننەوە کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی

ناسیونالیزم و عیلمانیەت و لاوازبوونی رۆڵی کەنیسەو پاشەکشەپێکردنیدا، هێشتا رووبەرێک بۆ ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ماوەتەوەو ناشێت کۆمەڵگایەک هەبێت بە بێ ئایین. هەروەک دۆرکهایم بە بایەخەوە سەیری پێگەی ئایین لە کۆمەڵگادا دەکات و لەم رووەوە ئەنتۆنی دی سیمس دەڵێت: شیکاری دۆرکهایم سەبارەت بە ئایین وەکو ناوکی کۆمەڵگای ئاکاری وایە، دوای ئەوە باوەڕی بەوەیە کە لە ئاییندا شتێکی خۆڕسکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگاکان هەست بە پێویستیی ئایین دەکەن، کە بەشێوەی زنجیرەیی کۆمەڵگاکان خۆیان لە رێگای رێوڕەسم و بۆنەی گشتیەوە دیسان پەسەند و نوێی دەکەنەوە[١٠]. ئەوەی دۆرکهایم باسی دەکات ئایینە بەشێوە گشتیەکەی، یان ئایین وەکو پێداویستیەکی رۆحی و کۆمەڵایەتی. لە بارێکی وەهاشدا دەشێ ئایینیش وەکو چەندین رەگەزو بنەمای تر بەشداری بکات لە بەرهەمهێنانی ناسیونالیزمدا، بەلام ئاماژەیەکی روون نابینرێت بۆ بوونی ناسیونالیزمی ئایینی.

هەروەک ئاشکرایە دۆرکهایم زیاتر بڕوای بە کۆمەڵگای ئۆرگانی هەبوو، لایەنگری ئەوەی دەکرد کە نەریت وکاریگەری ویژدانی خۆپارێزو رەگەزەکانی تری وەکو رەچەڵەک و پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار، واتە خزمایەتی و خاک و داب و نەریت و خووە باوەکان رۆڵ و کاریگەری ئەوتۆیان نابێت لە بنیادنانی نەتەوەدا، بەڵکو دابەشکردنی کارو رۆڵ و چالاکی و بەشداریکردن شوێنی ئەو رەگەزانەی پێشتر دەگرنەوە. ئاشکرایە ئایینیش دەکەوێتە ریزی رەگەزە نەریتیەکانەوە، بۆیە دەشێ بگوترێت لە روانگەی دۆرکاهیمەوە ئایین ئەو رۆڵە کاریگەرە نابینێت وەکو رەگەزی سەرەکی ناسیونالیزم، بەڵکو رەگەزێکی ئامادەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.. ئایین یان سیستێمی پەیوەندیبوون بە سوپەرناچراڵ و پیرۆزەوە دەشێت بکرێتە چەمک وەکو بەشداریکردن، بیروباوەڕ، شوناس، یان وەکو رەفتارو باوەڕو ئینتیما. بەشداریکردن پێکدێت لە رەفتارو ئەو پلەیەیە کە تیایدا ئەوی بڕوادار ئامادەی قوربانیدان و کۆششکردنە بەناوی ئایینەوە[١١].

ئایین وەکو خۆی و پێش بوونی بە ئایدیۆلۆجیا وەکو رەگەزێک کە پەیوەستە بە رووبەری رۆحیەوەو وەکو بیرو باوەڕێک پەیوەستبوونی تاکەکەس بە خوای خۆیەوە نیشان دەدات. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئایین

دەبێتە بنەما بۆ درستکردنی چوارچێوەیەک بۆ ئاکارو ڕەفتارو هاوکات دەبێتە پاڵنەرو مۆتیڤێکی بەهێز بۆ خۆنەویستی و قوربانیدان لە پێناوی بیرو باوەڕو شتە پیرۆزەکاندا، کە خودی ئایینەکە سەرچاوەی ئەو پیرۆزییانەیە.

لێرەوە ئەگەر چەمکی قوربانیدانی ئایینی تێکەڵاوی کارکردن و قوربانیدان بۆ نەتەوەو نیشتیمان بێت و نەتەوەو نیشتیمان بتوانن بگەنە ئاستی پیرۆزی یان پیرۆزبوون لە ڕوانگەی ئایینەوە، ئەوا گوتاری ئایینی نەتەوەیی تێکەڵاوی یەکتر دەبن و پێکەوە وەکو یەک گوتار دەردەکەون و خۆیان نمایش دەکەن، کە ئەویش گوتاری ناسیونالیزمی ئایینیە. بەرهەمهێنانی گوتارێکی لەمجۆرەش لە ڕووبەری جوگرافیای کۆمەڵگا کۆلۆنیکراو یان داگیرکراوەکاندا زیاتر ئەگەری هەیە. لێرەشدا زۆرجار ئایین لە ڕووی کاریگەرییەوە لەبری ئەوەی سرشتێکی نەتەوەی ڕەهای هەبێت، زیاتر سروشتێکی گشتگرو نێو نەتەوەیی هەیە و ئایینیش بە تایبەتی ئایینی مەسیحی و ئایینی ئیسلام زۆربەی کات وەکو ئایینی دەسەڵات و دەوڵەت دەرکەوتوون و کاریشیان کردووە. لەو کاتەشدا کە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی وەکو گوتاری هێز یان بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کاریکردووە، بە ئاسانی ئاراستەی نێونەتەوەییبوونی ئایینەکە باڵادەستبووە بەسەر ئاراستەی نەتەوەییبوونی ئایینەکەدا.

لە بزووتنەوەیەکی وەکو حەماسی فەلەستینیدا لەبەر ئەوەی وەستانی حەماس دژی دەوڵەتێکە هەم ئایینەکەی جیاوازە لە ئایینی حەماس و تەنانەت وەکو دوو ئایینی دژو دوژمن بەیەکتر وێناکراون، هەم لە ڕونگەی حەماس و عەرەبەوە جولەکە، کە وەکو نەتەوەیەکی ئایینی سەیردەکرێت، خاک و پیرۆزی ئایینی عەرەبەکانی داگیرکردووە. هەربۆیە ئەو نزیکیەی لە نێوان گوتاری ئایینی و نەتەوەیی حەماسدا هەیە هێجگار بەهێزەو لێرەدا گوتاری ئایینی و نەتەوەیی بوونەتە یەک گوتار کە پێی دەگوترێت گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی. گوتاری ئایینی تالیبان لە ئەفغانستان و گوتاری ئایینی ئیخوان موسلیمین لە میسر و گوتاری بزووتنەوەو ڕابوونەوە ئیسلامیەکان لە زۆربەی وڵاتانی تر جیاوازن لە شروشتی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی حەماس و گوتای هەندێ لە جولانەوە ئیسلامیەکانی سنووری سۆڤێتی پێسوو، ئەوروپای ڕۆژهەڵات و تەنانە گوتاری ئەرمەن لە سەروەختی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیدا، کە

خاسیەتی رزگاری ئایینی و نیشتیمانیان هەبوو. بەڵام وەکو ئاماژەمان بۆ کرد گوتاری ئیخوان و تالیبان و زۆر لە بزووتنەوە ئایینیەکانی تری نیشتیمانی عەرەب بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئێستا لاببەن و دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە شوێنەکەیدا دابمەزرێنن. بۆ نموونە وەکو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە شوێنی دەوڵەتی شاهەنشایی ئیرانیدا، یان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئەردۆگانی لە شوێنی کۆماری تورکیای عیلمانیدا.

ئاشکرایە کە گەیشتنی ئایینی ئیسلام بە کوردستان لە رێگای فەتحی ئیسلامیەوە زیاتر لە چوارده سەدەی بەسەردا تێپەڕیووەو لەو کاتەشەوە ئایینی ئیسلام ئایینی باڵادەستە لە کوردستاندا. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش هەبووەو تاکو ئێستاش هەیە کە پێیانوایە دەبێت کورد بگەڕێتەوە بۆ زیندووکردنەوەی ئایینی زەردەشتی و ئەو ئایینە بکاتە پایەی سەرەکی رابوونەوەی نەتەوەیی خۆی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گوتاری ئایینی زەردەشتی و گوتاری ناسیونالیزمی کوردی تێکەڵاو ببن و بەناویەکتردا بچن، واتە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی بەرهەمبهێنن. بەڵام لە رووی راستیەوە واپێدەچێت کە دوای پرۆسێسی فەتح، واتە پاش ئەوەی رووبەری رۆحی کۆمەڵگای کوردی لە لایەن ئایینی ئیسلامەوە داگیرکراوە و ئیسلام بووەتە پەیامی رۆحی کوردی، زەمینەی ئەوە نەمابێت کە تازە ئایینی زەردەشتی ببێتە بنەما بۆ پێکهێنانی گوتاری کوردی. بۆیە ئەوەی لە رووی راستیەوە پێویستە وەکو ئایینی کۆمەڵگای کوردی لەبارەیەوە بدوێین، ئایینی ئیسلامە. راستە ئایینی ئیسلام بە زمانی عەرەبی و بۆ پێغەمبەرێکی عەرەبی و لەسەر خاکی عەرەب هاتووەتە خوارەوە، بەڵام بووەتە ئایینی هەموو ئەوانەی بڕوایان پێهێناوەو بوونەتە پەیڕەوکەری، کە کورد لە دوای فەتحی ئیسلامیەوە یەکێکە نەتەوە پەیڕەوکەرەکانی ئەم ئایینە. هەر لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین لەبارەی رۆڵ و کاریگەری ئایینی ئیسلام و ئەو رێبازانەی تەسەوف کە سەرچاوەکانیان ئایینی ئیسلامە، لەسەر ناسیونالیزمی ئایینی کوردی بدوێین.

هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە دەرکەوتنی سەرەتای سادەی هەستی نەتەوەیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەدی خانی، بەڵام ئەوە تەنیا وەکو دەرکەوتنێک لە رووبەری کەلتوردا بووەو لە بەشی پێشتردا باسی ناسیونالیزمی

کەلتوریمان کرد. لێرەدا باسی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی دەکەین، کە دیارە سەرهەڵدان و ئامادەبوونی ئەو گوتارە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەست پێدەکات کە بزوتنەوەی بەدرخانیەکان سەرەتاکەیەتی. راستە ئەم بزوتنەوەیە لە کاتێکدا دەستیپێکردووە کە کوردستان لە بارێکی دواکەوتوودا بووەو لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارسیدا دابەشبووە. کۆمەڵگای کوردی لەو سەروەختەدا کۆمەڵگایەکی فیودیالی دواکەوتوو بووە، تەنانەت سسیستێمی ئابوری فیودیالیش نەخەملاوە. دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوەیە لە کاژێکدا بوو کە میرنشینەکانی کورد وەکو دەسەڵاتی خێلایەتی هەرەسیان هێنابوو. دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی لای بنەماڵەی بەدرخانیەکان وەکو بنەماڵەیەکی خوێندەوار پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەبوو کە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردن. یەکەمیان خوێندەواری ئەم بنەمالەیەو دووەمیش ئاگاداربوونی ئەم بنەماڵەیە لە ژیانی ئەوروپاو ئاگادارییان لە شۆڕشەکانی پیشەسازی و لە شۆڕشی فەڕەنسی و دروشمەکانی ئەو شۆڕشەو پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە ئەورپا و کاریگەری سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی ئەوروپی و کاریگەری ئەو دیاردە نوێیە لەسەر کۆمەڵگاکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتیش کاریگەری ئەو دیاردەیە لەسەر شارە گەورەکانی ئەو کاتەی وەکو ئەستەمبوڵ. هەروەها ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیریماڵباتی بەدرخانیەکان کە ئەوەش هۆکارێکی دیارو بەهێزی دروستبوون و دەرکەوتنی هەست و هوشیاری نەتەوەیی بووە لای ئەم بنەماڵەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش خواست و ویستی سەربەخۆییان بۆ میللەتەکەی خۆیان لا دروستبووە. ئاشکرایە خواست و داواکاریی ئەم بزوتنەوەیە ئەگەر دروستکردنی دەسەڵاتیکی سەربەخۆش نەبووبێت بۆ کوردستانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوە بێگومان پاراستنی دەسەڵاتی میرنشینەکەیان بووە یان بنیادنانەوەی ئەو دەسەڵاتە بووە کە تورکە عوسمانیەکان لە هەوڵی تەواو لەناوبردنیدا بوون.

بێگومان بنەماڵەی بەدرخانیەکانیش وەکو زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی پەیوەستبوون بە ئایینی ئیسلامەوە. هەربۆیە ناکرێت بە جۆرێک ئایین نەخرابێتە خزمەتی بزووتنەوەکەوە، بە تایبەتی دەستەبژێری خوێندەواری ئەو کاتە ئەگەرچی بە ژمارە زۆر کەمبوون بەڵام ئەوەی هەبووە، ئەوانە

بوون کە لە ڕێگای ئایینەوە بوونەتە خوێندەوار، کە ئەوانەش منداڵی بنەماڵە دەسترۆیشتووەکانی ئاغاو بەگ و شێخ و سەیدەکانی کوردستان بوون، کە لە مزگەوتەکاندا خوێندویانە، یان لە ڕێگای خوێندنی ئایینەکەوە بوونەتە خوێندەوارو بەدڵنیاییشەوە ئەوانە زووتر هەستیان بە نەبوونی دادپەروەری و چەوساندنەوەی میللەتەکەیان کردووە لە هەردوو ئاستی چینایەتی و نەتەوایەتیدا. لەم ڕووەوە ئایین ڕۆڵی بینیووە لە هوشیارکردنەوەی خەڵکدا. هەرچەند دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە بە گوێرەی بنەماڵەی بەدرخانیەکان وەکو بنەماڵەیەکی منەوەر شانبەشانی خوێندنی ئایینی، بایەخیان بەخوێندنی قوتابخانەش داوە بە تایبەتی کە لە ئەستەمبوڵ و تەنانەت شارە گەورەکانی تری تورکیا ژیاون و تێکەڵاوی ژیانی ئەورووپاش بوون.

ئاشکرایە لە زۆربەی بزووتنەوەکانی کورددا، ئایین تێکەڵاوی نارەزاییەکانی خەڵک بووە بەرامبەر بە داگیرکەری وڵات، ئەگەرچی هەندێ جار ڕۆڵی پێچەوانەشی بینیووە لەو ڕووەوە کە گوایە دەوڵەتی خەلافەت دەوڵەتی هەموو مسوڵمانان بووەو پارێزگاری لێکردنی بەشێک بووە لە ئەرکی ئایینی. لە بزووتتنەوەی بەدرخانیەکانیەکاندا، ئایین ڕۆڵی نەرێنی بینیووە، ئەویش لە دوو ئاستدا. یەکەمیان لەبەرئەوەی کوردو دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەوکەری هەمان ئایین بوون. ڕووبەرێک لە هاووڵاتیانی کورد بزووتنەوەکەیان وەکو دژایەتی ئایینەکە سەیرکردووەو دەوڵەتی عوسمانیش لەم ڕووەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبووەو ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە بنەماڵەی بەدرخانیەکان دژی دەوڵەتی خەلافەتن، کە دەوڵەتی هەموو مسوڵمانانە. هەڵبەت ئەوەش ئاشکرایە کە دەوڵەتی عوسمانی وەکو دەوڵەتی هاووڵاتیانی عوسمانی سەیرکراوەو جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی هەتا دەرکەوتنی ناسیونالیزمی تورکی گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوەو لەو سەروەختەدا سنوورە ئیتنیکیەکان هێشتا بە تۆخی نەکێشرابوون. هەرچەندە باسی ئەوە دەکرێت کە.. ئازادی ئایینی ڕەگەزێکی گرنگ بووە لە بەرنامەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی بەدرخانیەکاندا[١٢]، بەڵام ئەوە زۆر ئاشکرانیە چونکە دواتر بەشێک لە پاڵنەری ئاسوریە مەسیحیەکان بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوەی بەدرخان پاشا پاڵنەری جیاوازی ئایینی بوو.. ئەگەرچی باسی ڕۆڵی خراپی ئینگلیزەکانیش لەوبارەوە بۆ هاندانی ئاسورییەکان بە دژی کورد دەکرێت. هەر لەمبارەیەوە لازاریڤ دەڵێت: ئینگلیز

هانی ئاسوورییەکانیان دا بە دژی بەدرخانیەکان[١٣]. لەم رووەشەوە چ تورکەکان و چ ئینگلیز بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان کوردو ئاسوورییەکاندا پەنایان بردووەتە بەر جیاوازی ئایینی. کەواتە لەم رووەوە دەتوانرێت بەردەوام جیاوازی ئایینی بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ناکۆکی و دوژمنایەتی ئیتنیکی یان نەتەوەیی.. لایەنی ئایینی رۆڵی هەبوو لە رازیکردنی ئاسوورییەکاندا بۆ دژایەتیکردنی بزوتنەوەی بەدرخانیەکان[١٤].

کەواتە لێرەدا بە ئاشکرا رۆڵی نەرێنی ئایینی بۆ دژایەتیکردن و لاوازکردنی بزووتنەوەی بەدرخانیەکان دەردەکەوێت. سیاسەتی عوسمانیەکان بۆ چاندنی تۆی رق و کینەی ئایینی لە ناخی کوردی مسوڵمان و ئاسوری مەسیحیدا، ئامرازێکی دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوو بۆ لێدانی بزووتنەوەی بەدرخانیەکان و خودی بەدرخان پاشا بە تایبەتی. هەروەها هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان کوردو ئاسوورییەکاندا لە رێگای ئایینەوە. ئامانجی سەرەکیش لەم سیاسەتە لاوازکردنی کورد و ئاسوورییەکان بوو پێکەوە. ئەوەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی خۆیدا بووە. لێرەدا دەبینین رۆڵی ئایین لە بزووتنەوەی بەدرخانیەکاندا لەبری ئەوەی رۆڵێکی ئەرێنی بێت، رۆڵێکی نەرێنیە. واتە لەبری یەکگرتنی گوتاری ئایینی و نەتەوەیی و دروستبوونی ناسیونالیزمی ئایینی، ئایین رۆڵی دابەشکردنی لە پێکهاتەی بزووتنەوەکەدا بینیووەو لە بری پێکهاتنی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی کوردی، گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی خەلافەت دەرکەوتووە، کە دواتر بووە بە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی تورکی.

راپەڕینی دیاری دوای شکستی راپەڕینی بەدرخانیەکان، راپەرینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریە (١٨٨٠-١٨٨٢). شێخ عوبەیدوڵا کوڕی شێخ تەهای نەهریە کە بنەماڵەکەیان لەسەردەمی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا بوونەتە پەیڕەوکەری رێبازی تەسەوفی نەقسبەندی و باپیری و پاشانیش باوکی خەلیفەی مەولانا بوون و لە دوای کۆچی دوای باوکی شێخ عوبەیدوڵا بووەتە رابەری رووبەرێکی فراوانی ئەو رێبازە، بە تایبەتی لە رۆژهەڵات و باکوری کوردستان و تەنانەت لە نەتەوەکانی تریش هەزارەها شوێنکەوتووی هەبووە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کردووە کە.. ئەگەری ئەوە هەبوو بنەماو پرینسیپەکانی رێبازی نەقشبەندی و هەستی سادەی نەتەوایەتی کوردی لە

سەروەختی مەولانا خالید خۆیدا یەکیان بگرتایەتەوەو ببوونایەتە بنەمایەک بۆ بەرهەمهێنانی ناسیونالیزمێکی بەهێزی کوردی، هەمان شێوەی یەکگرتنی هەستی نەتەوایەتی فارسی و شیعەگەرایی[١٥]. لەبەر چەندین هۆکار لەسەردەمی مەولانا خالید خۆیدا ئەوە روونەدا، بەڵام لە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵادا سەرباری لاوازی ناسیونالیزمی کوردی و باری دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی و باڵادەستی زیاتری هەستی شێخایەتی و ئایینی و تەسەوف لای شێخ عوبەیدولڵا، لە کرۆکی بزوتنەوەکەدا، پەیوەندییەک لە نێوان هەستی نەتەوایەتی کوردی و بنەماکانی ڕێبازی نەقشبەندیدا هەبووە، کە دەشێت لە ئاستێکی تردا گوتاری بزووتنەوەکە وەکو گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی باس بکرێت، بەڵام لە ئاستێکی سەرەتایدا.

ئاشکرایە یەکێک لە هۆکارەکانی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدولڵا، سەپاندنی باج بوو بەسەر جوتیارانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە ئەوان شوێنکەوتووی شێخ عوبەیدولڵا بوون و باجیان بە ئەو دەدا. هەڵبەت ئاشکرایە جیاوازی مەزهەبی لە نێوان کوردی سونەو دەوڵەتی فارسی شیعە مەزهەبدا هۆیەکی تری راپەڕینەکە بوو. کەواتە لە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵادا ئایین لە ڕێگای تەسەوف و جیاوازی مەزهەبیەوە رۆڵی بینیووە لە سەرهەڵدانی ئەو راپەڕینەدا. بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە شێخ عوبەیدولڵا خۆی وەکو رابەرێکی ڕێبازی نەقشبەندی بڕوای بە دادپەروەری و یەکسانی هەبووەو ویستی دینی و دنیایی پێکەوە کۆکردۆتەوەو بڕوای بە پێویستبوونی شەڕکردن هەبووە دژی زۆرداری و ستەمکاری و فەرمانڕەوایانی زۆردارو خراپەکار. بێگومان ئەم خاسیێتانە پەیوەندییان بە پرینسیپەکانی ڕێبازی نەقشبەندییەوە هەیە. لازارێف دەڵێت: شێخ عوبەیدولڵا هەرئەوە نەبوو تەنیا دەسەڵاتێکی ئایینی بەدەستهێنابوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە رابەری ڕێبازی نەقشبەندی بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە یەکێک بوو لە دەوڵەمەندە خاوەن زەوی و زارەکانی کوردستان. ئەو سەد گوندی لە تورکیاو ئێران هەبوو، سەرکردەیەکی بێ هاوتای کورد بوو لەو دوو وڵاتەدا[١٦].

بێگومان ئەوە ئاشکرایە لە سەردەمی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا ناسیونالیزمی کورد زۆر لاوازبووە، بەڵام خاڵێکی گرنگی راپەڕینەکە ئەوەیە تەنیا لە گۆشەیەکی کوردستاندا روونەداوە، بەڵکو هەردوو بەشی

کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی فارس و تورکی گرتۆتەوەو ئەوەش تا ئەندازەیەک خاسێتی کوردستانیبوونی بە ڕاپەڕینەکە بەخشیووە. لە لایەکی تریشەوە بەشداری زۆرینەی خێڵ و عەشیرەتە کوردەکان سیمای جۆرێک لە یەکێتی نەتەوەیی بە ڕاپەڕینەکە داوە. لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٠دا شێخ عوبەیدوڵا کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخات کە نزیکەی دوو سەد سەرۆک خێڵ و عەشیرەتی کوردی بەشداری تێدا دەکەن و ئەو داوایان لێ دەکات کە یەکێتی و یەکبوون و هاریکاری لە نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا پێکبهێنن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕاپەرین دژی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی. ئەم بیرکردنەوەیە لە لایەک دەریدەخات کە شێخ عوبەیدوڵا زانیویێتی تەنیا بە یەکێتی و یەکبوون کورد دەتوانێت فشار بخاتە سەر داگیرکەرانی تورک و فارس. لە لایەکی ترەوە ئەم کۆبوونەوەیە دەریدەخات کە لە سەروەختی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵادا کۆمەڵگای کوردی پێکهاتەیەکی خێڵایەتی بووەو لە هەموو ڕوویەکەوە لە بارێکی دواکەوتوودا بووەو خوێندەواری و پیشەسازی و بنەماکانی کۆمەڵگای شار هیچیان بوونیان نەبووەو بەو پێیەش هەست و هوشیاری نەتەوەیی یان بە دەربڕینێکی تر دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە. ئەمەش دەریدەخات کە پاڵنەری یەکەمی ڕاپەڕینەکە هوشیاری نەتەوەیی یان ناسیونالیزم نەبووە، بەڵکو زیاتر هۆکاری مەزهەبی (سونە و شیعە و تەسەوفی نەقشبەندی)و هۆکاری ئابووری بووە. واتە داواکردنی باج لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانیەوە هۆیەکی بنەرەتی ڕاپەڕینەکە بوو. وەکو پێشتریش گوتمان، لە ڕاستیدا ڕووبەڕێکی فراوانی خەڵکەکە باجیان بە شێخ عوبەیدوڵاو خانەقای نەهری دەداو نەیاندەتوانی لەیەک کاتدا دوو باج بدەن. هۆکارێکی سەرەکی ڕاپەڕینەکەی شێخ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو داواکاریە بوو کە دەولەتی قاجاری سەپاندبووی بەسەر کوردی ڕۆژهەڵاتدا. هەر ئەوەش وایکردووە کە ڕاپەڕینەکە لەسەر زەمینی ژێر دەسەڵات و هەژموونی قاجارییەکاندا دەست پێبکات، لە کاتێکدا ئەو دەمە شێخ عوبەیدوڵا خۆی لە ژێر سایەو قەڵەمڕەوی عوسمانیدا دەژیا.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە سەروەختی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵادا، ناسیونالیزمی کوردی هێجگار لاوازبووەو ئەو ئاستە لاوازەش دیسان

بە کاریگەری دەرەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی بووە، نەک بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵگای کوردی خۆی بووبێت. ئەوەشی هەبوو زیاتر لە بوونی کەسانی ناسیونالیستدا دەرکەوتووە نەک لە ئاستی جەماوەریدا، بوونی ناسیونالیست لە نەبوونی ناسیونالیزمدا. بەڵام گوتاری ئایینی شێخ عوبەیدوڵا وەکو مسوڵمانێکی سونەی نەقسبەندی جیاوازبووە لە گوتاری دەوڵەت و رووبەرێکی هێجگار فراوانی خەڵکی ئێران کە گوتاری شیعەی ئیسلامی بووە. بۆیە راپەڕینەکە ئەگەرچی لە روخساردا وەکو راپەڕینی نەتەوەیی دەرکەوتووە، بەڵام لە گەوهەردا زیاتر راپەڕینێکی ئایینی خێڵایەتی تەسەوفی نەقسبەندی بووە، کە دروستکەرو جوڵێنەری سەرەکی هۆکاری ئابووری ئابووری بوو. راستە لە ئاستی بینراودا راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵا وەکو راپەڕینی ناسیونالیزمی ئایینی کوردی دەردەکەوێت، بەڵام لەراستیدا ئەم راپەڕینە خاوەنی شوناسی تەواوەتی ناسیونالیزمی ئایینی کوردی نەبووە لەو رووەوە کە ئایین و ناسیونالیزم یەکبگرن بۆ رزگاری نیشتیمان، لە کاتێکدا کوردستان لە لایەن هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیەوە داگیرکرابوو.

جێگای خۆیەتی لە دوای راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەرنج لە راپەرینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران بدەین. کە راپەڕینی یەکەم و سێیەمیان لە لایەن دوو شێخی سەربە رێبازی نەقشبەندیەوە سەرکردایەتی کراون. دووەمیشیان واتە راپەڕینی شێخ مەحمود لە لایەن شێخێکی پایەبەرزی سەربە رێبازی تەسەوفی قادریەوە سەرکردایەتی کراوە. لێرەدا هەوڵدەدەین ئاستی پەیوەندی نێوان ناسیونالیزمی کوردی و ئایین، یان تەسەوف وەکو بەرهەمی ئایینی ئیسلام لە بەرنامەو گوتاری ئەم راپەڕینانەدا دیاری بکەین.

راپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٩٠٩-١٩١٤) لە سنووری دەوڵەتی توركدا سەریهەڵدا. ئەم راپەڕینە دوای هاتنی ئیتیحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٨دا دەستیپێکرد، کە خراپی مامەڵەکردنی تورکە لاوەکان لەگەڵ کورددا هۆکاری سەرەکی ئەم راپەڕینە بووە. شێخ عەبدولسەلام داوای جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوچەیی بۆ پێنج قەزای دەوروبەری موسڵ کردووە کە بریتی بوون لە دهۆک، زاخۆ، شەنگال، ئامێدی و ئاکرێ. ئەوەی گرنگە لە داواکارییەکەی شێخ عەبدولسەلامدا وەکو شێخێکی نەقشبەندی پێکەوە کۆکردنەوەی ئاستێک

لە داواکاری نەتەوەیی و ئایینیە پێکەوە. ئەو داوایکردووە ئایینی ئیسلام کە ئایینی دەوڵەتە کاری پێبکریت و کار بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بکرێت و باج سەندن بە پێی شەرع بێت و قازیەکان سەربە مەزهەبی شافیعی بن. لە رووی نەتەوەییەوە داوایکردووە زمانی فەرمی لەو پێنج قەزایەدا زمانی کوردی بێت و خوێندن بە زمانی کوردی بێت. کەواتە بە ئاشکرا لە ئاستیکی دیاردا بەڵام سنووردار رەگەزەکانی ناسیونالیزمی ئایینی دەبینرێن.

ئاشکرایە کە شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیداو هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتەو دروستبوونی چەندین دەوڵەت لە سەر جوگرافیای پێشتری عوسمانی و هەروەها داگیرکردنی ئەو جوگرافیایەی کە پاشتر دەوڵەتی نوێی عێراقی لەسەر دروستکرا، بارودۆخێکی ناهەمواری بۆ ولایەتی موسڵ یان باشوری کوردستان دروستکرد، کە دواتر بوو بە هۆی لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بەو دەوڵەتە نوێیەوە کە بە نەخشەی بەریتانیا دروستکرا. سەرئەنجامی ئەو کارە دوژمنکارییەی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد کردی، لەوکاتەوە تاکو ئیستا کورد خوێن لە جەستەی دەتکیٔ و وڵاتەکەی وێران دەکرێت. ئینگلیز هەتا ساڵی ١٩١٨ بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر عێراقدا نەکرد..هەتا دوای ئیمزاکردنی رێکەوتنی مۆدرۆس لەگەڵ تورکیادا لە ٣٠ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨و داگیرکردنی سەربازی موسڵ لە ٧ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا[١٧]. دوای ئەو رێکەوتنە بە کردەوە ولایەتی موسڵ کە هەموو باشوری کوردستان دەگرێتەوە کەوتە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەریتانیاوە، بەڵام بەریتانیەکان هەستیان بە خواست و ویستی کورد بۆ سەربەخۆیی کردبوو. بە تایبەتی دەیانزانی سەرکوتکردنی کوردەکان و بێدەنگ کردنیان هەروا کارێکی ئاسان نیە، بەتایبەتی کە هێشتا هێزەکانی تورکیا ئەوەندە دوور نەبوون و هێشتاش لایەنگری لەناو کوردەکاندا بەهۆی هاوئایینیەوە بۆ تورکەکان زیندوو بوو، بەباشی هەستی پێدەکرا.. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا، داوا لە رائید نۆئێل کرا ئیدارەیەکی کاتی کە لە لایەن خەڵکەوە پەسەند بێت پێکبهێنێت. نوێنەرانی سەرکردایەتی کوردی مافی پارێزگاریان لە ژێر سایەی راوێژکاری دەسەڵاتی بەریتانیادا بەدەستهێنا. بەدوای ئەوەدا، لە سەرەتای تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، واتە ١٩١٨، شێخ مەحمود بە حوکمداری سلێمانی دانرا[١٨]. ئاشکرایە شێخ مەحمود هەر زوو

پەی بەوەبرد کە دەسەڵاتی ئەو شتێکی رووکەشەو لەراستیدا هەموو شتێک لە دەستی ئەفسەران و راوێژکارانی بەریتانیادایە. رۆژ لە دوای رۆژ ناڕەزایی خەڵک لە سلێمانی و دەوروبەریدا زیاتر دەبوو. لە بەهاری ١٩١٩دا رقی خەلک لە سلێمانی تەقیەوەو رووبەڕووی ئینگلیزەکان بوونەوە، کە مەحمود خانی دزڵی بۆ هاوکاری شێخ مەحمود لە مانگی ئایاردا گەیشتە سلێمانی و دەستی بەسەر شارەکەدا گرت. لە لایەکی ترەوە.. لە هەمان مانگدا شێخ مەحمودی بەرزنجی بەهێزە چەکدارەکانیەوە هێرشی کردە سەر بنکەی ئەفسەری سیاسی ئینگلیز هێرینهاوز و لەگەڵ کارمەندەکانی لە بنکەکەدا دەستگیری کردن و دوای ئەوە سەربەخۆیی باشوری کوردستانی راگەیاند. جەماوەری کورد پشتگیری ئەو جوڵەیەیان کرد و پشتگیری مەعنەویی گەورەو پشتگیری تریان پێشکەش کرد[١٩]. بەدوای ئەوەدا، رووبەری دەسەڵاتی شێخ مەحمود فراوانتر بوو، هێزەکانی ئەو گەیشتنە کەرکوک.

لە ١٨ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا واتە ساڵی ١٩١٩، لە شەڕێکدا لە دەربەندی بازیان هێزەکانی شێخ شکستیان هێناو، ئینگلیز شێخیان بەدیل گرت و دوریان خستەوە. بەوەش کۆتایی بە یەکەم دەسەڵاتی شێخ مەحمود هێنرا. بێگومان ئاشکرایە کە شێخ مەحمود وەکو شێخێکی رێبازی قادری ویستویەتی جۆرێک لە سەربەخۆیی بۆ سلێمانی و دەوروبەری یان گریمان بۆ باشوری کوردستان بەدەستبهێنێت. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە دەڵێت ئایا لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، مانەوەی کوردستان وەکو بۆشاییەکی دەسەڵات و مانەوەی چارەنووسی کورد بە هەڵواسراوی هەتا رێکەوتننامەی لۆزان، هەست و هوشیاری نەتەوەیی کورد لە باشوری کوردستان لە چ ئاستیکدا بووە؟ واتە ئایا ناسیونالیزمی کوردی لەسەر ئاستی جەماوەریی دەرکەوتبوو؟ ئایا وەکو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لێهاتبوو؟ واتە ئایا لەو ماوە کاتیەدا ناسیونالیزم بووەتە گوتاری بزووتنەوەی کوردی و شێخ مەحمود رابەرایەتی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیزمی کردووە؟ یان هێشتا تاکەکەس یان دەستەبژێری ناسیونالیست لە سەرکردایەتی بزووتنەوەکەدا بووە بەبێ بوونی ناسیونالیزم و شێخ مەحمود خۆیشی تاکەکەسی ناسیونالیست یان سەرکردەیەکی ناسیونالیست بووە؟ ئایا لە سەردەمی راپەڕینەکانی شێخ

مەحموددا، گوتاری ڕێبازی تەسەوفی قادری لە چ ئاستێکدا بووەو شێخ مەحمود وەکو سەرکردەیەکی ناسیونالیست و شێخێکی ڕێبازی قادری چۆن ئایین و هەستی ناسیونالیستی پێکەوە کۆکردووەتەوە؟ ئایا لەو قۆناغەدا ناسیونالیزمی ئایینیی کوردی بوونی هەبووەو لە چ ئاستێکدا بووە؟

لە ڕاستیدا ئەگەرچی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری نزیکەی چوار دەیە پێش ڕاپەڕینی شێخ مەحمودی بەرزنجی بووە، کەچی وەکو ڕاپەڕینێکی ناسیونالیستی لە قەڵەمدراوە. لەم ڕووەوە ڕۆبێرت ئۆڵسن دەڵێت: ئەنجامەکانی شەڕی نێوان ١٨٧٧-١٨٧٨ی نێوان ڕوسیا و عوسمانی، بوون بەهۆی ئەوەی کە شێخ عوبەیدوڵای نەهرییان وروژاند تا بەرنامەی نەتەوەیی خۆی ڕابگەیەنێت[٢٠]. ڕاستە بۆچوونی لەمجۆرە سەبارەت بە شێخ عوبەیدوڵاو ڕاپەڕینەکەی هەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا نەک بۆ ئەو سەردەمە بەڵکو بۆ سەردەمی شێخ مەحمودیش هێشتا ناسیونالیزمی کوردی بەجۆرێکی ئەوتۆ دەرنەکەوتووە کە ببێتە بەرنامەی بزووتنەوەی جەماوەریی یان بەرنامەی ڕاپەڕین. هەربۆیە لە ڕووی ڕاستیەوە دەبێ وەها سەیری سەردەمی شێخ مەحمود بکرێت کە دیسان ناسیونالیزمی کوردی لە ئاستێکی هێجگار لاوازدا بووەو بێجگە لە هەستێکی سادەی نەتەوەیی هیچی تر نەبووە. ئەوەی هەبووە دەرکەوتنی تاکەکەسی ناسیونالیست بووە، کە شێخ مەحمود لەپاڵ پەیوەستبوونی ئایینی و تەسەوف و شێخایەتیدا، هەروەها هەستێکی نەتەوەیی بەهێزی هەبووەو وەکو تاکە کەسێکی ناسیونالیستی دەرکەوتووە. واتە سەرکردەیەکی ناسیونالیستی ئایینی بووە بەبێ بوون و ئامادەبوونی ناسیونالیزم.

ئاشکرایە سەرباری ئەوەی کە شێخ مەحمود وەکو سەرکردەیەکی ناسیونالیستی دەرکەوتووە، زیاتر سەرکردەیەکی ئایینی یان شێخێکی ئایینی ڕێبازی تەسەوفی قادری بووەو پێش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تورکەکان هەبووەو هۆکارەکەشی لە پلەی یەکەمدا هاوئایینی بووە. ئەمە لە کاتێکدا دژی هێزی داگیرکەری ئینگلیز لە بەسراو شوێنەکانی تری عێراق شەڕی کردووە. ئەویش لە ژێر کاریگەری دوو هۆکاردا کە یەکێکیان نیشتیمانی بووە، واتە بەرگریکردن لە عێراق. دووەمیان هۆکاری ئایینی بووە کە وەها سەیری کردووە شەڕکردن دژی

ئینگلیز بریتیە لە بەرگریکردن لە ئیسلام و وەستانە بە دژی کوفر. هەر لێرەوە شەڕکردن دژی ئینگلیز دەبێتە بەرگریکردن لە دەسەڵاتی تورکی مسوڵمان، یان دەسەڵاتی تورکەکان. لەم هەڵوێستە کردەییانەدا زیاتر باڵادەستی فاکتەری ئایینی لە کەسێتی و سەرکردایەتی شێخ مەحموددا دەردەکەوێت. تەنانەت لە دوای هاتنی ئینگلیزەکانیش ئەو هێشتا مەیلی بەلای تورکەکاندا هەبووەو ئەوەش هۆکارێک بووە کە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا باش نەبێت و متمانەیان پێنەکات. دوای ئەوەش کە ئینگلیزەکان کردیان بە حوکمداری سلێمانی، پاش ماوەیەکی کورت دژی ئینگلیزەکان وەستاو ئەوەش بووە هۆی روخاندنی یەکەم دەسەڵاتداریتیەکەی.

هێزی راپەڕینەکانی شێخ مەحمود دژی سوپای ئینگلیز بریتی بوو لە هەڵبژاردەیەکی چەکدار لە دڵسۆزانی شێخ لە بەشێک لە بەرزنجیەکان و شوێنکەوتووانی رێبازی قادری لە کەسانی ناو خێڵ و عەشیرەتەکانی دەوروبەری سلێمانی و دەستەبژێرێکی بە ژمارە کەمیش لە کەسانی خوێندەوار کە دەشێ وەکو دەستەبژێری ناسیونالیستی کوردی ئەو کاتە ناوببرێن. سەیرکردنی ئینگلیزیش لەو کاتەدا لە روانگەی شێخ و هێزەکەیەوە ئەوە بوو کە ئینگلیز داگیرکەرو غەیرەدین بوون. واتە پاڵنەری راپەڕینی شێخ مەحمودیش بەهەمان پێوانە بریتی بوو لە پاڵنەری نیستیمانی و پاڵنەری ئایینی. لێرەوە راپەڕینی شێخ مەحمود سەرباری لاوازی و نائامادەیی ناسیونالیزمی کوردی، وەکو راپەڕینی ناسیونالیزمی ئایینی دەرکەوتووە. لە راستیشدا قەڵەمڕەوی دەسەڵات و تەنانەت راپەڕینی شێخ مەحمود نەپەڕیووەتەوە بۆ ئەودیووی سنووری دەسەڵات و هەژموونی رێبازی تەسەوفی قادری کە سلێمانی و دەوروبەری گرتووەتەوەو وەکو و گوتمان هێزی چەکدارو پاڵپشتی راپەڕینەکە زیاتر لەوەی لەسەر بنەمای هوشیاری نەتەوەیی و شوێنکەوتنی ئامانجە نەتەوەییەکان بوبێت، شوێنکەوتنی شێخ بووە وەکو شێخێکی مسوڵمانی قادری خاوەن موڵکی بەدەسەڵات و لێهاتوو دیار. واتە راپەڕینی شێخ مەحمود سەرباری سیما نەتەوەییەکەی زیاتر راپەڕینێکی ناوچەیی و لە پێناوی سەربەخۆیی رووبەرێکی سنوورداری باشووری کوردستاندا بووەو گوتاری ئەم راپەڕینە گوتارێکی ناتەواوی نەتەوەیی ئایینی خێڵایەتی بووەو هۆکاری سەرەکی ئەوەش لاوازی و پێنەگەیشتنی ناسیونالیزمی کوردی بووە.

لە قۆناغی دەسەڵات و هەژموونی تەکیە و خانەقاکاندا، ئەم دوو پێگە گرنگە سەرچاوەی سەرەکی دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی کوردی بوون. شانبەشانی ئەو دەستەبژێرەی کورد کە لە شارە گەورەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانیدا ژیابوون و ئەوەش هەڵبژاردەیەک لە کوردی ناسیونالیستی لێ پەیدابوو بوو، شوێنی دیاری تری دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی ناو خانەقاو تەکیەکان بوو کە شێخەکان رۆڵیان هەبووە لەو رووەوەو پشتگیرییان کردووە. لەم بارەوە دکتۆر وەدیع جوەیدە دەڵێت: لەبەر چەندین هۆکارو بوونی بەڵگەی زۆر، هەرچیەک دەربارەی بایەخی خانەقاو تەکیەکان وەکو ناوەندی بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی بگوترێت زیادەڕۆیی نیە. ئەو بیرو بۆچوونانەی لەم ناوەندانەوە سەرچاوەیان دەگرت، راستەوخۆ لەناو خەڵکی کورددا بە شێوەیەکی بەرفراوان پێشوازییان لێدەکرا، چونکە جێگا دەست و مۆرکی پشتگتری شێخەکانی پێوە بوو. سەرباری ئەوە کەسایەتی پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتی شێخە خاوەن خانەقاو تەکیەکان بەجۆرێک بوو نەیاندەتوانی بەرامبەر خۆتێهەڵقورتاندن و دەستوەردان و رکابەرایەتیکردنی بەرپرسان بێ دەنگ بن. شێخەکان کە خۆیان وەکو توێژێک نوێنەری بەشێک لە کەسانی خاوەن پێگەی کوردو شوێنکەوتووانی خۆیشیان بوون، نەدەکرا کاردانەوەیان نەبێت. شێخەکان خۆیان نەتەوەپەروەرانی دڵسۆزو شێلگیر بوون، بە پێچەوانەی دەستەبژێری شاریەوە کە زیاتر تورکێندرابوون- بووبوون بە تورک-. شێخەکان لە نزیکەوە پەیوەستبوون بە خەڵکی کوردەوەو بەتەواوی هاوخەمیان بوون و هەستی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبوو. سەرباری ئەوەش شێخەکان لە لایەک بەهۆی خوێندەوارییانەوە- فێربوونیانەوە-و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی بیرو باوەڕیانەوە لایەنگری دەوڵەتی ئاسایی ئیسلامی بوون و لەو حکومەتە نوێیەی تورکە لاوەکان ناڕازیبوون کە بایەخی بە ئایین نەدەدا[٢١]. لێرەدا رۆڵی تەکیە و خانەقاکان لە هوشیارکردنەوەی خەڵکدا باس دەکرێت. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە هەستی نەتەوایەتی کوردی بە ئەندازەی ئەوەی لە ناو کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەندەش لە ناو تەکیە و خانەقاکانەوە ئەو بابەتە سەریهەڵداوە.

واتە هەر دوو رێبازی تەسەوفی نەقشبەندی و قادری وەکو دوو ڕێبازی تەسەوف کە لە راستیشدا تەسەوف جۆرێکە لە ئۆپۆزسیۆنبوون، رۆڵیان

هەبووە لە دەرکەوتن و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی کوردیدا. واتە لێرەدا دەردەکەوێت کە سەرچاوەی سەرەکی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئایین، ئەویش لە ڕێگای تەسەوفەوە. بۆیە ناسیونالیزمی کوردی لە سەروەختی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و  شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی بەرزنجی و بۆ دواتریش لە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانداو تەنانەت بۆ راپەڕینەکانی دواتریش بنەمایەکی ئایینایین هەبووە لە رێگای رێبازەکانی تەسەوفی نەقشبەندی و قادرییەوە. واتە ناسیونالیزمی ئایینی بە گوتارێکی لاوازەوە لە پشتی راپەڕینەکانی کوردەوە بووە. کاتێک دەڵێین گوتارێکی لاواز مەبەستمان ئەوەیە لەبەر لاوازیی ناسیونالیزمی کوردی گوتاری ناسیونالیزمی تەواو بەرهەم نەهاتووە، کە گوتارێکی تەواوی خاوەن شوناسی نەتەوەیی تەنیا لە بوونی پرۆژەی دەوڵەتدا پێناسە دەکرێت. هەروەک گوتاری ئایینی کوردیش لە ڕێگای تەسەوفەوە نەبووەتە گوتارێکی تەواوی خاوەن شوناس کە لە گەوهەردا دەسەڵاتی ئەوی عەرەب و تورک و فارسی مسوڵمان رەتبکاتەوەو گوتاری کوردی مسوڵمان بەرهەم بهێنێت. هەر ئەوەش وایکردووە کە گوتاری ئایینی نەتەوەکانی تر، عەرب، تورک، فارس گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی تەواوی خاوەن شوناس بن و گوتاری بنیادنانی دەوڵەت و بنیادنانی نەتەوە بن. بەڵام گوتاری ئایینی کوردی گوتارێکی نەتەوەیی کوردی تەواو نیە، بەڵکو گوتاریکی ناتەواوی کوردی و تا ئەندازەیەک مەیلدارو ملکەچە بۆ گوتاری ئایینی ناسیوینالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی.

لێرەدا دەمانەوێت سەرنجێکی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران بدەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا ناسیونالیزمی کوردی یان ناسیونالیزمی ئاینی کوردی لە کوێی ئەم راپەڕینەدا بوون. راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (٨ی شوبات هەتا ١٥ی نیسانی ١٩٢٥) لە باکوری کوردستان روویدا. واتە نزیکەی کەمتر لە ساڵێک لە دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خەلافەت کە لە ٣ی ئازاری ١٩٢٤دا هەڵوەشایەوەو هەروەها لە دوای دروستبوونی»جیڤاتا ئازادی کورد» کە دواتر بووە «جیڤاتا خووە سریا کورد» ئازادی» کە لە ساڵی ١٩٢٣ دا دامەزرا، راپەڕینە سەریهەڵدا. سەبارەت بە دروستبوونی ئەم رێکخراوەیە، ئەو ئەفسەرە کوردانەی لە راپەڕینی ٤ی ئەیلولی ١٩٢٤ی بەیتوشەبابدا

بەشدارییان کردبوو، لە راپۆرتەکانیاندا بۆ دەزگای هەواڵگری بەریتانیا گوتبوویان ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٢١ دا لە ئەرزڕۆم دامەزراوە[٢٢]. بێگومان ئەم پێشهاتانەی سەرەوەو بارودۆخی گشتی تورکیا لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی تورکی و دروستبوونی دەوڵەتی نوێی ناسیونالیستی تورکی بە رابەرایەتی کەمال مستەفا ئەتاتورک و دەرچوونی بڕیارەکانی پەیماننامەی لۆزان کە پەیماننامەی سڤیرسی – سیڤەر– سەبارەت بە کورد هەڵوەشاندبووەو ئومێدێک بۆ کورد نەمابووەوە کە لە گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگ و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ببێتە خاوەنی مافەکانی. بێگومان پێکهاتنی دەوڵەتی ناسیونالیستی تورکی و گەشەکردنی ناسیونالیزمی تورکیش لە لایەکی ترەوە بە ئەندازەیەک کاریگەری لەسەر دەستەبژێری کوردی لە خوێندەواران و پیاوانی ئایینی و رابەرانی تەسەوف و ئەفسەرانی کورد دانابوو، کە بیر لەوە بکەنەوە بۆچی کوردیش وەکو نەتەوەیەک سەربەخۆ نەبێت و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیی نەبێت.

ئاشکرایە لە دوای جەنگی جیهانیش هەمان شێوەی پێش جەنگ بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی لە رووی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی خوێنەدەواری و گەشەکردنی شارو دروستبوونی ژیانی شارو کۆمەڵگای شارەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو. واتە ئەو زەمینەیەی کە پێویستە بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم لە راستیدا بوونی نەبوو، چونکە کۆمەڵگای کوردی هێشتا کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی نەخوێندەواری خێڵایەتی کشتوکاڵی و شوانکارەیی بوو.

لەسەر ئاستی ناوخۆ کۆمەڵگای کوردی پێکهاتەیەکی دابەشبوو بوو لە نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان و لە نێوان زاری زمان و لە نێوان ئایین و مەزهەب و لەسەروی ئەمانەشەوە ئاستێکی تری قوڵ لە دابەشبوونی ناوخۆ هەبوو کە ئەویش دابەشبوون بوو بەهۆی ڕێبازەکانی تەسەوفی ئیسلامیەوە، ئەگەرچی رووبەری فراوانی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدیش هەمان شێوەی ئەو رووبەرەی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا تیایدا روویدا، قەلەمڕەوی هەژموونی ڕێبازی نەقشبەندی بوو. لە کاتێکدا راپەڕینی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە قەڵەمڕەوی هەژموون و دەسەڵاتی ڕێبازی قادریدا سەریهەڵدابوو. هەروەک

لە سەر ئاستی گشتی کوردستانیش تا هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی کوردستان دابەشکرابوو لە نێوان تورکە عوسمانیەکان و فارسە سەفەوی و قاجەرییەکاندا، کە ئەوەش بە جۆرێک دابەشکردنی یەکێتی نەتەوەیی کورد بوو. لە بارودۆخی نزیکی پێش راپەڕینەکەی شێخ سەعیددا، چارەنووسی کۆردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی پێشتری عوسمانی هێشتا ئاشکرا نەبوو، بەتەواوی یەکلایی نەبووبووەوە. ئەمە زەمینەو بارودۆخی پێش راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران بوو. کە هەموو ئەم دابەشبوونانە کاریگەری نەرێنی زۆریان لەسەر یەکێتی نەتەوەیی کوردو تەنانەت دواکەوتنی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزمیش هەبووە.

مەبەستمان لەم قسانەی سەرەوە ئەوەیە کە لە پێش راپەڕینەکەی شێخ سەعیددا نەک ناسیونالیزمی کوردی  لە بارێکی زۆر لاوازدا بوو بەڵکو هێشتا نەبووبووە بنەمایەک بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری خواست و ویستی نەتەوەیی. لەبەر ئەوە هێزی راپەڕینەکەی شێخ سەعید بریتی بوو لە هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان، کە دیارە رووبەرێکی فراوانیش لە خێڵ و عەشیرەتەکان بە هۆکاری جیاجیا رەتیان کردۆتەوە بەشداری راپەڕینەکە بکەن و هەندێ خێڵ و عەشیرەتیش هاوکاری دەوڵەتی تورکیان کرد بە دژی راپەڕینەکەی شێخ سەعید.

لێرەدا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات، کەواتە چۆن ئەم راپەڕینە لە بارودۆخێکی وەهادا دەستی پێکرد؟ رێکخراوی « ئازادی» لەساڵی ١٩٢٤دا یەکەم کۆنگرەی خۆیی بەست، کە شێخ سەعید وەکو شێخێکی نەقشبەندی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەسەوفی بەرفراوان بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کرابوو.. ئازادی لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دا راپەڕینێکی گشتی ئەنجام بدرێت و هاوکات سەربەخۆیی رابگەیەنرێت[٢٣]. کەواتە لێرەدا دیارە کە ئازادی وەکو رێکخراوێک لە پشتی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانەوە بووە. هەندێ لەو ئەفسەرانەی کورد کە پێشتر لە سوپای تورکدا بوون و هەندێکیان لە پشتی راپەڕینی بەیتوشەبابەوە بوون یان بەشدارییان تیادا کرد بوو، دڵنیابوون کە تەواوی هۆزەکانی کورد بەهۆی هەستی نەتەوەیی و ئایینیەوە پشتیوانی لە « ئازادی» دەکەن[٢٤] و ئەمەش وەها لێکدراوەتەوە

کە بەهەمان شێوە پشتیوانی لە راپەڕین دەکەن. بەم شێوەیە لە پێش ٨ی شوباتی ١٩٢٥دا، کە رۆژی دەستپێکردنی راپەڕینەکەیە، شێخ سەعید لە هەوڵی رازیکردنی سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکاندا بوو بۆ ئەوەی رازییان بکات بۆ بەشداریکردنی راپەڕینەکەو لەو رووەشەوە توانی ژمارەیەکی باشیان رازی بکات بۆ بەشداریکردن. بەڵام دیارە کە زەمینەی راپەڕین لەبار نەبوو، خەڵکیش بە تایبەتی سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان ئامادەیی بەشداریکردنی راپەڕینیان نەبوو. هۆکاری ئەو هەڵوێستەش نەبوون یان لاوازی هوشیاری نەتەوەیی و تەنانەت لاوازی یان نەبوونی هەستی نەتەوەیش بوو. تەنانەت هێنان یان دەرکەوتنی شێخ سەعیدیش وەکو رابەری راپەڕینەکە هەرچەندە باسی نیشتیمان پەروەری و نەتەوەپەروەری شێخ سەعید دەکرێت و ئەوەش هیچ گومانێکی تێدا نیە، بەڵام تەنیا ئەوە بەس نیە بۆ رابەرایەتی راپەڕینێک ئەگەر لە گەوهەردا راپەڕنێکی نەتەوەیی بێت.

لێرەوە دەردەکەوێت کە نەخسەدانەری راپەڕینەکە رێکخراوی ئازادی بووەو پاڵنەری سەرەکی بۆ جوولاندنی شێخ سەعیدیش لەپاڵ پاڵنەری لاوازی نەتەوەییدا، پاڵنەری ئایینی و تەسەوفی رێبازی نەقسبەندی بووە. لەو بارەوە مارتن ڤان برۆنیسین دەڵێت: رێکخراوی ئازادی لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا ساڵی ١٩٢٤، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە رەنگکردنی راپەڕینی داهاتوو بە رەنگی ئایین لە دوو لاوە سوودبەخش دەبێت[٢٥]. بێگومان ئازادی پێیوابوو کە پشتیوانی بۆ راپەڕینێکی ئایینی ئاسانتر دەستەبەر دەکرێت لەچاو بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ راپەڕینێکی نەتەوەیی. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی پەیوەستبوون بە ئایینەوە بەهێزتربووە لە ئاستی پەیوەستبوون بە نەتەوەوە. ئەوەش رێگایەک بووە بۆ راکێشانی پیاوانی ئایینی و رێبەرانی تەسەوف و تەنانەت خەڵکی ئاسایی و سادەش بۆ بەشداریکردنی راپەڕینەکە بە پاڵهێزی ئایین. ئەمەش زیاتر سروشتی راپەرینەکە دەردەخات و ئەو دیمەنەش باشتر ئاشکرا دەکات کە ئایا ئەم راپەڕینە زیاتر راپەڕینێکی ناتەوەیی بووە یان راپەڕینێکی ئایینی بارگاویکراو بووە بە هەندێ رەگەزی ناسیونالیزم یان نەتەوەیی.

کوردە عەلەوییەکان بەشداری راپەڕینی شیخ سەعیدیان نەکرد. هۆکاری ئەمەش پێش هەموو شتێک ئایین بوو. ئەوان دەیانزانی کە شێخ سەعید

کوردێکی سونە مەزهەبی رابەری تەسەوفی نەقشبەندیەو ئەگەر ئەو ببێت بەخاوەنی هەر دەسەڵاتێک لە باکوری کوردستان، بە بۆچوونی ئەوان هەڵویست و مامەڵەی بەرامبەر بە ئەوانی عەلەوی خراپ دەبێت. هەر ئەوەش وای لە عەلەویەکان کرد، کە نەیانەوێت یارمەتی دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ بدەن، کە رێبەرایەتیەکەی مسوڵمانی سوونی بێت. رۆبێرت ئۆڵسن دەڵێت: عەلەویەکان لەو باوەڕەدا بوون لە تورکیایەکدا کە حکومەتەکی غەیرە ئاینیە، بەڵام بە رووکەش سونەیە، بارودۆخی ئەوان باشتر دەبێت لە چاو ئەوەی لە کوردستانێکدا بن کە کوردەکان خۆیان رایدەگەیەنن حکومەتەکەی سونی دەبێت و تەریقەتی نەقشبەندی رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت[٢٦]. لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن جیاوازی ئایینی و مەزهەبی هۆکاری دابەشبوون و پەرتبوونی زیاتر بوون لە مێژووی کورددا. لە راستیدا هۆکارێکی تری پشتگیری نەکردنی کوردە عەلەویەکان لە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیراندا پەیوەندی بە پێداگری زۆری شێخ سەعیدەوە هەبوو لەسەر ئایین و مەزهەبی سونەو رێبازی نەقسبەندی، لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدرا کە راپەرینەکە وەکو راپەڕینێکی نەتەوەیی دەربکەوێت و واش لە عەلەویەکان بکات هەست بکەن کە راپەرینی نەتەوەیی کوردە. بە پێچەوانەوە راپەڕینەکە دیمەن و روخسارێکی ئایینی خێلایەتی تەسەوفی هەبوو.. شێخ سەعید لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتگیری خێڵ و عەشیرەتەکاندا بوو بۆ راپەڕینەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش کۆبوونەوەی دەکردو وتاری پێشکەش دەکردو تەنانەت فتوای بۆ رەوایەتی راپەڕین لە رونگەی ئیسلامەوە دەدا. لەو نێوەندەشدا.. شێخ دەیگوت ئەو هاتووە ئایین بژێنێتەوە[٢٧]. ئەم دروشمە وەکو گەوهەری گوتاری راپەڕینی شێخ سەعید دەردەکەوێت و لێرەوە دەتوانرێت بێ هیچ دوو دڵیەک بگوترێت کە ئەم راپەڕینە زیاتر لە راپەڕینەکانی شێخ عوبەیدوڵاو شێخ مەحمودی حەفیدی بەرزنجی بە قوڵایی ئایین و مەزهەبی سونەو تەسەوفی نەقشبەندیدا شۆڕ بووبووەو لە بری ئەوەی بانگەشە بۆ رابوونەوەی نەتەوەیی بکات، لەسەر زمانی رابەرەکەیەوە بانگەشەی بۆ ژیانەوەی ئایین دەکرد کە مەبەست ئایینی ئیسلامە.

ئیستا پرسیار ئەوەیە ئایا کامیان لەبەردەم مەترسیدا بوون کورد یان ئایینی ئیسلام؟ ئایا ئایینی ئیسلام ئەگەر لەبەردەم مەترسیدا بوو، بێجگە

لە کوردی دواکەوتووی ژێردەستەی پارچە پارچەکراو، کەسی تر نەبوو بەرگری لێ بکات؟ سەرباری ئەوە گریمان ئیسلام لەبەردەم مەترسیدا بوو، بەڵام ئایا ئەگەری ئەوە هەبوو لە ڕێگای ژیانەوەی ئیسلامەوە کورد بگات بە مافە ڕەواکانی؟ بە مانایەکی تر ئایا ئەگەری یەکگرتنەوەی گوتاری ئایینی ئیسلام- سونە- نەقشبەندی لەگەڵ گوتاری نەتەوەیی کوردا هەبوو؟ بێگومان ئەوەش بابەتێکی ئاڵۆزەو بۆ ئەو کاتەو بۆ پێشتر و بۆ ئێستاش جێگای مشت و مڕو لە هەمان کاتدا جێگای گومانە، چونکە بۆ ئەو قۆناغەو دوای ئەو قۆناغەو بۆ ئێستاش ئەگەری ئەوە نەبووەو نیە کە کورد لە ڕێگای ئیسلامەوە ناسیونالیزمی ئایینی پێکبهێنێت و ئەو ناسیونالیزمە ئایینیە دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی دروست بکات و لەوێشەوە بنیادنانی نەتەوە دەست پێبکات. واتە دەتوانین بڵێین سەرباری ئەوەی کە مارتن ڤان برۆنیسین و ڕۆبیرت ئۆڵسن بە وردی باسی ڕۆڵی ئایین و تەسەوفی ڕێبازی نەقشبەندییان لە ڕاپەرینەکەی شێخ سەعیددا کردووە، بەڵام کەمتر وەکو ڕاپەرینێکی ئایینی باسییان کردووەو زیاتر وەکو ڕاپەرینێکی ناسیونالیستی باسییان لێوە کردووە، بە تایبەتی ڕۆبیرت ئۆڵسن وەکو قۆناغی چوارەمی ناسیونالیزمی کوردی ناوی دەبات. کە لەڕاستیدا ئەو دابەشکردنە کەمتر بنەمای زانستی هەیە ئەویش لەبەر یەک هۆی ئاشکرا کە ئەویش ئەوەیە ناسیونالیزمی کوردی نەک هەتا کاتی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید، بەڵکو تاکو ئێستاش نەبووەتە ناسیونالیزمێکی خاوەن شوناس، ئیتر چۆن قۆناغی دەبێت یان چۆن شتێکی بێ شوناس و پێنەگەیشتوو پۆلێن دەکرێت؟ بێگومان وەکو جاری تریش باسمان کردووە، ڕۆبێرت ئۆڵسن ئەم هەڵەی دانانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بە ڕاپەڕینی ناسیونالیزمی کوردی لەسەر بنەمای هەڵەیەکی پێشتری خۆی داناوە کە دانانی سوارەی حەمیدیەیە بە قۆناغی دووەمی ناسیونالیزم لە لایەن ئۆڵسن خۆیەوە. لەکاتێکدا سوارەی حەمیدیە نەک پەیوەندی بە ناسیونالیزمی کوردیەوە نیە، بەڵکو لە ئەنجامی نەبوونی ناسیونالیزمی کوردی و لاوازی هەستی نەتەوایەتی کوردیدا دروستبووە.

لازاریڤ کاتێ باسی ڕاپەڕینی شێخ سەعید دەکات وەکو بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئازادی باسی دەکات و ئەو لەوە دەدوێت کە خالید بەگی جبرانلی کە ئەفسەرێکی کۆن بووە، هەموو گروپە نهێنیەکانی

لە ڕێکخراوی ئازادیدا کۆکردۆتەوەو ڕێکیخستوون و بۆ شۆڕش ئامادەی کردون. پاشتریش، خالید بەگ و زیا یوسف بڕیار دەدەن بە چەکدارکردنی خێڵ و عەشیرەتەکان. لەو سەروبەندەدا دەوڵەتی داگیرکەری تورک ئەم دوو کەسێتیە دیارەی جڤاتا خووە سریا کوردستان- ئازادی- دەستگیر دەکات. بە بۆچوونی لازارێف.. لە دوای دەستگیرکردنی خالید بەگ، شێخ سەعید بە سەرۆکی جڤاتا خووە سریا کوردستان- ئازادی- هەڵدەبژێرێت[٢٨]. لازارێف و هاوڕێکانی ئاماژەیەکی زۆر سادە بەوە دەدەن کە شێخ سەعید پیاوێکی ئایینی خاوەن پێگە بووە، بەڵکو وەکو سەرکردەی شۆڕشێکی ڕزگاری نیشتیمانی ناوی دەبەن و باسی دەکەن. هەروەک لازارێف باسی ئەوە دەکات کە شێخ سەعید دوای ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر( گەنجۆ)دا کرد، گەنجۆ بووەتە پایتەختی کاتی کوردستان[٢٩]. بەڵام لە ڕاستیدا دەشێ ئەم شوێنە بۆ ماوەیەکی کاتی بووبێتە بنکەی شێخ سەعیدو لەوێوە سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کردبێت. چونکە هەر لازارێف خۆی باس لە بەرنامەی ڕزگارکردنی دیاربەکرو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەکات. کەواتە ئەمە دەریدەخات کە شێخ سەعید بڕوای وابووە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، پێویستە دەسەڵاتی بەسەر شارێکی وەکو دیاربەکردا هەبێت کە لە ڕووی دانیشتوان و لە ڕووی مەعنەویشەوە بایەخێکی گرنگی هەبووە.. سەرانی کورد نیازیان وابوو دوای دەسەڵاتکردن بەسەر دیاربەکردا دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن[٣٠]. لە درێژەی باسەکەی لازارێف و هاوڕێکانیدا سەبارەت بە ڕاپەڕینی شێخ سەعید، باسی بزووتنەوەیەکی ڕزگاری نیشتیمانی دەکرێت وەکو ئەوەی ناسیونالیزمێکی بەهێز لە پشتیەوە وەستا بێت، بەڵام هەر خۆیشیان باسی ئەوە دەکەن کە هێزی ڕاپەڕینەکە، هێزێکی ڕێکنەخراوی عەشایەری و خێڵایەتی بوو.

هەڵبەت ئاشکرایە لە بزووتنەوەی ڕزگاری نیستیمانیدا دەشێ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەشداری بکەن، بەڵام پێویستە ڕاپەڕین بەرنامەی هەبێت و هێزەکانی ڕێکبخات و ئامانجەکانی دیاری بکات. خۆ ئەگەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاری نیشتیمانی ناسیونالیزمێکی پێگەیشتووی لە پشتەوە بێت، ئەوا بێگومان وەکو هێزێکی جەماوەری ڕێکخراو ڕاپەڕین دەکات. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لە باسکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیددا لای لازارێف و هاوڕێکانی، مەسەلەی ئایین و تەسەوف هیچ بایەخێکی پێنەدراوەو لە

روانگەی ئەوانەوە ئەم راپەڕینە راپەڕینی ناسیونالیزمی کوردیە، کە لە رووی راستیەوە ئەمە بەتەواوەتی جێگای گومانەو ئاشکرایە کە پاڵنەرو جوڵێنەری راپەڕینەکە لە پاڵ پاڵنەری لاوازی نەتەوایەتیدا، پاڵنەری بەهێزی ئایینی بووە.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بەشداربووانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید پیاوانی خێڵ و عەشیرەتەکان بوون و پاڵنەری بەشداریکردنیشیان ئایین و تەسەوفی نەقشبەندی و بابەتی باج و فشاری زۆری حکومەتی نوێی تورک و هەستێکی لاوازی نەتەوەییش بوو. کە بەشداربووانی راپەڕینەکە خەڵکی لادێنشینی باکوری کوردستان بوون، واتە ئەگەر بابەتی ئایینیش پشتگویٚ بخەین ئەوا دەشیٚ وەکو راپەڕینێکی جوتیاری ناوی ببەین، کە ئاشکرایە ئامانجی هەموو راپەرینێکی جوتیاری چاککردنی یاساکانی کشتوکاڵ و زەوی و زارو مڵکانەو ئاژەلانەیە کە ئاغا و بەگ و شێخی خاوەن زەوی لە جوتیارانی وەردەگرن. واتە راپەڕینی جوتیاران لە بنەڕەتدا بۆ چاکسازی لە یاساکانی زەوی و زارو سیستێمی ئابوری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیودیالیدا ئەنجام دەدرێت. بەلام زۆرجار لە کۆمەڵگای کوردیدا نارەزایی جوتیاران دژی خاوەن موڵکی ناوخۆ و باج و یاسای ناجۆری سیستێمی فەرمانڕەوایی، لە لایەن بەگ و ئاغاو شێخی خاوەن زەویەوە بەکارهێنراوەو راستەوخۆ بەناوی راپەڕینی نەتەوەییەوە دژی خواستەکانی جوتیاران خۆیان بەکارهێنراوە. نموونەی نزیک راپەڕینی ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن زەوی و زاری باشوری کوردستان بوو دژی یاسای چاککردنی بارودۆخی کشتوکاڵ لەسەردەمی دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسمدا، کە جوتیارانیان بەکارهێنا دژی یاسایەک کە لە بەرژەوەندی جوتیاران دەرچووبوو، بەزیانی ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن زەوی بوو. جوتیاران بەناوی مەسەلەی نەتەوایەتیەوە فریودران چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی تەنانەت لە بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانیشدا پێش جوتیاران و هێزی خێڵ و عەشیرەت، ئەرکی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگایە لە بۆرژوای بچووک و چینی ناوەندو.... بەلام مەسەلەکە ئەوەیە ئەم هێزە نەریتیە رێکنەخراوانە بە ئاماژەی شێخ و ئاغاو بەگی سەرخێڵ بە ئاسانی دەجوڵێنرێن. لە راستیشدا یەکێک لە هۆکارەکانی شکست لە دوای شکستی راپەڕینەکانی کورد، هەر لە راپەرینی بەدرخانیەکانەوە هەتا ئەو پارتە سیاسیانەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا کاردەکەن پشتبەستنیان بووە بە هێزی خێلایەتی

و جوتیاری ڕێکنەخراو. واتە ڕاپەڕینەکانی کورد تاکو ئێستاش سروشتی کۆمەڵگای لادێنشینیان هەیەو زیاتر بەرهەمی کۆمەڵگای لادێ و دەرەوەی شارن.

ئاشکرایە ناسیونالیزم لە سادەترین شێوەیدا بەرهەمی کۆمەڵگای شارە. هەر لێرەشەوە بە روونی دیارە کە رەگەزی شار، عەقڵ و کەلتوری شارو هێزی کۆمەڵگای شار لە ڕاپەڕینەکانی کورددا تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت لاوازە. ڕاپەڕینەکانی کورد زیاتر لەوەی بەرهەمی کۆمەڵگای شارو بەرهەمی ناسیونالیزم بن، بەرهەمی خێڵایەتی و کۆمەڵگای لادێن. ئەم خاسیێتە لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیشدا زاڵ و باڵادەستبووەو شارو کۆمەڵگای شار تیایدا بەشدار نەبووە. لەم رووەوە رۆبێرت ئۆڵسن دەڵێت: زۆربەی زۆری دانیشتوانی دیاربەکر کورد بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسایەتیەکی شار پشتیوانیان لە ڕاپەڕین نەکرد[٣١]. هەروەها دەڵێت: کوردەکانی دەرەوەی هۆزەکان کە لە دەرەوەی دیاربەکر نیشتەجێبوون و لە ژێر دەسەڵاتی موڵکدارە گەورەکاندا بوون، بەشداری ڕاپەڕینیان نەکرد[٣٢]. ئاشکرایە کە ناسیونالیزم بەرهەمی کۆمەڵگای شارە، واتە بەرهەمی کۆمەڵگای پیسەسازی و بیرو ئایدیای چینی ناوەندە. ڕاستە لە سەردەمی ڕاپەڕینی شێخ سەعیددا هێشتا پیشەسازی لە کوردستان بەوشێوەیە گەشەسەندوو نەبوو کە شێوازو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە شێوازو پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالیەوە گواسترابێتەوە بۆ شێوازو پەیوەندی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی سەرمایەداری و چینی ناوەند وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی کارا پێکهاتبێت. هەربۆیە بابەتی ناسیونالیزم و دەرکەوتن و پەرەسەندنی لەو قۆناغەدا لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووەو بەشداری نەکردن یان پشتیوانی نەکردنی هیچ کەسایەتیەکی شاری دیاربەکر و تەنانەت جوتیارانی دەرەوەی خێڵەکان بەڵگەی ئەوەیە کە هەست و هوشیاری نەتەوەی کوردی زۆر لەوە لاوازتربووە کە ببێتە بەرنامە یان هەر هیچ نەبێت پاڵنەری بەشداری کردن لە ڕاپەڕیندا. کەواتە کام لەم گوتارانە گوتاری ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بووە؟ گوتاری نەتەوەیی یان گوتاری ئایینی خێڵایەتی یان گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی؟ یان تەنیا گوتاری ناسیونالیزم؟

بێگومان لە پشتی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدەوە نەک ناسیونالیزمێکی

بەهێز بوونی نەبووە، بەڵکو ناسیونالیزمی کوردی لەو راپەڕینەدا ئامادەبوونی نەبووە، ئەوەی هەبووە تەنیا هەستێکی سادەی نەتەوەیی بووە. هەر بەوپێیەش ناسیونالیزمی ئایینی نەبووەتە بزوێنەری راپەڕینەکە، بەڵکو بزوێنەری راپەڕینەکە وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئایین یان ژیانەوەی ئایین بووە، یان باشتر بڵێین مەزهەبی سونەو تەسەوفی نەقشبەندی و فاکتەری ئابووری بووە. ئەوەش لە بارودۆخێکدا کە زەمینەی راپەڕین ئامادەنەبووەو خەڵک کە بنەمای سەرەکی هەموو بزووتنەوەو راپەڕین و شۆڕشێکە هیچ ئامادەبوونێکی نەبووەو هۆکاری شکستی خێرای راپەڕینەکەش نەبوونی بەرنامەو بیرو ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو و پێنەگەیشتنی ناسیونالیزم و باڵادەستبوونی عەقڵی خێڵ و بەرژەوەندییەکانی خێڵایەتی و گوتاری ئایینی بووەو لەوەش زیاتر ئەوە بووە کە هێزی راپەڕینەکە هێزی رێکنەخراو و بێ سەروبەری خێڵ و عەشیرەتەکان و خانەقا بوو.

بێگومان لە راپەڕینەکانی تری دوای راپەڕینی شێخ سەعیددا، بە گشتی سێ خاسێت ئاشکربووەو هەموویان لەو سێ خاسێتەدا یەکدەگرنەوە، کە یەکەم و سەرکیترینیان بنیادی خێڵایەتی راپەڕین و بزووتنەوەکانە لەگەڵ باڵادەستبوونی عەقڵ و ستراتیژی خێڵ تیایاندا. دووەم لاوازی ناسیونالیزمی کوردی و نەبوونی بزووتنەوەو راپەڕینەکان بە بزووتنەوەو راپەڕینی ناسیونالیزمی خاوەن پرۆژە. سییەم بە ئاستی جیاواز ئامادەبوونی ئایین، مەزهەب، رێبازی تەسەوف کە ئەمانەش ئامادەبوونیان هەبووەو هەیە لە راپەڕینەکانی رابردووداو، لە پارتە سیاسیەکانی ئێستاشدا.

راپەڕینی سەید رەزای دەرسیم (١٩٣٧-١٩٣٩) کە کوردێکی عەلەوی بوو، لە ئەنجامی هەوڵدانی دەوڵەتی تورکدا بۆ ملکەچکردنی خێڵ و عەشیرەتەکان بەردەوام ناڕەزایی سەریهەڵدەدا. هەمان سیاسەتی دەوڵەت بارودۆخی بۆ ئەو راپەڕینە سازکرد.. بە پێشنیاری مستەفا کەمال ئەتاتورک مەسەلەی دەرسیم خرایە خشتەی کاری ئەنجومەنی باڵای نیشتیمانی تورکیاوە، کە تیایدا گفتوگۆی نەخشەی هێورکردنەوەی ناوچەکە کرا، لەگەڵ گۆڕینی دەرسیم بۆ ولایەتێک کە سیستێمی تایبەت بەخۆیی هەبێت، هەروەها گفتوگۆی گۆڕینی ناوەکەی بۆ تونجیلی کرا[٣٣]. سەید رەزا کە کەسێتیەکی خاوەن پێگەو دیارترین سەرۆکی خێڵایەتی و رۆحی یان ئایینی دەرسیم

بوو.. نامەیەکی بۆ جەنەراڵ ئالپ دۆغان نارد کە فەرماندەی تایبەتی ناوچەکە بوو، تیایدا داوای لە حکومەت کردبوو ئەو یاسا نوێیە سەبارەت بە دەرسیم هەڵوەشێنێتەوەو دان بە مافەکانی کورددا بنێت[٣٤]. بێگومان حکومەت گوێی بەو نامەیەی سەید رەزاو نارەزایی خەڵکەکە نەدا. لەپاڵ ئەوەشدا حکومەتی ئەتاتورک دەستیکرد بە راگواستنی کوردەکان لە ناوچەی دەرسیمەوە بۆ ئەو شوێنانەی تورکیا کە ژمارەی کورد تیایاندا زۆر کەم بوو، یان هەر نەبوو بە مەبەستی تواندنەوەیان لەناو تورکدا. لە ئەنجامی فشاری زۆری دەوڵەتدا لەسەر دەرسیم راپەڕینی سەید رەزا سەریهەڵدا. بێگومان فشارەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی بوو. لەم رووەوە راپەڕینەکە کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بەو سیاسەتی جیاکاریە، واتە بەوپێیەش هەستی نەتەوەیی و هەڵوێستی نەتەوەیی لە راپەڕینەکەدا رۆڵی بینیووە. بەڵام ئەم راپەڕینەش وەکو زۆرینەی راپەڕینەکانی تری کورد کاردانەوە بوو بەرامبەر بە سیاسەتی خراپی دەوڵەتی داگیرکەری تورک بەرامبەر بە کورد. بێگومان هەمان شێوەی راپەڕینەکانی پێشتر، ناسیونالیزمێکی بەهێز لە پشتی راپەڕینی سەید رەزای دەرسیمەوە نەبوو. هەر ئەوەش وایکردووە راپەڕینەکە شێوەی هەڵچوون و کاردانەوە بەخۆی بگرێت و رێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراو نەبێت. لە کاتێکدا ناسیونالیزمی پێگەیشتووی خاوەن شوناس نەک هەر بەرنامەی هەیە، بەڵکو بەگشتی بەرنامەکەی دیارو ناسراوە کە بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو هێزەکەی کۆی جەماوەرە. هەرگیز راپەرینی ناوچەیی سنووردارو خێڵایەتی و ئایینی نابێتە هەڵگری پرۆژەی ناسیونالیزم. بزووتنەوەیەک کە دروستکەرو رێکخەرەکەی ناسیونالیزم بێت، چینی ناوەند رابەرایەتی دەکات نەک شێخ و ئاغاو بەگی سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەت و هەر بەوپێیەش هێزی ناسیونالیزم هەموو پێکهاتەکانی گەلە لەژێر سەرکردایەتی شاردا، نەک هێزی خێڵ و عەشیرەت و سەرکردایەتی ئەم پێکهاتانە کە دامەزراوەی کۆمەڵگای فیودیالین.

سەید رەزا هەم پێگەی خێڵایەتی هەبوو وەکو کوردێکی عەلەوی، هەم پێگەیەکی رۆحی واتە ئایینی بەرزیشی هەبوو کە ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی خەڵک لەدەوری کۆببنەوە، بە تایبەتی پێگە رۆحیەکەی و پەیوستبوونی ئەم و زۆرینەی شێخ و سەیدو سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بە توندی بە ئایینی

ئیسلامەوەو راگەیاندنی دەوڵەتی تورکی کەمالیستی وەکو دەوڵەتێکی عیلمانی هۆکارێکی سەرەکی ئەم راپەڕینەو راپەڕینی شێخ سەعیدو ناڕەزاییەکانی تریش بوون لە باکوری کوردستان بەرامبەر بە دەوڵەتی تورک. لێرەوە دەردەکەوێت کە پاڵنەرێکی تری راپەرینی سەید رەزا پاڵنەری ئایینی بووە. بۆیە ئەگەر وەها سەیر بکرێت کە راپەرینی سەید رەزا بنەمایەکی نەتەوەیی یان ناسیونالیستی هەبووبێت، ئەوا بەو ئەندازەیەش بنەمای ئایینی هەبووەو هەر لێرەوە دەشێت وەکو راپەڕینێک سەیر بکرێت کە ناسیونالیزمێکی ئایینی لاوازی بێ شوناس لە پشتی ئەم راپەڕینەوە بووبێت. هەروەک دەشێت هەمان بۆچوون بۆ راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و زۆرینەی راپەرینەکانی تری کورد راست بێت.

راپەڕینەکانی دواتری کورد و تەنانەت بەرنامەی پارتە سیاسیە دیارەکانیش بەگشتی بەکاریگەری ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی مسوڵمانە، نەک رۆڵی ئایینیان پشت گوێ نەخستووە، بەڵکو ئایین رۆڵی بینیووە لەو راپەڕینانەداو لەبەرنامەی پارتە سیاسیەکانیشدا، ئەگەر راستەوخۆ پشتگیری ئایین نەکرابێت، ئەوا دژایەتیشی نەکراوە. تەنانەت ئەو پارتە سیاسیانەشی کە سرۆشیان لە مارکسیزمەوە وەرگرتووەو پێیان وابووە کورد لە رێگای پشتبەستن بە مارکسیزم- لینینیزم دەتوانێت بە پێکەوە گرێدانی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی رزگاری بێت، لەسەر زەمینەی واقیع بایاخیان بە ئایین داوەو پیاوانی ئایینی و شوێنکەوتوانی رێبازەکانی تەسەوف لە ریزەکانیاندا شوێن و پێگەیان هەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە راپەڕینەکانی کورددا ئایین ئامادەبوونی هەبووەو گوتاری ئایینی شانبەشانی گوتاری لاوازی نەتەوەیی ئامادەبووە. واتە دەتوانرێت بگوترێت گوتارێکی ناسیونالیزمی ئایینی لاواز لە پشتی راپەڕین و بزووتنەوەکانی کوردەوە راوەستاوەو ئەوەش رۆڵی هەبوو لە بەردەوام بەهێزکردنی ئاراستەی ئینتیما بۆ مانەوەو پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەب و تورک و فارسدا، لەو روانگەیەوە کە ئەم سێ نەتەوەیە سەرباری ئەوەی کە دەوڵەتەکانیان کوردستانیان داگیرو دابەشکردووە، بەڵام هەڵگری هەمان بیرو باوەڕی ئایینین لەگەڵ کورداو ناسیونالیزمی ئایینی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە گوتاری جیاکردنەوەی کوردی

لەوانی تر هەبێت، بەڵکو گوتارەکەی بە ئاراستەی بە یەکەم دانانی ئایین و بە دووەم دانانی کوردبوونە. ئەگەر ئەم ئاراستە لە راپەڕین و بەرنامەی پارتە سیاسیە بەناو نەتەوەییەکاندا نەیتوانیبێت بەتەواوی دەسەڵات بەسەر ئاراستەی نەتەوەییدا بکات، ئەوا لە دروستبوونی پارتە ئیسلامیە سیاسیەکاندا ئاراستەی بەرەو ناوەندبوونی عەرەب و تورک و فارس زیاتر بەهێزبووە.

بێگومان لە مێژووی پارتە سیاسیەکانی کورددا بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە کورد پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ ئایینی زەردەشتی و سودوەرگرتن لە بنەماکانی ئایینی زەردەشتی لەو رووەوە کە پێیان وایە ئەم ئایینە ئایینی رەسەن و راستەقینەی کوردەو بۆ بنیادنانەوەی کەسێتی کوردی و بۆ پرۆژەی نەتەوەیی کوردی کە مەبەست لەوەش دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی خاوەن پرۆژەی سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتی کوردیە. بەشیک لە ناسیونالیستانی کورد کە دواتر کاژیکیان دروستکرد، بڕوایان وابوو دەبێت کورد بگەڕێتەوە بۆ ئەم ئایینەو بیکات بە بنەمای ناسیونالیزمی کوردی. بۆچوونی لەمجۆرە رەنگە لەسەر ئاستی تاکەکەس لە مێژە بوونی هەبووبێت، بەڵام بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و وەکو بەشێک لەبەرنامەی پارتی سیاسی و بەشێوەیەکی لەبەرچاو کاژیک پێیوابوو ئایینی زەردەشتی دەبیتە بنەمای سەرەکی کوردایەتی. کاژیک رێکخراوێکی سیاسی بوو لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لە باشوری کوردستان لە لایەن دەستەبژێرێک لە رۆشنبیرو خوێندەواری نەتەوەیی کوردەوە درستکراوەو وەکو پارتێکی نەتەوەیی خۆی ناساندووەو پاشتریش پاسۆک لەسەر هەمان پەیڕەو رۆیشتووە. ئەم ئاراستەیە بابەتی نەتەوەیی کوردو ئایینی زەردەشتی و بنەماکانی ئەو ئایینەی پێکەوە بەستووەو بڕوای بە گوتارێکی نەتەوەیی خۆماڵی کوردی هەبووە لە هەموو ئاستێکداو تەنانەت بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە ناسیونالیزمی کوردی نە رۆژئاواییەو نە رۆژهەڵاتی بەڵکو کوردیە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش تێزی قوتابخانەی کوردیی سۆشیالیزم بەرهەمهێنراوە، کە وەکو سەرچاوەی بیری ئەم پارتە سیاسیە، یان ئەم گوتارە سەیر دەکرێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستی باسەکەی ئێمەیە باسکردنە لە ناسیونالیزمی ئایینی کوردی لە دەرەوەی ئایینی ئیسلام کە ئەوەش لە روویەکەوە وەکو جۆرێک لە دابڕان لە پێش خۆیی و لە

هاوکاتەکانی خۆی و لە دوای خۆیشی سەیردەکرێت.

لە دوای دروستبوونی ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی ئیخوان موسلیمین لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوودا لە میسرو بڵاوبوونەوەی لە نیشتیمانی عەرەبیدا لە ناویشیاندا عێراق، وادەردەکەوێت لە ڕێگای عێراقەوە بیرو ئایدیۆلۆجیاو رێکخستنی ئەم رێکخراوە لە شەستەکانی سەدەی رابردا گەیشتبێتە باشوری کوردستان و لە ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، بە تایبەتی بە کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەم لە کوردستاندا و هەم لە جوگرافیای سونەی عێراقدا شوێنکەوتوانی ئیخوان زیاتر پەرەیان سەند. هاوکات لە جوگرافیای شیعەی عێراقدا پارتە سیاسیە شیعەکان کە راستەوخۆش سەربە ئێران بوون، گەشەیان کرد. لە باشوری کوردستان لە سالآنی هەشتاکاندا، پارتی ئیسلامی دەستی دایە چەک و شانبەشانی پارتە سیاسیە کوردیەکان لە شاخ بوو. بێگومان سەربارى ئەوەی کە ئەم پارتە ئیسلامیە ئیلهامی لە ئیخاون موسلیمینەوە وەرگرتبوو، پارتێکی سونەی ئیسلامی بوو، بەڵام پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئێراندا هەبوو. هەر بە کاریگەری کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ ئەو رابوونەوە ئیسلامیەی کە لە چارەکی دوایی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا، نەک هەر کوردستان بەڵکو شەپۆلی رابوونەوەی ئیسلامی تورکیایشی گرتەوەو پارتی رەفای ئیسلامی تورکی دروستبوو. لە سەروبەندی شۆڕشی ئیسلامیدا حیزبولآی کوردی لە باکوردی کوردستان دامەزرا..حیزبولآی کوردی سەربە مەزهەبی سونەن، دامەزراندنیان لە ساڵی ١٩٧٩دا، بەشێوەیەکی لەبەرچاو بە کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی بوو. لە سالآنی ١٩٩٠ەکاندا زۆر نزیکبوو لە حکومەتی ئێرانەوە[٣٥].. لە پاڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا، پەرەسەندنی لقی کوردی ئیخوان موسلیمین لە سوریاو، رووداوە توندوتیژەکانی حەمای سوریا لە ساڵی ١٩٨٢ دا و رابوونەوەی ئیسلامی جیهانی راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پێگەی حیزبولآی کوردی لە تورکیا هەبووە[٣٦]. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، پۆلیسی تورکیا حیزبولآی کوردی هەڵوەشاندەوە، کە تاوانبارکرابوو بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی[٣٧]. لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارتە ئیسلامیە پارتێکی تر لە پاشماوەو رێخستنەکانی ئەم پارتە دروستبوو بە ناوی هوداپار کە ئەمیش سەربە ئێران بوو. بەرنامەکەی دوو پایەی هەبوو قورئان و نەریت[٣٨]. بۆچوونی

لەوجۆرە هەبوو لە باکوری کوردستان کە دەیگوت ئەو پارتە سیاسیانەی کە لەوێ دروستبوون چەپ و عیلمانین و هیچ کام لەوانە نوێنەرایەتی کوردی مسوڵمان ناکەن و ئەوەش وادەکات کە لە هەڵبژاردندا رووبەرێکی فراوان لە کوردی مسوڵمانی کۆنەپارێزو نەریتی دەنگ بە پارتی دادو گەشەپێدان بدەن، بۆیە .. پێویستبە دامەزراوەیەک هەبێت کە پێکەوە دەنگ بە چارەسەری ئیسلامیانە بدات و پشتگیری کوردو بەرەی کوردایەتیش بکات[٣٩]. لە شالاوی هەڵبژاردنی پەرلەماندا ساڵی ٢٠١٥، سەیت شاهین لە بەردەمی خەڵکدا گوتی: ئێمە دەمانەوێت داوای پشتگیری بکەین بۆ ئەوەی ببینە دەنگی ئیسلام لە پەرلەماندا[٤٠]. بێگومان حیزبوڵای کوردی و هوداپاریش وەکو دوو پارتی ئیسلامی بەردەوام لەگەڵ پارتە کوردییەکاندا، بە پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتە مەدەنیەکانی تریشەوە ناکۆک بوون و دوژمنایەتیان دەکردن و ناڕاستەوخۆ لەبەر دژایەتی پارتە کوردیەکان بوونەتە هاوپەیمانی پارتە ئیسلامیە تورکەکانی وەکو پارتی سەعادەت و پارتی دەنگی خەڵک و پارتی دادو گەشەپێدان کە پارتی فەرمانڕەواو خاوەن دەوڵەتە.

بەئاشکرا دیارە کە ئەم دوو پارتە سیاسیە ئیسلامیەی لە باکوردی کوردستان و لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دروستبوون، بە پلەی یەکەم ئیسلام بوون و وەکو خۆیان دەڵێن ویستوویانە نوێنەرایەتی ئیسلام بکەن لە پەرلەمانی تورکیادا، یان چارەسەری ئیسلامیانە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، دیارە مەبەست لە کێشەی کوردیشە. ئەگەر ئەم پارتە ئیسلامیە کوردانە بەرنامەیان نوێنەرایەتیکردنی کوردی مسوڵمان بوایە لە پەرلەمانی تورکیا، یان بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسلامی کوردییان هەبووایە ئەوا دەیانتوانی بڵێن نوێنەرایەتی دەنگی نەتەوەیی ئایینی کورد دەکەن، هەرچۆن پارتی دادو گەشەپێدان و پارتە ئیسلامیە تورکەکانی تر زیاتر لە ناسیونالیستی عیلمانی تورک پارێزەری دەوڵەتی نەتەوەیی تورکن و هەرچۆن شیعەی ئیسلامی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی دامەزراندووەو تەشەیوع و ئێرانیبوون و لە پشتی ئەوەشەوە فارسیبوون و پاراستن و بەهێزکردنی ئامانجی سەرەکیەتی. ئەگەر ئەم پارتە ئیسلامیە کوردانە بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی کوردییان هەبووایە، ئەوا مانای ئەوەبوو کە ئەمانە نوێنەری ناسیونالیزمی ئایینی کوردین. بەڵام لە راستیدا ئەم دوو پارتە

ئیسلامیەی باکوری کوردستان دوو پارتی پان ئیسلامی بوون و نەک بە ئاراستەی کوردبوون یان بەکوردیکردنی گوتاری ئیسلامی هەنگاویان نەناوە، بەڵکو بە ئاراستەی بە ئیسلامیکردنی کوردو تواندنەوەی کورد لەناو ئەوانی ئیسلامدا کاریان کردووە. بە مانایەکی تر ئەم پارتە ئیسلامیە کوردییانە نەک هەر لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی ئایینی کوردیدا جێگایان نابێتەوە، بەڵکو بوونیان کاریگەری نەرێنی لەسەر گوتاری کوردی و لاوازکردنی هەبووە.

ئاشکرایە لە ڕێگای گەیشتنی بیرو ئایدیۆلۆجیاو ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمین بۆ عێراق، ئیسلامی سیاسی گەیشتتوەتە کوردستان و شوێنکەوتووان یان لایەنگرانی ئیخوان لە باشوری کوردستانیش پەیدابوون. لە دوای روخاندنی میرنشینەکانەوە، قۆناغێک دەستیپێکرد کە شێخ و سەیدەکان بە تایبەتی شێخەکانی هەردوو ڕێبازی نەقشنەندی و قادری یان سەیدەکانی عەلەوی رابەرایەتی راپەڕینەکانیان لە کوردستاندا کردووەو راپەڕینەکانیش بەو ئەندازەی پاڵنەری نەتەوەیی لە دوایانەوە بووە، ئەوەندەش پاڵنەری ئایینی کە مەبەست ئایینی ئیسلام و ڕێبازەکانی تەسەوفی ئیسلامیە لە پشتی ئەو راپەڕینانەوە بووە. تا گەیشتنی کاریگەری ئیسلامی سیاسی بە کوردستان، ئیسلام زیاتر لەوەی بەرنامەی سیاسی بووبێت، ئایینی کۆمەڵگا بووە. واتە کۆمەڵگای کوردی کە شوێنکەوتووی ئایینی ئیسلام بووە، کۆمەڵگایەکی دابڕاو نەبووە لە ئایین، بەڵکو لە ئاستێکی بەهێزدا ئایین تیکەڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم کۆمەڵگایە بووە. بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێت ئیسلامی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا مێژوویەکی تازەی هەیەو سەرەتاکەی وەکو رابوونەوەی ئیسلامی لە کۆمەڵگای کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کە پارتی ئیسلامی و تەنانەت بزووتنەوەی چەکداری ئیسلامیش لە کوردستان دروستبوو. بێگومان هۆکارێکی گرنگی دەرەکی کە رۆڵی گرنگی بینیووە لە دروستکردنی پارتە ئیسلامیە سیاسیەکانی ناوچەکەدا، دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە ساڵی ١٩٧٩دا.

لە پەیڕەوی ئەم پارتە ئیسلامیەدا ئەوە هاتووە کە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان وەکو یەکەم بزوتنەوەی ئیسلامی چەکدار لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ دا دەرکەوت. هەرچەندە پێشتر ڕێکخراوی (پەیوەندی ئیسلامی) هەبوو کە شێخ محەمەدی بەرزنجی دروستیکردبوو، دواتر لەگەڵ

بزووتنەوە تێکەڵاوبوو. بزووتنەوەی ئیسلامی، بزووتنەوەیەکی پەروەردەی جیهادی ئیسلامیە، لەسەر پەیڕەوی ئەهلی سونەت و جەماعەت کاردەکات بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام و مافە ئیسلامیەکان لە کوردستاندا. پاشان لە ساڵی ١٩٩٩بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ بزووتنەوەی راپەڕین یەکیانگرت و بزووتنەوەی یەکبوونیان پێکهێنا. بەڵام ئەم یەکبوونە درێژەی نەکێشاو بزووتنەوە دابەشبوو بۆ سێ بەش کە یەکێکیان بە ناوی بزووتنەوەوە مایەوە، ئەوانی تریش بریتیبوون لە کۆمەڵی ئیسلامی و جوندولئیسلام. هەڵبەت باڵێکی تریش هەبوو بەناوی باڵی ئیسلاح و لەگەڵ جوندولئیسلام یەکیانگرت و ئەنسارولئیسلامیان پێکهێنا. روانینی ئەو بەشانەی لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیابوونەوە بۆ دۆزی کوردو بابەتی نەتەوایەتی جیاوزنەبوو لەو روانینەی کە هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوە هەیبوو کە چەسپاندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلامی بوو. بێگومان ئاشکرایە کە بەرنامەی بزووتنەوەو ئەوانەیشی لێی جیابوونەوە پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە نەبوو.

کۆمەڵی ئیسلامی کە دوای جیابوونەوەی لە بزووتنەوە، وەکو پارتێکی ئیسلامی کوردی خۆی ناساند، لە رووی پێگەی جەماوەریی و ئامادەبوونیەوە لە بزووتنەوە بەهێزتر بوو. کۆمەڵ کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ دادگەری، ئەمیش پارتێکی ئیسلامی سیاسیەو رێکاری سونەت و جەماعەت جێبەجێ دەکات. هەڵبەت هەرچۆن بزووتنەوە لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامیدا بووەو تاکو ئێستاش هەربەوجۆرە ماوەتەوە، بەهەمان شێوە کۆمەڵی ئیسلامیش سەرباری پەیوەندی باشی لەگەڵ پارتە ئیسلامیە سونەکانی عێراق، لە ژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی دەرنەچووەو پەیوەندی لەگەڵ ئێرانیش باشەو ئەمیش وەکو پارتێکی ئیسلامی سیاسی گوتارەکەی لەسەر بنەمای ئایین بنیادنراوەو کەمتر رەگەزی کوردبوونی پێوە دیارە.

پارتێکی دیاری تری ئیسلامی سیاسی لە باشوری کوردستاندا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە. یەکگرتوو پارتێکی ئیسلامی سونەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە باشوری کوردستان دامەزرا. بە پێچەوانەی بزووتنەوەو ئەوانەی لە بزووتنەوە جیابوونەتەوە، کە لە ژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامیدان، یەکگرتوو لەژێر کاریگەری ئیسلامیەکانی تورکیا یان باشتر بڵێین لەژێر کاریگەری پارتی دادو

گەشەپێداندایە، کە پێشتر عەبدوڵا گویل و ئێستاش ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان کە سەرۆک کۆماری تورکیایە، سەرۆکایەتی ئەو پارتە دایکە دەکات کە یەکگرتوو شوێنکەوتووی ئەوە. دروشمە سەرەکیەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بریتیە لە سیانەی ئازادی، برایەتی، دادپەروەری و بە پێچەوانەی پارتە ئیسلامیەکانی ترەوە یەکگرتوو پارتێکی مەدەنیە و لە قۆناغی شاردا دروستبووەو بە ئەمیندارو زۆرینەی سەرکردەکانیەوە ئایینداری ئەفەندین و لەبری چەک قەڵەمیان هەیە. یەکگرتوو دەڵێت پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستوورییەکانی کورد دەکات.

کەواتە با لێرەدا بپرسین ئایا گوتاری ئەم پارتە سیاسیە ئیسلامیانەی باشوری کوردستان لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدایە؟ ئایا گوتاری ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانە زیاتر پەیوەندیدارە بە کوردەوە یان بە ئیسلامەوە وەکو ئایینێکی گەردوونی کە خاوەنی گوتارێکی نێونەتەوەییە؟ ئایا گوتاری ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانەی کوردستان هیچ پەیوەندییەکیان بە گوتاری هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندیەوە هەیە؟ ئایا هیچ کام لەم پارتە ئیسلامیانەی کوردستان دەچنەوە سەر ڕێگای شێخان و ڕێبەرانی قادری و نەقسبەندی؟ ئایا ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانە میراتگری مێژووی چواردە سەدەی مسوڵمانێتی کوردن یان لەبەر ئەوەی بە کاریگەری رابوونەوەی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی ناوچەکە دروستبوون، نامۆن بە واقیعی کوردەواری؟ ئایا ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانە دەتوانن ببنە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی کوردی و بەرنامەی دەوڵەتی ئیسلامی کوردییان هەبێت؟ یان بەکاریگەری ئایدیۆلۆجیای سیاسیان وابەستەی پایتەختەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ئیسلامیەکانی کوردستانن؟

ئەگەر سەرنجی پێناسەی ئەم پارتە ئیسلامیانەی کوردستان بدەین، کە بەگشتی وشەی کوردستانیان لکاندووە بە ناوەکانیانەوە، وەها پێناسەی خۆیان دەکەن کە پارتی ئیسلامی سونەن و پەیڕەوی سونەت و جەماعەت دەکەن و لە پێناوی بەها ئیسلامیەکان و ئازادی و دادپەروەری و برایەتیدا تێدەکۆشن. بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەوانەی لێی جیابوونەتەوە بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام و مافە ئیسلامیەکان لە کوردستاندا خەبات دەکەن. ئەم دەربڕینە ئەوە نیشان دەدات کە هەڵگرانی ئەم تێڕوانینە کوردستان

وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەیردەکەن و لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایەتیەکی عیلمانیدایە، ئەمان دەیانەوێت بیگۆڕن بۆ فەرمانڕەوایەتیەک لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام بنیاد بنرێت. واتە ئەم ئاراستەیەی پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان خۆیان لەوە دووردەخەنەوە کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوەو دەوڵەتانی ئەو سێ نەتەوە لە ئیستادا شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی دەستووریانەو کەچی هیچ مافێک بە کورد رەوا نابینن و تەنانەت هەر چوار دەوڵەتی ئیسلامی کە کوردستانیان داگیرکردووە، بڕوایان بە جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی نیەو لەسەر بنەمای ئایین یەکێتی خاکی ئەو نیشتیمانە بە زۆر داڕێژراو و دروستکراوەکانیان کردۆتە بنەما بۆ ئینتیما نەک بنەمای ئیتنیکی.

ئاشکرایە گوتاری ئیسلامی گوتارێکی نێونەتەوەییە، بەڵام بەمەرجێک گوتاری نەتەوەی هەژموندار گوتاری باڵادەست و بڕیاردەر بێت. واتە گوتاری ئیسلامی بۆ عەرەب و تورک و فارس گوتاری ناسیونالیزمی ئایینیەو رەوایەتی داوە بە داگیرکردنی نیشتیمانی کورد لە لایەن دەوڵەتانی ناسیونالیستی ئایینی ئەم سێ نەتەوەوە. کەواتە لە کاتێکدا گوتاری ئیسلامی بۆ ئەو سێ نەتەوەیە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینیە، بەڵام بۆ کورد گوتاری کۆلۆنیالیست یان داگیرکەرە. گوتاری بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەو پارتە ئیسلامیانەی تری کوردستان کە لە هەناوی ئەوەوە لە دایکبوون، هەمان بۆچوونی دەسەڵاتی خەلافەتیان هەیەو ئەوان لە بری دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی، دەوڵەتێکیان دەوێت کە فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام و مافە ئیسلامیەکان بچەسپێنێت لە کوردستاندا. ئەوان تێدەکۆشن کە فەرمانڕەوای ئەو دەوڵەتە خۆیان بن. خۆ ئەگەر هاتوو خۆیان نەبوون، بێگومان بەلایانەوە پەسندترە کە عەرەب و فارس و تورکی مسوڵمان فەرمانڕەوایی کوردستان بکەن، نەک فەرمانڕەوایەتیەکی عیلمانی کوردی، تەنانەت ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایەتیە تەنیا بە روکەشیش عیلمانی بێت وەکو ئەو عیلمانیەتە رووکەشەی پارتی و یەکێتی. هەر لێرەوە ناکۆکی و شەڕی زۆری نێوان ئیسلامیەکانی کوردستان و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لەوەوە سەرچاوەی گرتووەو هەر پاساوێکی تر بە ناوی گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری و ئازادی لە سیستێمی فەرمانڕەوایی یەکێتی و پارتیدا تەنیا بۆ شاردنەوەی ئامانجی ناکوردی و ناکوردستانی پارتە ئیسلامیە

سیاسیەکانی کوردستانە. ئەگینا پارتە ئیسلامیە سیاسیە چەکدارەکان هەمان شێوەی پارتە کوردیەکان و خراپتریش دەستیان بە خوێنی زۆر لە رۆڵەکانی کورد سورەو لە هەر شوێنێکیش دەسەلآتیان هەبووبێت، هەموو ئازادیەکیان لەناوبردووەو لەسەر بیروڕای جیاوازیش هەتا بواریان هەبووەو توانیوویانە رێگای نادیموکراتی وناشارستانییان لەبەرگرتووە. لە کاتی بێ دەسەلآتیشدا بەرامبەر رای جیاواز یان رەفتاری نەگونجاو لەگەڵ گوتاری ئەواندا، دەنگی ناڕەزاییان بەرزکرۆتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەکو پارتێکی ئیسلامی سونە کە دروشمەکانی ئازادی و برایەتی و دادپەروەریە، ئەمیش کوردستان بە ناوەکەیەوە لکێنراوە. بەلآم لە رووی بەرنامەوە ستراتیژەوە نابینرێت باسی کوردو سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی بکات مەگەر بە رووکەش و بۆ راگرتنی هەستی خەڵک. بێگومان ئەمیش هەوڵدەدات دەسەلآتێکی ئیسلامی سونە لە کوردستاندا دابمەزرێنێت. ئەم پارتە تاکو ئێستا خەباتی مەدەنی دەکات و هەوڵدەدات لە ڕیگای هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی دەنگەوە بگات بەدەسەلآت. بەلآم ئەوەی تێبینی دەکرێت پارتە ئیسلامیەکان لە باشوری کوردستاندا لە قۆناغێکدا گەشەیان کرد، بەلآم لە روخاندنی سەدامەوەو بە تایبەتیش لە کاتی دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بەرەو لاوازی زیاتر رۆیشتوون و پێدەچێت ئەو زەمینە کۆمەلآیەتی و ئابوری و سیاسی و نێودەوڵەتیەی ئەوان تیایدا گەشەیان کرد و لەبارو گونجاو بوو بۆ بەهێزبوون و جەماوەریبوونیان، گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و بەرەو لاوازبوون چووبێت. دەشێت هەرئەوەش وایکردبێت لەم هەڵبژاردنانەی دوایدا لیستە ئیسلامیەکان لە رووی دەنگدانەوە پاشەکشە بکەن.

بەهەرحاڵ سەرباری نەبوونی خاڵێکی دیار لە بەرنامەو کاری یەکگرتووی ئیسلامیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەلآم یەکگرتوو دەڵێت پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستووریەکانی کورد دەکات. ئەم خاڵە تا ئەندازەیەک گوتاری یەکگرتوو لە گوتاری ئیسلامیەکانی تری کوردستان جیادەکاتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەوە بەئاگاین کە ئیسلامی سونە گوتاری ناوەندی دەسەلآتی ئیسلامیەو بەوپێیەش پارتە

ئیسلامیە سونەکان هەڵگری گوتاری خەلافەتن و ئەوەش مانای ئەوەیە هەموو مسوڵمانان بێ رەچاوکردنی جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی هاووڵاتی دەوڵەتی خەلافەتن. ئەم گوتارە لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدینەوە هەتا روخاندنی دەوڵەتی عوسمانی گوتاری باڵادەستی دەوڵەتی خەلافەت بووە. هەر لێرەوە پەیوەندی پتەوی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئیسلامی سیاسی سونەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە دەوڵەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی پارتی دادوگەشەپێدان کە لەو رووەوە خۆی بە جێگرەوە یان درێژکراوەی دەوڵەتی خەلافەت واتە عوسمانی دەزانێت.

یەکگرتووی ئیسلامی باسی پارێزگاریکردن لە ماف و دەستکەوتە دەستوورییەکانی کورد دەکات. لێرەدا دیارە مەبەستی یەکگرتوو ئەو خاڵانەی دەستووری عێراقیە کە گوایە تیایدا دان بە بەشێک لە مافەکانی کورددا نراوە. ئەوەی لە دەستووری عێراقیدا وەکو ماف و دەستکەوتی کورد دیاریکراوە، ناوهێنانی عێراقە وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی و داننانە بە کوردستانی پێش نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٣دا وەکو دەسەڵاتێکی فیدراڵی. دیاریکردنی ئەو مێژووە واتە نەورۆزی ٢٠٠٣، بۆ ئەوەیە بگوترێت کەرکوک و رووبەرێکی فراوانی باشوری کوردستان سەربە هەرێمی کوردستان نین. یەکگرتوو ئەو مافانە دەپارێزێت کە لەو دەستوورەدا هاتوون. بێگومان ئەو خاڵەی ناو دەستووری عێراقی بە فشاری زۆرینەی عەرەب و بە تایبەتی شیعە سەپێندراوەو لە دوای ئەو دەستوورەش ئەستەمە کەرکوک و ئەو ناوچانەی تر بێنەوە سەر کوردستان. کەواتە یەکگرتووی ئیسلامی پەیوەست بە کورد پارێزگاری لەو شتانە دەکات کە دەستووری عێراقی دانی پێداناوە، کە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا هێشتنەوەی هەرێمی کوردستانە وەکو بەشێک لە عێراق و هێشتنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تری ژێر سایەی حکومەتی ناوەندیە لە ژێر دەستی حکومەتی ناوەندا. واتە لەم رووەوە گوتاری یەکگرتووی ئیسلامی گوتارێکی عێراقیە و بەو روانینە کاردەکات کە مانەوەی کورد لە سایەی دەوڵەتی عێراقدا بەردەوام دەبێت و ئەم پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستوورییەکان دەکات، چونکە هەرگیز حکومەتی عێراقی بە پێی ئەو دەستوورەی داینناوەو کوردیش لەگەڵیدا بەشدار بووە، رێگا بە دابەشبوونی عێراق نادات، واتە گوتاری کوردی لە گوتاری عێراقی جیاناکاتەوە.

یەکگرتوو پارێزگاری لەو دەستکەوتە دەستوورییانە دەکات، ئەو دەستکەوتانەی لە رووی دەستووریەوە حکومەتی عێراقی بە کوردی داوە. بەڵام بێگومان ئەو دەستکەوتانەی لە دەستووری عێراقیدا تەنیا بە نووسین بە کورد دراون، ئەگەر وەکو خۆیشیان جێبەجێبکرێن، هێشتا لە رووی گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناسەوە شتێکی کەم و ناتەواون، چونکە لە رووی راستی و رەوایەتیەوە مافی هەر نەتەوەیەکە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیی هەبێت و خۆی بەڕێوەببات. لێرەوە دیارە یەکگرتووی ئیسلامی خۆی بە پارێزەری ئەو دەستکەوتانە دەزانێت کە دەستووری عێراق دانی پێداناون. ئاستی ئەو دەستکەوت و مافانەی کورد، کە دەستووری عێراقی دانی پێداناون لە ئاستی گوتاری ناتەواوی نەتەوەیدان، لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ئایینی هەڵگری گوتاری تەواوی نەتەوەییە. بۆ نموونە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی عەرەبی و تورکی و فارسی لە سەروەری نەتەوەیی هەریەکە لەو نەتەوانەدا پێناسە دەکرێت. بەڵام پارتی ئیسلامی کوردی بڕوایان بەسەروەری دەوڵەتی نیستیمان هەیە لەو وڵاتانەدا کە ناسیونالیزمی ئایینی نەتەوە سەردەستەکان فەرمانرەوان و کوردیش نەتەوەی دووەمەو ژێردەستەو پاشکۆیەو هیچ سەروەرییەکی نیە. لێرەوە گوتاری پارتی ئیسلامی کوردی وەکو گوتاری پارتە شیوعیەکانی رابردووی ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، گوتاری نیشتیمانیە کە دەبێتە گوتاری نەتەوەی دەسەڵات بەدەست، واتە عەرەب و تورک و فارس. لێرەوە ئاشکرا دیارە کە پارتی ئیسلامی کوردی هەڵگری گوتاری نەتەوەیی نین و بەو پێیەش پارتە ئیسلامیە کوردیەکان پارتی ناسیونالیزمی ئایینی کوردی نین، بەڵکو پارتی ئیسلامی نیشیمانی ئەو وڵاتانەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو دەوڵەتەکانیان داگیرکەری کوردستانن. ئەمەش لە ئاستی قوڵدا لەبەرئەوەیە کە بیری ئایینی داننانێت بە رۆڵی ناسیونالیزمدا لە بنیادنانی بنەما رۆحی و گشتی یان گەردونیەکانی ئاییندا، چونکە بنیادی ئایینی بەگشتی بنیادێکی رەهایەو سەرچاوەکەی ئیلهام یان وەحیەکی هاتووە لە دەرەوەی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتیبوون. واتە گەوهەری بیری ئایینی گەردوونی یان جیهانیەو دان بە سنوورە ئیتنیکیەکاندا نانێت و جیهان وەکو یەکەیەک دەبینێت و سنووری جیاکەرەوە بۆ ئەو هێڵی نێوان بڕوادارو بێ بڕوایە، نەک جیاوازی رەگەزی و ئیتنیکی و نەتەوەیی. واتە ئایین

و بەو پێیەش گوتاری ئایینی لەسەروی نەتەوەو جوگرافیاوەن. بەڵام کاتێک ئایین دەبێتە بنەمای دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئایینی، ئەوا دەبێتە بەشێک لە گوتاری ناسیونالیزم وەکو گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکیش لە هاتنی ئیسلامی سیاسیەوە بۆ سەر کورسی دەسەڵات لە تورکیادا. بێگومان جیاوازی گەوهەری هەیە لە نێوان بنەماکانی ئایین و نەتەوەداو ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر شێوەی کارکردنی پارتە ئایینیەکان لە ناویاندا پارتە ئیسلامیەکانی کوردستانیش. بەڵام شتێکی دیارو لەبەرچاو هەیە کە کورد وەکو پێکهاتەیەک لە نەتەوە خاوەن سەروەرییەکان جیادەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی دابەشکراو و داگیرکراوەو خاوەنی سەروەری نیەو ئەمەش ئەرکێکی نوێ بۆ کۆی پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگاش دێنێتە پێشەوە، کە بەدەستهێنانی سەروەیە، ئەویش تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەتدا دەستەبەر دەبێت.

وەکو گوتمان بنەماکانی ئایین و نەتەوە لە یوک رووەوە یەکن کە ئەویش پیرۆزیە، واتە سەرچاوەی ئایین کە خاسیتی پیرۆزیی هەیە لە شوێنێکی باڵاوە دێت، شوێنێکی نادیار کە لەسەروی مرۆڤەوەیە. نەتەوە لە بنەڕەتدا بوویەکی دنیایی و سیاسیە بەڵام بڕوابوون بە بوونی نەتەوە پیرۆزی بە نەتەوە دەبەخشێت. هەریەکە لە ئایین و نەتەوە دەیانەوێت مانا بە ژیان ببەخشن. بەڵام ناسیونالیزمی ئایینی ڕێککەوتن لە نێوان ئەم جیاوازانەدا ناکات، بەڵکو زیاتر پێوانە ئایینیەکان دەکاتە بنەماو بەکاریان دێنێت بۆ پێناسەکردنی نەتەوەو ئەندامانی نەتەوە[٤١]. لە راستیدا ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و عەقڵانیەت و عیلمانیەت دەردەکەوێت. ئەمەش وادەکات کۆکردنەوەی ئایین و ناسیونالیزم وەکو دوو رەگەزی پێکەوە نەگونجاو و تەنانەت ناکۆک دەردەکەون. لە کاتێکدا مۆدێرنیستەکان ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی مۆدێرنێتە سەیر دەکەن، بیری ئایینی و شوناسە ئایینیەکان وادەبینن لەگەڵ شوناسە نەتەوەییەکاندا نەگونجاو بن. لەسەر ئەم بنەمایە زۆر لە توێژەرانی ئەم بوارە ئایین و نەتەوە وەکو جێگرەوەی یەکتر سەیر دەکەن و چەمکی ناسیونالیزمی ئایینی وەکو یەکگرتنی دوو دژ دەبینن[٤٢].

هەر لەم رووەوەو لە رونگەی مۆدێرنێتەوە کۆکردنەوەی ئایین و ناسیونالیزم پێکەوە وەکو شتێکی نەگونجاو دەردەکەوێت چونکە بەشێک

لەو ئەرکانەی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە کە ئایین پێشتر بینیونی، ناسیونالیزم وەکو جێگرەوەی ئایین ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتیانە دەبینێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە پەرەسەندنی ناسیونالیزمدا جێگایەک بۆ ئەوە نامێنێت کە ئایین کاری کۆمەڵایەتیبوون بکات. لە راستیدا ئایین بواری بۆ یەکبوونی کۆمەڵایەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بە نەتەوەشەوە کردۆتەوە. ناسیونالیزم لەم رووەوە وەکو شوێنگرەوەی ئایین دەردەکەوێت و کاردەکات و دوای جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی تاکەکەس دەکەوێت و لێرەشەوە زەمینە بۆ دروستکردن و پتەوکردن و بەهێزکردنی شوناسی دەستەجەمی یان شوناسی گروپ خۆش دەکات.. ناسیونالیزمی نویٔ ئایینی خستۆتە دەرەوەی ئەوەی کە کارکەرێکی سەرەکی بێت لە پەیوەندییەکانی گروپ یان پێکهاتە مرۆییەکاندا. لەم رووەوە ئەندرسۆن و گیلنەرو هۆبزباوم رایان وایە ئایین لەگەڵ ناسیونالیزمی نوێدا ناسازێت و دەشیٔ ناسیونالیزم شوێنی ئایین بگرێتەوەو ببێتە ئایینێکی سیاسی. ئایین خاسێتێکی کۆمەڵگای نەریتی بووە کە لە هاتنی ناسیونالیزمی نوێدا شوێنی پیٔ لەق کراوە(٤٣). مەبەستی ئەم نووسەرانەی بواری ناسیونالیزم ئەوەیە کە ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی بنەما یان رەگورِیشەی ئایینی هەیە. هەربۆیە لە دەرکەوتن و گەشەکردنی ناسیونالیزمدا سەرئەنجام ناسیونالیزم پەل دەکێشیت بۆ ئەو رووبەرانەی ئایین کاریان تێدا دەکات و لە ئاکامدا کاریگەری ئایین لەو رووەوە هۆکاری بەهێزو یەکەمینی دروستکردنی شوناس و پرۆژەی دەستەجەمی بێت کاڵتر دەبێتەوەو کەم دەبێتەوە. بێگومان ئەمەی گوتمان روانینی مۆدێرنێتەو عیلمانیە بۆ ناسیونالیزم و پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیونالیزم. بەڵام لەپاڵ ئەم بۆچوونەشدا، دەشیٔ وەها سەیر بکرێت کە دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئایینی و تەنانەت فاندمێنتالیزمی ئایینی بەگشتی لە ئەنجامی شکستەکانی ناسیونالیزمی عیلمانیدا بێت، لەو رووەوە کە ناسیونالیزمی عیلمانی نەیتوانیووە پێداویستیەکانی تاکەکەس و کۆمەڵ لە هەموو ئاستەکاندا جیبەجیٔ بکات، بە تایبەتی لە ئازادی و یەکسانی و برایەتی و لە بەدەستهێنانی سەروەری و لە پیادەکردنی دیموکراسی و دادپەروەری و چەمکی هاووڵاتیبووندا.

دیسان لێرەدا ئەو پرسیارە سەهەڵدەدات: ئایا پارتە ئیسلامیە سیاسیەکانی کوردستان وەکو کاردانەوە لە ئەنجامی شکستی پارتە سیاسیە بە رووکەش

عیلمانیەکاندا دروستبوون، یان پێداویستی کۆمەڵگای کوردی دروستی کردوون، یان بە کاریگەری سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە نیشتیمانی عەرەب و دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیاو بەدەستگرتنی دەسەڵات لەو وڵاتەدا دروستبوون؟ ئایا پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان سودیان هەیە بۆ پرۆژەی ناسیونالیزمی ئاییندەیی کورد یان رۆڵی نەرێنیان هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەبەرگی دواتری ئەم زنجیرەیەدا دەدرێنەوە.

سەرئەنجام دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ناسیونالیزمی ئایینی کوردی خاوەن شوناس دروست نەبووە. بەڵکو گوتاری راپەرین و پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان لەبری ئەوەی ببنە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی کوردی خاوەن شوناس و پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی کوردییان هەبێت، زیاتر هەڵگری گوتای نێونەتەوەیی- ئومەمی- ئایینی بوون و لای ئەوان ئایین لە پلەی یەکەمداو نەتەوە لە پلەی دووەمدا دێت.هەربەو پێیەش ئەگەری یەکگرتنی گوتاری ئایینی ئیسلامی کوردی لەگەڵ گوتاری ناسیونالیزمی ئیسلامی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستاندا زیاترە لەچاو ئەگەری یەکگرتنی گوتاری ئایینی ئیسلامیەکانی کوردستان لەگەڵ گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا کە ئەمەی دووەمیان لە گەوهەردا گوتاریکی عیلمانیە.

# سەرچاوەکان


1. Anna Grzymala- Busse: https:lldoi- org. l26- March, 2019.
2. Juergensmeyer, Mark, The Worldwide Rise Religious Nationalism, Journal of International Affairs, Summer, 1996,1, p.10.
3. Juergensmeyer, Mark, The Worldwide Rise Religious Nationalism, Journal of International Affairs, Summer, 1996,1, p.15.
4. Baker,P., Religious Nationalism in Modern Europe ( New York, Routledge ), 2009, p. 35
5. Juergensmeyer Mark, The Worldwide Rise Religious Nationalism, p.15

٦. عبدالجواد ليس، الدين والتدين: دراسه حول علاقه الدين والاجتماع والقانون، دار التنوير للطباعه والنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص ١٩

7. Wikipedia
8. Rieffer, J., Religious Nationalism in Historical and Contemporary times, the university of Nebraska- Lincoln, 2003, p.225.
9. Greenfield, L.: The Modern Religion Critical Review ( 1996), Vol.10. No.2, pp.169-191

١٠. ئۆمۆت ئۆزکریملی- تیۆرییەکانی ناسیونالیزم، وەرگێڕانی عەبدوڵا رەسوڵ- هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٢٠، ل ٧٣.

11. Wald and Widcox ( Getting Religion: Has Political Science rediscovered the faith factor?- American Political Science Reivew, 100 (4), pp. 523-524.

١٢. م. س. لازاريف، كردستان والمساله والكرديه، ترجمه اكبر احمد، سليمانيه، ص ٤٤.

١٣. نفس المصدر، ص ٢٧.

١٤. ئارشاک سافراستیان، مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی عەبدوڵا شاڵی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٣٦.

١٥. عەتا قەرەداخی، سلێمانی زەمینەی پەرەسەنەن و ململانێی تەسەوف، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٥٣.

١٦. م. س. لازاريف و اخرون- تاريخ كردستان- ترجمه: د.عبدی حاجی، دهوک، دار سپيريز، ٢٠٠٦، ص ١٤٧.

١٧. الكرد والعرب والبريطانيون- مذكرات ولاس ليون فى العراق ١٩١٨-١٩٤٤، ترجمه عماد جميل، دهوك، دار سپيريز، ٢٠١٠، ص٢٩-٣٠.

١٨. م. لازاريف و اخرون، تآريخ كردستان، ترجمه عبدى حاجى، ص٢٠٦.

١٩. م. لازاريف و اخرون، تآريخ كردستان، ص ٢٠٧.

٢٠. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩، ل ٢١.

21. Wadeh Juadya, Kurdish National Movement, Its Origins and development, Syracuse University press, 2006, p. 291.

22. Martin Van Brunessen: Aga, Shekh and State, Zedbooks, 1992, p.373.

٢٣. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل ٧٩.

٢٤. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل ٧٤.

25. Martin van Brunessen, Aga, Shekh and State, p.379.

٢٦. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شیخ سەعیدی پیران، ل ١٥٥.

٢٧. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل١٥٥.

٢٨. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ترجمه عبدى حاجى، دهوك، ٢٠٠٦، ص٢١٩.

٢٩. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص٢١٩.

٣٠. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص ٢٢٠.

٣١. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل ١٥٩.

٣٢. رۆبێرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ص ١٥٩.

٣٣. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص٢٣١.

٣٤. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص ٢٣٢.

٣٥. کوردەکان، وەرگێرانی: عەتا قەرەداخی، سلێمانی، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٠، ل ١٠٩.

٣٦. کوردەکان، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، ل. ١٠٩.

٣٧. کوردەکان، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، ل ١٠٩.

38. Shahen, Sait: Interviewed by Firat Erez. Hudapar: The other Kurds. Turkey Agenda, http-www turkeyagenda.com

٣٩. کوردەکان، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، ل ١١٢.

٤٠. کوردەکان، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، ل١١٢.

41. Greenfield, L., Nationalism: Five Roads to Modernity, Harvard University Press, 1992, p. 67

42. Bruce B. Lawrence, Shattering the Myth, Islam Beyond Violence, Princeton University Press, 1998, p. 16.

## بەشی حەوتەم

# ناسیونالیزمی چەپ

سەرەتا: ناسیونالیزمی چەپ چیە؟ مەبەست لە چەپ چیەو چۆن لەگەڵ ناسیونالیزمدا یەکدەگرن و چەمکێک پێکدەهێنن؟ چەپ چۆن دەڕوانێتە بنەمای ئیتنیکی و ناسیونالیزم و چۆن سەیری پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا دەکات؟ لە روانگەی چەپەوە کێشەی نەتەوەیی چۆن چارەسەر دەکرێت؟ چەپ چۆن سەیری مێژوو دەکات و مێژوو لە روانگەی نەتەوەوە چیەو کەی پێیدەگوترێت مێژوو؟

ناسیونالیزمی چەپ یان ناسیونالیزمی سۆشیالیستی، شێوەیەکە لە شێوەکانی ناسیونالیزم کە دەوەستێتە سەر یەکسانی کۆمەڵایەتی و سەروەری گەل و مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوە. ناسیونالیزمی چەپ نەیارێتی ئیمپریالیزم دەکات و بزووتنەوەکانی رزگاری نیشتیمانی لەخۆی دەگرێت[1]. ئاشکرایە کاتێک وشەی ناسیونالیزم پێناسە دەکرێت، باس لە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرێت کە ئەو بزووتنەوەیە بە دوای دروستکردنی دەوڵەت و جێبەجێکردنی پرۆژەی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەییەوەیە، کە ئەوەش تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەتدا دەگاتە ئەنجام. کەواتە لە هەموو ئاستێکدا کە باس لە بوونی هەرجۆرێکی ناسیونالیزم بکرێت، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بنەمای ئەو ناسیونالیزمە ئامادەبوونی دەبێت. وەکو بارێکی جێگیر کاتێ باسی بنەمای ناسیونالیزم دەکرێت بوونی ئیتنیک وەکو رەگەزێکی ئامادەی زۆربەی هەرە زۆری ناسیونالیزمیەکانی

جیهان خۆی نمایش دەکات، بێجگە لە دوو ناسیونالیزمی دیار کە ئەوانیش ناسیونالیزمی ئەمەریکی و ناسیونالیزمی جولەکەیە، کە لەیەکەمیاندا خاک و کەلتوری هاوبەش بنەمای ئەو ناسیونالیزمەیە، لە دووەمیشیاندا ئایین و خاک و ئەفسانەی رابردو بنەمای سەرەکی دروستبوونی ئەو ناسیونالیزمەن. لێرەدا کۆکردنەوەی ئیتنیک و چەپ پێکەوە جۆرێک لە ئاڵۆزی و تەنانەت نەگونجان بەخۆیەوە دەبینێت.

ئەوە ئاشکرایە کە دەرکەوتنی ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەند سەیر دەکرێت، کە چینی ناوەند لە ئەدەبی مارکسیزمدا بە چینی بۆرژوا ناودەبرێت. هەر لێرەوە کۆی بابەتی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم لە روانگەی مارکسیزمەوە وەکو بابەتێکی پەیوست بە بۆرژوا سەیر دەکرێت. لە روانگەی مارکسیزمەوە بزوێنەری مێژوو ململانێی چینایەتیە. لەم روانگەیەوە ناکۆکی سەرەکی و بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بە تایبەتی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دوای شۆڕشی بۆرژوازی یان پیشەسازی، ناکۆکی و ململانێی نێوان چینی پرۆلیتاریای جیهانی و چینی بۆرژوای سەرمایەداری جیهانیەو هەمو ناکۆکی و ململانێکانی تر لە پەراوێزی ئەم ناکۆکی و ململانێ سەرەکیە جیهانیەدان و بە چارەسەرکردن و کۆتایی پێهێنانی ئەم ناکۆکی و ململانێ سەرەکیە هەموو ناکۆکی و ململانێ لاوەکیەکان چارەسەر دەکرێن. بابەتی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی و بنیادنانی نەتەوەش لە روانگەی چەپ و مارکسیزمەوە، ناکۆکوی و کێشەی لاوەکین. واتە لە روانگەی مارکسیزمەوە کە وەکو گوتمان روانینی گشتی چەپ کە لە گەوهەری مارکسیزمەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆی بابەتی نەتەوایەتی بابەتێکی بۆرژوازیانەیەو چارەسەری بەستراوە بە چارەسەری کێشەی چینایەتیەوە. هەڵبەت بە پێی بنەماو لۆجیکی مارکسیزم و چەپ دەبێت ئەو کێشە سەرەکیەی نێوان بۆرژوای سەرمایەدارو پرۆلیتاریا لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای جیهانی و بە زیانی بۆرژوای سەرمایەداری جیهانی یەکلایی ببێتەوە.

لە روانگەی مارکسیزمەوە، دابەشبوونی مرۆڤایەتی و پۆلێنکردنی لە سەر بنەمای ئیتنیک و نەتەوەو نیستیمان بنەمایەکی بۆرژوازیانەیەو هەمان ئەو تێڕوانینەیە لە مانیفێستی کۆمۆنیسزمدا جەختی دەکرێتەسەر. مانیفێستی

کۆمۆنیزم کە مارکس و ئەنجلس لە ساڵی ١٨٤٨دا نووسیوویانە، واتە نزیکەی حەفتا ساڵ دوای شۆڕشی فەرەنسا، تیایدا پێداگری ئەوە دەکەن کە «کرێکار نیشتیمانی نیە» و پەیوەستکردنی کرێکار بە خاک یان بە نیشتیمانەوە داهێنانی چینی بۆرژوایە بەمەبستی دابەشکردن و لاوازکردنی ئەو چینە کۆمەڵایەتیە بەرفراونە جیهانیە، کە مارکسیزم وەکو گۆڕهەڵکەنی بۆرژوای سەرمایەداری ناوی دەبات.

کاتێ باسی شۆڕشی پیشەسازی دەکرێت بەگوێرەی هەر نەتەوە یان کۆمەڵگایەک، مانای ئەوەیە زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە دەبێ ئامادە بێت بۆ روودانی شۆڕشێکی لەم جۆرە کە تیایدا چینی بۆرژوای نیشتیمانی نەک هەر دەردەکەوێت، بەڵکو خۆی سەرکردایەتی و رابەرایەتی ئەو شۆڕشە دەکات و بە شێوەیەکی سروشتی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێکدەهێنێت. بێگومان لە شۆڕشی پیشەسازی و گواستنەوەی کۆمەڵگادا لە سیستێمی ئابووری فیودیالی و پەیوندیەکانی بەرهەمهێنانی فیودیالیەوە بۆ سیستێم و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆرژوازی، ئابووری سەرمایەداری لەو کۆمەڵگایەدا دروست دەبێت، کە لە رونگەی نەتەوەییەوە، ئەو ئابووریە نوێیەی سەرمایەداری پایەیەکی سەرەکی دەرکەوتنی ناسیونالیزم و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بنیادنانی نەتەوەو شوناسی نەتەوەیە. بێگومان مارکسیزم وەها سەیری ئەو گۆڕانکاریەو پێکهاتنی سەرمایەداری لە هەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەکات وەکو بەشێک لە سیستێمی ئابووری سەرمایەدای جیهانی و وەکو پێکهێنەرێکی بزوێنەری مێژووی پرۆلیتاریای جیهانی. لە کاتێکدا ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگایەک تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەر ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە هیچ گۆڕانکاری و شۆڕشێکی هاوشێوە لە کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پێکەوە روونەدات. واتە ئاشکرایە ئەگەر یەک جۆر ناکۆکی و ململانێ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبوایە، کە ئەویش تەنیا ناکۆکی و ململانێی چینایەتی بوایە، ئەوا دەبوا یەک شۆڕشی پیشەسازی و هاوکات لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا روویبدایەو لە هەناوی کۆمەڵگای فیودیالیەوە هاوکات چینی بۆرژوای سەرمایەداری و لەبەرامبەریدا چینی کرێکاری جیهانی لەسەر بنەمای بوونی یەک ئابووری جیهانی پێکبهاتنایە. بەڵام ئاشکرایە کە نەک تەنیا لە نێوان کۆمەڵگا پەراوێزییەکان و کۆمەڵگا

پێشکەوتووەکاندا لەم رووەوە جیاوازی گەورە هەبووەو هەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگا پەرەسەندووەکانی رۆژئاواش لەم رووەوە جیاوازی ئاشکرا هەبووەو هەیە. بۆ نموونە تەنیا لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەکو بەریتانیا و فەرەنساو ئەمەریکا و هەندێ لە وڵاتانی تری پەرەسەندووی رۆژئاوادا شۆڕشەکانی پیشەسازی نزیکەی سەدەیەکی خایاندووە، کە لە ساڵی ١٧٦٠دەست پێدەکات و هەتا ١٨٤٠بەرودوا لەم وڵاتە دیارو پێشکەتووانەدا شۆڕشی پیشەسازی روودەدات. ئەمەش بەتەواوی دەیسەلمێنێت کە هەر وڵات و کۆمەڵگایەک سەرباری هاوشێوەبوون لە هێڵی گشتی پەرەسەندندا، بەڵام تایبەتمەندی خۆیی هەیە و ئەو تایبەتمەندییانەش وادەکەن، کە هەر کۆمەڵگاو وڵاتێک ئابووری و پەیوەندی بەرهەمهێنان و چینی بۆرژواو پرۆلیتاریای خۆیی و دۆزو کێشەو بابەتی  دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیی و سەرەوری نەتەوەیی خۆیی و شێوازی بنیادنانی نەتەوەیی خۆیی هەبێت. هەروەک دەرکەوتنی چینی بۆرژواش نەک لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەوکات نەبووە، بەڵکو لە دەوڵەتە دیارەکانی رۆژئاواشدا لەیەک کاتدا ئەوە رووی نەداوە. بۆ نموونە بەهۆی دەرکەوتنی پیشەسازیەوە، شۆڕشی پیشەسازی لە کاتێکی زووتردا لە بەریتانیا روویداوە. بەریتانیا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەیە کە پێش وڵاتانی تر چینی بۆرژواو بەو پێیەش چینی پرۆلیتاریای تیادا دروستبووە. بەهەمان شێوە دەرکەوتنی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و لەسەر ئەو بنەمایەش دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هاوکات نەبووە.

ئەم پێشەکیەمان لەبەر دوو هۆکار خستەڕوو، یەکەم کاتێ باسی چەپ دەکرێت، مانای وایە راستەوخۆ باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی رێبەرێتی نێونەتەوەیی دەکرێت کە بکەرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم چەمکە پرۆلیتاریایە. دووەم کاتێ باسی بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی و بنیادنانی نەتەوە دەکرێت، بکەری کۆمەڵایەتی ئەم چەمکەیان چینی بۆرژوایە. لە راستیشدا هەردوو چینە کۆمەڵایەتیەکە بەرهەمی گواستنەوەی شێوازو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانن لە شێوازو پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالیەوە بۆ سەرمایەداری. بە واتایەکی تر ئەم دوو چینە کۆمەڵایەتیە، کە هەریەکەیان هەڵگری پرۆژەی تایبەتی خۆیەتی بەرهەمی هەمان قۆناغی

پەرەسەندنی کۆمەڵایەتین و لە ناکۆکی و ململانێی قوڵیشدان و هەریەکەیان دەیەوێت بەسەر ئەویترياندا زاڵ بێت و پرۆژەکەی خۆی جێبەجێ بکات. پرۆژەی پرۆلیتاریا دروستکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە وەکو سیستەمێکی سۆشیالیستی بەڕێوەبردنی نێونەتەوەیی، پرۆژەی چینی بۆرژواش دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سیستێمی بۆرژوای دیموکراتیە.

وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لە ئەدەبیاتی مارکسیزمدا، مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم بە دیاردەیەکی بۆرژوازی دادەنرێت و وەها سەیردەکرێت کە هیچ پەیوەندییەکی بە مارکسیزمەوە نیە. هەروەک مارکسیزم نەتەوە وەکو بنیادێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سەیر دەکات، کە لە ئەنجامی لاوازبوون و هەرەسهێنانی سیستێمی فیودیالیدا دروست بووەو ئاشکراشە کە نەتەوەو ناسیونالیزم لە روانگەی مارکسیزمەوە لە داهێنانی چینی بۆرژوان. هەڵبەت بۆرژوا وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی دژو نەیاری پرۆلیتاریایەو پرۆلیتاریا خەبات دەکات بۆ لەناوبردنی ئەم چینە وەکو چینی دەسەڵاتدارو خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهینان، بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵات و پەیوەندی بەرهەمهێنانی خۆی و بنیادنانی سیستێمی سۆشیالیستی. ئاشکرایە لەم روانگەیەوە پرۆلیتاریا نەک لایەنگری هیچ پرۆژەو بەرنامەیەکی بۆرژوا ناکات، بەڵکو خەبات دەکات بۆ ئەوەی سیستێمی بۆرژواو پەیوەندی ئابووری و سیستێمی ئابووری بۆرژوا سەرەوژێر بکات و سیستێم و پەیوەندی ئابووری خۆی لە شوێنیدا دابمەزرێنێت. لەم رووەوە پرۆلیتاریا کە لە روانگەی مارکسیزمەوە وڵاتی نیە، نەتەوەو ناسیونالیزمیش رەتدەکاتەوە بەو پاساوەی کە دیاردەیەکی بۆرژوازیە و دەبێتە هۆی دابەشکردنی پرۆلیتاری ئیتنیکە جیاوازەکان. هەر لەم روانگەیەوە مارکسیزم تەنیا لە یەک باردا پشتگیری نەتەوەو ناسیونالیزم دەکات ئەویش ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی و خەباتی نەتەوایەتی لە بەرژەوەندی ململانێ و خەباتی چینایەتیدا بێت. بۆ نموونە ئەگەر خواست و خەباتی گەل یان نەتەوەی ئێرلەندی لە ناکۆکی و ململانێی چینایەتی بەریتانیادا، لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای بەریتانی و ئیرلەندەدا بوایە، ئەوا مارکسیزم پشتگیری خەباتی نەتەوەی ئێرلەندای دەکرد. بەڵام ئاشکرایە ئەگەر پرۆلیتاریای بەریتانیا سەرکەوتوو بوایە لە روخاندنی سیستێمی سەرمایەداری بەریتانی و بنیادنانی سیستێمی سۆشیالیزمدا، ئەوا

لە بەرژەوەندی پرۆلیاتاریای بەریتانی و ئێرلەندی کاری دەکردو لە بارێکی وەهاشدا رووبەرێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێرلەندەدا نەدەمایەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا بەرژەوەندی نەتەوەی بندەست و بێ دەوڵەت لەگەڵ بەرژەوەندی ستراتیژی پرۆلیتاریای دەوڵەتی کۆلۆنیاڵ یان پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەست تا کوێ یەکانگیر دەبن و لە کوێدا لە یەکتر جیادەبنەوەو تەنانەت ناکۆک و دژ بە یەکتر دەبن؟

لێرەدا وەڵامی راستەوخۆی ئەم پرسارە نادەینەوە، بەڵکو لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا، جۆری ئەو پەیوەندی و ناکۆکیانە ئاشکرا دەبن کە لە نێوان نەتەوەی بن دەست و پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەست یان نەتەوەی خاوەن دەوڵەتدا هەن. لایەنگری و پاڵپشتکردنی مارکسیزم لە خەباتی نەتەوەیی، تەنیا لەو روانگەیەوە کە تا چ ئاستێک ئەو خەباتە لە سوودو بەرژەوەندی خەباتی چینایەتیە و ئاشکراتر بڵێین تا چ ئاستیک پاڵپشتی خەباتی پرۆلیتاریا دەکات. تەنانەت مارکسیزم نەک هەر پشتگیری ئەو خەباتە نەتەوەییە ناکات کە چینەکان فەرامۆش دەکات و وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو سەیری هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەڵکو رەتیشی دەکاتەوەو دژایەتیشی دەکات، چونکە وەکو بەربەست و کۆسپی بەردەم خەباتی پرۆلیتاریا سەیری دەکات و بە هۆکاری دابەشکردنی پرۆلیتاریای دەزانێت لەسەر بنەمای رەچەڵەک و ئیتنیک و نەتەوە. هەر لێرەوەیە کە مارکسیزم تەنیا سودێک لە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیدا دەبینێت ئەویش لەو روانگەیەوە ئایا بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی چ کاریگەریەکی ئەرێنی دەبێت بۆ خەباتی چینایەتی..مارکس و ئەنجلس بنەمای دەوڵەتی نەتەوەو شوناسی نەتەوەیی وەکو سروشتێکی بۆرژوازی سەیردەکەن. هەردووکیان بڕوایان وایە دروستبوونی دەوڵەتی ناوەندی- نەتەوەیی- وەکو ئەنجامی روخاندنی فیودیالیزم و دروستبوونی سەرمایەداری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەرێنی خوڵقاندووە بۆ هاندانی خەباتی چینایەتی[٢]. کەواتە لەو روانگەیەوە لە سایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا کە وەکو دەوڵەتی بۆرژوای سەرمایەداری سەیر دەکرێت، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ خەباتی چینایەتی باشتر دەڕەخسێت، بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی لێکدەدرێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە

باسی ئەوە دەکرێت کە.. سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و بەرهەمەکەی کە نەتەوەی نوێیە، لە سەدەی هەژدەیەمدا بە بنەمای چەپەوە لەدایکبووەو لە بەرامبەر سیستێمی فیودیالی پێشترو سیستێمی نوێی سەرمایەداری بۆرژوازیدا، ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ پەیوەستبووە بە چەپەوە، یان بەدەربڕینێکی تر چەپ لە بەرگی ناسیونالیزمدا خۆی نمایشکردووەو دواتر نەک هەر لە رووکەشدا بەڵکو لە گەوهەرو ناوەرۆکیشدا بووەتە چەمکێکی نێونەتەوەیی و لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا مارکسیزم زیاتر رۆڵی هەبووە لەوەدا کە چەپ و پرۆلیتاریاو سۆشیالیزم پێکەوە گرێبدرێن و بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەو بنیادنانی نەتەوە بەجێبهێڵرێت بۆ باڵی راست و تەنانەت راستی توندڕەو وەکو خاوەنی ناسیونالیزم خۆی نیشاندا. هاوکات باڵی چەپ و ئەو ئاراستانەی تری وەکو سۆشیال دیموکرات و بزووتنەوە چەپ و کرێکارییەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو لەبەرچاو بە ئاراستەی پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم هەنگاویان نا. ئیتر لێرەوە گرێدانی مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم لەگەڵ چەپ و خەباتی پرۆلیتاریدا بۆ بنیادنانی سیستێمێکی سۆشیالیستی دوور لە رەچاوکردن و گرنگیدان بە جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی، بووە جێگای پرسیارێکی ئاشکرا، کە ئایا دەشێت ئایدیۆلۆجیای چەپ کە ئایدیۆلۆجیای چینی کرێکارە لەگەڵ ناسیونالیزم کە ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی نەتەوەیەو لە روانگەی مارکسیزمەوە بە ئایدیۆلۆجیای بۆرژوا دەزانرێت، یەکبگرن، بە تایبەتی لەو روانگەیەوە کە مارکسیزم وای دەبینێت نەتەوەو بەوپێیەش ناسیونالیزم سروشتیکی بۆرجوازییان هەیە؟

لەراستیدا سەرباری جۆرێک لە پستگیری مارکس و ئەنجلس بۆ خەباتی گەلی ئێرلەندا، بەڵام ئەوان دوو جۆر لە نەتەوەیان لە یەکتر جیادەکردەوە، نەتەوە خاوەن مێژووەکان واتە ئەوانەی خۆیان خاوەنی دەوڵەت بوون، لەگەڵ نەتەوە بێ مێژووەکان یان نەتەوە بچوک و دواکەوتوو پەراوێزییەکان کە ئەوان پێیان وایە ناتوانن ببنە خاوەنی دەوڵەت. لە روانگەی مارکس و ئەنجلسەوە تەنها نەتەوە گەورەو مێژووییەکانی وەکو ئەڵمانیا و پۆڵۆنیاو هەنگاریا و ئیتالیا... خاوەنی پێداویستی جێگیربوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی. نەتەوە کەم جوڵەو ناچالاکەکانی تر شایستەی ئەوە نەبوون کە

چینی کرێکار پشتگیرییان بکات. ئەنجلس بەتایبەتی لەبارەی سلاڤەکانەوە تێڕوانینێکی توندی هەبوو، ئەو پێیوابوو ئەوان گەلێکن هیچ کات مێژووی خۆیانیان نەبووەو پشتیان بەخۆیان نەبەستووە، لەبەرئەوە هیچ کات توانای بەدەستهێنانی سەربەخۆییان نابێت[٣]. بێگومان لێرەدا ناوهێنانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە نەتەوە بێ مێژووەکان، هەمان چەمکی هیگڵە کە ئەو کۆمەڵگایانەی نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت بە کۆمەڵگای دەرەوەی مێژوو ناودەبات. کەواتە هەم لای هیگڵ و هەم لای مارکس و ئەنجلس کۆمەڵگای بێ دەوڵەت کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، پەراوێزی و سەرەتاییەو هێشتا نەهاتووەتە ناو مێژووەوە. هەڵبەت لێرەدا مەبەست لە هاتنە ناو مێژوو، رۆڵگێڕانە لە گەشەپێدان و بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و بەشداریکردنە لە بەرهەمهێنان و بنیادنندا کە دەشێت بە بەرهەمهێنان و بنیادنانی شارستانێتی و سەروەری لێکبدرێتەوە. لێرەوە نەتەوە بێ مێژووەکان، واتە ئەوانەی دەوڵەتیان نیە و نەتەوەی ناکاراو ناکاریگەرن ناتوانن هیچ رۆڵێک لە بەرهەمهێنان و بنیادنانی شارستانیتی مرۆڤایەتیدا ببینن. کەواتە ئێستا ئەوە ئاشکرا دەبێت، تەنانەت لە رونگەی مارکسیزمیشەوە، هەمان شێوەی تێزی هیگڵ، مێژوو، مێژووی دەوڵەتەو ئەو پێکهاتە یان نەتەوەی دەوڵەتی نەبێت لە دەرەوەی مێژووە. ئەگەرچی لە روانگەی مارکسیزمەوە، مێژوو لە ململانێی چینایەتیدا پێناسە دەکرێت. کەواتە دووانە روانین، یان گۆڕان لە روانینی تێزی مارکسیزمیشدا بۆ بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزم و مافی نەتەوەکان لە سەربەخۆیی و جیابوونەوەو یەکگرتنیشدا هەیە. پێشتر مارکس و ئەنجلس روانینێکی خراپیان بۆ خەباتی سلاڤەکان هەبوو، کەچی لە شەڕی سەربەخۆیی سلاڤەکاندا دژی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٦، پشتگیری خەباتی سەربەخۆیی سلاڤەکانیان دژی عوسمانیەکان کرد. هەروەک سەبارەت بە سەربەخۆیی ئێرلەندا پێیان وابوو.. جیابوونەوەو سەربەخۆیی ئێرلەندا لە بەریتانیا نەک هەر هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی ئێرلەندا، بەڵکو بۆ گەلی بەریتانیاش بایەخێکی بنچینەیی هەیە، چونکە کاتێک نەتەوەیەک نەتەوەیەکی تر دەچەوسێنێتەوە، کۆت و پێوەند بۆ خۆی دروست دەکات[٤].

لێرەدا دەردەکەوێت، مارکس و ئەنجلس لەبەرئەوە پشتگیری خەباتی

سلاڤەکان بۆ جیابوونەوە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و پشتگیری جیابوونەوەی ئێرلەندا لە بەریتانیا دەکەن، چونکە سلاڤەکان و ئێرلەندیەکان لە لایەن عوسمانی و بەریتانیەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ئایا دەشێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست گەلی بندەست نەچەوسێنێتەوە؟ ئایا ئەگەر پێمانوابێت عوسمانیەکان تەنیا سلاڤەکانیان سەرکوتکردووەو بەریتانیەکان تەنیا ئێرلەندییەکانیان چەوساندووەتەوە، مانای ئەوە نیە کە ئێمە خوێندنەوەیەکی دروستمان بۆ چەمکی دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەی زۆرینە یان باڵادەست نیە؟ ئایا ئەم روانینەی مارکس و ئەنجلس روانینێکی ناواقیعی نیەو شێوەیەکی هەڵبژاردەیی نیە؟ کە ئاشکرایە هەموو هەڵبژاردەیەکی لەمجۆرە لە دەرەوەی بڕیاردانە بەپێی پێوانەو بنەمای زانستی و زیاتر هەڵبژاردەو هەڵوێستێکی ئایدیالیزمانەیە، نەک روانینێکی پشبەستوو بێت بە بنەمای مادیانەو بە پاساوی واقیعیانە، کە لەمەی دواییاندا دەبێت هەمان پێوانە هەبێت بۆ هەموو دیاردەو توخم و رەگەزو رووداوە هاوشێوەکان. رەنگە مارکس و ئەنجلس پاساوێکیان بۆ پشتگیرییکردنی ئێرلەنداو پۆلۆنیا هەبووبێت کە پێیان وابووبێت بزووتنەوەی جیاخوازی ئەمان بۆ جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەت سەرئەنجام لە بەرژەوەندی ناکۆکی و ململانێی چیانەیەتی بووە. واتە پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێرلەندی و پۆلۆنی دەبووە هۆی پێکهێنانی سیستێمێکی ئابووری سەرمایەداری چینی بۆرژوا، کە لە چوارچێوەی ئەو سیستێمەدا ململانێی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوا زیاتر قول دەبووە. بەڵام ئایا هەمان بۆچوون بۆ سلاڤەکانیش راستبوو؟

هەڵبەت لە ئاستێکی تردا دەشێ وەها لێکبدرێتەوە کە مارکس و ئەنجلس لەسەر بنەمای نەتەوە مێژووییەکان و نەتەوە نا مێژووییەکان هەڵوێستی خۆیان بۆ پشتگیری کردنی جیابوونەوە یان جیانەبوونەوەی نەتەوە سەرکوتکراو و بندەستەکان دیاری کردبێت. واتە ئەوان پشتگیری نەتەوە مێژووییەکانیان کردووە بۆ جیابوونەوە، کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە ئەو نەتەوانەی کە سیستێمی فیودیالی و پەیوەندی ئابوری فیودیالی و سیستێمی بەرهەمهێنانی فیودیالی خاوەن شوناسیان هەبووەو لە هەناوی ئەم سیستێمەو لە بەرەو روخاندن و هەرەسهێنانی ئەم سیستێمەدا چینی بۆرژوای پیشەسازی و لە

بەرامبەریشیدا پرۆلیتاریا لەدایکبوون و پەیوەندییەکانی قۆناغی سەرمایەداری چینی بۆرژوا بە سروشتی بەرەو پێکهاتن چوون و بازاڕی ناوخۆ دروستبووە. ئەم نەتەوانە ئەگەر دەوڵەتیشیان نەبووبێت ئەوە بنەمای مادی دروستکردنی دەوڵەتیان هەبووەو هەر لەسەر ئەم بنەمایەش مارکس و ئەنجلس پشتگیری جیابوونەوەی ئەم نەتەوانەیان کردووە، کە ئیرلەنداو پۆلۆنیا لەم جۆرەبوون. بەڵام پشتگیری نەتەوە نامێژووییەکانیان نەکردووە. کەواتە نەتەوە نا مێژووییەکان یان نەتەوەکانی دەرەوەی مێژوو کامانەن؟

نەتەوە نامێژووییەکان ئەو نەتەوانەن کە پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتی ئاساییان نەبووەو لە درێژەی ژیانی خۆیاندا نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت. واتە لە قۆناغی پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا نەیانتوانیووە دەوڵەتی فیودیالی یان دەوڵەتی خێڵ یان دەوڵەتی ئایینی دروست بکەن. هەروەک لە قۆناغی فیودیالیشدا بەشێوەیەکی سروشتی چینی بۆرژوای پیشەسازی و بێگومان لە بەرامبەریشیدا چینی کرێکار تیایاندا وەکو ئەوەی پێویستە دروستنەبوون. هەتا چینی بۆرژوا وەکو بکەری دۆزی نەتەوەیی یان هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی شۆڕشی بۆرژوا بکات و دەوڵەتی نەتەوە پێکبهێنێت و نەتەوە لە دەرەوەی مێژوو بگوازێتەوە بۆ ناو مێژوو یان بیکات بە نەتەوەیەکی مێژوویی. واتە ئەو نەتەوانەی دەتوانن چینی بۆرژوای خاوەن شوناس دروستبکەن و ئابوری فیودیالی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئابوری فیودیالی بگوازنەوە بۆ قۆناغی بۆرژوازی سەرمایەداری و پەیوەندییە فیودیالیەکان هەڵبووەشێننەوەو پەیوەندییەکانی قۆناغی سەرمایەداری بنیادبنێن و بەرهەمبهێنن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروستبکەن، ئەوانە نەتەوەی مێژووین. هاوکات نەتەوە نامێژووییەکان ناتوانن چینی بۆرژوا دروست بکەن، لەبەرئەوەی نەتەوەگەلێکی جوتیارین، ناتوانن دەوڵەتیک بۆ خۆیان دروست بکەن، لەبەرئەوەی یان لە شوێنێک دەژین کە تێکەڵ بە ئەوانیتر بوون، یان لەوە بچووکترن کە بازاڕی ناوخۆیی دروست بکەن(٥). کەواتە زۆر بە سادەیی نەتەوە نامێژووییەکان ئەو نەتەوانەن کە لە رووی پەرەسەندنەوە ناگەنە ئەو ئاستەی کە دەوڵەت بۆ خۆیان دروست بکەن.

لێرەوە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان پۆلێن دەکرێن بۆ دوو پۆل. یەکەم ئەوانەیان کە توانای پەرەسەندن و خۆدروستکردنیان هەیەو وەکو گروپی نەتەوەیی لە

ئەنجامی دروستکردنی دەوڵەتدا پرۆسێسی بنیادنانی نەتەوەیان تێدا روودەدات و دەبن بە نەتەوەی مێژوویی. پۆلی دووەمی نەتەوە بێ مێژووەکان یان گروپە نەتەوەیەکانی دەرەوەی مێژوو، ئەوانەن کە پەرەسەندنێکی زۆر خاو و شێواویان هەیە و گۆڕانکاری لەبەرچاویان تیادا روونادات و لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرەتایی یان لە باشترین باردا لە شێوازی بەرهەمهێنانی فیودیالیدا دەمێننەوەو ناگەنە ئاستی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و بەهەمان شێوازی بەرهەمهێنانی قۆناغی پێش سەرمایەداری بەردەوام دەبن و دیدی ئایندەییان نیە، یان زۆر لاوازەو بەردەوام پەیوەستن بە رابردووی سادەو ناکارای خۆیانەوەو سەرباری پێشکەوتن و پەرەسەندنی دەوروبەریان ئەوان لە رابردووی دواکەوتوو کۆن و نائامادەی خۆیاندا دەژین و ناتوانن بێنە ناو مێژووەوە.

تێزی چەپ پشتگیری لەو گروپە نەتەوەییانەی دەوەرەی مێژوو دەکات کە بنەماو ئامادەیی گواستنەوەیان بۆ ناو مێژوو هەیە، کە نموونەی دیاری ئەم جۆرە لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپادا گەلی پۆڵندی و گەلی ئیرلەندی بوون کە دەوڵەتیان نەبووە، بەڵام بنەماکانی بوون بە دەوڵەت یان هاتنە ناو مێژوویان هەبوو. لە راستیدا ئەو بۆچوونە سەبارەت بەم دوو گەلە هەبووە کە جیابوونەوەو سەربەخۆبوونیان و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و زەمینەی لەباریان بۆ پێکهێنانی سیستێمی نەتەوەیی سەرمایەداری هانی خەملاندن و بەهێزبوونی بۆرژواو پرۆلیتاریا و زیاتر بەهێزبوونی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی نێوانیان دەدات، کە ئەوەش سەرئەنجام لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە.

ئاشکرایە پرۆژەی پرۆلیتاریا بنیادنانی سیستێمی سۆشیالیستیەو لەوێشەوە هەنگاونان بەرەو کۆمۆنیزم. بە دیدی مارکسیزم ئامانج بنیادنانی کۆمەڵگای بێ جیاوازیە، واتە کۆمەڵگای کارکردن بەپێی تواناو وەرگرتن بەپێی پێویست. هەڵبەت لە روانگەی مارکسیزمەوە لە کۆمەڵگایەکی وەهادا هیچ بوارێک بۆ جیاوازی نامێنیتەوەو هەر بەوپێیەش جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی دەسڕێنەوە. کەواتە رووبەرێک بۆ نەتەوەکان نامێنێت هەتا کاری تیادا بکەن بۆ دەرخستنی جیاوازی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئەوەش بکەن بە بنەماو بە پاساو بۆ جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە، کە لە روانگەی مارکسیزمەوە

دەوڵەتی بۆرژوایە. ئەوەش لەو روانگەیەوە کە نەتەوەو ناسیونالیزم دوو چەمکی بۆرژوازین و لە داهێنانی چینی بۆرژوان، بە مەبەستی دابەشکردن و پەرتکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و باڵادەستکردنی سیستێمی ئابوری سیاسی بۆرژوای سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدادروستبوون یان دروستکراون.

هەر لێرەوەیە کە پرۆلیتاریا یان چینی کرێکار وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی سەیردەکرێت، کە خاوەنی شوناسێکی جیهانیە، نەک شوناسی ناوچەیی یان نەتەوەیی و نیشتیمانی. لەمبارەیەوە مارکس دەڵێت: نەتەوایەتی کرێکار نە فەرەنساییە، نە بەریتانی و نە ئەڵمانی، بەڵکو کارو کۆیلایەتی بەخۆڕایی و فرۆشتنی خودە، حکومەتی کرێکار نە فەرەنسیەو نە بەریتانی و نە ئەڵمانی، بەڵکو سەرمایەیە. ژینگەی خۆجێی ئەو نە فەرەنسیەو نە بەریتانی و نە ئەڵمانیە، بەڵکو هەنگاوێک خوارتر لە رووبەری زەویە(٦). هاوشێوەی مارکس، ئەنجلس لەبارەی نێونەتەوەییبوون و نێونەتەوەییبوونی چینی کرێکارەوە دەڵێت: نێونەتەوەییبوون هیچ وڵاتێک بە فەرمی ناناسێت و خوازیاری یەکگرتووییە نەک جیابوونەوە، بەرهەڵستکاری فرمێسک رشتنە بۆ نەتەوایەتی، چونکە نەتەوایەتی خەڵک لەیەکتر دادەبڕێت و ستەمکارەکان خەڵک بۆ دروستکردنی دەمارگرژی و دوژمنایەتی بەکاردەهێنن(٧). لێرەدا ئەوە ئاشکرایە کە روانگەی چەپ بۆ بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزم کە لە مارکسیزمەوە سەرچاوە دەگرێت، تەنیا لەو رووەوە پشتگیری خەباتی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم دەکات کە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار بێت و پێیشیوایە پێویستە چینی کرێکاری هەر وڵاتێک راستەخۆ خەبات بە دژی بۆرژوای وڵاتەکەی خۆی بکات و هەوڵبدات تیایدا سەرکەوتوو بێت و لەوێشەوە دەپەڕێتەوە بۆ بەشداریکردنی خەباتی پرۆلیتاریای جیهانی لە بەرامبەر سیستێمی سەرمایەداری جیهانیدا، کە سیستێمی بۆرژوای سەرمایەداری جیهانیە، ئەوەش بە مەبەستی دامەزراندنی سیستێمی سۆشیالیستی. کەواتە لێرەدا، واتە لە روانگەی چەپەوە ئەوە ئاشکرایە کە روبەرێک نیە بۆ کارکردنی ناسیونالیزم بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بنیادنانی نەتەوە، تەنانەت نەک بنیادنانی نەتەوە لەسەر بنەمای ئیتنیک و رەچەڵەکی هاوبەش و زمان و ئایین، بەڵکو بۆ بنیادنانی نەتەوە لەسەر بنەمای رۆحی و مەعنەویی ژیانی هاوبەشیش.

واتە لە روانگەی چەپەوە تەنانەت نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەو ناسیونالیزم لە چواچێوەی تێڕوانینی مێژوونووسی فەڕەنسی ئێرنیست رێنان (١٨٢٣-١٨٩٢) یشدا، پەسەند ناکرێت کە پێیوایە نەتەوە پیناسە دەکرێت.. لەسەر بنەمای یەکەمبوونی سیاسەت و مێژووی هاوبەش لە پێکهاتنی نەتەوەو رەفتاریدا.

پێشتر گوتمان ناسیونالیزمی چەپ، یان ناسیونالیزمی سۆشیالیستی کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ناسیونالیزم، دەوەستێتە سەر یەکسانی کۆمەڵایەتی و سەروەری گەل و مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی. هەروەها ناسیونالیزمی چەپ لە ئاستی یەکەمدا دژایەتی ئیمپریالیزم دەکات و لە ئاستی دووەمیشدا بزووتنەوەکانی رزگاری نیشتیمانی لەخۆ دەگرێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم جۆرەی ناسیونالیزم سێ پایەی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش یەکسانی کۆمەڵایەتی و سەروەری گەل و بڕیاردانی چارەنووسە. هەڵبەت ئاشکرایە مەبەست لە یەکسانی کۆمەڵایەتی بنیادنانی سیستێمێکە تیایدا کۆتایی بە هەموو جیاوازیەکی چینایەتی بێت، چونکە ئاشکرایە هەتا جیاوازی چینایەتی هەبێت، ناتوانرێت پێشبینی بوونی کۆمەڵگایەک بکرێت کە یەکسانی کۆمەڵایەتی تێدا بێتەدی. لە لایەکی ترەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە روانگەی مارکسیزمەوە، نەتەوەو ناسیونالیزم وەکو چەمکی بۆرژواو بەرهەمی چینی بۆرژوا سەیردەکرێن. کەواتە لێرەدا جۆرێک لە ناکۆکی یان پێکەوە نەگونجان دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر ناسیونالیزم چەمکێکی بورژوازی بێت، ئەوا بیرکردنەوە لە یەکسانی کۆمەڵایەتی لە ئامادەبوونی چینی بۆرژوادا جێگای تێرامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە.

هەروەک سەروەری پەیوەستە بە دەوڵەتەوە، لەو رانگەیەوە سەروەری نەتەوەیی یان سەروەری گەل پەیوەستە بە بوونی دەوڵەتی نەتەوەوە، کە ئەویش مانای پیادەکردنی دەسەڵاتی تەواوەتی دەوڵەتە لە چوارچێوەی یاساو ڕێسا نێو دەوڵەتیەکاندا. ئاشکرایە بە بێ بوونی دەوڵەتی نەتەوە ناشێت سەروەری نەتەوەیی بوونی هەبێت. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ناسیونالیزمی چەپ بە جۆرێک بڕوای بە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە هەیە، بەڵام ئایا ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە چ جۆرە دەوڵەتێک دەبێت؟ دیارە ناشێت ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای ئیتنیک یان ئایین یان زمان و کەلتوری هاوبەش دروست ببێت. بەڵکو بنەمای ئەو دەوڵەتە یەکسانی کۆمەڵایەتیە کە وەکو ئاماژەمان بۆکرد

ئەویش بە جۆرێک لەبەر پەیوەستبوونی ناسیونالیزم بە چینی بۆرژواوە، بنەمای ئەو یەکسانیە لاواز یان شلۆق دەبێت.

پایەیەکی تری ناسیونالیزمی چەپ بریتیە لە مافی نەتەوەکان بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان. کەواتە با بپرسین مەبەست لە بڕیاردانی مافی چارەنووس چیە؟ مەبەست لە مافی بڕیاردانی چارەنووس ئەوەیە کە هەموو نەتەوەو گەلێک مافی ئەوەیان پێبدرێت کە هەر جۆرە دەسەڵاتێکیان دەوێت، خۆیان بڕیار لەسەر شێوەی ئەو دەسەڵاتەو چۆنێتی دامەزراندن و دروستکردنی و بەڕێوەبردنی بدەن، بەشێوەیەکی ئازادانەو بەبێ هیچ دەستتێوەردانێکی دەرەکی. ئەگەرچی پێش ڕاگەیاندنە چواردە خاڵیەکەی وردۆ وێڵسن لە ساڵی ١٩١٨دا، بابەتی مافی دروستکردنی دەوڵەت یان جیابوونەوە بەشێوەی سادە باسکراوە، وەکو باسکردنی مافی چارەنووس لە شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ی ئەمەریکاو شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩دا، ئەمە بێجگە لەوەی کە پێشتریش باسی بوونی ئیرادە کراوە بۆ سەربەخۆیی یان بۆ جیابوونەوە یان بۆ بەدەستهێنانی سەروەری. بێگومان ئیرادەش بە جۆرێک مانایەکی نزیک لە مانای بڕیاردانی مافی چارەنووسی هەیە. هەروەک لایەنگیری مارکس و ئەنجلس لە جیابوونەوەی ئێرلەنداو پۆڵەندا، لەناوەرۆکدا هەڵگری مانای چەمکی بڕیاردانی چارەنووسە، بەڵام بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەم بابەتە وەکو چەمکێکی یاسایی سیاسی لە ڕاگەیاندنەکەی وێڵسندا بەرجەستە دەبێت. هەروەک لە دوای شۆڕشی بەلشەفیک، باسی ئەوە کراوە کە گەلانی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری روسی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیانیان هەیە. هەروەک بە دوای ئەوەدا لینین لە ساڵی ١٩٢٠دا، دانی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی ئەو گەل و نەتەوانەدا نا کە لە ڕێگای بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانیەوە تێدەکۆشان یان تێدەکۆشن بۆ رزگاربوون و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئاشکرایە ئەوەی لێرەدا لە دانپێدانانەکەی لینین دا دەردەکەوێت مەبەست مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلانی ژێردەستە یان کۆلۆنیکراوە. ئەوەش ئاشکرایە، کاتێک باسی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی دەکرێت، باسی خەباتی جەماوەری دەکرێت کە هەموو پێکهاتەکانی گەل یان نەتەوە تیایدا بەشداردەبن، نەک تاکە چینێکی کۆمەڵایەتی.

راگەیاندنە چواردە خاڵیەکەی ویڵسن کە لە ٨ن کانونی دووەمی ١٩١٨دا پێشکەشی کۆنگرێسی وڵاتەکەیی کرد، وەکو راگەیاندنی بنەماکانی ئاشتی لە کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەمدا، لە سێ خاڵیاندا باسی مافی بڕیاردانی چارەنووس هاتووە کە بریتین لە خاڵەکانی (٥، ١٠، ١٢). لە خاڵی پێنجەمدا، باسی دانانی بەڕێوەبەریێتی دادپەروەر بۆ کۆلۆنیەکان کراوە بە جۆرێک کە بەرژەوەندییەکانی دانیشتوان فەراهەم بکات. لە خاڵی دەیەمدا باسی بەخشینی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکات بە گەلانی ژێر سایەی ئیمپراتۆریێتی نەمساوی. خاڵی دوانزەیەم باسی پێدانی سەروەریێتی بە بەشی تورکی ماوە لە ئیمپراتۆریتی عوسمانی و مافی بڕیاردانی چارەنووس بە گەلانی تری ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریێتە دەکات.

کورد یەکێک بوو لەو گەلانەی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، کەواتە لە روانگەی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوەو بەپێی خاڵی دوانزەیەم لە راگەیاندراوەکەی ویڵسن دەبوو ئەم بەشەی کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنووسی پێ بدرایە. بەڵام سیاسەتی خراپ و دوژمنکارانەی کۆلۆنیالیستی بەریتانی رێگری یەکەم بوو لەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد فەراهەم بکرێت. بە تایبەتی ئەگەر ئەو مافە لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتدا پێناسە بکرێت.

ئێستا دەبینین، مافی بڕیاردانی چارەنووس لە چواردە خاڵەکەی ویڵسندا، دەربڕینێکی تا ئەندازەیەک بە روونی پێناسە کراو نیە و بە تەواوەتی جەخت ناکاتە سەر مافی جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بۆ نموونە، لە خاڵی دوانزەیەمدا باسی پێدانی سەروەری بەو بەشەی تورکیا دەکات کە نیستیمانی تورکە، واتە تورکیای نوێ. ئاشکرایە مەبەست لە سەروەری، دروستکردنی دەوڵەتە چونکە سەروەری بەبێ بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بەدینایەت. پێدانی سەروەری بە بەشی تورکی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەو کاتەی تورکیا مەبست لەوە بووە کە تورک مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەبەخۆی خۆیان هەبێت بە ناوی کۆماری تورکیاوە، واتە دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا. بێگومان لە چوارچێوەی ئەم ماف پێدانەدا، کەمال مستەفا ئەتاتورک دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیای دروستکرد. بەڵام بۆ نەتەوەکانی تری ژێر سایەی

قەڵەمڕەوی عوسمانی لە ڕاگەیاندنەکەی ویڵسندا تەنیا باسی مافی بڕیاردانی چارەنووس هاتووە، بەبێ باسکردنی بەدەستهێنانی سەروەری. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مەرج نیە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلانی تری ژێر سایەی دەسەڵاتی پێشتری ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دەوڵەت بێت، بەڵکو دەشێت ئۆتۆنۆمی، مافی خۆبەڕێوەبردنی سنوردار یان مافی ڕۆشنبیری بێت، یان هەر ئاستێکی تر لە ماف کە ئەو گەلانە ئەگەر مافیان پێبدرێت بە خواستی خۆیان دیاری بکەن. هەمان بۆچوون بۆ نەتەوەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی پێشتری ئیمپراتۆریێتی نەمساویش ڕاستە.

بێگومان وەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد، بابەتی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە لایەن لینین و ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ و کارل کاوتسکی و ستالین و کەسانی تریشەوە گفتوگۆکراوە. بەڵام ئەگەر لە ڕووکەشیشدا وەها بینرابێت، لینین و ئەوانی تریش لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسدان بۆ گەلانی ژێر سایەی دەسەڵاتی پێشتری ئیمپراتۆریێتی سۆڤیتی، ئەوا لە ئاستی قوڵ و تەنانەت لە ئاستی پراکتیکدا ئەوە نەبینراوەو ئاخاوتن لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینایەتیەوە کراوەو بە دیاریکراویش پرسەکە ئەوە بووە، ئەگەر داننان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەرکام لەو نەتەوانەدا لە بەرژەوەندی ئایندەی پرۆلیتاریا بێت، ئەوا ڕابەران یان خاوەن بیرانی مارکسیزم- لینینیزم پشتگیرییان کردووە. خۆ ئەگەر بڕیارێکی لەوجۆرەش لە بەرژەوەندی چینی کرێکار نەبووبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لە دژی وەستاون. ئاشکرایە هەر بەپێی ناوەرۆکی پێناسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس، هەموو گەلانی جیهان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیانیان هەیەو ئاشکراشە لە پێناسەی دروستی ئەو مافەدا دەوڵەت بنەمایە. واتە دەبێت هەموو گەلێک مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیی هەبێت، بەو گەل و نەتەوانەشەوە کە تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەرێتییشیان نیە و لە ژێر چاودێری دەوڵەتانی تردا دەژین یان کۆڵۆنیکراون. هەروەک بە گوێرەی گەلانی کۆڵۆنیکراو مافی بڕیاردانی چارەنووس مانای سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان. دەشێ ئەو گەلانە واتە گەلانی ژێردەستەو کۆڵۆنیکراو لە ڕێگای ڕاپرسیەوە بیانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی سەردەستە یان کۆڵۆنیال بمیننەوە

ئەگەر هاتوو ئەو دەوڵەتە گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی دیموکراسی و لە دەوڵەتی ئیتنیکی باڵادەستەوە بوو بە دەوڵەتی فرە ئیتنیکی و ناسیونالیزمەکەی بوو بە ناسیونالیزمی مەدەنی هاوشێوەی ناسیونالیزمی ئەمەریکی یان سویسری.

بەڵام سەرباری زانینی ئەم راستیانە، دەبینرێت لە دوای شۆڕشی بەلشەفیک، لینین تەنیا بە جیابوونەوەی فنلەندا رازیبوو، ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی کە پەرەسەندنی ئابووری و سروشتی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی فنلەندا جیاوازە لە بارودۆخی سۆڤیێتی دوای شۆڕشی بەلشەفیک. بۆیە هەموو ئەوەی لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلانەوە لە ئەدەبیاتی مارکسیزمدا هاتووە، تەنیا لە چوارچێوەی قسە یان لە باشترین باردا لە چوارچێوەی تیۆرییدا ماوەتەوەو لەسەر زەمینەی واقیع پیادەنەکراوە. کەواتە لێرەوە بابەتی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە روانگەی مارکسیزم- لینینیزمەوە دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە. هەروەها لەسەر ئەو بنەمایەش چەمکی ناسیونالیزمی چەپ جێگای پرسیارو تێڕامان دەبێت. کە دەشێت بەمجۆرە ئەوە بخریتە ڕوو: لە کاتێکدا کە ئەرک و ویست و پرۆژەی ناسیونالیزم دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بنیادنانی نەتەوەیە، ئایا ئەو چەمکەی کە ناونراوە ناسیونالیزمی چەپ چ مانایەکی هەیە، کە ناسیونالیزمی چەپ تەنیا لەیەک باردا پشتگیری خەباتی نەتەوەیی و ناسیونالیزم دەکات، ئەویش مەرجدارەو دەبێت ئەو خەباتە لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار بێت؟ هاوکات کرێکار لە روانگەی ئەو تێزەوە نەتەوەو نیشتیمانی نیە و نەتەوەو نیستیمان چەمکی بۆرژوازییانەن.

لە راستیدا بە گوێرەی ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتەکانی نەمساوی و روسی و عوسمانیدا بوون، یان هەر کام لەو نەتەوانەی تر کە سەبەخۆ نەبوون و دەوڵەتی خۆیانیان نەبووە، لە رووی تیۆرییەوە لینینیزم وای نیشانداوە کە بۆ ئەوان و هەموو گەلانی تری ژێردەستە کە توانای خۆبەڕێوەبردنیان هەیە، مەبەست لە مافی بڕیاردانی چارەنووس جیاوبوونەوەی سیاسی ئەو نەتەوانەیە لە سیستێمی یان لە پەیکەری نەتەوەی سەردەست یان نامۆ بە نەتەوەی بندەست و سەربەخۆبوون و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە لایەن گەلی بندەستەوە. مافی بڕیاردانی چارەنووس سەرباری ئەوەی لە لایەن بیرمەندانی مارکسیزم –لینینزمەوە گفتوگۆکراوە،

لە کۆنگرە فەرمیەکانیشدا بە شێوەی بابەتیانە ئاخاوتنی لەبارەوە کراوە، بەڵام چۆنێتی پیادەکردنی شتێکی ترە. بۆ نموونە لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی ساڵی ١٨٩٦دا کە لە لەندەن بەسترا، کۆنگرە پشتگیری خۆیی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس راگەیاند. هەروەک لەپاڵ ئەوەشدا سۆزو لایەنگری خۆی بۆ چینی کرێکاری جیهانی راگەیاند کە لە سایەی سیستێمی ناسیونالیستی سەربازی و سەرمایەداری ستەمکاری جیهانیدا دەچەوسایەوەو ئازاری دەچەشت. بەڵام رەهەندی ئەو مافی بڕیاردانەی کە پشتگیری لێدەکرا زۆر روون نەبوو. واتە ئەوە ئاشکرا نەبوو کە ئایا کۆنگرە رای وابوو کە هەموو نەتەوەکانی جیهان مافی ئەوەیان هەبێت ئازادانە بڕیاری جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بدەن یان نا؟ ئەمە بێجگە لەوەی کە دەربڕینی بڕیاردانی چارەنووس یەکسان نەبوو بە بڕیادانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت.

بێگومان ئاشکرایە کە رۆزا لۆکسمبۆرگ و لینین و ستالین زیاتر لە مارکس و ئەنجلس و رابەرانی تری مارکسیزم- لینینزم گفتوگۆی مافی بڕیاردانی چارەنووسیان کردووە. لەم رووەوە لینین سەرباری پێداگری لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس، دەڵێت: لە لایەکەوە ئێمە دژی دەستکەوتەکانی نەتەوەی دەسەڵاتداری ستەمکارو کارە توونڕو تیژەکانیان دەوەستین، هەروەک لە لایەکی تریشەوە هەرگیز چاوپۆشی لە هەوڵی نەتەوەی چەوساوە ناکەین کە بەدوای دەستکەوتدا بڕوات. هەموو مەیلێکی نەتەوەیی بۆرژوازی نەتەوەی مافخوراو ناوەرۆکێکی دیموکراتی گشتی لەخۆدەگرێت کە دژی چەوساندنەوە دەوەستێت، ئێمە لایەنگیری تەواوی ئەم ناوەرۆکە دەکەین[٨]. لێرەدا لینین باسی ئەوە دەکات کە نەتەوە باڵادەستەکان کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، نەتەوەکانی تر دەچەوسێننەوەو پێ لە مافەکانیان دەنێن و لە پێناوی دەستکەوت و بەرژەوەندی خۆیاندا هەموو توونڕوتیژیەک بەرامبەر بە گەلانی بندەست ئەنجام دەدەن. گەلانی چەوساوە کە خواست و ویستی نەتەوەییان هەیە، هەرچەندە ئەو خواست و ویستە دەلالەتێکی بۆرژوازییانەی هەبێت، مادەم لە پێناوی رزگاربوون لە چەوساندنەوەو سەرکوتکردندایە، ناوەرۆکێکی دیموکراتیانەی هەیەو لەسەر ئەو بنەمایەش دەبێت پشتگیری بکرێت. لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە تێزی لینین بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس گرنگیەکەی تەنیا لەوەدا نیە کە پشتگری جیابوونەوەی نەتەوەکان دەکات بۆ بنیادنانی

دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بەڵکو رەوایەتی تەواو دەدات بە خەباتی گەلانی بندەست و چەوساوە بۆ رزگاربوون لە زەبروزەنگ و دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستی داگیرکەرو ستەمکار. هەروەک لینین دەڵێت: پێویستە دان بە بوونی ناسیونالیزمی گەلانی چەوساوەدا بنرێت و زەمانەتی سەربەخۆیی نەتەوەییان بکرێت هەتا مافی جیابوونەوەش(٩). کەواتە بۆچوونی لینین سەبارەت بە مافی نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا بە تایبەتی لە رووی تیۆرییەوە ئاشکرایە کە ئەو دان دەنێت بە جیابوونەوەو سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆدا.

لە بەرامبەر بۆچوونەکانی لینیندا سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس، رۆزا لۆکسۆمبۆرگ رای وابوو خەباتی رزگاری نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بوونی نیەو شتێکی چاوەڕوان نەکراوە. هەر لێرەشەوە لە کاتێکدا پێشتر مارکس و ئەنجلس لایەنگری جیابوونەوەی پۆلۆنیا بوون لە روسیا، رۆزا لۆکسمبۆرگ و سۆشیالیستەکانی تری پۆلۆنیا دژی ئەو جیابوونەوەیە بوون، بەڵام لینین دژی ئەو ئەو هەڵوێستەی ئەوان بوو. کەواتە لێرەدا ئاشکرا دەبێت باڵی چەپ کە لە چوارچێوەی مارکسیزم- لینینزمدا واکو چەمک و ئایدیۆلۆجیا بەرجەستە بووە، تاکە یەک هەڵوێستی نەبووە لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس. بەڵکو بەپێی کات و شوێن و تەنانەت لێکدانەوەی تاکەکەسی بیرمەندانی ئەو بوارە هەڵوێست سەبارەت بەو چەمکە وەرگیراوەو دیاریکراوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ چوار ئاراستەی دیار لە تێزی مارکسیزم- لینینیزم بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و بابەتی مافی نەتەوەکان بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان بکەین.

**یەکەم**: سەردەمی مارکس و ئەنجلس کە دەشێت بە قۆناغی مارکسیزمی کلاسیک ناوببرێت، لە مانیفێستی کۆمۆنیزمەوە دەست پێ دەکات، واتە لە ساڵی ١٨٤٨وە. لە مانیفێستدا مارکس و ئەنجلس بڕوای خۆیان بەوجۆرە خستووەتە ڕوو کە مەسەلەی نەتەوایەتی وەکو چەمکێکی بۆرژوازی بە زوویی کۆتایی پێدیت. واتە ئەوان مانەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیان گرێدابوو بە مانەوەی چینی بۆرژواوە لەسەر کورسی دەسەڵات و پێیان وابوو لەگەڵ شۆڕشی سۆشیالیستیدا لە لایەن چینی کرێکارەوە، دەسەڵاتی بۆرژواو مەسەلەی نەتەوایەتیش وەکو دیاردەیەکی پەیوەست بە بۆرژوای سەرمایەدارییەوە کۆتایی دێت و لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی چینی بۆرژوادا، کە پرۆلیتاریا

گۆڕهەڵکەنەکەیەتی، پرۆلیتاریا دەسەڵاتی خۆی کە دەسەڵاتی سۆشیالیستیە دروست دەکات. لای مارکسیزمی کلاسیک ئەوە چەسپاوە کە پرۆلیتاریا وڵات و نەتەوەی نیە. چەمکی نەتەوەو ئایدیۆلۆجیای نەتەوایەتی- ناسیونالیزم- بەشێکن لەسەرخانی چینی بۆرژواو دەسەڵاتی ئەو چینە، کاتیٔ پرۆلیتاریا دەسەڵات بەدەست دەگرێت و بازاڕی نێونەتەوەیی یان جیهانی دێتە ناو بازاری داخراو و سنووررداری نەتەوەوە، کە زیاتر خاسێتی بازاڕی ناوچەیی و ناوخۆی هەیە، هاوشانی کۆی سەرخانی نەتەوەیی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا بوون و هەژموونی دەبێت. لەم هەلومەرجەدا، بازاڕی ناوخۆی نەتەوە وەکو زۆربەی خاسێت و رەگەزە لۆکاڵیەکانی نەتەوە یان سەرخانی لۆکاڵی و سنووررداری نەتەوە هەڵدەوەشێن و نامێنن. لێرەوە دەردەکەوێت کە سەرباری پشتگیری مارکس و ئەنجلس لە جیابوونەوەی ئێرلەندا لە بەریتانیاو سلاڤەکان لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و و پۆڵۆنیا لە روسیای قەیسەری، بەڵام نەتەوەو نەتەوایەتییان وەکو دیاردەیەکی کاتی و خاسێتێکی چینی بۆرژوا سەیرکردووەو بڕوایان بە کۆتاییهاتنی نزیکی ئەم دیاردەیە هەبووە.

**دووەم**: کۆنگرەی ١٨٩٦ی نێونەتەوەیی لە لەندەن. ئەم کۆنگرەیە دانی نا بە مافی هەموو نەتەوەکاندا بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان، لەگەڵ داواکردنی یەکگرتنی هەموو کرێکارانی ئەو نەتەوانە لەگەڵ چینی کرێکارانی جیهاندا لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای جیهانی و بە مەبەستی یەکخستنی خەبات بۆ سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداری جیهانیدا و بەدیهێنانی ئامانجی سۆشیالیستی دیموکراتی. لەم گۆنگرەیەدا دابەشبوونی راو بۆچوون لەسەر بابەتی جیابوونەوەی پۆلۆنیا بەئاشکرا تاوتویٔ کرا. کاوتسکی هەمان شێوەی مارکس و ئەنجلس لایەنگری جیابوونەوەی پۆڵۆنیایە. رۆزا لۆکسمبۆرک دژی جیابوونەوەی پۆڵۆنیایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەپ لەوکاتەدا بە بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتەوە بۆچوونێکی یەکگرتوویان لەسەر مەسەلەی نەتەوەو مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان نەبووە.

**سێیەم**: ئاراستەی بەلشەفیک کە دەشیٔ بگوترێت ئاراستەی لینینی و روانینی

لینینیزم بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان. ئاشکرایە لینین دوور لەهەر تەمومژێک دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکاندا دەنێت، هەتا مافی جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵام ئاشکرایە لە تێزی لینینیزمدا خاڵی سەرەکی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی بریتیە لە پێکەوەبەستنی دۆزی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەگەڵ بابەتی چینایەتیدا، بەڵام ئەوەش روونە کە بابەتی نەتەوەیی بەمەرجێک پشتگیری دەکرێت کە لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی و چینی کرێکاردا بێت. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لینین پەیوەستبوو بە چەمکی بڕیاردانی چارەنووسەوە بە مانای تەواو و دروستی سیاسی کە ئاستی ئەوپەڕینی بە جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەت دەگەیشت و لە تێروانینی ئەوەوە هەموو نەتەوەیەک ئەو مافەی هەیە.

لەپاڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسدا هەندێ چەمکی تر خراونەتە ڕوو بەناوی مافی رۆشنبیری، لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی و کۆنفیدراڵی. سەرباری ئەوەی کە دواتر نەتەوەو گەلانی ژێر سایەی دەسەلاتی ئیمپراتۆریتی روسی لە شێوەی چەندین دەسەڵاتی فیدراڵیدا لەسایەی یەکێتی سۆڤێتدا رێکخران، بەڵام لینین و تەنانەت پارتی بەلشەفیک و هەروەک بەشێک لە بیرمەندانی مارکسیزم- لینینزم پشتگیری نەتەوە بندەستەکان دەکەن و دژی هەموو جۆرە توونو تیژی و سەرکوتکردنێک دەوەستن کە نەتەوەی سەردەست بەرامبەر نەتەوەی بندەست، یان دژی ئەو نەتەوانە بەکاری دەهێنن کە تێدەکۆشن لە پێناوی رزگاری نیشتیمانی و پێدانی ئەو مافە واتە مافی جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەت. بەڵام بارودۆخی تایبەتی و زەمینەی تایبەتیش بۆ بڕیاردانی چارەنووس لەبەرچاو دەگرن، کە مەبەست لەوەش ئامادەیی زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و هوشیاری کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوە یان گەلەیە بۆ گەیشتن بەو مافە. بۆ نموونە کاتێ مارکس و ئەنجلس پشتگیری جیابوونەوەی ئێرلەندایان دەکرد لەبەرئەوەبوو کە پێیان وابوو کۆمەڵگای ئیرلەندا لە رووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هوشیاری و سیاسیەوە لەو ئاستەی پێگەیشتندایە کە بتوانێت جیاببێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێکبهێنێت، کە لەو دەوڵەتە تازە پێکهاتووەدا، سیستێمی

سەرمایەداری بۆرژوا پێکدێت و لەبەرامبەردا چینی کرێکار فۆرمەلە دەبێت و ئەو جیابوونەوەیە لەبەرژەوەندی ململانێ و خەباتی چینایەتی چینی کرێکاری ئێرلەندایەو سەرئەنجامیش لەبەرژەوەندی پرۆلیتاریای جیهابیدایە.

ئاشکرایە لەسەردەمی مارکس و ئەنجلسدا، روسیا لە هەموو روویەکەوە لە بارێکی دواکەوتوودا بووەو تەنانەت ئاستی هوشیاری خەڵک زۆر لاواز بووەو بزووتنەوەی دیموکراتی جەماوەری سەربەخۆ هێشتا لە روسیاو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرێتی قەیسەریدا دەرنەکەوتبوو. بزووتنەوەی رزگاری پۆڵۆنیا کە خانەدان و ئەرستۆکراتەکانی ئەو وڵاتە نوێنەرایەتیان دەکرد، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردبوو، گەلێک لە پێش بزووتنەوەی دیموکراتی جەماوەری روسیاوە بوو. دیارە ئەم پەرەسەندنەی پۆڵۆنیا بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هوشیاری خەڵکیشی گرتبووەوە. هەر لەبەر ئەوەبوو کە مارکس و ئەنجلس وایان دەبینی کە پۆڵۆنیا بنەمای ئامادەی بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆبوون هەبووە. هەرچەندە لە کۆنگرەی لەندەندا بۆچوونی لەوجۆرە هەبووە کە دەشێ بۆ سەردەمی مارکس و ئەنجلس ئەو تێڕوانینە بۆ پۆڵۆنیا راستبووبێت، بەڵام مەرج نیە بۆ دواساڵەکانی سەدەی نۆزدە هەمان بۆچوون راست دەربچێت. بەڵام لە راستیدا پێدەچێت لایەنگیری دواتری لینینیش بۆ جیابوونەوەی پۆڵۆنیا لەسەر بنەمای بڕوابوون بووبێت بە هەمان تێڕوانینی پێشتر بۆ پەرەسەندنی پۆڵۆنیا. لە راستیدا هەر لەسەر بنەمای هەمان تێڕوانین بوو کە لینین راستەوخۆ لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دانی بە سەربەخۆیی فنلەندادا نا.

لینین لەپاڵ دانانی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکانی وەکو فنلەنداو پۆڵۆنیادا، پشتگیری بزووتنەوە نەتەوەییەکانی وڵاتانی کۆڵۆنیکراو دەکات. ئاشکرایە کە دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە وڵاتانی کۆڵۆنیکراودا، بە تایبەتی لە دەرکەوتنی ئیمپریالیزمدا وەکو بەرزترین ئاستی سیستێمی سەرمایەداری، لاوازو سەرەتایی بووە، واتە ناسیونالیزمی وڵات کۆڵۆنیکراو، لەبەر دەستگرتنی کۆڵۆنیالیست بەسەر ئابووری و هەموو ئەو بنەمایانەدا کە پێویستن بۆ دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم، ناسیونالیزم بەشێوەیەکی سروشتی و بە پتەوی و بە بەهێزی دروستنابێت. ئاشکرایە لە کۆمەڵگاو نەتەوە کۆڵۆنیکراوەکاندا لەبەر ئەو بارەی تێیدان، نە سیستێمی ئابووری و

نە چینە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئەوەی پێویستەو دەبێت بە سروشتی دروست نابن. لەبەرئەوەی لە لای نەتەوەی کۆڵۆنیکراو چینی بۆرژوا پێنەگەیشتووەو ناتوانێت ببێت بە بکەری ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوە دروست بکات. کۆی چین و توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بە تایبەتی بۆرژوای بچووک لە خاوەن پیشەو کارمەندان و رۆشنبیران و جوتیاران و بۆرژوای ناکامڵی نەتەوەی کۆڵۆنیکراو پێکەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی پێکدەهێنن کە بزووتنەوەی رزگاری نیستیمانیەو ئامانجەکەیشی لە ئاستی یەکەمدا رزگارکردنی نیشتیمانی کۆڵۆنیکراوەو لە ئاستی دووەمیشدا دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە. لەم رووەوە لینین پشتگیری بزووتنەوەی رزگاری نیستیمانی گەلانی کۆڵۆنیکراو دەکات.

**چوارەم**: ئاراستەی ستالینی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان، کە ئاشکرایە ستالین (١٨٧٨-١٩٥٣) هاوچەرخی لینین بووەو تێڕوانینی دیاری خۆیی هەیە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم و مافی نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا. ستالین لە ساڵی ١٩١٣دا، تێزی خۆیی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بڵاوکردەوە کە بە ناونیشانی «مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی»بوو. ستالین دژی بۆچوونی سۆشیال دیموکراتەکان و مەنشەفیک بوو سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ نەتەوەو مافی بڕیاردانی چارەنووس. ستالین نەتەوە (هەرچەندە لە عەرەبیدا کردوویانە بە ئومە) وەها پێناسە دەکات کە بریتیە لە کۆمەڵێکی جێگیر لە رووی مێژووییەوە، کە لەسەر بنەمای زمان و خاک و ژیانی ئابووری و پێکهاتەی دەروونی و کەلتوری هاوبەش پێکدێت. واتە نەتەوە بە بوونی ئەم چوار رەگەزە سەرەکیە پێکدێت کە بریتین لە خاک و زمان و ئابووری هاوبەش و پێکهاتەی دەروونی و کەلتوری هاوبەش. ئابووری هاوبەش لە ئەنجامی تێکشکاندنی سیستێمی فیودیالی و دروستبوونی بازاڕی ناوخۆ و پێگەیشتنی ئابووری سەرمایەداریدا پێکدێت. هەروەک ئەو بۆچوونەی ستالین سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوە ئاشکرایە کە ئەو پێیوایە دەوڵەتی پێش قۆناغی سەرمایەداری دەوڵەتی نەتەوە نیە. ئەم بۆچوونەش لەو تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرێت کە نەتەوەو ناسیونالیزم پەیوەستن بە چینی بۆرژواوەو ئەو چینەش چینی باڵادەستی قۆناغی سەرمایەداریە. هاوشێوەی لینین، ستالین بڕوای بە مافی بڕیاردانی چارەنووس هەیەو لە راستیشدا،

ستالین پێش لینین بیرو بۆچوونی خۆیی سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بەشێوەیەکی ئاشکرا دەربڕیووە.

ستالین دواترو لە دوای لینین بابەتی نەتەوایەتی و رزگاری نیشتیمانی بەهێند وەردەگرێت و لەو رووەشەوە تا ئەندازەیەک بایەخدانی بە سەربەخۆیی چینی کرێکار کەم دەکاتەوەو بزووتنەوەکانی رزگاری نیشتیمانی لەبەرگی چەپ یان کۆمۆنیستیدا نیشان دەدات. بە گوێرەی قۆناغی فەرمانڕەوایی ستالین کە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین کۆلۆنیکرابوون و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەشدا بزووتنەوەی رزگاری نیستیمانی لە خەباتی سەربەخۆییدا بوون، بایەخدانی یەکەمی ستالین بە بزووتنەوە نیشتیمانیە رزگاریخوازەکان بوو، چونکە ئەو پێیوابوو رزگاربوونی نیشتیمانی قۆناغێکە دەکەوێتە پێش شۆڕشی سۆشیالیستی چینی کرێکارەوە. لەم رووەوە ئەو بەپێویستی دەزانی کە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی کۆلۆنیکراودا بچنە ریزی بزووتنەوە نیستیمانیەکانەوە بۆ خەباتکردن دژی کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیست هەتا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بە جۆرێک کە بە پێویست دادەنرا شۆڕشی سۆشیالیستی دوابخرێت بۆ دوای سەربەخۆیی نیشیمانی. بەڵام ئایا ستالین دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی گرتە دەست لەم رووەوە چۆن کاری کرد؟

لەپاڵ ئەم بۆچوونەدا، ستالین هاوشێوەی لینین، دژی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی کەلتوری بوو، چونکە پێیوابوو ئۆتۆنۆمی کەلتوری بەشێوەیەکی گشتی مانای گۆشەگیرکردن و پەرتکردنی نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی تر، کە ئەوەش سەرئەنجام دەبوو بەهۆی گۆشەگیرکردن و پەرتکردنی پرۆلیتاریای ئەو نەتەوەیە لە پرۆلیتاریای نەتەوەکانی ترو ئەمەش لەگەوهەردا ئۆتۆنۆمی بۆرژوازیی دەچەسپێنێت، کە سەرئەنجام لە بەرژەوەندی بۆرژوای نەتەوەییەو بە زیانی پرۆلیتاریا دەشکێتەوە، چونکە ئۆتۆنۆمی کەلتوری دەبێتە هۆی باڵادەستکردنی خواستی نەتەوەیی بۆرژوازی بەسەر خواست و بەرنامەی پرۆلیتاریادا، کە سەرکەوتنی تەنیا لە یەکگرتنیدایە لەگەڵ کرێکارانی نەتەوەکانی تردا.

بێگومان هەر لە سەردەمی لینین خۆیدا، لە کاتێکدا باسی دژایەتی ئۆتۆنۆمی کەلتوری بۆ نەتەوەکان دەکرا، هاوشێوە جیابوونەوەی نەتەوەکانی ژێر سایەی

پێشتری ئیمپراتۆریەتی روسی رەتکرایەوەو لەبری جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، چەندین کۆماری ئۆتۆنۆمی لە ژێر ناوی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتیدا پێکهات، کە هەموویان لە ژێر سایەی یەکێتی سۆڤێتیدا بوون و هیچ کامیان مافی جیابوونەوەیان پێنەدرا. لەبارەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتەوە لینین دەڵێت: پێویستە کاربکرێت بۆ پشتگیری و پاڵپشتیکردنی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستیەکان، ئەمەش خاڵێکە هیچ گومانێکی تێدا نیە. جێبەجێکردنی ئەمە پێویستە بۆمان، هەروەکو پێویستە بۆ پرۆلیتاریای جیهانی کۆمۆنیستی لە خەباتدا بێت دژی بۆرژوای جیهانی و بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی پیلانگێڕییەکانی بۆرژوازی. پێویستە پارێزگاری لە یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکان بکەین بۆ خزمەتی ئامرازی دیپلۆماسی، ئەو ئامرازەی کە بە بنەمایەکی دەگمەن دادەنرێت لە بنەما پێکهێنەرەکانی دەسەڵات یان ئامرازی دەوڵەت(١٠). لینین باسی پشتگیری کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤێت دەکات، لەگەڵ پارێزگاری لە یەکێتی ئەو کۆمارانە. لێرەدا لەسەر دوو وشە رادەوەستین، وشەی جیابوونەوەو وشەی یەکێتی. ئاشکرایە لینین پێشتر دانی نا بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکاندا تا ئاستی جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵام لە دروستکردنی کۆمارە سۆشیالیستیەکانی یەکێتی سۆڤێتدا کە کۆماری ئەو نەتەوانە بوون پێشتر لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی قەیسەریدا بوون، لینین باسی پارێزگاری لە یەکێتی ئەو کۆمارانە و پاراستنی یەکێتی نێوانیان دەکات لە سایەی دەوڵەتی سۆڤێتیداو دوورو نزیکیش باسی مافی جیابوونەوەی هیچ کام لەو کۆمارانە نەکراوە. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا بەڕاستی هیچ کام لەو نەتەوانە ئەو بنەمایانەیان نەبوو کە لە روانینی لینینەوە شایانی جیابوونەوە بن وەکو فنلەندا؟ یان لە راستیدا بابەتی مافی جیابوونەوەی نەتەوەکان تەنانەت لەسەردەمی لینین خۆیشیدا، تەنیا لە سنووری تیۆرییدا ماوەتەوەو لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ نەکراوە.

بێگومان لەسەردەمی لینیندا مافی بڕیاردانی چارەنووس، کە جیابوونەوە ئاستی ئەوپەڕینێتی، وەکو ئەوەی لە تیزی مارکسیزم- لینینیزمدا هاتووە، لەسەر زەمینەی واقیع و لەسەردەمی لینیندا تەنیا دان بە جیابوونەوەی فنلەندەدا نرا. هەر لەسەردەمی لینیندا، ستالین لەبارەی مافی بڕیاردانی

چارەنووسی نەتەوەکان و جیابوونەوەوە دەڵێت: پارتی بەلشەفیک دان بە مافی جیابوونەوەدا دەنێت، بەڵام جیابوونەوە بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ بەرژەوەندی رەنجدەران لە روسیادا دانانێت و رەتیدەکاتەوە. پاشان سەربەخۆیی رۆشنبیری و ئۆتۆنۆمی هاریمایەتی بۆ ناوچە نەتەوەییەکان تاکە شێوەیەکی راستە بۆ هاوپەیمانی لەنێوان ناوەند- روس- و کەنار واتە گەلانی تردا[11]. لێرەدا ئاشکرا دیارە کە ستالین لەگەڵ جیابوونەوەی نەتەوەکانی سۆڤێتدا نەبووە، ئەویش بە پاساوی ئەوەی کە جیابوونەوە لە بەرژەوەندی رەنجدەرانی روسیا نیە، کە زیاتر مەبەست چینی کرێکاری روسیایە. هەروەک پێشتریش ئەو باسی ئەوەی کردووە کە نەتەوە وتەیەکی مێژوویی سەردەمی سەرمایەدارییە. بوونی نەتەوەش بەندە بە چینی بۆرژواوەو هەتا ئەو چینە بمێنێت نەتەوەو ناسیونالیزمیش لەناوناچن. هەروەک لە پێش بوونی بۆرژواو سەرمایەداریدا نەتەوە بوونی نەبووە ئەوەش بەهۆی نەبوونی بازاڕی هاوبەشی نەتەوەیی و ناوەندە نەتەوەییە ئابووری و کەلتوریەکانەوە.

راستە لە روانگەی ستالینەوە بنەماکانی نەتەوە کە زمان و خاک و ئابووری و کەلتورو باری دەروونی هاوبەشن، لەگەڵ رۆیشتنی کات و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا ئەم رەگەزانە لەپێش قۆناغی سەرمایەداریدا پێکدێن، بەڵام ئەو پێیوایە کە نەتەوە لە پێش قۆناغی سەرمایەداریدا بوونی نیە. هەڵبەت ئەم بۆچوونەی ستالین لەو رووەوە کە سەرمایەداری یان بۆرژوا یان بەدەربڕینێکی تر ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات تا ئەندازەیەک نزیکە لە بۆچوونی مۆدێرنیستەکان سەبارەت بە دروستبوونی نەتەوە. لە لایەکی تریشەوە لە رونگەی ئەمەوە خاک و زمان لە بنەماکانی بوونی نەتەوەن. ئەگەر سەیری روانینی ستالین بۆ بنەماکانی نەتەوە بکەین، نزیکە لە روانینی کلاسیک یان نەریتی بۆ بوونی نەتەوە. ستالین تەنیا باسی رەچەڵە و باپیری هاوبەش ناکات بۆ بوونی نەتەوە. ئەوەش وادەکات کە پێناسەی ستالین بۆ نەتەوە بەتەواوی پێناسەیەکی ئیتنیکیانە نەبێت.

هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە قۆناغی فەرمانڕەواییی ستالین، کە لە دوای لینین دەستپێدەکات و نزیکەی حەوت ساڵ پاش شۆڕشی بەلشەفیک دەسەڵاتی گرتە دەست و لەوێوە سەردەمی ستالینیزم دەستپێدەکات، کە بە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی مارکسیزم- لینینیزم دادەنرێت و بەوپێیەش بە

قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان ناودەبرێت. هەروەک پێش بەدەستگرتنی دەسەڵاتیش ئەو رەخنە لە بۆچوونی لینین دەگرێت سەبارەت بە پشتگیریکردنی بزووتنەوەکانی رزگاری نەتەوەیی و نیشتیمانی. ستالین لە راپۆرتەکەیدا بۆ کۆنگرەی دوانزەیەمینی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی لە نیسانی ١٩٢٣دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئاراستەی نەتەوەیی یان ناسیونالیزم دیاردەیەکی ناوخۆیی ترسناکە لە یەکێتی سۆڤێتداو کاریگەری نەرێنی لەسەر سۆشیالیزم و یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکان دەبێت و ئەوەشی وەکو روانین و هەڵوێستی نەرێنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی سنووری یەکێتی سۆڤێت نیشان دەدا. لە کاتێکدا پێشتر لینین پێیوابوو ئەو دیاردەیە لای نەتەوەکانی سۆڤێت بەهۆی هەڵوێست و سیاسەتی ناجۆری شۆڤێنیستی نەتەوەی روسەوەیە- روسی کبار-. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ستالین نەک هەر بڕوای بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان بۆ جیابوونەوە نەبووە، بەڵکو بابەتی نەتەوەو نەتەوایەتیش بە مەترسیدار دەزانێت بۆ ئایندەی سۆشیالیزم. بە روانینی ئەو، مافی بڕیاردانی چارەنووسی کرێکارانی سۆڤیتی خاڵی یەکەمەو دەبێت هەموو قورسیەک بخرێتە سەر ئەو بابەتەو مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێتە بابەتێکی ناسەرەکی و دەبێت بۆ بەرژەوەندی پرۆلیتاریا و سۆشیالیزم بخرێتەکارو بەکاربهێنرێت.

بێگومان ئاشکرایە کە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە بە جەنگی ئیمپریالیزم دەناسرێت، وەکو بەرزترین ئاستی سەرمایەداری و هەندێکیش بە جەنگی دەوڵەتانی ناسیونالیزم ناوی دەبەن، کە بوو بەهۆی کۆڵۆنیکردنی ژمارەیەکی زۆری وڵاتان لە ئاسیاو ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین. ئاشکرایە هەر بە دوای پرۆسێسەکانی کۆڵۆنیالی کردندا، گەلانی ئەو وڵاتانە هەر بە زوویی دەستیان دایە خەباتی رزگاری نیستیمانی. وڵاتانی ئەم سێ کیشوەرە کە لە دوای جەنگی یەکەم بەر پرۆسێسی کۆڵۆنیالیکردن کەوتن، بە چەمکی کلاسیک لە مێژوویەکی زووەوە نەتەوە تیایاندا پێکهاتبوو، لەم رووەوە لینین دەڵێت: لە کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمەریکای لاتین نەتەوە پێش سەردەمی سەرمایەداری پێکهاتووە، بەڵام نەیتوانیووە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێکبهێنێت، ئەویش لەبەر چەندین هۆ کە گرنگترینیان دەسەڵاتکردنی کۆڵۆنیالیستە بەسەر توانای بڕیاردان و ئیرادەدا[١٢]. هەڵبەت ئاشکرایە کە

لینین پشتگیری خەباتی رزگاری نیستیمانی گەلانی کۆلۆنیکراو دەکات و لەم رووەوە هاتووە.. پێویستە دان بە بوونی نەتەوایەتی- ناسیونالیزم- لە نێوان گەلانی چەوساوەدا بنرێت و زەمانەتی سەربەخۆیی نەتەوەییان بکرێت وەکو مافی جیابوونەوە[١٣]. کەواتە لێرەدا جیاوازی تێزی لینین و ستالین سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان ئاشکرایە. ئەمەش تێزی چەپە بۆ نەتەوەو ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی کە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا وەکو ئەوەی بە نووسین و لە بواری تیۆرییدا باسکراوە، نەخراوەتە بواری پیادەکردنەوەو ئەوەش خاڵێکی لاوازی مارکسیزم- لینینیزمە سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان.

رەنگە جێگای خۆی بێت کە ئاماژە بۆ روانینی ماویزم بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس و پێکەوە کۆکردنەوەی خەباتی پرۆلیتاریاو خەباتی رزگاری نیشتیمانی نەتەوەو گەلانی کۆلۆنیکراو بکەین. ماوتسی تۆنگ هەوڵیدا مارکسیزم لە بزووتنەوەیەکی پرۆلیتارییەوە بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و جوتیاری و پرۆلیتاری، ئەویش بە کۆکردنەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی جوتیاران و کرێکاران و بۆرژوای بچووک و خاوەن پیشەکان و رۆشنبیران و..تاد دژی داگیرکەر یان ئیمپریالیزمی یابانی. هەڵبەت ئاشکرایە کە ماوتسی تۆنگ بەناوی چەپەوە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورەی پێکهێناو خۆی سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیەی کرد کە بوو بە بزوتنەوەی رزگاری نیشتیمانی گەلی چینی دژی کۆلۆنیالیستی یابانی و سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا. ماوتسی تۆنگ بە ئاشکرا دەیگوت کێشەو ناکۆکی سەرەکی لە نێوان ئیمپریالیزم و نەتەوەی چینی دایە. واتە ئەو خەباتی رزگاری نیشتیمانی گەلی چینی خستۆتە پێش خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای چینیەوە. لە ئەنجامی ئەو خەباتە میللیەی گەلی چینی، کە ماو سەرکردایەتی کرد، وڵات لە دەستی ئیمپریالیزمی یابانی رزگارکراو کۆماری چینی میللی پێکهات، نەک کۆماری سۆشیالیستی یان پرۆلیتاری چینی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ریزبەندیەی لە مارکسیزمدا بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هاتبوو بریتی بوو لە (کۆمۆنەی سەرەتایی، کۆیلایەتی، فیودیالی، سەرمایەداری، سۆشیالیزم و کۆمۆنەی دوایی) و لینین و ستالینیش وەکو هێڵی راست و دروستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سەیریان دەکرد، ماوتسی تۆنگ لەسەری نەڕۆیشت

و لە قۆناغی فیودیالیدا شۆڕشی میللی یان نەتەوەیی جەماوەیی بەرپاکردو لە بری کۆماری سۆشیالیستی، کۆماری میللی دامەزراند، واتە لەو وتەیەی ستالینیش دوورکەوتەوە کە دەیگوت نەتەوە وتەیەکی سەرمایەداریە، واتە نەتەوەو نەتەوایەتی بەرهەمی قۆناغی سەرمایەداری بۆرژوازین.

ئاشکرایە لە دوای شۆڕشی بەلشەفیک و کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەتایبەتیش لە دوای لینین و لەسەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا لە زۆرینەی دەوڵەتانی ئاسیا و تەنانەت ئەفریقاو ئەمەریکای لاتینداو بە تایبەتی لە وڵاتانی کۆلۆنیکراودا، لە لایەک بزووتنەوەی رزگاری نیستیمانی سەریهەڵدا، لە لایەکی ترەوە پارتە کۆمۆنیستەکان پێکهاتن کە سروشتی جۆرێک لە هەناردەکراویان هەبوو، کە سۆڤێت یان ستالینیزم هەناردەی وڵاتانی کۆلۆنیکراوی کردبوون. هەڵبەت ئەوەش ئاشکرایە کە پارتە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی کۆلۆنیکراودا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دروستکران کە کۆلۆنیالیستەکان دروستیان کردن، نەک لەسەر بنەمای نەتەوەو ئیتنیکە جیاوازەکان. بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەوە سەیری سروشتی پێکهاتنی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە بکەین کە لەو دەوڵەتانەدا پێکهاتن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا. ئاشکرایە لەسەر بنەمای مارکسیزم- لینینزم پارتی کۆمۆنیست پارتی چینی کرێکارە.

بەڵام ئایا لە راستیدا بەلشەفیک بەتەواوی و تەنیا پارتی کرێکارانی روسیا بوو لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا؟ یان پارتی کرێکاران و چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تریش بوو، بە تایبەتی جوتیاران و بۆرژوای بچووک؟ چونکە ئاشکرایە لە سەروەختی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا نە ئابووری روسیا ئابووری سەرمایەداری بوو، نە چینی کرێکاری روسی لە ئاستێکی وەها بەهێزدا بوو کە شۆڕشی سۆشیالیستی ئەنجام بدات. هەر لەسەر بنەمای ئەوەی لە روسیادا روویدا، لە وڵاتانی دواکەوتوو، کۆلۆنیکراو و فیودیالیدا بە تایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر شێوەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیتی، پارتە کۆمۆنیستەکان پێکهاتن کە هەڵگری هەمان گوتاری ستالینیزم بوون بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان، بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە سەرباری کۆلۆنیالیکردنیان لە لایەن بەریتانیاو فەڕەنساو دەوڵەتانی تری کۆلۆنیالیستی رۆژئاواوە، لەسەر ئاستی ناوخۆش کە زیاتر لە نەتەوە یان ئیتنیکێکیان تیادا دەژیا، نەتەوەی یەکەم و نەتەوەی دووەم هەبوو. بەڵام پارتە

کۆمۆنیستەکان لەسەر بنەمای پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی ئەو وڵاتانە دروستکران.

لەو وڵاتانەی کە بە زۆر کوردستانیان پێوە لکێندراوەو دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکانی تورک و فارس و عەرەب بوونەتە داگیرکەری کوردستان. پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو پارتی نەتەوەی داگیرکەرو نەتەوەی داگیرکراو دروستکران و ئامانجی یەکەمیان دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و رزگارکردنی نیشتیمان بوو لە دەستی دەوڵەتی کۆلۆنیالیست، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا، واتە چوار کۆلۆنیالیستە ناوخۆییەکەی کوردستان. لە عێراق و سوریا پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو پارتی نیشتیمانی دژە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناوخۆ خۆیان نمایش کرد. هەروەک لە ئێران و تورکیای نوێشدا پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو پارتی کرێکارانی ئەو وڵاتانە دروستکراون و وڵاتیان بە بەشی کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیکراوەوە وەکو یەک وڵات و یەک گەل سەیرکردووەو بەوپێیەش خەباتیان کردووە لە پێناوی دروستکردنی کۆماری سۆشیالیستیدا. لەو رووەشەوە مەسەلەی نەتەوایەتی لە بەرنامەو ستراتیژی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم چوار وڵاتەدا کە دابەشکەرو داگیرکەری کوردستان بوون و لە پاڵ کورددا نەتەوەو ئیتنیکی داگیرکراوی تریشیان تێدا بووە، هیچ باسێکی مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردو نەتەوە ژێردەستەکانی تری وەکو ئەرمەن لە تورکیاو عەرەب و بەلوچ و ئازەری لە ئێران و تورکمان و مەسیحی لە عێراق و...تاد بوونی نەبووە. بەڵکو لە بەرنامەی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانەدا داگیرکەری ناوخۆ و داگیرکراو وەها وێنەکراون کە یەک گەلن و هاوبەرژەوەندی و هاوچارەنووسن و دەبێ پێکەوە خەبات بکەن بۆ رزگاربوون لە دەستی کۆلۆنیالیزمی دەرەکی و ئیمپریالیزم. کەواتە لێرەدا بیرو ئایدیۆلۆجیای باڵی چەپ لەبری ئەوەی ببێتە بەرنامەی رزگاری نیشتیمانی گەلی کوردی دابەشکراو و داگیرکراو، رەوایەتی بۆ مانەوەی کورد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی عەرەب و تورک و فارسدا دۆزیوەتەوەو پشتگیری لەو مانەوەیە کردووە بە پاساوی دوژمنایەتی هاوبەشی کوردو نەتەوە سەردەستەکانی ئەم چوار دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان بە دژی ئیمپریالیستی بەریتانی و فەڕەنسی.

پارتە کۆمۆنیستەکانی چوار دەوڵەتە داگیرکەرو دابەشکەرەکەی کوردستان لە ماوەیەکی کورتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دروستکران، کە بێگومان ئەوەش بە بەرنامەو ڕێنوێنی سۆڤێت بوو. پارتی کۆمۆنیستی ئێرانی هەر بە دوای شۆڕشدا لە ساڵی ١٩١٧دا وەکو شانەی سەرەتایی پێکهات و لەساڵی ١٩٤١ ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی تودە. پارتی کۆمۆنیستی تورکی لە ساڵی ١٩٢١دا پێکهات. یەکەم شانەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری بەسرا پێکهات و ساڵێک دوای ئەوە یوسف سەلمان- فەهد- یەکەم شانەی ئەم پارتەی لە ناسریە پێکهێناو لەساڵی ١٩٣٤دا بەناوی» لیژنەی لە ناوبردنی داگیرکەری بەکاربەر»دەرکەوت و لە ساڵی ١٩٣٥دا، ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی کۆمۆنیستی عێراق و لە ساڵی ١٩٤١دا فەهد بوو بە سکرتێری ئەم پارتەو لەبەرنامەکەیدا هیچ باسی کوردو مافی بڕیاردانی چارەنووس نەبوو. هەتا سەرتای پەنجاکان کە بەهادین نوری بوو بە سکرتێری ئەم پارتەو بڕگەیەک سەبارەت بە مافی کورد بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بۆ زیادکرا. دەشێت ئەو هاڵوێستەی بەهاین نوری لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەم سکرتێرەی پارتی کۆمۆنیست خۆی کورد بوو.

پارتی کۆمۆنیستی سوریا لە ساڵی ١٩٢٤دا پێکهات، کە بەرنامەکەی بریتیبوو لە یەکخستن و یەکپێگرتنی مارکسیزم لەگەڵ عروبەو ئیسلامداو ئەوەش لە پێناوی یەکخستنی بەرەی گەل دژی کۆلۆنیالیستی فەڕەنسی. لە بەرنامەی ئەم پارتەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ بوونی نەتەوەو ئیتنیکی جیاواز لەو وڵاتەدا نەکرابوو. کەواتە بەگشتی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو چوار وڵاتەی کە دەوڵەتەکانیان لە رووی راستیەوە داگیرکەری کوردستانن، کوردیان لە هەر پارچەیەکدا وەکو بەشێک لە گەلی ئەو وڵاتە سەیرکردووەو پێیان وابووە، چارەنووسی کورد لە هەر بەشێکدا بەستراوە بە چارەنووسی هەریەکە لە نەتەوە سەردەستەکانی ئەو وڵاتانەوە. هەڵبەت کاریگەری نەرێنی پارتە کۆمۆنیستە ستالینیەکان بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەک گەل لە نێوان نەتەوەی داگیرکەرو نەتەوەی داگیرکراودا زیانی گەورەی لە ئاستی هوشیاری نەتەوەیی کورد داوەو هاوشانی گوتاری ئایینی ئەمیش رۆڵی هەبوو لە دواخستنی پێکهاتن و دەرکەوتن و بە لاڕێدابردنی ناسیونالیزمی کوردیدا. لەم رووەوە چەپ و بیری چەپ و ئایدیۆلۆجیای باڵی چەپ نەک

لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردیدا نەبووەتە یەک و پێکەوەش نەبوونەتە بەرنامە دارێژەرو رێکخەری بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردی، بەڵکو لە هەوڵی راهێنان و رازیکردن و کۆکردنەوەی کورددا بوون لە دەوری گوتاری دەوڵەت کە ئەویش گوتاری عروبەو گوتاری ئیسلامی بووە لە سوریاو عێراقداو گوتاری پان ئێرانیزم بووە لە ئێران و گوتاری پان تورکیزم بووە لە تورکیادا. واتە گوتاری پارتە کۆمۆنیستەکان، گوتاری یەکێتی خاک و گەل بووە لە هەریەکە لەو وڵاتانەدا کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوەو تاکو ئێستاش وەکو داگیرکەری کوردستان ماونەتەوەو پارتە کۆمۆنیست و چەپەکانی ئەم وڵاتانەش تەنیا بە ناو ماون و لە ئێستادا بوونیان هیچ کاریگەرییەکی نیە.

لە دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیەوە کە قۆناغی دروستبوونی پارتە سیاسیەکانی کوردە لە کوردستانی گەورەو دابەشکراو و داگیرکراودا، دیسان کاریگەری ستالینیزم لەسەر زۆرینەی ئەم پارتانە ئاشکراو دیاربووەو سەرباری باری دواکەوتووی کوردستان و سەرباری سیاسەتی داگیرکاری هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان، بەڵام ئەم پارتە کوردییانە کاریگەری ستالینیزم و ناڕاستەوخۆ پارتە کۆمۆنیستەکانی پێش خۆیشیانیان پێوەدیاربووە، بەتایبەتی لە رووی بەرنامەو ستراتیژو گوتاریانەوە. بەگشتی ئەم پارتە کوردییانە بەرنامەی سەربەخۆیی و مافی بڕیاردانی چارەنووسیان نەبووە، بەڵکو ئاستی ئەوپەڕینی بەرنامەکانیان ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردی ئەو پارچەیەی تیایدا دروستبوون و دیموکراتی بۆ دەوڵەتی ئەو وڵاتە بووە کە لە راستیدا داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستان بووە. واتە لە ئاستی یەکەمدا ئەم پارتانە دانیان ناوە بە دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی هەر بەشێکی بە یەکێک لەو دەوڵەتانەوە. دیارترینی ئەو پارتە سیاسیانە پارتی دیموکراتی کورد و پاشان کوردستان بوو لە رۆژهەڵات و باشوری کوردستان، کە لە سەروبەندی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا دروستبوون. لە رۆژهەڵات بە کاریگەری سۆڤێت و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی، لە ئەنجامی جەنگداو هاتنە ناوەوەی هێزەکانی سۆڤێت لە باکورەوەو بەریتانیش لە باشورەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانی کۆماری کوردستان لە مهاباد دروست بکات. بەڵام هەرچۆن کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێت لەژێر سایەی

دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤێتیدا بوون و هیچیان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان بۆ جیابوونەوە پێنەدرابوو، کۆماری کوردستانیش سەرباری دروستکردنی و پێکهێنانی پێکهاتەی حکومەتەکەی، بەڵام لە چاوەڕوانی گۆڕینی سیستێمی دەسەڵاتی ناوەندیدا بوو بۆ سیستێمێکی دیموکراتی ئەوتۆ کە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کوردو ئازەر پەسەند بکات و دەسەڵاتی حکومەتی ناوچەیی تریش پێکبێت. واتە ئێران ببێتە چەند کۆمارێکی دیموکراتی، هاوشێوەی کۆمارە سۆشیالیستیەکانی یەکێتی سۆڤێت.

ئەوە ئاشکرایە کە سۆڤێت هاوشێوەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستەکان بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بوو نەک بە دوای جێبەجێکردنی بنەماکانی مارکسیزم و لینینزمەوە سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان. هەر ئەوەش سەرئەنجام هۆکاری سەرەکی بوو کە سۆڤێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی نەوتی ئێرانیدا پشتی لە کۆماری کوردستان و تەنانەت لە ئازەرییەکانیش کرد. لە بارودۆخێکی وەهادا پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی دروستبوونیەوە بە کاریگەری دەوەرەو بەهۆی ئەو گوتارە پان ئێرانیزمیەی کە بەکاریگەری ستالینیزم پەیڕەوی کردبوو، کە گەوهەرەکەی مانەوەی کوردی رۆژهەڵاتبوو لە چوارچێوەی ئێرانداو بەهۆی پشتنەبەستن بەخۆی و بڕوابوونی بەوەی کە سۆڤێت دەیپارێزێت، کۆماری کوردستان نەیتوانی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات.

بەرنامەو گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش کە سرۆشی لە ستالینیزمەوە وەرگرتبوو، بریتیبوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق. ئاشکرایە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی حکومەتەکانی عێراق بووەو بە ئاشکراش سروشتی ئەو خەباتە، خەباتی گەلێکی بندەست و وڵات داگیرکراو بووە دژی دەوڵەتێکی داگیرکەر کە دەوڵەتی داگیرکەری عەرەبی عێراقی بووە. واتە بەرنامەو گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێران، گوتارێکی نەتەوەیی ناتەواو بووەو ئاراستەی باڵادەست تیایدا مانەوە بووە لە چوارچێوەی عێراقدا. تەنانەت دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چارەکە سەدەیەک لە دروستبوونی و نزیکەی دە ساڵ لە خەباتی چەکداری، پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە ئازاری ١٩٧٠دا، رێکەوتنی لەسەر

ئۆتۆنۆمی کرد، لەسەر بنەمای گوتارەکەی کە بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا. ئێستا بە ئاشکرا دیارە کە گوتاری ئەم دوو پارتە دیارەی باشورو رۆژهەلاتی کوردستان، گوتاری ناسیونالیزمی ناتەواوە، نەک گوتاری ناسیونالیزمی چەپ بێت، چونکە چەپ لە دیدی مارکسیزم- لینینیزمەوە باسی مافی برِیاردانی چارەنووس دەکات تا ئاستی جیابوونەوە، بەلاّم ئەم دوو پارتە سیاسیە کوردیە هەلّگری گوتاری سەربەخۆیی و دروستکردنی دەولّەتی نەتەوە نەبوون.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لە باشوری کوردستان کۆمەلّەی مارکسی لینینی دروست دەبێت وەکو رێکخراوێکی چەپ، بەلاّم سەرباری ئەوەی کە ئەم رێکخراوە وەکو رێکخراوێکی مارکسی لینینی خۆی پێشکەش دەکات، لەراستیدا زیاتر رێکخراوێکی ماوی بوو. گوتارەکەی لەژێر کاریگەری ماویزم و لە رێگای هەندیٔ کەسایەتی چەپی ئێرانیەوە گواسترابووەوە بۆ باشوری کوردستان. ئەم رێکخراوە زیاتر رێکخراوی وردە بۆرژوای کوردی بوو، کە لەسەر شێوازی ماویزم برِوای بە پێکەوە کۆکردنەوەی خەباتی جوتیاران و کرێکاران و رۆشنبیران و خاوەن پیشە بچووکەکان هەبوو. هەرچەندە ئەم رێکخراوە وەکو رێکخراوێکی کوردی دروستبوو، بەلاّم زیاتر هەلّگری گوتارێکی پان عێراقی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەلّە چووەوە ژێر بالّی جەلالیزمەوە لە ژێر ناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، بەلاّم لەراستیدا کۆمەلّە لەچوارچێوەی یەکێتیدا و لەژێر سەرکردایەتی جەلال تالّەبانیدا بووەوە بە هەمان ئاراستەی بالّی مەکتەبی سیاسی پارتی و گوتاری ئاشکرای یەکێتی هەمان گوتاری ئەو بالّەبوو، کە خەباتی دەکرد لە پێناوی هێنانەکایەی سیستێمێکی دیموکراتی لە عێراقدا کە لە سایەی ئەو سیستێمە دیموکراتیەدا ئۆتۆنۆمی و پاشان ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکرێت.

هەرچۆن گوتاری ماوتسی تۆنگ لە خەباتی گەلی چیندا، بریتی بوو لە خەباتی هەموو پێکهاتەکانی گەلی چین بە تایبەتی جوتیارو کرێکار و کۆی بۆرژوای بچووک وەکو خەباتی رزگاری نیستیمانی دژی ئیمپریالیزمی یابانی، دەشیا یەکێتی نیشتیمانیش بە کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەلّگای داگیرکراوی کوردی خەباتی بکردایە دژی کۆلّۆنیالیستی عێراقی

بۆ رزگارکردنی کوردستانی داگیرکراو و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی کوردستان، ئەگەر هەڵگری گوتاری نەتەوەیی بوایە، یان ئەگەر پارتێکی چەپی ناسیونالیست بوایە. بەڵام یەکێتی نیشتیمانی بڕوای بە خەباتی هاوبەشی گەلانی عێراق هەبوو بە دژی سیستێمی فەرمانڕاوایی عێراق و گۆڕینی بۆ سیستێمێکی دیموکراتی. تەنانەت یەکێتی نیستیمانی نەک عێراقی وەکو دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و باشوری کوردستانی وەکو کۆلۆنی سەیر نەدەکرد، بەڵکو سیستێمی فەرمانڕەوایی عێراقی بە نادیموکراتی دەزانی و تەنانەت بە فاشیستیشی نەدەزانی و لەو رووەشەوە بە رژێمی رەفتار فاشی ناوی دەبرد. واتە لێرەوە دەردەکەوێت لە کاتێکدا لینین پشتگیری لە خەباتی رزگاری نیشتیمانی دەکرد، واتە خەباتی رزگاری گەلانی کۆلۆنیکراو دژی کۆلۆنیالیستەکان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەبەخۆ، یەکێتی نیستیمانی لەبەر ئەوەی بڕوای بەوە نەبوو کە عێراق کۆلۆنیالیستی سەر باشوری کوردستانە، بڕوای بە بزووتنەوەیەکی رزگاری نیستیمانی کوردی نەبوو کە خەبات بکات لە پێناوی جیابوونەوەدا.

کەواتە لێرەدا تێبینی ئەوە دەرکرێت گوتاری یەکێتی نیشتیمانی وەکو پارتێکی ئیلهام وەرگرتوو لە ماویزمەوە، گوتارێکی پان عێراقی هەبوو، زیاتر بڕوای بە خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد هەبوو لە پێناوی روخاندنی رژێمی رەفتارفاشی –وەکو خۆی ناوی دەبرد– و دامەزراندنی سیستێمێکی دیموکراتی کە دان بنێت بە مافی چارەنووسی گەلی کورددا بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا. هەڵبەت بەکارهێنانی چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووسیش لە گوتاری یەکێتیدا تەنیا بۆ دروشم بووە، ئەگینا کاتێ دەگوترێت مافی بڕیاردانی چارەنووس، واتە دەبێ ئازادی بە گەلی بندەست و وڵات کۆلۆنیکراو بدرێت لە راپرسی ئازاددا خۆی دەنگ بەوە بدات کە جیابوونەوەی دەوێت یان نا. بەڵام یەکێتی خۆی لە بری گەل لە بەرنامەی خۆیدا بڕیاری دابوو کە باشوری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی دیموکراتیدا بمێنێتەوە. ئەم گوتارەش هەر هەمان گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە هەردوو بەشی باشورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە داوای دیموکراتی بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەکرد کە بەهەریەک لەو دوو دەوڵەتەوە لکێندرابوون.

لێرەدا ئەوە ئاشکرایە کە نە ئەو پارتە سیاسیە کوردییانەی کە بە کاریگەری ستالینیزم دروستبوون، نە ئەو پارتە کوردیانەی وەکو کۆمەڵەی مارکسی لینینی و یەکێتی کە بە کاریگەری ماویزم دروستبوون، نە ڕێکخراوەکانی تری وەکو کۆمەڵەی ڕۆژهەڵات و نە کارگەران و نە کار.. هیچیان نەبوون بە خاوەن و هەڵگری گوتاری تەواوی کوردی بەو مانایەی کە کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیکراوەو دەبێ خەباتەکەی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی بێت لە پێناوی سەربەخۆیی و جیابوونەوەدا. هەر لەم ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین هەرچۆن لە کوردستان ناسیونالیزمی ئایینی دروستنەبوو کە ئەوەش ببێتە هۆی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئایینی کوردی لەسەر شێوەی دەوڵەتە ناسیونالیستە ئایینیە عەرەبیەکان و دەوڵەتی ناسیونالیزمی ئایینی فارسی یان ئێرانی و دەوڵەتی ناسیونالیزمی ئایینی تورکیای ئێستا، بەهەمان شێوە ناسیونالیزمی چەپی کوردیش دروست نەبوو هەتا خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لە کوردستانی کۆلۆنیکراودا پێکەوە گرێبدات لە پێناوی ڕزگاری نیشتیمانیدا لە ئاستی یەکەمداو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئاستی دووەمدا. هەتا لە سایەی ئەو دەوڵەتەشدا هەم بۆرژوای نیشتیمانی و هەم سەرمایەداری گەشە بکات کە لە بارێکی وەهادا زەمینەی ململانێ و خەباتی چینایەتی قوڵترو بەهێزتر ببێت بۆ ئەوەی چینی کرێکار ببێتە چینێکی خاوەن شوناس و شۆڕشی سۆشیالیستی بکات و سیستێمی سۆشیالیستی پێکبهێنێت.

یەکێکی تر لەو پارتە سیاسیە کوردانەی کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە باکوری کوردستان دامەزرا، پارتی کرێکارانی کوردستانە کە وەکو پارتێکی مارکسی- لینینی نەتەوەیی دامەزراو بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بوو. ئەم پارتە سیاسیە لە سەرەتای هەشتاکاندا دەستی دایە خەباتی چەکداری. لە سەرەتاوەو هەتا کۆتایی نەوەدەکان بنکە سەرەکیەکانی لە سوریا و لە ژێرسایەی دەوڵەتی سوریادا بوو. هەتا ئەو کاتەی لەژێر فشاری تورکیادا، سوریا ناچاربوو سەرکردایەتی ئەم پارتە لە وڵاتەکەی دەربکات و عەبدوڵا ئوچالانی سەرۆکی پارتەکە چووە ئەوروپاو لەوێش لەژێر فشاردا مۆڵەتی مانەوەی پێنەدراو بە ناچاری بەرەو ئەفریقا ڕۆیشت و لەناو فڕۆکەدا دەستگیرکراو لەو کاتەوە تاکو ئێستا نزیکەی بیست و دوو ساڵە لە زیندانی ئیمیراڵی دەستبەسەرە. لەدوای فشارەکانی تورکیا

لەسەر سوریا بۆ دەرکردنی پارتی کرێکاران، بنکە سەرەکیەکانی ئەو پارتەو زۆربەی هێزەکانی گواستیانەوە بۆ چیا سەختەکانی باشوری کوردستان.

لە کۆتایی نەوەدەکان و بە تایبەتی دوای دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی، پارتی کرێکاران دەستبەرداری دروشمی سەرەکی خۆی بوو کە سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوو لە کوردستانی گەورەدا. بەڵام دوای ئەوە بەرنامەکەی گۆڕی و لە بری سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، بەرنامەی ئەم پارتە بوو بە خەباتکردن لە پێناوی تورکیایەکی دیموکرات و پێکهێنانی سیستێمێکی سیاسی دیموکراتی لە تورکیادا کە تورک و کوردو هەموو نەتەوەو کەمایەتیەکانی تر پێکەوە بە ئازادی لە سایەیدا بژین. ئەمەش پاشەکشەیەکی تەواو بوو لەوەی کە چیتر پارتی کرێکاران وەکو پارتێکی چەپی ناسیونالیست بناسرێت، بەڵکو ئامانجەکەی بوو بە ئامانجی پارتێکی ناسیونالیستی مەدەنی کە هەڵگری گوتاری دیموکراتی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی تورکیا بوو. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە سەرباری گۆڕینی گوتارو بەرنامەی ئەم پارتە سەبارەت بە چارەنووسی کورد کە پێشتر مافی بڕیاردانی چارەنووس بوو کە لە جیابوونەوەدا بەرجەستە دەبوو، ئێستا بووەتە بڕیاردانی پێکەوەژیان لە تورکیایەکی دیموکراتدا. بەڵام لەگەڵ گۆڕینی بەرنامەکەی و ئامانجی خەباتکردنیدا، ئەم پارتە شێوازی خەباتی خۆیی نەگۆڕیووەو سەرباری ئەوەی کە گوتاری پێکەوەژیان و بنیادنانی تورکیایەکی دیموکراتی هەڵگرتووەو ئەوەش پێویستی بە خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی هەیە، ئەم دەستبەرداری خەباتی چەکداری نەبووە. ئەمە لە کاتێکدا قۆناغی خەباتی چەکداری پارتیزانی بەسەرچووەو هەرگیز ئەگەری ئەوەی نیە کە لە رێگای خەباتی چەکداریی و پارتیزانیەوە بتوانێت هیچ ئامانجێک بەدەست بهێنێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە پەرەسەندنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بواری خەباتی پارتیزانی تەواو تەسک کردۆتەوە. پارتی کرێکارانی کوردستان کە وەکو پارتێکی چەپی نەتەوەیی دروستبوو، خەباتی چینایەتی و خەباتی رزگاری نیشتیمانی پێکەوە گرێدابوو، لەو رووەشەوە دیارترین پارتی سیاسی چەپی کوردی بوو کە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزم بێت، بەڵام ئەویش دەستبەرداری ئەو گوتارە بوو. لەبری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی ئێستا هەڵگری گوتاری پان

تورکیاییه، واته گوتارێک که داوای بنیادنانی تورکیایه‌کی دیموکراتی ده‌کات که تورکیای هه‌موو نه‌ته‌وه‌و پێکهاته پێکهێنه‌ره‌کانی بێت.

نه‌ک هه‌ر ئه‌وه‌ش، به‌ڵکو ئیستا پارتی کرێکارانی کوردستان داوای یه‌کێتی و پێکه‌وه‌ژیانی گه‌ل و نه‌ته‌وه جۆراوجۆره‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست ده‌کات به عه‌ره‌ب و تورک و فارس و کورده‌وه له‌گه‌ڵ چاره‌سه‌رکردنی کۆی کێشه‌کانی ناوچه‌که و دروستکردنی کۆمه‌ڵگایه‌کی دیموکراتی ئازاد له ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌ت و بنیادنانی سیاسه‌ت و ئابووری و سوپای سه‌ربه‌خۆو سه‌روه‌رییه‌کی ئه‌وتۆ بۆ رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست که بتوانێت به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئه‌م ناوچه‌یه بپارێزێت. لێره‌وه ده‌رده‌که‌وێت که ئێستا پارتی کرێکارانی کوردستان وه‌کو هه‌ڵگری پرۆژه‌ی رزگارکردنی هه‌موو رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست خۆی نمایش ده‌کات. ئه‌مه‌ش به‌جۆرێکی تر ده‌ربڕینه له پرۆژه‌یه‌کی نانه‌ته‌وه‌یی، به‌ڵکو پرۆژه‌یه‌کی نێونه‌ته‌وه‌ییه، هاوشێوه‌ی پرۆژه یان گوتاری پارته کۆمۆنیسته‌کانی کرێکاران که چۆن پێیانوایه کرێکاران نیشتیمان و نه‌ته‌وه‌یان نیه‌و خه‌باتی کرێکاران له هه‌موو شوێنێک هه‌مان خه‌باته‌و دژی سیستێمی سه‌رمایه‌دارییه. خه‌باتی پارتی کرێکارانیش له‌هه‌ر کام له وڵاتانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست بێت خه‌باته دژی سیستێمه سیاسیه نادیموکراتیه‌کان. خه‌باتی کرێکاران له پێناوی بنیادنانی سیستێمی سۆشیالیستیدایه، به‌ڵام خه‌باتی پارتی کرێکاران له پێناوی سیستێمی دیموکراتی ئازاددایه، نه‌ک هه‌ر له تورکیادا به‌ڵکو له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا.

که‌واته لێره‌دا به ئاشکرا دیاره پارتی کرێکاران به خۆیی و وێنه دروستکراوه‌کانیه‌وه له به‌شه‌کانی تری کوردستاندا که بریتین له پارتی ژیانی ئازادی له رۆژهه‌ڵات و پارتی چاره‌سه‌ری دیموکراتی له باشورو پارتی یه‌کێتی دیموکرات له رۆژئاوا که وه‌کو چه‌پی نه‌ته‌وه‌یی دروستبوون و هه‌ڵگری به‌رنامه‌ی رزگاری نیشتیمانی کوردستان بوون، ئێستا له ئاستی یه‌که‌مدا هه‌ڵگری گوتاری دیموکراتی گه‌لانن بۆ هه‌ریه‌که له‌و چوار ده‌وڵه‌ته‌ی که کوردستانیان به‌سه‌ردا دابه‌شکراوه‌و له راستیدا داگیرکه‌ری کوردستانن. له ئاستی دووه‌میشدا هه‌ڵگری گوتاری دیموکراتی و ئازادین بۆ رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست و فراونکردن و پته‌وکردنی په‌یوه‌ندیه‌کان له رۆژهه‌ڵاتی

ناوەڕاستدا، واتە لە نێوان چوار نەتەوە سەرەکیەکەی ناوچەکەدا. هەڵبەت ئەم گوتارەش نەک هەر لە بەرژەوەندی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی نیە کە گەوهەرەکەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی و بنیادنانی نەتەوەیە، بەڵکو بە ئەندازەی گوتاری ئایینی نێونەتەوەیی و گوتاری پارتە کۆمۆنیستەکان کە پێکەوەژیانی کوردو نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب و تورک و فارس بووە زیان لە کورد دەدات.

لێرەوە دەردەکەوێت کە نەک هەر ناسیونالیزمی چەپی کوردی نەبووەتە خاوەنی گوتاری تەواوی ناسیونالیزم، بەڵکو ناسیونالیزمی چەپی کوردی نەبووەتە خاوەنی گوتارێکی پێناسەکراو کە بە خواست و داواکارییەکانی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو بارگاوی کرابێت. بەڵکو ئاراستەی چەپ بە گشتی هاوشێوەی ئاراستەی ئایینی و گوتاری ئایینی لە هەوڵی دروستکردنی یەک نەتەوەدا بووە لە کۆی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو بوونەتە کۆلۆنیالیستی کوردستان. کە گوتارێکی لەمجۆرەش دژو ناکۆکە لەگەڵ گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا کە گەوهەرەکەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە لەسەر خاکی کوردستان و لەوێشەوە بنیادنانی نەتەوە دەستپێدەکات.

# سەرچاوەکان


1. Wikipedia.
2. Ninni, Ephraim: Marxism and Nationalism: Theoretical origins of Political Crisis. London, Pluto Press, 1991, p.21.

٣. ئۆمـۆت ئۆزکریملـی- تیۆرەکانـی ناسـیونالیزم- ، وەرگێرانـی عەبدوڵای رەسـوڵی، هەولێر، ٢٠٢٠، ل.٦١-٦٢.

4. Ninni, Ephraim, Marxism and Nationalism: Theortical Origins of Political Crisis, p.33.

٥. ئۆمۆت ئۆزکریملی- تیۆرەکانی ناسیونالیزم، ل ٦٤.

٦. ئۆمۆت ئۆزکریملی، تیۆرییەکانی ناسیونالیزم، ل٦٥.

٧. ئۆمۆت ئۆزکریملی، تیۆرییەکانی ناسیونالیزم، ل ٦٥.

٨. ف. لینیـن، المسـآله القومیـه- مختـارات المجلد الخامـس- ترجمـه دارالتقدم- موسـکو، ص ١٦٦-١٦٧.

٩. ف. لینین، المسآله القومیه، ص١٧٠.

١٠. ف. لینین، نفس المصدر، ص ١٧٣.

١١. ج. ستالین، المارکسیه والمسآله القومیه، ص ٢٧.

١٢. ف. لینین، الثوره الاشتراکیه و حق الامم فی تقریر مصیرها، ص ٥٤.

١٣. ف. لینین، المسآله القومیه، ص ١٦٧.

# بەشی هەشتەم

## ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم

سەرەتا: بۆ ئەوەی بتوانین سەبارەت بە ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم یان دژە کۆڵۆنیالیست بدوێین، باشتر وایە بە کورتی چەند قسەیەک لە سەر کۆڵۆنیالیزم و کۆڵۆنیالیست بکەین. کەواتە با بپرسین کۆڵۆنیالیزم چیە؟ کۆڵۆنیالیزم بریتیە لە سیاسەت و پیادەکردنی دەسەڵاتێکی بەهێز بۆ فراونکردنی ناوچەی- قەڵەمڕەوی- دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەتەوە یان گەلێکی بێ هێزدا[1]. ئەم وشەیە لە وشەی لاتینی کۆڵۆنیا وەرگیراوە کە بەمانای ناوچەیەک دێت کە خەڵکی هاونەژاد یان هاوپیشەی تیادا نیشتەجێبن، یان تیایدا دەژین، بەڵام لە کۆندا بەو ناوچەیە وتراوە کە خەڵکی بێگانەی تیادا نیشتەجێ بوون. بەم پێیە کۆڵۆنیالیزم بریتیە لە دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی رووبەرێکی جوگرافی کە خاک یان نیشتیمانی نەتەوە، یان گەلێکە، بەڵام لە لایەن دەوڵەتێکی دەسەڵاتدارەوە داگیردەکرێت، واتە دەکرێت بە کۆلۆنی. دەشێ ئامانجی سەرەکی لە پشتی ئەم پرۆسێسەوە ئامانجی ئابووری بێت بەر لە هەر ئامانجێکی تر یان بە دەربڕینێکی تر هەموو ئامانجەکانی تر پاساوبن لە پێناوی ئامانجی ئابووریدا.

بێگومان ئاشکرایە کە دوو قۆناغ سەبارەت بە داگیرکردنی وڵاتان لە لایەن دەوڵەتانی بەهێزەوە جیا دەکرێنەوە. قۆناغی ئیمپراتۆرێتە خێڵایەتی و ئایینی و فیودالیەکان، کە پەلیان بەهەموو لایەکدا کێشاوەو شوێنانی تریان داگیرکردووە کە لە رووی زانستیەوە ناکرێت بە قۆناغی کۆڵۆنیالیزم ناوببرێت. ئیمپراتۆرێتی

گریکی و رۆمانی و ئاشوری و ئەکەدی و بابلی و فیرعەونی و فارسی کە خەریکی داگیرکردنی وڵاتان بوون و ئەوەش بووەتە هۆی ناکۆکی بەردەوام و شەڕو پێکدادان لە نێوان ئەو ئیمپراتۆریەتانەی هاوکاتی یەکتری بوون. قۆناغی دووەم کە بە کۆلۆنیالیزم یان کۆلۆنیالیزمی هاوچەرخ ناودەبرێت کە لە سەدەی پانزەیەمەوە دەستپێدەکات. کە دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزمی نویٔ لەگەڵ گەڕان بەدوای دۆزینەوەو ئاشکراکردنی شوێنە نەدۆزراوەکانی گۆی زەویداو لەگەڵ سەرهەڵدانی رێنیسانسدا دەستی پێکرد. پورتوگالیەکان و ئیسپانیەکان و هۆڵندیەکان و ئینگلیزەکان و فەڕەنسیەکان لە سەدەی پانزەوە پەلیان بە ئاراستەی جیاجیا هاوێشت بۆ داگیرکردنی وڵاتان. پورتوگالیەکان لە کۆتایی سەدەی پانزەدا گەیشتنە کەنارەکانی هیند و پاشان گەیشتنە ئەفەریقا. هۆڵندیەکان لە کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا گەیشتنە ئەمەریکا. بەریتانیا لەسەرەتای سەدەی حەڤدەدا کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندی دامەزراندو لە ناوەڕاستی هەمان سەدەدا گەیشتە ئەمەریکا. فەڕەنسا لە ساڵی ١٦٦٤دا کۆمپانیای رۆژهەڵاتی دامەزراند کە کاریان زەمینەسازی بوو بۆ داگیرکردنی وڵاتان. بەڵام دواتر بەریتانیەکان شکستیان بە کۆمپانیا فەڕەنسیەکە هێنا. پاشان فەڕەنسا بە سەرۆکایەتی ناپلیۆن لە سالی ١٧٨٩دا گەیشتە میسرو لە ساڵی ١٨٥٧دا جەزائیری داگیرکرد. ئیتالیا ساڵی ١٩١٤ لیبیای داگیرکرد، بەریتانیا دوای جەنگی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨دا، عێراقی بەتەواوی داگیرکرد و فەڕەنسا ١٩٢٠ شامی داگیرکرد. ئەم شوێنانەو دەیان شوێنی تر لە لایەن کۆلۆنیالیستانی ئەوروپاو روسیاو یابان و پێشتریش لە لایەن ئیمپراتۆریتی نەمساوی و قەیسەری و عوسمانیەوە داگیرکران. هەروەک ناوهێنانی ئیمپراتۆریتی نەمساوی و قەیسەری و عوسمانی و سەفەوی و قاجاری بە کۆلۆنیالیزم دیسان بەپێی پێناسەی کۆلۆنیالیزم لەجێی خۆیدا نیە، هەربۆیە ئێمە وەکو داگیرکەر ناومان هێناون بەڵام بەو مانایە نا کە کۆلۆنیالیستی نویٔ هەڵیدەگرێت. کەواتە پرۆسێسەکانی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە، کە وەکو گوتمان کۆلۆنیالیزم بە مانای دەسەڵاتکردنی دەوڵەتێکی بەهێزە بەسەر دەوڵەت یان وڵات یان خاکی نەتەوە یان پێکهاتەیەکی تری لە خۆی لاوازتردا، کە لەو پرۆسێسەدا خاک داگیردەکرێت، نەتەوە سەرکوت دەکرێت، ئابوورییەکەی بەتاڵان دەبرێت،

کەسێتی تێکدەشکێنرێت، داب و نەریت و کەلتورو کەلەپورەکەی تێکدەشکێنرێت و زمانەکەی لەناودەبرێت و لە رووی مەعنەویەوە هەرەسی پێدەهێنرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆلۆنیالیست وانیشان دەدات کە ئەو شارستانێتی و پێشکەوتن بۆ نەتەوەو گەل و کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەهێنێت.

وەکو لەسەرەوە باسکرا، کۆلۆنیالیزم داگیرکردنی جوگرافیایەکی دیاریکراوی نەتەوەیەکی دواکەوتوو یان لاوازە لە لایەن نەتەوەیەکی بەهێزەوە یان لە لایەن دەوڵەتی بەهێزی نەتەوەیەکی ترەوەو کە دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، ئەم داگیرکردنەش چەند جۆرێکی هەیە. لەوانەش داگیرکردن یان کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێبوون، کە لەم جۆرەدا، دەوڵەتی کۆلۆنیالیست هانی دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی دەدات بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ دەوڵەتی یان وڵاتی کۆلۆنیکراو و لەوێ نیشتەجێ ببن، واتە لەسەر خاکی نەتەوەی کۆلۆنیکراو و لەسەر خاکی دانیشتوانە رەسەنەکەی ئەو خاکە جێگیر ببن. ئەوەش دەبێتە هۆی ئاوارەکردنی دانیشتوانی رەسەن و هەندێجار بە کوشتن و بڕین و لەناوبردن لەسەر خاکی خۆیان دەردەکرێن. کە هۆڵندیەکان لە چارەکی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەمدا چوونە ئەمەریکا، هیندیە سورەکانیان لە شوێنەکانی خۆیان دەرکردو خۆیان لەوێ لە شوێنەکانی ئەوان نیشتەجێبوون. دوای ئەوانیش بەریتانیەکان کە گەیشتنە ئەمەریکا هەم هۆڵندیەکانیان دەرکرد کە داگیرکەر بوون و هەم هیندیە سورەکانیان لەسەر زێدی خۆیان دەرکردو خۆیان لە شوێنی ئەواندا نیشتەجێبوون. هەروەها کاتێ هۆڵندیەکان گەیشتنە باشوری ئەفەریقا لەوێ نیشتەجێبوون و دەستیان گرت بەسەر خاکی هاووڵاتیە رەسەنەکاندا.

ئاشکرایە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارسیدا بوو. لە دوای جەنگ بە بڕیاری دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست کوردستانی ژێر سایەی قەڵەمڕەوی عوسمانی بەسەر سێ دەوڵەتی نوێدا دابەشکرا، بەڵام پرۆسێسی کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێکردن لە لایەن کۆلۆنیالیستی عێراقی و سوریاوە لە کوردستاندا لە چارەکی دووەمی سەدەی رابردووەوە دەستپێکردووەو تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئەو پرۆسێسەش لە رێگای بەعەرەبکردنەوە ئەنجام دەدرێت. واتە نیشتەجێکردنی عەرەب لەسەر خاکی کوردو دەرکردنی کوردەکان کە

دانیشتووی رەسەنی سەر ئەو خاکەن. دەرکردنی کورد لە کەرکوک و خانەقی و مەخمورو شەنگال و هێنانی عەرەب بۆ سەرخاکی کورد لە رۆژئاوای کوردستان نموونەی دیاری کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێبوونە لەسەر خاکی کورد، کە ئامانجی سەرەکی گۆڕینی شوناسی ئەو جوکرافیایەیە کە لە راستیدا خاکی کوردستانە، تا بکرێت بە خاکی عەرەب، کە هۆکاری سەرەکیش بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی، هۆکاری ئابووریە چونکە ئەو ناوچانەی کوردستان لە رووی سەرچاوە سروشتیەکانەوە هێجگار دەوڵەمەندن.

کۆلۆنیالیزمی سەربازی کە مەبەست ئەوەیە دەوڵەتێکی بەهێز لە رووی سەربازیەوە دەوڵەتێکی تر کە لە خۆی لاوازترە داگیردەکات، واتە لە رێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازیەوە دەوڵەتێکی بەهێز هێرش دەکاتە سەر خاکی گەلێک یان نەتەوەیەکی ترو داگیری دەکات. بۆ نموونە داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە، داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن فەرەنساوە، داگیرکردنی لیبیا لە لایەن ئیتالیاوە.

کۆلۆنیالیزمی پارێزەر یان پاراستن کە لەم جۆرەیاندا دەوڵەتی کۆلۆنیالیست دەسەڵات بەسەر دەوڵەتێکی تردا دەکات و فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتە یان ئەو وڵاتە ناچاردەکات بۆ دانانان بە پێویستبوونی ئەوی داگیرکەرداو ناچارکردنی بۆ واژوکردنی رێکەوتن و پەسەندکردنی ئەوی داگیرکەر وەکو پارێزەری خۆی. ئەوی داگیرکەر وای نیشان دەدات کە ئامانجی ئەو پاراستنی گەلی کۆلۆنیکراوە لە داگیرکەرانی تر. کاتێ بەریتانیا لە رێگای کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندەوە، هەنگاو بەهەنگاو دەستی بەسەر هیندا گرت، لە تەنیشتەوە فەرەنساش کە کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندی دروستکردبوو بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر هینددا هەما مەبەستی کۆلۆنیالیستی بەریتانیای هەبوو، بەڵام بەریتانیا رێگای بە فەرەنیسەکان نەدا بچنە ناو هیندەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم پارێزەری ئەو وڵاتەیە. ئاشکرایە نە هیندو نە هیچ وڵاتێکی تر داوایان لە کۆلۆنیالیستەکان نەکردووە کە بیانپارێزن، چونکە ئەوە شتێکە لە دەرەوەی لۆجیک کە دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک داوا لە داگیرکەرێک بکات بێتە ناو وڵاتەکەیەوەو دەستبگرێت بەسەریدا. بە تایبەتی لەم جۆرەی کۆلۆنیالیزمدا دەوڵەتی کۆلۆنیالیست هەنگاو بە هەنگاو لە رووی سیاسی و ئابووری و سەربازی و بەڕێوەبردنەوە ئەو وڵاتە داگیردەکات.

جۆرێکی تر لە کۆلۆنیالیزم ئەوەیە کە بە ئینتیداب ناودەبرێت. بێگومان پێش سەپاندنی ئینتیداب، کۆلۆنیالیست پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردنی ئەنجام داوە کە زیاتر کۆلۆنیالیکردنی سەربازی بووە. واتە لە ڕێگای هێرشی سەربازییەوە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست، دەوڵەتێک یان وڵاتێکی تری داگیرکردووەو پاشان لەبری درێژەدان بە کۆلۆنیالیکردنی سەربازی، ئینتیداب بەسەر وڵاتی کۆلۆنیکراودا دەسەپێنرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی سەربازی کۆلۆنیالیست دەمێنێتەوە، وەکو پێویستیەک بۆ سەپاندن و جێبەجێکردنی ئینتیداب. لەم جۆرەی کۆلۆنیالیزمدا، دەوڵەتی کۆلۆنیالیست بەشێک لە سامانی وڵاتی کۆلۆنیکراو دەبات بە پاساوی پاراستن و بەگەڕخستتن و وەبەرهێنانی ئەو سامانە بۆ گەشەپێدانی وڵاتی کۆلۆنیکراو. بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا دەوڵەتی کۆلۆنیالیست دەسەڵات بەسەر وڵاتی کۆلۆنیکراو و کۆی سامان و سەرچاوەکانی ئابووریدا دەکات. بۆ نموونە سەپاندنی ئینتیدابی بەریتانی بەسەر عێراق و فەلەستینداو ئینتیدابی فەڕەنسی بەسەر شامدا.

شێوازێکی تری کۆلۆنیالیزم کە نزیکە لە ئینتیداب و ناودەبرێت بە کۆلۆنیالزمی چاودێریکردن، کە تیایدا دەوڵەتی کۆلۆنیالیست دەسەڵات بەسەر وڵاتێک یان دەوڵەتێکدا دەکات و بەئارەزووی خۆی دەستی بەسەردا دەگرێت و خاکەکەی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بە تایبەتی ئەو دەوڵەت و وڵاتانەی کە لە جەنگدا داگیر دەکرێن، سامان و ئەوەی هەیانە دەخرێنە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو بەمەش وڵاتەکە لە رووی یاساییەوە سەروەرێتی کەم دەکرێتەوەو دەکرێتە وڵات یان دەوڵەتێکی ناتەواو لە ڕووی سەروەرییەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو چاودێری لێ دێت بەسەرییەوە. دوای ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکو دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیست لەگەڵ هاوپەیمانە کۆلۆنیالیستەکانی تریدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراقیان داگیرکرد، خۆیان وەکو فەرمانڕەوای دەسەڵات رەهای وڵاتەکە وابوون و لەپاڵ ئەوەشدا عێراق وەکو دەوڵەتێکی کۆلۆنیکراو خرایە ژێرچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. واتە عێراق خرابووە ژێر چاودێرییەوە بە پێی مادەی حەوت کە ئەوەش مانای ناتەواوی و کەمی سەروەرێتی دەوڵەتی عێراقی بوو. جۆرێکی تری کۆلۆنیالیزم بریتیە لە کۆلۆنیالیزمی کەلتوری کە دەوڵەتی کۆلۆنیالیزم هێرشێکی هەمەلایەن و گشتگر دەکاتە سەر کەلتوری نەتەوە یان

وڵاتی کۆڵنیکراو، واتە هێرش دەکاتە سەر زمان و ئەدەب و بیرو باوەڕو داب و نەریت و بەها مەعنەوی و ڕۆحی و مادییەکانی ئەو وڵاتە یان ئەو نەتەوەیەو هەوڵی تێکشکاندن و لەناوبردنیان دەدات. لەبری ئەوانە هەوڵدەدات زمان و ئەدەب و داب و نەریت و کۆی ڕەگەزەکانی کەلتوری خۆی بەسەر گەلی کۆلۆنیکراودا بسەپێنێت. دەوڵەتی کۆلۆنیالیست لە ڕێگای کردنەوەی ناوەندی خوێندن و ئایینی و ڕۆشنبیرییەوە هەوڵدەدات نەوەکانی نەتەوەی کۆلۆنیکراو بە کەلتوری خۆی پەروەردە بکات و بیانکاتە شوێنکەوتووی کەلتوری خۆیی و بەتەواوی لە کەلتوری ڕەسەنی خۆیان جیایان بکاتەوە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی ڕۆحی و مەعنەوی بۆ نەوە نوێیەکانی نەتەوەی کۆلۆنیکراو و سەرئەنجام ئەوەش کاریگەری ئاشکرای دەبێت لەسەر کەسێتی نەتەوەییان بە جۆرێک لە ڕووی نەتەوەییەوە کەسێتیەکی لاوازی تێکشکاویان بۆ بەرهەم دێت و وابەستەبوونیان دابەش دەبێت لە نێوان پەیوەستبوون بە رابردووی خۆیان و نەتەوەکەیانەوەو پەیوەستبوون و شوێنکەوتنی کەلتوری کۆلۆنیالیست. کۆلۆنیالیستی ئینگلیزی لە ئەمەریکاو ئوسترالیاو تەنانەت لە هیند لە پاڵ جۆرەکانی تری کۆلۆنیلیزمدا، کۆلۆنیالیکردنی کەلتوریی پیادە کرد. لە کاریگەرترینی هەنگاوەکانی کۆلۆنیالیکردنی کەلتوری سەپاندنی زمانی ئینگلیزی بوو بەجۆرێک زمانی ئینگلیزی بووە زمانی فەرمی ئەو وڵاتانەو ئەوە بۆ دوای رزگاربوونی نیشتیمانیش هەر بەردەوام بوو.

فەڕەنسیەکان لە جەزائیر جۆرێک لە کۆلۆنیالیکردنی کەلتورییان پیادە کرد، کە هەتا ئیستاش شوێنەواری ئەو پرۆسێسە بەئاشکرا لەسەر گەلی جەزائیر ماوەتەوەو دەشێت کەریگەرییەکانی بۆ ئەو وڵاتانەی فەرەنسا کۆلۆنیکردون لایەنی نەرێنی و ئەرێنیشی هەبێت. کۆلۆنالیستانی عەرەب و تورک و فارس بەهۆی دەسەڵاتی سیاسیانەوەو بەهۆی ئایینی ئیسلامیشەوە بە درێژایی ئەو مێژووەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، کەلتوری کوردییان کۆلۆنیکردووەو کەلتوری خۆیانیان کردۆتە جێگرەوەی. ڕێگاگرتن لە پەرەسەندنی زمانی کوردی و ڕێگانەدانیان بە کورد بۆ خوێندن بە زمانی خۆیی و سەپاندنی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی لە خوێندنداو لە هەموو کاروبارێکی فەرمیداو هەوڵدانی تێکشکاندنی داب و نەریت و کەلەپورو فۆلکلۆرو ئەفسانەو گۆرانی و مۆسیقاو بەندو بێژەو قسەی نەستەق و هەموو پانتایی ڕۆحی و

مەعنەوی کوردی خاسێتی ئەو کۆلۆنیالیکردنەی کەلتوری کوردی بووە لە لایەن داگیرکەرانی سێ نەتەوەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستانەوە. دیارە ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی بۆ هەتاهەتایە کورد بە کۆلۆنیکراوی لەسایەی ئەوانی کۆلۆنیالیستدا بمێنێتەوەو بەم کارە درێژخایەن و بەردەوامانەشیان هەوڵیانداوە هەموو ئەو توخم و رەگەزە ئێتنیکی و نەتەوەییانەی کورد تێکبشکێنن و لەناویان ببەن کە دەبنە پایە سەرەکیەکانی رابوونەوەو رێنیسانسی نەتەوەیی کوردی، کە ئەو رێنیسانسەش پەیوەندییەکی توندو بەهێزی بە دەرکەوتن و پێگەیشتنی ناسیونالیزمی کوردیەوە هەیە کە بە ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم ناودەبرێت.

بۆیە لەم پێشەکیەدا باسی جۆرەکانی کۆلۆنیالیستمان کرد، چونکە بە بێ زانینی ئەوەی کۆلۆنالیزم چیەو چۆن و بە چ شێوەیەک وڵاتانی کۆلۆنی کردووەو ئامانجی راستەقینەی ئەو کۆلۆنیالیکردنە چیەو شێوەکانی کۆلۆنیالیزم چین، ناتوانین باسی کاردانەوەی کۆلۆنیکراو بکەین. کەواتە لێرەدا دوانەیەک ئامادەبوونیان هەیە کە دووانەی کۆلۆنیالیست\ کۆلۆنیکراو، کە پێشتر ئەم دووانەیە لە رێگای چەند دووانەیەکی ترەوە گوزارشتی لێکراوە، وەکو دووانەی رۆژئاوا\ رۆژهەڵات، شارستانێت\ دواکەوتن، پێشکەوتوو\ سەرەتایی، خوێندەواری\ پێش خوێندەواری، ناوەند\ پەراوێز، کە دواتر ئیدوارد سەعید لە تیۆرییەکەیدا بە ناوی رۆژهەڵاتناسی زیاتر لە دووانەی رۆژئاوا\ رۆژهەڵاتدا زەقی کردۆتەوە، بەو مانایەی کە رۆژئاوای کۆلۆنیالیست چۆن سەیری رۆژهەڵاتی دواکەتوو دەکات و داگیری دەکات و دەیکات بە کۆلۆنی، بە مەبەستی ژێردەستەکردنی و سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەریدا، بۆ ئەوەی رێگا لە پەرەسەندن و پێشکەوتن و هوشیاربوونەوەی بگرێت و بە ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت و سامان و داهاتی بە تاڵان ببات و بۆ هەتاهەتایە لەو بارەدا بیهێڵێتەوە، کە ئەمەش سەرباری ئامانجە ئابوریەکە، دەرئەنجامی روانینی خۆ بە بەرززانینی رۆژئاواو بەبچووک زانین و بە بچووک سەیرکردنی رۆژهەڵات یان ئەوی پەراوێزو دەرەوەی رۆژئاوایە.

لێرەوە لە بەرامبەر پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردن و کۆلۆنیالیستدا کاردانەوەی گەلی کۆلۆنیکراو دەردەکەوێت، کە ئەویش لە شێوەی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانیدا دەبێت. ئایا شوێن و پێگەو دەوری ناسیونالیزم لەم بزووتنەوە

رزگاریـە نیشـتیمانیەی دژی کۆلۆنیالیزمـدا چۆنـەو لە کوێدایە؟ سـەرەتاش دەبێ بارودۆخـی دوو جـۆر کۆمەڵگای کۆلۆنیکراو لە یەکتـر جیابکەینەوە. بارودۆخی ئـەو نەتـەوەو کۆمەڵگایانـەی کـە دەوڵەتـی خۆیانیـان هەبـووەو وەکـو دەوڵـەت کۆلۆنیکـراون، لەگـەڵ بارودۆخـی ئـەو نەتـەوەو کۆمەڵگایانـەی کـە کۆلۆنیالیسـت دەوڵەتـی بـۆ دروسـتکردون. هـاوکات لەگـەڵ بارودۆخـی ئـەو نەتەوانـەی کـە کۆلۆنیالیسـت دابەشـیکردون بەسـەر چەنـد دەوڵەتێکـی تـری سـەربەخۆدا، یـان کۆلۆنیکـراودا بـۆ ئـەوەی بیانـکات بـە کەمینـەو بیانکاتـە بەشـێک لـە دەوڵەتـی کۆلۆنیکـراو بـەو مەبەسـتەی یـەک گەلیـان لـێ پێکبهێنێـت بـە نـاوی ئـەو وڵاتـەوە کـە ئـەو کۆلۆنیکردووە. بـۆ نموونـە وەکـو دابەشـکردنی کـورد بەسـەر ئێـران و تورکیـا و عێـراق و سـوریادا بـە مەبەسـتی پێکهێنانـی گەلـی تـورک، گەلـی ئێـران و گەلـی عێـراق و گەلـی سـوریا. ئەمـەش دواتـر رێـگا خۆشـکەربووە بـۆ ئـەوەی کـورد دووجـار کۆلۆنیکـراو بێـت. بـۆ نموونـە عێـراق خـۆی کۆلۆنیکـراوە لـە لایـەن بەریتانیـاوە، لێرەدا باشـوری کوردسـتان لەگـەڵ عێراقـدا کۆلۆنیکراوە. لـە لایەکـی تریشـەوە ئـەو دەوڵەتـەی بـە نـاوی عێراقـەوە کـە کۆلۆنیالیسـتی بەریتانـی دروسـتیکرد، بـوو بـە کۆلۆنیالیسـتی باشـوری کوردسـتان. کـورد لـە لایـەک لـە بزووتنـەوەی رزگاری نیشـتیمانی عێراقـدا دژی کۆلۆنیالیسـتی ئینگلیـز بەشـداربووە، لەلایەکـی تریشـەوە خـۆی خەباتـی رزگاری نیشـتیمانی کـردووە بـۆ رزگاربـوون لـە دەوڵەتـی کۆلۆنیالیسـتی عەرەبـی عێراقـی. کەواتـە لێرەوە هـەم ئاڵۆزییـەک لـە خەباتـی رزگاری نیشـتیمانی کوردیـدا دروسـت دەبێـت، هـەم دابەشـبوون و هـەم زیاتـر لـە دوژمنێکـی دەبێـت. لەسـەر ئـەم بنەمایـە چەمکێکـی تـری کۆلۆنیالیـزم بـە گوێـرەی کـورد دەردەکەوێـت کـە دەشـێ بـە کۆلۆنیالیزمـی ناوخـۆ ناوببرێـت.

هەنـدێ بۆچوونـی لەوجـۆرەش دەبیسـترێت کـە دەسـەڵاتکردن و هەژموونـی دەوڵەتانـی تـورک و ئێـران و عێـراق و سـوریا بەسـەر کوردسـتانەوە بـە دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیسـت نازانێـت و کوردسـتان وەکـو بـەش و پێکهاتـەی ئـەو دەوڵەتانـە سـەیر دەکات، کـە ئـەوەش تەنیـا روانینـی ناسیونالیسـتەکانی عـەرەب و تـورک و فـارس نیـە، بەڵکـو بەشـێک لـە کوردیـش بەهـۆی لاوازی هوشـیاری نەتەوەییانـەوە رای لـەم جۆرەیـان هەیـە. لـە سـادەترین پێناسـەی کۆلۆنیالیزمـەوە دەردەکەوێـت کـە ئـەم بۆچوونانـە ناتـەواو ئاوەژوون.. کۆلۆنیالیـزم بریتیـە لـە سیاسـەت و

پیادەکردنی دەسەڵات و فراوانکردنی هەژموونی – دەوڵەتێک- بەسەر گەلانی لاوازتردا[٢]. کۆلۆنیالیزم بریتیە لە سیستێم یان سیاسەتی نەتەوەیەک کە هەوڵی فراوانکردن یان بەدەستهێنانی دەسەڵاتی خۆی دەدات بەسەر گەلان یان شوێنانی تردا[٣]. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا بە ئاشکرا دیارە کە ئەم دەوڵەتانە کۆلۆنیالیستن لەسەر کوردستان و کوردستانیش تەنیا وڵاتێکی کۆلۆنیکراو نیە بەڵکو دابەشکراو و کۆلۆنیکراوە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا و لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوە.

کۆمەڵناسی ناوداری تورک، ئیسماعیل بێشکچی دوو جۆر لە کۆلۆنی دیاری دەکات، کە بریتین لە کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنی. ئەو دەڵێت: کۆلۆنی- کۆلۆنیکراو- بریتین لەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەم بارەدا ئەو دەوڵەتە سەرمایەداریە کە گەیشتووەتە قۆناغی فراونخوازی و سروشتی ئیمپریالیزمی وەرگرتووە، ئابووری ئەم کۆمەڵگا نەریتیە کە توانیویێتی هەژموونی خۆیی بەسەردا بسەپێنێت، دەبەستێت بە ئابووری خۆیەوە بەجۆرێک ئابوری کۆلۆنیکراو دەکات بە ئابوورییەکی پاشکۆ. بۆ ئەوەی لە رووی سیاسیەوە کاری بەکاربردنی ئاسان بێت. هەروەها ئەم دەوڵەتە -کۆلۆنیالیستە- شێوازی رێکخستنی سیاسی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەپێنێت کە کۆلۆنیکردووە. گومانی تێدا نیە ئەم رێکخستنە سیاسیە سەپێندراوە سەرتاپا بەرهەمی دەوڵەتە ئیمپریالیەکەیە، واتە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست. بەمشێوەیە کۆلۆنی لە رووی سیاسی و بەڕێوەبردن و سەربازی و کەلتوریەوە ملکەچ دەبێت بۆ دەوڵەتی ئیمپریالیزم- کۆلۆنیالیزم-. لە میانەی ئەم شێوە رێکخستنەوە، ئامرازەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و بەڕێوەبردنی ئەو بەسەر کۆلۆنیەکەدا دەسەپێنرێت. بەرپرسانی ئەم ئیدارانە ناودەبرێن بە حاکمی گشتی و کۆمیسەر و سەرپەرشتیارو حاکمی سەربازی. ئەم جۆرە رێکخستنە لە وڵاتێکدا پیادەی دەسەڵاتی خۆی دەکات کە پێشتر سنوری چەسپاوی هەبووە. بەم واتایە دەتوانین ئەم رێکخستنە بە دەوڵەتی کۆلۆنی وەسف بکەین[٤]. بێگومان ئەمە سروشتی کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیکراو ئاشکرادەکات، لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی کە دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست لەبەریان گرتوون بۆ کۆلۆنیکردنی وڵاتانی ترو سەپاندنی دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتان یان گەل و

نەتەوە لاوازەکاندا. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو گەل و نەتەوانەی کە بەم جۆرە کۆڵۆنیکراون، خاوەنی جوگرافیایەکی سنوور دیاریکراو بوون، ئەگەرچی نەشگەیشتبنە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەسەر بنەمای ئەو سنوورە دیارکراوانە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست شێوازێکی بەڕێوەبردنی بەسەر ئەو وڵات یان جوگرافیایانەدا سەپاندووە کە شێوەی دەوڵەتی کۆڵۆنیکراویان وەرگرتووە. لە نموونەی دەوڵەتانی کۆڵۆنیکراو هیند، مالیزیا، سیلان، بۆرما، کینیا، ئۆگەندا.. لە لایەن بەریتانیاوە. جەزائیر، تونس، مەغریب، غانا، مۆریتانیا لە لایەن فەرەنساوە، ...تاد.

ئەگەر سەرنجی هەریەک لەم وڵاتانە بدەین کە لەسەرەوە وەکو دەوڵەتی کۆڵۆنیکراو ناویان هێنرا، ئەوا دەبینین هەریەکەیان سنوری چەسپاوی خۆیی هەبووە لە کاتی کۆڵۆنیکردنیدا. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە بۆچی لە ریزی ئەو دەوڵەتە کۆڵۆنیکراوانەدا ناوی وڵاتانی رۆژئاوای ئاسیا نەهاتووە. بێگومان راستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە باسی پێکهاتنی کۆڵۆنی یان کۆڵۆنیکراوەکانی سەدەی نۆزدەو تا دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەین کە هێشتا لەم رووبەرە فراوانەی رۆژئاوای ئاسیاو بەشێک لە ئەورپاش ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دەسەڵاتدار بوو. لە دوای شکستی ئەم ئیمپراتۆرێتەو هەڵوەشاندنەوەی لە دوای جەنگی یەکەم، دەوڵەتانی رۆژئاوای ئاسیا لە لایەن کۆڵۆنیالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنساوە وەکو دەوڵەتی کۆڵۆنی دروستکران، ئەگینا لە سەردەی دەوڵەتی عوسمانیدا بەشێک بوون لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی. واتە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا سنووری سیاسی لە نێوان عەرەب و کوردو تورکدا نەچەسپابوو. وڵاتی کوردو عەرەبی ئاسیا  بە بەشێک لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دادەنران. لەم رووبەرە جوگرافیەدا ئەوەی بەئاشکرا وەکو سنوور دیاری کرابوو، سنووری نێوان ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و ئیمپراتۆرێتی فارسی بوو، کە لە دوای شەڕی چاڵدێران، سەفەوی و عوسمانی لەسەر دیاری کردنی سنووری نێوانیان رێککەوتن و ئەو سنوورەشیان بەسەر جوگرافیای کوردستاندا تێپەڕاندو کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. ئەوەش یەکەمین کەرتکردن و دابەشکردنی کوردستانە لە مێژووداو کوردستانی لە وڵاتێکەوە کە سنووری ئیتنیکی و مێژوویی نەک سنووری سیاسی دیاری کراوبوو کەرت کردو لەم

دابەشکردنەدا سنووریێکی سیاسی دەستکرد ئەم جوگرافیایەی کرد بە دوو بەشەوە.

لە شکستی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کۆلۆنیالیستانی بەریتانی و فەرەنسی ڕۆژئاوای ئاسیایان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردو چەند دەوڵەت و میرنشینێکی کۆلۆنیان تیادا دروستکرد و سنووری سیاسیشیان لە نێوانیاندا دیاری کردو چەسپاندیان. دووان لەو کۆلۆنییانەی دروستیان کردن، بوون بە هاوسنووری کوردستان و لەو نەخشەیەشدا سنووری سیاسی کوردستان لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە تازە دروستکراوە کۆلۆنیەدا جیانەکرایەوە، بەڵکو سنووری سیاسی تر لە سەر نەخشەی کوردستان کێشرا بەڵام وەکو سنووری کوردستان نا، بەڵکو وەکو سنووری ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیە نوێیانەی کە دروستیان کردن. ئەو سنوورەش لە ڕۆژهەڵاتەوە چووەوە سەر هەمان سنوور کە سەفەوی و عوسمانیەکان بەناو خاکی کوردستاندا کێشابوویان وەکو سنووری نێوانیان. بەڵام سێ سنووری تریش بەناو جوگرافیای کوردستانی ژێر سایەی پێشتری دەوڵەتی عوسمانی کێشران. واتە ئەو بەشەی کوردستان کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا بوو، دابەشکرا بۆ سێ بەش و هەر بەشێکی خرایە سەر یەکێک لەو سێ دەوڵەتە نوێیەی کە بە نەخشەی دەوڵەتانی کولۆنیالیست دروستکران، کە ئەوانیش تورکیای کەمالیست و عێراق و سوریا بوون. واتە لەم دابەشکردنداو لەم نەخشە نوێیەی جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەک سنووری سیاسی کوردستان نەچەسپێندرا، بەڵکو لە رووی سیاسیەوە وەکو یەک نیشتیمان، یان وەکو یەک وڵات نەهێڵرایەوەو بەسەر ئەوانی تردا دابەشکرا، بێجگە لەو بەشەی کە خرایە سەر دەوڵەتی تورکیای نوێ، کە تورکیا خۆی بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری، باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان هەریەکەیان کرایە بەشێک لەو دوو کۆلۆنیە نوێیەی کە دروستکران. بەوەش کۆلۆنیالیستەکان هەوڵیاندا کوردی هەر بەشێک بکەنە پێکهاتەیەکی ئەو وڵاتانە بە ناوی گەلی ئەو وڵاتانەوە نەک بە ناوی کوردەوە. کەواتە لەم دابەشکردن و داڕشتنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆلۆنیالیستەکان هیچ خاسیێتێکی سیاسیان بە کورد نەدا، بەڵکو هەوڵیاندا بەو دابەشکردنە کورد پەرت و بڵاو بکەنەوەو لە بری یەک نەتەوەی گەورەی

یەکگرتووی پێکەوە بوو، بیکەن بە کەمایەتی لە چوارچێوەی سنووری چەند دەوڵەتێکی تردا کە ئەوەش نەخشەیەک بوو بۆ ڕێگاگرتن لە سەربەخۆیی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و دواخستنی کورد لە بوون بە نەتەوە. کەواتە لەم سەروبەندەدا، کورد نەکرایە دەوڵەتێکی کۆلۆنی بەڵکو کرایە کۆڵۆنی دەوڵەتانی کۆلۆنیکراو بە تایبەتی لە سوریاو عێراقدا.

شێوەی دووەمی کۆڵۆنی کە ئیسماعیل بێشکچی بۆ سەدەی نۆزدە دیاری دەکات نیمچە کۆڵۆنیەکانە. ئەو لەبارەی نیمچە کۆڵۆنیەکانەوە دەڵێت: نیمچە کۆڵۆنیەکان بریتیبوون لەو کۆمەڵگایەنەی کە دەوڵەتیان هەبوو. ئەو دەوڵەتەش بە پێی سیستێمی کۆمەڵایەتی خۆیان دامەزرابوو، مێژووی دوورو درێژیان هەبوو. چین و هیندستان و ئیمپراتۆریێتی عوسمانی نموونەی نیمچە کۆڵۆنی بوون. بەهۆی کاریگەری و فشاری زۆری وڵاتانی ئیمپریالیزمەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم وڵاتانە هەستیان کرد پێویستیان بەوە هەبوو کە چاو بە چوارچێوەی کاری فەرەمانبەرە گەورەکاندا بخشێننەوەو دامەزراوە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و سەربازییەکان ڕێکبخەنەوە[٥]. ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنکردنە سەیری کوردستان بکەین، ئەوا بەئاشکرا دەبینین نە دەوڵەتێکی کۆڵۆنیە، نە دەوڵەتێکی نیمچە کۆڵۆنی. هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە کوردستان نەبووەتە نیمچە کۆلۆنی، ئەوە زیاتر پەیوەندی بە هۆکارە خۆیی و ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای کوردیەوە هەیە کە لە درێژەی مێژووی پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە رووی پەرەسندنی کۆمەڵایەتیەوە دەوڵەت بەرهەمبهێنێت. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە لەسەر ئەو شێوەیەی کە کۆڵۆنیالیستەکان دەوڵەتە کۆڵۆنیەکانی رۆژئاوای ئاسیایان دروستکرد لەوانەش عێراق، سوریا، ئۆردن، لوبنان، سعودیە، کە دەشیا دەوڵەتی کۆڵۆنی کوردستانیشیان دروستبکردایەو نەیانکردایە بە پاشکۆی عێراق و سوریاو تورکیا، ئەمەیان تاوانی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیست بوو بە تایبەتی کۆڵۆنیالیستانی بەریتانی و فەڕەنسی.

بێگومان ئەوەی دیارە لە چوارچێوەی دەوڵەتە کۆڵۆنیەکاندا، بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی سەریان هەڵداوە. لە رووی راستیەوە بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی، بزووتنەوەی نەتەوەی کۆڵۆنیکراوە کە هەموو چین و توێژەکان دژی کۆلۆنیالیست بەشداری تیادا دەکەن، واتە بزووتنەوەی رزگاری نیستیمانی

بەپێویست بزووتنەوەیەکی جەماوەریە. بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە فاکتەرو بزوێنەرێکی سەرەکی لە پشتی خەباتی رزگاری نیشتیمانی نەتەوە وڵات کۆڵۆنیکراوەکان و سەرهەڵدان و دەرکەوتنیانەوەیە کە ئەویش هەست و هوشیاری نەتەوەییە کە وەکو جۆرێک لە سەرەتای گوتاری ناسیونالیزم بەرجەستە دەبێت سەرباری لاوازی، یان نەبوونی ناسیونالیزم لە ئاستێکدا کە ببێتە ئایدیۆلۆجیای ئەو بزووتنەوەیە. ئەویش لەبەر داوکەوتنی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزم بەشێوەیەکی سروشتی، کە ئەوەش دەرئەنجامی پرۆسێسی کۆڵۆنیالیکردن و مانەوەی نەتەوەی کۆڵۆنیکراوە لە ژێر سایەی کۆڵۆنیالیستدا. چونکە ئاشکرایە کاتێک وڵاتێک کۆڵۆنی دەکرێت، ئاراستەی سروشتی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و سەربازی ئەو کۆمەڵگایە دەشێوێندرێت و ئەوەش وادەکات کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کۆڵۆنیکراو هەمان شێوەی قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئازاد یان تەنانەت کۆمەڵگای کۆڵۆنیالیست نەبێت. بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کۆڵۆنیکراودا، نە ژێرخان و نە سەرخانی کۆمەڵگا وەکو ئەوەی بە سروشتی دەبێت هەبن پێکنایەن و خاسێتەکانی خۆیان وەرناگرن و ئامادە نابن بۆ پێداویستەکانی قۆناغی دواتر. واتە ئەوەی نکوڵی ناکرێت ئەوەیە کە فەرەمانڕەوایی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیالیست هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی نەتەوە یان گەلی کۆڵۆنیکراو بە جۆرێک ئیفلیج بکات کە هەرگیز توانای زیندوبوونەوەو رابوونەوەی نەبێت.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیست و فەرمانڕەوایی کۆڵۆنیالیست، سەرئەنجام لە هەناوی کۆڵۆنی یان نەتەوەی کۆڵۆنیکراودا جوڵەو کاردانەوەو پاشان رابوونەوە بەرامبەر بە فەرمانرەوایی کۆڵۆنیالیست دروست دەبێت. کە لە پشتی ئەو رابوونەوەیەوە کە بە بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی ناودەبرێت، جۆرێک لە ناسیونالیزم هەیە کە پێی دەوترێت ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە دەپرسێت: مەبەست لە ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم چیە؟

ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزم یان دژە کۆڵۆنیالیست ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستیە کە خەبات دەکات دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیست یان کۆڵۆنیالیزم. ئەم ئایدیۆلۆجیایە وەکو ئایدیۆلۆجیای

بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کاتێک دەردەکەوێت کە خەڵک یان نەتەوەی کۆلۆنیکراو کە لە پێکهاتەو چین و توێژی جۆراو جۆر پێکهاتوون لە سنووری کۆلۆنیەکدا یەکدەگرن بەجۆریک هەموو سنووره ناوخۆییەکان تێدەپەڕێنن و دەبن بە هێزێکی پتەو و یەکگرتوو کە خەبات دەکات بۆ رزگاربوون لە کۆلۆنیالیست و بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆی و بنیادنانی دەوڵەتی خاوەن سەروەری، کە لەوەشدا دەبن بە خاوەنی شوناسی نەتەوەیی هاوبەش. بێگومان کاتێ باسی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم دەکەین، ئەوە دەردەکەوێت کە دوو رەگەز یان دوو هێزی بەرامبەر یان دژ بە یەکتر ئامادەن، یەکەمیان ناسیونالیزمە، بەڵام ناسیونالیزمی کۆمەڵگایەکی ئاسایی نا کە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزم دەوڵەتی خۆیی هەبووبێت و لە ئەنجامی دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا کە ئەویش بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندە، دەوڵەتی نەتەوەیی دروستبووبێت و نەتەوەش وەکو بەرهەمی ناسیونالیزم و دەوڵەت بنیادنراوە، بەڵکۆ لێرەدا باسی کۆمەڵگا نائاساییەکان دەکەین، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە کۆلۆنیکراون، ئەو کۆمەڵگایانەی کە زیاتر خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەبوون، لە شێوەی کۆلۆنی یان نیمچە کۆلۆنیدا کۆلۆنیکراون و لەسایەی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیستدا، ناسیونالیستی نەتەوەی کۆلۆنیکراو دروست بووەو دەرکەوتووە. بەجۆرێک ئەو ناسیونالیستە وەکو ناسیونالیستی نەتەوەی کۆلۆنیکراو بووەتە ئایدیۆلۆجیاو پاڵنەرو بەرهەمهێن و رێکخەرو بزوێنەری بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی یان بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم کە ئامانجی ئەم بزووتنەوەیەش هەڵوەشاندنەوەی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیست و کۆتاییهێنانە بە پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردن و رزگارکردنی نیشتیمان و بنیادنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆو بەدەستهێنانی سەروەریە، کە ئەوەش تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەگاتە ئەنجام.

بێگومان ئەوەش ئاشکرایە کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ناسیونالیزم و کۆلۆنیالیزمدا هەیە. راستیدا کۆلۆنیالیزم لوتکەی پەرەسەندنی ناسیونالیزمە، واتە خراپترین ئاستی پەرەسەندنی دەوڵەتی نەتەوەیی رۆژئاوایە کە پاڵنەری فراونخوازی بووەتە هۆی ئەوەی پەلاماری وڵات و نەتەوەو کۆمەڵگا لاوازەکان بدات و لە پێناوی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و سەربازی و

کەلتوریدا، کۆلۆنییان بکات. کەواتە کاتێ باسی بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم یان ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم دەکەین، ڕاستەوخۆ کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیکراو وەکو دووانەی بەرامبەر یەکتر دەبینرێن، کە دەشێ وەکو دووانەی ڕۆژئاوا/ ڕۆژهەڵات، یان دووانەی جیهانی پێشکەوتوو/ جیهانی پاشکەوتوو، یان دووانەی جیهانی یەکەم/ جیهانی سێیەم ئەو پەیوەندیە لە نێوان ڕۆژئاوای شارستانی و تەکنۆلۆجیاو پێشکەوتنی خاوەن هەژموون و ڕۆژهەڵاتی سەرەتایی و کشتوکاڵ و دواکەوتووی هەژموون بەسەردا کراو بەرجەستە ببێت.

ئامانجی سەرەکی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی دروستکراو و سەپێندراوی نێوان کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیکراوە، کە دیارە کۆلۆنیالیست هەموو هەوڵێک دەدات کە هەژموونی خۆی بەسەر کۆلۆنیکراودا بپارێزێت، کە سەرەتا واینیشان دەدات ئەو پێشکەوتن و شارستانی بۆ کۆمەڵگا یان بۆ نەتەوەی کۆلۆنیکراوی دواکەوتوو ناشارستانی دەهێنێت.. ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم هەروەک باسیل دایڤیدسۆن ئاماژەی بۆ دەکات ئەو بزووتنەوە یان ئەو ئایدیۆلۆجیایە کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستە دەکرێت بۆ دروستکردن و دامەزراندنی یەکەیەکی فراوانتر لەچاو هەر پەیپێبراوێکی پێشتردا بۆ بەرەنگاربوونەوەی فشارەکان و زیادەڕەویەکان و گەندەڵی پیادەکراو بەسەر کۆمەڵگای کۆلۆنیکراودا لە لایەن ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و شوێنکەتووە هەرێمایەتیەکانەوە، لەبەرئەوە ئەم شێوەیەی ناسیونالیزم یەکێک دەبێت لە جۆرە هەرە بنەڕەتیەکانی بەرگری دژی کۆلۆنیالیزم(٦).

ئەگەر سەیری ئەو قسەیەی سەرەوەی دایڤیدسۆن بکەین ئەوا دەبینین بنەمای سەرەکی دروستبوونی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم یەکێتی و یەکبوونی ئاستە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی کۆمەڵگا یان نەتەوەی کۆلۆنیکراوە بۆ دروستکردن و پێکهینانی هێزێکی یەکگرتووی بەهێزو پتەو بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم و کۆتاییهێنان بە فەرمانڕەوایی ئەو هێزە بیانیە نامۆیەو دامەزراندنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سەربەخۆی خۆماڵی نیشتیمانی. ئاشکرایە ئەوی کۆلۆنیالیست سەرباری ئەوەی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ هێشتنەوەی کۆلۆنیکراو لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدا، هەموو ئەو بیرۆکەو

روانینانـه رەت دەکاتـەوە کـە باسـی رابوونەوەی نەتـەوەی کۆلۆنیکراو دەکەن و تەنانـەت دەیەوێت واینیشـان بـدات کە لە راسـتیدا نەتـەوەی کۆلۆنیکراو دڵخۆش و رازیـە بـە فەرمانڕەوایـی ئـەو لـە کاتێکدا رۆشـنبیران و تەنانـەت بیرمەندانی کۆلۆنیالیسـت لە هەوڵی جوانکردنی رووی ناشـیرینی کۆلۆنیالیسـتدان لە رێگای پاسـاوهێنانەوەوە بـۆ کۆلۆنیالیسـت، کـە گوایـە ئامانجـی بەشارسـتانیکردنی کۆمەڵگای کۆلۆنیکـراو و پێشخسـتنێتی. ئەمـە لـە کاتێکدا دەیانەوێت وێنەیەکـی ناشـیرینی کۆمەڵگای کۆلۆنیکـراو نیشـان بدەن، بـەوەی کـە ئـەم کۆمەڵگایانـە بەشـێوەیەکی گشـتی پێکهاتـوون لـە خێـڵ و عەشـیرەت و ئاییـن و ئیتنیـک و پێکهاتـەی جیـاوازو ناکـۆک و لەگـەڵ یەکتـر نەگونجاو، کـە لـە خراپتریـن بـاری دواکەوتندان و تەنانەت هێشـتا وەکو کۆمەڵگای سـەرەتایی یان کۆمەڵگای پێش خوێنـدن رەفتـار دەکـەن و دەردەکـەون و بنەماکانـی کۆمەڵایەتیبـوون تیایاندا هێجگار لاوازەو هیـچ ئینتیمـاو وابەسـتەبوونێکی کۆمەڵایەتـی لـە نێوانیانـدا نیـە. بۆیە ئەوی کۆلۆنیالیسـت هاتـووە بۆ ئەوەی ئەم پێکهاتەیەی کە هێشتا لە رووی کۆمەڵناسـیەوە ناتوانرێـت بـە کۆمەڵـگا ناوببرێـت، گەشـە پێبـدات و پێشـیبخات و لـە کۆمەڵـگای سـەرەتایی و دەرەوەی نووسـینەوە بیگوازێتـەوە بـۆ کۆمەڵـگای پێشـکەوتوو، واتـە بـۆ کۆمەڵـگای نووسـین و پیشـەسـازی و شارسـتانێتی.

ئـەوی کۆلۆنیالیسـت بەدڵنیاییـەوە سـەیری ئـەوە دەکات کـە پێکهاتـەی بەمشـێوەیە پـەرت و بـڵاو و دواکەوتـوو ناشـێت هـەرگیز هەسـت و هوشـیاری نەتەوەیـی تیایـدا سـەرهەڵبدات و ئـەوەش ببێتـە سـەرەتای دەرکەوتـن و گەشـەکردنی ناسـیونالیزم وەکو بنەمـاو ئایدیۆلۆجیـای یەکێتـی و یەکبـوون و یەکگرتـن. واتـە کۆلۆنیالیسـت دەزانێـت کـە پاڵنـەری دروسـتبوونی هێـزی نەیارو دژ بـۆ فەرمانڕەوایـی ئـەو لـە دەرکەوتنـی هەسـت و هوشـیاری نەتەوەیـی و دروسـتبوونی ناسـیونالیزمەوە دەسـتپێدەکات، بۆیـە بەرنامـەی کۆلۆنیالیسـت ئەوەیـە کـە سـەرباری پڕوپاگەندەنەکانـی خـۆی بـۆ پێشخسـتن و بەشارسـتانی کردنـی کۆلۆنی، هەموو هەوڵێک بدات بۆ رێگاگرتن لە پێشکەوتن و پەرەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی خوێنـدەواری لـە کۆمەڵـگای کۆلۆنیکراودا بـۆ ئـەوەی رێگا لـە هوشـیاربوونەوەی کۆمەڵـگا یـان نەتـەوەی کۆلۆنیکـراو بگرێـت. هـۆکاری یەکەمیـش بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو ئامانجـە بوارنەدانـە بـەوەی کـە سـامان یـان ئابـووری لەنـاو کۆلۆنیدا کۆببێتـەوە چونکـە ئەو دەزانێت کۆبوونـەوەی ئابووری

مانای دروستبوونی زەمینەی ژیانێکی باش و لەوێشەوە کۆمەڵ بەدوای شتی تردا دەڕوات بەتایبەتی خوێندەواری کە ئەوەش بنەمای یەکەمی هوشیاربوونەوەیە. هەر لەم روانگەیەوەو لەبەر ئەم هۆکارەیە کۆلۆنیالیست لە رووی ئابووریەوە کۆلۆنیال لەجولە دەخات و هەموو ئابوریەکەی دەبات، بەوەش رێگا لە جوڵەی بەرەو گەشەکردن و پەرەسەندن و پێشکەوتن دەگرێت و هەوڵدەدات کۆلۆنی هەر بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە درێژەدان بە فەرمانڕەوایی خۆی بەسەریدا.

بێگومان پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە لە روانگەی مۆدێرنێتەوە ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات و لە رۆژئاواش دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە رووی پیشەسازیەوە تەواو پێشکەوتوو بوون و بووبوونە خاوەنی ئابووری بەهێزو هێزی سەربازی زۆرو خواست و ویستی بێ سنووریان هەبوو بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی ئابووری تردا لە دەرەوەی سنوری جوگرافیای خۆیان. هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرو عەقڵی خۆ بەباڵا زان و خۆ بە یەکەم دانان و لەسەر ئاستی گشتیش دروستبوونی بەناوەندبوونی رۆژئاوا یان بە ناوەندبوونی ئەوروپاو سەیرکردنی دەرەوەی رۆژئاوا یان دەرەوەی ئەوروپا وەکو پەراوێزو پاشکۆ، خواست و ویستی فراوانخوازی لای دەوڵەتانی نەتەوەیی رۆژئاوا دروستکرد. واتە لای دەوڵەتانی نەتەوەیی پیشەسازی و پێشکەوتوو، ناسیونالیزم گۆڕاوە بۆ کۆلۆنیالیزم یان ناسیونالیزم کۆلۆنیالیزمی بەرهەمهێناوە. ئەوەش روویەکی ناشیرین و دزێوی ناسیونالیزمەو ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ناسیونالیزم وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی ئایدیۆلۆجی دزێو و ناشیرین سەیربکرێت، کە بووەتە هۆی کۆلۆنیکردنی وڵاتانی ترو داگیرکردنی ئازادی و مافی گەل و نەتەوە لاوازەکان. بەڵام لە بەرامبەر ئەم رووە دزێو و ناشیرینەی ناسیونالیزمدا، لە جەمسەری بەرامبەر، واتە لە لای نەتەوەو گەلانی کۆلۆنیکراو دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم بووەتە هەوێن و پاڵنەرو بزوێنەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیستیمانی، ئەویش لە شێوەی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمدا.

بێگومان لە کاتێکدا دەوڵەتی ناسیونالیستی کۆلۆنیالیست دڕندەو وێرانکەرو بکوژو کۆنەپەرست و دزێوە، ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم ناسیونالیزمێکی شۆڕشگێڕو ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازە، خەبات دەکات

له پێناوی رزگاری نیشتیمانی و ئازادی و سەربەخۆیی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیست و کۆشش دەکات بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو خاوەن سەروەری بۆ نەتەوەی کۆلۆنیکراو. بێگومان ئەم شێوەیەی ناسیونالیزم پەسەندو باش و تەنانەت شۆڕشگێڕو ئازادیخوازە. کە ئەمەش بەگشتی ناسیونالیزمی وڵات و نەتەوە کۆلۆنیکراوەکانە، نەک هەر لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو ناسیونالیزمی سەرجەم نەتەوە کۆلۆنیکراوەکانی ئاسیاو ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین دەگرێتەوە، واتە ناسیونالیزمی نارۆژئاوایی یان ناسیونالیزمی کەنار یان پەراوێز یان جیهانی سێیەم. ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو روون بێت، کە زۆرێک لە ناسیونالیزمی وڵاتانی کۆلۆنیکراو لە دوای رزگاری نیشتیمانی گۆڕاون بۆ دیکتاتۆری سەربازی و دیکتاتۆری ناسیونالیستی شۆڤێنی تاکە حیزب. سەرباری دروستبوونی دەوڵەتی خاوەن سەروەری لە هەندێک لە کۆلۆنیەکاندا، بەڵام نەتەوەی کۆلۆنیکراوی پێشتر لە ئاستی خەڵک یان جەماوەردا، لە دەستی رژێمی کۆلۆنیالیستی ستەمکاری دەرەکیەوە کەوتووەتە دەستی رژێمی دیکتاتۆری سەربازی یان تاکە حیزبی یان ئایینی خۆمالی ستەمکارەوە، کە لەم بارەشدا ناسیونالیزمی نەتەوەی پێشتر کۆلۆنیکراو لە ئەنجامی بەدەستگرتنی دەسەڵاتدا، گۆڕاوە بۆ ناسیونالیزمێکی شۆڤێنی تۆتالیتاری بکوژی ئازادی و دیموکراسی.

لەم روانگەیەوە دەتوانین سەیری زۆرینەی ئەو دەوڵەتانە بکەین کە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا و پاش جەنگی دووەمیش لە وڵاتە کۆلۆنیکراوەکاندا دروست بوون، بەتایبەتی دوای ناچارکردنی کۆلۆنیالیستەکان بۆ چوونە دەرەوەو کۆتاییپێهێنانی پرۆسێسی کۆلۆنیالیزم. دەوڵەتە تۆتالیتارو دیکتاتۆرە نەتەوەیی و سەربازی و ئایینیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشترین نموونەی ئەو دەوڵەتانەن کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی یان کودەتای سەربازیدا دروستبوون، کە لە هەردوو بارەکەدا ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم پاڵنەرو هێزی دروستکەریان بووە. کەواتە لەم بارەشدا ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم سیستێمێکی ناجۆرو دژە ئازادی بەرهەمهێناوە. دەشێت لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا ئەو هۆکارانە

چین کە وایانکردووە ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم کە ناسیونالیزمێکی شۆڕشگێڕە بگۆڕێت بۆ سیستێمی دەوڵەتی نەتەوەیی شۆڤێنی و تۆتالیتارو ئایینی داخراوو فاشیزم؟

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە پاساوی کۆلۆنیالیزم بۆ کۆلۆنیکردنی وڵاتانی لاوازتر و دواکەوتوو، ئەوە بووە کە گوایە پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگا دواکەوتوو ناشارستانی و نارۆژئاواییەکان دەهێنێت و دەیانکات بە کۆمەڵگای شارستانی. تەنانەت مێژوونووسانی کۆلۆنیالیست زۆربەی کات واینیشان دەدەن ئەمان شانبەشانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانیان بەشدارن لە پرۆژەیەکی گەورەی پێشکەوتندا، کە لە ئەنجامی ئەوەدا گەلانی دەرەوەی مێژوو یان گەلانی نارۆژئاوایی کە مەبەست گەلانی بێ دەوڵەتە دەهێننە ناو مێژووەوە. لێرەوە خەیاڵمان دەچێتەوە بۆ لای ئەو چەمکە هیگڵیەی کە پێیوایە کۆمەڵگا یان نەتەوەی بێ دەوڵەت لە دەرەوەی مێژووە، چونکە ئەو نەتەوە یان کۆمەڵگایەی کە نەگەیشتووەتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت، مانای وایە کۆمەڵگایەکی ناکارایەو نەیتوانیووە رەوتی سروشتی خۆی بکات، کە لە روانگەی هیگڵەوە ئەو پەرەسەندنە لە زنجیرەیەکی سێ قۆناغی پێکدێت کە بە خێزان دەست پێدەکات و بە کۆمەڵگای مەدەنیدا تێدەپەڕێت و دەگات بە دەوڵەت کە قۆناغی دوایی واتە گەیشتن بە دەوڵەت مانای گواستنەوەیە لە کۆمەڵگای دەرەوەی مێژووەوە بۆ کۆمەڵگای ناو مێژوو، واتە کۆمەڵگایەک یان نەتەوەو گەلێک کە بوون و ئامادەبوونی خۆی سەلماندبێت و بەشداری بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتی بکات. هەروەک قۆناغی گەیشتن بە دەوڵەت مانای گەیشتنی کۆمەڵگا بە ئاستێک کە رۆحی گشتی کۆمەڵگا گوزارشت لە خۆی دەکات، کە ئەو گوزارشت کردنەش تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەت و بەدەستهێنانی سەروەریدا دەبێت، کە ئەو دامەزراوەش نەتەوە بنیاد دەنێت، یان دروست دەکات. بێگومان دروستکردنی دەوڵەتیش بەمانای هەڵوەشاندنەوەی پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردن و کۆتاییهێنان بە فەرمانڕەوایی ئەوی بێگانەو نامۆو دامەزراندنی فەرمانڕەوایی سەربەخۆی خۆماڵی دێت.

بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە کە تەنانەت بیرمەندێکی وەکو مارکس لایەنگری کۆلۆنیالیکردنی جەزائیری لە لایەن فەرەنساوە دەکردو پێیوابوو

کۆلۆنیالیستی فەرەنسا پێشکەوتن و شارستانێتی بۆ جەزائیر هێناوە. هەر لەم روانگەیەوە وەها سەیری بەرگری جەزائیری و بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی جەزائیری دەکرا کە دژی رەوتی پێشکەوتنە. واتە بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی جەزائیر کە ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمی جەزائیر لەپشتیەوە بوو، لەسەر بنەمای روانینەکەی مارکس وەها لێکدەدرایەوەو وەسف دەکرا کە بزووتنەوەیەکی بێکەڵکەو دژی پێشکەوتن و بەشارستانیبوونی کۆلۆنی جەزائیرە. کە دیارە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە مارکس بە پێچەوانەی هیگڵەوە دەڕوانێت و واینابینێت کە تەنیا لە بوونی دەوڵەتدا کۆمەڵگا دێتە ناو مێژووەوە، کە دیارە ئەوەش هەرگیز لە سایەی کۆلۆنیالیزمدا نابێت، چونکە لە سایەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەویتردا هیچ گەل و نەتەوەیەک ناتوانێت گوزارشت لە بوونی خۆی بکات.

ئەوە ئاشکرایە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا، لە زۆربەی وڵاتانی کۆلۆنیکراودا خەباتی دژە کۆلۆنی لە شێوەی خەبات یان بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانیدا سەریهەڵداوەو بە تایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە شێوەی جۆراوجۆردا گەل و نەتەوەی کۆلۆنیکراو لە دژی کۆلۆنیالیست راوەستاوە، ئیتر ئەو کۆلۆنیالیستە کۆلۆنیالیستی نیشتەجێ، سەربازی، ئابوری، کەلتوری، ئینتیداب یان هەر جۆرێکی تر بووبێت. سەرئەنجامیش زۆرینەی گەل و وڵاتانی کۆلۆنیکراو توانیویانە کۆتایی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیست بەسەر وڵاتەکانیانەوە بهێنن، کە ئەوەش لە رێگای جۆراوجۆرەوە بووە وەکو خەباتی چەکداری، جەماوەری، کەلتوری، دیپلۆماسی و کودەتای سەربازی بە تایبەتی ئەمەی دواییان زیاتر لە سیستێمی کۆلۆنیالی ئینتیداب یان ئەو دەسەڵاتە پاشایەتیانەدا روویداوە کە کۆلۆنیالیستەکان دروستیان کردبوون. بەگشتی لە کۆی بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیەکاندا، ناسیونالیزم بە ئاستی جیاواز ئامادەبوونی هەبووەو دەتوانرێت بگوترێت کە بووەتە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیەکان. تەنانەت لەو کۆمەڵگەو وڵاتە کۆلۆنیکراوانەشدا کە ناسیونالیزم زۆر لاوازبووە، دەستەبژێری ناسیونالیست کە زیاتر خۆیان وەکو نیشتیمانپەروەران نمایشکردووە، رۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لە رێکخستن و ئامادەکردن و تەنانەت رابەرایەتی کردنی بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزمەکاندا. کە دەشێ ئەو دەستەبژێرە رۆشنبیران، یان خاوەن

پیشـەکان یـان ئەفسـەرانی سـوپا بووبن. لـەم رووەوە هیند و جەزائیر و لیبیا و چەندیـن وڵاتـی تـری کۆلۆنیکـراو لـە ڕێگای خەباتـی چەکدارییـەوە کۆتاییـان بـە فەرەمانڕەوایی کۆلۆنیالیست هێنـاوە. میسـر لـە ڕێگای دیپلۆماسـی و گەیشـتنە کۆنگرەی ئاشـتی لـە دوای جەنگی یەکـەم توانیوێتـی هەنگاوی بـەرەو رزگاری بنێت. عێراق کـە لـە شـێوازی ئینتیدابدا کۆلۆنیکراوە لـە ڕێگای کودەتـای سـەربازیەوە کۆتایی بـە هەژموونی کۆلۆنیالیستی بەریتانی هێناوە.

دیـارە وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد پاڵنـەری سـەرەکی هەمـوو بزووتنـەوە دژە کۆلۆنیالیسـتەکان، گەیشـتنی نەتـەوەی کۆلۆنیکـراو بـووە بـە ئاسـتێک لە هوشـیاری سـەبارەت بە زەبرو زەنگ و هەژموونی ئەوی بێگانە لە سەر خاکەکەی و بردنی سـەروەت و سامانی و چەوساندنەوەیی و بەکارهێنانی لە لایەن ئەوی کۆلۆنیالیسـتەوە. گەیشـتن بەم ئاسـتەی هەسـتکردن سـەرەتایەک بووە بـۆ دروسـتبوونی هەسـتی جیاوازی لـە لایـەن ئـەمی کۆلۆنیکراوەوە لەگـەڵ ئـەوی کۆلۆنیالیسـتدا. واتـە لێرەدا هەژموونـی دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیسـت ئـەو هەسـتەی لـە لای نەتـەوە یان گەلی کۆلۆنیکـراو دروسـتکردووە، کـە ئـەوی ڕۆژئاوایی لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی خۆیدا نەک هـەر مـاف و ئازادییەکانی ئەمی لەسـەر خاکـی خـۆی داگیرکـردووە، بەڵکو هەمـوو سـامانی وڵاتەکەیشـی دەبات. ئـەم هەسـتکردنە تێکەڵاوە لـە هەسـتی نیشـتیمانی و نەتەوەیی لەگـەڵ ڕۆیشـتنی کاتدا بووەتـە بنەمـای پێکهاتـن و دەرکەوتنی ناسـیونالیزم ئەگـەر تەنانەت وەکو شـێوەیەک لـە کاردانـەوەش بووبێت بۆ سیاسـەت و هەژموونی کۆلۆنیالیسـت.

ئـەم بنەمـا سـادەیەی ناسـیونالیزم بووەتـە کرۆک و بزوێنـەری بزووتنـەوە دژە کۆلۆنیالیزمەکان چی لەسـەر ئاسـتی تاکە کەس بووبێت یان لەسـەر ئاسـتی دەسـتەبژێر، کـە ئەوانـەش ڕۆڵـی کاریگەرییان هەبـووە لـە کـۆی بزووتنـەوە دژە کۆلنیالیزمەکانـدا. وەکـو ئاماژەمـان بـۆ کـرد بزوێنـەری بزووتنـەوەی دژە کۆلۆنیالیـزم ناسـیونالیزمە بۆیـە لـە جێگای خۆیدایـە کـە بـە ناسـیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم ناوببرێت. ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم لە کاتی هەڵوەشاندنەوەو کۆتاییهێنان بە دەسـەڵات و فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیزمدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت و جۆرێکـە لـە کاردانـەوە بەرامبـەر بـەو سـەرکوتکردن و چەوساندنەوەو پیادەکردنـە ناجۆرانـەی کۆلۆنیالیسـت لـە کۆلۆنیدا ئەنجامی دەدات. مەبەسـت لە دژە کۆلۆنیالیسـتبوون چیـە؟، مەبەسـت لـە دژە کۆلۆنیالیزمبوون بزووتنـەوەی

رزگاری نیشتیمانی و ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمە کە لەراستیدا هەردووکیان هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن و جۆرێکن لە خەباتی گەلانی کۆلۆنیکراو دژی ئایدیۆلۆجیای فراوانخوازی ئەوی بێگانەو پیادەکردنە جۆراوجۆرەکانی کۆلۆنیالیزم. دژە کۆلۆنیالیزم کە لە ناوەرۆکدا ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمە، کە یەکگرتنی کۆی پێکهاتەکانی نەتەوەی کۆلۆنیکراوە لە پێناوی یەک ئامانجدا کە ئەویش رەتکردنەوەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و سیاسەتی کۆلۆنیالیزمە، وەکو دەسەڵاتێکی بێگانەی خۆسەپێن و لە شوێنیدا دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆماڵی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە. ناسیونالیزمی نەتەوە یان گەلی کۆلۆنیکراو تاکە بیرو هێزو ئایدیۆلۆجیای سەرکەوتووی خەبات و بەرگریە دژی کۆلۆنیالیزم.

هەر لێرەوە ئاشکرایە بە بێ رزگاربوون لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیست، ناشێت ناسیونالیزمی نەتەوەی کۆلۆنیکراو بجوڵێت. واتە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوە لە کۆمەڵگای کۆلۆنیکراودا بەبێ رزگاری نیشتیمانی ناگاتە ئەنجام، هەربۆیە بە گوێرەی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم، پرۆژەی بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوە پەیوەستە بە رزگاری نیشتیمانیەوە. لێرەوە ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم هەڵگری دوو ئەرکی یەک بە دوای یەکتردایە، کە یەکەمیان خەباتی رزگایی نیستێمانی و بەئەنجام گەیاندنی ئەو خەباتەیە کە لە هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیکردن و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتەکەی و رزگارکردنی نیشتیمان و سەربەخۆبوونیدا دەگاتە ئەنجام. دووەمیشیان کە بە دوای یەکەمدا دێت ئامانج و پرۆژەی سەرەکی ناسیونالیزمە کە بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەت و بنیادنانی نەتەوە.

دەشێت لە بارەی کوردستانەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە ئایا ناسیونالیزمی کورد ناسیونالیزمێکی دژە کۆلۆنیالیزمە؟ ئایا خەباتی کورد خەباتی رزگاری نیشتیمانیە؟ وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ دوو جۆر لە کۆلۆنی کرد کە ئەوانیش کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنین. کۆلۆنی وڵاتێکی سنوور دیاریکراوەو دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیست کۆلۆنی کردووە. نیمچە کۆلۆنی وڵاتێکە کە پێش کۆلۆنیکردنیدا دەوڵەتی هەبووە، واتە خاوەنی سەروەری خۆی بووەو لە ئەنجامی کۆلۆنیالیکردنیدا سەروەریەکەی لاواز بووە، چونکە لە زۆر رووەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەری و هەژموونی دەوڵەت یان کۆلۆنیالیستێکی

بەهێزەوە. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین کوردستان لە هیچ کام لەم دوو جۆرە نیە. ئاشکرایە کوردستان دەوڵەتی خاوەن سەروەری خۆیی نەبووەو پاشتر کۆڵۆنی کرابێت. هەروەک وڵاتێکی سنوور دیاری کراویش نەبووە لە پێش کۆڵۆنیکردنیدا، بەڵکو لە مێژووی زانراودا بێجگە لە سەردەمی دەوڵەتی مید کە ئەویش شوناسەکەی هێشتا تەمومژ دەوری داوە، ئیتر کورد دەوڵەتی نەبووە. ئەو دەسەڵاتە ناوچەیی و ناوخۆییانەشی کە لەسەر شێوەی میرنشین دروستبوون، ئاستی کەمێک پەرەسەندووی دەسەڵاتی خێڵ بوون و لە ژێر سایەی دەوڵەت و ئیمپراتۆریێتەکانی دەوروبەردا بوون. لە دروستبوونی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و سەفەویشەوە هەر بەشێک لە کوردستان لە ژێر سایەو فەرمانڕەوایی یەکێک لەو دوو ئیمپراتۆریێتەدا بووە..دەوڵەت و سیستێمی سەربازی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی تەنها تایبەت نەبوو بە تورکەکان. ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی قەفقاز، ئەلبانی و کوردەکانی لەخۆ دەگرت(٧). واتە بەشێکی فراوان لە کوردستان کە سێ بەشی ئێستای کوردستان دەکات –باکور، باشور، رۆژئاوا- لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیدا بووەو رۆژهەڵاتیش لەژێر سایەی دەسەڵاتی سەفەوی و پاشانیش قاجارییەکاندا بووە. واتە لە مێژوویەکی زووەوە کوردستان وەکو وڵات و جوگرافیا دابەشکراوەو بە چەمکی کلاسیکیش ئەگەرچی کۆڵۆنیالیزم دیاردەیەکی نوێترە بەڵام کوردستان پێش دەرکەوتنی ئەم چەمکە نوێیە بە جۆرێک داگیرکراوە. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، دوو بەشی نوێ لە کوردستان جیاکرانەوەو هەریەکەیان کرا بە بەشێک لە دەوڵەتێکی نوێی کۆڵۆنیکراو کە کۆڵۆنیالیستی بەریتانی و فەرەنسی دایانمەزراندن. ئەمجارەیان کوردستان نەک لە رووی سنوورەوە خاسیێتی وڵاتی پێنەدرا، بەڵکو ئەو سنوورە ناوخۆییەی کە پێشتر بە ناو جوگرافیاکەیدا لێدرابوو، کردبووی بە دووبەش لە پێکهاتەی دوو دەوڵەت، ئەمجارە سنوورە ناوخۆییە دروستکراوەکان زیاتر کران و وڵاتی کورد کرایە چوار کۆلۆنی ناوخۆ. رۆژهەڵات کۆلۆنی ئیران و باکور کۆلۆنی تورکیا بوو، کە ئەم دوو دەوڵەتە دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری بوون و دووانەکەی تریشیان کە عێراق و سوریا بوون، دوو دەوڵەتی کۆڵۆنی بوون. هەریەکە لەو بەشانەی کوردستانیش کە لکێندران بەو دەوڵەتانەوە لە بری ئەوەی دەوڵەتی کۆڵۆنی

بن، هەریەکەیان کرایە بەشێک لە دەوڵەتێکی کۆڵۆنی. لەم بارەدا ئەم دوو بەشەی کوردستان بوون بە دوو کۆڵۆنی دوو دەوڵەتی کۆڵۆنیکراو لە لایەن کۆڵۆنیالیستەکانی بەریتانیاو فەڕەنساوە.

لێرەوە شێواندنێک لە خەباتی کورددا روودەدات کە ئایا خەبات بکات بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی کۆڵۆنی یان شانبەشانی ئیتنیکی یان گروپی باڵادەستی دەوڵەتە کۆڵۆنیکراوەکە بەشداری خەباتی رزگاری نیشتیمانی دەوڵەتە کۆڵۆنیکراوەکە بکات. لە کاتێکدا ئاشکرایە ئەگەر دەوڵەتە کۆڵۆنیکراوەکە لە دەستی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی کە مەبەست بەریتانیا لە عێراق و فەرەنسایە لە سوریا رزگاری بوو، هێشتا کورد رزگاری نەبووە، چونکە دەوڵەتی عێراقی و سوری رزگاربوو لە دەستی کۆڵۆنیالیزم، وەکو گروپی ئیتنیکی باڵادەست دەبنە کۆڵۆنیالیستی کوردستان، کە دەشێ بە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیی ناوببرێن. کەواتە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ چیەو سروشتی هەڵوێستی ناسیونالیزمی دژە کۆڵنیالیزم بەرامبەر بە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی چۆنە؟

دیسان لە کاتێکدا لە دوو بەشی باشورو رۆژئاوای کوردستان دەوڵەتی ئیتنیکی باڵادەست کە لە هەردووکیاندا دەوڵەتی ئیتنیکی عەرەبیە و لە دوای رزگاربوونی نیشتیمانی شکستیانهێناوە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەدا وەکو نەتەوە یان ناسیونالیزمی مەدەنی، گەڕاونەتەوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە لەسەر بنەمای ئیتنیک. کەواتە دەبێ ناسیونالیزمی کوردی چی بکات؟ ئەی لە دوو دەوڵەتەکەی تردا کە سەروەرییان هەبووەو راستەوخۆ دەوڵەتی ئیتنیک یان نەتەوەی باڵادەست و زۆرینە بوون، وەکو دەوڵەتی تورک و دەوڵەتی فارس، دەبێ هەڵوێستی ناسیونالیزمی کوردی لەم دوو دەوڵەتەیاندا چۆن بێت و چی بکات؟ بێگومان ئاشکرایە لەو چوار دەوڵەتەی کە بوونەتە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی بەسەر کوردستانەوە، ناسیونالیستی کوردی دووچاری گرفتێکی گەورە بووەتەوە، ئەویش دابەشبوونێتی بەسەر چوار ئاراستەدا چونکە هەر بەشێک کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی خۆیی هەیە. ئەمەش ناسیونالیستی کوردی کردووە بە چوار بەشەوە، هاوشێوەی ئەو دابەشکردنەی کۆڵۆنیالیستەکان لە وڵاتی کورددا ئەنجامیان دا، کە ئەوەش هۆکارێکی لاوازی ئەم ناسیونالیستەیە لە خەباتی دژە کۆڵۆنیالیزمیدا.

# سەرچاوەکان

1. Oxford Conscise Dictionary of Politics, p.92.
2. Collins English Dictionary.
3. Webster’s Encyclopedia Dictionary.
٤. اسماعيل بيشكچى، كردستان مستعمره دوليه، ترجمه زهير عبدالملك- دار ابيك، ١٩٩٨- ص ١٥-١٦.
٥. اسماعيل بيشكچى، كردستان مستعمره دوليه، ص ١٦-١٧
6. Muhammed Noor Al-Abbood, Human and Social Sciences, Vol.3, No.1, 2005, p. 213.
٧. ئۆمۆت ئۆزکریملی، تیۆرییەکانی ناسیونالیزم، وەرگێڕانی عەبدولا ڕەسولی، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ٢٠٢٠، ل ١٦٣.

# بەشی نۆیەم

## ناسیونالیزمی کوردی و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ

سەرەتا: مەبەست لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ چیە؟ زاراوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ پێناسەی بارودۆخی سەرکوتکردن یان بە پاشکۆکردنی گروپێکی ئیتنیکی دەکات لە لایەن گروپێکی ترەوە[1]. کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ بریتیە لە کاریگەریەکانی گەشەکردنی ئابووری لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، بەشێوەیەکی تر ئەم زارەوەیە بە پەرەسەندنی ناچوونیەک دەناسرێت کە لە ئەنجامی بەکاربردنی گروپە کەمینەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی گەورەتردا روودەدات، کە ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی نایەکسانی سیاسی و ئابووری لە نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتدا. ئەمەش وا دادەنرێت کە هاوشێوە بێت لەگەڵ پەیوەندی نێوان شار- میترۆپۆڵ- و کۆلۆنیدا. ئەم دیاردەیە واتە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ بریتیە لە جیاکردنەوەی ئاشکرای هەژموونی ناوەند لە کەنار[2].. کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ دەرئەنجامی ناهاوتایی پەیوەندی نێوان ناوەندو کەنارە لە سنوری دەوڵەتێکدا کە وێنەیەکی تر یان وێنەیەکی بچوککراوەی رۆژئاوا / رۆژهەلات یان رۆژئاوا/ دەرەوەی رۆژئاوایە.. ناوەند لە بواری سیاسیدا بەسەر دەوروبەردا باڵادەست دەبێت و لە بواری ئابووریدا دەوروبەر دەچەوسێنێتەوە[3]. لێرەدا دەردەکەوێت کە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ، شێوازێکی کۆلۆنیالیکردنە کە لە ناوخۆی وڵاتێکدا روودەدات، کە ئەویش بە دیاریکراوی دوو جۆرن، یەکەمیان ئەو وڵاتانەی کە لە گروپێکی ئیتنیکی زیاتریان تیادا دەژی و لەسەر بنەمای گروپی بەهێزو باڵادەست و گروپەکانی تر پۆلێن کراوە وەکو گروپی کەمینە یان بێ هێز یان گروپی دەرەوەی دەوڵەت.

دیارترین و نزیکترین نموونەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ بۆ ئێمە ئەو چوار دەوڵەتەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، واتە وەکو چوار کۆلۆنیالیستە ناوخۆکانی کوردستان کە بریتین لە دەوڵەتی عەرەبی عێراقی، دەوڵەتی عەرەبی سوری، دەوڵەتی فارسی ئێرانی، دەوڵەتی تورکی تورکیا کە کۆلۆنیالیست و کۆلۆنی لە ئیتنیکی جیاوازن. نموونە بۆ جۆرێکی تر لە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ کە دەشێت بە جۆری دووەم ناوببرێت، کۆلۆنیالیستی ناوخۆی ئەمەریکیە، کە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ دەوڵەتی سپی پێستە و کۆلۆنی ناوخۆش پێکهاتەی رەش پێستە. واتە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ ئەو رێگایەیە کە تیایدا گروپی ئیتنیکی باڵادەست لە وڵاتیکدا گروپە کەمینەکان بەکاردەبات لە پێناوی بەرژەوەندی ئابووریدا. لە دەوڵەتانی لەم جۆرەدا گروپی باڵادەست کە گروپی خاوەن دەوڵەتە، دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئابووری و کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت ئەو یاسایانەشی کە وڵاتی پێ بەڕێوەدەبات بەکاردەهێنێت بۆ سەرکوتکردنی گروپەکانی دەرەوەی خۆی، کە دەشێ بە کەمایەتیەکان ناویان ببات. دەوڵەتی گروپی باڵادەست توانا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت بەکاردەهێنێت بۆ چەوساندنەوەی گروپی دەرەوەی دەوڵەت و لە هەموو بوارەکاندا رێگا لە پێشکەوتن و گەشەکردنیان دەگرێت.

ئاشکرایە کە زاراوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ زاراوەیەکی نوێیەو مێژووی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ پاش جەنگی دووەمی جیهانی. یەکەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە و چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو لە لایەن لیو مارکواردەوە، کە ئەو دەربڕینەی بەکارهێنا لە ئاخاوتنیدا سەبارەت بە باشوری ئەفریقا. بەڵام بەکارهێنانی فراوانتری ئەم دەربرین و چەمکە لە لایەن پابلۆ گۆنزالێز کاساقۆناوە بوو، لە وتارێکیدا کە لە ساڵی ١٩٦٥ لەبارەی مەکسیکەوە بڵاوی کردەوەو گروپە کەمایەتیە سەرکوتکراو و چەوسێندراوەکانی لە لایەن گروپی باڵادەست و هەژموونداڕەوە بە کۆلۆنی و گروپی باڵادەستیش بە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ ناودەبات[٤]. دوای ئەوە ئەندرێ گۆندەر فرانک بابەتی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆی لە شێوەی تیۆرییدا داڕشت، کە گەوهەری ئەم تیۆرییە دەوستێتە سەر شێوازی «پەرەسندنی ناچوونیەک»، کە مەبەست لەم چەمکەش جیاوازی ئاستی پەرەسندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوریە لە نێوان ناوەندی دەوڵەت و هەرێم، یان ناوچەکانی

گرووپە ئیتنیکیە دووەمەکاندا کە لەڕستیدا لەسەر بنەمای جوگرافی هێڵ یان سنووری جیاکەرەوەی گرووپە ئیتنیکیە جیاوازەکان هەیە، بەڵام ئەو سنوورە نەبووەتە سنووری سیاسی. دواتر شاعیرو مێژوونووس سێرجیۆ سالقی کە بە مێژوونووسی زمانی کەمینەکان دەناسرێت.. لە ساڵی ١٩٧٣دا زاراوەی «کۆڵۆنی ناوخۆ»ی بەکارهێنا و باسی کەتەلۆنیاو سکوتلاند دەکات وەکو دوو کۆڵۆنی ناوخۆ. یەکەمیان کە لە لایەن کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی ئیسپانیاوە کۆڵۆنیکراوەو دووەمیشیان لە لایەن کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی بەریتانیاوە کۆڵۆنیکراوە.

ئاشکرایە لە رووی چەمک و ماناوە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆ هاوشێوەی کۆڵۆنیالیزمی دەرەکیە بەلام لە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆدا کە هەردووکیان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدان، نەتەوەی خاوەن دەوڵەت نەتەوەی بێ دەوڵەت کۆڵۆنی دەکات. لە هەردووکیاندا واتە لە کۆڵۆنیالیزمی دەرەکی و ناوخۆدا، گرووپێکی باڵادەست هەژموونی خۆی دەسەپێنێت بەسەر گرووپی لاوازترداو سەرکوتی دەکات و دەیچەوسێنێتەوەو بەکاری دەهێنێت و دەست بەسەر سەرچاوەی ئابووریدا دەگرێت و لە رووی سیاسی و سەربازی و کەلتوری و جوگرافیشەوە دەیخاتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیەوە. کۆڵۆنیالیزم و کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆ بە ئاستی جیاواز لەم خاسیەتانەدا کە باسکران بەشدارن، بەڵام جیاوازییش هەیە لە نێوانیاندا. گرنگترینی ئەو جیاوازییانەش شێوازی بەکاربردنە، کە لە یەکەمیاندا واتە لە کۆڵۆنیالیزمی دەرەکیدا، دەسەڵاتێکی دەرەکی لە دەرەوەی وڵاتەوە دێت کە دەسەڵاتی دەوڵەتێکی ناسیونالیزمە کە گەیشتووەتە ئاستی کۆڵۆنیالیزم، وڵات یان خاک و نیشتیمانی نەتەوە یان گەلێکی تر کۆڵۆنی دەکات، کە وەکو گوتمان دەشێ کۆڵۆنیالیکردنی نیشتەجێکردن، سەربازی، ئابوری، سیاسی یان کەلتوری بێت. بەڵام لە دووەمیاندا واتە لە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆدا، دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیست لە دەرەوەی سنووری ئەو دەوڵەتەوە نایەت، بەڵکو دەسەڵاتی گرووپێکی ئیتنیکی باڵادەستە لە ناوخۆی ئەو وڵاتە یان ئەو دەوڵەتەدا کە هەژموونی ئیتنیکی خۆی بەسەر گرووپە ئیتنیکیەکانی تردا دەسەپێنێت و کۆی خاسیەتەکانی کۆڵۆنیالیزمیان لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سەربازیەوە بەسەردا دەسەپێنیت.

کۆلۆنیالیستی بەریتانیا لە کۆتایی جەنگی یەکەمدا عێراق و کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی سوریای داگیرکرد وەکو کۆلۆنیالیزم. ئەم دوو دەولەتە کۆلۆنیکراوە هەریەکەیان بەشێک لە کوردستانیان پێوەلکێندرا بەو ئومێدەی کە نەتەوەی عێراقی یان نەتەوەی سوری لە نێوان ئیتنیکی بالادەست لەم دوو دەولەتە کۆلۆنیکراوەو ئیتنیکی بەپاشکۆکراوی کوردو کەمایەتیەکانی تریشدا لەهەریەکەیاندا پێکبێت. لە خەباتی دژە کۆلۆنیالیزمدا، هەریەکە لەم دوو دەولەتە کۆلۆنیکراوە توانیان سەربەخۆیی بەدەستبهێنن. کە لەو خەباتی دژە کۆلۆنیالیزمەدا ئیتنیکی بالادەستی عەرەب و ئیتنیکی بە پاشکۆکراوی کوردو ئەوانی تریش بەشداربوون. هەلبەت لەگەل رزگاربوونی ئەم دوو دەولەتە کۆلۆنیکراوەدا، دوو دەولەتی نوێی دروستبوو دەولەتی ئیتنیکی بەهێزو بالادەستبوون، کە نەیانتوانی نەتەوەی عێراق یان نەتەوەی سوریا لەسەر شێوەی ناسیونالیزمی مەدەنی پێکبهێنن، بەلکو لەبری ئەوە دەولەتی ئیتنیکی بالادەستی عەرەبیان پێکهێنا. ئەو دەولەتانەش بوون بە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ و هەریەکەیان ئەو بەشەی کوردستانی کۆلۆنی کرد کە کۆلۆنیالیستی جیهانی لکاندنیان بەو دەولەتە کۆلۆنیکراوانەوە کە دروستیان کردن. ئێمە دواتر دەگەڕێینەوە بۆ باسکردنی ئەو خالانەو چۆنێتی جێبەجێکردنیان بەسەر هەر یەکە لەو بەشانەی کوردستان لە لایەن دەولەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عێراقی و سوریاوە، بۆ دەرخستنی ئەوەی کە چۆن کوردستان کراوەتە چوار کۆلۆنی و لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەلناسی دیاری تورک ناوی دەبات بە کۆلۆنی دەولەتان یان کۆلۆنی نێودەولەتی(٥).

چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ سەرباری ئەوەی لە ئەوروپا بەکارهێنراوەو باسی چەندین کۆلۆنی ناوخۆ لەوێ کراوە. لەراستیدا زۆربەی ولاتانی دیارو بەهێزی ئەوروپا لە سەدەی پانزەیەم بەدواوە بوونەتە دەولەتی کۆلۆنیالیست و پەلیان هاوێشتووە بۆ ئەمەریکاو ئاسیاو ئەفریقا و رووبەری فراوانیان کۆلۆنیکردووە. دیسان بەشێکیان بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ وەکو بەریتانیا کە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی سکوتلەندەو ئێرلەندایە و ئیسپانیا کۆلۆنیالیستی کەتەلۆنیایە. پاش خەبات و تێکۆشانی زۆرو درێژخایەن ئەم کۆلۆنیە ناوخۆییانەی ئەوروپا جۆرێک لە دەسەلاتیان بەدەستهێناوە لە شێوەی فیدرالیدا، بەلام تاکو ئێستا نەبوونەتە خاوەنی دەولەت و سەروەری خۆیان.

بێگومان ئەوە ناسیونالیستی ئەو کۆڵۆنیە ناوخۆییانەن کە لە ڕێگای خەباتی جۆراوجۆرەوە کۆڵۆنیالیستە ناوخۆییەکانی ئەوروپایان ناچارکردووە کە دان بنێن بە ئاستێک لە مافەکانیاندا. بەڵام تاکو ئێستاش خەباتی ئەو کۆڵۆنیە ناوخۆییانە بەردەوامە لە پێناوی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی سەروەریدا، کە ئەو خەباتەش شێوازی جۆراوجۆری بەخۆگرتووە. هەر لە خەباتی چەکدارییەوە وەکو ئەوەی لە ئێرلەندا ڕوویداوە هەتا خەباتی دیموکراتی و دیپلۆماسی کە دواترینەکانیان لەبەرگرتنی ڕاپرسی گشتی بووە. کەتەلۆنیا لە ساڵی ٢٠١٧دا ڕاپرسی گشتی لەسەر جیابوونەوە کردو زۆرینەی خەڵکی کەتەلۆنیا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی ئیسپانیا وەکو هەر کۆڵۆنیالیستێکی تر دژی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیە وەستاو نەک هەر دانی نەنا بە جیابوونەوەی کەتەلۆنیادا، بەڵکو وەکو کۆڵۆنیالیستێکی دڕندە پەلاماری کەتەلۆنیەکانی دا. بەشێک لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیاو ئەندامانی پارتە سیاسیە سەربەخۆخوازەکان ناچاربوون وڵات بەجێ بهێڵن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کەتەلۆنیا دەستبەرداری پرۆژەی سەربەخۆیی خۆی نەبووەو سەربەخۆیی وەکو پرۆژەی ناسیونالیستی کەتەلۆنی بەزیندوویی ماوەتەوە.

کەواتە لێرەدا ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە نەک هەر لە ئاسیاو ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین نەتەوە کۆڵۆنیکراوەکان، ئەگەر چی لە شێوەی دەوڵەتی کۆڵۆنیکراودا بن، یان کۆڵۆنی ناوخۆبن، خەبات دەکەن بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری خۆیان. تەنانەت ئیتنیکە کۆڵۆنیکراوەکان لە ڕۆژئاواش کە ئەوانەی ئەوێ لە ئێستادا زیاتر کۆڵۆنی ناوخۆن، دەستبەرداری پرۆژەی ناسیونایزمی خۆیان نەبوون، کە بریتیە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەروەری.

کاتێ بە وردی سەرنجی کۆڵۆنی ناوخۆ بدەین، دەشێ تێبینی ئەوە بکەین کە لە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆدا دوو چەمکی تر دەردەکەون، کە ئەوانیش جیاکاری ڕەگەزی و ڕەگەزپەرستیە. سروشتی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆ لە ئەمەریکا لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەنگ یان پێست دروستبووە، واتە هەژموونی باڵادەستی سپی پێست و چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی ڕەش پێست. سپی پێست کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیەو ڕەش پێست کۆڵۆنی ناوخۆیە. کە بنەمای

کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ لەویٔ، واتە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جیاکاری رەگەزیە. هەروەک بنەمای کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ لە ئەفریقای باشورو نامیبیا کە کەمینەی سپی ستەمکار دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوە بووە، ئەویش لە دوای جەنگی دووەم هەتا کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، واتە هەتا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت، خراپترین شێوازی جیاکاری رەگەزی بەکارهێناوە، کە بە ئاپارتاید ناودەبرێت و تیایدا هەژموونی رەگەزی سپی پێست سەپێندراوە بەسەر رەگەزی رەش پێستدا. رەگەزی رەش پێست سەرکوتکراوەو چەوسێندراوەتەوەو بەکاربراوەو لەبەردەم مەترسی پرۆسێسی ترسناکی لەناوبردن و قەلاچۆکردندا بووە. لێرەش سپی پێستی هەژموونداروستەمکار بووەتە کۆلۆنیالیست و رەش پێستی ستەملێکراو لەناوبراو بووەتە کۆلۆنی. هەر لێرەوە خەبات و تێکۆشانی رەش لە ئەفەریقیای باشورو لە باشوری رۆژئاوای ئەفریقیا، لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی سیستێمی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆدا بووە، کە بزوینەرو جوڵێنەری بەرەنگاربوونەوەو خەباتی رەش دژی دەوڵەتی ستەمکاری سپی هێزی ئیتنیکی یان رەگەزی بووە، کە تێکۆشاوە بۆ رزگاربوون لە سیاسەتی دەسەڵاتی ستەمکاری سپی پێست کە لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزیی دامەزراوە.

سروشتی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ لە ئاسیادا بریتیە لە باڵادەستبوون و سەپاندنی هەژموونی ئیتنیکی بەهێز بەسەر ئیتنیکی لاوازدا، یان دەسەڵات و هەژموونی هەرێمێکی بەهێز بەسەر هەرێمە لاوازەکاندا. کۆلۆنیالیستی چین دەبێتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ و هەرێمی تبت دەبێتە کۆلۆنی ناوخۆ. بەڵام نموونەی دیاری کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ لە ئاسیادا، چوار کۆلۆنی کوردستانە لەژێر فەرمانڕەوایی چوار دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عێراق و سوریاو ئێران و تورکیادا، کە ئەم چوار دەولەتە کۆلۆنیالیستە ناوخۆیەی کوردستان بەرامبەر بە کورد پیادەی جیاکاری رەگەزی و رەگەز پەرستی پێکەوە دەکەن.

لە بەشی پێشوودا باسی کۆلۆنیالیست و سروشتی کۆلۆنیالیست و چۆنیتی دەرکەوتنی و خاسیەتەکانیمان کرد. لێرەدا هەوڵدەدەین لەبارەی خاسیەتەکانی کۆلۆنیالیستی ناوخۆوە بدوێین هەتا لەسەر بنەمای پێناسەی کۆلۆنیالیستی ناوخۆ و کۆلۆنی ناوخۆ و خاسیەتەکنیان، روانینێکی ئاشکرا لەسەر چەمکی

کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ بخەینەڕوو. لەوێشەوە ئاخاوتن لەسەر باری کوردستان و دابەشکردنی و کردنی هەر بەشێکی بە پاشکۆی دەوڵەتێک لە نێوان دەوڵەتی سەربەخۆ و دەوڵەتی کۆلۆنیدا بکەین و رووناکی بخەینە سەر شوێن و پێگەی هەر بەشێک تا بزانین بەشەکانی ئەم وڵاتە دابەشکراو و بەپاشکۆ کراوە لە چ ئاستێکی کۆلۆنی ناوخۆدان و پاشانیش ئایا کوردستان وەکو نیشتیمانی کورد چ جۆرە کۆلۆنیەکەو بەوپێیەش ناسیونالیزمی کوردی لە چ ئاستێکدایەو چ جۆرە ناسیونالیستێکەو چ جۆرە پرۆژەیەکی هەیەو خەبات بۆچی دەکات و ئامانجی نزیک و دووری چیەو، ئایا بووەتە هەڵگری پرۆژەی بەدەستهێنانی دەوڵەت و سەروەری لەو رووەوە کە کورد ببێتە خاوەنی وڵاتێک یان ناسیونالیستی کوردی بەپێی ئەوەی وڵاتەکەی کراوەتە چوار پارچەوە، ئەویش دابەشبووەو لە هەر پارچەیەکدا وەکو ناسیونالیستێکی تایبەتی ئەو پارچەیە کۆشش و خەبات دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستێم و فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیزم. ئایا ناسیونالیستی هەرپارچەیەک هەڵگری گوتاری تەواوی ناسیونالیزمە کە گەوهەرەکەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتە، یان هەڵگری گوتاری ناتەواو یان هەرە ناتەواوی ناسیونالیزمە کە خۆی لە دەستکەوتی کەمتر لە سەربەخۆیی و دەوڵەتدا دەبینێتەوە تا ئاستی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی سەربە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و تەنانەت تا ئاستی بەدەستهێنانی مافی کەلتوری؟

لە بنەماو خاسیێتە دیارەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ دەشێت ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو: یەکەم، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێکدا دروست دەبێت یان دەردەکەوێت کە زیاتر لە ئیتنیکێک، رەگەزێک، رەنگێک، یان زیاتر لە زمان و کەلتورو ئایینێکی تیادا بێت. بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە جیاوازی چینایەتیش دەبێتە بنەما بۆ دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ. دووەم، بوونی جیاوازی لە ئاستی دەسەڵات و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەدا، کە ئەوەش وا دەکات هەژموونداری بێ هەژموون دروست ببێت و دەربکەوێت، کە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن و ئابووری و سەربازی و ئاسایش و کەلتوری دەکەوێتە دەستی پێکهاتەی بەهێزو هەژموودار.

سێیەم، بوون و باڵادەستی عەقڵ و خواست و ویستی جیاکاری رەگەزیە لە لای پێکهاتەی هەژموونـدار، کە ئەمەش زیاتر بنەماکەی هۆکاری جیاوازی ئیتنیکی دەیجوڵێنێت و دەشبێتە هۆی لەبەرگرتنی خراپترین رێگاو شێوازی توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی ئیتنیک یان پێکهاتەی دەرەوەی نەتەوە یان پێکهاتەی هەژموونـدارو خاوەن دەسەڵاتی دەوڵەت. چوارەم، پەیڕەوکردنی جیاکاری و لە هەمان کاتدا بەکاربردنی ئابووری لە لایەن پێکهاتەی هەژمووندارەوەو هەوڵدان بۆ رێگاگرتن لە هەر پەرەسەندنێکی ئابووری لە ناوچەو هەرێمی پێکهاتەی هەژموون بەسەرداکراودا. بۆ نموونە نەکردنەوەی کارگەو کارخانە لە هەرێمی دەرەوەی پێکهاتەی هەژمووندارداو رێگاگرتن لەوەی لە رووی پیشەسازیەوە گەشەبکات و ببێتە ناوچەیەکی پیشەسازی و تیایدا ئابووری کۆببێتەوە، بەڵکو دەوڵەتی ناوەند کە لە دەستی ئیتنیکی باڵادەستدایە کارگەو کارخانەو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و ژێرخانی ستراتیژی و بەرهەمهینی ئابووری لە هەرێم و خاکی راستەقینەی خۆیدا دروست دەکات تا ناوچەی ئیتنیکی خۆی بکاتە بنکەی ئابووری و بتوانێت دەستی کاری خۆی بەکاربهێنێت. هاوکات هەوڵدەدات کۆی مادەی خاوی هەرێمی ئیتنیک یان پێکهاتەی دووەم بگوازێتەوە بۆ ئەو کارگەو کارخانەو دامەزراوە پیشەسازییانەی لە هەرێمی ئەسڵی خۆیدا دروستیکردون. لێرەوە بنەمایەکی بەهێزی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆ دروست دەکات لەسەر بنەمای پەرەسەندنی ناچوونیەک، واتە جیاوازی لە ئاستی پەرەسەندندا لە نێوان جوگرافیای ئەسڵی ئیتنیکی هەژمووندارو جوگرافیای ئیتنیکی هەژموون بەسەرداکراودا بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو دروست دەکات، کە یەکەمیان واتە جوگرافیای نەتەوەی خاوەن دەوڵەت بەشێوەیەکی لەبەرچاو لە رووی ئابووریەوە گەشەدەکات و پەرەدەسێنێت، بەڵام دووەمیان واتە ئیتنیکی بێ دەوڵەت هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە. زۆر بەئاسانی ئەوە دەبینرێت کە جوگرافیای ئیتنیکی خاوەن دەوڵەت بووەتە هەرێمێکی پیشەسازی پێشکەتوو، بەڵام هەرێمی ئیتنیکی دووەم لە قۆناغی فیودیالی یان کشتوکاڵی دواکەوتوودا ماوەتەوە. بۆ نموونە لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بۆ جیاوازی ئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتن لە نێوان باکوری کوردستان و بەشە تورکەکەی سنووری دەوڵەتی تورکیا بکەین، یان رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکەی

تری دەوڵەتی فارس یان رۆژئاوای کوردستان و بەشە عەرەبیەکەی دەوڵەتی سوریا، یان باشوری کوردستانی پێش پێکهێنانی دەسەڵاتی ناوخۆی کوردی و بەشە عەرەبیەکەی دەوڵەتی عێراقی. بەئاشکرا دیارە هەرێمی ئیتنیکی کوردی لە سنووری هەر چوار دەوڵەتەکەدا نەک تەنیا لە رووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە هەموو ئاستەکاندا بە دواکەوتووی ماوەتەوە، لە کاتێکدا ناوەندی دەوڵەت و هەرێمەکانی ئیتنیکی خاوەن دەوڵەت بەئاستێکی جیاواز لە رووی پیشەسازی و رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەوە پەرەیان پێدراوە.

پێنجەم، لە رووی پەروەردەو خوێندنەوە، نەتەوەی خاوەن دەوڵەت سیستێمی پەروەردەو زمانی پەروەردەی خۆی دەسەپێنێت بەسەر ئیتنیکی بێ دەوڵەت و کۆلۆنیکراودا. لێرەشەوە لە رووی پەروەردەوە منداڵانی ئیتنیکی دووەم ناچاردەکرێن بە زمانی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و هەژمووندار بخوێنن، کە ئەوەش لە رووی سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتیەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر بنیادی کەسێتی منداڵانی ئیتنیکی دووەم دروست دەکات و جیاکردنەوەیانە لە بنەمایەکی سەرەکی بوون و کەسێتی کۆمەڵایەتی و ئیتنیکیان و هەر جۆرە جیاکردنەوەیەک لە زمانی دایک دروستکردنی بۆشاییەکە لە بوونی ئەو کەسێتیەدا بۆ ئەوەی لە ئاستی یەکەمدا بە ئاسانی تێکبشکێندرێت، لە ئاستی دووەمدا ئەو منداڵەی کە بەزمانی دایک ناخوێنێت، ناتوانێت بە ئاسانی بە بیرکردنەوەی ئیتنیکی خۆی یان لە داهاتوودا بە بیرکردنەوەی نەتەوەیی خۆی بیربکاتەوەو ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاستی پەیوەستبوون و ئینتیمای کۆی منداڵانی ئیتنیکی دووەم دەبێت و بەرەو دوورکەوتنەوە لە ئینتیمای نەتەوەییان دەبات.

شەشەم، ئیتنیک یان پێکهاتەی خاوەن هەژموون لە پرۆسێسی جۆراوجۆردا هەوڵدەدات رووبەری جوگرافیای خۆی فراوان بکات، ئەویش بە لەبەرگرتنی سیاسەتی فراوانخوازی کە خۆی لە بنەڕەتدا سیاسەتی کۆلۆنیالیزمە. بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتەی هەژمووندار لە رێگای دەرکردنی پێکهاتەی دووەمەوە لەسەر خاکی رەسەنی خۆیان و نیشتەجێکردنی ئەندامانی سەربە خۆی لە شوێنی ئەواندا سروشتی دیمۆگرافی لەسەر جوگرافیای ئیتنیکی بێ دەوڵەت دەگۆڕێت لە بەرژەوەندی خۆی. ئەمەش هەمان خاسیتی کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێکردنە. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا بەگشتی چوار دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی

ناوخۆی عێراق و سووریاو تورکیا و ئێران ئەم سیاسەتە لە کوردستان پیادە دەکەن. بۆ نموونە لە دروستبوونی دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبییەوە لە عێراقدا، ئەم دەوڵەتە وەکو کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عەرەبی عێراقی سیاسەتی بە عەرەبکردنی لە رووبەرێکی فراوانی باشوری کوردستاندا ئەنجامداوە. حەوتەم، لەبەرگرتنی سیاسەتی چەوساندنەوەو سەرکوتکردن و لەناوبردن و پاکتاوکردنی رەگەزی لە لایەن ئیتنیک یان پێکهاتەی هەژمونداروو باڵادەستەوە بەرامبەر بە ئیتنیکی یان پێکهاتەی لاوازو بێ هەژمون، کە هەمیشە ئیتنیک یان پێکهاتە یان گروپی بەهێزو هەژموندار بریتیە لە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆو ئیتنیک یان پێکهاتە یان گروپی بێ هێزو هەژموون بەسەرداکراو بریتیە لە کۆڵۆنی ناوخۆ. لێرەداو لەسەر بنەمای ئەم خاسیەتانەی سەرەوەی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆ کە باسکران، ئایا گومانێک لەسەر ئەوە هەیە کە دەوڵەتە ئیتنیکیەکانی عەرەب و تورک و فارس، چوار کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان نەبن و کوردستانیش چوار کۆڵۆنی ناوخۆی ئەوان نەبێت؟

بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، باشتر وایە سەیری واقیعی هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر زەمینەی واقیع بکەین و لە روانگەی ئەو خاسیەتانەو چەندین خاسیەتی تری کۆڵۆنیالیستی ناوخۆوە لێی بڕوانین تا بزانین ئایا بەڕاستی دەوڵەتی ئیتنیک یان نەتەوەی عەرەب و تورک و فارس خاسیەتەکانی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیان هەیە بەسەر کوردستانەوە یان نا؟ لەبەرامبەردا ئایا هەریەکە لە چوار پارچەکەی کوردستان خاسیەتەکانی کۆڵۆنی ناوخۆیان هەیە؟ ئەگەر بە وردی سەلمێنرا کە کوردستان چوار کۆڵۆنی ناوخۆیە و ئەو چوار دەوڵەتەش چوار کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی کوردستانن، ئایا شوێن و پێگەی ناسیونالیزمی کوردی لەم بارودۆخەدا لە کوێدایە؟ ئایا ناسیونالیزمی کوردی لەم هەلومەرجەدا دەبێتە ناسیونالیزمی دژە کولۆنیالیست؟ ئایا بەرنامەو ستراتیژو پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی چی دەبێت؟ ئایا لە هەر کۆڵۆنیەکی ناوخۆی کوردیدا، ناسیونالیزمی کوردی وەکو ناسیونالیزمی گروپێکی ئیتنیکی کاردەکات، کە بەرناومەو ستراتیژو پرۆژەی لە سنووری ئەو کۆڵۆنیە ناوخۆییەدا سنوور دەدرێت، یان ناسیونالیزمی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا وەکو ناسیونالیزمی یەک ئیتنیکی کۆڵۆنیکراو کاردەکات و هەمان بەرنامەو ستراتیژو پرۆژەی دەبێت کە

کارکردنێتی وەکو ناسیونالیزمێکی دژە کۆلۆنیالیزم، کە ئەمەش مانای یەک شوناسی ناسیونالیزمی کوردی و یەکبوونی نیشان دەدات.

ئەوە ئاشکرایە، هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردستان کرابووە دوو بەشەوە، بەشی ژێر سایەی دەسەلاتی سەفەوی- قاجەری و بەشی ژێر سایەی دەسەلاتی تورکی عوسمانی، کە لەو قۆناغەدا لە کوردستان چەندین دەسەلاتی ناوخۆیی دروستبووە کە بەشی زۆریان لەو پارچەیەی کوردستاندا بووە کە لە ژێر سایەی دەسەلاتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا بووە. تاکە دەسەلاتی دیاری کوردی ژێر سایەی دەسەلاتی ئیمپراتۆرێتی فارسی، دەسەلاتی ئەردەلانیەکان بووە، کە ماوەیەکی دوورو درێژ ماوەتەوە. میرنشینی ئەردەلان لە دەوروبەری (١١٦٩) دامەزراوەو لە ساڵی (١٨٦٧) دا بەتەواوەتی لەناوچووە. یەکێک لەو کتێبە دیارانەی لەسەر مێژووی ئەردەلان نووسراوە، کتێبی توحفەی ناسریە کە لە لایەن میرزا شوکروڵای سەنەندەجیەوە نووسراوە باسی ئەوە دەکات کە ئەم میرنشینە لە ساڵی ٥٩٤ ی کۆچی دامەزراوەو هەتا ساڵی ١٢٨٤بەردەوامبووە.

لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەلات و قەڵەمڕەوی عوسمانیەکاندا ژمارەیەک دەسەلاتی ناوخۆیی کوردی دروستبوون وەکو میرنشینی بۆتان و بادینان و سۆران و بابان و... ئەم دەسەلاتە ناوخۆییانەی کورد لە سەر جوگرافیای هەردوو بەشی کوردستان دروستبوون، کە لەو روانگەیەوە ئەگەر ئەم دوو ئیمپراتۆرێتە وەکو دوو کۆلۆنیالیستی تەقلیدی سەیربکرێن، ئەوا ئەم دەسەلاتە ناوخۆییانەی کورد لە سەر رووبەری ئەو دوو کۆلۆنیالیستە تەقلیدیەدا دروستبوون. هەڵبەت ئاشکرایە جیاوازی لە ئاستی پەیوەستبوون و بنەمای نزیکی لە نێوان هەریەکە لەو دوو ئیمپراتۆرێتەو ئەو دەسەلاتە ناوخۆییانەی کورددا هەبووە کە لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەواندا دروست بوون. دەسەلاتە ناوخۆییە کوردییەکانی ژێر سایەی قەڵەمڕەوی عوسمانی لە رووی مەزهەبیەوە هەمان مەزهەبی بابی عالییان هەبووە، لە کاتێکدا کە دەوڵەتی عوسمانی سەرباری ئەم بۆچوونانە وەکو دەوڵەتێکی فرە ئیتنیکی دەرکەوتووەو دەسەلاتێکی رووبەر فراوانی هەبووەو ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە دەسەلاتە ناوخۆییەکانی کوردو ئیتنیک و پێکهاتەکانی تریش

دەسەڵات و سەربەخۆییەکی زیاتریان هەبێت لەچاو سەربەخۆیی و ئاستی پەیوەستبوونی دەسەڵاتی ئەردەڵان بە ناوەندی دەسەڵاتی سەفەویەوە کە دەسەڵاتێکی مەزهەبی ئیتنیکی بووە. هەرچەندە ئاشکرایە کە دەسەڵاتی ئەردەڵان لە رووی هێزو جێگیری و رووبەری دەسەڵات و ماوەی فەرمانڕەواییەوە جیاوازی هەبووە لە دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی تری کورد. شێوازی مانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای روخاندنی میرنشینی ئەردەڵان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی فارسەکاندا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەچاو سەردەمی میرنشینداو لە هەردوو بارەکەدا هەژموونی دەسەڵاتی ئیتنیکی شیعە و مەزهەبی فارسی- ئیرانی بەسەر کوردەوە دیارو ئاشکرا بووە، لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیدا. دەوڵەتی فارسی یان ئێرانی سروشتی هەژموونی ئیتنیکی باڵادەستی هەبووە بەسەر ئیتنیکی لاوازو دووەمیدا، کە ئەمەش هەمان سروشتی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیە لە مێژووی نوێدا. لە کاتێکدا لە سنووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا، سەرباری بوونی جۆریک لە هەژموونی بابی عالی بەسەر دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی کورددا، بەڵام ئاستی هەژموونی ئیتنیکی تورک بەسەر کوردەوەو بەکاربردنی کورد لە لایەن تورکەوە بەو ئاستە بەهێزە نەبووە کە بە تەواوی خاسێتەکانی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی تێدا بەرجەستە ببێت، وەکو ئەوەی لە مێژووی نوێدا هەیە.

بەڵام با سەیری قۆناغەکانی دواتر بکەین، بە تایبەتی لە گەیشتنی کۆلۆنیالیستەکانی رۆژئاوا بە ناوچەکەو هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و دابەشکردنی ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر سایەی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەو ئیمپراتۆریێتەدا بوو، بەسەر سێ دەوڵەتی تازە دروستکراودا کە دوانیان کرانە دەوڵەتی کۆلۆنی کە عێراق و سوریا بوون و سێیەمیشیان کە تورکیا بوو، بووە خاوەنی سەروەری خۆی. واتە ئەم بەشەی کوردستان لەبری ئەوەی بکرێتە دەوڵەتێکی کۆلۆنی، کرایە بەشی پێکهێنەری سێ دەوڵەتی نوێ، کە هەر لەسەرەتاوە خاسێتی کۆلۆنی ناوخۆیان پێبەخشراو ئەو سێ دەوڵەتەش بوونە سێ کۆلۆنیالیستی ناوخۆ بەسەر ئەم سێ بەشەی کوردستانەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا عێراق و سوریا خۆیان دوو دەوڵەتی کۆلۆنی بوون لە شێوازی ئینتیدابدا. کەواتە جێگای خۆیەتی لێرەدا هەوڵبدەین بەدوای سروشت و پیادەکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەدا بگەڕێین کە

هەریەکە لەم دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ناوخۆییانە هەیانبووەو بەسەر سێ کۆلۆنی ناوخۆی کوردیدا جێبەجێیان کردووە.

لە هەریەکە لەو چوار وڵاتەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو لە ئێستادا چوار دەوڵەتی نەتەوەیی تیایاندا فەرمانڕەوایە، کە دەوڵەتی فارسی و تورکی و دوو دەوڵەتی عەرەبین. ئەم سێ نەتەوەیە لەم چوار دەوڵەتەدا نەتەوە یان پێکهاتەی هەژموونداروو خاوەنی دەوڵەتن و کوردیش ئیتنیک یان پێکهاتەی هەژموون بەسەردا کراو و بەکاربراو و سەرکوتکراوە لە سنووری هەریەکە لەو چوار دەوڵەتەدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەکە لەو چوار دەوڵەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆن و هەریەکە لە پارچەکانی کوردستان کۆلۆنیەکی ناوخۆن.

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و بەڕێوەبردن لەو چوار دەوڵەتەی کە بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان، لە دوانیاندا واتە لە ئێران و تورکیادا نەتەوەی فارس و تورک لە مێژە نەتەوە یان گروپی هەژموونداروو خاوەنی دەوڵەت بوون. لە عێراق و سوریادا وەکو دوو دەوڵەتی کۆلۆنیکراو، کۆلۆنیالیستی بەریتانی و فەڕەنسی ئیتنیکی عەرەبییان کرد بە ئیتنیکی هەژموونداروو فەرمانڕەواو ئەوەیان چەسپاند کە ئەم دوو دەوڵەتە دوو دەوڵەتی عەرەبین و کوردیش تیایاندا پێکهاتەی پلە دووە. ئەم شێوە ڕێکخستنە رۆڵی گرنگی بینیووە لە دواخستنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوری و سیاسی کوردیدا، بەجۆرێک لە هەریەکە لەم وڵاتانەدا، دوو ئاست لە پەرەسندن هەبووە. لە رووبەری نەتەوەی یەکەمدا کە نەتەوەی خاوەن دەسەڵات و هەژموندار بوون، پەرەسەندنێکی خێراتروو بەهێزتر هەبووە، کە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی هەم ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز کە رەنگدانەوەی ئەوەش بەرهەمهێنانی سەرخانێکی بەهێزتر بووە لە چاو رووبەری جوگرافیای پێکهاتەی دووەمدا کە جوگرافیای نیستیمانی کوردە. ئەم جیاوازیە بە ئاشکرا دووانەی ناوەند/ کەناری پێکهێناوە، کە ئەمەش شێوەی کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیکراوە لە نێوان رۆژئاواو دەرەوەی رۆژئاوادا. لەراستیدا ئەم دووانەیە لە سنووری دەوڵەتێکدا دەبێتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆو کۆلۆنی ناوخۆ.

دەوڵەتەکانی ئەو چوار دەوڵەتەی کە بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان، هەموو گرنگی و بایەخدانێکیان بە رووبەری جوگرافیای نەتەوەی خۆیان بووەو جوگرافیای کوردستان، یان ناوچە کوردیەکانیان پشتگوێ خستووە. ئەوەش بووەتە بنەمای پەرەسندن و پێشکەوتن لە رووبەری ئەسڵی نەتەوەکانی خۆیانداو بەهەمان پێوانە بووەتە هۆی دواکەتن لە هەرێمە کوردیەکاندا. کە ئەمەش سروشتی چەمکی کۆلۆنیالیست و کۆلۆنی ناوخۆ دەخاتە ڕوو. لەم رووەوە ئەگەر سەیری ئاستی پەرەسندنی کۆمەڵایەتی لە باکوری کوردستان بکەین بەراورد بە بەشە تورکیەکەی تورکیا، ئەگەر بەراوردی بەشە فارسیەکەی ئێران بکرێت بە بەشە کوردیەکەی، ئەگەر بەراوردی بەشە عەرەبیەکەی سوریا بکرێت بە بەشە کوردیەکەی، ئەوا بەشە کوردیەکان لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کەلتوریەوە زۆر لە بەشە تورکی و فارسی و عەرەبیەکە دواکەوتووترن. بارودۆخی عێراقیش هەتا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەمان شێوە بووە، بۆ نموونە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوری گروپی فەرمانڕەواو دەوڵەتدار زۆر لە ئاستی پەرەسەندنی باشوری کوردستان لە پێشتر بووە. پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە پایتەختدا، واتە لە بەغدا گەیشتبوونە ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای شار وەکو ناوەند، لە کاتێکدا لە کەناردا کە بە ئاستی یەکەم بەشە کوردیەکەی و لە ئاستی دووەمیشدا هەرێمی شیعە، هێشتا لە رووی پەرەسەندنەوە دواکەوتوو بوون و سروشتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لادێ یان قۆناغی کشتوکاڵییان هەبوو.

یەکێک لە خاسیێتە دیارەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ بریتیە لە جیاکاری رەگەزی، کە تیایدا نەتەوەی هەژموندار و خاوەن دەوڵەت لە قۆناغی دوای رزگاربوون لە کۆلۆنیالیستی دەرەکی، کە خۆی پێشتر لە لایەن کۆلۆنیالیستی دەرەکیەوە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئێستا سیاسەتی جیاکاری رەگەزی بەرامبەر ئێتنیک یان پێکهاتەو گروپی دووەم ئەنجام دەدات. وەکو گوتمان ئەم دوڵەتانەی کە لە دەستی کۆلۆنیالیستی دەرەکی دەربازبوون، ناسیونالیستەکانیان گەیشتونەتە ئاستی شۆڤێنیزم و پیادەی سیاسەتی رەگەزپەرستی و جیاکاری رەگەزی دەکەن. لە عێراق و سوریادا لە دوای رزگاربوون لە کۆلۆنیالیستی دەرەکی، دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی پێکهاتووە

کە ناسیونالیستێکی دواکەوتووی بنیاد خێڵایەتی عەقڵ داخراو بووەو ئەم ناسیونالیستە هەر لە دروستبوونیەوە بارگاوی کراوبووە بە بنەماکانی شۆڤێنیزم و فاشیزم و بێجگە لە رەگەزو ئەسڵی عەرەبی نەیتوانیووە دان بەبوونی هیچ رەگەزو ئیتنیکێکی تردا بنێت. ئەوەش هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی هەردوو دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی لە عێراق و سوریادا سیاسەتی رەگەزپەرستانەو جیاکاری رەگەزی و پاکتاوکردنی رەگەزی لەبەر بگرن. دانانی کورد بە ئیتنیکی دووەم و و تەنانەت هەوڵدانی لێ سەندنەوەی شوناسی کوردبوونیان و تۆمارکردنیان بە عەرەب و لە کاتی رەتکردنەوەی ئەم پلان و بڕیارەدا لە لایەن هەر کوردێکەوە، ئەو کوردە رووبەرووی گرتن، کوشتن یان بەلایەنی کەمەوە دەرکردن لەسەر خاکی خۆی بووەتەوە.

لە رۆژئاوا، کورد بە عەرەب تۆمار کراون، لە باکور بە تورک تۆمارکراون و ناونراون تورکی چیایی، لە عیراق هەوڵی بە عەرەب تۆمارکردنی کوردی ئەو ناوچە کوردیانە دراوە کە هاوسنووری بەشە عەرەبیەکەی عێراقن بە تایبەتی لە موسڵ و دیالەو سەلاحەدین و تەنانەت لە کەرکوکیش. ئەو کوردەی لەم شوێنانە رازی نەبووبێت بە عەرەب تۆمار بکرێت، لە ناوچەکەی خۆی دەرکراوە بۆ شوێنەکانی تری باشوری کوردستان، کە دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی وەکو کۆلۆنیالیستی ناوخۆ هیچ ئومێدێکی نەبووە کە بتوانێت ئەو ناوچە کوردییانەی وەکو سلێمانی و هەولێرو دهۆک بکات بە ناوجەی عەرەبی. هەروەک لە عێراقدا کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عەرەبی سیاسەتی بە کۆمەڵ لەناوبردنی کوردی لەبەرگرتووەو ئەوەشی لە ئەنفال و زیندەبەچاڵکردنی دەیان هەزار کورددا جێبەجێ کردووە. کە ئەم سیاسەتە لە ساڵی ١٩٦٣ ەوە دەستی پێکردووەو تەنانەت ئیستاش لەو ناوچە کوردیانەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا ماونەتەوە، بەردەوامە. لەم حکومەتەی ئێستا عێراقدا کە بە روکەش کوردیش بەشدارە، هەمان سیاسەتی جیاکاری رەگەزی و پاکتاوی رەگەزی و راگواستن و بەعەرەبکردن پیادە دەکات بە مەبەستی سڕینەوەی کوردو شوناسی کوردبوونی ئەو ناوچانە. واتە هەمان سیاسەت پیادە دەکرێت کە پێشتر دەوڵەتی ناسیونالیستی شۆڤێنی عەرەبی عێراقی لە باشوری کوردستان پیادەی کردووە.

ئەم جۆرە سیاسەتە لە سوریاو تورکیاو ئێرانیش بەردەوامبوون و هەتا

ئێستاش کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عەرەب و تورک و فارس هەمان سیاسەتی جیاکاری و پاکتاوی ڕەگەزی بەرامبەر بە کورد بەکاردەهێنن. ئەمەش یەکێکە لەو خاسیێتە سەرەکیانەی کە دەریدەخات چۆن کوردستان بووەتە چوار کۆلۆنی ناوخۆ بۆ چوار کۆلۆنیالیستی ناوخۆ. بێگومان هەریەکە لەم چوار دەوڵەتە لە ڕووی چەوساندنەوەو بەکاربردن و فراوانکردنی جوگرافیای نەتەوەی خۆیان لەسەر بنەمای دەستگرتن بەسەر جوگرافیای کورددا لە ڕێگای دەرکردنی کوردەوەو لە ڕێگای زەمینەسازی بۆ پەرەسەندنی ناچوونیەک لە نێوان جوگرافیای نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و جوگرافیای دابەشکراوی کوردستاندا هەموو سیاسەتێکی جیاکارییان لەبەرگرتووەو بە هەر شێوەیەکیش بۆیان لوابێت لەسەر زەمینەی واقیع پیادەیان کردووە. ئەمە بێجگە لە جیاکاری کەلتوری و زمانی و جێبەجێکردنی پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردنی کەلتوری کوردی کە کۆلۆنیالیستە ناوخۆییەکانی کوردستان بەردەوامبوون لە پیادەکردنی. هەموو ئەم خاڵانە بەتەواوی دەیسەلمێنێت کە کوردستان کراوەتە چوار کۆلۆنی ناوخۆ و لە لایەن چوار کۆلۆنیالیستی ناوخۆی فارس و تورک و عەرەبەوە کۆلۆنیکراوە.

ئایا لە کاتێکدا کە کوردستان کراوەتە چوار کۆلۆنی ناوخۆ، ناسیونالیزمی کوردی لە چ بارێکدا بووە؟ ئایا خەباتی کورد چ جۆرە خەباتێکە، واتە خەباتی ڕزگاری نیستیمانیە لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەروەریدا یان خەباتە بۆ پێکهێنانی یەک نەتەوە لەگەڵ کۆلۆنیالیستی ناوخۆداو مانەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو چوار دەوڵەتەدا؟

ئاشکرایە کە دەرکەوتنی ناسیونالیزم لەو چوار دەوڵەتەی کە بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان، ناسیونالیزم بەراورد بە ڕۆژئاوا لە کاتێکی درەنگتردا دروستبووەو دەرکەوتووە. ئاشکرایە کە دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە دەرەوەی ڕۆژئاوادا یان لە کەناردا، بەو شێوەیەی ڕۆژئاوا نەبووە کە لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەنددا بووبێت، بەڵکو دوو هۆکاری تری ئاشکرا دەوریان بینیووە لە دەرکەوتنی ناسیونالیزمی دەرەوەی ڕۆژئاوادا، کە ئەوانیش جەنگ و تێکەڵاوبوون بووە. مەبەست لە جەنگ زیاتر پەلکێشانی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوابووە بۆ کۆلۆنیکردنی

وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپا کە کۆلۆنیالیزم و زیاتر لەویش ئیمپریالیزم ئاستی پەرەسەندووی ناسیونالیزمی رۆژئاوابووەو لە پرۆسێسەکانی کۆلۆنیالیکردندا، ناسیونالیزمی رۆژئاوا کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی دەرەوەی رۆژئاوا هەبووە لە ئاستی هەژموونکردن و چەوساندنەوەوە هەتا کاریگەری بەرهەمەکانی کۆلۆنیالیست کە هەم مەبەست بەرهەمەکانی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا و زانستە هەم مەبەست بیرو ئایدیا، یان کەلتورە بەگشتی. هەروەک مەبەست لە تێکەڵاوبوون لە ئاستی یەکەمدا لە رێگای رۆژهەڵاتناسان و میشنەرەکانەوە، لە ئاستی دووەمیشدا گەیشتنی خەڵکانی رۆژهەڵات بە ئەوروپاو تێکەڵاوبوونیان بە ژیانی ئەوروپا و کاریگەربوونیان بە بەرهەمەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا لە هەموو روویەکی ژیانەوەو گەڕانەوەی ئەم خەڵکانە بۆ وڵاتەکانی خۆیان دوای سەرسامبوونیان بە ناسیونالیزمی رۆژئاواو بە پێشکەوتن و شارستانێتی رۆژئاو وەکو بەرهەمی دەوڵەتە ناسیونالیستەکان. ئەم خەڵکانە وەکو دەستەبژێر کاریگەرییان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە وڵاتەکانی خۆیاندا. بۆ نموونە یەکەم گروپی ناسیونالیستی عەرەبی لە لایەن چەند کەسێکی عەرەبەوە لە پاریس دروستکراوە بەهۆی سەرسامبوونیان بە بەرهەمەکانی دەوڵەتانی ناسیونالیستی ئەوروپی بە تایبەتی ناسیونالیزمی فەرەنسی و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩.

دوای دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە ئەوروپا، وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بەهۆی کۆلۆنیالیزم و رۆژهەڵاتناسیەوە، بیری ناسیونالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتە دەرەوەی سنوری ئەوروپا، بەڵام بێگومان بەشێوەیەکی لاواز کە سروشتی گواستنەوەی هەبوو نەک بەرهەمی راستەقینەی واقیعی کۆمەڵگاکانی دەوەرەی رۆژئاوا. بۆ نموونە بیری ناسیونالیزم لە ناوەندی ئەوروپاو لە ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە بە رێگای جیاوازدا گەیشتە تورکیا. بۆ نموونە کۆچکەران و پەناهەندە لە هەنگاریاو پۆڵەنداوە بیری ناسیونالیزمی ئیتنیکی شۆڤێنیزمی نالیبراڵیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە سنووری ئیمپراتۆرێتی عوسمانیەوە بە تایبەتی زۆرێک لەو ئاوارەو پەناهەندانە هاتنە شارە گەورەکانی وەک ئەستەمبوڵ. ئەمە بێجگە لەوەی هاتووچۆی خەڵکی سنوری عوسمانی بۆ ئەوروپاو شارە گەورەکانی ئەوروپاو گەڕانەوەیان بۆ ئەستەمبوڵ و شارەکانی تری سنوری عوسمانی و کاریگەربوونیان بە بیری ناسیونالیزم و

بینینی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا و بەرهەماکانی هۆکارێکی تر بووە بۆ گەیشتنی بیری ناسیونالیزم بە سنووری دەوڵەتی عوسمانی، کە سەرئەنجام بوو بە بنەمای سەرەکی بۆ دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی تورکی. دواتر ناسیونالیزمی تورکی لە شێوەی بزووتنەوەیەکدا دەرکەوت و خۆی نمایش کرد کە بزووتنەوەی تورکە لاوەکان بوو. هەوڵی تورکە لاوەکان بۆ بە تورکی کردنی تورکیا بوو، کە دواتر ئەو پرۆژەیە لە کۆماری نوێی تورکیادا جێبەجێ کرا. کە هەنگاوی یەکەمی کۆمارە نوێیەکە بەرامبەر بە ئیتنیکەکانی تر تووندو ستەمکارانە بوو. کۆماری نوێی تورکیا کە کۆماری ناسیونالیستی تورک بوو، شاڵاوی ستەمکاری رێکخراوی بەرامبەر بە ئیتنیک و پێکهاتەکانی تر بەرپاکرد. ئامانجی ئەم شاڵاوانەش لەناوبردنی ئەرمەن و ئاسوری و کورد بوو کە ئەمانەش لە جوگرافیای باشورو باشوری رۆژهەڵاتی کۆمارە نوێیەکەدا بوون. دەوڵەتی ناسیونالیستی نوێی تورک سەرجەمی رێ و شوێنەکانی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆی بەسەر ئیتنیکە نا تورکەکاندا سەپاند. واتە نەتەوەی تورکی خاوەن دەوڵەت وەکو نەتەوەی باڵادەست و هەژموونندار بووەتە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ و کوردو ئەرمەن و ئاسوری بوونەتە کۆڵۆنی ناوخۆ. ئەوەی لێرەدا ئیمە مەبەستمانە ئیتنیکی کوردیە کە دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی تورک کۆی سیاسەتەکانی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی بەسەردا دەسەپێنێت و هەوڵی بەتەواوی سەرکوتکردنی ناسیونالیستی کوردی و ئیتنیکی کوردی دەدات کە وەکو ناسیونالیستی دژە کۆڵۆنیالیزم ویستی ناسیونالیستانەی هەیەو کۆشش بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی دەکات کە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت.

دیسان دەرکەوتنی ناسیونالیزمی عەرەبی لە ژێر کاریگەری ناسیونالیزمی ئەوروپیدا بووە، ئەویش لە لایەک بەهۆی ئاگاداری دەستەبژێری عەربیەوە لە بارودۆخی ئەوروپاو سەفەرکردنیان بۆ شارە گەورەکانی ئەوروپاو لە لایەکی تریشەوە بەهۆی گەیشتنی کۆڵۆنیالیستی ئەوروپی بە نیشتیمانی عەرەب و کۆڵۆنیکردنی. کۆڵۆنیکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە، کۆڵۆنیکردنی جەزائیرو تونس لە لایەن فەڕەنساوە، کۆڵۆنیکردنی لیبیا لە لایەن ئیتالیاوە، پاشان کۆڵۆنیکردنی رۆژهەڵاتی عەرەبی لە لایەن بەریتانیا و فەڕەنساوە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیدا. لە راستیدا کۆڵۆنیالیزم دەرئەنجامی

خواست و ویستە بێ سنوورەکانی ناسیونالیزمی پەرەسەندووی ئەورووپا بوو بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتانی تردا، ئەوەش لە ئاستی یەکەمدا لە پێناوی دۆزینەوەی سەرچاوەی ئابوریدا بووە، واتە گەڕان بە دوای مادەی خاودا بۆ پیشەسازی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ فرۆشتنی بەرهەمە پیشەسازییەکانیان. بۆ ئەو مەبەستەش ناسیونالیزمی بە کۆڵۆنیالیزم و بە ئیمپریالیزم بووی رۆژئاوا پەلاماری ئاسیاو ئەفەریقیا و ئەمەریکای لاتینی داو لە شێوازی جۆراوجۆردا داگیری کرد. هەر لەبەر ئەوەیە کە جەنگی جیهانی یەکەم وەکو جەنگی ناسیونالیزمی ئەوروپی ناودەبرێت.

لە ئەنجامی کۆڵۆنیالیکردنی نیشتیمانی عەرەبدا، کاردانەوە بۆ پرۆسێسی ناجۆری کۆڵۆنیالیکردن دروستبوو کە سیاسەتی توندی کۆڵۆنیالیست ئەو کاردانەوەی بەهێزتر کرد، کە ناڕاستەوخۆ خودی کۆڵۆنیالیست کاریگەری هەبوو لەسەر گەشەکردنی هەستی عەرەببوون، کە ئەوەش گەوهەرو کرۆکی ناسیونالیزمی عەرەبیە. ئەمە بێچگە لەوەی ئەو دەستەبژێرە جۆراوجۆرانەی عەرەب کە بەهۆکاری جۆراو جۆر گەیشتبوونە پایتەختەکانی رۆژئاواو کاریگەری ناسیونالیزم و دەوڵەتە ناسیونالیستەکانی ئەوروپایان بینیبوو، دیسان هەستی بەعەرەببوونیان بەهێزبووبوو. هەر لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا بوو کە دەستەیەک لەو عەرەبە خوێندەوارانەی لە رۆژئاوا بوون، لە پاریس یەکەم یانەی ناسیونالیستی عەرەبییان دروستکرد. واتە ناسیونالیزمی عەرەبی سرۆشی لە بیری ناسیونالیزمی سەدەی نۆزدەی رۆژئاواوە وەرگرت. بە تایبەت لە پێش دەستپێکردنی جەنگی یەکەمدا. ئەوەی مایەی سەرنجە، دیمەشق بوو بە ناوەندی گەشەکردن و باس و خواستی ناسیونالیزمی عەرەبی و هەر لەوێشەوە بیری سادەو تازە چەکەرەکردوی ناسیونالیزمی عەرەبی یان هەستکردن بە عەرەببوون گەیشت بە شارە دیارەکانی تری نیشتیمانی عەرەبی وەکو بەیروت و بەغداو قاهیرە. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا لە قاهیرەو میسر بەگشتی هەستی گەڕانەوە بۆ پەیوەستبوون بە فینقیبوون و شارستانێتی کۆنی فیرعەونیەکانەوە لە پەیوەستبوون بە رەگەزی عەرەبی و عەرەببوون بەهێزتر بوو.

ناسیونالیستی تازە دەرکەوتووی عەرەبی لە سوریا باسی نەخشەی گەورەی نیستیمانی عەرەبی دەکردو گۆرانی بە باڵای نەتەوەی گەورەی

عەرەب و خاک و نەژادی عەرەبیدا دەگوت و نەک هەر سنووری سوریای تێدەپەڕاند، بەڵکو بڕوای وابوو کە لەسەر ئەو خاکەی عەرەب نیشەجێیەو دەژی هیچ سنوورێک بوونی نیە. بەڵام هەرچۆن پیلان و ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ خەونی کوردی بۆ دروستکردنی نیشتیمانێک لەباربرد، ئەو ڕێکەوتنە خەونی ئەوکاتەی ناسیونالیستی عەرەبیشی هەڵوەشاندەوە.. ناسیونالیستی عەرەبی پێداگری ئەوە دەکات کە نەتەوەی عەرەب بریتیە لەو خەڵکەی بە عەرەبی قسەدەکەن و لە نیشتیمانی عەرەبیدا نیشتەجێن. عەرەب و فینقی و بەربەرو ئاشوری و جولەکەو هەموو ئەوانەی تریش کە لە نیشتیمانی عەربیدا دەژین و بەزمانی عەرەبی قسەدەکەن، بەشێکن لەم نەتەوە گەورەیە. تەنانەت ئەم بۆچوونە درێژبووەتەوە بۆ باکوری ئەفەریقیاو بۆ خەڵکی تر لە کەلتورو زمان و مێژووی جیاواز[٦]. لێرەوە خاڵێکی گرنگ لە دیدو بۆچوونی سەرەتای سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی عەرەبیدا دەردەکەوێت و ئەوە نیشان دەدات، ئەم ناسیونالیزمە هەموو ئەو پێکهاتە ئیتنیکی و زمانی و ئایینیانەی تر دەگرێتەوەو بە عەرەبیان دادەنێت، کە لەو جوگرافیایەدا دەژین کە ناسیونالیزمی عەرەبی بە نیشتیمانی عەرەبی دەداتە قەڵەم.

ناسیونالیزمی عەرەبی لە سوریاو عێراقدا لەم ڕوانگەیەوە سەیری کوردی کردووەو تاکو ئێستاش هەر بەهەمان شێوە لێی دەڕوانێت و کوردستانی لکێندراو بە سوریاو عێراقەوە وەکو بەشێک لە پێکهاتەی جوگرافی نیشتیمانی عەرەبی سەیردەکات. هاوکات ناسیونالیزمی عەرەبی باشوری کوردستان بە بەشێک لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراق و ڕۆژئاوای کوردستانیش بە بەشێک لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی سوریا سەیردەکات. دیارە مەبەستی ئەم ناسیونالیزمە ئەوەیە کە کورد لە هەریەکە لەم دوو دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەدا بکەنە بەشێک لە نەتەوەی عێراقی و نەتەوەی سوری. بە پشتگوێخستنی جیاوازی ئیتنیکی و زمانی و کەلتوری و مێژوویی و داب و نەریت، لە هەریەکە لەم دوو دەوڵەتەدا کە دروستیان کردن وەکو دوو دەوڵەتی کۆلۆنیالیست، یەک نەتەوە پێکبهێنن بەناوی جوگرافیاوە، واتە نەتەوەی عێراقی و نەتەوەی سوری. لەم نەخشەو بەرنامەیەی کە کۆلۆنیالیستی ڕۆژئاوا بۆ عێراق و سوریای دارشت و کەوتە جێبەجێکردنی، دەوڵەتی کۆلۆنیالیست بووە دەوڵەتی ئیتنیکی عەرەبی و کوردیش خرایە ژێر دەسەڵات و هەژموونی ئەوی باڵادەستەوەو

سەرئەنجام ئەوی باڵادەستی عەرەب بووە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ لەم دوو دەوڵەتەداو کوردیش بوو بە دوو کۆلۆنی ناوخۆ. واتە ئەوەی لە خەیاڵ و روانینی داهاتووی ناسیونالیزمی تازە دەرکەوتووی عەرەبیدا بوو سەبارەت بەوەی کە هەموو ئەوانی تری ناعەرەب لە نیشتیمانی عەربیدا دەبێ عەرەب بن، کۆلۆنیالیستی بەریتانی و فەڕەنسی لە لکاندی دوو بەشی کوردستان بە نیشتیمانی عەرەبییەوە، زیاتر لەوەیان بۆ عەرەب ئەنجامدا کە ناسیونالیزمی عەرەبی داوای دەکرد، چونکە ئەمان بەشێکی فراوانیان لە نیشتیمانی کورد لکاند بە نیشتیمانی عەرەبەوەو زەمینەشیان سازکرد بۆ ئەوەی بواری جیاکردنەوەی ئەم دوو بەشەی نیشتیمانی کورد لە نیشتیمانی عەرەب زۆر گران بێت. کەواتە دوو هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی باشورو رۆژئاوای کوردستان بکرێنە دوو کۆلۆنی ناوخۆ بۆ دوو کۆلۆنیالیستی ناوخۆی سوریا و عێراق، کە یەکەمیان بوونی خواست و ویستی شۆڤێنیستانەو فراوانخوازیی ناسیونالیزمی عەرەبی بووە هەر لە سەرتای دەرکەوتنیەوە. دووەمیان رۆڵی زۆر نەرێنی و خراپی هەردوو کۆلۆنیالیستی بەریتانی و فەڕەنسی بووە بەرامبەر بەکورد و کارکردنیان لە بەرژەوەندی عەرەب و ناسیونالیزمی عەرەبی.

بێگومان بۆ ئەوەی بزانین سروشتی بە کۆلۆنیکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن بووە، دەبێ سەرنج لە چۆنێتی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئێرانی یان فارسی بدەین کە دروستتر ئەوەیە بە ناسیونالیزمی فارسی ناوببرێت چونکە ئێران خاسێتی جوگرافیای هەیەو بێجگە لە فارس وەکو نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و گروپی هەژموونداز، چەندین ئیتنیک و پێکهاتەی تر لە ئێران دەژین کە دەوڵەتی نەتەوەی فارس بووەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆو ئەوانی تری کردووەتە کۆلۆنی ناوخۆ، کە کورد یەکێکە لە دیارترینیان. هەڵبەت ئاشکرایە کە سەفەویەکان وەکو ئیمپراتۆرێتێکی ئایینی مەزهەبی فیودیالی بەشێوەیەکی نەریتیانە دەستیان بەسەر رووبەرێکی فراوان لە خاکی گەلانی تردا گرتووە، لەناو ئەوانەشدا کورد کە رووبەرێکی فراوان لە نیشتیمانی کورد کە پێستر بە کوردستانی ژێر سایەی سەفەویەکان یان ئیران ناوبراوەو ئێستا پێی دەوترێت رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر سایەی ئیمپراتۆرێتی سەفەویدا بووە. ئەو بۆچوونەی بۆ ئیمپراتۆرێتی عوسمانی قسەی لەسەر دەکرێت بەوەی

کە دەوڵەتێکی فرە ئیتنیکی بووە لەو رووەوە کە ئیتنیکی جۆراوجۆر تیایدا بەشداربوون و لەبەر فراوانی رووبەری جوگرافیای ئیمپراتۆریەتەکەش ئیتنیک و پێکهاتە ئایینی و خێڵایەتیەکان چەندین دەسەڵاتی ناوچەییان دامەزراندوەو بە ڕووکەش و بە رایەڵەی لاواز پەیوەستبوون بە ناوەندی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە، بۆ سەفەویەکان بەوجۆرە نەبووەو هەر لەبەر ئەوەشە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە لایەک قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بچووکتربووە، لە لایەکی تریش جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوەندیی هەبووەو دەسەڵاتی ناوچەییش لە سایەیدا وەکو ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەبووە. هەڵبەت ئەوەشمان لەبەرچاوە کە میرنشینی ئەردەڵان ماوەیەکی دوورو درێژ وەکو دەسەڵاتێکی ناوچەیی فەرمانڕەوایی کردووە، بەڵام سروشتی میرنسینی ئەردەڵان لە رووی مەزهەبی و لە رووی پەیوەستبوونیش بە ناوەندی دەوڵەتی سەفەویەوە وەکو تەواوکەری دەسەڵاتی سەفەوی وابووە.

رەنگە ئەو پرسیارەش سەرهەڵبدات: ئایا دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ئەو کاتە دەشێ وەکو جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی پێناسە بکرێن یان ئایا دەشێ وەکو جۆرێک لە کۆڵۆنی ناوخۆ دابنرێن؟ بێگومان ئەمە بابەتێکی ترەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تر هەیە کە لە دەرەوەی ئامانجی ئەم بەشەیە. لە لایەک دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە مانەوەی ماوەی مێژوویی دووردرێژی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی فارسدا تایبەتمەندی خۆیی هەیە، کە دەشێ جیاواز بێت لە کوردستانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی کە بۆ جاری دووەم دابەشکراوەتەوە. بەهەرحاڵ دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە ناوەڕاستی دوا دەیەی سەدەی هەژدەیەمدا کۆتایی دێت، واتە لە کاتێکدا کە هێشتا بابەتی ناسیونالیزم نە جێگای قسە لەسەرکردن بووە لە ئێران و نە دەرکەوتووە.

لە دوای سەفەویەکان، قاجەرییەکان لە ساڵی ١٧٩٦ دا شوێنی سەفەویەکانیان گرتەوە. لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا، قاجەرییەکان دووجار لەگەڵ روسەکان کەوتنە شەڕەوە، یەکەمیان لە (١٨٠٤–١٨١٣)و دووەمیان لە (١٨٢٦–١٨٢٨). لەم دوو جەنگەدا دەستەبژێری ئێرانی لە سوپادا لەگەڵ دەستەبژێری سەربازی و پاشانیش دەستەبژێری مەدەنی روسیداو بەهۆی جەنگەوە لەگەڵ دەستەبژێری ئەوروپیش هەم رووبەڕووبوونەتەوەو هەم تێکەڵاوبوونیش لە

نێوانیاندا روویداوە. رووبەڕووبوونەوەی جەنگ و تێکەڵاوبوون رۆڵیان هەبووە لە سەرەتای دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئێرانیدا. هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە شێوازی سروشتنی دەرکەوتنی ناسیونالیزم پەیوەندی بە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگاو شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندەوە هەیە. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ لێکدانەوەی چەندین نووسەری بواری ناسیونالیزم لەوبارەیەوە کرد، بۆ نموونە ئێرنیست گیللنەر پێیوایە نەتەوەو ناسیونالیزم بەرهەمی قۆناغی پیشەسازین، واتە دەرئەنجامی پەرەسەندن و گواستنەوەی کۆمەڵایەتین، سەرەتای دەرکەوتنی نەتەوەو ناسیونالیزم لە ئەوروپا بوو[٧]. واتە ناسیونالیزم بەرهەمی قۆناغی پیشەسازیەو لە رۆژئاواش دەرکەوتووەو لەوێوە پەلی بۆ شوێنەکانی تر هاوێشتووە بە ئێرانیشەوە. سەرباری ئەوەی جەنگی نێوان ئێران و روسیا و تێکەڵاوبوون، لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بوونەتە هۆی دەرکەوتنی سەرەتای زۆر سادەی ناسیونالیزمی فارسی کە وەکو گوتمان هەندێ بە ناسیونالیزمی ئێرانی ناوی دەبەن. دوو نووسەری بواری ناسیونالیزمی ئێرانی کە ئەوانیش میرزا فاتیح عەلیزادەو میرزا ئاغا خان کەریمانین، پێیان وایە ناسیونالیزمی ئێرانی لە نێوان سالانی ١٨٦٠ بۆ ١٨٩٠ دەرکەوتووە. زیا ئیبراهیمی کە لەبارەی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئێرانیەوە لێکۆڵینەوەی کردووە، باسی رۆڵی ئەو دوو نووسەرە دەکات لە دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئێرانیدا، کە ئەو بە ناسیونالیزمی لە شوێن لابراو یان دەرەوەی شوێن ناوی دەبات، واتە ناسیونالیزمێک کە لەبری ئەوەی بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ناو خودی کۆمەڵگا بێت بە کاریگەری دەرەوە دروستبووەو ناسیونالیزمی دەرەوەی ئەو شوێنەیە کە ئێستا بە ناویەوە ناودەبرێت. ئەم توێژەرە ئێرانیە مێژووی ئێرانی پێش ئیسلام وەکو قۆناغی زێرین وێنا دەکات و ئیسلام لای ئەو وەکو ئایینێکی نامۆ لێکدەدرێتەوەو عەرەب وەکو ئەوانی تر باس دەکرێن. ئێران لە واقیعی ئیمپراتۆریێتی دەردەهێنرێت و دەبەسترێت بە ئەوروپاو رەگەزی ئاریەوە[٨]. لێرەدا رەگوڕیشەیەک بۆ ناسیونالیزمی ئێرانی دەدۆزرێتەوە کە رەگەزی ئاری و پەیوەستبوونە بە ئەوروپاوە. سەبارەت بە رەگوڕیشەی ناسیونالیزمی کوردیش دەشێت هەمان لێکدانەوە بکرێت، ئەگەرچی لە رووی زانستیەوە جێگای تێڕامان و لێوردبوونەوەیە. رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێت کە

ئاراستەیەک لە لێکدانەوەی لەو جۆرەش هەیە کە پێیوایە نزیکی لە نێوان ناسیونالیزمی ئێرانی- فارسی و ناسیونالیزمی کوردیدا هەیە.

لە جەنگی نێوان قاجەریەکان و روسیادا، لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، قاجەریەکان ئەو جەنگەیان لە قەوقاز دۆڕاندو روسەکان روبەرێکی فراوانیان لەو جوگرافیایە کۆلۆنی کرد کە پێشتر لە ژێر سایەی دەسەڵاتی قاجەرییەکاندا بووە. بێگومان ئێرانیەکان کاردانەوەیان بۆ ئەم پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردنە هەبووەو بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە ناسیونالیزمی نوێی ئێرانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت کە لە بنەڕەتدا کاردانەوە بوو بۆ ئەو داگیرکارییەو کۆلۆنیالیزم و پرۆسێسەکانی کۆلۆنیالیزم، واتە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و بە گوێرەی ئێران کۆلۆنیالیزمی روسیش. بەڵام لە راستیدا ئەوە تەنیا وەکو سەرەتایەکی سادەی کۆلۆنیالیزم بووە، ئەگینا ناسیونالیزمی نوێی ئێران کە بنەماو خاسێتەکانی کۆلۆنیالیزمێکی تا ئەندازەیەک خاوەن شوناسی هەبووبێت، لە شۆرشی دەستوری ئێراندا دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٠٦دا روویداو یەکەم پەرلەمانی ئێرانی دروست  کرد. میخائیل هانت دەڵێت: رەزا شا بە تێکەڵاوکردنی سیکیولاریزم و مەسەلەی نەتەوایەتی یارمەتی پێکهێنانی ناسیونالیزمی ئێرانی دا. ئەوەش لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی هەژموونی ئیسلام بوو لەسەر ئێران، بە جۆرێک کە یاسای ئەوروپی جێگای دادگای- شەرعی- ئیسلامی گرتەوە. رەزا شا دڵنیایی لە لێهاتوویی بیرۆکراسی دەوڵەت کردەوەو هەستی ناسیونالیزمی ئێرانی بەهێزو پتەو کرد[٩]. ئەوەی وەکو ناسیونالیزمی ئێرانی باسی دەکرێت وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، ناسیونالیزمی فارسی یان ناسیونالیزمی گروپی باڵادەست و بەهێزو هەژموونداره کە لە لوتکەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانیدا بووە. لێرەدا دەپرسین ئایا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو دواتریش لە کاتی شۆڕشی دەستووری ساڵی ١٩٠٦داو تەنانەت لە دوای روخانی قاجەریەکان لە ساڵی ١٩٢٥داو هاتنی رەزا شا بۆ سەر کورسی دەوڵەت، شتێک هەبوو بە ناوی ناسیونالیزمی کوردی، یان سەرەتای دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی دەبینرێت لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان لە کوردستانی ژێر سایەی دەوڵەتی فارسیدا؟

بێگومان ئێمە دەزانین کە راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. هەروەک راپەڕینی سمایل

ئاغای شکاک دیسان لە رۆژهەلات و لە سەروەختی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئێرانیدا روویداوە. دەشێ راپەڕینی شێخ عوبەیدولا و راپەڕینی ئیسماعیل ئاغا پاڵنەرێکی زۆر سادەی نەتەوەیی یان بە دەربڕینێکی تر ناسیونالیزم لە پشتیانەوە بووبێت، بەلام ناشێت ئەو پاڵنەرە لە ئاستی کاردانەوە بۆ کۆلۆنیالیستە ناوخۆییەکانی کوردستان لە تورک و فارس زیاتر بووبێت. واتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دوو راپەڕینە زیاتر کاردانەوە بووە بۆ سیاسەتی خراپی کۆلۆنیالیستی تورکی و فارسی بەرامبەر بە کورد. لێرەدا دەبینرێت کە ناسیونالیزمی فارسی لە سەرەتای سەدەی بیستدا دەبێتە هێزی بزوێنەری شۆڕشی دەستووری و رەزا شا لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستدا کە ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپا بوو، لەساڵی ١٩٢٥دا کۆتایی بە دەسەلاتی قاجاری هێناو دەوڵەتی شاهەنشایی دامەزراند، کە نموونەی دەوڵەتی ناسیونالیستی فارسی یان ئێرانی بوو. لێرەوە بە تەواوی دەوڵەتی ئیرانی بووەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان و ئەو بەشەی کوردستانیش بووەتە کۆلۆنیەکی ناوخۆو هەتا ئێستاش بەهەمان شێوە ماوەتەوە. کەواتە ئێستا بەئاشکرا کوردستان بریتیە لە چوار کۆلۆنی ناوخۆ، کە کۆلۆنیالیستەکانی عەرەب و تورک و فارس پیادەی خراپترین سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ دەکەن بەسەر هەر چوار کۆلۆنیەکەی کوردستاندا.

ئیستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ناسیونالیزمی کوردی وەکو ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیست بووەتە خاوەنی شوناسی خۆی و لەو کاتەوە کە کوردستان بووەتە چوار کۆلۆنی ناوخۆ، ئەم ناسیونالیستە لە چ ئاستێکی پەرەسەندندا بووەو هەڵگری چ گوتارێک بووەو چۆن لە رابردوودا کاریکردووەو ئیستا چۆن کاردەکات؟ لەراستیدا ئامانجی سەرەکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ بریتیە لە بەهێزکردنی بیری نایەکسانی ئیتنیکی و ئابوری و بنیادی سیاسی لە نێوان ناوچە یان هەرێمەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا. لەم روانگەیەوە کوردستان کراوەتە پاشکۆی چوار دەوڵەتی نەتەوەیی کە نەک هەر جیاوازی بەڵکو جیاکاری ئیتنیکی و زمانی و ئابوری نەریتی و مێژوویی تەواو هەیە لە نێوان نەتەوەی خاوەن دەوڵەت کە ئەو دەوڵەتی ئەو چوار نەتەوەن کوردستانیان لە ژێر دەستدایە و بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان، کە دوو دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی و دەوڵەتی نەتەوەیی تورک و

دەوڵەتی نەتەوەیی فارسن. هەڵبەت لە پێکهاتنی هەریەک لەو چوار دەوڵەتەدا هەرگیز Nation بەو مانەیەی کە گەل بنوێنێت پێکنەهاتووە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە لە چوارچێوەی جوگرافیای هەریەک لەو چوار دەوڵەتەدا نەتەوە لە کۆی پێیکهاتە ئیتنیکیەکانی هەر دەوڵەتێکیاندا پێکنەهاتووە. بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا سنوورە ئیتنیکیەکان زیاتر زەقبوونەتەوەو ناسیونالیستی ئیتنیک یان گروپی هەژمووندار بووەتە خاوەنی دەوڵەتەکەو دەوڵەتیش لەبەرئەوەی لە بنیادنانی یەک نەتەوە یان یەک گەل لەسەر بنەمای یەکسانی ئیتنیکی و ئابووری و سیاسی شکستی هێناوە، هەروەک باسکرا، لەبەر ئەوەی ناسیونالیزمی ئەم سێ نەتەوە بە سروشتی دروستنەبوون، لە بنیادا چەندین کەموکورتی و کێشەیان هەبووە، هەمیسە ناسیونالیزمێکی توندڕەوو ناجێگیر بووەو بووەتە هەڵگری چەندین خاسیێتی کۆمەڵگای داخراو، کە یەکێک لەوانە بارگاوییبوونیانە بە رەگەزەکانی ترس و نیگەرانی بەردەوام و نەتوانینی هەڵکردن لەگەڵ ئەوانی تردا ئەوەش بووەتە هۆی داخراوی و شکانەوە بەسەرخۆدا کە دەرئەنجامەکەی باڵادەستبوونی ئاراستەی رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم بووە لە گوتاری ناسیونالیزمی چوار کۆلۆنیالیستە ناوخۆییەکەی کوردستاندا..دوا بنەمای کۆلۆنیالیکردن رەگەزپەرستیە، رەگەزپەرستی بنەمای هەژموونی کۆمەڵایەتیە کە بەهۆیەوە گروپێک بە نزم یان جیاواز سەیر دەکرێت. لە روانگەی خاسیێتە بایۆلۆجیە دانراوەکانەوە بەکاردەبرێت و رکێف دەکرێت و لە رووی کۆمەڵایەتی و جەستەییەوە لە لایەن گروپێکی باڵاوە سەرکوت دەکرێت(١٠).

ئاشکرایە ناسیونالیزمی ئەو سێ نەتەوەی کە دەوڵەتەکانیان بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان، دوو خاسیتی سەرکییان هەیە کە بریتین لە رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم. ئەم دوو خاسیێتەش وایانکردووە لەم کۆلۆنیالیستە ناوخۆییانە کە سیاسەت و ستراتیژی کۆلۆنیالیستی خۆیان بە خراپترین شێوە بەسەر پارچەکانی کوردستاندا وەکو چوار کۆلۆنی ناوخۆ جێبەجی بکەن. بێگومان ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی باشتر لای هەرسێ نەتەوەی عەرەب و تورک و فارس، بەراورد بە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگای کوردی و بەو پێیەش پەرەسەندوویی و بەهێزبوونی ناسیونالیزمی ئەو سێ نەتەوە

لەچاو ناسیونالیزمی کوردیدا هەژموون و هێزی بەوان بەخشیووەو بەسەر کورددا بالادەستی کردون و پرۆسێسەکانی سەرکوتکردن و بەکاربردنی هەمە لایەنەو تەنانەت پاکتاوکردنی رەگەزی و تالانکردنی سەرچاوە سروشتیەکان و وێرانکردنی خاکیان جێبەجی کردووە بە مەبەستی کردنی هەر پارچەیەکی کوردستان بە کۆلۆنیەکی ناوخۆ، ئەوەش لەپێناوی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و ستراتیژی کۆلۆنیالیستە ناوخۆییەکان خۆیاندا بووە.

تا ئێرە بە ئاشکرا دیارە کە هیچ گومانێک لەسەر ئەوە نیە کە کوردستان کراوەتە چوار کۆلۆنی ناوخۆ لە لایەن چوار کۆلۆنیالیستی تورک و فارس و عەرەبەوە. کەواتە با سەیری ناسیونالیزمی کوردی لە چوارچێوەی واقیعی چوار کۆلۆنی و چوار کۆلۆنیالیستدا لە لایەک و ناسیونالیزمی کوردی وەکو ناسیونالیزمی نەتەوەیەکی بە کۆلۆنیکراوی ناوخۆ یان وەکو کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی بکەین و بە دوای شێوەی پێکهاتنی ئەم ناسیونالیزمە لە لایەک و چۆنیتی کارکردن و گوتاری ئەم ناسیونالیزمە لە لایەکی ترەوە بگەڕێین.

هەندێک سەرەتای دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی دەگێڕنەوە بۆ لای ئەحمەدی خانی(١٦٥١-١٧٠٧). نزیکەی سێ سەدەو نیو لەمەو پێش شاعیری کوردو زانای مسوڵمان ئەحمەدی خانی، شاکاری خۆی « مەم و زین»ی تەواو کرد، کە ناسیونالیستە کوردەکان ئەو بەرهەمە بە هەست و هەڵچوونی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن[١١]. هەروەها مارتین ڤان برۆنیسین دەڵێت: زۆر لە کوردەکانی سەدەی بیستەم هەستی خۆیان لە دێڕەکانی خانی دا ناسیووەتەوەو بەو ئاکامە گەیشتوون کە ناسیونالیزمی خۆیان ریشەکەی هەر نەبێ دەچێتەوە سەر ئەحمەدی خانی[١٢]. دایڤد رۆمانۆ باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەحمەدی خانی وەکو شاعیرێک بارودۆخی ناهەمواری کورد دەلاوێنێتەوەو ئەو لاواندنەوەیەش بنەمای هەستێکی ناسیونالیستی هەیە. لەم رووەوە دەڵێت: لە سەدەی حەڤدەیەمدا، شاعیری کورد ئەحمەدی خانی بارودۆخی کوردەکانی لاواندوەتەوە. بێگومان، دیدی ناسیونالیستانەی خانی بۆ کورد بەلایەنی کەمەوە سێ سەد ساڵ پێش دیدی زۆربەی هاورەگەزەکانی-هاونەژادەکانی- کەوتووە[١٣]. وەدیع جوەیدە کە توێژینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی کردووە، گرنگی بە رۆڵی ئەحمەدی خانی نادات وەکو یەکەمین رابەری ناسیونالیزمی کوردی. ئەو دەڵێت: کوردەکان وا دەرکەوتوون

که سالانێک زۆر پێش ئەوەی ناسیونالیزمی کوردی ببێتە راستیەکی واقیعی، بەئاگابوون لە شوناسی جیاوازی نەتەوەیی خۆیان. هەستکردنیان بە یەکگرتن و خزمایەتی لەو کاتەدا دەرکەوتووە کە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەوانی غەیرە کورددا هەبووە، یان ئەو کاتەی گروپە جیاوازە کوردەکان بەریەکتر کەوتوون. دەرکەوتنی سەیری ئاراستە یان مەیلی ناسیونالیستی کوردی لە لای تایەفە کوردە هیتیرۆدۆکسەکان دەبینرێت، کە کاریگەری ئیسلام لەسەر ئەوان زۆر لاواز بووە[١٤].

بەڵێ ئەوە بووەتە بۆچوونێکی تا ئەندازەیەک جێگیر کە سەرەتاو دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەحمەدی خانی وەکو شاعیرێکی دیاری کورد کە باسی بارودۆخی ناهەمواری کوردو پەرت و بڵاوی و نەبوونی رێکەوتن و یەکگرتن و نەبوونی پاشایەکی کوردی دەکات کە بتوانێت پەرش و بڵاوی کورد کۆتایی پێبهێنێت. کە تەنیا بە یەکرتن و یەکبوون کورد دەبێتە خاوەنی هێزو بڕیاری خۆی و چیتر ژێردەستەو ملکەچی عەرەب و عەجەم و تورکی رۆمی نابێت. لە راستیدا ئەوەی لای ئەحمەدی خانی وەکو سەرەتای ناسیونالیزم دەرکەوتووە، بریتیە لە هەستی نەتەوەیی رۆشنبیرێکی دەگمەن لە قۆناغ و سەردەمێکی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگای کوردیدا کە هیچ ئامادەییەکی بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزم وەکو بیرو وەکو ئایدیۆلۆجیا نەبووە، ئەو گفتوگۆیەک دەهێنێتە ئاراوە کە لە گەوهەردا خاسێتی ناسیونالیزمی هەیە. ئەمەش سەرباری دەگمەنی کەسێتی ئەحمەدی خانی، پەیوەندی بەو بارە تاکە کەسیانەوە هەیە، کە کەسی دەگمەن لە روانین و بیرکردنەوەو دەربڕیندا پێش قۆناغی مێژوویی خۆی دەکەوێت. لێرەدا ئەحمەدی خانی وەکو کەسێکی ناسیونالیست لە نەبوونی ناسیونالیزم و لە ئامادەنەبوونی زەمینەی سەرهەڵدانی ناسیونالیزمدا دەردەکەوێت. ئێمە لە مێژووی کورددا بە تایبەتی لە بواری ئەدەبدا نموونەی تری لەو جۆرەمان هەیە کە پێش قۆناغی مێژوویی خۆی کەوتووە، ئەویش دەرکەوتنی شاعیرێکی دیاری رۆمانسی وەکو مەولەوی تاوەگۆزیە لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی رۆمانسیزمدا ئەو چەندین دەقی شیعریی رۆمانسی بەرهەمهێناوە.

خاڵێکی گرنگ کە ئەحمەدی خانی جەختی لێ دەکاتەوە، چەوساندنەوەو

بەکاربردن و مل پێکەچکردنی کوردە لە لایەن سێ نەتەوەی ترەوە، کە لە راستیدا بە چەمکی نەریتی، داگیرکەرو بە چەمکی کۆمەڵناسی سیاسی نوێش کۆلۆنیالیستی کوردستانن، کە ئەوانیش سێ نەتەوەی تورک و فارس و عەرەبن. ئەحمەدی خانی داوای یەکگرتن و رێکەوتن و یەکێتی و یەکبوون لە کورد دەکات بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئەو سێ نەتەوە داگیرکەرەی کوردستان کە دواتر بوونەتە سی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەحمەدی خانی لە ئەنجامی تێگەیشتنی لە ئازارو هۆکارەکانی ئەو ئازارانەوەو لە رێگای لاواندنەوەی بارودۆخی ناهەمواری کوردیەوە بارودۆخەکە دەخاتە ڕوو. هەروەک پەی بەوە دەبات کە رێگای راست و دروست بۆ چارەسەری کێشەی کورد چیەو لە ڕێگای دەقە بەناوبانگەکەیەوە چارەسەری کێشەکە پێشکەش دەکات. ئەوەش لە رێگای داواکردنی یەکگرتن و یەکبوونی کوردەوە پیشان دەدات. واتە خانی پێشنیاری خەباتی کورد دژی داگیرکەر دەکات. خانی لەوبارەوە دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک / ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک. رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی / هەمیا ژ مە را دکر غولامی. تەکمیل دکر مە دین و دەولەت / تحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت.

ئەوەی خانی باسی دەکات لەبارەی چۆنێتی گەیشتنی کوردەوە بە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت و سەیرکردنی دەوڵەت وەکو ئەو دامەزراوەی کە تیایدا هەر پێکهاتەیەک سەروەرێتی خۆی بەدەستبهێنێت، هەمان ئەو بۆجوونەیە کە نووسەرانی بواری ناسیونالیزم وەکو ئامانجی ناسیونالیزم و بۆ بنیادنانی نەتەوە باسی دەکەن. لە رونگەی خانیەوە کورد بەهۆی ئەوانی تورک و عەرەب و عەجەمەوە رێگای ژیانی ئازادی و سەربەخۆیی لێ گیراوە. پێویستە کورد بەجۆرێک خەبات بکات بۆ رزگاربوون لەم سێ نەتەوەی کە مافەکانی ئەمیان پێشێل کردووەو بوونەتە داگیرکەری وڵاتەکەی. خانی داوای ئەوە لە کورد دەکات دەست لەناو دەستی یەکتر بنێن بۆ رزگاربوون لە دەستی ئەو سێ نەتەوەی کە کوردیان کردووە بە کۆیلەو ژێردەستەی خۆیان. لێرەوە دەردەکەوێت ئەوەی خانی باسی دەکات بنەمای پرۆژەی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمە، کە دواتر بە کاریگەری زیاتر دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی

بە چەند دەوڵەتێکەوەو بوونی ئەو دەوڵەتانە بە کۆلۆنیالیستی ناوخۆو کردنی کوردستان بە چوار کۆلۆنی ناوخۆ، بنەمای ئەو یەکێتی و یەکبوون و یەکگرتنەی خانی داوای دەکات لاوازتر بووە.

نالی وەکو دیارترین شاعیری کورد لە سنووری میرنشینی باباندا، کە هاوتەمەنی دوا نیوسەدەی فەرمانڕەوایی میرنشین بووە، هەستی بە کاریگەری کۆلۆنیالیزمی کەلتوری کردووەو لەوە تێگەیشتووە کە هەژموونی زمانی داگیرکەرانی عەرەب و فارس و تورک چەند بەهێزە لەسەر زمانی کوردی و چۆن ئەو هەژموونە ڕێگای لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسیندا گرتووە. ئەوەش هەوڵی داگیرکەران بووە لە ڕێگای کۆلۆنیالیکردنی کەلتورییەوە بۆ لەناوبردنی یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی شوناسی کوردی بگرن کە زمانە، بەو ئومێدەی ڕێگا لە رابوونەوەو لە ویشەوە ڕێگا لە دەرکەوتن و گەشەکردنی ناسیونالیزمی کوردی بگرن. نالی کاتێ بە کوردی دەنووسێت بۆ ڕەتدانەوەی ئەوانەی دان بە زمانی کوردیدا نانێن، کە دەشێت مەبەست داگیرکەرانی عەرەب و تورک و فارس بن، یان کوردی پاشکۆی داگیرکەران و تێکشکێنەرانی کەلتوری کوردی بن. نالی دەڵێت: (کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکردیە، خۆ کوردیە / هەر کەسێ نازان نەبێ، خۆی تالیبی مەعنا دەکا.) ئاشکرایە کاتێ نالی بەم دێڕە شیعرە باس لە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکات، مەبەستی ئەوەیە کورد بگەڕێتەوە بۆ زمانی خۆی و زمانی هەر سێ نەتەوە داگیرکەرەکەی کوردستان ڕەتبکاتەوە، کە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیە.

دیسان لێرەدا دەردەکەوێت کە سێ کەلتوری هەژمووندار بە سێ ئاراستە دەسەڵاتیان بەسەر کەلتوری کوردیدا کردووەو بەهەموو شێوەیەک هەوڵی تێکشکاندنی کەلتوری کوردییان داوە. ئەم هەژموونکردنەی کەلتوری عەرەبی و تورکی و فارسی بە دوو ڕێگا بووە. یەکەم لە ڕێگای ئایینی ئیسلام و هەژموونی ئەم ئایینەوە کە ئایینی هەرسێ خەلافەتی عەرەبی بووە، واتە خەلافەتی راشیدین و ئەمەوی و عەباسی و پاشانیش ئایینی هەردوو خەلافەتی تورکی و فارسی بووە. دووەم هەژموونی ئیتنیک یان نەتەوەی باڵادەست لەم سێ دەوڵەتەدا کە ئیتنیکی عەرەب و تورک و فارسن و هەریەکە لەوانە لە

دەوڵەتەکەی خۆیدا پێکهاتەی باڵادەست بووەو هەتا ئێستاش هەر بالادەستن، کوردیا سەرکوت کردووەو بەکاریانهێناوەو تەنانەت پاکتاوی رەگەزییان بەسەردا جێبەجێ کردووە لە پێناوی بەرژەوەندی ئابووری و نەتەوەیی و سیاسی خۆیاندا. لەم دوو ڕێگایەوە کەلتورو زمانی کوردی بەتەواوی تێکشکێندراوەو کەلتورو زمانی ئەو سێ نەتەوە هەژموونداره لە شوێنەکەیاندا سەپێندراوە. نالی باسی رەتکردنەوەی ئەو سێ زمانەو گەڕانەوە بۆ نووسین بە زمانی کوردی دەکات.

دیسان راستە بۆ سەردەمی نالی ناسیونالیزمی کوردی دەرنەکەوتووە، بەڵام لەسەر بنەمای هەمان بۆچوون کە دەشێت بیرکردنەوەو روانینی تاکە کەسی هوشیار پێش قۆناغی مێژوویی خۆی بکەوێت، نالی نزیک لە بۆچوونی پێشتری ئەحمەدی خانی، باسی هەژموونی ئەوانی عەرەب و تورک و فارس دەکات بەسەر کوردەوە. واتە باسی رۆڵی سێ کەلتورو سێ زمان دەکات لە سەرکوتکردنی کەلتورو زمانی کوردیدا. لە دەربڕینەکەی نالیدا باسی هەڵوێستی سێ هێزی کەلتوری دەرەکی دەکرێت بەرامبەر بە کەلتوری کوردی، کە ئەو سێ هێزە کەلتوریە بوونەتە سێ کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیی بەسەر کەلتوری کوردیەوەو کەلتوری کوردییشیان کردۆتە کەلتورێکی کۆڵۆنیکراو بەڵام بە سێ ئاراستە. کە بۆ دەربازبوون لە هەژموونی ئەو سێ کەلتورە، کورد پێویستی بە شۆڕشی کەلتوری هەمەلایەن و گشتگر هەیە بە سێ ئاراستە بۆ رەتکردنەوەی هەژموون و رۆڵی نەرێنی ئەو سێ کەلتورو زمانە لەسەری و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کەلتوری و زمانی، کە ئەوەش لە رابوونەوەیەکی نەتەوەیی کشتگردا دەبێت، کە هەموو جەستەی ئێتنیکی کوردی بگرێتەوە.

بێگومان رابوونەوەیەکی هەمەلایەن و گشتگری لەم جۆرەش دەبێ پاڵنەری ناسیونالیزم لە پشتیەوە بێت. دیارە کاتێک باسی پاڵنەری ناسیونالیزمی دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە راوەستان دژی هەژموونی کەلتورو زمانی ئەوانی تر بەبێ هەستکردن بە رۆڵ و بایەخی زمان و کەلتوری خۆمالی یان نەتەوەیی روونادات. بایەخدان و هەستکردن بە گرنگی رۆڵی کەلتورو زمانی خۆماڵی، بەرهەمی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەست و هوشیاری نەتەوەییە، کە ئەوەش بنەمای پێکهاتن و دروستبوونی ناسیونالیزمە. واتە

لێرەدا باسی دەرکەوتن و جوڵەی ناسیونالیزم دەکرێت کە لە گەوهەردا ویستی رزگاربوون لە هەژموونی ئەوی کۆڵۆنیالیزمی هەیە، کە بۆ بارودۆخی کورد دەبێتە ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم. هەروەک پێشتر باسمان کرد لە بارودۆخی کوردستاندا، ئەم ناسیونالیزمە سروشتی ناسیونالیزمی دژە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆی هەیە. واتە پێگەو هەڵوێستی ناسیونالیزمی کوردی وەکو ناسیونالیزمی کۆڵۆنی دژی کۆڵۆنیالیستی ناخۆ یان دژی هەژمونی ناسیونالیستی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیە.

لە کاتێکدا ئێمە باسی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆو کۆڵۆنی ناوخۆ دەکەین، دەزانین کە ئەمانە دوو چەمکی پەیوەستن بە قۆناغی کۆڵۆنیالیزمەوە، بەڵام ئاشکرایە سەرباری نەگەیشتنی کۆڵۆنیالیزمی رۆژئاوا بە ناوچەکە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، کوردستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دوو ئیمپراتۆرێتەکەی فارس و تورکدا بووە، کە دوو ئیمپراتۆرێتی ئایینی فیودیالی بوون، وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئیمپراتۆرێتی عوسمانی هەندێ خاسێتی لەوجۆرەی هەبووە کە وەکو ئیمپراتۆرێتێکی فرە ئیتنیکی سەیر بکرێت، هەرچەندە ئیمپراتۆرێتی سەفەوی و پاشانیش قاجاری بەوشێوەیە نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیتنیکی هەژموندار لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا ئیتنیک یان نەتەوەی تورک بووە. کوردو ئیتنیکەکانی تریش ئیتنیکی هەژموون بەسەردا کراوبوون. بەڵام لەو قۆناغەدا چەندین دەسەڵاتی ناوچەیی کوردی لە شێوەی میرنشیندا دروستبوون، کە هەریەکیان رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوی لە ژێر دەستدا بووەو شێوەیەک لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن یان ئۆتۆنۆمییان هەبووە. ئیستا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات: ئایا دەشێ دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کورد کە لە شێوەی میرنشیندا بوون، بە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی دابنرێن، یان بە دەسەڵاتی کۆڵۆنی ناوخۆ هەژمار بکرێن؟ یان ئەم دەسەڵاتانە کە سیستێمی پەرەسەندوی بەڕێوەبردنی خێڵ بوون و نەگەیشتوونەتە ئاستی دامەزراوەی دەوڵەتی خێڵ، لە نێوان دامەزراوەی خێڵ و دەوڵەتی خێڵدا جۆرێکی تر لە دامەزراوەیان بەرهەمهێناوە کە ئەویش دامەزراوەی میرنشینە. واتە میرنشێن ئەو دامەزراوەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە پەرەسەندنی ناسروشتی خۆیدا بەرهەمیهێناوە. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە لە کاتێکدا کۆمەڵگای ئاسایی لە پەرەسەندنی خۆیدا دەوڵەت بەرهەم

دەهێنێت، کۆمەڵگای کوردی لەبەرئەوەی پەرەسەندنێکی سروشتی نەبووە لەبری دەوڵەت دامەزراوەی میرنشینی بەرهەمهێناوە[١٥]. راستە ئەم میرنشینە کوردییانە جۆرێک لە سەربەخۆییان هەبووەو ئاستی زیاترو کەمتری سەربەخۆییەکەیان و دەسەڵاتیان پەیوەستبووە بە دووری و نزیکیان لە ئەسەمبوڵ و لە والی ولایەتەکانەوە. بەڵام ئاشکرایە سەرباری بوونی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی، پەیوەست و بە ملکەچ بوون بۆ ناوەندی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێت و ئەگەر هەوڵی یاخیبوون یان دەرچوون لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندنی ئیمپراتۆرێتیشیان دابێت، ئەوە بەئاسانی دەسەڵاتیان بەسەردا کراوەتەوەو لەم رووشەوە خاسیێتی ژێردەستەییان ئاشکرا بووە، کە دەشێ وەکو داگیرکراو یان بە چەمکی نوێ وەکو کۆلۆنی ناویان ببەین. تەنانەت خاسیێتی ژێر دەستەییان لە خاسیێتی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمیان زیاتر بووە، بەتایبەتی هەرکاتێ دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتەکان بەهێزبووبێت، سەربەخۆیی ئەمان زیاتر سنووردار کراوەو لەم بارەدا بەتەواوی وەکو کۆلۆنی دەرکەوتوون. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە سنوری قەڵەمڕەوی عوسمانیەکاندا چەندین ولایەت هەبووەو هەر ولایەتەش والی خۆیی هەبووە، کە والی لە سنووری ولایەتدا جێنشینی سوڵتان یان خەلیفەی ئیسلامی بووە.

ئەوە ئاشکرایە کە بێجگە لە میرنشینی ئەردەڵان، هەموو میرنشینە دیارەکانی تری کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون. زۆرینەی ئەم بەشەی کوردستانیش لە سنووری ولایەتی موسڵدا بووەو زۆربەی میرنشینە دیارەکان لە سنوری دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ولایەتی موسڵ و بەغدادا بوون. بۆ نموونە میرنشینی بابان کە یەکێک لە دیارترین و بەهێزترینی میرنشینەکانی کورد بووە لە روانگەی ئاستی دەسەڵات و ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەیبووە، سەرباری پەیوەندی و وابەستەبوونی ئەم میرنشینە بە بابی عالیەوە، لە لایەکی تریشەوە لە ژێر فەرمان و بڕیارو دەسەڵاتی والی بەغدادا بووە. هەڵبەت بە گوێرەی میرنشینی بۆتان و بادینان و سۆرانیش هەمان دووانە پەیوەستبوون یان دووانە ژێردەستەیی راستە، کە ئەو دووانە دەسەڵاتەش بەسەریانەوە دەسەڵاتی بابی عالی و والی موسل بووە. هەڵبەت لەگەڵ بە ئاگابوون لەوەی کە بەکارهێنانی زاراوەی کۆلۆنیالیزم بۆ ئەو قۆناغە دەشێت لە رووی زانستی و خاسیێتە دیارەکانی کۆلۆنیالیزمەوە لە جێی خۆیدا

نەبێت، بەڵام دیسان سروشتی شێوە هەرەمێک هەیە کە بریتیە لە وێنە گەورەکە کە دەوڵەتی عوسمانیە وەکو کۆڵۆنیالیزم و دەسەڵاتی ولایەتەکان وەکو کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆو میرنشینە کوردیەکانیش وەکو کۆلۆنی ناوخۆ بەرجەستە دەبن.

ئاشکرایە کە میرنشینەکانی کورد، هەریەکەو بە جۆرێک هەوڵیداوە بۆ زیاتر چەسپاندن و فراونکردنی دەسەڵاتی خۆی. ئەم ویست و هەوڵ و کۆششانە راستە پاڵنەری دەسەڵاتخوازی لە پشتیانەوە بووە، بەڵام گومانی تێدانیە کە پاڵنەری نەتەوەییش هۆکارێکی تری ئەو هەوڵ و کۆششانە بووە. دەشێت ئەمەش وەکو بەشێک لە خەباتی دژە داگیرکەر یان بەچەمکی نوێ خەباتی دژە کۆڵۆنیالیست لێکبدرێتەوە. بەتایبەتی دوا میرنشینە دیارەکانی کورد بابان، سۆران، بۆتان، بادینان و ئەردەلان کە لە دەوروبەری ناوەڕستی سەدەی نۆزدەیەمدا لە لایەن ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و قاجاریەوە روخێنراون. راستە لە لایەک باسی ناکۆکی و ناپاکی نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ئەم میرنشینانە دەکرێت، بەڵام هۆیەکی سەرەکی پەلاماردانی ئەم میرنشینانە لە لایەن عوسمانیەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆهۆکاری ویستی فراوانخوازی لای دەسەڵاتی میرنشینەکان، بەتایبەتی ئەو سەروەختە، واتە دەیەکانی سێ و چوارو پێنجی سەدەی نۆزدەیەم جۆرێک لە هەستی نەتەوەیی کوردی دەرکەوتووەو هەر لەبەرئەوەش دەشێ وا لێکبدرێتەوە کە پاڵنەری ئەو فراوانخوازیە هەستێکی سادەی نەتەوەیی بوبێت، واتە دەرکەوتنی سەرەتایەکی سادەی ناسیونالیزمی کوردی هۆکاری ئەوە بوو بێت کە میرنشینە کوردەکان هەوڵی زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بدەن و بەشێوەیەک لە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی بێنەدەرەوە. بەڵام لاوازی ناسیونالیزمی کوردی و نەگەیشتنی بەو ئاستەی کە میرنشینەکان یەکبخات و بیانکاتە هێزێکی پتەو و یەکگرتوو دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریێت و بتوانن خۆیان رزگاربکەن بووەتە هۆی روخاندنیان.

هێرشی سوپای عوسمانی بۆ سەر میرنشینە کوردیەکان و سەرکوتکردنیان و روخاندن و لەناوبردنیان سروشتی هێرشی هێزی داگیرکەر یان کۆڵۆنیالیستی هەبووە. دیارە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە والیەکانی بەغداو موسڵ هەژموونیان هەبووە بەسەر میرنشینە کوردیەکانەوەو ئەوەشمان وەکو

پەیوەندی کۆلۆنیالیستی ناوخۆو کۆلۆنی ناوخۆ لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی نوێدا لێکدایەوە. بێگومان لە پەلاماردانی میرنشینە کوردییەکاندا دیسان دەسەلاتی ولایەتەکان یان والیەکان هەمان رۆلیان بینیووە لە پاڵپشتکردنی ناوەندی دەولەتی عوسمانی یان سولتاندا بۆ روخاندنی میرنشینە کوردیەکان.

دەولەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا تەواو لاواز بوو. کاتێ سولتان مەحمودی دووەم هات بڕیاری چاکسازی دا بۆ بەهێزکردنەوەی دەسەلاتی لاوازی ئیمپراتۆرێتەکەی و سەپاندنەوەی هەژموونی بەهێزی بەسەر قەلەمڕەوی ئیمپراتۆرێتدا. لە دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەمدا سولتان مەحمودی دووەم وا دەرکەوت کە بڕیاری دابێت رژێمە بنەمالەییە نیمچە سەربەخۆکان سەرکوت بکات. ئەمەش تەنیا هەولێک نەبوو بۆ سزادانی سەرکێشیکەران و دووبارە چەسپاندنەوەی دەسەلاتی عوسمانی، بەلکو هەولێکی بڕیاردراو بوو بۆ دووبارە دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەو هەرێمانەو گێڕانەوەیان بۆ ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی دەولەتی عوسمانی. بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم روانینەو پیادەکردنی لەسەر زەمینەی واقیع، رەشید محەمەد پاشای والی سیڤاس و گەورە وەزیری پێشوو، بە سوپایەکی گەورەوە رەوانەی کوردستان کرا. والی بەغدا عەلی رەزا پاشا و والی موسل ئینجاە بەیرەقدار مەحمود پاشا، ئاگادارکرانەوە کە لەکاتی پێویستیدا هێزەکانیان بخنە ژێر فەرمانی رەشید محەمەد پاشاوە. دوای مردنی رەشید پاشا، ئەرکەکانی لە لایەن حافز پاشاو ئەوانەی ترەوە تەواو کرا، ئەوان بینییان هیچ میرو دەرەبەگێکی بەدەسەلات نەماوە لە کوردستاندا کە لە رووی دەسەلاتی عوسمانیدا بووەستێت(١٦). لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە ولایەتی بەغداو موسل رۆلی کۆلۆنیالیستی ناوخۆیان بینیووە بەرامبەر بە دەسەلاتی میرنشینە کوردەکان لە مێژووی نوێدا. هەر لێرەوە هەول و کۆششی میرنشینەکان کە هەول و کۆششی کوردە وەکو خەباتی دژە کۆلۆنیالیست و دژە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ لێکدەدرێتەوە، کە لەبارێکی وەهادا، میرنشینەکانیش وەکو کۆلۆنی ناوخۆ سەیر دەکرێن.

لە دوای روخاندنی سەرجەم میرنشینە کوردیەکان لە دەیەی چوارەم و پێنجەمی سەدەی نۆزدەدا، کە هەستی نەتەوایەتی کوردی بەرەو گەشەکردن دەچوو، راپەڕینێکی دیار سەریهەلدا کە تا ئەندازەیەک خاسێتی ناسیونالیزمی

پێوە دیاربووە، کە ئەویش ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریە لە ساڵی ١٨٨٠-١٨٨١دا. وەدیح جوەیدە لەسەر زمانی جێگری باڵیۆزی ئەو کاتەی بەریتانیاوە ئەم وتەیە دەگوازێتەوە کە لەبارەی شێخ عوبەیدولاوە دەڵێت: من بۆ ئەوە دەچم بڕوا بەوەبهێنم کە شێخ عوبەیدولا نەخشەیەکی گشتگری هەیە بۆ یەکگرتنی هەموو کورد لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا[١٧]. هەروەک باڵوێزی گشتی بەریتانیا لە تەوریز لەسەروەختی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدولادا دەنووسێت و ئامانجەکانی شێخ عوبەیدولای بەمجۆرە کورت دەکاتەوە: پرۆژەکەی شێخ عوبەیدولا بۆ ئەوەیە خۆی لە لوتکەی میرنشینی کوردیدا دابنێت و هەموو کوردستانی تورکیاو ئێران بخاتە سەری[١٨]. ئەگەر سەرنجی ئەم بۆچوونانە بدەین، ئەوا بەئاشکرا دەبینین کە سنووری بۆچوون و تێڕوانینی شێخ عوبەیدولای نەهری لەوە فراوانترە کە تەنیا لەژێر کاریگەری سیاسەتی خراپی عوسمانی و قاجارییەکاندا دەستی دابێتە ڕاپەڕین، بەڵکو پاڵنەرو ویستی تر لە جوڵاندنی ئەودا هەیە کە ئەویش هەست و هوشیاری نەتەوەییە.

ئەوە ڕاستە کە لە سەردەمی شێخ عوبەیدولادا، ناسیونالیزمی کوردی بێجگە لە ئاستی تاکەکەس، بوونی نەبووە، واتە لە بری ئەوەی ناسیونالیزم وەکو بیرو ئایدیۆلۆجیایەک کە بەناو کۆمەڵدا بڵاوبووبێتەوە، تەنیا هەستێکی سادەی پەیوەستبوون بە خاک و نیشتیمانەوە هەبووە وەکو هەستێکی سادەی نەتەوەیی، لەگەڵ تاکە کەسانی ناسیونالیست کە ئەوانیش ئاستی ناسیونالیستبوونیان جیاواز بووە. بێگومان شێخ عوبەیدولای نەهری لە پێشەنگی تاکە کەسانی ناسیونالیستی سەردەمەکەی خۆی بووە. ئەویش بەکاریگەری ژینگەی خێزانی و خوێندەواری و لەسەروی ئەمانەشەوە پەیوەستبوونی خۆی و بنەماڵەکەی بە ڕێبازی نەقشبەندیەوە، کە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆکردووە ڕێبازەکانی تەسەوف بەگشتی و پرینسیپەکانی ڕێبازی تەسەوفی نەقشبەندی پەیوەستبوونیان هەبووە بە بەشی خوارەوەی کۆمەڵگاو بە کوردیشەوە وەکو نەتەوەیەکی سەرکوتکراو و مافخوراو.

یەکێک لە خاسیێتە دیارەکانی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدولای نەهری ئەوەیە کە هەردوو بەشی کوردستانی گرتۆتەوە، کە ئەوەش مانای ئەوەیە ئەو دانی بە دابەشکردنی کوردستاندا نەناوەو کوردستانی وەکو یەک نیشتیمان و

کوردیشی وەکو یەک نەتەوە سەیرکردووە. تروتەر باسی سنوورو ڕەهەندە هەرێمایەتیەکانی شێخ عوبەیدوڵا دەکات و دەڵێت: دەشێت گومانێکی کەم هەبێت کە یەکێک لە ئامانجەکانی شێخ عوبەیدوڵا ڕزگارکردنی وڵاتەکە بێت لە بەرپرسانی سوڵتان و دانانی خۆی وەکو فەرمانڕەوای کوردستان، واتە فەرمانڕەوای بەشی باشوری وان و بەشی باکوری ولایەتی موسڵ و پەلکێشانی زیاتر بە هەموو ئاراستەیەک کە ئەو دەیتوانی هەژموونی خۆی تیادا فراوان بکات[١٩]. تۆمسنی وەزیری ئەو کاتەی بەریتانیا لە تاران گفتوگۆی نەخشەکانی شێخ عوبەیدوڵای کرد بۆ دامەزراندنی میرنشینێکی سەربەخۆی کوردی، لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا ئەو ئەم هەنگاوانەی لەبەرگرتووە: وادەردەکەوێت هیچ گومانێک لەم هەنگاوانە و لە بڵاوکردنەوەکان و لەو نامە ناردنانەدا نەبێت کە شێخ عوبەیدوڵا لەم دواییانەدا ناردوونی بۆ سەرۆک خێڵە جۆراوجۆرەکان بەدرێژایی سنووری ئێران، کە نەخشەکەی بۆ جیاکردنەوەی هەموو خەڵکی کوردە لە پەیوەستبوون و دڵسۆزییان بۆ تورک و فارس، بە مەبەستی دامەزراندنی میرنشینێکی ئۆتۆنۆمی جیا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیداو بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش هەوڵدەدات لە ڕێگای بەڵێن و هەڕەشەوە هەموو خێڵە کوردەکان بجوڵێنێت بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەن لە جەنگێکی کراوەدا لەگەڵ ئەم وڵاتەدا واتە ئێران[٢٠]..شێخ عوبەیدوڵا بە ڕوانینی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، یەکەمین ناسیونالیستی گەورەیە، بەڵام ئەمە بەڵگەی یەکلاکەرەوەی نیە[٢١].. شێخ عوبەیدوڵای نەهری دروشمی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆی بەرزکردەوە وەکو ئامانجێکی سیاسی[٢٢].

بەگشتی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەو چەندین بۆچوونی تری هاوشێوە مەبەستیان ئەوەیە بیسەلمێنن کە شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەرکردەیەکی ناسیونالیست بووەو بزووتنەوەکەیشی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی بووە. وەکو ئاشکرایە بزووتنەوەکەی ئەو لە دوو بەشی کوردستاندا بووە، کوردستانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی قاجاری- فارس- و بەشێک لە کوردستانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەی تاکە نەتەوەیەک بووە بە دژی دوو ئیمپراتۆرێت کە هەریەکەیان بەشێک لە کوردستانیان داگیرکردووە. لێرەدا کوردستان زیاتر وەکو کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت، بەڵام ڕویەکی تری داگیرکردنی

کوردستان ئەوەیە کە راپەرینەکانی راپەڕینی دژە کۆلۆنیالیزمە. خۆ ئەگەر زاراوەی کۆلۆنیالیازم بە چەمکی نوێ بۆ سەردەمی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە رووی زانستیەوە زۆر گونجاو نەبێت، ئەوا لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا لە رووی بەرنامەو نەخشەی راپەڕینەکەوە کە داوای بنیادنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەکات، راپەرینی شێخ عوبەیدوڵا دەبێتە راپەرینی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیازم- دژە داگیرکەر.

هەڵبەت راپەڕینی دژە کۆلۆنیالیزم یان دژە داگیرکەر، دژی کۆلۆنیالیزمی دەرەکی بێت یان کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ، بە بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی ناودەبرێت. ئەم دەربڕینەش واتە «رزگاری نیستیمانی» لە رووی ماناوە روون و ئاشکرایەو مەبەست هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر یان دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستە. بێگومان هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، مانای کۆتاییهاتنی هەژموونی نەتەوە یان ئیتنیک یان پێکهاتەی باڵادەست بەسەر ئیتنیک یان پێکهاتەی هەژموون بەسەردا کراو و سەرکوتکراو. لە بارێکی لەمجۆرەدا ئیتنیکی هەژموون بەسەرداکراو رزگاردەبێت، واتە خۆی دەبێتە فەرمانڕەوای خۆی کە ئەوەش بەدەستهێنانی سەربەخۆییە. بەگوێرەی نەخشەی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا لە هەندێ شوێندا باسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و لە هەندێ شوێنیشدا باسی میرنشینی سەربەخۆ کراوە. بێگومان ئەوەش ناڕوونی بەرنامەی راپەڕینەکە نیشان دەدات، کە ئاشکرایە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەوڵەت و میرنشیندا هەیە. یەکەمیان واتە دەوڵەت دەربڕینی تەواوەتی رۆحی رەهای کۆمەڵگایە لە خۆی، بەڵام لە دووەمیاندا واتە میرنشین، رۆحی گشتی کۆمەڵگا نەگەیشتووەتە ئاستی بڵندبوون و ناتوانێت دەربڕین لە بوونی رەهای خۆی بکات. یان بە دەربڕینێکی تر، بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە گوێرەی ئیتنیک یان پێکهاتەیەکی کۆلۆنیکراو کە نەبۆتە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست، بە سروشتی دەوڵەتێک دەبێت لە گەوهەردا دەوڵەتی ناسیونالیست دەبێت. هەر لەم روانگەیەوە ئەگەر ئەو بۆچوونانەی سەرەوە وەکو راستی وەربگرین، ئەوا دەبوو بەرنامەی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا کە وەکو راپەڕینێکی ناسیونالیستی باس دەکرێت، سەبەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بووایە. بەڵام دیسان دەبێ ئەو راستیە بزانین کە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، سەرباری

داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنی و سەرباری بوونی بۆچوونی ناسیونالیستانە لای شێخ عوبەیدوڵا خۆی و دەشێ لای دەستەبژێری کەمی ناو کۆمەڵگای کوردی ئەوکاتەو ئەگەری بوونی هەستێکی لاوازی نەتەوەیی لای رووبەرێکی فراوانتری کۆمەڵگای کوردی، بەلام بڕواهێنان بەوەی کە راپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵا راپەڕینی ناسیونالیزمی پێگەیشتووی کوردی بووبێت، بە جۆرێک ناسیونالیزم دروستکەرو بزوێنەرو رێکخەرو بەڕێوەبەری ئەو راپەڕینە بووبێت، کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیر بکرێت کە بنەمای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئاستی هوشیاری و بنەماکانی کۆمەڵگای شارو کۆمەڵگای پیشەسازی و ئابووری سەرمایەداری و بوونی چینی ناوەند، بەرهەمهێنی ناسیونالیزمن، ئەوا ئەم بنەمایانە هیچیان نەک لەو کاتەی کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەبوونیان نەبووە، بەڵکو بوونیشیان نەبووە.

ئێستا رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە سەرباری ئەوەی بڕوامان وایە کە کوردستان یەک وڵاتەو کوردیش بە چەمکی کلاسیک یەک نەتەوەیە، بەلام ئیمپراتۆرێتەکانی فارسی و تورکی لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردووە، بۆچی پێگەی سەرەکی راپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵا زیاتر لە کوردستانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی فارسەکاندا روویدا؟ لە کاتێکدا خۆی دانیشتووی کوردستانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی عوسمانی بوو. بەڵێ ئەوە راستە رووبەرێکی فراوان لە کوردی رۆژهەلات لەو کاتەدا شوێنکەوتووی شێخ عوبەیدوڵاو رێبازی نەقشبەندی بوون و دەشێ پێگەی شێخ عوبەیدوڵا لەو بەشەی کوردستان بەهێزتر بووبێت، بەلام لە راستیدا ئەگەر راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا، ناسیونالیزم لە پشتیەوە بوایە، یان راپەڕینی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم بوایە، ئەوا کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیش دیسان وەکو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی فارس داگیرکراو بوو. بێجگە لەوەی هاومەزهەبی کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی رۆڵی گرنگی هەبووە لە دیاریکردنی شوێنی راپەڕینەکەدا، رەنگە دیاریکردنی شوێنی راپەڕینەکە وەکو تاکتیکێک لە لایەن شێخ عوبەیدوڵاوە بەکارهاتبێت. بەلام ئەگەر لە رووی نەتەوەییەوە سەیر بکەین ئەوا جێی قایل بوون نیە کە راپەڕینەکە لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی قاجەرییەوە سەرهەڵبدات و وەکو راپەڕینی ئەو بەشەی کوردستان دەربکەوێت، بەلام سەرکردایەتیەکەی لە بەشەکەی

تردا بێت. له کاتێکدا ئەو دوو ئیمپراتۆریێتە کە هەریەکەیان بەشێکی کوردستانی داگیرکردبوو، خۆیشیان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی لە ناکۆکی و ململانێی بەردەوامدا بوون، کە هۆکاری یەکەمیان ویستی دەسەلات و پاوانخوازی هەریەکە لەو دوو زل هێزەی ئەو کاتە بوو. دووەمیشیان کە هاوشێوەی یەکەمیان گرنگی و بایەخی زۆری هەبوو، بریتی بوو لە جیاوازی مەزهەبی لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریێتەدا، کە فارسەکان مسوڵمانی شیعەی دوانزە ئیمامی بوون و تورکەکانیش مسوڵمانی حەنەفی بوون. لەکاتێکدا کوردەکانیش مسوڵمانی سونەی شافیعی بوون و لەم رووەوە تورک و کورد هەردووکیان سونە بوون و لە رووی مەزهەبیەوە لە بەرامبەر مەزهەبی شیعەدا دەکەوتنە یەک بەرەوە. لێرەدا مەبەست کەمکردنەوەی بایەخی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری نیە، بەڵام دەشێ وادابنرێت هاوشانی پاڵنەری هەست و هوشیاری نەتەوەیی- ناسیونالیزم- پاڵنەری مەزهەبی دروستکەرو جوڵێنەری راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا بووبێت، بە تایبەتی دەستپێکردنی راپەڕینەکە لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی فارسەکاندا بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بە کاریگەری مەزهەبەوە هەیە.

تۆمسنی وەزیری بەریتانیا لە تاران دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵا لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا هەوڵدەدات لە رێگای بەڵێن و هەڕەشەوە هەموو خێڵە کوردەکان هانبدات کە پەیوەندی پێوە بکەن بۆ بەشداریکردنی جەنگێکی کراوە لەگەڵ ئەم وڵاتەدا- ئێران[٢٣]. واتە راپەڕینەکە ئاراستەکراوە بە دژی ئێران و کەمتر باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم راپەڕینە دژی داگیرکەرانی کوردستان بێت بەگشتی.. شێخ عوبەیدوڵا نەخشەیەکی ستراتیژی بۆ راپەڕین خستە ڕوو، کە بەپێی ئەو نەخشەیە دەبوو راپەڕینەکە لە ناوچەکانی رۆژئاوای ئێراندا دەستپێبکات[٢٤]. دیارە لاوازیی دەوڵەتی ئێران لەو کاتەدا هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی شێخ عوبەیدوڵا بڕیاری دەستپێکردنی راپەڕینەکەی لەوێ بدات. بەڵام ئایا راپەڕینی ناسیونالیزمی لەو شوێنە سەرهەڵدەدات کە ناسیونالیزم تیایدا بەهێزە، یان لەو شوێنە دەستپێدەکات کە داگیرکەر یان کۆلۆنیالیست تیایدا لاوازە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەریدەخات کە راپەڕینەکە پەیوەندیەکی ریشەیی ئەوتۆی بە پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردیەوە نیە. ئەمەش لە لایەک دەریدەخات کە راپەڕینەکە نەبووەتە راپەڕینی گشتگری

ناسیونالیزمی کوردی، چونکە ئەگەر راپەڕینی ناسیونالیزمی کوردی بوایە هەڵگری بەرنامەی رزگاری نیشیمانی هەموو کوردستان دەبوو لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەردوو داگیرکەری عوسمانی و قاجاری. هەر لەبەر ئەوە دروستتر وابوو کە شێخ عوبەیدوڵا لە شوێنی خۆیەوە راپەڕینەکەی دەستپێبکردایە.

هەڵبەت ئەگەر لە روانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی بنەمای سادەی هەستی نەتەوەییەوە سەیر بکەین لە سنووری کوردستانی ژێر سایەی عوسمانیدا، لە پێش راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵادا، راپەڕینی بەدرخانیەکان سەریهەڵداوەو ئەو راپەڕینەش کاریگەری سادەی هەستی نەتەوەیی لەسەر بووە. واتە لە پێش راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵادا بنەما، یان نموونەیەکی راپەڕینی کوردی لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا هەبووە. هەربۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر هۆکاری راستەقینەی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا پاڵنەری نەتەوایەتی و ناسیونالیزمی کوردی بوایە، دەبوا لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا دەستیپێبکردایە. بە تایبەتیش بوونی چەندین میرنشین و دەسەڵاتی ناوچەیی پێشتر لەم بەشەی کوردستاندا، رێخۆشکەر بووە بۆ بوونی مەیلی گەڕانەوە بۆ سەربەخۆییەکی ناوچەیی و سنووردار لەم بەشەی کوردستاندا. کەواتە بۆچی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا لە قەڵەمڕەوی فارسەکاندا دەستپێدەکات؟

ئاشکراشە لە سنووری میرنشینی بۆتان- میر بەدرخاندا- جۆرێک لە هەستی سادەی نەتەوەیی وەکو رەگەزی یەکەمی خودنمایشکردنی ناسیونالیزم دەرکەوتووە، لە سنووری میرنشینی سۆراندا بەتایبەتی لە سەردەمی میر محەمەددا دیسان هەستی نەتەوایەتی کوردی دەرکەوتووە. لە سنووری میرنشینی بابانیشدا بە تایبەتی لە گواستنەوەی پایتەختەوە بۆ سلێمانی هەستی نەتەوەیی بەئاشکرا بوونی هەبووە. راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵا زیاتر لە سێ دەیە دوای روخاندنی دوامیرنشینی کوردی روویداوە. بۆیە لە رووی راستیەوە ئەگەر باس لەوە بکرێت لەسەروەختی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵادا، ناسیونالیزمی کوردی بەرەو پێکهاتن و دەرکەوتن چووبێت، ئەوا لەبەر بوونی ئەو دەسەڵاتانەی ناوخۆی کوردی کە باسمان کردن و بەهۆی بوونی ئەو دەسەڵاتە ناوخۆییانەوەو کاریگەری ژیانی شارنشینی ئەستەمبوڵ

و دەستەبژێری ناسیونالیستی تورک لەسەر کورد و بوونی کوردیش لە دامەزراوە بالاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، لێکدانەوەی دروست ئەوەیە کە سەرەتای دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا بووبێت، نەک وەکو ناسیونالیست و لەسەر ئاستی تاکە کەس و دەستەبژێر، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی وەکو جەماوەرو ئەوەش وەکو بەرهەمی پەرەسندنێکی کۆمەڵایەتی کە دەشێ لە کوردستانی ژێردەستی تورکدا باشتربووبێت، بەراورد بە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی قاجاری.

بەڵام سەرباری ئەوەش کە زەمینەی یەکەمی راپەرینەکە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی فارس بوو، شێخ عوبەیدوڵا هەوڵیدا بۆ یەکخستنی هەموو خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد بۆ بەشداریکردن لە راپەڕینەکەداو خواست و ویستی ئەوەی هەبوو.. میرنشینێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنێت لە هەردوو بەشی کوردستان. بەهەرحاڵ سەرباری بیری نسیونالیستانەی شێخ عوبەیدوڵا، دواکەوتوویی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی ئەو کاتەو لاوازی یان نادیاری ناسیونالیزمی کوردی و نەتوانینی بوونی بە بزوێنەری راپەڕینەکەو نەبوونی بە پاڵنەرو رێکخەری راپەڕینەکەو لەبری ئەوە پشتبەستنی شێخ عوبەیدوڵا بە هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان، هۆکاری سەرەکی شکستی راپەڕینەکە بووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرگیز ناشێت هێزی خێڵ و عەشیرەت کە بە سروشتی هێزێکی ناهوشیارو بێ ئامانجە لە رووی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە، ببێتە جێگرەوەی بزووتنەوەی ناسیونالیزم.

رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین نەک بۆ سەردەمی شێخ عوبەیدوڵا، بەڵکو تاکو ئێستاش یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی بزووتنەوەکانی کورد بالادەستی عەقڵ و ستراتیژو هەژموونی خێڵایەتی و بنەماڵەیی و ئایدیۆلۆجیا بەئامرازکراوەکان بێت لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵەدا، کە زۆربەی کات ناسیونالیزمی پێنەگەیشتووی کوردیش لەبری ئامانجی بالای نەتەوەیی بۆ ئامانجی خێڵ و بەرژەوەندی خێڵایەتی بەکارهێنراوە. هەر لێرەوە سەرباری ئەوەی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا لە پێشەنگی ئەو راپەڕینانەی کوردە کە دروشمی بنیادنانی دەسەڵاتی سەربەخۆی

کوردی بەرزکردۆتەوە، بەڵام لە سەر زەمینەی واقیع ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجە ئامادەبوونی نەبووە. کە ئەو ئامرازە بوونی ناسیونالیزمی خاوەن پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆیە لەسەر ئاستی جەماوەریی و لەسەر رووبەری فراوانی جوگرافیای نەتەوە. بەهەرحاڵ راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، سەرباری ئەوەی ناتوانرێت وەکو راپەڕینی ناسیونالیزمی خاوەن شوناس باس بکرێت، بەڵام راپەڕینی گەلێکی وڵات داگیرکراوە لە پێناوی رزگاریدا، لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەردا. لەم رووەوە راپەڕینەکە سروشتی راپەڕینی دژە داگیرکەری هەبووە کە بە چەمکی نوێ دەشێ بە راپەڕینی رزگاری نیشتیمانی ناوببرێت کە لەم رووەوە بە پێوەری هاوچەرخ وەکو راپەڕینی دژە کۆلۆنیالیزم دەردەکەوێت.

لە دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و دوورخستنەوەی خۆی بۆ شاری مەکەو کۆچکردنی لەوێ، بەجۆرێک بۆ ماوەی دە ساڵێک بارودۆخی کوردستان خامۆشی بەخۆیەوە دەبینێت. ئایا دەشێ ناسیونالیزم پێش گەیشتن بە ئامانجی خۆی کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە پاشەکشە بکات یان دیارنەمێنێت؟ کەواتە لە دوای ئەم شکستەی راپەڕینەکە ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لە پشتی راپەڕینەکەوە بوو، بۆچی بۆ ماوەیەک دیارنەما؟ لە کاتێکدا بە پێی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و رەوتی مێژوو، دەبوو چاوەڕوانی ئەوە بکرایە کە دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا، ناسیونالیزمی کوردی زیاتر پەرەی بسەندایەو سوودی لە هەڵەکانی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا وەربگرتایە. بەڵام دوای شکستی راپەڕینەکە نەک هەر سوود لە هەڵەکان وەرنەگیراو، نەک ناسیونالیزمی کوردی هەنگاوی بەرەو رابوونەوەی نەنا، بەڵکو هیچ سیمایەکی ناسیونالیزمی کوردی دیارنەبوو. داگیرکەری تورک لە کاتی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمداو لە ساڵی ١٨٩١دا، واتە نزیکەی دە ساڵ دوای راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا، دیاردەیەکی دزێوو ناشیرین لە مێژووی کورددا روویدا، کە ئەویش دروستکردنی سوارەی حەمیدیە بوو، رۆبێرت ئۆلسن بە قۆناغی دووەمی ناسیونالیزمی کوردی ناوی دەبات[٢٥]. هاوکات لازارێف لەبارەی سوارەی حەمیدیەوە دەڵێت: سەرکردەکانی کورد سەرکردایەتی یەکەکانی سوارەی حەمیدیەیان دەکرد، کە بابی عالی ئەم یەکە نا نیزامیانەیان لە کورد دروست کردبوو. تورکەکان

ئامانجی سەربازی و سیاسیان هەبوو لە دروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا، کە بریتی بوو لەبەربەستێکی سەربازی لە کورد لە سەر سنوور لەگەڵ روسیادا و مل پێکەچکردنی کورد بۆ چاودێری توونددو تیژی بەڕێوەبەرێتی مەدەنی و سەربازیی تورکی. وەستانی سەرکردایەتی کوردی لەپاڵ حکومەتدا بۆ یارمەتیدانی حکومەت، ئەوەش بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری ترسناکی جیاخوازی کوردی و ئاسانکردنی پرۆسێسی توانەوەی کورد بووە[٢٦]. بەڵام لە راستیدا ئەوە قۆناغی یەکەمی شێوە رێکخراوی خۆبەدەستەوەدانی کوردو کارکردنێتی بۆ بەرژەوەندی داگیرکەرو دژی نەتەوەکەی خۆی، کە ئەو یەکەم خۆدانەدەستەی کورد بۆ داگیرکەری تورک بریتیە لە سوارەی حەمیدیە، کە بە زاراوەی سەردەم و باو لە بری قۆناغی دووەمی ناسیونالیزمی کوردی دەبێ ناوبنرێت قۆناغی یەکەمی بەجاشبوونی کورد.

ئێمە باسی خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم یان دژە داگیرکەر دەکەین، کە بریتیە لە خەباتی سیاسی و کەلتوری و چەکداری و دیپلۆماسی گەلانی وڵات داگیرکراو دژی داگیرکەری وڵاتەکەیان. ئێستا بەم پێوانەیە سوارەی حەمیدیە چ سوودو مانایەکیان بۆ نەتەوە سەرکوتکراو و وڵات داگیرکراوەکەیان هەیە؟ بێگومان لە کاتێکدا بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراو، ئەرکی ناسیونالیزم دژایەتیکردنی داگیرکەر یان کۆلۆنیالیستی وڵاتەکەیەتی، کەچی ئەو کوردانەی سوارەی حەمیدیەیان پێکهێنا، چوونە پاڵ سوپای داگیرکەری وڵاتەکەیان لە لایەک بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەکەی خۆیان و لە لایەکی تریشەوە بۆ دژایەتیکردنی نەتەوە چەوساوەکانی تری ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانی بە تایبەتی ئەرمەن.

## جەنگی یەکەمی جیهانی و ناسیونالیزمی کوردی:

ئاشکرایە لە ساڵی ١٩٠٨دا، تورکە لاوەکان توانییان سیستێمی فەرمانڕەوایی تورکیا بگۆڕن بۆ سیستێمی دەستووری و کۆتایی بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بهێنن. بێگومان ئەم گۆڕانگاریە لە لوتکەی دەسەڵاتی خەلافەتدا، کاریگەری لەسەر ئیتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ژێر سایەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عوسمانی هەبوو. ئەم گۆڕانکاریە وەکو سەرەتای رابوونەوە دادەنرێت بۆ گەلانی سنووری قەڵەمڕەوی ئەم ئیمپراتۆریەتە. دیارە پێش ئەوەش لە ساڵی ١٩٠٥دا، شۆڕشی دەستووری ئێران و شۆڕشی

١٩٠٥ی بۆرژوازی روسیا روویاندابوو. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر سەرجەم گەلانی ناوچەکە هەبوو بە کوردیشەوە. بەڵام لەم قۆناغەدا دیاردەیەکی تر لە ناو کورددا دەرکەوت، ئەویش هاوهەڵوێستی کورد بوو لەگەڵ نەتەوەی هەژموونداری پێشوو، یان خاوەن دەوڵەتدا. هەرچۆن پێشتر دەوڵەتی عوسمانی بەوجۆرە سەیردەکرا کە دەوڵەتێکی فرە نەتەوەییەو زیاتر لە نەتەوەیەک لە پێکهاتەی دەوڵەتەکەدا بوو، یان لە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەدا بەڕێوەدەبران. لەسەروبەندی شۆڕشی تورکە لاوەکانیشدا بەشێک لە دەستەبژێرو خوێندەواری کورد بە تایبەتی ئەوانی لە شارەکانی ئەورووپاو لە قاهیرەو دیمەشق و ئەستەمبول و شارەکانی تری تورکیادا ژیابوون، خۆیان بە دژی دەسەڵاتی سوڵتان و بەشێک لە پێکهاتەی تورکە لاوەکان دەزانی. ئەم کوردانە زیاتر ئەوانە بوون کە خۆیان بە ناسیونالیست لە قەڵەم دەدا..نەتەوەییەکانی کورد لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨دا، بەشدارییان کرد لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بۆرژوازیدا کە ئاراستە کرابوو بۆ روخاندنی فەرمانڕەوایی رەهای دەوڵەتی خەلافەت(٢٧).. نەتەوەییەکانی کورد خۆیان بۆ ماوەی دوورو درێژ پاساویان بۆ بوونی ئەو ئومێدە دەهێنایەوە کە حکومەتی تورکە لاوەکان- حکومەتی نوێ- خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پەسەند بکات(٢٨). کوردەکان یان کەسانی دیاری کورد رۆڵێکی گرنگیان بینی لە لیژنەی- ئیتیحاد و تەرەقی-دا هەر لە دروستبوونیەوە. دووان لە چوار لە دامەزرێنەرانی دەستەی یەکەمی ئیتیحادو تەرەقی بریتی بوون لە ئیسحاق سوکوتی و عەبدولا جەودەت کە کورد بوون. پاشان، کوردانی تری دیار پەیوەندیان بە بزووتنەوەکەوە کردو بە قوڵی بەشداری چالاکیەکانیان کرد(٢٩). بێگومان لەم قۆناغەدا دیارە کە بابەتی ناسیونالیزمی کوردی زیاتر بەرەو دەرکەوتن چووە. هەڵبەت لە رووی راستیەوە رەنگە پێشبینی ئەوە بکەین لەم قۆناغەدا ناسیونالیزمی کوردی وەکو ناسیونالیزمێکی ئیتنیکی خۆی لە ناسیونالیزمی تورکی جیابکاتەوەو گوتاری تایبەتی خۆیی هەبێت، کە گوتاری سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بێت. بەوەش کۆتایی بە مێژووی دوورودرێژی ژێردەستەیی کورد بۆ تورک و نەتەوەی تورک و دەوڵەتی تورک بهێنێت، ئەگەرچی لە سەردەمی عوسمانیدا وانیشان دەدرا کە ئەو ئیمپراتۆریتە دەوڵەتی ئیتنیکە جیاوازەکان بووە.

لە دروستبوون و دەرکەوتنی تورکە لاوەکاندا، کە کاکڵەی ناسیونالیزمی تورکی بوو، لە رووی راستیەوە ناسیونالیزمی کوردی دەبوو خۆی جیابکردایەتەوە، بەلاّم خۆی تێکەلاّوی ناسیونالیزمی تورکی کرد، یان بوو بە بەشێک لەو ناسیونالیزمە کە ئەمەش وەکو هەوڵێکی سەرەتایی سەیردەکرێت بۆ پێکهێنانی ناسیونالیزمی مەدەنی تورکی، واتە پێکهاتنی ناسیونالیزمێک لە دەرەوەی بنەمای ئیتنیکی. کە ئەوەش مانای پێکهاتنی یەک ناسیونالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەییە لە شوێنی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە لە رووکەشدا وا دەربکەوێت دەوڵەتی تورکیایە، بەلاّم لە گەوهەردا دەوڵەتی ئیتنیکی تورکیەو تیایدا نەتەوەی تورک دروست دەبێت، نەک نەتەوەی هەموو پێکهاتەکان لە دەرەوەی بنەمای ئیتنی. بەلاّم وەکو دواتریش دەردەکەوێت تورکە لاوەکان هەوێنی ئەو ناسیونالیزمەی تورک بوون کە کەمال ئەتاتورک لە دوای جەنگ سەرکردایەتی دەکرد و دەوڵەتی ناسیونالیستی شۆڤێنی تورکی پێکهێنا و هەموو ئیتنیک و پێکهاتەکانی تری سەرکوت کرد، لەسەروی هەموویانەوە کورد، کە نەک هەر شکستیهێنا لەوەی ناسیونالیزمی مەدەنی لەگەڵ ئیتنیکی تورکیدا پێکبهێنێت، بەڵکو کرایە کۆلۆنی و نەتەوەی تورکیش بووە کۆلۆنیالیستی رووبەرێکی فراون لە کوردستان. ئەمە لە کاتێکدا کە بەشەکەی تری کوردستان بوو بە کۆلۆنی ناوخۆی فارسەکان.

لە دوای جەنگی یەکەم، بە گوێرەی کوردستانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی فارسەکان گۆڕانکاری روویندا، بەلاّم کوردستانی ژێر سایەی دەسەلاّتی تورکەکان بەپێی بەرنامەو نەخشەی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا لە بری ئەوەی بکرێت بە دەوڵەتێکی کۆلۆنی، کرا بە سێ کۆلۆنی ناوخۆ بۆ سێ کۆلۆنیالیستی ناوخۆ کە ئەوانیش یەکەمیان دەوڵەتی نوێی تورک بوو، کە بووە کۆلۆنیالیستی رووبەرێکی فراوانی کوردستان و دەوڵەتی کۆلۆنی عێراق و دەوڵەتی کۆلۆنی سوریا، کە یەکەمیان کۆلۆنی بەریتانیا و دووەمیان کۆلۆنی فەڕەنسا بوو، هەریەکەشیان کۆلۆنیالیستی ناوخۆی بەشێک لە کوردستان بوون. کەواتە لێرەدا بارودۆخێکی تر بۆ کوردستانی ژێر سایەی دەسەلاّتی پێشتری عوسمانی هاتە ئاراوە. ئەویش ئەوەیە: ئایا ناسیونالیستی کوردی لەم قۆناغەدا لە چ ئاستێکی گەشەکردندا بووەو چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا کردووە؟ ئایا بووەتە ناسیونالیزمی خاوەن پرۆژەو گوتاری

خاوەن شوناس؟ ئایا سروشتی خەباتی ناسیونالیزمی کوردی لەم قۆناغەدا خەبات بووە بۆ پێکهێنانی ناسیونالیزمی مەدەنی و دروستکردنی گەل لەگەڵ نەتەوەی هەژمووندارو کۆلۆنیالیستی ناوخۆدا، یان خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کردووە لە پێناوی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بەدەستهێنانی سەروەریدا؟ یان ناسیونالیزمی کوردی لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا دابەشبووە بۆ ئاراستەی جیاکردنەوەی کورد لە لایەک و کردنی کورد بە بەشێک لە گەلی هەریەک لەو دەوڵەتە تازە پێکهاتووانەی کە لە رووی راستیەوە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان بوون لە لایەکی ترەوە؟

## بارودۆخی کورد وەکو کۆلۆنی ناوخۆ:

ئاشکرایە کە لە ساڵی ١٥٣٤ دا، سوڵتان سلێمانی قانونی دەسەڵاتی بەسەر موسڵدا کردو خستیە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیەوە. ولایەتی موسڵ بەشی زۆری خاک و نیشتیمانی کورد دەگرێتەوەو لەو کاتەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکە عوسمانیەکانەوە. لە ساڵی ١٧٣٣دا، سەفەویەکان پەلاماری موسڵیان داو ویستیان داگیری بکەن و بیخەنە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی خۆیانەوە، بەڵام لەم نەخشەیاندا سەرکەوتوو نەبوون و لە بەردەم هێزی عوسمانیەکاندا شکستیان هێناو ناچاربوون پاشەکشە بکەن. پێدەچێت سەفەویەکان خواست و ویستی ئەوەیان هەبووبێت، کە هەموو کورد بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو رەنگە سەرباری ویستی فراوانخوازییان، پێیان وابووبێت لە رووی نزیکی رەگوڕیشەوە کورد وەکو گەلێکی ئێرانی لەوانەوە نزیکترە. لەسەر ئەو بنەمایە، دەشێت فارسەکان ئەو بۆچوونەیان هەبووبێت کە ئەوان مافی یەکەمیان هەیە بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی وڵاتی کورد بکەن. کەواتە ئاشکرایە هەر لە مێژە فارس و تورک لە ململانێدا بوون لەسەر کوردو خاکی کورد. وەکو گوتمان دەشێ فارس بنەمای رەگوڕیشەی بۆ ئەوە کردبێتە پاساو، ئەمە لە کاتێکدا تورکەکانیش سەرباری ویستی فراوانخوازییان بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتی کورددا، پاڵنەری مەزهەبییان کردۆتە پاساو بۆ دەسەڵاتکردن بەسەر وڵاتی کورددا. کەواتە کورد لەوساوە بۆ ئێستا لە نێوان بەرژەوەندی دوو ئیمپراتۆریێتی پێشترو دوو دەوڵەتی ترسناک و داگیرکەری فارس و تورکدا ناڵاندوویەتی و تاکو ئێستاش کورد

کۆڵۆنی ناوخۆی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیستی سێ نەتەوەکەی دراوسێیەتی.

دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەسەر موسڵ و ئەم بەشەی کوردستاندا بەردەوام بوو هەتا کۆتایی جەنگی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیان. واتە هەتا ئەو کاتەی کە بەریتانیاو فەڕەنسا لە ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆدا ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیان هەڵوەشاندەوەو لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد. ولایەتی موسڵ لەو دابەشکردنەدا بەر فەرەنسا کەوت. بەڵام دواتر بەهۆی دۆزینەوەی نەوتەوە دابەشکردنەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و بەریتانیا ولایەتی موسڵی لە فەڕەنسیەکان وەرگرت. هێزەکانی بەریتانیا لە ٧-١١-١٩١٨دا دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرت. لەگەڵ داگیرکردنی عێراقدا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری دا عێراق بخاتە ژێر ئینتیدابەوەو لە لایەن بەریتانیاوە بەڕێوەببرێت کە ئینتیداب هەتا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بوو. بەرامبەر بە داگیرکردنی عێراق، گەلانی عێراق ڕاپەڕینێکی چەکداری فراوانیان لە ساڵی ١٩٢٠دا دژی بەریتانیەکان بەرپاکرد، کە بە شۆڕشی بیست ناودەبرێت. کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفیدزادە بەشداری شۆڕشی بیستی عێراقی بە دژی بەریتانیا کرد.

وەکو باسکرا ولایەتی موسڵ درا بە فەڕەنسیەکان، بەڵام ئینگلیزەکان بێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکەوتنە، موسڵیان داگیرکردو دواتر لە ڕێکەوتنی سیڤەردا لە ساڵی ١٩٢٠، فەڕەنسیەکانیان ڕازیکرد دەستبەرداری موسڵ ببن، بەمجۆرە موسڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکانەوە. لە ڕاستیدا دەوڵەتی نوێی تورک وەکو دەوڵەتێکی ناسیونالیست و تەنانەت ناسیونالیستی شۆڤێنی هەتا ساڵی ١٩٢٥، بە جدی داوای موسڵی دەکردو تەنانەت هەتا ئێستاش ناسیونالیستە شۆڤێنیە تورکەکان خەونی گێڕانەوەی موسڵیان هەیە، لە کاتێکدا کە عوسمانیەکان لە چوارچیوەی فراوانخوازی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا داگیریان کردووە. بەڵام ئەو داوایەی تورکیای نوێ لە ساڵی ١٩٢٥دا لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە کۆتایی پێهێنرا، کاتێ کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری دا، موسڵ و هەرێمی کوردی باشور کە پێشتر لە سنوری ولایەتی موسڵدا بوو بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە بەناوی عێراقەوە دروستکرا. هەروەک ئاشکرایە سنوری عێراقی کۆن لە باکورەوە تا باکوری بەغدا درێژدەبووەوە، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە بوو. بەریتانیەکان ویستیان بە لکاندنی

باشوری کوردستان بەو دەوڵەتە نوێیەوە جۆرێک لە هاوسەنگی مەزهەبی لە نێوان شیعەو سونەدا دروست بکەن، واتە کوردی باشور کە سونەن، کران بە پارسەنگی عەرەبی سونەی عێراق بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەگەڵ شیعەدا.

ئاشکرایە داواکاری شۆڕشی بیست دەرکردنی ئینگلیزەکان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەری بوو بۆ ئەو وڵاتەی بە ناوی عێراقەوە دروستکرا. سەرئەنجام لە کۆنگرەی قاهیرەی ساڵی ١٩٢١ دا، کە بەسەرۆکایەتی چەرچڵ بوو، فەیسەڵ کرا بە مەلیکی عێراق. هەروەک پێشترو لەگەڵ داگیرکردنی موسڵدا، جۆرێک لە بەڕێوەبردنی مەدەنی بۆ راییکردنی کاروبارەکانی وڵاتە نوێیەکە لە لایەن سێر پێرسی کۆکسەوە دروستکرابوو. واتە راپەڕینی چەکداری ساڵی بیست کە کوردیش تیایدا بەشداربوو دژی داگیرکردنی عێراق بوو لە لایەن بەریتانیەکانەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا بە گوێرەی کورد چی گۆڕابوو؟ تەنیا ئەوە نەبێت لە دەستی تورکی عوسمانیەوە گواسترابووەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی؟ رەنگە جێگای خۆی بێت بپرسین: ئایا شێخ مەحمود لەسەر چ بنەمایەک و لە پێناوی چیداو بۆچی لە سلێمانیەوە هێزی پێکهێناو دژی ئینگلیزەکان و شانبەشانی عەرەبی عێراق بەشداری راپەڕینی ساڵی بیستی کرد؟

بێگومان لە دوای جەنگی یەکەم و شکستی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی قەڵەمڕەوی پێشتری ئەو دەوڵەتە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنساداو گەشەکردنی ناسیونالیزمی تورکی و دەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورک، ئەوە ئاشکرا بوو کە ناسیونالیزمی تورکی بە هەموو شێوەیەک رێگری لەوە دەکرد کە کورد ببێت بەخاوەنی وڵاتی سەربەخۆی خۆی. لە کۆنگرەی ئاشتیدا ساڵی ١٩١٩ بڕیار لەبارەی چارەنووسی گەلانی چەوساوەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە درا: دەوڵەتانی گەورەی هاوپەیمان و بێ لایەن رەزامەندییان نیشاندا لەسەر جیابوونەوەی تەواوەتی ئەرمینیا و سوریاو میسیۆپۆتامیاو کوردستان و فەلەستین و دورگەی عەرەبی لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانی[٣٠]. هەروەک ئاشکرایە دواتر لە کۆنگرەی سیڤەردا لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠، لە بەندەکانی (٦١، ٦٢، ٦٣) باس لە دیاریکردنی چارەنووسی بەشێکی دیاری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرا. هەر لەو سەروبەندەدا ناسیونالیستی تورک

هەوڵی دەدا لە ڕێگای فریودانی کوردو کەمایەتیەکانی ترەوە بەناوی برای دینی و هاوئایینیەوە ڕێگا لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سیڤەر پەیوەست بە کورد بگرێت. هەر لەو سەروەختەدا تورکەکان باسی ئەگەرو شیانی یەکێتی تورک و غەیرە تورکیان دەکرد، ئەوەش بە مەبەستی ڕاکێشانی کوردو ئەرمەن و فریودانیان و بەربەست دروستکردن بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی کۆنگرەی ئاشتی و ڕێکەوتننامەی سیڤەر. بۆ ئەو مەبەستە تورکەکان لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ پێشکەشکردنی پێشنیاری دژ یان بەرامبەر- بە بڕیاردانی دابەشکردنی پاشماوەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی- ئەم لیژنەیە سیٔ ئەندامی کەمایەتیە نەتەوەییەکانی تێدابوو، بۆ ئەوەی بۆچوون لەبارەی شیانی یەکێتی نێوان تورک و غەیرە تورک دروست بکەن. یەکێک لەو سیٔ ئەندامە کورد بوو، کە هەوڵی بۆ ئەوە بوو یارمەتی تورکەکان بدات بۆ مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی تورکیادا[٣١].

لێرەدا دوو هەڵوێستی ئاشکرای کورد دەبینین کە یەکەمیان بەشداریکردنی شێخ مەحمودی حەفیدزادەیە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٠ی عێراقدا دژی ئینگلیز و دووەمیان هەڵوێستی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی وەکو « کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و کۆمەڵەی ڕابیتەی کۆمەڵایەتی و پارتی میللی کوردیٔ» و دەستەو کەسانی تریش، کە هەڵوێستی ڕونیان لە بارەی کێشەی کوردو سەربەخۆبوونەوە ئاشکرا نەبوو یان هەڵوێستی میانڕەویان هەبوو، بەجۆرێک لە باشترین باردا بڕوایان بە مافی خۆبەڕێوەبەری کورد هەبوو لە چوارچێوەی تورکیادا. ئێستا جێگای خۆیەتی لە ڕوانگەی ئەم دوو هەڵوێستەوە سەیری ناسیونالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا بکەین و سەرئەنجامیش باسی ئەوە بکەین کە چۆن ناسیونالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا لەوە لاوزترو ناکاراتر بووە کە نەک هەر پرۆژەی نەتەوەیی هەبێت بەڵکو ببێتە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو سیٔ بەندەی ڕێکەوتننامەی سیڤەر کە پەیوەستبوون بە کوردو چارەنووسی کوردەوە.

بێگومان تورکەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی ڕێگا لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردو جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سیڤەر سەبارەت بە کورد بگرن. لەم ڕووەوە دەوڵەتە گەورەکان و لەسەرەوی هەموویانەوە بەریتانیا مافەکانی کوردیان پشت گوێخست و داوای تورکەکانیان بۆ

باسنەکردنی خاڵە پەیوەستەکان بە چارەنووسی کورد لە کۆنگرەی لۆزاندا جێبەجێکرد. هەر لەم رووەوە تورکە کەمالیستەکان رایانگەیاند کورد گەلێکە مافی یەکسانیان هەیە لەگەڵ تورکدا لە وڵاتی تورکیا[٣٢]. ئەمەش لە گەوهەردا ئەوە نیشان دەدات کە تورکەکان ویستوویانە لەگەڵ ئەو بەشەی کوردستان کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریتی عوسمانی خرایە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیای نوێوە، یەک گەل پێکبهێنن، کە دەشێت بە ناسیونالیزمی مەدەنی ناوببرێت، واتە پێکهێنانی نەتەوە لە زیاتر لە پێکهاتەیەکی ئیتنیکی و بێ رەچاوکردنی بنەمای ئیتنیکی و زمانی، کە بێگومان لە پشتی ئەم بۆچوونەی ناسیونالیزمی تورکەوە پرۆژەی تواندنەوەی ئیتنیکی کوردی و بە تورککردنی هەبوو، کە لە درێژەی نزیکەی سەد ساڵی دوای ریکەوتننامەی لۆزاندا دەوڵەتی ناسیونالیستی تورک کە بووەتە کۆڵۆنی ناوخۆی باکوری کوردستان هەوڵی جێبەجێکردنی داوە. بێگومان لە هەڵوێستی کوردی باکورو ئەو رێکخراوانەی کە لەو کاتەدا هەبوون، دەردەکەوێت کە ناسیونالیزمی کوردی لە باکوری کوردستان لە ئاستێکی لاوازدا بووەو نە توانیوێتی ببێتە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس کە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە، نە توانیوێتی لە روانین و ستراتیژو سیاسەتی ناسیونالیزمی تورک تێبگات.

دیارە پێش دەرچوونی بەندەکانی رێکەوتننامەی سیڤەر سەبارەت بە کورد، ولایەتی موسڵ کە هێشتا چارەنووسی بەتەواوی دیاری نەکرابوو، بەگستی لە باشوری کوردستان و بە تایبەتیش لە سلێمانی نارەزایی ئاشکرا هەبوو، راپەرینەکانی شێخ مەحمودی حەفیدزادە ناوبەناو درێژەی هەبوو. هەرچەند شێخ مەحمود پێشتر بۆ پشتگیری تورکەکان لە ساڵی ١٩١٥دا دژی ئینگلیز لە شوعەیبەو کووت شەری کردبوو، بەڵام دیارە ئەو بەشداریکردنە هیچ پاڵنەرێکی نەتەوەیی بزوێنەری نەبوو بەڵکو پاڵنەری ئایینی لە پشتیەوە بوو، وەکو بەشێک لە جەنگی ئیسلام کە ئیمپراتۆریتی عوسمانی نوێنەرایەتی دەکرد دژی سوپای ئینگلیز وەکو سوپای کوفر. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت ئایا راپەرینی دواتری شێخ مەحمود، راپەرینی ناسیونالیزمی کوردی بووە؟ ئایا هیچ پەرەسەندن و گەشەکردنێکی ئەوتۆ لە سروشتی ناسیونالیزمی کوردیدا لە سەروەختی جەنگی یەکەمدا روویداوە؟ ئەگەر

پەرەسەندنێکی لەوجۆرە روویداوە، ئایا ناسیونالیزمی کوردی بووەتە ئایدیۆلۆجیایەکی جەماوەری بەجۆرێک راپەڕینەکانی شێخ مەحمود بەرهەمی ئەو پەرەسەندنە بووبێت کە لە سروشتی ناسیونالیزمی کوردیدا روویداوە؟ ئایا راپەڕینەکانی شێخ مەحمود راپەڕینی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم بوون یان ویستی تاکە کەسیی شێخ مەحمود بووە وەکو شێخێک کە خواستی هەژموون و دەسەڵاتی هەبووە، یان وەکو تاکە کەسی ناسیونالیستی خاوەن پێگەو هەژموون و ویستویەتی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکەی بەدەستبهێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش توانیوێتی رووبەرێک لە خەڵک کۆبکاتەوە؟ ئایا ئاستی هوشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەدا و ئەو جەماوەرو هێزەی بەدەوری شێخ مەحمودەوە بوون لە چ ئاستیکدا بووە؟ ئایا لە نێوان نکوڵی کردن بۆ چوونە ژێردەستی ئینگلیزی غەیرە دین و پەیوەستبوون و هێشتاش لایەنگیری بۆ تورکی مسوڵمان و هەوڵدانی دروستکردنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆپاراستن لە ژێردەستەیی ئینگلیزو خۆ رزگارکردن لە دەستی تورک، ناسیونالیزمی کوردی لە کوێدا بووە؟

ئێستا ئێمە لەبەردەم پرسیارێکی گرنگداین، ئەویش ئەوەیە: ئایا بوونی هوشیاریی نەتەوەیی یان ناسیونالیزمی لای شێخ مەحمودو دەستەبژێری خەڵک لەو قۆناغەدا لە چ ئاستێکدا بووە، لە کاتێکدا لەسەر ئاستی جەماوەریی نەک هوشیاری نەتەوەیی بەڵکو هەستی نەتەوەییش زۆر لاواز بووە؟ ئایا هەست و هوشیاری نەتەوەیی کوردی لەو کاتەدا لەو ئاستەدا بووە بزووتنەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی بەرهەمبهێنێت بکارێ داوای سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بکات؟ بەرنامەی کوردستانێکی یەکگرتووی ئازاد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شێخ مەحمود ناسیونالیست بووە، کە لەڕاستیدا وابوو[٣٣]. جێگای بایەخە کە شێخ مەحمود کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدا بەخەریکبوون بە هەستی ناسیونالیستیەوە. ئەو سەید بوو، زمانی گونجاوی تێگەیشتنی ئەو، زمانی ئیسلام بوو. لە ساڵی ١٩١٩دا، داوای جیهادی کرد، نەک خەباتی رزگاریی نەتەوەیی. لەوەش زیاتر، شێوازی شێخ مەحمود بریتی بوو لە بەکارهێنانی هاوپەیمانی خزمایەتی و عەشیرەتایەتی و ئامانجیشی دامەزراندنی دەرەبەگایەتیەکی تایبەتی- کەسی- بوو[٣٤].

لە دوای جەنگی یەکەم و داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، لە

باشوری کوردستان، یان لەو بەشەی ولایەتی موسڵ کە کوردستانەو پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا بوو، راپەڕینی بەرودوا لە ساڵی ١٩١٩و ١٩٢٠دا روویدا. لە زاخۆ و ئامێدی و بارزان و ئاکرێ و سلێمانی و ناوچەکانی هەولێر خێڵ و عەشیرەتەکان دەستیان بە جموجوڵ کرد دژی ئینگلیزەکان. بێگومان چەند هۆیەکی دیارو ئاشکرا هەبوون بۆ ئەو راپەڕینانە، کە لە دیارترینیان کاریگەری ئایین بوو، واتە هاوئایینی کورد و تورک، کە هەردووکیان مسوڵمانی سونە بوون و هەوڵی تورکەکان بۆ فریودانی کورد بۆ دژایەتیکردنی ئینگلیز روون و ئاشکرا بوو. هەروەها تورکەکان هەوڵیان دەدا کوردەکان وا لێبکەن وەکو داگیرکەرو غەیرەدین سەیری ئینگلیز بکەن. لەپاڵ ئەوەشدا ترسی سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان لە لەدەستچوونی ئەو پێگەو هەژموون و بەرژەوەندییانەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی تورکەکاندا هەیان بوو ترسێکی راستەقینە بوو.. کوردەکان، کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک خۆیان لەگەڵ دەوڵەت و نەریتی عوسمانیدا راهێنابوو، بێگومان بێزاربوون لە هاتنی بەریتانیەکان بۆ وڵاتەکەیان وەکو داگیرکەر کە ئایین و کەلتورێکی نامۆیان هەبوو[٣٥]. کەواتە لێرەدا بەئاشکرا دەردەکەوێت ئەو راپەڕینانەی لە دوای جەنگ و داگیرکردنی عێراقی عەرەبی و ناوچە کوردییەکانی ولایەتی موسڵ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بەرپاکران، ئەوەندەی دەرئەنجامی پەیوەستبوون و لایەنگیری خێڵ و عەشیرەتە کوردەکان بوو بۆ تورکەکان، هەرگیز ئەوەندە دەرئەنجامی بوونی هەست و هوشیاری نەتەوەیی کوردی نەبووە. کەواتە لەم قۆناغەدا کورد خەباتی نەکردووە بۆ ئەوەی لە دەستی داگیرکەر رزگاری بێت، بەڵکو زیاتر تێکۆشاوە بۆ ئەوەی لە دەستی داگیرکەری تورکدا بمێنێتەوەو نەکەوێتە دەستی داگیرکەری ئینگلیز. هەرچەندە راپەڕینی شێخ مەحمود لە سلێمانی و دەوروبەری دابەشبووە لە نێوان رەتکردنەوەی ئینگلیزو پەسەندکردنی تورکەکان لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەو وەکو تاکە کەسێکی ناسیونالیست سەرباری ویستی دەسەڵاتی شێخایەتی، ویستی دروستکردنی فەرمانڕەوایەتیەکی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدا هەبووە، بەڵام ئەو ویستە نەگەیشتووەتە ئاستی پرۆژەی ناسیونالیزم. هەر ئەمەش وایکردووە کە شێخ مەحمود جارێک هاوشانی تورکەکان یان باشتر بڵێین هاوشانی ناسیونالیزمی تورکی دژی ئینگلیز شەڕبکات، جارێکی تر دژی کۆڵۆنیالیستی

ئینگلیز هاوشانی عەرەبی عێراق بەشداری شەڕبکات. کەواتە شێخ مەحمود لە نێوان ئەم دووانەدا چی دەکات؟ لە لایەک لەگەڵ ناسیونالیزمی ئیسلامی تورکەو لە لایەک لەگەڵ ناسیونالیزمی ئیسلامی عەرەبیەو لە لایەکیش خۆی وەکو ناسیونالیستێکی کورد دەیەوێت فەرمانڕەواییەکی کوردی لە سلێمانی و دەوروبەریدا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدا دروست بکات.

کەواتە لێرەدا دوو دەوڵەتی کۆلۆنیالیست دەبینرێن کە یەکەمیان کۆلۆنیالیستی باکوری کوردستانە کە تورکیای نوێیە، دووەمیان کۆلۆنیالیستی بەریتانیە کە کۆلۆنیالیستی عێراقی عەرەبی و باشوری کوردستانەو لەبری ئەوەی باشوری کوردستان بکاتە دەوڵەتێکی کۆلۆنی، دەیکاتە بەشێک لە دەوڵەتی کولۆنی عێراقی. کەواتە لێرەدا ئەرکی شێخ مەحمود وەکو سەرکردەیەکی ناسیونالیستی کورد لە باشوری کوردستان چی دەبێت؟ خەباتکردن بۆ رزگارکردنی عێراق لە دەستی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز، یان خەباتکردن بۆ رزگارکردنی باشوری کوردستان و جیاکردنەوەی لە دەوڵەتی کۆلۆنی عێراقی، یان خەباتکردن بۆ پشتگیری کۆلۆنیالیستی تورک و گێڕانەوەی دەسەڵاتی تورک بۆ کوردستان؟

بێگومان ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا پێگەیشتوو بوایەو خاوەنی پرۆژەی ناسیونالیزمی خاوەن شوناسی کوردی بوایە، ئەوا خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی دەگرتەبەر کە ئەوەش مانای هەوڵدان بوو بۆ رەتکردنەوەی دەسەڵاتی ئینگلیزو دەوڵەتی کولۆنی عێراقی پێکەوە. ئەمە بێچگە لەوەی کە ئەگەر کورد خۆی نەیویستایە، لەو قۆناغەدا دەوڵەتی تورک نەیدەتوانی هیچ ئامادەبوون و هیچ هەژموونێکی ئەوتۆی بەسەر باشوری کوردستاندا هەبێت.

لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ولایەتی موسڵ یان باشوری کوردستان بەو دەوڵەتە نوێیەوە، کە لەساڵی ١٩٢٥دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیارێکی لەو جۆرەی دا کە موسڵ بخریتە سەر عێراق، بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩٣٢دا کە کۆتایی ئینتیدابی بەریتانی بوو لە عێراق، موسڵ بە فەرمی بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی عێراقی. واتە لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە، باشوری کوردستان کرا بە کۆلۆنی راستەوخۆی دەوڵەتی کۆلۆنی عێراقی و خودی ئەم دەوڵەتە کۆلۆنیەش لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بەریتانیدا بوو. لێرەوە دەردەکەوێت کە باشوری کوردستان و بەهەمان شێوەش رۆژئاوای کوردستان کرانە پاشکۆی دوو دەوڵەتی کۆلۆنی کە یەکەمیان پاشکۆی

کۆلۆنی عێراق و دووەمیان پاشکۆی کۆلۆنی سوریا بوو. کەواتە لێرەدا ئەوە دیارە کە خەباتی هەریەکە لەم دوو بەشەی کوردستان خەباتی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمە، کە کۆلۆنیالیستی هەریەکە لەم دوو کۆلۆنیە خۆیان کۆلۆنی دوو دەوڵەتی گەورەی کۆلۆنیالیستن کە ئەوانیش کۆلۆنیالیستی بەریتانی و کۆلۆنیالیستی فەڕەنسین.

بێگومان دوای ئەوەی بە فەرمی کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی پێشتری ئیمپراتۆریێتی عوسمانی کرایە سێ بەشەوەو هەربەشەی لکێندرا بە دەوڵەتیکی ترەوەو وەکو دەشزانین کوردستانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی فارسەکان وەکو بەشێکی دەوڵەتی ئێرانی سەیردەکراو لە ڕێکەوتننامەی دیاریکردنی سنووری نێوان سەفەوی و عوسمانیەکانەوە ئەوە بڕابووەوە، کە ئەو بەشەی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی ئێران. بەڵام لە راستیدا لە مێژووی پێش دەرکەوتنی یان باسکردنی کۆلۆنیالیزمی نوێدا، کوردستان وەکو جوگرافیای نەتەوەیەک کە لە نێوان دوو ئیمپراتۆریێتی فارسی و عوسمانیدا دابەشکرابوو، خاسێتی وڵاتی داگیرکراوی هەبوو، چونکە لەلایەن دوو دەسەڵاتی دەرەکی و نامۆوە بەڕێوەدەبراو تەنانەت ئەو دەسەڵاتە ناوچەییە سنووردارانەشی کە هەبوون لە شێوەی دەسەڵاتی میرنشیندا لە چوارچێوەی ڕەزامەندی ئەو دوو دەوڵەتەدا بوون و ملکەچ و جێبەجێکەری سیاسەت و یاساو ڕێسای ئەوان بوون و ئەگەر لە سنووری تەسکی ناوخۆشدا جۆرێک لەسەربەخۆییان هەبووبێت، ئەوە ئەو دەسەڵاتە سنووردارەی کە هەیانبووە لە بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتە ئیمپراتۆریێتە هەژموونداره‌کانی تورک و فارسدا بووە.

بە گوێرەی کوردستان کە لە لایەک دابەشکراوە بۆ چوار پارچە، کە دوو پارچەیان لکێندراون بە دوو دەوڵەتی فارس و تورکەوە کە یەکەمیان واتە دەوڵەتی فارس سەرباری گەیشتنی هێزە کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستەکان بەو وڵاتە بەڵام وەکو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری ماوەتەوە. تورکیای نوێ وەکو دەوڵەتێکی ناسیونالیستی خاوەن سەروەری لە دوای جەنگی یەکەم شوێنی دەوڵەتی عوسمانی گرتۆتەوەو بەشێک لە کوردستانی پێوە لکێندراوە. عێراق و سوریا کە بوون بە دوو دەوڵەتی کۆلۆنی لە ژێر سایەی ئینتیدابی بەریتانی و فەڕەنسیدا، هەریەکەیان بەشێک لە کوردستانیان پێوە لکێندرا. واتە ئەم دوو بەشەی کوردستان لە رووکەشدا کران بە بەشی پێکهاتەی ئەو

دوو دەوڵەتە کۆڵۆنیە، کە خەباتی ئەم دوو دەوڵەتە بە ئاشکرا دژی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستیی بوو. واتە خەباتی ناسیونالیزمی عەرەبی عێراقی و سوری خەباتی دژە کۆڵۆنیالیزم بوو بە مەبستی هەڵوەشاندنەوەی کۆڵۆنیالیکردن و کۆتاییهێنان بە ئینتیداب و بوونیان بە دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری. لەم خەباتە دژە کۆڵۆنیالیزمیەی عەرەبی ئەم دوو وڵاتەدا، لە ئەنجامی جێگیرکردن و چەسپاندنی ستراتیژی پێوەلکان، بەشی کوردی لکێندراو بە هەریەک لەم دوو دەوڵەتەوە نەک هەر بەشداری خەباتی دژە کۆڵۆنیالیزمی کردووە، بەڵکو بووەتە بەشێک لەو خەباتەو وەکو بەشێک لە گەل یان نەتەوەی هەریەک لەم دوو وڵاتە خۆی نمایش کردووەو کاری کردووە. واتە سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی بەریتانی و فەرەنسی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە سەرئەنجام لە عێراق و سوریادا جۆرێک سەرکەتوو بوو، شێوەیەک لە دەوڵەتی نەتەوەیان پێکهێناوە کە لە رووکەشدا وەکو دەوڵەتی گەلی ئەو وڵاتە دەرکەوتووە. واتە ئەو دەوڵەتە خۆی وەکو دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان نیشانداوە، بەلام لە راستیدا دەوڵەتی نەتەوەی هەژموونداری بەهێزبووە لە هەردووکیاندا کە نەتەوەی عەرەبە.

کاریگەری خراپ و نەرێنی ئەم سیاسەتەی کۆڵۆنیالیستی بەریتانی و فەرەنسی بە گوێرەی کورد ئەوە بووە کە یەک گەل لە هەریەکە لەو دوو وڵاتەدا دروست بکات بە ناوی نیشتیمانەوە نەک بە ناوی ئیتنیک یان نەتەوەوە. ئامانجی سەرەکیش لەم سیاسەتە راهێنان و تەماهی پێکردنی کورد بووە لەگەڵ ئەو بارەدا کە تیایدا بووەو سەرئەنجام ئەو بۆچوونە لای کوردی لکێندراو بە عێراقەوە دروستبووە کە ئەم عێراقیە، هەروەها ئەو بۆجوونەش لای کوردی لکێندراو بە سوریاوە دروستبووە کە ئەوی کورد هاووڵاتی سورياییە. بێگومان کوردی لکێندراو بە دوەڵەتی نوێی تورکەوە خۆی بە هاووڵاتی تورکی زانیووەو کوردی لکێندراو بە دەوڵەتی فارسەوە خۆی بە هاووڵاتی ئێرانی زانیووە. واتە لە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکەری نەریتی و کۆڵۆنیالیست و ئیمپریالیزمی نوێدا، بۆ کورد جوگرافیایەک بە ناوی کوردستانەوە مایەوە بەبێ ئەوەی هیچ هاووڵاتیەکی کورد شوناسی کوردستانی هەبێت. واتە کوردستان لەم رووەوە بوو بە چوار کۆڵۆنی بۆ چوار دەوڵەت کە کورد شوناسی وڵاتەکانی ئەوانی هەڵگرتووە. بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا ئەم چوار دەوڵەتە لە دوای جەنگی یەکەم و بوونیان بە خاوەنی سەروەری نەتەوەیی خۆیان، کۆی سیاسەتەکانی کۆڵۆنیالیزمیان بەسەر کوردستاندا جێبەجێ کردووە، واتە هەر دەوڵەتەیان لە کوردستانی لکێندراو بە دەوڵەتەکەی خۆیەوە کۆڵۆنیالیستێکی ناوخۆ بووە. لێرەوە کوردستان بە ئاشکرا بووەتە چوار کۆڵۆنی ناوخۆ بۆ چوار کۆڵۆنیالیستی فارس و تورک و عەرەب.

کەواتە ئێستا دەبێ پەیوەست بە تایبەتمەندی ئەم بارەی کە کوردستانی تێدایە وەکو چوار کۆڵۆنی ناوخۆ، یان وەکو کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی چ جۆرێک لە ناسیونالیزم بوونی هەبێت و بە چ شێوەیەک خەبات بکات و ئاستی ئەوپەڕینی و ئاستی ئەم پەڕینی پرۆژەو بەرنامەکەی چی بێت؟ ئەمە بێجگە لەوەی ئایا ناسیونالیزمی کوردی یەک ناسیونالیزمی یەکگرتوو دەبێت وەکو تاکە هێزێک هاوکات بە چوار ئاراستە خەباتی دژە کۆڵۆنیالیزم دەکات، یان هەر کۆڵۆنیەو ناسیونالیزمی خۆیی دەبێت و دژی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی بەشەکەی خۆی خەبات دەکات؟ ئایا ئامانجی ناسیونالیزمی هەر چوار پارچەکە یەک ئامانج دەبێت کە دروستکردنی یەک دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیە، یان هەر بەشەو ناسیونالیزمی تایبەت بە خۆیی دەبێت و لە کۆڵۆنیەکەی خۆیدا خەبات دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆڵۆنیالیزم و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری لەو بەشەدا؟

بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سەرنجی راپەڕینەکانی کورد لە دوای جەنگی یەکەمەوە دەدەین بە گشتی و لە روانگەی ئامانجی ئەوپەڕین و دوورمەودایانەوە لە لایەک و لە روانگەی ئامانجی ئەم پەڕین و کورت مەودایشیانەوە سەیریان دەکەین، تا لەسەر ئەو بنەمایە بزانین سروشتی ناسیونالیزمی کوردی چۆن بووەو چۆن کاری کردووەو لە چ ئاستێکی خەباتی دژە کۆڵۆنیالیزمدا بووەو کاریگەری ئینتیمای کوردی هەر بەشێک بۆ ئەو دەوڵەتەی کە بووەتە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ بۆی، لە چ ئاستێکدا بووەو ئەوەش سەرئەنجام چ زیانێکی لە دۆزی کورد و لە خەباتی دژە کۆڵۆنیالیزمی کوردی داوەو ئاسەوارەکانی چین و تاکو ئێستاش  چۆن ئاسەواری ئەو سیاسەتە بە بەهێزی بەردەوامە.

لە دوای جەنگی یەکەم کە هێشتا چارەنووسی ولایەتی موسڵ یەکلایی نەبووبووەوە، لە باشور، بە تایبەتی لە سلێمانی و دەوروبەریدا راپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفیدزادە ناوبەناو بەردەوامبوون. لە رۆژهەڵات لە ساڵی ١٩١٩ بەدواوە راپەڕینەکانی سمکۆی شکاک تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٣٠دا کۆڵۆنیالیستی فارسی–ئێرانی بە پیلان کوشتیان، پچڕ پچڕ بەردەوام بوو. لە باکوردی کوردستان راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ سەریهەڵدا. لە رۆژئاوای کوردستان لەبەر دوو هۆی دیار لەبری راپەڕینی چەکداری دیار لە لایەن کوردەوە دژی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ، دوو جۆر لە چالاکی تر دەرکەوتن. چالاکی رۆشنبیری لەوێ دەرکەوت، هەروەها لە ساڵی ١٩٢٧ دا رێکخستنی سیاسی دروستبوو کە ئەویش لە شێوەی پارتی سیاسیدا بەرجەستە بوو. لەو ساڵەدا رێکخراوی خۆییبوون پێکهات، کە رێکخراوێکی سیاسی کوردی بوو. ئامانجی سەرەکی ئەو رێکخراوە بەهێزکردنی هەست و هوشیاری نەتەوەیی کوردی بوو بۆ خەباتکردن دژی تورکەکان. بێگومان ئەم بارودۆخەی کە لە نێو کوردانی رۆژئاوادا دروستبوو، تا ئاستێکی دیار جیاوازبوو لە بارودۆخی بەشەکانی تری کوردستان. ئەوەش یەکەم پەیوەندی بە سروشتی جیاوازی کۆڵۆنیالیستی فەرەنسیەوە هەبوو لەچاو کۆڵۆنیالیستەکانی تری وەکو بەریتانیا و کۆڵۆنیالیستە ناوخۆییەکانی وەکو تورک و فارسدا. هەروەک هۆی دووەمیش ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە دەستەبژێری رۆشنبیرو خوێندەوارانی کوردی باکور بەهۆی خراپی و توندو تیژی سیاسەتی کەمالیستەکان و هێمنی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی فەرەنسی لە سوریا و لوبنان، لە شام کۆبووبوونەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە فەرەنسیەکان کاریگەرییان لەسەر ئەو دەستەبژێرە کوردە هەبوو هەتا باسی خەبات و شەڕکردن دژی تورکەکان بکەن، نەک دژی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی فەرەنسی یان دژی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیی عەرەبی سوری. کەواتە لێرەشدا گرفتێک لە سروشتی ئەو دەستەبژێرە ناسیونالیستەی کوردی رۆژئاوای کوردستاندا هەیە.

لە ساڵی ١٩٣١ بۆ ١٩٣٢، شێخ ئەحمەدی بارزان ناوبەناو دژی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی بەریتانی و کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عێراقی لە ناوچەکەی خۆیدا راپەڕیووە. راپەڕینی ئاگری داخ لە ساڵی ١٩٣٠دا سەریهەڵدا

کە بزوێنەری ئەم ڕاپەڕینە ڕێکخراوی سیاسی خۆیبوون بوو. هەر ئەم ڕێکخراوەش ئیحسان نوری پاشای کرد بە فەرماندەی ڕاپەڕینەکە. ئیحسان نوری پاشا ئەفسەرێکی پێشتری سوپای تورکی بوو، پێشتر هەڵهاتبوو بۆ ئێران. لە ساڵی ۱۹۳۷دا، ڕاپەڕینی دەرسیم بە ڕابەرایەتی سەید ڕەزای دەرسیم سەریهەڵدا. ڕاپەڕینی دووەمی بارزان لە نێوان سالانی ۱۹٤۳ بۆ ۱۹٤٥ بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی بەردەوامبوو. ئەمانە دیارترینی ئەو ڕاپەڕینانەی کوردن لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە لە دابەشکردنی دووەمی کوردستانەوە هەتا کۆتاییهاتنی جەنگی دووەم سەریان هەڵداوە.

جێگای خۆیەتی سەرنجی ئەوە بدەین کە سەرجەمی ئەم ڕاپەڕینانە لە لایەن شێخ و سەید و ئاغاوە سەرکردایەتی کراون، کە ئەوانیش شێخ و سەیدەکانی قادری و نەقشبەندی بوون. تەنانەت لە ڕاپەڕینی ئاگری داخیشدا کە خۆیبوون لە پشتیەوە بوو، هۆکاری هێنانی ئیحسان نوری پاشا ئەوە بوو لە بنەماڵەیەکی دیارو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بوو. هەروەها هێزی ڕاپەڕینەکان ئەندامانی خێڵ و عەشیرەتەکان بوون و هیچ کام لە ڕاپەڕینەکانیش نەیانتوانیووە بۆ ماوەی دوورودرێژ بەردەوام بن و لە بری ئەوەی وەکو ڕاپەڕینی بەرنامە بۆ داڕێژراو بووبن، زیاتر سروشتی کاردانەوەیان هەبووە. واتە کاردانەوە بوون بەرامبەر بە سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی و ناوخۆی کوردستان. بەڵام ئایا ناسیونالیزم لە کوێی ئەم ڕاپەڕینانەدا بووە؟ ئایا لەم قۆناغەدا ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی دەرکەوتووەو گەیشتووەتە ئەو ئاستەی خەبات بکات، چ جۆرە ناسیونالیزمێک بووە؟ ئایا دژی کێ خەباتی کردووە؟ ئایا هاوشانی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ دژی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی خەباتی کردووە، یان دژی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ خەباتی کردووە؟ لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە: ئایا ناسیونالیزمی کوردی لەم قۆناغەدا بووەتە هێزێکی جەماوەریی خاوەن پرۆژەی ڕزگاری نیشتیمانی، کە کاری کردبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆڵۆنیالیزم و بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی؟

بێگومان ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامەی کە کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەم قۆناغەدا بەدەستیهێناوە، سەیربکەین، ئەوا وەڵامی

ئەرێنیمان بۆ ئەو پرسیارانە دەستناکەوێت. ئاشکرایە لەم قۆناغەدا هەستی لاوازی نەتەوەیی دەرکەوتووە، ئەویش لەسەر ئاستی گشتی جەماوەر نا، بەڵکو لەسەر ئاستی تاکە کەس و دەستەبژێر. سەرکردەکانی ئەم راپەڕینانە بەگشتی تاکە کەسی ناسیونالیست بوون. هۆکارێکی دیاری ئەوەش کە ئەمان لە رووی هەست و ئاستی سادەی هوشیارییەوە لە خەڵک جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمان کوڕە سەیدو شێخەکان بوون، کە بەهۆی پەیوەستبوونی بنەماڵە سەیدو شێخەکانەوە بە ئایین و بە رێبازەکانی تەسەوفەوە زۆرینەیان خوێندەوار بوون، چونکە لەناو ئەم بنەماڵانەی کۆمەڵگای کوردیدا لە مێژە خوێندنی قورئان و زانستەکانی ئایینی ئیسلام نەک هەر باوبووە، بەڵکو نەریتێکی دیاری ئەم بنەماڵانە بووە. ئاشکرایە لە رووی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە تاکەسی خوێندەوار لە پێش نەخوێندەوارەوەیە. هەڵبەت ئەم قسەیە لەسەر ئاستی گشتی و کۆمەڵگاش راستە. کۆمەڵگای خوێندەوار هاوواتای کۆمەڵگای شارە. مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزمیش بە سروشتی بەرهەمی شارو قۆناغی پیشەسازیە، کە تیایدا ئاستی ململانێکان و شێوازی بەرهەمهێنان لە قۆناغی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و شێوازی بەرهەمهێنانی فیودیالیەوە دەگوازرێتەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. هەڵبەت بەئاشکرا دیارە کە لەم قۆناغەدا کۆتایی جەنگی یەکەم بۆ کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، کۆمەڵگای کوردی لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی کشتوکاڵی بووەو شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان شێوازی فیودیالی دواکەوتوو بووە بەجۆرێک کە تەنانەت سیستێمی ئابوری و بەرهەمهێنانی فیودیالی و پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالی پێگەیشتوو خاوەن شوناسیش دروستنەبووە. کە بێگومان مەگەر لەسەر ئاستی تاکە کەس و دەستەبژێر، ئەگینا لە قۆناغێکی ئابوری وەها دواکەوتووداو لە پێکهاتەی کۆمەڵگای سادەی خێڵایەتی و پێنەگەیشتووی فیودیالیدا، دەرکەوتنی ناسیونالیزم نەشیاوە. هەربۆیە ناشێت هەرگیز لەم قۆناغەدا پێشبینی دەرکەوتن و بوونی ناسیونالیزمی پێگەیشتووی کوردی بکرێت. کەواتە لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کۆی ئەو راپەڕینانەی لەم قۆناغە مێژووییەو قۆناغی پێشتریشدا سەریانهەڵداوە، لەو راپەڕینانە نەبوون کە هێزی دروستکەرو رێکخەریان ناسیونالیزمی کوردی بووبێت، بەڵکو لە

ئاستی یەکەمدا کاردانەوە بوون بەرامبەر بە سیاسەتی خراپی کۆلۆنیالیست و لە ئاستی دووەمیشدا دروستکەرو ڕێکخەرو دەستپێکەرو بڕیاردەری کۆی ئەم ڕاپەڕینانە تاکە کەسی سەرکردەی ڕاپەڕینەکەو لە باشترین باردا دەشێ کەسانێک یان دەستەیەک لە دەستەبژێری ناسیونالیست بووبن لە لوتکەی هەرەمی ئەم ڕاپەڕینانەدا بووبن، بەڵام هەرگیز ڕاپەڕینی ناسیونالیزمی پێگەیشتوو، خاوەن پرۆژەی ناسیونالیزمی نەبوون.

لێرەدا دەردەکەوێت کە سەرەتای سادەی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی لە لوتکەوە بۆ بنکە بووە، واتە هەرەمی بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکان ناسیونالیست بوون بەڵام گرفتێکی گەورەی ئەم ناسیونالیزمە ئەوە بووە کە لە لوتکەی هەرەمەکەوە شۆڕنەبۆتەوە بۆ بنکەی هەرەمەکە بەڵکو تەنیا لە ئاستی لوتکەی هەرەمەکەدا ماوەتەوەو هێزی خوارەوەی ڕاپەڕینەکان لە باشترین باردا بەشداریکردنیان وەکو ئەرک و جێبەجیکردنی فەرمانی سەرۆکی ڕاپەڕینەکان بووە، کە هەموویان ئاغاو سەیدو شێخەکان بوون، کە بەگشتی لە پێگەی سەرۆک عەشیرەت و سەرخێڵ و ڕابەرەکانی ڕێبازەکانی تەسەوفی قادری و نەقشبەنی بوون. هەر ئەمەش یەکێک بووە لە هۆکاری سەرەکی شکستی ڕاپەڕینەکان بە تایبەتی رووبەری فراوانی هێزی چەکداری ئەم ڕاپەرینانە وەکو بێگاری وابووەو بە فەرمان خەڵک بەشدارییان پێکراوە. ئەمە لە کاتێکدا ڕاپەڕینی ناسیونالیزم لەئەنجامی پێگەیشتنی هەست و هوشیاریەوە سەرهەڵدەدات. ئەویش کاتێک کە ناسیونالیزم دەبێتە ئایدیۆلۆجیای جەماوەرو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا یان ئێتنیک یەکدەخات و سنوورە ناوخۆییەکان دەڕوخێنێت و کۆمەڵگا وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو بۆ شۆڕشی نەتەوەیی ئامادە دەکات و دەیخاتە جوڵە. بێگومان لە هیچ کام لە ڕاپەرینەکانی کورددا نە بەشداریکردنی لەم جۆرەو نە جەماوەرییبوونی بەرفراوانی ئاستە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو نە بەشداری ڕووبەری فراوانی جوگرافیای کوردستان نەبینراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەستی هاوبەشی نەتەوەیی هێشتا سنوورەکانی ناوچەو خێڵ و عەشیرەتی نەبڕیووەو ئینتیما بۆ ڕەگوڕیشەی هاوبەش و بۆ خاک زاڵ نەبووە بەسەر ئینتیما بۆ خێڵ و عەشیرەت و ناوچەدا. واتە لەم قۆناغەدا فاکتەری خوێن و دەمار وەکو دوو بنەمای یەکەی داخراوی خێڵ و عەشیرەت

باڵادەستبوون بەسەر فاکتەری رەگوڕیشەی هاوبەشی نەتەوەیی و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی و ئینتیمای هاوبەشی نیشتیمانیدا.

کەواتە لێرەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە لەم قۆناغەدا ئەو بنەمایانەی کە دەبنە هۆی بوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم زۆر لاوازو ناکارا بوون و بەوپێیەش راپەڕینەکان بەو ئەندازەی خاسیێتی ناوچەگەرییان هەبووە بەو ئەندازەیە جوگرافیای نەتەوەیان نەگرتووەتەوەو گوتارەکانیان دەشێ بە هەندێ رەگەزی ناسیونالیزم بارگاوی کرابن بەکاریگەری سەرکردە ناسیونالیستەکانیان، بەڵام هەرگیز نەبوونەتە گوتاری ناسیونالیزم. ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لە گرنگی و بایەخی ئەو راپەڕینانە کەم ناکاتەوە، بەڵکو ئەوە دەردەخات کە لە رووی راستیەوەو لەسەر زەمینەی واقیع ئەم راپەڕینانە چی بوون و چۆن بوون و لەچ ئاستێکدا بوون. بێگومان ئەم راپەڕینانە لە ئاستێکدا وەکو راپەڕین یان خەبات دژی کۆلۆنیالیزمی دەرەکی و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییش دەردەکەون، بەڵام رەنگە لە رووی زانستیەوە زۆر لەجێی خۆیدا نەبێت کە وەکو راپەڕینی ناسیونالیسزمی دژە کۆلۆنیالیزم باس بکرێن یان ناوببرێن. بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆیی هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئەم راپەڕینانە نەگەیشتوونەتە ئاستێک کە بە راپەڕینی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم ناوببرێن، کە هۆکاری سەرەکیش دەرنەکەوتن و پێنەگەیشتنی ناسیونالیزم و نەبوونیەتی بە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەری.

ئاشکرایە ئاراستەی سەرەکی خەباتی کورد لەم قۆناغەدا دەبێت بە دوو ئاراستە. ئەو دوو بەشەی کوردستان کە کۆلۆنی دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری بوون کە ئەو دوو دەوڵەتەش لە شوێنی ئیمپراتۆریێتەکانی قاجاری و عوسمانیدا دروستبوون و خاوەنی سەروەری خۆیان بوون، لەوێ خەباتی کورد دژی ئەو دوو کۆلۆنیالیستە ناوخۆیە بووە. بەڵام ئەوەی کە ئایا هێزی بزوێنەری ئەو خەباتە ناسیونالیزمێکی پێگەیشتووی خاوەن شوناس بووبێت، ئەوەیان وەکو پێشتر باسمان کرد لە رووی راستیەوە وا نەبووەو خەباتی کورد لەم قۆناغەدا لەم دوو بەشەی کوردستان نەبووەتە خەباتی ناسیونالیزمی خاوەن شوناس. راپەڕینی سمکۆی شکاک زیاتر راپەڕینێکی ناوچەیی بنیاد خێڵایەتی بوو. راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران راپەڕینێکی ناوچەیی ئایینی، نەقشبەندی بنیاد خێڵایەتی بوو. راپەڕینەکانی

شێخ مەحمود راپەڕینی ئایینی قادری ناوچەیی بنیاد خێڵایەتی بوو. راپەڕینی سالآنی سەرەتای سیەکانی بارزان راپەرینێکی ناوچەیی خێڵایەتی بوو. راپەڕینی سەید رەزای دەرسیم راپەرینێکی ناوچەیی خێڵایەتی بوو. بەڵام هەموو ئەم راپەڕینانە تێکەڵاوی هەستی سادەی نەتەوایەتی کوردی بوون. هەروەها بەگشتی سەرکردەکانی ئەم راپەڕینانە لە ئاستی جیاوازدا کەسانی ناسیونالیست بوون وەکو تاکە کەس، بەڵام ناسیونالیستبوونی ئەوان زیاتر بە رەگەزەکانی ناسیونالیزمی ئایینی بنیادنراوە، کە دەشێ بە ناسیونالیستی ئایینی ناوببرێن. تا ئێرە کارەکە ئاسایی دەردەکەوێت لەو رووەوە کە ناسیونالیزمی ئایینی جۆرێکە لە ناسیونالیزم و دەشێ پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان نەتەوەیەک لە رێگای ناسیونالیزمی ئایینیەوە دەوڵەتی نەتەوەیی ئایینی خۆی دروست بکات، یان بۆ نەتەوەیەکی کۆلۆنی دەشێ وەکو ناسیونالیزمی ئایینی دژە کۆلۆنیالیزمی دەرەکی یان کۆلۆنیالیستێک کە ئایینی جیاوازە لە ئەوی کۆلۆنیکراو خەبات بکات بۆ رزگاری نیشتیمانی و بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئایینی خۆی. بەڵام کێشەی ناسیونالیزمی ئایینی کوردی ئەوەیە لەگەڵ کۆلۆنیالیستی ناوخۆی وڵاتەکەیدا شوێنکەوتووی هەمان ئایینن، کە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکیە لە لایەک بۆ بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کوردو ئەو نەتەوانەی دەوڵەتەکانیان کوردستانیان کۆلۆنیکردووەو ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی لاوازی توانای کوردە بۆ بڕیاردانی جیابوونەوە لە ئەوانی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی وڵاتەکەی، کە لە رووی ئایینەوە بەوانەوە بەستراوە.

ئەمەش ئەوە نیشان دەدات لەم قۆناغەدا وابەستەبوون و ئینتیمای کورد بۆ ئایین بەهێزتربووە لە وابەستەبوون و ئینتیما بە کوردبوونەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەمان شێوەی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و فارسی، هێشتا کورد زیاتر لەوەی وەکو نەتەوە یان ئیتنیکێکی جیاواز سەیری خۆی کردبێت، وەکو بەشێک لە ئومەتی ئیسلامی سەیری خۆیی کردووەو لەم بارەشدا ناسیونالیزمی ئیسلامی کوردی دروست نەبووە، بەڵکو کورد لە دوو بەشی کوردستاندا کە باشورو رۆژئاوایە بووەتە بەشێک لە بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم. واتە شان بەشانی عەرەب لە عێراق و سوریادا دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسی خەباتی کردووەو جۆرێک لە هەست و

ئینتیمای کورد بۆ عێراق و سوریا دروستبووە. هەرچۆن لە دوو بەشەکەی تری کوردستاندا، واتە لە رۆژهەڵات و باکور هەست و ئینتیمای کورد بۆ ئێران و تورکیا دروستبووە. کە ئەوەش وەکو بنەمایەکی لێهاتووە بۆ دروستبوونی نەتەوە یان گەلی ئەو وڵاتانە، کە ئەوەش وەکو سەرەتایەک بۆ دەوڵەتی نەتەوە لە دەرەوەی بنەمای ئیتنیک و زمان و زیاتر لەسەر بنەمای هەستی هاوبەش و ناوی نیشتیمان. هەمان ئەو شێوەی کە گەلی ئەمەریکی یان ناسیونالیزمی ئەمەریکی پێکهاتووە کە پێی دەوترێت ناسیونالیزمی مەدەنی. بەڵام ئەم پرۆسێسە هەرگیز لە هیچ کام لەو دەوڵەتانەدا سەرکەوتوو نەبوو، ناسیونالیزمی مەدەنی پێکنەهات. بەڵکو دەوڵەتی نەتەوە پێکهات بەجۆرێک کە نەتەوەی عەرەب و تورک و فارس نەتەوەی یەکەم بوون و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو نەتەوانە پێکهاتن و ئەو دەوڵەتانەش بوونەتە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان و کوردستانیش بووەتە چوار کۆلۆنی ناوخۆ. هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە لەم قۆناغەدا ناسیونالیزمی کورد لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووەو ئینتیمای کوردو پەیوەستبوونی بەو دەوڵەتانەوە کە پێوەی لکێندراوە بەهێزتر بووە لە ئاراستەی بەرەو جیابوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی پرۆسێسی کۆلۆنیکردنی کوردستان.

## ناسیونالیزمی کوردی لە دەستپێکردنی جەنگی دووەمەوە:

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد رێکخراوی ئازادی و پارتی خۆیبوون کە لە شام دروستبوو، یەکەمیان رۆڵی هەبوو لە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانداو دووەمیان رۆڵی هەبوو لە راپەڕینی ئاگری داخدا، بەڵام ئەو راپەڕینانەش هەمان شێوەی راپەڕینە کوردیەکانی تری قۆناغی نێوان هەردوو جەنگ، نە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناسی کوردی بوون، نە توانیان درێژە بەخۆیان بدەن، بەڵکو ئەمانیش هەمان سروشتی کاردانەوەیان هەبوو، هەروەها لە رووی رێکخستن و بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردنیشەوە سروشتێکی خێڵایەتیان هەبوو. سەرئەنجام ئەم دوو راپەرینەش شتێکی ئەوتۆیان لە دوای خۆیەوە بەجێنەهێشت کە مایەی سەرنج لێدان بێت. دوای پارتی خۆیبوون و لە کۆتایی سیەکان بەدواوە لە باشوری کوردستان ژمارەیەک رێکخراو و پارتی سیاسی دروستبوون کە هەریەکە بە ئاستێک

هەڵگری هەندێ لە خاسیەتەکانی گوتاری ناسیونالیزم بوون، بەڵام هیچ کامیان نەبوونەتە پارتی ناسیونالیزمی خاوەن پرۆژە.

لە ساڵی ١٩٣٥، کۆمەڵەی برایەتی دروستکرا کە لە دامەزرێنە دیارەکانی شێخ لەتیفی حەفیدو مەلا ئەسعەدی مەحوی بوون. لە ساڵی ١٩٣٧دا، لە کەرکوک ڕێکخراوی دارکەر لە لایەن دڵداری شاعیرو چەند کەسێکی ترەوە دروستکرا. ئەم دوو ڕێکخراوە کە خواست و ویستی نەتەوەییان هەبوو، لە ساڵی ١٩٣٩دا یەکیانگرت و پارتی هیوایان پێکهێنا. دواتریش پارتی هیوا دابەشبوو بۆ باڵی چەپ و باڵی راست. چەپەکان شۆڕشیان پێکهێناو دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ دا، پارتی هیوا بەتەواوی هەڵوەشایەوەو بەشێک لە ئەندامانی شۆڕش کە چەپ بوون، لەگەڵ پاشماوەی هیوا کە زیاتر راستەڕەوەکان بوون پارتی رزگارییان پێکهێنا. بەگشتی ئەم پارت و ڕێکخراوانە نوێنەرایەتی تەنیا دەستەبژێری ناسیونالیستی پێنەگەیشتوو، چەپیان دەکردو بەگشتی دروشمی دژی ئیمپریالیزم و فاشیزمیان هەڵگرتبوو. هەروەک داوای مافی کوردیشیان دەکرد و زیاتریش مەیلیان بەلای ئەوەدا هەبوو کە بە پشتبەستن بە بیری چەپ و لەوێشەوە یەکیتی سۆڤێت یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی کورد بگات بە مافەکانی. بەڵام لە روانینی ئەم ڕێکخراوانەوە، سنوورو چوارچێوەی مافەکانی کورد بێگومان سەربەخۆیی و دەوڵەت نەبوو، بەڵکو بە چەمکی چەپ و سۆڤێتی ئەو کاتە مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی مافی کەلتوری و لە باشترین باردا مافی ئۆتۆنۆمی بوو. ئاراستەی سەرەکی خەباتی ئەم پارتانەش وەکو گوتمان دژایەتی ئیمپریالیزم و فاشیزم بوو. لەم رووەشەوە خەباتی ئەم پارت و ڕێکخراوانە لەگەڵ خەباتی ناسیونالیزمی نەتەوەی خاوەن دەوڵەتی عێراقدا یەکیان دەگرتەوە کە خەباتی دەکرد بۆ بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی عێراق و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیست و سیستێمی پاشایەتی دروستکراوی دەستی کۆڵۆنیالیزم.

هەر لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیداو بە دروستی لە ساڵی ١٩٤٢دا، کۆمەڵەی ژیانەوە- ژێکاف- لە مهاباد دروستبوو. لە ساڵی ١٩٤٥دا، بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران. ئەم حیزبە بە پشتگیری سۆڤیەت پاشی ساڵێک لە دامەزراندی کۆماری کوردستانی لە مهاباد دامەزراند. بێگومان لە ساڵی ١٩٤٦دا، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دامەزرا. هەر یەکە لەم دوو

پارتـەش هەڵگری بەشـێک لـە داخوازیە نەتەوەییەکانی کـورد بوون، بەڵام پارتی ناسیونالیستی خاوەن گوتاری ناسـیونالیزم نەبوون. بەڵکو داواکارییەکانیان لە ئاستی ئۆتۆنۆمـی تێپـەڕی نەدەکرد، ئەویش لـە چوارچێوەی ئـەو دەوڵەتەی کە ئەو بەشـەی کوردسـتانی پێوە لکێندراوبوو، کە هەریەکە لەم پارتە سیاسـیانەی تێدا دروسـتبوو بـوو. لـە راسـتیدا هـەر بەشـێکی کوردسـتان کۆلۆنیەکی ناوخۆ بـوو بـۆ کۆلۆنیالیسـتە ناوخۆکانی عـەرەب و فـارس و تـورک. لـەم قۆناغـەدا داننانی ناڕاسـتەوخۆی کـورد بـە پرۆسـێسـی دابەشـکردنی وڵاتەکـەی و لکاندنی هەربەشـێکی بـە یەکێـک لـەو دەوڵەتانـەوە دەبینرێـت. هـەروەک لە لایـەک لاوازی هەسـت و هوشـیاری نەتەوەیـی لای کـوردو لـە لایەکـی تـرەوە کاریگـەری هـۆکاری ئایینـی بـۆ پەیوەسـتکردنی کـورد بـە برای مسـوڵمانی عـەرەب و فارس و تورکـەوەو هەروەهـا سیاسـەتی دوژمنکارانـەی کۆلۆنیالیسـتی بەریتانـی و فەرەنسـی بـۆ دروسـتکردنی یـەک گـەل لـە نێوان کـوردو نەتەوەی سـەردەسـتدا، یان لە نێوان کوردو کۆلۆنیالیسـتی ناوخۆدا. لەپاڵ هەموو ئەمانەشـدا گەیشـتنی بیـری چـەپ و هەژموونـی سـۆڤیێتی بـە کوردسـتان و ئـەو دەوڵەتانـەی کـە کوردسـتانیان کـردووە بـە کۆلۆنـی ناوخـۆ هانـی خەڵکـی دەدا بـۆ خەباتکردنـی پیکەوەیـی گەلانـی ئـەم وڵاتانـە دژی ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیـزم و دروسـتکردنی وڵاتێکـی سـەربەخۆ کـە تیایـدا نەتـەوەی سـەردەسـت خاوەنـی دەوڵـەت دەبێـت و بـۆ کوردیـش ئۆتۆنۆمـی لـە سـایەی دەوڵەتـی کۆلۆنیالیسـتدا بەرزتریـن ئاسـتی مافـی دانپێدانـراو دەبێـت بەپێـی وەسـفی ئـەو دەوڵەتانـە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە لەم قۆناغەدا بەتەواوی ئاراستەی خەباتی کـورد وەکو چـوار کۆلۆنـی ناوخـۆ لەبری خەباتی دژە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ، گواسـتراوەتەوە بۆ لە بیرکردنی خواسـت و داواکاری سـەرەکی کە هەڵوەشـاندنەوەی سیاسـەتی دابەشـکردن و کۆلۆنیالیزمـی ناوخـۆو سـەربەخۆبوون و بەدەسـتهێنانی سـەروەرێتی نەتەوەییە. بێگومان هۆکاری سـەرەکی ئەوەی کە کورد ئەو واقیعە سـەپێندراوە پەسـەند بکات، دەگەڕێتـەوە بـۆ لاوازی لـە ئەندازەبـەدەری نـەک تەنیـا ناسـیونالیزمی کـوردی، بەڵکـو بـۆ لاوازی هەسـت و هوشـیاری نەتەوەیی و لاوازی دەسـتەبژێری ناسـیونالیسـتی کـوردی و ناکارایـی و بـێ تواناییـان لـەم قۆناغـەدا. بەجۆرێـک کـە وابەسـتەبوون و پەیوەسـتبوونی کـورد لـە هـەر پارچەیەکدا بـە نەتـەوەی سـەردەسـتی ئـەو دەوڵەتـەوە کـە ئـەو بەشـەی پێیـەوە

لکێندراوە بەهێزتر بێت لە پەیوەستبوونی کوردی هەربەشێک بە کوردی بەشەکانی ترەوە. لێرەوە بەئاشکرا دەبینرێت کورد لە هەربەشێکدا یان لە هەر کۆلۆنیەکی ناوخۆدا، وەکو بەشێک لە نەتەوەی ئەو دەوڵەتە دەردەکەوێت کە کۆلۆنیالیستی ناوخۆی ئەو بەشەیە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خەباتی کورد لە هیچ بەشێکدا خاسێتی خەباتی دژە کۆلۆنیالیزمی نەبێت، یان زۆر لاواز بێت، بەڵکو لەبری ئەوە واقیعی بە گەل بوون- یەک لایەنە لەگەل نەتەوەی سەردەست قبوڵ بکات.

## ناسیونالیزمی کوردی لە دوای ساڵی ١٩٦٠ و خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم:

پاش رێکەوتنی لەگەڵ ئێران و وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت، سۆڤێت دەستبەرداری پشتگیری کۆماری کوردستان بوو. لە ئەنجامی ئەوەدا، کۆمار نەیتوانی پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات و پاش نزیکەی ساڵێک روخا. بێگومان ئەزموونی کۆماری کوردستان ئەوە ئاشکرا دەکات، زەمینەی ناوخۆ بۆ خۆڕاگری و مانەوەی کۆمار لەبار نەبوو. کۆمار بەرهەمی پەرەسەندنی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و لەسەروی هەمووشیانەوە بەرهەمی ناسیونالیزمی کوردی نەبوو، بەڵکو فاکتەری دەرەکی و بەرژەوەندی دەرەکی دروستیکردو هەر لەبەر نەبوونی هۆکاری پێویستی ناوخۆیی یان بابەتی و نەمانی پشتگیری دەرەکی یان هەڵوەشانەوەی فاکتەری دەرەکی روخا. بێگومان ئەگەر کۆمار بەرهەمی پەرەسەندنی گشگیری کۆمەڵگای کوردی بووایە، بەوجۆرە نەدەڕوخاو دەیتوانی پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات. راستە دەوری هۆکاری دەرەکی گرنگی خۆیی هەیە، بەلام بەبێ بوونی پێداویستیە ناوخۆیی و بابەتیەکان ناشێت دەوڵەت دروست ببێت. خۆ ئەگەر بەرژەوەندی هێزە ناکۆکەکانیش دروستیان کرد، ئەوە دیسان رێکەوتنی ئەو هێزە ناکۆکانە رەنگە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی.

لەم بەشەی کوردستان لە دوای روخاندنی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیەکی ئەوتۆی نەما. لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا دەستەبژێرێکی حیزبی و سیاسی رۆژهەڵات هاتبوونە سنووری باشوری کوردستان و بەشێکیشیان لە ململانێ ناوخۆییەکانی باشورەوە ئالان، ئەوەش بە زیان

گەڕایەوە بۆیان. بارودۆخی کوردی رۆژهەڵات جوڵەی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی هەتا سەرەتای حەفتاکان و تا ئەو کاتەی کە عەبدوڕەحمان قاسملۆ بووە سکرتێری ئەم حیزبە. قاسملۆ پێشتر مارکسیەکی ئۆرسۆدۆک بوو، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکانەوە وەکو سۆشیالیستێک دەردەکەوت و لەبری بڕوابوون تەنیا بە مارکسیزم و بە فەرمانڕەوایی چینی کرێکار، بڕوای بە سۆشیالیستی و خەباتی کۆمەڵایەتی و خەباتی توێژو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا هەبوو لە پێناوی دیموکراتی و سۆشیالیستی و بەدەستهێنانی مافدا. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە قاسملۆ لەو کاتەوە بوو بە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بڕوای بە خەباتی گەلانی ئێران هەبوو بۆ گۆڕینی سیستێمی فەرمانڕەوایی ئێرانی بۆ سیستێمێکی دیموکراتی، بەئومێدی ئەوەی کوردیش لە سایەی ئەو سیستێمەدا ببێتە خاوەنی مافی ئۆتۆنۆمی. کە ئەم بیرکردنەوەیە هەتا ئێستاش لە رووبەرێکی فراوانی کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی رۆژهەڵاتدا ئامادەبوونی هەیەو خۆ بەئێرانی زانین و خۆ بەئێرانی دانانی کوردی رۆژهەلات، لە خۆبە عێراقی زانین و خۆ بەعێراقی دانانی کوردی باشورو تەنانەت خۆ بەتورک زانینی کوردی باکور بەهێزترە. ئەمەش شانبەشانی ئەو بۆچوونەی کە گوایە کورد بەشێکە لە خێزانی ئێرانی رۆڵی بەهێزی نەرێنی بینیووە بۆ ئامادەکردنی کوردی رۆژهەڵات بۆ هەوڵدانی پێکهێنانی یەک گەل بە ناوی گەلی ئێران لەگەڵ فارس و پێکهاتەکانی تری ئێراندا. ئەم بۆچوونەش تاکو ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا باڵادەستە.

کاتێ شۆڕشی ئیسلامی توانی سیستێمی فەرمانڕەوایی شاهەنشایی بڕوخێنێت و کۆماری ئیسلامی دروست بکات، حیزبی دیموکرات و پارتە سیاسیە کوردیەکانی تری رۆژهەڵات بەئومێدی ئەوە بوون کە سیستێمی نوێ دان بنێت بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بۆ گەلی کوردو ئەوەش داواکاری ئەوپەڕینی کورد بوو لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. ئەوەش نیشانەی بڕوابوونی پارتە کوردیەکانی رۆژهەڵات بوو بە ئێرانیبوونی خۆیان و هەنگاوێکیش بوو بۆ پێکهێنانی یەک گەلی ئێرانی کە تیایدا فارس نەتەوەی یەکەم و خاوەن دەوڵەت بوو، کوردو پێکهاتەکانی تریش وەکو کۆڵۆنی ناوخۆ بوون بۆ کۆڵۆنیالیستێکی ناوخۆ.

لە باشوری کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە لکێندراوە بە عێراقی عەرەبیەوە، لە دوای روخاندنی رژێمی پاشایەتی، لە لایەک ئاراستەی چەپ کە حیزبی شیوعی عێراقی نوێنەرایەتی دەکرد، پێگەیەکی فراوانی جەماوەریی هەبوو. لە لایەکی ترەوە ناسیونالیستی عەرەبی لەناو دەستەبژێری خوێندەوارو ئەفسەرانی سوپادا لە گەشەکردندا بوو. بەگوێرەی کوردیش بارودۆخێک هاتبووە ئاراوە، گەشەی ئاشکرا بە دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتیەوە دەبینرا، کە پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتی دەکردو بەتایبەتیش دوای گەڕانەوەی بارزانی و پێشوازی کردنی خەڵک لەو گەڕانەوەیە، بارودۆخی کورد زیاتر دەردەکەوت. عێراقی ئەو رۆژگارە بێجگە لە بوونی حکومەتێکی نوێ کە بەرهەمی کودەتایەکی سەربازی بوو، بووبووە گۆڕەپانی ململانێی ناسیونالیستە عەرەبەکان و حیزبی شیوعی و کوردیش. لە ئاستی جەماوەریدا هەریەکە لە حیزبی شیوعی و ناسیونالیستە عەرەبەکان کە حیزبی بەعس و ناسری لە پشتیانەوە بوو، لە ناکۆکی و ململانێدابوون و حیزبی شیوعی خۆی بە پشتگیریکەری قاسم دەزانی. بەڵام ئەم حیزبە نە توانی خۆی کورسی دەسەڵات بگرێتە دەست، نە توانی دەسەڵاتی قاسم لە ناسیونالیستی عەربی بپارێزێت. لە بەرامبەردا، ناسیونالیستە عەرەبەکان توانیان دەسەڵاتی قاسم لەناوببەن و لە شوێنی ئەودا دەسەڵاتی ناسیونالیستی خۆیان دابمەزرێنن کە هەر لەگەڵ هاتنیدا ناوسیونالیزمی عەرەبی بە رەگەزەکانی شۆڤێنیزم و فاشیزم بارگاوی کرابوون.

لەم بارودۆخەدا، واتە لە هاتنی عەبدولکەریم قاسمەوە بۆ سەر کورسی دەسەڵات، هەتا ئەیلولی ١٩٦١ کە زیاتر لە سێ ساڵ دەکات، بارودۆخی کورد لە عێراقدا لە رووی دەستووریەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەویش ئەوە بوو کە لە دەستووری سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، ئەوە جێگیرکرا کە کورد یەکێکە لە دوو نەتەوە سەرەکیەکەی عێراق. ئەم بەندە لە دەستووردا لەو رووەوە گرنگی هەبوو کە کورد وەکو پێکهێنەرێکی دەوڵەتی عێراقی دانی پێدانرا. ئەمەش بۆ پشتگیری ئەو بۆچوون و هەوڵانەی کە دەیانوویست یەک دەوڵەتی نەتەوە لە عێراقدا دروست ببێت، گرنگ بوو. هەڵبەت ئەو دەوڵەتەی کە لە عێراقدا دروستکرا، دەبوو پشت لە بنەمای ئیتنیکی و زمانی بکات و پشت بە هەستی هاوبەشی عێراقێتی و بە خاکی ئەو نیشتیمانە

ببەستێت کە ناونرابوو عێراق، کە بە سنوورێک دەورە درابوو لە وڵاتی فارس و لە دەوڵەتی نوێی تورکیاو لە دەوڵەتی عەرەبی سعودیەو دەوڵەتی عەرەبی ئۆردۆنی و دەوڵەتی عەرەبی سوریای جیا دەکردەوە. هەروەک ئەو سنوورە بەسەر جەستەی نیشتیمانی کورددا دەکشاو کوردستانی لکێندراوی بە عێراقەوە لە سێ بەشەکەی تری کوردستان جیادەکردەوە.

ئەم بەندە دەستوورییەی دەستووری سەردەمی قاسم سەبارەت بە پێگەی کورد تا ئەندازەیەک ئامانجی دروستکردنی یەک گەل بوو لەو عێراقەدا کە ئینگلیز دروستیکرد، کە گەلی عێراقی بوو، سەرئەنجامیش شوناسی یەکەمی ئەو گەلە عەرەبی بوو. ئاشکرایە لە روانگەی ناسیونالیزمی عەرەبییەوە، عێراق بەشێک بوو لە نەتەوەی گەورەی عەرەب. هەر لەم قۆناغەشدا بابەتی دروستکردنی یەکێتی نێوان میسرو سوریاو عێراق بووە  بابەتی گفتوگۆ لەسەرکردنی تاکەکەسە ناسیونالیستەکانی ئەوکاتەی کوردو رای باڵادەستیان ئەوە بووە کە ئەگەر ئەو یەکێتیە دروستببێت، ئەوا کورد بەتەواوی دەبێتە کەمینەیەکی زۆر بچووک و لە رووی ژمارەوە بایەخێکی ئەوتۆی لەو پێکهاتنەدا نامێنێت.

لەم قۆناغەدا هەستی نەتەوەیی لای کورد تا ئەندازەیەک زیاتر لە برەوسەندندا بووە بە تایبەتی لای دەستەبژێری خوێندەوار. هەروەک حکومەتی قاسم یاسای چاککردنی کشتوکاڵ و زەوی و زاری دەرکرد کە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە بەرژەوەندی جوتیاران و لە زیانی ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن زەوی بوو. بێگومان لە رووی خاوەندارێتی زەوی و زارو لە شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا روخساری سیستێمی فیودیالی دەبینرا، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا سیستێمی فیودیالی بەرهەمهێنان و شێوازی پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالی خاوەن شوناس دروست نەبووبوو. بەڵام بەهەموو شێوەیەک بەگ و ئاغاو شێخی خاوەن زەوی و زار توانیبوویان پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتی رووبەری فراوانی زەوی و زار بۆ خۆیان بکەن. بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتەکانی پێشتریش هەر لە دەسەڵاتی عوسمانیەوە هەتا دەسەڵاتی پاشایەتی پشتگیرییان لەم توێژە خاوەن هەژموونە بە دژی جوتیاران کردبوو. یاسای چاککردنی کشتوکاڵ

بەرژەوەندییەکانی ئەمانی لەناو دەبرد. هەربۆیە لەگەڵ هەوڵدانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە کوردستان، ناڕەزایی ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن زەوی و زار دەرکەوت.

هەروەک ئاشکرایە لە کوردستان، دەسەڵاتی ئاغاو بەگەکان لەگەڵ روخاندنی میرنشینەکاندا کۆتایی هاتبوو. سەرجەمی راپەڕینەکانی دوای رووخاندنی میرنشینەکان مەگەر بە دەگمەن ئەگینا لە لایەن شێخ و سەیدەکانەوە بە تایبەتی رابەرانی رێبازی نەقشبەندی لە ئاستی یەکەمداو رابەرانی رێبازی قادری لە ئاستی دووەمدا رابەرایەتی کراون. تاکە راپەرینێکی دیار لە دوای روخاندنی میرنشینەکان کە ئاغا یان بەگ سەرکردایەتی کردبێت راپەینی ئیسماعیل ئاغای شکاکە. کە ئاشکرایە هەروەکو پێشتریش باسمان کرد، هەریەکە لەم راپەڕینانە هەڵگری بەشێک لە خواستە ناسیونالیستیەکانی کورد بوون. ئاغاو بەگەکان بێجگە لە ئیسماعیل ئاغای شکاک رۆڵێکی ئەوتۆیان لە سەدو پەنجاساڵی رابردووی کورددا نەبووە. داخۆ بۆچی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، ئەندامانی خێڵ و جوتیارانیان کۆکردەوەو چەکیان پێهەڵگرتن؟ ئایا بۆ داواکردنی مافەکانی کورد بوو، یان بۆ رێگاگرتن بوو لە جێبەجێکردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ؟ بێگومان وەڵامی دروستی ئەم پرسیارە ئاشکرایە کە دەست دانە چەکی ئاغاو بەگەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ دا، بۆ داواکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ دژایەتیکردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ بوو کە بە زیانی ئەوان و لە سوود و بەرژەوەندی جوتیاران بوو. بەڵام ئەوان جوتیارانیان بۆ ئامانجەکەی خۆیان بە ناوی شۆڕش و داواکردنی مافی کوردەوە بەکارهێنا.

ئەوەی ئاشکرایە پێش دەستپێکردنی بزووتنەوەی چەکداری کورد، هەڵس و کەوتی قاسم بەرامبەر بە کورد گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. هاوکات سەرکردایەتی پارتی لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری ئەوەی وەرگرت ئەگەر قاسم وەڵامی پارتی نەدایەوە بۆ چاککردنی پەیوەندیەکانی حکومەت لەگەڵ پارتیدا، ئەوا پارتی خۆی ئامادە دەکات بۆ دەست دانە چەک. بارزانی رای وابوو کە پەلە نەکرێت..تاڵەبانی ئەو بڕیارانەی بۆ بارزانی روونکردەوە کە مەکتەبی سیاسی دابوویان و دڵنیایی لە ئامادەباشی مەکتەبی سیاسی کردەوە بۆ هەر

ڕووداوێکی لە ناکاو، بەڵام ڕای بارزانی ئەوە بوو کە هیچ شتێک نەکەن، بەڵکو بەردەوامبن لەسەر خۆئامادە کردن[٣٦]. بەڵام کارەکان زۆر بەخێرایی گەشەیان کردو لە دەست دەرچوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە شێلگیری عەشایەری توندتر بوو[٣٧]. هەندێ عەشایەر پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد بەهۆی خراپی یاسای چاککردنی کشتوکاڵەوەو هەندێکی تریش بەهۆی یاسای باجی زەوی و زارەوەو هەندێکی تریان چاوەڕوانی ئەوە بوون قاسم پاش ماوەیەکی کورت وەڵامی داواکاریە پڕوپوچەکانیان بداتەوە[٣٨]. ئێستا لێرەدا ئاشکرایە کە دەستپێکردنی بزووتنەوەی ئەیلولی ١٩٦١، لە لایەن بەگ و ئاغاو سەرخێڵ و شێخەکانەوە بوو. هەڵبەت ئەمانە گوێیان بە بڕیاری پارتی و بارزانیش نەدا چونکە ئەوان بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بوون نەک بەرژەوەندی کورد. هەروەک ئەمانە لە کورتترین کاتدا سەنگەرەکانیان چۆڵکردو پێدەچێت بارزانی بەناچاری خۆی کردبێتە خاوەنی ئەو جوڵە چەکداریەی کە پێشتر داوای لە مەکتەبی سیاسی پارتی کرد ئامادەباشی بۆ بکەن و چاوەڕوان بن.

بێگومان لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری باشوری کوردستاندا، دەشێ ڕۆڵ و کاریگەری دەرەوەش لەسەر مەکتەبی سیاسی ئەو کاتەی پارتی هەبووبێت بۆ دەستدانە چەک، بە تایبەتی ئێران و بەریتانیا کە نەیاندەویست فەرمانڕەوایی قاسم بەردەوام بێت هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە قاسم زیاتر لە جەمسەری سۆڤێتیدا بوو. هەڵبەت گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە تەنیا بۆ ئەوەیە کە نیشانی بدەین لە دەستپێکی بزووتنەوەی چەکداری ئەیلولی ١٩٦١دا، دیسان ناسیونالیزمی کوردی نەک نائامەدەو نادیار بووە، بەڵکو ناسیونالیزم نەبووەتە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە یەکێتی و یەکبوون دروست بکات. بەڵکو ئەوە هێزی خێڵ وعەشیرەتەکان بوون کە دەستیان دایە چەک و هیچ ڕێکخستن و بەرنامەیەکێشیان نەبوو. هەر ئەوەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی کە ئەو هێزە ڕێکنەخراو و خێڵەکیە زوو سەنگەر چۆڵ بکات. ڕاستە پارتی وەکو حیزب ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی هەبوو، بەڵام خاوەنی گوتارێکی ناسیونالیزمی خاوەن شوناس نەبوو، کە گوتارێکی لەم جۆرە بۆ نەتەوەیەکی کۆلۆنی ناوخۆ بریتیە لە ڕەتکردنەوەی پرۆسێسی کۆلۆنیالیزم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە. بێگومان وەکو پێشتریش باسمان کردووە گوتاری پارتی لەم قۆناغەدا بە بەشێک لە

رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی کراوە، بەڵام لە ئاستێکی سادەو رووکەشدا، بەجۆرێک کە خاسیێتی گوتاری ناتەواوی نەتەوەیی یان گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزمی هەبووە، کە ئەویش لە چوارچێوەی مافی خۆبەڕێوەبردن یان ئۆتۆنۆمیدا بەرجەستە بووە.

لە راستیدا سەرکردایەتی پارتی وەکو نوخبەیەکی ناسیونالیست بەرهەمی ئەو قۆناغە بوون و ئامادەبوونیان هەبووە بەبێ بوونی ناسیونالیزم. ئەم دیمەنەش لە کۆی راپەڕینەکانی کورددا بینراوە، هەر لە راپەڕینی بەدرخانیەکانەوە بۆ راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و راپەرینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران و... تەنانەت لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا ئەو بارە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە. راپەڕینی ئەیلولی ١٩٦١ بەم جۆرە دەستیپێکرد، کە هەڵگری داواکاری ئاستێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بوو. جیاوازی ئاشکرای ئەم راپەڕینە لەگەڵ راپەڕینەکانی پێشتری کوردستاندا ئەوەیە کە داواکارییەکی ئاشکرای هەبوو کە خۆ بەڕێوەبردن و پاشان ئۆتۆنۆمی بوو. هەروەها لەم راپەڕینەدا، کورد دژی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ کە دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی عێراقی بوو خەباتی دەکرد. واتە لێرەوە خاڵێکی گرنگ ئاشکرا دەبێت لەچاو سەردەمی پاشایەتیدا، کە ئەویش ئەوەیە لەسەردەمی پاشایەتیدا کورد هاوشانی عەرەب، دژی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی و دەسەڵاتی پاشایەتی کە هاوکاری کۆڵۆنیالیستی دەرەکی بوو، خەباتی دەکرد. بەڵام ئێستا راستەوخۆ کورد دژی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ کە دەوڵەتی عەرەبی عێراقیە خەبات دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لەم بارەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات بۆ بەدەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی کورد دەکات و ئەو مافانەش لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا دەبێت، واتە لێرەدا هیچ هەنگاوێک نیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرۆسێسی کۆڵۆنیالیزم. بەڵکو بە کردار داننان بە عێراقیبوونی کوردو داننان بە دروستکردنی گەلی عێراقیدا دەبینرێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا داواکاری داننان بە بوون و شوناسی کورددا هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق.

لە ئەنجامی راپەڕینی ئەیلولدا، دەوڵەتی عێراقی ناچاربوو دان بە داواکارییەکانی کورددا بنێت، کە لەو کاتەدا بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی. وەکو پێشتر گوتمان گوتاری پارتی لەم قۆناغەدا گوتاری ناسیونالیزمی تەواو یان

خاوەن شوناس نەبوو، بەڵکو گوتاری ناتەواوی نەتەوەیی بوو. لە کاتێکدا ئامانجی گوتاری تەواوی ناسیونالیزم دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە، ئامانجی گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزم بە گوێرەی کورد لە ئۆتۆنۆمیدا بەرجەستە دەبێت. لە یەکەمیاندا واتە لە گوتاری تەواودا، دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم هەڵدەوەشێتەوەو سەروەری نەتەوەیی بەدەست دێت، لە دووەمیاندا واتە لە گوتاری ناتەواودا، پرۆسێسی کۆلۆنیالیزم بەردەوام دەبێت ،بەڵام بەشێوەیەکی هێواشترو سەروەری نەتەوەیی بەدەست نایەت و نەتەوەی بندەست لەباری بندەستی و لە دەرەوەی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام دانپێدانان لە چوارچێوەی دەولەتی عێراقیدا بەدەست دەهێنێت.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە لەم قۆناغەدا ئەوەیە بەشێک لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی مەکتەبی سیاسی- پارتی لە سەرکردایەتی بارزانی جیابوونەوەو سەرەتا ناچارکران بچنە ئێران و پاشان گەڕانەوە کوردستان و چوونە ژێر باڵی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عێراق و شانبەشانی هێزەکانی داگیرکەر دژی هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی بارزانی جەنگان. جیابوونەوەی ئەم باڵە گوایە لەبەر بڕوانەبوونی بارزانی بوو بەکاری حیزبی و گوێ نەدان بە راو بۆچوونی مەکتەبی سیاسی و سووربوون لەسەر بڕیاردانی تاکە کەسی خۆی. گریمان ئەم قسانە هەموویان راستن، بەڵام ئەوە هەرگیز پاساو نیە بۆ ئەوەی هێزی نەتەوەی بندەست و وڵات کۆلۆنیکراو بچێتە سەنگەری دوژمن، یان پشتگیری کۆلۆنیالیستی ناوخۆی وڵاتەکەی بکات بە دژی نەتەوەکەی. خاڵێکی تری لاوازی ئەم ئاراستەیەش ئەوە بووە کە پێیان وا بووە لە سایەی دەوڵەتی داگیرکەردا خەباتی نەتەوەیی دەکەن. بێگومان ئەگەر ئەمە لەو روانگەی ناسیونالیزمی مەدەنیشەوە سەیر بکرێت، ئەوا دەبێتە رازیبوونی تەواوەتی بە پێکهێنانی یەک گەل لە وڵاتدا بێ لەبەرچاوگرتنی ریشەو بنەمای ئیتنیکی. بەڵام لەبەرچاونەگرتنی بنەمای ئیتنیکی تەنیا کورد دەگرێتەوە چونکە لە بنەڕەتدا شوناسی دەوڵەتەکە عەرەبیەو لە راستیشدا دەوڵەتی ناسیونالیزمی شۆڤێنی عەرەبیە.

هەروەک دەستەبژێرێک لە رۆشنبیرانی سەربەم ئاراستەیەی کە چوونە ژێر باڵی دەوڵەتی داگیرکەر، گۆڤاری رزگارییان دەرکرد کە گوایە ئەوە مینبەرێکە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ماویزم و ئاشناکردنی لاوانی کورد بەو

بیرو بۆچوونانە. ئەم باڵە سەرباری ئەوەی لە ژێر باڵی دەوڵەتی داگیرکەردا بوون و وایان نیشان دەدا کە ئەوان نوێنەری راستەقینەی کوردن، بەڵام دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراق بۆی دەرکەوت کە ئەوان خاوەنی بڕیاری کوردی نین. هەربۆیە دەوڵەت بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ ئەوان بکات، لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی رێکەوتنی ئازاری کرد، کە بەپێی ئەوە دانی نا بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بۆ گەلی کورد.

لە پاش روخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا، دەستەبژێرێکی رۆشنبیر کە خۆیان بە ناسیونالیستی رەسەن و راستەقینەی کورد دەناساند، رێکخراوێکی سیاسی نەتەوەییان دروستکرد کە ئەویش کاژیک بوو واتە کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد، کە کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری سۆشیالیزمی بوو، ساڵی ١٩٥٩ لە باشوری کوردستان دەرکەوت. کاژیک لەسەر بنچینەی قوتابخانەی کوردی سۆشیالیزم دامەزرابوو[٣٩]. ئەم رێکخراوە بەرنامەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی گەورەی هەبوو. بەڵام لە سەر زەمینەی واقیع نەبووە رێکخراو یان پارتێکی جەماوەریی و تەنیا وەکو رێکخراوی گروپێکی دیاریکراو مایەوە. ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو کە رۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە بواری خەباتی چەکداری و بڕیاردا نەبێت. بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی ئەم رێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لە ئەندازە بەدەری ناسیونالیزمی کوردی و تا ئەندازەیەکی بەربڵاو و ئاشکرا راهاتن و رازیبوونی کورد لە باشور بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەب و مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، واتە رازیبوون بە پێکهێنانی گەلی عێراق لەگەڵ عەرەبی عێراقیدا. هۆکاری دووەمی گەشەنەکردنی ئەم رێکخراوە ناکارایی و خۆپارێزی ئەو دەستەبژێرە ناسیونالیستەی کورد بوو لە بواری کاری رێکخراوەیی و کارکردن لە ناو خەڵک و لەسەر زەمینەی واقیع، واتە نەتوانینی گواستنەوەی بەرنامەی رێکخراوەکەیان بۆ پراکتیک و جێبەجێکردنی لە ناو کۆمەڵگادا.

لە رۆژئاوای کوردستان، واتە لەو بەشەی کوردستان کە لکێندرا بە سوریاوە، لە کاتێکدا سوریا خۆی کۆلۆنی فەرەنسا بوو، لەم بارەدا ئەو بەشەی کوردستان بووە کۆلۆنیەکی ناوخۆ بۆ دەوڵەتی کۆلۆنی سوریا. لە ساڵی ١٩٥١دا، سیستێمی پاشایەتی لە سوریا روخاو لە شوێنیدا سیستێمێکی

ناسیونالیستی عەرەبی دامەزرا. بارودۆخی کورد لەم بەشەی کوردستان، لە بارودۆخی کوردی لکێندراو بە عێراقەوە نەک باشتر نەبوو بەڵکو زۆر خراپتریش بوو. حکومەتی پاشایەتی هیچ بایەخی بە کورد نەدەداو ناوچە کوردیەکان لەباری دواکەوتوویی و نەخوێندەواریدا دەیانناڵاند. سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی فەڕەنسی لە سوریادا ئەوە بوو کە گەلی سوریا دروست بکات بێ لەبەرچاوگرتنی بنەمای ئیتنیکی و زمان، واتە لەسەر بنەمای یەک نیشتیمان کە ناوی سوریا بوو، لەو سوریایەشدا زمانی فەرمی زمانی عەرەبی بوو. تەنانەت خوێندن بە زمانی دایکیش نەک ئاسانکاری بۆ نەکرابوو، بەڵکو ڕێگاپێدراویش نەبوو. لەساڵی ١٩٥٧ دا، مەترسی ئەوە هەبوو کە.. تورکیا هێرشی سەربازی بکاتە سەر سوریا، کوردەکان بەشدارییەکی چالاکیان هەبوو لە شالاوی گشتی میلیدا بۆ ڕێکخستنی ڕەتکردنەوەی داواکاری ئەنقەرە[٤٠]. لێرەدا دەردەکەوێت کە کوردی ڕۆژئاوا، سەرباری باری خراپی ژیانیان لە سایەی دەوڵەتی پێشتر کۆڵۆنی و ئێستا خاوەن سەروەریدا، ئینتیماو وابەستەبوونیان بۆ سوریا لا دروست بووبوو، بۆیە شان بەشانی عەرەبی سوریا راوەستان دژی خواست و ویستی تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر سوریا.

لە ساڵی ١٩٥٧ دا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا دامەزرا، ئەم پارتە لە وێنەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو. بڕوای بە بەدەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی کورد هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا..ئەم پارتە بڕوای بە پێویستی جێگیرکردنی ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد هەبوو لە دەستووری وڵاتدا، لەگەڵ ڕێزگرتنی دابونەریت و تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانیدا، هەروەها زەمانەتی بەشداریکردنی کورد بکرێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا[٤١]. پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا لە بەرنامەکەیدا داوای دانپێدانانی کرد بە کورددا وەکو گروپێکی ئیتنیکی جیاواز، هەروەها داوای مافە کەلتورییەکان و حکومەتێکی دیموکراتی لە دیمەشق کرد[٤٢]. لێرەدا بەئاشکرا دیارە کە ئەم پارتە هیچ پرۆژەیەکی ناسیونالیستی تەواوی نەبووە، بەڵکو هەڵگری بەشێک لە داواکاریە ناسیونالیستیەکانی کورد بووە وەکو داننان بە ڕەگوڕیشەی جیاوازی کورددا

لەگەڵ مافە کەلتورییەکانیدا. ئەمەش دەیسەلمێنێت لەو بەشەی کوردستان ئاستی داخوازییەکانی کورد تەنانەت نەگەیشتووەتە داواکردنی ئۆتۆنۆمی. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەم پارتە وەکو نوێنەری ناسیونالیزمی لاوازی کورد، داوای دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتی بۆ سوریا دەکات. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم پارتە بڕوای وابووە کە کێشەی کورد زیاتر لەوەی کێشەی نەتەوەیەک بێت کە کراوەتە کۆلۆنی ناوخۆ لە لایەن کۆلۆنیالیستی عەرەبی سوریاوە، کێشەی دیموکراسیە. هەروەک باسکردن لە دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتی بۆ سوریا، ئەوە دەردەخات کە کوردی ئەو بەشە بڕوای بەوە هەبووە کە ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی لە دیمەشق هەبێت، ئەوا کورد رازیە بە ژیان لە سایەی ئەو حکومەتەدا. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کوردی رۆژئاوا ئامادەباشی هەبووە بۆ دروستکردنی یەک گەل بە ناوی گەلی سوریاوەو هەر بەو پێیەش دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراتی بە ناوی دەوڵەتی سوریاوە، کە بێگومان ئاشکرایە لە بارێکی وەهادا ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی نەتەوەی هەژموونندار دەبێت کە نەتەوەی عەرەبە. ئەمە بێجگە لەوەی کە نەک هەر ناسیونالیزمی عەرەبی سوری لە ناسیونالیزمی کوردی بەهێزتر بووە، بەڵکو سوریا بە گوێرەی دەرکەوتنی ناسیونالیزم وەکو پێشەنگی نیشتیمانی عەرەبی دادەنرێت. هەربۆیە بەهێزبوونی ناسیونالیزمی عەرەبی سوری لەو کاتەداو بۆ دواتریش، هۆکارێک بووە کە هەرگیز دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی سوریا ئامادە نەبێت دان بەبوونی کورددا بنێت وەکو ئیتنیکێکی جیاوازو خاوەن شوناس لەو وڵاتە تازە دروستکراوەدا.

وەکو ئاشکرایە سوریاو میسر لە ساڵی ١٩٥٨ دا، کۆماری عەرەبی یەکگرتوویان دروستکرد. بێگومان ئەوەش کاریگەری نەرێنی زیاتری لەسەر بوون و پێگەی کورد هەبوو لەو کۆمارە یەکگرتووەدا، هەم لە رووی ژمارەوە، هەم لەو رووەوە کە سوریاو میسر دوو دەوڵەتی عەرەبی بوون کە تیایاندا ناسیونالیزمی عەرەبی زیاتر گەشەی کردبوو. ئەو ناسیونالیزمەش لەبەر بنەماو رەگوڕیشەی خێڵەکیانەو ئایینیانەی نە ئەوکاتەو نە دوای ئەوەش نەیتوانیووە دان بە بوونی هیچ گروپێکی ئیتنیکی و نەتەوەیی تردا بنێت لەسەر ئەو خاکەی کە بە روانینی ئەو نیشتیمانی رەسەنی عەرەبیە.

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٦١دا، لە رەشنووسی دەستووری کاتی سوریادا بە هیچ شێوەیەک باسی بوونی کورد لەو وڵاتەدا نەکراوە.. سوریا بە فەرمی بۆ یەکەم جار بە کۆماری عەرەبی سوریا باسکراوە(٤٣). پاشانیش کە بەعس وەکو پارتی ناسیونالیستی شۆڤێنی عەرەبی هاتە سەر کورسی دەسەڵات بە گوێرەی کورد بارودۆخەکە لە عێراق و سوریاش خراپتر بوو، بەتایبەتی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و زیاتر گەشەکردنی ناسیونالیزمی عەرەبیدا لە رێگای فشاری زیاترەوە هەوڵدەدرا کە یەک شوناسی نەتەوەیی لە هەریەک لەم دوو دەوڵەتەدا هەبێت، کە ئەویش شوناسی عەرەبی بوو. ئەمەش هاوشێوەی سیاسەت و ستراتیژی هەردوو دەوڵەتی تورکیای نوێ و ئێران بوو، کە نکوڵی بوونی کوردیان دەکرد. لێرەدا دەردەکەوێت کە ناسیونالیزمی کوردی لە بارێکی هێجگار لاوازدا بووەو لە کاتێکدا ناسیونالیزمی عەرەبی لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بنیادنانی نەتەوەدا بووە، ناسیونالیزمی کوردی داوای جێگیرکردنی مافی کەلتوری دەکات لە دەستووری وڵاتدا. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات لەم قۆناغەدا ناسیونالیزمی کوردی نەبووەتە ناسیونالیزمێکی خاوەن شوناس و خاوەن گوتاری ناسیونالیزم کە لە ئەو گوتارە لە دەوڵەتدا پێناسە دەکرێت.

بێگومان لە ئازاری ١٩٦٣دا، واتە مانگێک دوای کودەتای شوباتی بەعسیەکان لە عێراق، لە سوریاش بەعسیەکان لە رێگای کودەتاوە هاتنە سەر کورسی دەسەڵات. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەردوو دەوڵەتی بەعس لە عێراق و سوریا کە دەوڵەتی ناسیونالیزمی عەرەبی بوون، لەسەر هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری دژی کورد هاوڕا بوون و رێکەوتن. لە پایزی هەمان ساڵدا، دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی سوریا هێزی سەربازی پیادەو تەنانەت ئەفسەرانی فڕۆکەوانی نارد بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراق دژی راپەڕینی کورد. هەروەک حکومەتی سوریا پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لەو سەرخێڵە کوردانەدا بەست کە سەرکۆنەی راپەڕینی کوردو سەرکردایەتی بارزانییان دەکرد. ئەو سەرخێڵانە رایانگەیاند: ئێمە بووینەتە عەرەب و بەرگری لە وڵاتەکەمان سوریا دەکەین. هەروەک دیمەشق لەگەڵ هاتنی حافز ئەسەددا بۆ سەر کورسی دەسەڵات، وەکو سەردەمی پێش خۆی بوونی کێشەی

نەتەوەیی کوردیی لە سوریا رەتکردەوە[٤٤]. کەواتە کۆلۆنالیزمی ناوخۆی عەرەبی هەر ئەوە نەبوو کە رێگا لە سەربەخۆبوونی کۆلۆنیە ناوخۆییەکانی کورد بگرێت، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک بەردەوامبوو لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر کورددا و لە کۆششی بەردەوامی تواندنەوەی ئەم پێکهاتەیەدا بوو لەناو نەتەوەی عەرەبدا بە ئامنجی ناچارکردنی کورد بۆ رازیبوونی بە عێراقیبوون و بە سووریبوون. مەبەست لەم سیاسەتەش ناچارکردنی کورد بوو بۆ لە بیرکردنی شوناس و رەگوڕیشەی جیاوازیان و ملدان بە پێکهێنانی گەلی عێراقی و گەلی سوری کە هەردووکیان هەڵگری شوناسی عەرەبین و دەوڵەتەکانیشیان دەوڵەتی ناسیونالیزمی عەرەبین. لە بەرامبەردا لە باشترین باریدا، دەولەت دانبنێت بە مافی خۆبەڕێوەبردن و ئۆتۆنۆمی و مافی کەلتوریدا بۆ کورد، لەبری هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم و کۆتاییهێنان بە باری کۆلۆنیبوونی خۆی و بەدەستهێنانی سەربەخۆی و بنیادنانی دەوڵەت و بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی.

بارودۆخی کورد لە باکوری کوردستان لە شکشتی راپەڕینی دەرسیمەوە هەتا سالانی شەستەکان جۆرێک لە خامۆشی پێوە دیاربوو. سیاسەتی توندوتیژی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی تورکی وەکو دەوڵەتێکی ناسیونالیستی شۆڤێنی بە جۆرێک توندبوو، بواری بۆ هیچ جوڵەیەکی دیارو کاریگەری کورد نەهێشتبووەوە. بە تایبەتی دەستووری تورکیا نەک هەر دانی نەنابوو بە بوونی کورد لەو وڵاتەدا، بەڵکو بەئاشکرا نکوڵی بوونی کوردیشی دەکرد. لە سەرەتای شەستەکاندا سەرهەڵدانی راپەڕینی چەکداری لە باشوری کوردستان بەلای تورکەکانەوە جێگای مەترسی بوو، هەوڵیان دەدا کاریگەری ئەو راپەڕینە نەگاتە باکوری کوردستان. بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی تورک بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا رێگری لە هەر جوڵەیەک بکات پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت. لە تەموزی ١٩٦١دا، سەرۆکی دەوڵەت جەمال گۆرسیل لە وتارێکدا لە دیاربەکر رایگەیاند: ئێمە هەموومان تورکین و کورد بوونی نیە[٤٥]. دەوڵەتی تورک بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدەدا رێگا لە دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی کوردی و دەرکەوتنی هەر چالاکیەک بگرێت کە نیشانەی کوردبوونی پێوە دیاربێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوو

لەسەر سیاسەتی خۆی بۆ تواندنەوەی کوردو سڕینەوەی شوناسەکەی. لەم قۆناغەدا دەوڵەتی تورک بەردەوامبوو لەسەر دەستگیرکردنی هەر کوردێک کە چالاکیەکی نەتەوەیی هەبووایە.

لە ساڵی ١٩٦٣دا، دەستەیەک لە رۆشنبیرانی کورد لە ئەستەمبوڵ «گۆڤاری دەنگ و رۆژنامەی رۆژا نو»یان دەرکرد. هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەیاندا، دەوڵەت تورە بوو، رێگای لە دەرچوونیان گرت و نووسەرەکانی دەستگیرکردو تاوانی ئەوەی دایە پاڵیان کە پڕوپاگەندە بۆ کوردایەتی دەکەن. بێگومان لە باکوری کوردستان لە ساڵانی شەستەکاندا، چەند گروپی رێکخراوی سیاسی کوردی دروستبوون، کە داوای کردنەوەی قوتابخانەو بوژانەوەی زمان و کەلتوری کوردیان دەکرد، بەڵام دەوڵەت بەهەموو شێوەیەک هەوڵیداوە ئەم دەنگانە نەبیسترێن. بێگومان کۆی ئەم جوڵەو چالاکیانەی کورد دوو هۆکاری هەبووە، یەکەمیان سیاسەتی توندو تیژی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی تورک و رەتکردنەوەی بوونی کورد لە باکوری کوردستان، دووەمیشیان دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی وەکو سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی لە باکوردی کوردستان.

بێگومان بە پێی دەستووری تورکیا، رێگا نەدەدرا بە دروستبوونی پارتی سیاسی کوردی، چونکە لە دەستووری تورکیادا دان نەنرابوو بە بوونی کورددا لە تورکیا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە کەسێتیە ناسیونالیستە کوردەکان لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە تورکیا دروست کرد. ئەم پارتە دەستیکرد بە دەرکردنی بڵاوکراوەی نهێنی بە زمانی کوردی و تورکی. ئەم پارتە.. بەدەستهێنانی مافی خۆبەڕێوەبردن- ئۆتۆنۆمی- ئیداری و رۆشنبیری بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا کردبووە ئەرکی خۆی. هەروەک لەم قۆناغەدا بە شێوەی نهێنی چەند رێکخراوی تری کوردی دروستبوون وەکو پارتی رزگاری کورد، رایەڵەی ئازادی، رێکخستنی تێکۆشەرانی کوردستان....هەر یەکە لەم پارت و رێکخراوە نهێنیانە داوای مافی خۆبەڕێوەبردن و رۆشنبیرییان دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا. ئەمەش بەئاشکرا دەریدەخات کە لەم قۆناغەدا ناسیونالیزمی کوردی لە باکوری کوردستان لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووەو ناڕاستەوخۆش ئەوەی پەسەندکردووە کە ئەم بەشەی کوردستان بەشێکە لە

دەوڵەتی تورکیاو ئەمیش دەیەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێنێتەوە، بەڵام داوای هەندێ مافی سادەی خۆی دەکات. لێرەوە دەردەکەوێت کە ناسیونالیزمی کوری لە چ ئاستێکی لاوازو ناکارادا بووەو دەتوانرێت بگوترێت لە ئاستی نەبووندا بووە. ئەو چالاکیە کەم و سنووردارەشی کە هەبوو چالاکی تاکە کەسە ناسیونالیستەکان بوو. هەربۆیە دەتوانرێت بگوترێت لە دوای شکستی راپەڕینەکەی سەید رەزای دەرسیمەوە، لە باکوری کوردستان هەتا دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر گۆڕەپانی چالاکی سیاسی و گەریلایی خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم لە باکوری کوردستان لە ئاستی نەبووندا بووە.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزرا، لە ساڵی ١٩٨٤دا، خەباتی چەکداری دەستپێکرد. ئایدیۆلۆجیای پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر بنەما شۆڕشگێڕییەکانی مارکسیزم- لینینیزم و نەتەوایەتی کوردی دامەزرابوو، کە ئامانجی سەرەکی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی سۆشیالیستی بوو لە کوردستانی گەورەدا. واتە پارتی کرێکاران وەکو پارتی هەر چوارپارچەی کوردستان سەیری خۆیی دەکردو سەرباری پێگەی بەهێزی لە باکوری کوردستان، لە بەشەکانی تری کوردستانیش ئەم پارتە خاوەنی هەواداری خۆی و تەنانەت پارتی هاوشێوەی خۆیەتی. بێگومان لە ساڵی هەشتاکاندا رابوونەوەیەکی ئاشکرا لە باکوری کوردستان دەستی پێکرد. راستە بەشێکی ئەو رابوونەوەیە دەرئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیە لەو کاتەدا، بەڵام جوڵێنەرو بزوێنەری ئەو رابوونەوە نەتەوەییە بە پلەی یەکەم پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. بێگومان سەرباری دواکەوتوویی ناوچە کوردییەکانی باکوری کوردستان بەهۆی سیاسەتی دژە کوردی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی تورکەوە، بەڵام لە هەناوی کۆمەڵگای کوردی باکوردا جۆرێک لە هەستی کوردبوون دەرکەوت. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە هاوشان لەگەڵ چالاکیە رێکخراوەیی و رۆشنبیریەکان و پاشانیش چالاکیە گەریلاییەکانی پارتی کرێکاراندا، نەک هەر هەستی نەتەوایەتی گەشەی کرد، بەڵکو ناسیونالیزمی کوردی لە باکور بە شێوەیەکی لەبەرچاو پەرەی سەند، کە خواست و ویستی ئەو ناسیونالیزمە لە بەرنامەی سەرەتای پارتی کرێکاراندا بەرجەستە دەبوو، کە بریتی بوو لە دروستکردنی دەوڵەتێکی

سەربەخۆی نەتەوەیی کوردی سۆشیالیستی لە کوردستانی گەورەدا. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان بریتی بوو لە خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم یان خەباتی کۆلۆنیەکی ناوخۆ بۆ هەلوەشاندنەوەی پرۆسێسی کۆلۆنیالیزم و رزگارکردنی نیشتیمان و دروستکردنی دەولەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی.

بێگومان پارتی کرێکارانی کوردستان هەرچۆن لە رووی جەماوەرییەوە رووبەرێکی فراوانی کوردی باکورو تەنانەت کوردی بەشەکانی تری کوردستانی لەگەلدا بوو، لە رووی چالاکی گەریلاییشەوە فشارێکی سەختی لەسەر کۆلۆنیالیستی تورکیا داناوە. لە دوای راپەڕینی باشوری کوردستان و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاری لە هەلوێستی دەولەتی تورکیادا بەرامبەر بە هەردوو پارتە سەرەکیەکەی باشوری کوردستان روویدا. بە جۆرێک هەردوو پارت رێگایان پێدرا لە تورکیا بە فەرمی ئۆفیسی پەیوەندییەکانیان بکەنەوە. لە دوای راپەڕینی باشوری کوردستان، قسەکەری پارتی کرێکارانی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەشێت پارتی کرێکارانی کوردستان پێشوازی لە چارەسەرێکی فیدرالی لە چوارچێوەی تورکیادا بکات[٤٦]. هەر ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، رۆژنامەنووس عیسمەت عیسمەت لە عەبدوڵا ئۆچالانی پرسی: ئایا دەشێت بە چارەسەرێکی فیدرالی رازی ببێت، ئۆچالان وەلامی ئەو پرسیارەی دایەوەو گووتی «بێگومان ئەمە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت- چاوەڕوانی دەکەین-»[٤٧]. هەروەها عەبدوڵا ئۆچالان چەند رۆژێک پێش نەورۆزی ١٩٩٣، بۆ ماوەی مانگێک یەکلایەنە ئاگربەستی راگەیاندو پاشانیش ئاگربەستەکەی نوێ کردەوەو لەناو قسەکانیدا گووتی: پێویستە ئێمە ئازادی کەلتوری و مافی پەخشکردنمان بە زمانی کوردی پێبدرێت. پێویستە سیستێمی پاسەوانی گوند هەلبوەشێتەوەو یاسای باری نائاسایی کۆتایی پێبێت. پێویستە دەسەلاتدارانی تورکیا رێوشوێنی پێویست لەبەربگرن بۆ رێگاگرتن لە تاوانی کوشتنی- هەڕەمەکی- و هەروەها پێویستە دان بنێن بە مافە سیاسیەکانی رێکخستنی کوردیدا[٤٨]. لە درێژەی قسەکانیدا ئۆچالان باسی بڕیاردانی چارەنووسی نەکرد[٤٩]. دوای نزیکەی پانزە سال لە دامەزراندنی و نۆ سال خەباتی سەختی چەکداری، پارتی کرێکارانی کوردستان داواکارییەکانی لە سەربەخۆیی و دروستکردنی

دەوڵەتێکی نەتەوەیی سۆشیالیستی بۆ کوردستانی گەورە، دادەبەزێنێت بۆ بەدەستهێنانی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیاداو پاشتریش ئاستی داواکارییەکان زیاتر دادەبەزێت بۆ ئازادی کەلتوری و پەخشکردن بە زمانی کوردی. بێگومان دواتر باسی دیموکراتی گەلان و بە دیموکراتی کردنی تورکیاو پێکەوەژیانی هاووڵاتیانی تورکیا دەبیسترێت. ئێستاش باسی دیموکراتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکرێت.

بەرنامەی سەرەتای پارتی کرێکارانی کوردستان، بەرنامەی ناسیونالیزمی خاوەن شوناسی کوردی بوو. هەر ئەوەش وای لەو پارتە کرد بەهێزو بە هەژموون و جەماوەردار بێت، چونکە ئاشکرایە سەرباری لاوازی ناسیونالیزمی کوردی، بەڵام خەونی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت بابەتێکە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا بە ئاستی جیاواز ئامادەبوونی هەیە. هەر پارت و رێکخراوێکی کوردی بتوانێت بە ڕاستی و بە بەردەوامی نوێنەرایەتی ئەم خواستە نەتەوەییە بکات، دەبێتە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی کە لە بارێکی وەهادا ئەو گوتارە دەبێتە ئایدیۆلۆجیایەکی جەماوەری. هۆکاری جەماوەرداری پارتی کرێکاران لە رابردوودا لەبەر ئەوە بووە، کە هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەت بووە. واتە لەو قۆناغەدا پارتی کرێکاران نوێنەری ناسیونالیزمی کوردی بووە وەکو ناسیونالیزمی کۆلۆنیەکی ناوخۆ دژی کۆلۆنیالیستی ناوخۆ. بەڵام کاتێک ئەم پارتە پاشەکشە لە پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەت دەکات و باسی فیدراڵی و پەخشکردن بە زمانی کوردی دەکرێت، مانای وایە گوتاری ناسیونالیزمی تەواو نەک هەر دەگۆڕێت بۆ گوتاری ناتەواو، بەڵکو دەگۆڕێت بۆ گوتاری هەرە ناتەواوی ناسیونالیزم.

لە بارێکی وەهاشدا نەتەوەی بندەست یان کۆلۆنی ناوخۆ ئەوە پەسەند دەکات کە بەشێک بێت لە پێکهێنەری گەل لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا کە تیایدا دەوڵەت، دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە کە وڵاتەکەی ئەمی کۆلۆنیکردووە. لێرەدا سروشتی خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم دەکەوێتە بەردەم گومانەوە. هەر ئەوەشە کە ئێستا پارتی کرێکارانی کوردستان لەبری ئەوەی باسی خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیست بکات لە پێناوی سەربەخۆیدا، زیاتر بڵاوکراوەکانیدا ئەوە رادەگەیەنێت کە خەبات دەکات لە پێناوی دیموکراسی و بنیادنانی تورکیایەکی دیموکراتیدا، کە هەمووان بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئیتنیکی

وەکو هاووڵاتی لە سایەیدا بژین. ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە خەباتی ئێستای پارتی کرێکارانی کوردستان زیاتر بە ئاراستەی گەیشتنە بە ئامانجێک کە لەجیاتی ئەوەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە بێت لە سەر بنەمای ئیتنیکی، دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە لەسەر بنەمای دروستکردنی ناسیونالیزمی مەدەنی، کە لە بری رەگوڕیشەو زمانی هاوبەش، هەستی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش و دیموکراسی و دادپەروەری و چەمکی هاووڵاتیبوون تیایدا دەبنە بنەما.

کەواتە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە لە جێگای خۆیدا بێت، ئەوا مانای وایە پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی دژە کۆلۆنیالیزمی بەجێهێشتووەو ئێستا خەبات بۆ ناسیونالیزمی مەدەنی دەکات. هەر لەم رووەشەوە پرسیار لەسەر بەردەوامی لە بەکارهێنانی چەک دێتە ئاراوە. ئوچالان خۆی لە سەرەتای نەوەدەکان هەستی بەوە کردووەو پێیوایە ئەوە دەوڵەتی ناسیونالیستی تورکە کوردی ناچارکردووە کە بۆ بەرگریکردن لە خۆی دەست بداتە چەک. لە بەهاری ساڵی ١٩٩٣ دا، ئوجالان گووتی: ئەگەر دەوڵەتی تورک وەڵامدانەوەی هەبێت، هیچ هۆکارێک نیە بۆ ئەوەی ئاگربەستەکەمان درێژنەکەینەوە...من وەکو کەسی خۆم حەزدەکەم بتوانین بەبێ چەک بگەڕێینەوە بۆ باشوری رۆژهەڵات بۆ ئەوەی خەریکی چالاکی سیاسی بین[٥٠].

بێگومان بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای روخاندنی کۆماری کوردستانەوە، هەتا سەروبەندی شۆڕشی ئیسلامی، سەرباری سیاسەتی خراپی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی ئێرانی، نە راپەڕین و نە چالاکی لەبەرچاوی ئەوتۆ نابینرێت. لە دوای سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلول لە باشوری کوردستان وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، دەستەبژێرێکی سیاسی و حیزبی کە زیاتر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، هاتبوونە باشورو ئەوانیش لەسەر شێوەی دابەشبوونی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بارزانی دابەشبوون. بەشێکیان لایەنگری سەرکردایەتی بارزانی بوون و بەشێکیشیان لایەنگری مەکتەبی سیاسی بوون. ئەوەش زیانی گەورەی لێ دان، نەک هەر لە رووی سیاسیەوە بەڵکو بوو بەهۆی کوشتنی بەشێکیان لە باشوری کوردستان. لە سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی ئێراندا لە

کۆتایی حەفتاکاندا، لە سەر ئاستی سیاسی لە رۆژهەڵات پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر سەرکردایەتی دکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملۆ و کۆمەڵەش وەکو رێکخراوێکی چەپ لە سەر گۆڕەپانی سیاسی دەرکەوتن. لە راپڕین و روخاندنی سیستێمی شاهەنشایدا، رووبەرێکی فراوانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە ژێر دەستی خەڵک و هێزە کوردیەکان.

هەڵبەت سیستێمی فەرمانڕەوایی شاهەنشایی لە ئێران کە لە ئاستێکی باشی پەرەسەندنی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیادا بوو، بە دروستبوونی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بەو سیستێمە هات کە سیستیمێکی ناسیونالیستی عیلمانی بوو. بێگومان رۆژئاواو بەتایبەتی ئەمەریکا لە روخاندنی ئەو سیستێمەی کە سەربە ئەمەریکا بوو، دەوری دیاریان هەبوو. بەوەش خەباتی جەماوەری ئێران کە زیاتر لە ئیسلامیەکان، خەباتی چەپ و دیموکرات و ئازادیخوازەکان بوو، درایە دەستی پیاوانی ئایینی شیعەو ئەوانیش سیستێمێکی فەرمانڕەوایی ئایینی داخراویان دروستکرد لەسەر بنەمای شیعەگەریێتی. لە رووی ئازادیە تاکە کەسیەکانەوە ئێران بە ئاشکرا بەرەو دواوە گەڕایەوە. لە رووی مەسەلەی سیاسی و مافی پێکهاتە ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە، بارودۆخێکی خراپتر لەوەی پێشتر هاتە ئاراوە. چونکە دەوڵەتی نوێی شیعە وەکو هەر دەوڵەتێکی ئایینی تر بڕوای بە جیاوازی نەتەوەیی و ئیتنیکی نەبوو. لە روانگەی بەرنامەی ئەم دەوڵەتە نوێیەوە، بنەمای مەزهەبی شیعە کاری پێدەکراو هەموو ئەوانی تری غەیری شیعە تەنانەت ئەگەر فارسیش بن وەکو ئەویتر سەیر دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدا ئەوی شیعە ئەگەر بڕوای بە دەسەڵاتی ناوەندی شیعە هەبێت، ئەوا جیاوازی ئیتنیکی و رەگوڕیشە بایەخێکی ئەوتۆی نیە. لە راستیشدا بەشێکی هەرە زۆری پیاوانی ئایینی لوتکەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە رەگەزو ئیتنیکەکانی تری دەرەوەی فارسن وەکو بەلوج و ئازەری و ئەوانی تر.

ئاشکرایە کە ناسیونالیزمی فارسی لە رووی دەرکەوتن و پەرەسەندنەوە، دەکەوێتە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردیەوەو مێژووی دەوڵەتداری فارسیش مێژوویەکی کۆنەو مێژووی ژێردەستەیی کوردیش بۆ دەسەڵاتی فارسی دیسان مێژوویەکی دوورودرێژە. بە تایبەتیش لە دوای شەڕی

چاڵدێرانەوە، هەژموونی دەوڵەتی فارسی بەسەر رووبەرێکی فراوانی کوردستاندا، خاسیێتی داگیرکردنی تەقلیدی هەبووە، لە کاتێکدا کە هێشتا باسی چەمکی کۆڵۆنیالیزم لە ئارادا نەبووە. بەڵام لە دوای شۆڕشی ١٩٠٥لە ئێراندا، دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی بەسەر کوردستانەوە خاسیێتی دەوڵەتی کۆڵۆنی ناوخۆ وەردەگرێت و لە بارێکی وەهاشدا رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە کۆڵۆنیەکی ناوخۆ. ئەمەس بەتایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمەوەو لە گەیشتنی رەزا شا بە کورسی دەسەڵات زیاتر سیماکانی ئاشکرا دەبێت. لەم رووەوە کورد وەکو نەتەوەیەکی وڵات کۆڵۆنیکراو لە کۆتایی جەنگدا، بە تایبەتی لە سێ بەشی باشورو باکورو رۆژهەڵاتدا، دەستی داوەتە راپەڕین. ئەو راپەڕینانەش سەرباری لاوازی و نائامادەیی ناسیونالیزمی کوردی، بە بەشێک لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی کراون.

راپەڕینی دیار لە رۆژهەڵاتی کوردستان دژی کۆڵۆنیالیستی ئێرانی راپەڕینی ئیسماعیل ئاغای شکاک بووە، کە سەرئەنجام خۆی وەکو سەرکردەیەکی ناسیونالیست دەکەوێتە داوی دەوڵەتەوەو بەوەش راپەڕینەکە شکست دەهێنێت. لەم بەشەی کوردستاندا لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمداو بە کاریگەری سۆڤێت و بە هەوڵ و خەباتی دەستەبژێرێکی ناسیونالیست و لەسەروی هەمووشیانەوە قازی محەمەد، کۆماری کوردستان لە مهاباد دروست دەبێت، کە سەرباری لاوازی ناسیونالیزمی کوردی لەو سەروەختەدا، بەڵام بەکاریگەری ئەو دەستەبژێرە ناسیونالیستە کۆماری کوردستان وەکو دەسەڵاتێکی دیاری ناسیونالیزمی کوردی لەوکاتەدا خۆی نمایش دەکات. هەروەها دیسان لەبەر لاوازی و نائامادەیی ناسیونالیزمی کوردی بەجۆریک کە بووبێتە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەریی، کۆمار نەیتوانی بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات. هەڵبەت رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی کۆی راپەڕینەکانی کورد هەر لە راپەڕینی بەردخان پاشاوە، لە ناویاندا کۆماری کوردستانیش لە مهاباد، هەتا راپەڕینی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥دا، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و نائامادەیی ناسیونالیزمی کوردی لە لایەک و رۆڵی تاکە کەس وەک رێکخەرو جوڵێنەر لە بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردنی راپەرینەکاندا لە لایەکی ترەوە، بە هەردوو دەسەڵاتی حوکمدارێتیەکەی شێخ مەحمودو کۆماری کوردستانیشەوە

کە لە لایەن تاکە کەس یان دەستەبژێری ناسیونالیستەوە سەرکردایەتی کراون نەک ناسیونالیزم. ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی کاتێک راپەڕین یان رابوونەوەی کوردی لە مەترسی شکست و هەرەس رزگاری دەبێت کە لە بری تاکەکەس یان دەستەبژێری ناسیونالیست، ناسیونالیزم دروستکەرو جوڵێنەرو بەرنامەدانەرو بڕیاردەرو رابەرایەتیکەری بێت. ئایا لە روخاندنی کۆماری کوردستانەوە هەتا دروستبوونی کۆماری ئیسلامی، لە رۆژهەڵاتی کوردستان چ گۆڕانکارییەک بەسەر ناسیونالیزمی کوردیدا هاتووە؟

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەیلولی ١٩٧٣دا کۆنگرەی سێیەمی خۆیی بەست و سەرکردایەتی نوێی هەڵبژاردو پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی نوێی خۆیی دانا. ئەوەی پەیوەست بە باسەکەی ئێمە گرنگە ئەوەیە کە لە بەرنامەی نوێیدا، ئەم پارتە بابەتی «دیموکراتی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»ی کردە دروشم و بەرنامەی کاری خۆی. هەروەک لە راپەڕینی گەلانی ئێرانیشدا لە کۆتایی حەفتاکاندا، سەرباری بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان لە راپەڕیندا بۆ روخاندنی رژێمی شاهەنشایی، پارتی دیموکرات و کۆمەڵەو کورد بەگشتی هەمان دروشمیان بەرزکردەوەو داوای روخاندنی سیستێمی شاهەنشاییان کرد. دوای روخاندنی ئەو رژێمە و دروستبوونی کۆماری ئیسلامی، کورد لەسەر هەمان داواکاری گفتوگۆیان لەگەڵ رژێمی نوێ کرد. بەڵام ئاشکرایە هەرچۆن پێشتر رژێمی شا بڕوای بە یەک گەلی ئێرانی هەبوو بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئیتنیکی، رژێمی نوێی ئیسلامیش بڕوای بە یەک گەل یان یەک ئومەتی ئێرانی هەبوو، کە بنەمای دروستبوونی و پێکەوەبەستنی ئایینی ئیسلام و بە دیاریکراویش مەزهەبی شیعە بوو. تێڕوانینی رژێمی ئیسلامی ئەوە بوو کە ئێران لە یەک گەل- ئومە- پێکهاتووە کە ئەویش گەلی ئیسلامەو شتێک نیە ناوی جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی بێت. ئەوەی بڕوای بە بنەماکانی شیعەی ئیسلامی هەیە دەبێ ملکەچی ئەو بۆچوونە بێت، ئەوەشی بڕوای بەو بۆچوونەو بە یەک گەلی ئیسلامی ئێرانی نەبێت، ئێرانی نیەو هیچ مافێکی لە ئێراندا نیەو لەسەر ئەم بنەمایەش کەس بۆی نیە باسی هیچ دامەزراوەیەک لە دەرەوەی دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی بکات. ئەمەش مانای رەتکردنەوەی هەر داواکارییەکی کوردە لە گوتارو بەرنامەو ستراتیژی کۆماری ئیسلامیدا.

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩و لە روخانی رژێمی شادا، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەو رێکخراوەکانی ترو جەماوەری خەڵکی کوردستان دەستیان گرت بەسەر رووبەرێکی فراوانی رۆژهەڵاتی کوردستانداو ئەنجومەنی شارەکانیان دروستکرد بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و هاوکات داوای خەباتیان دەکرد لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانیدا[٥١]. هەر لەسەر بنەمای ئەم داواکاریە کە لەڕاستیدا بەرنامەو دروشمی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئەم پارتە پرۆژەی ئۆتۆنۆمی خستە بەردەمی دەسەڵاتدارانی نوێی کۆماری ئیسلامیەوە. هەرچەندە رژێمی نوێی کۆماری ئیسلامی هیچ بڕوایەکی بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد وەکو بابەتێکی نەتەوەیی لە ئێراندا نەبوو، بەڵام وەکو تاکتیک بۆ ماوەیەک درێژەی بە گفتوگۆ دا لەگەڵ کورددا بەمەبەستی کات بەڕێکردن و خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و دووبارە داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی کورد خۆیدا بوون. بێگومان سەرئەنجام ئێران لەبری رازیبوون بە پرۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دیموکراتی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، پەلاماری کوردستانی دایەوەو بە ئاگرو ئاسن وەڵامی کوردی دایەوەو جارێکی تر ناوچە ئازادکراوەکانی داگیرکردەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرنجدانە لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزو پارتە سیاسیە کوردییەکانی تری رۆژهەڵات کە بریتیە لە دیموکراتی بۆ دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ و ئۆتۆنۆمی بۆ کۆڵۆنی ناوخۆی کوردی. ئایا ئەم داواکاریە لە کوێی پرۆژەی ناسیونالیزمدایە کە بۆ ماوەی دوورو درێژ دروشم و بەرنامەی بزووتنەوەی کوردی باشورو رۆژهەڵات بووە؟

لەباری سروشتیدا ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەگەوهەریدا ستراتیژی یەکبوون و یەکخستنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا یان ئیتنیکێکی هەڵگرتووە بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە. واتە ناسیونالیزم لەم روانگەیەوە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتە. بە گوێرەی مێژووی کورد کە لە دوای دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە چەندین راپەڕین سەریان هەڵداوە، هیچیان هەڵگری پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت نەبوون. ئەمەش نیشانی دەدات کە ئەم بزووتنەوانەی کورد بزووتنەوەی

ناسیونالیزمی خاوەن شوناس نەبوون. لەگەڵ دروستبوونی پارتە سیاسیە دیارەکانی کوردستاندا لە کۆتایی جەنگی دووەمەوە هەتا ئێستا لە بری پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەت، بەرنامەو دروشمی دیموکراتی بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو بەشەی کوردستان کە کۆلۆنی ناوخۆی ئەو دەوڵەتەیە دەرکەوتووە. ئاشکرایە ئۆتۆنۆمی لایەنی هەرە کەمی داواکاریە نەتەوەییەکانە و هاوشانی گوتاری ناتەواوە. واتە نە ئۆتۆنۆمی و نە داواکردنی دیموکراتی بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست پرۆژەی ناسیونالیزمی نەتەوەی بندەست یان کۆلۆنی نین. هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانیدا و گفتوگۆکردن لەسە ئەم داواکاریە، لە خوار بەرنامەو پرۆژەو ئەرکی ناسیونالیزمەوەیە. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە ناسیونالیزمی کوردی لە رۆژهەلات لە سەروەختی دروستبوونی کۆماری ئیسلامیدا تەواو لاوازو نادیار بووە. لە ئاستی سەرکردایەتیدا دیارە دەستەبژێرێکی ناسیونالیست هەبوون، بەڵام بوونی ناسیونالیزم لە ئاستێکی لاوازدا بووەو ئەو دەستەبژێرەش نەیانتوانیووە پرۆژی ناسیونالیزم بکەنە پرۆژەی خۆیان و هەم خەبات و هەم گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت لەو قۆناغەداو هەتاکو ئێستاش نە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نە کۆمەڵەو نەهێزە سیاسیەکانی تری رۆژهەلات نەبوونەتە نوێنەری ناسیونالیزمی خاوەن شوناسی کوردی، کە بەرنامەکەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە. ئەمەش دەریدەخات کە خەباتی کورد لەم بەشەدا نەبووەتە خەباتی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ. کە خەباتێک بووبێت لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەو بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی بەرێخرابێت.

وەکو پێشتر باسمان کرد، رۆژئاوای کوردستان راپەڕینی گشتکر و لەبەرچاوی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیووە. بەڵام نارەزایی و دژایەتیکردنی سنووردار لە دژی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی سوری هەبووە. دروستبوونی پارتی خۆیبوون کە لە بیحەمدونی لوبنان دروستبوو، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەستەبژێری کوردی رۆژئاوا هەبوو. بەڵام لە راستیدا لە مێژووی دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا، لەو بەشەی کوردستان هەتا دروستبوونی پارتی یەکێتی دیموکرات- پەیەدە - چالاکی

سیاسی و نەتەوەیی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا هێندە کاریگەر نەبووە. پارتی یەکێتی دیموکرات لە ساڵی ٢٠٠٣و وەکو وێنەیەکی لەبەرشۆراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە رۆژئاوا دروستبوو. بەڵام دەرکەوتنی ئاشکرای ئەم پارتە کوردیە لە راپەڕینەکانی سوریای ساڵی ٢٠١١ەوە بەتەواوی کەوتە بەرچاو. لێرەوە پەیەدە وەکو یەکەمین پارتی کوردی جەماوەردار لە رۆژئاوای کوردستان دەرکەوت و لەسەر ئاستی رۆژئاوای کوردستان و سوریاو ناوچەکەو جیهانیشدا وەکو دەنگی بیستراوی کوردی رۆژئاوا خۆی نمایشکردو خۆیشی سەلماند. پارتی یەکێتی دیموکرات لە دەستپێشخەریەکدا لە ساڵی ٢٠١١دا، داوای دانپێدانانی دەستووریی بە بوونی کورددا کرد وەکو دووەم گەورەترین نەتەوە لە وڵاتەکەدا- لە سوریادا- لەسەر بنەمای پاراستنی یەکێتی ئەو وڵاتە. هەروەک پارتی یەکێتی دیموکرات بەرنامەی خۆی لە کتێبێکدا بڵاوکردەوە کە لە راستیدا سەرباری بەرنامەی پارتەکە کتێبەکە وەکو کتێبێکی مێژوویی فەلسەفیەو باسی مێژووی سوریاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی پێش ئیسلام و هاتنی ئیسلام و قۆناغەکانی دواتریش دەکات[٥٢]. هەر لە بەرنامەی ئەم پارتەدا هاتووە: دەبێت لە دەستووردا دان بە شوناسی کوردیدا بنرێت[٥٣]. دیسان لە بەرنامەکەیدا هاتووە: پێویستە چارەسەری دیموکراتیانەی دۆزی کورد بکرێت لە رێگای دانپێدانانی دەستووریی بە بوونی کوردو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە رەواکانی لە رێگای دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆسەری بۆ ناوچە کوردیەکان لە چوارچێوەی یەکێتی وڵاتدا[٥٤]. هەروەها ئەم پارتە داوای چەسپاندنی پەیوەندی لەگەڵ گەلی عەرەبیدا دەکات و پشتگیری یەکێتی عەرەبی دەکات لەسەر بنەمای یەکێتی دیموکراتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رەچاوکردنی واقیعی گەلانی ناوچەکە. ئەم پارتە لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠١٢دا، داوای دەسەڵاتێکی دیموکراتی و خۆسەریی دیموکراتی لە رۆژئاوای کوردستان دەکات. پاشان لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠١٧دا، پشتگیری پرۆژەی فیدراڵی بۆ سوریا دەکات[٥٥]. هەروەک باسی کۆنفیدراڵی رۆژهەڵاتی ناوەراست-یش دەبیسترێت.

بێگومان بارودۆخی کوردی رۆژئاوا بە تایبەتی لە دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئینتیدابی فەڕەنسی و هاتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵات خراپتر بووە، بە تایبەتیش لە هاتنی پارتی بەعس و حافز

ئەسەددا بۆسەر کورسی دەسەڵات، کە تەنانەت کوردبوون یان وشەی کورد لە ناسنامەی تایبەتی کەسییشدا قەدەغە کرا. هەتا قۆناغی سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی بەشێک لە جیهانی عەرەبی، کە ناودەبرێت بە بەهاری عەرەبی و لەناویشیدا دەستپێکردنی راپەڕینی خەڵکی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ دا، ئەم بارودۆخە نا هەموارە بۆ کورد بەردەوامبوو. لەگەڵ دەستپێکردنی راپەڕیندا، پاش ماوەی نەوەد ساڵ لە لکاندنی رۆژئاوای کوردستان بە سوریاوە، جارێکی تر لە رۆژئاوا دەنگی کورد بیستراو رەنگی کورد بینرا. جەماوەری خەڵکی کوردی رۆژئاوا بەشێک بوون لە راپەڕین و بێجگە لە بوونی دەستەو گروپی بچووک، دوو پارتی دیاری سیاسیش هەبوون، کە لە رووی مێژووی دامەزراندنەوە، یەکەمیان پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام لە رووی جەماوەرداری و هێزەوە پارتی یەکێتی دیموکرات یەکەمین پارتی کوردی رۆژئاوایە. بە گوێرەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە وێنەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەو بەرنامەکەی هەمان شێوەی بەرنامەی ساڵانی حەفتاکانی پارتی دیموکراتی باشوری کوردستان بریتیە لە دیموکراتی بۆ دەوڵەت و ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو بەشەی کوردستان کە لکێندراوە بە سوریاوە. دووەمیان واتە پەیەدەیە، هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ بەرنامەکەی سەبارەت بە ئاییندەی رۆژئاوای کوردستان کرد، بریتیە لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی- خۆسەری- ناوچە کوردیەکان لە لایەن کورد خۆیەوەو لە چوارچێوەی پاراستنی یەکێتی خاکی سوریادا. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت ناسیونالیزمی کوردی لە رۆژئاوا کە لە لایەن پەیەدەو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت بەرنامەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەبووەو تاکو ئیستاش شتێکی لەوجۆرە لە ئارادا نیە. هەروەک کورد لەم بەشەی کوردستاندا پێداگری لەسەر پارستنی یەکێتی خاکی سوریا دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا دانی ناوە بەوەی کە کورد لەم بەشەدا بەشێکە لە گەلی سوریاو خاکەکەیشی بەشێکە لە وڵاتی سوریا. کەواتە خەباتی کورد لەم بەشەی کوردستاندا هاوشێوەی بەشەکانی تر خەباتی ناسیونالیزمی کۆلۆنی ناوخۆ نیە لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات و هەژموونی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆدا. کەواتە خەباتی کورد لێرە خەبات نیە لە پێناوی سەربەخۆیی و

دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەو بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەییدا، بەڵکو خەباتکردنە بۆ بەدەستهێنانی ئاستێک لە مافەکانی کورد کە لە شێوەی دەسەڵاتی خۆسەری یان ئۆتۆنۆمیدا بەرجەستە دەبێت.

لێرەوە دەردەکەوێت کە لە رۆژئاوای کوردستانیش ناسیونالیزمی کوردی هەڵگری گوتاری تەواوی ناسیونالیزم نیە، بەڵکو هەڵگری گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزمی کوردیە کە لە دانان بە بوونی کورد لە دەستوری ئەو وڵاتەو بەدەستهێنانی ئاستێکی سنوردار لە ماف و دەسەڵاتی ناوچەیی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی نەتەوەی یەکەمدا یان بە دەربڕینێکی تر لە سایەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆدا. واتە بەرنامەی کوردی رۆژئاوا لەبری جیابوونەوەو سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوە، مانەوەیە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی عەرەبی سوریدا.

## کۆلۆنیالیست و کۆلۆنی ناوخۆی باشوری کوردستان:

ئەوە ئاشکرایە کە رێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان کوردو دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عێراقدا لەسەر بنەمای بەرنامەی ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. سەرئەنجام ئەم رێکەوتنە لە ساڵی ١٩٧٤دا کۆتایی پێهات و لە دوای ساڵێک لە شەڕکردن بزووتنەوەی کوردی ئەو کاتە دوچاری شکست هات. هەڵبەت دوو هۆکار بۆ شکستپێهێنانی بزوتنەوەکە دیاری دەکرێن. یەکەمیان لە لایەن خودی پارتی و لایەنگران و شوێنکەتوانی پارتیەوەیە کە هەموو هۆکاری شکستەکە دەخەنە سەر هۆکاری دەرەکی و سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی. دووەمیان ئەو هۆکارەیە لە لایەن نەیارانی پارتیەوە بە تایبەتی ئەوانەی پێشتر دژی سەرکردایەتی بارزانی بوون و چوونە پاڵ کۆلۆنیالیستی عێراقی و شوێنکەوتوانیان و هەندێ لەو چەپانەی کە بە رووکەش لە ژێر کاریگەری ماویزمدا بوون، بەڵام لە راستیدا پەروەردەی جەلالی بوون. ئەمانە هەموو هۆکاری شکستەکەیان دەخستە ئەستۆی بارزانی و سەرکردایەتی پارتی. لە راستیدا بۆچوونی هەردوو لا هەریەکەیان بە ئاستێک راستیان تێدایە. بەڵام لەبەر نابابەتی هەردوو ئاراستەکە واتە پارتی

و دژە پارتیەکانیش، هیچ لایەکیان لێکدانەوەکانیان بۆ هۆکاری شکستەکە بابەتی و دروست نەبوو. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی شکستەکە لاوازی و ناکارایی ناسیونالیزمی کوردی بوو. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ ڕۆڵی تاکە کەسە ناسیونالیستەکان کرد لە راپەڕینەکانی کورددا، راپەڕینی ئەیلولیش کە بارزانی سەرکردایەتی دەکرد ئەو سەرکردەیەکی ناسیونالیست بوو. هەروەها دەستەبژێرێک لە کەسانی ناسیونالیست بە ئاست و توانانی جیاوازەوە لە سەرکردایەتی پارتی و بزووتنەوەکەدا بوون، بەڵام ناسیونالیزم وەکو بیرو ئایدیۆلۆجیا دروستکەرو ڕێکخەرو بەرنامەو ستراتیژدانەرو بەڕێوەبەری راپەڕینەکە نەبوو. چونکە ئەگەر ناسیونالیزمێکی خاوەن بەرناومەو گوتاری تەواوی ناسیونالیزم جوڵێنەرو بەڕێوەبەری بزووتتنەوەکە بوایە، ئەوا بڕیاری چارەنووسی بزووتنەوەکە لە دەستی خۆیدا دەبوو. نە ئێران و نە هیچ دەوڵەتێکی تر نەیدەتوانی بڕیار بۆ مانەوە یان نەمانەوەی بدات. کەواتە راستە بڕیاری دەرەوە بزووتنەوەکی شکست پێهێنا، چونکە زیاتر لەوەی ئەم بزووتنەوەیە پشت بەخۆی و بە جەماوەرەکەی ببەستێت، پشتی بە دەرەوە بەستبوو. هۆکاری ئەوە چی بوو؟ بێگومان ناهوشیاری و بێ ئاگایی نەک هەر بەشی خوارەوەی پارتی و کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەدا، بەڵکو سەرکردایەتیەکەشی تەنیا چاویان لە خودی بارزانی و ئەڵقەی داخراوی بنەماڵەی بارزانی بوو. هەربۆیە بڕیارەکان تاکە کەسی بوون و نە سەرکردایەتی و نە ڕێکخستنی پارتی و نە جەماوەر هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو. هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە ئاستی هوشیاری نەتەوەیی هێجگار لاواز بوو.

لە راپەرینی ئەیلولدا، پێکهاتەی حیزب و جەماوەر هەمان شێوەی پێکهاتەی راپەڕینەکانی رابردوو کە لە پیاوانی خێڵ و عەشیرەتەکان پێکهاتبوون بەدوای سەرکردایەتیدا کێش دەبوون. کاتێک بارزانی بڕیای وەستانی شەڕی دا، هیچ کەس نەیتوانی بەپێچەوانەی بڕیارەکەی ئەوەوە هەڵوێست وەربگرێت. ئەمەش بەڵگەی لاوازی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و بەوپێیەش لاوازی ناسیونالیزمی کوردی بوو لەو کاتەدا. چونکە ئەگەر ناسیونالیزمی کورد لەو کاتەدا بەهێز بووایە، پشتی لە بڕیاری بارزانی دەکردو درێژەی بە خەبات دەداو بڕیاری دەرەوە نەیدەتوانی شکست بە بزووتنەوەکە بهێنێت. کەواتە ئاشکرایە لە سەروەختی شکستی ڕاپەڕینی ئەیلولدا، ناسیونالیزمی کوردی لە

ئاستێکی هێجگار لاوازدا بووەو تەنانەت نەیتوانیووە لە ئاستی سنوورداریشدا پارێزگاری لە مانەوەو بوونی راپەڕینەکە بکات.

لە دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥، جارێکی تر بزووتنەوەی چەکداری کورد لەم بەشەی کوردستان سەریهەڵدایەوە. ئەمجارەیان چەند پارتێکی سیاسی لە بزووتنەوەکەدا بەشداربوون. سەرەتا هێزی باڵادەست لە رووی ئامادەبوونەوە بە تایبەتی لە جوگرافیای سلیمانی و گەرمیان و کەرکوک یەکێتی نیشتیمانی و لە ناو یەکێتیشدا رێکخراوی کۆمەڵە بوو. هەروەک پارتی سۆشیالیست سەرەتا وەکو بەشێک لە یەکێتی ئەویش لە هەولێرو دەوروبەری و لە پشدەر لەوانی تر بەهێزتر بوو. بەرنامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئۆتۆنۆمی و پاشان ئۆتۆنۆمی راستەقینە بوو لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا. تەنانەت یەکێتی نیشتیمانی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی فاشیزمی عێراقی بە رەفتار فاشی ناودەبرد و سەرباری ئەوەی باسی سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستنی دەکرد، بەڵام خۆی لەوە دەپاراست دەوڵەتی عێراقی کە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستی عەرەب بوو، وەکو کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ و کوردستان وەکو کۆڵۆنی ناوخۆ ناوببات. هەروەک لە راگەیاندندا بە تایبەتی رادیۆکەی بۆ ماوەیەک بەناوی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە دەدواو هاوپەیمانیشی لەگەڵ ئاراستەیەکی حیزبی بەعس هەبوو کە ئەو حیزبەش بەرنامەی لابردن و دوورخستنەوەی ئەو دەستەبژێرەی حیزبی بەعس بوو، کە لەسەر کورسی دەسەڵات بوو لە بەغداو دەیانوویست خۆیان ببنە فەرمانڕەوای عێراق. واتە ناڕاستەوخۆ بەرنامەی یەکێتیش گۆڕینی لوتکەی دەسەڵاتی عێراقی بوو لەگەڵ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان.

بێگومان لەگەڵ دەرکەوتنی دەستە چەکدارەکانی یەکێتی نیستیمانی کوردستاندا، دەستە چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان- سەرکردایەتی کاتی دەرکەوتن. بەڵام لە راستیدا هەتا رووخاندنی دەسەڵاتی شاهەنشای ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بزووتنەوە چەکدارییەکە بەگشتی ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبوو. بە تایبەتی هێزەکانی پارتی لە سلێمانی و گەرمیان و کەرکوکدا لە ئاستی نەبووندا بوون. رەنگە ئەوە پەیوەندی بە رێگرتنی رژێمی شاهەنشاییشەوە هەبووبێت پەیوەست بە بنەماکانی رێکەوتنی جەزائیری عێراق- ئێران. پاشتر پارتی جارێکی تر بە تایبەتی

دوای دەستپێکردنی جەنگی عێراق- ئێران لە ڕووی هێزو ئامادەبوونەوە دەرکەوتەوەو بێگومان ئاشکرایشە کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە هەتا دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە بارێکی خراپدا بوو.

وەکو دەیزانین بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەمان ئەو بەرنامەیە بوو کە لە ئازاری ١٩٧٠دا لەگەڵ ڕژێمی کۆڵۆنیالیستی عێراقی ڕێککەوتنی لەسەر کردبوو، کە بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق. ئاشکرایە لەم قۆناغەشدا بە ئەستەم دەنگی سەربەخۆیی دەبیسترا. هەڵبەت دەزانین کە پارتێکی بچوکی وەکو پاسۆک کە لە بەرنامەکەیدا باسی سەربەخۆیی دەکرد، بەڵام هەرگیز نەبووە پارتێکی جەماوەریی و هەمیشە پێگەیەکی لاوازی هەبوو، تا ئاستێکی ئاشکراش وەکو پاشکۆی پارتی دەردەکەوت. یەکێتی لە پایزی ١٩٨٣دا یەکلایەنە گفتوگۆی لەگەڵ بەغدا دەستپێکرد لەسەر ئۆتۆنۆمی، بەڵام عێراق دوای چەندین دانیشتن ئامادە نەبوو هیچ ڕێکەتنێک لەگەڵ ئەم پارتە ئیمزا بکات. بێگومان لایەنەکانی تریش هەوڵی گفتوگۆیان لەگەڵ بەغدا هەبووە،. بەڵام ئاشکرایە هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، چونکە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عێراقی تەنیا لە پێناوی سوود وەرگرتن لە کات ئەو گفتوگۆیانەی دەکرد، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە لەگەڵ ئێراندا لە جەنگدا بوو.

ئێستا ئاشکرایە کە پارتە سیاسیەکانی کورد لەم قۆناغەدا کە نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی کوردییان دەکرد، دوا ئاستی داواکارییەکانیان ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بوو لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا. ئەوەش دەریدەخات کە هێشتا ناسیونالیزمی کوردی نەبوو بوو بە خاوەنی گوتاری تەواوی ناسیونالیزم و بڕوای بەوە نەبوو کە ئەم بەشەی کوردستان کۆڵۆنیەکی ناوخۆیە و لە لایەن کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عێراقی یان عەرەبی عێراقیەوە کۆڵۆنیکراوە. لە بارێکی تردا دەردەکەوێت کە ناسیونالیزمی لاوازی کوردی کە پارتە سیاسیەکان نوێنەرایەتیان دەکرد، بڕوای بە دروستکردنی عێراقێکی دیموکراتی هەبوو. ئەمەش لە ئاستێکی تردا مانای بڕوابوون بوو بە دروستکردنی گەلی عێراقی و دەوڵەتی دیموکراتی عێراقی، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئێتنیکی و نەتەوەیی. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت خەباتی ناسیونالیزمی کوردی لە پێناوی بە دیموکراتیکردنی عێراق و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی

بووە بۆ کوردستان. ئەمە لە کاتێکدا خەباتی ناسیونالیزمی وڵات کۆڵۆنیکراو خەباتکردنی دژە کۆڵۆنیالیزمە، واتە خەباتکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەژموون و دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزم و گەیشتن بە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بەدەستهێنانی سەروەریێتی نەتەوەیی.

ئایا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان بوو بەهۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە بەرنامەی پارتە کوردیەکانی باشوری کوردستاندا؟ ئاشکرایە دوو هۆکاری سەرەکی ئەم ڕاپەڕینەیان دروستکرد. یەکەمیان زەبرو زەنگ و فشاری لە ئەندازە بەدەری ڕژێمی فەرمانڕەوای عێراقی و دووەمیان داگیرکردنی داگیرکردنی کوەیت و هێرشی هاوپەیمانان بۆ دەرکردنی عێراق لە کوەیت و ئابڵوقەی ئابوری و لاوازبوون و نزیکبوونەوەی دەسەڵاتی بەغدا لە روخان. نەک هەر خەڵکی باشوری کوردستان دژی ڕژێم ڕاپەڕین، بەڵکو ڕاپەڕین هەموو عێراقی گرتەوە. ئەم ڕاپەڕینەش سەرباری هۆکاری جەنگ لە داوی جەنگی عێراق و پاڵنەری دەرەکیش، لە ڕاستیدا وەکو ڕاپەڕینێکی خۆڕسکی خەڵک و تەنانەت هێزە چەکدارەکانی سەربە ڕژێمیش سەیر دەکرا. هەر بۆیە ڕاپەڕین هەڕەمەکی و بێ بەرنامە بوو.

لە کوردستان ڕاپەڕینی خەلک سەریهەڵدا، بەڵام دواتر پارتە سیاسیەکان کە بەگستی پاشەکشەیان کردبوو، لەو دیوی سنوورەکانەوە بوون و ئومێدی گەڕانەوەشیان نەمابوو، دوای ڕووداوەکان خۆیان کرد بە ئەندازیارو خاوەنی ڕاپەڕین، بەڵام لە ڕاستیدا ڕاپەڕینی خەڵک بوو. لە ڕاپەڕیندا خەڵکی باشوری کوردستان بەشی زۆری نیشتیمانە کۆڵۆنیکراوەکەی خۆیانیان ڕزگارکرد. واتە ئەوەی لە ماوەی هەشتا ساڵی لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقی عەرەبەوە نەتوانرا بوو ڕزگار بکرێت. لە ماوەی سێ هەفتەی ڕاپەڕیندا ڕزگارکراو لە ژێر دەسەڵات و هەژموونی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عەرەبی عێراقی دەرهێنرا. کەواتە لە سەروەختی ڕاپەڕیندا، ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لە رووی دەرکەوتن و ئامادەبوونیشەوە لەسەر زەمینەی واقیع بوونێکی ئەوتۆی نەبووبێت و بەرنامەو گوتاری تەواوی ناسیونالیزم ئامادەبوونی نەبووبێت و هێشتا لە لایەن ئەو پارتە سیاسیانەوە نوێنەرایەتی کرابێت کە بەرنامەی ئۆتۆنۆمیان هەبوو، کە لە ڕووی کردەیەوە ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان

نەمابوو، چونکە کرابوونە دەرەوەی جوگرافیای باشوری کوردستان. بەڵام گەوهەری راپەڕین کە رزگارکردنی رووبەرێکی فراوانی باشوری کوردستان بوو، بەرزترین ئاستی خەباتی کورد بوو کە تا ئەو کاتە کورد پێیگەیشتبوو، لە گەوهەردا جێبەجێکردنی گوتاری ناسیونالیزم بوو، بەڵام لە کاتێکدا کە ناسیونالیزمی کوردی وەکو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئامادەبوونی نەبوو.

ئاشکرایە لە ماوەیەکی کورتدا ئەم راپەڕینە تێکشکێنرا، هۆکاری شکستی راپەڕینەکەش هەر ئەوە بوو کە راپەڕینێکی خۆڕسکی هەڕەمەکی بوو، نە رێکخەرو نە بەڕێوەبەرو نە بڕیاردەری نەبوو. بەڵکو بەرهەمی هەڵچوونی کۆنەستی کۆمەڵایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو بەهەموو چین و توێژو بیرو بۆچوونەکانیەوە. تەنانەت زۆرینەی ئەو کوردانەی چەکیان بۆ رژێمی کۆلۆنیالیست هەڵگرتبوو، پێش جەماوەر کەوتن بۆ هەڵکوتانە سەر دامودەزگاکانی داگیرکەر. هەروەک دەشزانین لە شکستی راپەڕیندا، پارتە کوردییەکان جارێکی تر گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ داگیرکەری عێراقی لەسەر ئۆتۆنۆمی. واتە ناڕاستەخۆ پارتە کوردیەکان ئەوەیان نیشساندا، راپەڕین کە دەسەڵاتی داگیرکەری لە رووبەرێکی بەرفراوانی باشوری کوردستاندا کۆتایی پێهێنا، ئەوە بەرنامەو ستراتیژی ئەوان نەبوو، تەنانەت بەشداریکردنیان لە رزگارکردنی کەرکوک و خانەقین و هەندێ شوێنی تر لە رۆژانی کۆتایی راپەریندا، بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان بوو نەک بە پێی بەرنامەو ستراتیژی کارکردنیان، واتە بە ناچاری دوای شەپۆلی هەڵچووی خۆڕسکی جەماوەر کەوتن. ئەوەی کە راپەڕینی خەڵک رزگاری کرد، پارتە کوردیەکان وەکو ئەوەی دان بەو رزگارکردنەدا نەنێن جارێکی تر پێداگرییان لەسەر دانانی داگیرکەر کرد بە ئۆتۆنۆمیدا لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا. کەواتە راپەڕین هیچ گۆڕانکارییەکی لە بەرنامەو ستراتیژی پارتە کوردیەکاندا نەکردو ئەوان پارێزگارییان لە هەمان گوتاری خۆیان کرد، کە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی یان ئۆتۆنۆمی راستەقینە بوو بۆ کوردستان. ئەمەش نیشانی دەدات کە ناسیونالیزمی کوردی لە راپەڕین و دوای راپەڕینیشدا لە هەمان باری نادیارو نائامادەی خۆیدا ماوەتەوەو لەو ئاستەدا بووە کە پارتە کوردییەکان لە رێگای داواکردنی ئۆتۆنۆمیەوە گوزارشتی لێبکەن.

دوای ناچارکردنی عێراق لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بۆ کشانەوە لە بەشێکی باشوری کوردستان، کە لە راستیدا ئەو بەشە بوو راپەڕینی خۆڕسکی خەڵک لە راپەڕیندا رزگاری کردو ئەو بڕیارە ئەو ناوچانەی نەگرتەوە کە لە رۆژانی کۆتایی راپەڕیندا بە بەشداری لەبەرچاوی هێزی پێسمەرگەی پارتە کوردییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر کورت رزگارکران. پارتە کوردییەکان دوای شکستهێنانیان لە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا لەسەر ئۆتۆنۆمی، توانییان هەڵبژاردن بکەن و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن. پاش ماوەیەکی کەمیش پەرلەمانی کوردستان کە هەر دوو پارتە سەرکیەکە پێکیانهێنابوو، بڕیارێکی دا کە بەراورد بە بیست ساڵی رابردووی خۆیان بڕیارێکی گرنگ بوو، کە ئەویش گۆڕینی ئاستی داواکارییەکانی باشوری کوردستان بوو لە ئۆتۆنۆمیەوە بۆ فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا. راستە فیدراڵی داواکاریی تەواوەتی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراوی ناوخۆ نیە، بەڵام بەراورد بە ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی هەنگاونانێکە بەرەوە پێشەوەو گواستنەوەیە لە گوتاری ناتەواوە بەرەو گوتاری نیمچە تەواو.

لە ساڵی ١٩٩٢، واتە لە دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەتا روخاندنی رژێمی سەدام لە لایەن هاوپەیمانانەوە، کورد خۆی بەشێکی فراوانی باشوری کوردستانی لە ژێر دەستدا بوو، خۆی بەڕێوەی دەبرد، هەرچەندە چەندین کێشەی دەرەکی و ناوەکی هەبوو، هەر لە شەڕی ناوخۆوە هەتا فشارو ئابلۆقەی عێراق و دەوڵەتانی تری کۆلۆنیالیستی کوردستان. بەڵام بۆ یەکەمجار لە مێژووی لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە، کورد بۆ یەکەمجار بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەک، فەرمانڕەوایی بەشێک لە وڵاتەکەی خۆیی کردووە. لەم قۆناغەدا کورد لەم بەشەی کوردستاندا سەرباری نەبوونی سەروەریی نەتەوەیی، بەڵام خۆی فەرمانڕەوایی وڵاتی خۆیی کردووەو وەکو دەوڵەتێکی دانپێدانەنراو بووە. لەم قۆناغەدا سەرباری کێشەکان، بەڵام جەماوەری باشوری کوردستان لە رووی نەستی کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ جۆرێک لە سەربەخۆیی راهاتبوو. بێگومان ئەم باری خۆبەڕێوەبردنە ئەگەر کەمیش بووبێت جۆرێک لە کاریگەری هەبووە لەسەر زیاتر دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی، واتە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزمێکی بەهێزتر هاتووەتە ئاراوە. بەڵام بێگومان ئەوەی بڕیاری کوردی لە باشوری کوردستان لە

دەستدا بوو، جەماوەر یان ناسیونالیزمی کوردی خاوەن گوتاری تەواو نەبوو، بەڵکو ئەو پارتە سیاسیانەی کوردستان بوون کە لە پەرلەمان یەک لایەنانە بڕیاری فیدراڵیان بۆ باشوری کوردستان پەسەند کرد. هەر بۆیە لە روخاندنی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی عێراقدا، سەرکردایەتی سیاسی باشوری کوردستان جارێکی تر جوونەوە بەغدا بۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی عێراقی بە ئومێدی ئەوەی کە سیستێمی فیدراڵی لە عێراقی دوای سەدامدا بچەسپێت و ئەوەی کورد پێشتر یەکلایەنە وەکو فیدراڵی رایگەیاندبوو، لە رووی دەستووریەوە بکرێتە سیستێمی نوێی فەرمانڕەوایی عێراق.

لێرەوە دەردەکەوێت، دوای روخاندنی سەدام، سەرکردایەتی سیاسی باشوری کوردستان دەیویست لە دانانی دەستووری نوێی عێراقدا، کورد وەکو پێکهێنەرێکی سەرەکی ئەم وڵاتە دانیپێدا بنرێت. ئەمەش مانای رازیبوونی کورد بوو بەوەی عێراقی بێت و بەشێک بێت لە گەلی عێراق. کەواتە لەم قۆناغەشدا ناسیونالیزمی کوردی وەکو ناسیونالیزمی کۆڵۆنیەکی ناوخۆ نەیتوانی پرۆسێسی کۆڵۆنیالیزم هەڵوەشێنێتەوەو هەژموون و دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ رەتبکاتەوەو لە بری گەڕانەوە بۆ بەغدا هەوڵی بەهێزکردنی پایەکانی ئەو فەرمانڕەواییە بدات، کە لەسەر رووبەرێکی فراوانی باشوری کوردستان دروستی کردبوو. لەگەڵ هەوڵداندا بۆ بەدەستهێنانی سەبەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی، واتە گەیشتنی ناسیونالیزمی کوردی بە ئاستی جێبەجێکردنی گوتاری تەواوی ناسیونالیزم.

بێگومان لە رووی مەعنەوی و سیاسیشەوە گەڕانەوەی کورد بۆ بەغداو بەشداریکردنی لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی ناسیونالیزمی عەرەبی عێراقیدا کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی و جارێکی تر ناکارایی و پەراوێزبوونی ناسیونالیزمی کوردی نیشاندایەوە. هەڵبەت لە گەڕانەوەدا بۆ بەغداو بەشداریکردنی کورد لە پێکهێنانی فەرمانڕەوایی نوێی عێراقدا، ناڕاستەوخۆ هەستی لاوازبووی عێراقیبوون لای کورد تا ئەندازەیەک بەهێزکردەوە، بەجۆرێک لەسەر ئاستی دەسەڵات کاتێک کورد بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو پۆستەی وەرگرت، ئەو بۆچوونە تۆخبووەوە کە کورد ئەگەر بەگشتیش

نەبووبێت، ئەوا لەسەر ئاستی حیزبی رووبەرێکی فراوانی لە پێناوی روخاندنی دەسەڵاتی فاشیزمی بەغدا و دروستکردنی سیستێمێکی دیموکراتیدا خەباتی کردووە. کەواتە ئەو بۆچوونە دووبارە دەبێتەوە کە هەر چۆن پێشتر کورد خەباتی کردووە لە پێناوی دیموکراتی بۆ عێراقی کۆڵۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وەکو کۆڵۆنیەکی ناوخۆ، لە ئێستاشدا کورد دەیەوێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدراڵی و کوردیش لەو سیستێمە نوێیەدا لە شێوەی فیدراڵیداو لە چوارچێوەی عێراقدا بەشێک لە مافەکانی بەدەستبهێنێت. کە دیارە ئەو مافانەش لە ئاستی گوتاری ناسیونالیزمی هێشتا ناتەواودایە. بێگومان ئەو سیستێمە دیموکراتی و فیدراڵیەی کە بەشێک لە دەستەبژێری سیاسی کوردی بەتایبەتی لەناو سەرکردایەتی و پێکهاتەی پارتە کوردیەکاندا چاوەڕاونیان دەکرد، دەرکەوت بێ بنەمایەوعێراق بە گوێرەی کورد هەر وەکو دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆ دەمێنێتەوەو کوردستانیش هەر بە کۆڵۆنی ناوخۆ دەمێنێتەوە، ئیتر هیچ گرنگ نیە کە کورد سەرۆک کۆمار بێت و کورد بەشداری پەرلەمان و حکومەتیش بکات، چونکە کەلتوری عێراق و رۆژهەڵات کەلتورێکە پەیوەست بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کەلتورێکی شێواو و نائاسایی و ئاسۆ داخراوی عەقڵی خێڵایەتی و ئایینی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەیەو بنەمای بوون بە دیموکراتی لە زەمینەی لەمجۆرەدا زۆر لاوازە. واتە ئەو دیموکراتیەی کە پارتە کوردیەکانی باشورو دواتریش پارتە سیاسیەکانی بەشەکانی تری کوردستان لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە بەدوایەوەن، بێجگە لە وەهم هیچی تر نیە.

ئەوە ئاشکرایە ئەو ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینەو خۆسەریی و فیدراڵیەی کە کورد داوای دەکات لەسەر بنەمای دیموکراتی بەدەست دێت. واتە کاتێک ئەگەری بەدیموکراتی کردن زۆر لاواز بێت، یان لە ئاستی نەبوودا بێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستانەدا کە کوردستانیان کردۆتە چوار کۆڵۆنی ناوخۆ یان کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی، ئەگەری بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی یان ئۆتۆنۆمی راستەقینە یان فیدراڵی یان خۆسەری، زۆر ئەستەمەو هەرگیز دەوڵەتی کۆڵۆنیالیست بەوە رازی نابێت. ئەوەی لە باشوری کوردستان و تەنانەت لە رۆژئاوای کوردستان دروستبووە، بەرهەمی دوو دیفاکتۆ بوون لە دوو سەردەمی گۆڕانکاری جیاوازدا، کە یەکەمیان واتە لە باشوری کوردستان،

دەرئەنجامی کەوتنە هەڵە یان بەداواوە بوونی کۆلۆنیالیستی عێراقی بوو لە داگیرکردنی کوەیتدا، کە بووە هۆی راپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان و لە شکستی راپەڕینیشدا کۆڕەوی جەماوەریی روویدا، کە ئەویش بووە هۆی دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین، کە حکومەتی هەرێم لە ئەنجامی ئەوەدا دروستبوو.

ئەوەی دووەمیشیان دەرئەنجامی بەهاری عەرەبی بوو، کە بە گوێرەی کۆلۆنیالیستی سوریا راپەڕینی خەڵکی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١١ داو پاشانیش دەرکەوتن و دروستبوونی دەوڵەتی خەلافەت و بەشداریکردنی کورد لە راپەڕینەکانداو پاشانیش جارێکی تر دەرکەوتنی کورد وەکو هێزێکی کاریگەر لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی خەلافەتداو رزگارکردنی رووبەرێکی فراونی رۆژئاوای کوردستان لە هێزەکانی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی سوریا و پاشانیش پاراستنی ئەو رووبەرەو رزگارکردنی چەندین ناوچە لە دەستی هێزە تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، بوو بە دیفاکتۆ بۆ ئەوەی کورد خۆی کاروباری ناوچەکانی خۆی بەڕێوەببات کە ئەوەش دواتر لە شێوەی دامەزراوەکانی خۆسەریدا بەرجەستبوو. ئەوەش ئاشکرایە نەک هەر کۆلۆنیالیستی سوریا هەوڵدەدات دەسەڵاتی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەناو ببات، تەنانەت دەوڵەتی عێراقیش نەک هەر لەسەردەمی سەدامدا بەڵکو لە دوای سەدامیش کە کورد بەشدارە تێیدا، دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراقی بە هەموو جۆرێک فشاردەکات بۆ لاوازکردن و ناکاراکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و لەو رووەشەوە تەنانەت ئەو دەستوورەشی کە دانراوە هەموو رۆژێک پێی لێ دەنرێت. کەواتە لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە تێروانینی نەتەوەی هەژموونداروخاوەن دەوڵەتی ناسیونالیزمی عەرەبی عێراقی ناتوانێت هەنگاو بە ئاراستەی دروستکردنی ناسیونالیزمی مەدەنی و دروستکردنی دەوڵەتی ناسیونالیزمی مەدەنی بنێت لەم وڵاتەدا، کە چ عەرەب و چ بەشێکی دیار لە دەستەبژێری سەرەوەی پارتی کوردی باسی عێراقی هەمووان و دیموکراسی و سیستێمی فیدراڵ دەکەن.

مەبەست لە دەوڵەتی ناسیونالیزمی مەدەنی ئەوەیە کە یەک گەلی عێراقی هەبێت و لە هیچ روویەکەوە رەگوڕیشەو رەچەڵەک و بنەمای ئیتنیکی بۆ بەشداریکردن لەو دەوڵەتەو چۆنێتی بەڕێوەبردنیدا لەبەرچاو نەگیرێت و تاک

هەر پاشخانێکی ئیتنیکی و ئایینی و زمانی هەبێت بەپێی تواناو لێهاتوویی خۆی لەو دەوڵەتەدا شوێنی دیاری بکرێت، نەک لەسەر بنەمای ئیتنیک و زمان و ئایین و مەزهەب و پشک پشکێنە وەکو ئەوەی ئێستا هەیە.

بێگومان ئەگەری دروستبوونی ناسیونالیزمی مەدەنی و بەو پێیەش دروستبوونی دەوڵەتی ناسیونالیزمی مەدەنی لە عێراقدا زۆر لاوازە. هەر بۆیە هەر سیستێمێکی فەرمانڕەوایی لەم وڵاتەدا دروست بێت، بەغدا نوێنەرایەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆ دەکات و باشوری کوردستانیش کۆلۆنیەکی ناوخۆ دەبێت بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کورد لە بەغدا چەند پۆستی باڵای هەیە، چونکە ئەو پۆستانە عیراقین و هەرکەس لەسەر کورسی ئەو پۆستانە دابنیشێت لە جومگەیەکی دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی عیراقیدایەو دەبێتە بەشێک لە بەرنامەو سیاسەتی کۆلۆنیالیست بەرامبەر بە کۆلۆنی ناوخۆی باشوری کوردستان. ئەم قسەیە بۆ بەشداریکردنی کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ئەو بەشەدا راستە، هەتا ئەو کاتەی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزمی کوردی دەگاتە ئاستێک کە بە کردەوە پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردن هەڵدەوەشێنیتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروست دەکات و سەروەری نەتەوەیی بەدەست دەهێنێت.

# سەرچاوەکان


1. Encyclopedia
2. Howe, S. Empire: A very short Introduction, New York, Oxford University press, 2002, p.9.
3. Michael Hechter, Internal Colonialism, University of California Press, 1994, pp. 8-9.
4. Gonzalez Gasanova, Pablo, Internal Colonialism and National Development, Studies in Comparative International Development, Vol. 1, No. 4, pp. 27-37.

٥. اسماعیل بیشکچی، کردستان مستعمره دولیه، ترجمه زهیر عبدالملک، دار ابیک، ١٩٩٨، ص ١٩.

٦. الدکتور محمد عابد الجابری، الخطاب العربی المعاصر، بیروت، دارالطلیعه، ١٩٨٥، ص٨٣.

7. Ernest Gellner, Nations and Nationalism, Cornell University Press, 1983, p. 23.
8. Reza-Zia Ebrahimi. The Emergence of Iranian Nationalism, Race and Politics of Dislocation, Columbia University Press, 2016, p.24.
9. Michael Hunt, The World transformed from 1945 to the present, New York, Oxford University Press, 2010, p. 279.
10. Robert Blauner, Internal Colonialism and Chetto Revolt, in Social Problems, Vol.16, Issue.4, Spring 1969, p. 369.

١١. مارتین ڤان برۆنسین، کوردو مارتین، وەرگێڕانی حەسەنی قازی،هەولێر، ٢٠١٧،ل ٢٠٩.

١٢. مارتین ڤان برۆنسین، کوردو مارتین، ل٢٠٩-٢٠١٠.

13. David Romano, The Kurdish Nationalist Movement, Cambridge University Press, 2006, p.3.
14. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, Its Origins and Development, Syracuse University Press, 2006, p.291.

١٥. عەتا قەرەداخی، کۆمەڵگای کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل ٥٩.

16. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, p. 54.
17. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, p. 80.

18. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, p. 80.
19. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, p.80.
20. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, p. 81.
21. David McDowall A Modern History of the Kurds, London, New York, 2000, p.53.
٢٢. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ترجمه د.عبد حاجى، دهوك، دار سپيريز،٢٠٠٦ ، ص١٤٨.
23. Wadie Jwaideh, Kurdish Natinoal Movement, p.81.
٢٤. ٢٤-م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص ١٤٨.
25. Robert Olsin: The Emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh Said Rebellion 1880-1925 ( Austin, University of Texas Press, 1989, p. 46.
٢٦. م. س. لازاريف و آخرون- تآريخ كردستان- ترجمه د. عبدى حاجى، دهوك، دار سپيريز، ٢٠٠٦ ، ص ١٥٥-١٥٦.
٢٧. م. س. لازاريف- المسآله الكرديه ١٨٩١-١٩١٧- ترجمه اكبر احمد، سليمانيه- مركز دراسات الستراتيجيه- ٢٠٠١، ص ٢١٥.
٢٨. م. س. لازاريف- المسآله الكرديه – ١٨٩١-١٩١٧، ص ٢١٧.
29. Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, p. 102.
٣٠. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص ١٩٤.
٣١. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص ١٩٤.
٣٢. م. س. لازاريف و آخرون، تآريخ كردستان، ص ١٩٨.
33. David McDowall: A Modern History of the Kurds, London, 2000, p. 158.
34. David McDowall: A modern History of the Kurds, p. 158.
35. Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement, p. 149.
٣٦. مسعود البارزانى- البارزانى والحركه التحرريه الكرديه- الجزء الثالث، ثوره ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٢٤.
٣٧. مسعود البارزانى- البارزانى والحركه التحرريه الكرديه- الجزء الثالث- ص٢٤.
٣٨. مسعود البارزانى- البارزانى والحركه الكرديه التحرريه- الجزء الثالث- ص٣٥.
٣٩. بروانه دكتۆر جەمال نەبەز، هێندێک لە کێشە بنەڕەتیەکانی قوتابخانەی کوردی سۆشیالیزم، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١.
٤٠. م. س. لازاريف و آخرون- تآريخ كردستان- ص ٣٣٤.
٤١. م. س. لازاريف وآخرون- تآريخ كردستان- ص ٣٣٤.
42. David McDowall, A Modern History of the Kurds, p.472.
43. David McDowall, A Modern History of the Kurds, p. 472.
٤٤. م. س. لازاريف وآخرون- تآريخ كردستان – ص٣٣٥-٣٣٦.
٤٥. م. س. لازاريف وآخرون- تآريخ كردستان- ص ٣١٦.
46. David McDowall, A Modern History of the Kurds, p. 430.

47. David McDowall, A Modern History of the Kurds, p.430.
48. David McDowall, A modern History of the Kurds, p. 437.
49. David McDowall, A Modern History of the Kurds, p. 437.
50. David mcDwoall, A Modern History of the Kurds, p. 437.

٥١. م. س. لازاريف وآخرون- تآريخ كردستان- ص ٣٢٧.

٥٢. برامج حزب الاتحاد الديموقراطى- منشورات حزب الاتحاد الديموقراطى- مطبعه آزادى- ٢٠٠٣- ص ٣.

٥٣. برامج حزب الاتحاد الديموقراطى، ص ١٠٣.

٥٤. الحوار التمدن- العدد ١٢٤٠ فى ٢٦-٦- ٢٠٠٥.

٥٥. الموقع الرسمى لحزب الاتحاد الديموقراطى- البيان الختامى للمؤتمر السابع الاعتيادى لحزب ٢٩-٩-٢٠١٧.

## بەشی دەیەم

# ناسیونالیزمی کوردی و ریفراندۆم

سەرەتا: پەیوەندی نێوان ناسیونالیزم و ریفراندۆم چیە؟ ریفراندۆم چیەو بۆچی دەکرێت؟ لە بارودۆخی کوردستاندا، ئایا ریفراندۆم پێویست بوو؟ ئایا ریفراندۆم رەنگدانەوەی پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی بوو، یان کاری دەستەبژێر یان پارت یان تاکەکەسی ناسیونالیست بوو؟ بەشداریکردنی جەماوەریی لە ریفراندۆمدا لە چ ئاستێکدا بوو؟ نەخشەی بەشداریکردن چی ئاماژەیەک لەسەر گوتاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێشکەش دەکات؟

ریفراندۆم چیە؟ ریفراندۆم میکانیزمێکە بوار بە دەنگدەران دەدات کە هەڵبژاردن بکەن لە نێوان رێڕەوی کاری جێگرەوەدا لەسەر بابەتێکی دیاریکراو[1]. هەروەک لە ویکیپیدیادا هاتووە: ریفراندۆم بریتیە لە دەنگدانی راستەخۆ و گشتی کە تیایدا هەموو دەنگدەران بانگهێشت دەکرێن بۆ دەنگدان لەسەر پێشنیارێکی دیاریکراو کە دەشێت لەسەر ئاستی فراوانی نەتەوەیی- وڵات- بێت، یان لەسەر ئاستی ناوچەیەک بێت. هەروەک لە فەرهەنگی کامبیریجدا هاتووە: ریفراندۆم دەنگدانێکە تیایدا هەموو دانیشتوانی وڵات، یان دانیشتوانی ناوچەیەک پرسیاریان لێدەکرێت بۆ ئەوەی رای خۆیان سەبارەت بە پرسێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی گرنگ دەرببڕن، واتە لە رێگای دەنگدانەوە بڕیاری لەبارەوە دەدەن. ئاشکرایە لە ریفراندۆمدا ئەو پرسیارە دەخرێتە بەردەم دەنگدەران، کە تەنیا بە یەکێک لە دوو وەڵامی بەڵێ یان نەخێر وەڵام دەدەنەوە. ئەمەش ریفراندۆم لە هەڵبژاردن جیادەکاتەوە کە لە هەڵبژاردنندا

دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بە کەسێک یآن بە لیستێک بدات یان دەنگ نەدات.

وەکو دەزانین لە باشوری کوردستان دوو ریفراندۆم کراوە، کە یەکەمیان لە ٣٠-١- ٢٠٠٥دا لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراقدا. لە دوای روخاندنی رژیمە سەدام، لە قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بزووتنەوەی ریفراندۆم کە ژمارەیەک رۆشنبیر دروستیان کردبوو، لە ٣٠-١-٢٠٠٥دا، ریفراندۆمێکی ناڕەسمییان ئەنجامدا سەبارەت بەوەی ئایا کوردی ئەو بەشەی باشوری کوردستان ریفراندۆمەکەی تیادا ئەنجام درا، دەیانەوێت سەربەخۆ بن، یان لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە. ئەنجامی راپرسیەکە بەپێی ئەوەی راگەیەندرا ٩٨٪ ی بەشداربووان لە راپرسیەکەدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابوو.

راپرسی دووەم لە ٩/٢٥/ ٢٠١٧دا لە لایەن مەسعود بارزانیەوە بڕیاری ئەنجامدانی درا، کە بە ریفراندۆمێکی رەسمی دادەنرێت لەو رووەو ئەو کاتە مەسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بڕیاری ئەنجامدانی دا. هەرچەندە ئەو کاتە بۆچوونی لەوجۆرە هەبوو کە دەیگووت پێویستە لەناو پەرلەمان دەنگ لەسەر ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی ریفراندۆم بدرێت. پاساوی ئەم بوچوونەش ئەوە بوو کە پەرلەمان دامەزراوەی تەشریعیە و ریفراندۆم پێویستی بە دەرکردنی یاسایەو ئەوەش لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە نەک لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتدا وەکو دوو دامەزراوەی جێبەجێکردن.

ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایان لە مەسعود بارزانی کرد بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بدات؟ ئایا ناسیونالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا تەواو پێگەیشتبوو، بەجۆریک کە بووبێتە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزم، یان بە دەربڕینێکی تر بووبێتە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت؟ ئایا پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی گەیشتبووە ئاستێک کە بەسەر کۆسپ و بەربەستی پارتایەتیدا پەڕیبێتەوەو کۆمەڵگای کردبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو، بە جۆرێک کە بووبێتە خاوەنی یەک بڕیارو یەک جوڵە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاشکرایە. نە پێش ریفراندۆم و نە ئێستاش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر ناسیونالیزمی لاوازو پەراوێزیی کوردیدا نەهاتووە، کە گەیشتبێتە ئاستی بوون بە خاوەنی پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەت و بەسەر هەموو سنوورە

ناوخۆییەکانی حیزب و خێڵ و عەشیرەت و ناوچەو هەرێمی جوگرافیدا پەرییبێتەوەو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کردبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین رێژەی دەنگدان لە هەردوو ریفراندۆمەکەدا بۆ سەربەخۆیی دەرئەنجامی هەستی سادەی نەتەوایەتی بوو لە یەکەمیانداو لە دووەمیشیاندا، دەرئەنجامی دەنگدەرانی پارتی و لایەنگرانی ئەو پارتەو دەستەبژێری ناسیونالیست و کەسانی سەربەخۆو ئازادیخوازو هەموو ئەو سەربەخۆو ناحیزبیانە بوو کە دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عێراقی بوون و هیواخواز بوون بە یەکجاری دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە کوردستان هەڵبوەشێتەوەو کورد سەربەخۆیی خۆیی هەبێت و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروست بکات و سەروەری نەتەوەیی بەدەستبهێنێت.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان کە لە یەکێتی و پارتی پێکهاتبوو، بڕیای چارەنووسی باشوری کوردستانی لەو قۆناغەدا لە چوارچێوەی فیدراڵیدا دا، کە ئەویش لە سنوری دەوڵەتی عێراقی و پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقدا بەرجەستە دەبوو. لە دوای روخاندنی رژێمی بەعس و گەڕانەوەی کورد بۆ بەغداو لە نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراقدا، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان و پێداگری سەرکردایەتی کوردی لەبەرچاوگیراو عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە کرا. واتە لە دەستووردا ئەوە جێگیرکرا کە سیستێمی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا سیستێمێکی فیدراڵیە. بێگومان پارتی و یەکێتی لەو رووەوە وەکو دوو پارتی کوردی کە نوێنەرایەتی کوردیان دەکرد، بەرنامەی هەردوو پارتەکە لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە بوونی دەسەڵاتێکی فیدراڵی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا. ئەم بەرنامەیە هەتا دەوروبەری ساڵی ٢٠١٠ هیچ ناڕەزاییەکی لە لایەن پارتیەوە لەسەر نەبوو. بە گوێرەی یەکێتی بارودۆخەکە جۆرێکی تر بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی یەکەم مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق بوو، کە بەپێی پێگەکەی پاراستنی دەستوورو جێبەجێکردنی لە ئەستۆی ئەو بوو. هەروەها خەونی سەرۆک کۆماری عێراق و پەیوەستبوونی مام جەلال بە عێراقەوە مێژوویەکی کۆنی هەبوو، کە لەهیچ قۆناغێکی ژیانیدا هەڵوێستی جیابوونەوە

لە عێراقی نەبووەو بڕوای بە یەکێتی خاکی عێراق و عیراقیبوونی کورد هەبووەو سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیشی بە خەیاڵی شیعری و خەونی شاعیران ناوبردووە. هەروەک نزیکی یەکێتی نیستیمانی لە جەمسەری ئێران و شیعەوە هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی مام جەلال وەکو عێراقیەکی دڵسۆز لەسەر کورسی سەرۆک کۆماری عێراق دابنیشێت و لەوێشەوە بڕوای وابێت و وای ببینێت کە کورد بەشێکە لە گەلی عێراق و لەو رووەشەوە هەمان شێوەی عەرەبی عێراق و کەمایەتیەکانی تر چۆن مافی عێراقیبوونیان هەیە، بەهەمان ئەندازە ئەرکی عێراقیبوونیشیان لە ئەستۆیەو دەبێ جێبەجێی بکەن. بێگومان دیدو بۆچوونی مام جەلال واتە دیدو بۆچوون و بەرنامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. کەواتە لێرەوە دەبێ ئەوە ئاشکرا بێت هەتا یەکێتی خۆی بە حیزبی مام جەلال بزانێت و مێژووی مام جەلال مێژووی یەکێتی بێت و یەکێتی دابڕان لەگەڵ قۆناغی مام جەلالدا نەکات، ئەوا بەرنامەی ئەم پارتە مانەوەیە لە چوارچێوەی عێراقدا.

لێرەوە ئاشکرایە کە بەرنامەو سیاسەتی واقیعی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و بەشداری تێداکردنی بەپشتبەستن بەو پاشخانەی باسمان کردو بە دەرئەنجامەکانی هەڵویستی دواتری یەکێتی و رادەستکردنەوەی کەرکوک بە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراقی سەلمێنەری ئەو بۆچوونەن کە یەکێتی نە لەگەڵ ریفراندۆم بووەو نە هەرگیز لەگەڵ جیابوونەوە بووە. هەڵبەت تا ئێرە هەموو شتەکان ئاساییە چونکە هەر پارت و گروپ و تاکەکەسێک مافی خۆیەتی چ بەرنامەیەیەک خۆی دادەنیت و چۆن کاری بۆ دەکات. بەڵام ئەوەی نائاساییە بۆ یەکێتی بە پیی بروا بیروبۆجوونی خۆی کەری نەکرد بەڵکو بەناچاری بووە پاشکۆی گوتارێک کە بڕوای پێی نەبوو. لە راستیدا بە گوێرەی بەرنامەی کردەیی یەکێتی دەبوو نە بەشداری هیچ کوبوونەوەیەکی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بکردایە و نە بەشداریشی تیادا بکردایەو بە ئاشکراش رایبگەیاندایە کە ئەو بڕوای بە جیابوونەوە لە عێراق نیە، هەر لەبەرئەوەش بەشداری ریفراندۆم ناکات.

بە گوێرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەو پێشنیارکەرو بڕیاردەری ریفراندۆم بوو، ئایا بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هەبوو؟ بێگومان بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەندێ سەرنج

لەو بارودۆخە بدەین کە پارتی و بە تایبەتیش مەسعود بارزانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە دەبێت ریفراندۆم ئەنجام بدات. ئەوە ئاشکرایە کە سلێمانی وەکو شارێکی نوێ هەر لە سەردەمی میرنسینی بابانەوە ئاستێکی سادە لە هەستی نەتەوەیی تیادا دەرکەوتووە. لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، شێخ مەحمودی حەفیدزادە لەم شارەدا بانگەشەی دامەزراندنی دەسەڵاتی سەربەخۆی کوردی کرد. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی باشوری کوردستانیش بەم دەوڵەتە تازە دروستکراوەوە، سەقامگیری لەم شارەو دەوروبەریدا دروست نەبووە. لە دوای جەنگی دووەمیش زەمینەی رابوونەوەو چالاکی سیاسی و حیزبی و رۆسنبیری بووەو لە روخاندنی رژێمی پاشایەتی و دروستبوونی کۆماری عێراقیشەوە بووەتە زەمینەی ململانێی و پێکدادانی سیاسی نێوان پارتی و حیزبی شیوعی و قورسایی راپەڕینی ئەیلولی ۱۹٦۱ زیاتر لەم شارەو دەوروبەریدا بووەو پێگەی ململانێکانی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرکردایەتی بارزانیش زیاتر لە شوێنەکانی تری کوردستان، ئەم شارەو دەورەبەری گرتووەتەوە. لە دوای شکستی ۱۹۷۵یش، سەرەتای رابوونەوەو چالاکیەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و پاشان یەکێتی نیستیمانی کوردستان زیاتر لە جوگرافیای ئەم شارەدا بوو. لە دوای شکستی عێراقیش لە جەنگی کوەیتدا، یەکەمین شاری دیاری کوردستان کە راپەڕی و لە دوای لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە، کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عەرەبی عێراقی هێنا، دیسان سلێمانی بوو. ئەمانە هیچی نە پیاهەڵدانە بەم شارەدا، نە شارچێتی و نە هەوڵدانە بۆ بەرزتر دەرخستنی سلێمانی لە هەر شارو شوێنێکی تری کوردستان، بەڵکو ئەمە راستی شاری سلێمانیە لە مێژوودا. هەر ئەوەش وایکردووە کە ئەم شارە وەکو پێشرەوی خەباتی کوردایەتی و شاری رۆشنبیری بناسرێت و ناوببرێت. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا رۆڵ و کاریگەری سلێمانی لە ریفراندۆمدا چی بوو؟

واتە پەیوەست بە بارودۆخی باشوری کوردستان و تەنانەت عێراقیش هەتا راپەڕینی سالی ۱۹۹۱ سلێمانی بەشێک لە بنەماکان و خاسێتی شاری هەبوو، چی لە رووی کەلتوری و چی لە رووی پێشکەوتن و پەرەسەندنەوە. هەر بۆیە لە رووی راستیەوە پەیوەست بەو واقیعەی کە هەبوو، دەبوو پەرەسەندنی

ناسیونالیزمی کوردی و خواستی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی پێش هەر شوێنێکی تری کوردستان لەم شارەوە سەرچاوەی بگرتایە. بەڵام بوونی ئەم شارە بە زەمینەی یەکێتی نیشتیمانی و پەیوەستبوونی یەکێتی نیستیمانیش بە عێراقەوە وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، رۆڵی هەبووە لەوەی سلێمانی سەرکردایەتی خۆی لە رابەرایەتیکردنی رەتکردنەوەی هەژموونی کۆلۆنالیستی عیراقی لەدەست بدات و بکەوێتە دەست کەسانی ترو پارتی ترو شوێنی تر لە رووی دەنگدانەوە لەسەر سەربەخۆیی لە ریفراندۆمدا.

پێشتر باسی گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقمان کردو لەوەش دواین هەتا دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دا، بەرنامەی ئەم پارتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق بوو، بەڵام لە رێگای دەنگدانی پەرلەمانەوە کە پەرلەمان لە یەکێتی و پارتی پێکهاتبوو، دروشمی ئۆتۆنۆمی گۆڕا بۆ فیدراڵی. واتە هەتا کۆنگرەی سیانزەیەمی پارتی کە لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٠دا بەسترا، پارتی هەڵگری دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دواتریش فیدراڵی بۆ کوردستان بوو. بەڵام لەم کۆنگرەیەدا، پارتی لە بەرنامەی خۆیدا پەیوەست بە چارەنووسی کوردو نەتەوەکانی تر، باسی مافی بڕیاردانی چارەنووسی هێنایە پێشەوە. لەم رووەوە لە مادەی دووەمی پەیڕەوی پارتی دا، کە دیارە لە کۆنگرەی سیانزەدا ئەو گۆرانکاریە کراوە. هاتووە: پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی دیموکراتی نیشتیمانیە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاک و مافی کوردو نەتەوەکانی تر هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا[٢]. بێگومان چەند هۆکارێک لەم رووەوە رۆڵیان بینیووە، کە پێکەوە بوونەتە هۆی جۆریک لە پەروەردەکردنی نەتەوەیی لە نێو پارتیدا، یان بەلایەنی کەمەوە بۆ دەرکەوتنی هەستێکی نەتەوەیی لە پێکهاتەی پارتیدا. ئەگەر تەنانەت ئەو هەستە ناسروشتی و دروستکراویش بێت و تەنیا لە شێوەی فەرماندا لە لوتکەی هەرەمی حیزبیی پارتیەوە گەیەندرابێتە هەموو پێکهاتەی پارتی و بەگشتی پێکهاتەی حیزب وتەو دەربڕینەکانی بارزانی لە رووی نەتەوەییەوە دووبارە بکەنەوە، دیسان ئەوە جێگای تێرامان و لەسەر راوەستانەو ئەو پرسیارە دروست دەکات ئایا: سەرکردەی ناسیونالیست دەتوانێت پارت یان بزووتنەوە یان کۆمەڵگا هەمووی بکات بە ناسیونالیست

و بەمەش ناسیونالیزم ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی و هەموو جەستەی نەتەوە بگرێتەوە؟ کەواتە لەم روانگەیەوە ئایا لە قەڵەمرەوی پارتیدا ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لە شوێنەکانی تری کوردستان گەشەی کردووە؟ ئەگەر وایە هۆکارەکان چین؟

ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لەو رووبەرەدا گەشەی زیاتری کردبێت، دەشێ بەشێکی پەیوەندی بەو پەرەسندنەوە هەبێت کە لە قەڵەمڕەوی پارتیدا روویداوە بەراورد بە قەڵەمڕەوی یەکێتی. دووەم مانەوەی سەرۆکی پارتی دیموکرات لە کوردستان و وەرگرتنی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەوەش بۆچوونێکی لەو جۆرەی دروست کردبێت کە پارتی و بە تایبەتی بنەماڵەی بارزانی وەکو خاوەنی باشوری کوردستان سەیری خۆیان بکەن، هەروەها جۆرێک لە بەراورد لە نێوان خۆیان و شێخ و میرنشینە عەرەبیەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بکەن و لەو بەراودەشدا خۆیان لەو ئاستەدا ببینن کە شایانی ئەوەن ئەمانیش وەکو ئەوان ببنە خاوەنی دەسەڵاتی سەربەخۆو خاوەن شوناسی خۆیان. سێیەم هەوڵدان و حەزو ئارەزووی مام جەلال بۆ چوونە بەغداو بوون بە سەرۆک کۆماری عێراق و لە رێگای مام جەلالیشەوە پەیوەستبوونی زیاتری یەکێتی بە عێراقەوەو لاوازی یەکێتی لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لە غیابی مام جەلالدا و دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان کە هەم لە جەستەی یەکێتی جیابووەوە، هەم هیچ بەرنامەیەکی نەتەوەیی ئاشکراو جیاوازی لە بەرنامەی یەکێتی نەبوو، کە ئەمەش هەم هێزی جوگرافیای سەوزی زیاتر لاواز کرد، هەم جەماوەری جوگرافیای پێشتر سەوزی سەرقاڵکرد بە هەندێ دروشمی ناوخۆیی و ناوچەییەوەو بابەتی چارەنووسی نەتەوەی بەتەواوەتی گرێدا بە دروشمە ناوخۆییەکانی وەکو چاکسازی و لاوازکردنی دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانیەوەو ئەوەش وایکرد لە لایەک بزووتنەوەی گۆڕان خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی ناوچەیی سنووری سلێمانی و گەرمیان و پشدەر دەربکەوێت و لەراستیشدا بزووتنەوەکە نەیتوانی بپەڕێتەوە بۆ قەڵەمڕەوی پارتی. لەگەڵ خۆیدا گۆڕان یەکێتیشی بە دروشمە ناوخۆییەکان و بە ململانێی ناوخۆوە خەریک کرد. ئەوەش هێندەی تر پێگەی یەکێتی لە بەرامبەر پارتیدا لاواز کرد.

لە کاتێکدا یەکێتی و گۆڕان سەرقاڵی ململانێ بوون لەسەر ئەنجامی

هەڵبژاردنی سنووری سەوزو لەسەر پارێزگاری سلێمانی و لەسەر موچەی کابانی ماڵ و لەسەر ئەوەی کامیان هێزی یەکەمی ئەم رووبەرەیەو لەپاڵ ئەوەشدا یەکتری تاوانبارکردنی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بە کوشتنی نەیارەکانی یەکێتی لە پشتەوە. لەکاتێکدا یەکێتی و گۆڕان کە دوو لەتی هەمان هەمان پێکهاتە بوون و بەردەوامبوون لە ململانێی تایبەتی و شەخسی و نا نەتەوەیی و نا نیشتیمانی و تەنانەت ناسیاسی و لاوزکردنی پێگەی خۆیان لەبەرامبەر جەماوەرو پارتیشدا، پارتی بە وریاییەوە کەوتە قسەکردن لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتی و مافی کورد وەکو هەر نەتەوەیەکی تر بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت. هەڵبەت لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە پارتی تا چ ئاستێک بڕوای بە مەسەلەی سەربەخۆیی هەبوو، کاری بۆ دەکرد یان نا. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە چۆن لاوازی بەرامبەرو نەیارە مێژوویەکەی لە لەراندنەوەی ژێیە هەستیارەکانەوە کە ژێی هەستی نەتەوەیی و بابەتی سەربەخۆیی بوو لەراندەوەو نەیارەکەشی لەم روانگەیەوە هەڵویستی لاواز بوو چونکە وابەستەیی بۆ عێراق و بۆ ئێرانیش وەکو پارێزەری عێراق پێگەی نەتەوەیی یەکێتی لاواز کردووە، هاوکات گۆڕانیش ئەو قورسیەی نەبوو لە بەرامبەر پارتیدا چونکە گۆڕان پرۆژە نەبوو، بەڵکو سەرئەنجام یاریی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بوو بۆ لەباربردنی ئەگەری دروستبوونی هەر ئۆپۆزسیۆنیکی سروشتی لە جوگرافیای یەکێتیدا.

هەروەها لە رووی خۆنمایشکردنی کوردستانیبوونەوە لەسەر ئاستی کوردستان، پێشتر پارتی و بارزانی کێبڕکێکەری تری بەهێزیان هەبوو کە ئەوانیش پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵا ئوچالان بوون. پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵا ئوچالانیش، پێش دەستگیرکردنی وەها وێنای خۆیانیان دەکرد کە پارتەکە واتە پارتی کرێکاران پارتی یەکەمی کوردیەو هەڵگری راستەقینەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیەو بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەیەو سەرۆک ئاپۆش سەرکردەی یەکەمی هەموو کوردستانە. پارتی کرێکارانی کوردستان بانگەشەی یەکەمی بۆ خۆی و سەرۆکەکەی دەکرد. لە باشووریش تاکە کێبڕکێکەری مەسعود بارزانی، مام جەلال بوو. مام جەلال لەبەر ئەوەی پێیوابوو سەرۆک کۆماری عێراق گەورەترە لەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، بۆیە هەموو هەوڵی

ئەوە بوو ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، لەوەشدا مەسعود بارزانی پشتگیری کردو بەوەش مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق و ئەو کێبڕکێیە خاو بووەوە.

هەرچەندە پێشتر واتە پێش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئوچالان، مام جەلال و یەکێتیش هەم خوازیاری ئەوە بوون ئاپۆ ببێتە تاکە سەرکردەی بێ هاوتای کورد و هەم پارتی کرێکارانی کوردستانیش ببێتە پارتی یەکەمی هەموو کوردستان، بەتایبەتی کاتێ بۆیان دەرکەوتبوو کە پێگەی پارتی و بارزانی لەوە بەهێزترە ئەمان لە کێبڕکێدا پێشی بکەون. بەڵام نە ئاواتەکەی ئاپۆو پارتی کرێکاران و نە ئاوات و خواستەکەی مام جەلال و یەکێتی نیشتیمانی لەو روەوە نەهاتە دی. ئاپۆ دوای دەستگیرکردنی، لە چرکەساتێکدا وێنەکەی ئاوەژوو کردەوە ئەویش ئەو کاتەی کە هەر بە زووی لە بەردەم لێکۆڵەرو دادگای تورکیادا وەکو ئەوەی چاوەڕان دەکرا رانەوەستاو لاواز دەرکەوت. لێرەوە بارزانی و پارتی ئەو هەستەیان لادروست بوو کە ئیتر کیبڕکێکەریان نەماوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان پاشەکشەی لە دروشمی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی گەورە کردو دروشمی پێکەوەژیان و دیموکراتی گەلان و کۆنفیدراڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە ئاراوەو باسی سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی پاشەکشەی لێکرا.

فاکتەرێکی تری یارمەتیدەر بۆ ئەم هەڵویستەی پارتی، شێوازی کارکردنی هاوپەیمانە شیعەکانی کورد بوو لە بەغدا لە دەوڵەتداری و لە پێشێل کردنی جار لە دوای جاری دەستووردا. واتە حکومەتی نوێی عێراق تەنیا لە روکەشدا نوێ بوو، ئەگینا لە رووی عەقڵ و بەڕێوەبردن و بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و روانین بۆ ئەوانی غەیرە شیعە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی پێشتری عێراق سەبارەت بە کورد. ئەو بەندانەی دەستوور کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو هیچیان جێبەجێ نەدەکران، وەکو مادەی ١٤٠ و چەسپاندنی بنەماکانی فیدراڵی و دەرکردنی یاسا گرنگەکانی وەکو یاسای نەوت و گازو پشتگوێ خستنی ئەو تاوانانەی رژێمی پێشتر بەرامبەر بە کورد ئەنجامی دابوون وەکو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئەنفال و کۆمەڵ کوژی و وێرانکردنی سەرجەم لادێ و شارۆچکەکانی

کوردستان و نەک هەر ئەوانەش بەڵکو تەنانەت درێژەدان بە سیاسەتی راگواستن و بە عەرەبکردنی ئەو رووبەرە فراوانەی باشوری کوردستان کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عێراقیدا مابووەوە، بەردەوامبوو. ئەم سیاسەتانەی دەسەڵاتی حکومەتی نوێی عێراق یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بارزانی و پارتی باسی ئەوە بکەن کە شتێکی ئەوتۆ لە بەغدا نەگۆڕاوەو ئەو عەقڵیەتەی حکومەت بەڕێوەدەبات جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ عەقڵی ناسیونالیستی فەرمانڕەوای پێشتری عێراقدا. بۆیە ئەگەر ئەو دەستوورەی کە دانراوەو لە راپرسیدا دەنگی زۆرینەی جەماوەری عێراقی بەدەستهێناوە وەکو خۆی جێبەجێ نەکرێت، ئەوا سەرکردایەتی سیاسی کورد ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای خەڵک و لە رای ئەوان بپرسێت لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عیراقدا، یان بڕیاردانی جیابوونەوە.

ئەم بارودۆخە لە نێوان بارزانی و پارتی لە لایەک و حکومەتی عێراقیدا لە لایەکی ترەوە بەردەوام بوو هەتا دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. وەک دەزانین لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەتی ئیسلامی رووبەرێکی فراوانی لە عێراق داگیرکردو سوپای عێراق لەبەردەمی ژمارەیەکی کەم لە چەکدارەکانی ئەو هێزە تیرۆریستەدا هەرەسی هێنا. ئەم هێزە تیرۆریستیە بە درێژایی سنووری هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقی کەوتە نێوان هەردوو لاوە. ئەو ناوچە جێناکۆکانەی کە لەراستیدا تا ئەو کاتە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی عێراقیدا بوون، کەوتنە بەردەم مەترسی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیەوە. مەسعود بارزانی کە ئەو کاتە سەرۆکی هەرێم بوو، هاوکات فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێم بوو. لە ژێر فەرمان و سەرکردایەتی ئەودا، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسلامی پەلاماری کوردستانی دا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگرییەکی دلێرانەی کردو سەرئەنجام توانی بەشی هەرە زۆری ناوچە جێناکۆکەکان رزگار بکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان نزیک بووەوە لە سنووری جوگرافی نێوان باشوری کوردستان و عێراقی عەرەبی یان عێراقی عەجەمی. ئاشکرایە ئەو ناوچانە دەبوو بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی چارەنووسیان دیاری بکرایە، بەڵام حکومەتی عێراقی لە ماوەی دەسەڵاتی پێش هاتنی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا مادەی ١٤٠ پشتگوێ خست و نەیدەویست جێبەجێی بکات.

ئێستا بەکردەوە ئەو ناوچانە کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە، بەڵام هێشتا لە رووی بەڕێوەبردنەوە سەربە حکومەتی عێراقی بوون. لە راستیدا ئەگەر ئەو کاتە کورد لە رووی ئیداریشەوە ئەو ناوچانەی بخستایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، رەنگە سەرئەنجام رووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆیشتنایە کە لەبەرژەوەندی کورد بوونایە.

وەکو دەزانین کورد لەسەروبەندی پێش هاتنی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەستیکرد بە فرۆشتنی نەوت. دیارە دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی عێراق دەیزانی فرۆشتنی نەوت مانای دروستبوونی سەرچاوەی ئابووریە بۆ کوردستان و بوونی ئابووری و سەرچاوەی ئابووریش یەکێکە لە پایەکانی سەربەخۆیی و سەرئەنجام رەتکردنەوەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیە. حکومەتی بەغدا بودجەی کوردستانی بڕی، لە کاتێکدا ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە عەرەبی موسڵ و ئەنبارو سونەی ناوچە شیعیەکانیش ئاوارەی کوردستان بوون. ئەوەی جێگای سەرنج بوو، حکومەتی عێراقی بودجەو موچەی موسڵ و ئەنبارو شوێنەکان تری نەبڕی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیەوە. کەواتە لەو بارەشدا کە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی رووبەرێکی هێجگار فراوانی عێراقیان داگیرکردبوو، سوپای عێراق لەبەردەمیاندا هەرەسی هێنابوو، هێشتا دەوڵەتی ناسیونالیزمی عەرەبی عێراقی دەوڵەتی خەلافەتی لە کورد لاپەسەندتر بوو، بێگومان هۆکاری سەرەکیش ئەوە بوو کە شوناسی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی هەم ئیسلامی و هەم عەرەبی بوو.

سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە باشوری کوردستان و شەڕڤانانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، شانبەسانی هێزەکانی هاوپەیمانان دژی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و وەستانی مەسعود بارزانی لە لوتکەی بڕیاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانداو بەشداری کاراو لەبەرچاوی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی شانبەشانی هێزەکانی پارتی و سۆشیالیست و کەسانی خۆبەخش و ئامادەبوونی فەرماندە سەربازیە دیارەکانی یەکێتی کەمێک لە دوای شانی مەسعود بارزانیەوە لە رووکەشدا یەکێتی و یەکبوونی کوردی باشوری لە ئاستی بەرگریدا دەردەخست. ئامادەنەبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و دوو پارتە ئیسلامیەکە، ئەوەی نیشان دەدا کە چارەنووسی کورد لە باشوری کوردستان پەیوەستە بە پارتی و یەکێتیەوەو بوون و نەبوونی ئەوانی تر رۆڵ

و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نیە، بە تایبەتی هەوڵەکانی گۆڕان و ئیسلامیەکان لە ناو پەرلەمان بۆ دوورخستنەوەی مەسعود بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم لەو بارودۆخەداو تینەگەیشتنیان لە قەوارەی ناکارای خۆیان و لە هێزی یەکێتی و پارتی ئەگەر پێکەوە رێک بن.

سەرئەنجام هەڵوێستە لەسەر وەهم بنیادنراوەکانی گۆڕان و ئیسلامیەکان، گۆڕانی لە پەرلەمان و حکومەت بەدەرکردن دا. هەرەسی گۆڕان لەوێوە دەستی پێکردو روو لە هەرەسکردنی ئێستاشی دەرئەنجامی لە ئاستی یەکەمدا نەتوانینی خوێندنەوەی واقیع بوو لەو کاتەدا، لە ئاستی دووەمدا ئەوە بوو کە گۆڕان هێزێکی رێکخراو نەبوو لە رووی فیکری و ئایدیۆلۆجی و بەرنامەوە، بەڵکو زۆرینەی شوێنکەوتووانی دەروێشی نەوشیروان مستەفا بوون ئەویش لەبەر یەک هۆی سادە کە هەڵوێستی دژەماڵی بارزانی بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو مردنی نەشیروان مستەفا مانای هەرەسی بزووتنەوەی گۆڕان بوو بەو شێوەیەی کە ئەو دایڕشتبوو. یەکگرتووی ئیسلامی وەکو حیزبێک کە لەو هەمان سەرچاوەیە ئاو دەخواتەوە کە فاشیزمێکی وەکو ئەردۆگان و پارتی دادو گەشەپێدان ئاوی لێدەخۆنەوەو پارتیش بە کاریگەری جوگرافیاو بەکاریگەری دابەشبوونی تەوەرەکانی شیعەو سونە لەهەمان تەوەرە، بۆیە ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کردی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی نەیکرد. کۆمەڵی ئیسلامیش لەبەر ئەوەی سەربە ئێرانەو لەگەڵ یەکێتی لە هەمان تەوەری شیعەن، ئامادەبوونی ئێران و رەچاوکردنی پێگەو رۆڵی یەکێتیش نەیهێشت کۆمەڵی ئیسلامی بەدەردی گۆڕان بچێت.

لەم بارودۆخەدا کە گۆڕان و ئیسلامیەکان باسی لابردنی مەسعود بارزانیان دەکرد لە لوتکەی دەسەڵات، مەسعود بارزانی و پارتی چێژیان لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە وەردەگرت و باسی ئەوەیان دەکرد هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا نەماوەو بەغدا بەتەواوی دەستووری پێشێل کردووە، بۆیە کورد مافی خۆیەتی بیر لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بکاتەوە. بە پشتبەستن بەم هەڵوێستە، لە رووی راگەیاندن و لە زاری زۆرینەی بەرپرسانی پارتی و کادیران و تەنانەت جەماوەری پارتیەوە بەردەوام باسی سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردی دەبیسترا. لە کاتێکدا ئەو دەنگە لەلای بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان یان دژایەتی دەکرا یان

گاڵتەو سوکایەتی پێدەکرا. کەمینەیەکی یەکێتی لایەنگری ریفراندۆم بوون و زۆرینەی یەکێتی بێدەنگ بوون، دەستەبژێرێکیش لەناو یەکێتیدا بە ئاشکرا دژایەتی ریفراندۆمیان دەکرد، کە سەرئەنجام لە پاداشتی ئەو دژایەتیکردنەداو لە دوا کۆنگرەی یەکێتیدا لایەنگرانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە ناو یەکێتی خرانە دەرەوەی بڕیارو نەیارانی سەربەخۆیی و ریفراندۆم کرانە خاوەنی یەکێتی و بڕیاری یەکێتی. ئەمان پێیان وایە کە شوێنکەوتووی راستەقینەو راستگۆی مام جەلال و بەرنامەی یەکێتین چونکە پێیان وایە مام جەلال و یەکێتی هەمیشە لەگەڵ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقدا بوون و هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی دابەشکردنی عێراق لەگەڵ روانین و هەڵوێست و بەرنامەی مام جەلال و یەکێتیدا یەکناگرێتەوە. لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا کە شوناسی یەکێتی وەکو پارتێکی نیشتیمانی عێراقی و پارێزەری یەکێتی خاکی عێراق دووپات دەکاتەوە، لایەنگرانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی ناو سەرکردایەتی یەکێتی لە لایەن ئاراستەی عێراقچێتی یەکێتیەوە بەوە تاوانبار کران کە خۆیان فرۆشتووە بە پارتی.

لەم بارودۆخەدا مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتنە باسی گەڕانەوە بۆ لای میللەت و پرس پێکردنی، هەتا بزانرێت ئایا کورد دەیەوێت لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە یان نا. بۆ ئەم مەبەستەش بابەتی ریفراندۆم هاتە ئاراوە. بۆ ئەو ئامانجە لەسەر داواکاری سەرۆکی هەرێمی ئەو کاتە کە مەسعود بارزانی بوو، لە مانگی حوزەیرانی ۲۰۱۷دا، کۆبوونەوەیەک بۆ پارت و لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکانی کوردستان رێکخرا، کە بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئەوانی تر بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا یەکێتی بە شاندێکی باڵا بەشداریان کرد و هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا رۆژی ۲۵ی ئەیلولی هەمان ساڵ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاریکرا. هەروەک بڕیار درا لە کەرکوک و ناوچە جیناکۆکەکانیش ریفراندۆم ئەنجام بدرێت. کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم کردو ریفراندۆم لەکاتی دیاریکراودا ئەنجامدرا. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لەسەر ئاستی ناوخۆ، بە تایبەتی راگەیاندنی پارتی کەوتە هاندانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە بەڵێ. مەسعود بارزانی لە شارە دیارەکانی کوردستان کۆبوونەوەی

جەماوەری ئەنجامدا، لەناویاندا هاتە شاری سلێمانی و لە یاریگای سلێمانی وتارێکی پێشکەش کرد، کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمد وەکو کەسی بڕیاربەدەستی یەکێتی لە شانی مەسعود بارزانیەوە راوەستابوو. بێجگە لە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بەرپرسانی پارتەکانی تر لە ئاستی جیاجیادا بەشداری کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی سەرۆکی هەرێمیان دەکرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی ریفراندۆمدا، هەڵوێستی یەکێتی بۆ پشتگیری ریفراندۆم پاشەکشەی دەکرد، کە بەئاشکرا دیاربوو لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمدا نین، هەرچەندە پێشتر سووربوون لەسەر ئەوەی کە ریفراندۆم لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانیش ئەنجام بدرێت. بەڵام سەرباری پەشیمان بوونەوە کە دیارە فشاری ئێران و هاوپەیمانە شیعەکانی عێراقیشیان لەسەر بوو، یەکێتی نەیتوانی بە رەسمی رایبگەیەنێت کە لەگەڵ ریفراندۆم نیەو لەبەرئەوە بەشداری ناکات. بەڵام وەکو ئاستی دەنگدان دەریخست کە لە جوگرافیای سەوزو نیلیدا رێژەی بەشداریکردن گەلێک کەمبووە. بەهەرحاڵ لەسەر ئاستی کوردستان رێژەی دەنگدانی ئەوانەی بەشدارییان کرد، لەسەروی لە ٩٠٪ ەوە بە بەڵیٔ دەنگیان دابوو.

ئاشکرایە مەبەست لە ریفراندۆم ئەوە بوو تا بزانرێت ئایا خەڵکی کوردستان دەیانەویت لەگەڵ عێراق بمێننەوە یان جیاببنەوە. رێژەی دەنگدانی بەشداربووان بە بەڵی بۆ جیابوونەوە ئەوەی نیشاندا کە دانیشتوانی باشوری کوردستان نایانەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە. ئەم دەنگەش بۆ یەکەمجار هەم دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی عەرەبی عێراقی و هەم سیٔ کۆلۆنیالیستەکەی تری سیٔ بەشەکەی تری کوردستان و هەم دنیای بڕیاربەدەست کە هەمیشە بریتی بوون لە کۆلۆنیالیستەکان و ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا گوێیان لە دەنگی کوردی باشوری کوردستان بوو بە ناوچە جێناکۆکەکانیشەوە کە خواستی خۆیان بۆ دەرچوون لەژێر هەژموونی کۆلۆنیالیستی عەرەبی عێراقی بەرزکردەوە. کە خاڵی هەرە گرنگیش بە گوێرەی ریفراندۆمەکە ئەوەیەو هەموو ئەوانەشی کە ئەو کات و دوای ریفراندۆمەکەو ئێستاش دژایەتی ریفراندۆمیان کردو دەیکەن، دژی خواستی راستەقینەی گەلی کوردن لە باشوری کوردستان و هەر پاساوێک و هەر بیانوویەکیان هەبێت، هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە هەڵوێستەکەیان نا

نەتەوەییانەیەو دژی خواستی کوردی باشور بووەو هاوکارو یارمەتیدەرو هاوهەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستان بوون بۆ مانەوەی باشوری کوردستان وەکو کۆڵۆنیەکی ناوخۆ لە ژێر هەژموونی کۆڵۆنیالیستی عەرەبی عێراقیدا. هەروەک هەڵوێستی دژ بەرامبەر بە ریفراندۆم دەریخست کە خاوەنی ئەو هەڵوێستە لە بنەڕەتەوە خەباتیان لە پێناوی گۆڕینی سیستیمی فەرمانڕەوایی عێراقدا کردووە لە دەستی حیزبی بەعس و عەرەبێکی فاشیستی وەکو سەدام حسێنەوە بۆ دەستی چەند حیزبێکی مەزهەبی شیعەو سونەی ناسیونالیست و ریزێک عەمامە بەسەرو شیعەی ئەفەندی، واتە خەباتی کۆی ئەو پارت و کەسانەی دژی ریفراندۆم بوون خەباتی عێراق بووە بۆ گۆڕینی سەری رژێم نەک خەبات بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان. بێگومان یەکەمین هۆی بەدینەهێنانی ئەنجامی ریفراندۆم رۆلی نەرێنی رووبەرێکی فراوانی پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان خۆی بوو. هەمووش بینیومانە کە چۆن لە کورتترین ماوەدا لە ژێر سەرپەرشتی ئێرانیەکاندا بەشێک لە کورد کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تریان خستەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی کۆڵۆنیالیستی عێراقی.

گرنگی گێڕانەوەی رووداوەکان وەکو خۆی، بە مەبستی ئەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە بزانین ئایا ناسیونالیزمی کوردی تا چ ئاستێک ئامادەبوونی هەبوو لە ریفراندۆمدا؟ هەروەها تا بزانین ئایا گوتاری پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدایە؟

ئێمە لە باسی گوتاری راپەڕینەکانی کورددا ئاخاوتنی ناسیونالیزم و ناسیونالیستمان کردووە. کە یەکەمیان واتە ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئامادەبوونی نەبووە، بەڵام ناسیونالیست وەکو تاکەکەس و لە ئاستێکی سادەو لاوازیشدا وەکو دەستەبژێر ئامادەبوونی هەبوو، بە تایبەتی لە لوتکەی راپەڕینەکاندا کەسانی ناسیونالیست هەبوون. شێخ عوبەیدوڵای نەهری، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ مەحمودی حەفیدزادە، ئیسماعیل ئاغای شکاک، شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نوری پاشا و سەید رەزای دەرسیم و مەلا مستەفای بارزانی و قازی محەمەد... سەرکردەی ناسیونالیست بوون لە نەبوونی ناسیونالیزمدا. هەر ئەوەش

وایکردووە کە گوتاری ڕاپەڕینەکان بە بەشێک لە ڕەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی بکرێن.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، لەبەر ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسکران، هەستێکی ناسیونالیزمی سادە کە دەشێت بە ناسیونالیزمی شێوە پارتی ناوببرێت لە بەرنامەو پەروەردەی حیزبیی پارتیدا دەرکەوتووەو بە شێوەیەک رووبەری ڕێکخستن و لایەنگرانی ئەو پارتەی گرتووەتەوە. هەر ئەوەش وایکردووە لە ڕووی بەراوردەوە بە پارت و ڕێکخراوەکانی تری کوردستان، لە رووکەشدا پارتی وەکو پارتێکی ناسیونالیزم دەربکەوێت. بەڵام کە قوڵ دەبیتەوە بۆ شیکردنەوەی چەمکی ناسیونالیزم و بە تایبەتی ناسیونالیزمی نەتەوەیەکی کۆڵۆنیکراو، ئەوا ناسیونالیزمی شێوە پارتی دیدو تێڕوانین و ئامرازەکانی ناسیونالیزمێکی پێگەیشتووی بۆ دروست نەبووە.

تەنیا لە بەئەنجام گەیاندنی پرۆسێسی یەکێتی و یەکبوون و یەکخستنی هەموو پێکهاتە چیانەیەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەزهەبی و خێڵایەتی و عیشیرەتایەتی و حیزبایەتیەکاندا لە یەکەیەکی یەکگرتووی پتەودا کە ناسیونالیزم دەبێتە ئایدیۆلۆجیای ئەم یەکە یەکگریووە وەکو هێزێکی جەماوەری دژە کۆڵۆنیالیزم، ناسیونالیزمی خاوەن شوناس و پێگەیشتوو بوونی دەبێت و پێناسە دەکرێت. هەروەک ڕێگای گەیشتن بەم یەکێتی و یەکبوونە بە ئامرازکردنی هەموو شتێکە لە پێناوی نەتەوەو بەرژەوەندی نەتەوایەتیدا بە حیزب و بە هەموو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوە. بەڵام ئاشکرایە کە پارتی ئەو گوتارەی وەکو گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بەرزی کردۆتەوە، نەیتوانیووە بیکات بە گوتاری باشوری کوردستان، بەڵکو وەکو گوتاری پارتی یان لە باشترین باردا گوتاری جوگرافیای زەرد ماوەتەوە. کاتێک گوتاری شێوە ناسیونالیزمی پارتی دەشێت ببێتە گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس و بەلایەنی کەمەوە ببێتە گوتاری باشوری کوردستان، کە ئەو گوتارە دیمەنی پارتایەتی پێوە نەمێنێت، بەڵکو دیمەنی کوردایەتی تەواو وەربگرێت.

کەواتە لەم قۆناغەدا ناسیونالیزمێکی شێوە پارتی دەرکەوت کە زیاتر سرۆشی لە دیدی ناسیونالیستانەی مەسعود بارزانی و دەستەبژێری پارتیەوە وەرگرت و سەرهەڵدانی بیرۆکەی ریفراندۆم لەوێوە دەستی پێکرد.

واتە بیرۆکەی ریفراندۆم لە هەناوی ناسیونالیزمی شێوە پارتیەوە لەدایکبوو. گرفتی یان کەموکورتی سەرەکی ئەوە بوو کە ئەم ناسیونالیزمە سادەیەی کە بیرۆکەی ریفراندۆمی هێنایە پێشەوەو ئامادەسازی بۆ کرد و کۆبوونەوەی بۆ رێکخست و کاتی بۆ دیاریکرد، پێداویستی سەرەکی ریفراندۆمەکە کە ئامادەکردنی زەمینەی یەکێتی و یەکبوون بوو، هیچ هانگاوێکی کردەیی ئەوتۆی بۆ نەنرابوو. ئەمەش راست و دروست پەیوەندی بە لاوازی ئەو ناسیونالیزمەوە هەبوو کە لە پشتی ریفراندۆمەکەوە بوو.،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ناسیونالیزمە نەیتوانیبوو لە سنووری رێکستنی پارتی بپەڕێتەوەو هەموو جەستەی کۆمەڵگا، یان نەتەوە بەگشتی لەسەر ئاستی جەماوەر بگرێتەوە. ئەم بێ توانایی و لاوازیەی ناسیونالیزمی کوردی کە لە پشتی ریفراندۆمەوە بوو، وایکرد کە ریفراندۆمەکە لە بری ئەوەی روخسارێکی نەتەوەیی وەربگرێت، زیاتر روخسارێکی پارتیانەی وەرگرت. هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی نەیارەکانی پارتی، ریفراندۆمەکە وەکو خۆنمایشکردنێکی پارتی باس بکەن و لە راستیشدا زۆرینەی پارت و رێکخراوەکانی تری کوردستان دەنگی پێنەدەن. بەڵام ئەو پارت و رێکخراوانەی تر لەوە لاوازترو ناکاراتر بوون، هەڵوێستی روونی خۆیان دیاری بکەن، بەڵکو لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا وەکو پاشکۆی پارتی کێش دەبوون و لە روخساریشیاندا نارەزایی و بێزاری رەنگی دەدایەوە. هەژموونی پارتی و ناسیونالیزمی شێوە پارتی پشتی ریفراندۆم وایکردبوو، کە کادیرانی لایەنگری ریفراندۆم لە ناو پارت و لایەنەکانی ترو کەسانی ناسیونالیستی سەربەخۆ، بەشوێنکەوتووی پارتی بدرێنە قەڵەم.

لەم هەلومەرجەدا بە تایبەتی لە لایەن نەیارانی ریفراندۆمەوە هەڵەیەکی گەورە ئەنجامدرا کە سەرباری دژایەتیکردنیان بۆ ریفراندۆم، لەبەر رق و کینەیان لە پارتی و ناکارایی و لاوازییان لەبەردەمی پارتیدا، هەموو کۆمەڵگای کوردییان دابەش دەکرد بۆ سەنگەری پارتی و سەنگەری دژە پارتی. ئەوەش دەرئەنجامی ئەو روانینە تەسک و ئاسۆ لێڵەیە بوو کە بەردەوام دنیا دابەش دەکات بۆ دوو جەمسەر، دۆست و دوژمن. ئەم هەڵوێستە ناجۆرەی نەیارانی ریفراندۆم و کێشانی سنوورێک لە نێوان لایەنگرانی ریفراندۆم نەیارانی ریفراندۆمدا کە دەرهاوێشتەی عەقڵ و کەلتوری داخراوی ئایینی، خێڵایەتی، یان پارتە ئایدیۆلۆجیە داخراو و تەنانەت تۆتالیتارەکانە.

سەرباری نەتوانینی جێبەجێکردنی دەرئەنجامی ریفراندۆم کە بەپێی رێژەی دەنگدان دەبوو سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی رابگەیەندرایە، بەڵام ئەوە رووینەدا. لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی بڕیاردەر و ئەنجامدەری ریفراندۆم بوو، بێگومان کارنەکردن بە ئەنجامی ریفراندۆمیش لە ئەستۆی سەرۆکی هەرێم و پارتی بوو. بەڵام لە بەرامبەر نەتوانینی پارتی بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامی ریفراندۆم، یەکێتی نیشتیمانی رێکەوتنێکی یەک لایەنەی لەگەڵ هێزەکانی کۆلۆنیالیستی عێراقی و بە چاودێری ئێران کردو کەرکوک و خانەقین و رووبەرێکی فراوانی لە قەڵەمڕەوی خۆی خستەوە ژێر دەستی هێزەکانی داگیرکەری عێراقی. هەڵبەت ئامانجی یەکێتی لەم هەڵویستە لاوازو چاوەڕون نەکراوەی ئەوە بوو بە تەواوەتی پارتی لاواز بکات و لە بەرامبەریشدا داگیرکەری عێراقی پشتگیری بکات و بەلایەنی کەمەوە بیکات بە خاوەنی راستەقینەی کەرکوک و خانەقین و ناوچە جێناکۆکەکانی ترو پشتگیریشی بکات بۆ زیاتر فشار خستنە سەر پارتی بەو ئومێدەی پارتی ناچار بێت زیاتر گویٔ لە یەکێتی بگرێت. بەڵام یەکێتی لەم کارەی کردی، نەک هیچی دەست نەکەوت، بەڵکو ئەوەی پێشتر لە کەرکوک و خانەقین و هەندیٔ شوێنی تر هەیبوو ئەوەشی لە دەستداو لەبەردەمی پارتیشدا نەک پێگەی بەهێز نەبوو، بەڵکو لاوازتر بوو.

وەکو لێکدانەوە بۆ پێگەی پارتی لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، نەیارانی ریفراندۆم لە ناو یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و کەسانی تریش، پێیان وابوو پارتی لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا بەهۆی ریفراندۆم و سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی و ئەو کێشانەی کە بەهۆی ریفراندۆمەوە دروستبوون، دەنگەکانی تەواو کەم دەکات و ئەو پێگەو قورساییەی نامێنێت. ئەوەش وای لێدەکات نە لە کوردستان و نە لە عێراق هیچ قورساییەکی نەمێنێت، بەڵام ئەم بۆچوونەش بە پێچەوانەی لێکدانەوەی نەیارانی ریفراندۆمەوە، ئاوەژوو دەرچوو. سەرباری یارمەتی ئێران بۆ دۆستەکانی، بەڵام دەنگەکانی پارتی پێگەی ئەوی زیاتر بەهێز کرد.

سەرئەنجام، جارێکی تر هاریکاری سوپای داگیرکەری عێراقی لە لایەن بەشێک لە کورد خۆیەوە بۆ دەستگرتنەوە بەسەر کەرکوک و ناوچە

جیناکۆکەکانی تردا، وێنەیەکی ناشیرینی کوردی نیشانی داگیرکەرانی کوردستان و جیهانیش دا. بەم شێوە ئیشکردنە پارتە کوردیەکان.. جارێکی تر دەریانخستەوە کە هێشتا ناسیونالیزمی کوردی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەدەست ململانێی هێزە ناوخۆییەکانەوە ئازار دەچێژێت[٣]. بەڵێ دەرئەنجامی رووداوەکانی پێش و کات و دوای ریفراندۆم دەری دەخەن، کە لە روخاندنی رژێمی فاشیزمی بەعسەوە تاکو ساتەوەختی ریفراندۆم و هەتا ئێستاش، ناسیونالیزمی کوردی نەبووەتە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کە هەموو کۆمەڵگای کوردی کردبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لەم قۆناغەدا زیاتر بارگاوی بووە بە رەگەزەکانی ناسیونالیزم و ئەگەر لە ئاستێکی تا ئەندازەیەک شەرمن و رووکەشیشدا بێت وەکو پێشتر بە ناسیونالیزمی شێوە پارتی وەسفمان کرد، بەڵام جیاواز لە رابردوو باسکردنی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت دەبیسترێت. ئەگەر ئەوە تاکو ئێستاش نەبووبێتە یەکەمین دەنگی بیستراو بەڵام دەنگێکە دەبیسترێت و بێگومان رۆژ لە دوای رۆژیش گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت. ئەگەرچی لەسەر ئاستی پارتایەتی دوو ئاراستە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردی بە پێچەوانەی ئاراستەی راستەقینەی ناسیونالیزمی کوردیەوە کاردەکەن و دەجولێن. ئەو دوو ئاراستەش، یەکەمیان ئاراستەی خوازیاری پێکهێنانی یەک گەلە لەگەڵ عەرەبی عێراقدا کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گۆڕان وەکو ئاراستەی نائایینی نوێنەرایەتی دەکەن. دووەمیان ئاراستە ئیسلامیەکانن کە ئەگەر بانگەشەیشی بۆ نەکەن ئەوان بڕوایان بە ئومەمیەت هەیەو ئینتیمای ئایینی بۆ ئەوان لە پێش ئینتیمای نەتەوەیی یان ئیتنیکیەوەیە. ئەوان ئاواتەخوازی ئەوەبوون کە بیانتوانیایە ببنە ناسیونالیزمی ئایینی وەکو پارتی دادو گەشەپێدان یان ناسیونالیزمی مەزهەبی وەکو شیعەی ئێرانی دەسەڵاتیان بەسەر باشوری کوردستاندا بکردایە. ئەگەر ئەوەیان پێبکرایە، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی کوردییان دروست دەکرد. بەڵام لە بارودۆخی باشوری کوردستاندا ئەوە ئەگەرێکی تەواو لاوازە، بە تایبەتی کە پێگەی ئیسلامی سیاسی لێرە بەرەو لاوازی دەچێت نەک بەهێزی. هەر لەم روانگەیەوە، لەبەرئەوەی پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان ناتوانن سیستێمێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران، تورکیا یان عێراق دروست بکەن، پێیان باشە باشوری کوردستان سەربە

عێراق بێت ئەگەر لە عێراقدا دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبێت کە ئەو دەوڵەتە لە روانگەی یەکگرتووەوە وەکو دەوڵەتی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بێت، یان لە روانگەی کۆمەڵی ئیسلامیەوە هاوشێوەی ئێران بێت بەڵام لەبری مەزهەبی شیعە، مەزهەبی سونە تیایدا فەرمانڕەوا بێت.، باشترە لەوەی دەولەتێکی کوردی عیلمانی لە کوردستاندا هەبێت.

وەکو گوتمان ناسیونالیزمی کوردی، کە بێگومان بە گوێرەی زەمینەو واقیعی کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان پێشبینی ناسیونالیزمێکی عیلمانی دەکرێت، تا ئێستا نەبووەتە ئەو هێزە یەکلاییکەرەوە کە هەموو بەربەستەکان رابماڵێت و دەوڵەتی نەتەوە دروست بکات و لەوێشەوە بە چەمکی مۆدێرن نەتەوە دروست بکات. نەتوانینی بڕیاردان لە دەرئەنجامەکانی ریفراندۆم پەیوەستبوو بە لاوازی ناسیونالیزمی کوردیەوە. ئەو ناسیونالیزمە لاوازەش کە لە پشتی ریفراندۆمەوە بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتی دەکات، کە نەیتوانی ئەنجامەکانی ریفراندۆم لەسەر زەمینەی واقیع پیادە بکات. کەواتە ئاشکرایە، هەتا ئێستا ئەو ناسیونالیزمە خاوەن شوناس و خاوەن پرۆژەیە لە کوردستاندا دروستنەبووە کە دەرئەنجامەکانی ریفراندۆم لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجی بکات.

# سەرچاوەکان

1. Iain Mclean and Alistair Mcmillan, Oxford Conscise Dictionary of politics, 3rd edition, Oxford University press, 2009, p. 453.

٢. پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، مادەی دووەم، پەسەندکراوی کۆنگرەی سیانزەیەم.

٣. مارتین ڤان پرۆنیسین و رۆبێرت ئۆڵسن و نووسەرانی تر،دەربارەی کوردو ناسیونالیزمی کوردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٢٠، ل ١٧١.

# بەشی پانزەیەم

## ناسیونالیزمی ژێر کاریگەری و شوناسی ناتەواو

سەرەتا: بۆ ئاخاوتن لەسەر ئەم ناونیشانە پێویستە ئەو پرسیارە بەرزبکەینەوە: ئایا ناسیونالیزمی کوردی خاوەنی شوناسی خۆیەتی؟ مەبەست لەم پرسیارەش ئەوەیە ئایا ناسیونالیزمی کوردی بەرهەمی کۆمەڵگای کوردی و سروشتی ئەم کۆمەڵگایەیە، یان خواستراو و وەرگیراوە؟ ئایا کاریگەری دەرەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی لەسەر دەرکەوتن و سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناسیونالیزمی کوردی چەندە، تەنیا لە سنووری کاریگەری و کارلێکردندایە، یان لە راستیدا سەرهەڵدانی ئەم ناسیونالیزمە لە ژێر کاریگەری ئەوانیتردا بووە؟ واتە ئەگەر دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی لە ژێر کاریگەری ئەوانیتردا دروست بووبێت، ئایا لە راستیدا گواستنەوەی ئایدیۆلۆجیاو بەرنامەو پرۆژەی ناسیونالیستەکانی ترە، واتە ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمی نەتەوەکانی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی ناوخۆی کوردستان؟ ئایا ناسیونالیزمی کوردی کەی دەتوانێت شوناسی تەواو بەرهەم بهێنێت؟ ئایا چ پەیوەندیەک لە نێوان گوتاری ئۆتۆنۆمی و ناسیونالیزمی کوردیدا هەیە؟ ئایا گوتاری ئۆتۆنۆمی وەکو گوتارێکی ناتەواو تا چەند بەرهەمی دابەشبوون و مانەوەی کۆمەڵگای کوردیە لە قۆناغی پێش نوێگەریدا؟ ئایا نوێگەری دەرەوە چ دەورێکی هەبووە لەسەر ناسیونالیزمی کوردی و تا چەند نزیکی کردووەتەوە لەوەی ببێتە خاوەنی گوتاری تەواو و لەوێشەوە زەمینەی بەدەستهێنانی شوناسی تەواو ئامادە ببێت؟ هەروەها ئایا گواستنەوەی ئایدیۆلۆجیاکانی

دوورتر کە دەست پێدەکات بە ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی، ئایدیۆلۆجیای چەپ- مارکسیزم، لینینیزم، ترۆتسکیزم، گیڤاریزم، ماویزم و کۆمۆنیستی ئەوروپی- و لیبراڵ و فاشیزم و رەیسیزم و شۆڤێنیزم و فاندەمێنتالیزمی ئیسلامی چ کاریگەرییەکیان لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی و سروشتی ئەو ناسیونالیزمە هەبووەو هەیە؟

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە: کۆمەڵگای کوردی پەرەسەندنێکی ناسروشتی هەبووەو ئەوەش وایکردووە کە لە هیچ قۆناغێکی مێژوویدا ئەم کۆمەڵگایە نە خاسیەتەکانی ئەو قۆناغە بە تەواوی وەربگرێت، نە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو قۆناغە بە سروشتی پێکبێن، نە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو قۆناغەو نە سیستێمی ئابووری ئەو قۆناغە بخەملێن[١]. بێگومان هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو رەگەزو بنەما مادییانەی کە پێویستن بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزم بە شێوەیەکی سروشتی نەخەملیون. بۆ نموونە گیلنەر بڕوای وایە بە پیشەسازیکردن و گواستنەوە لە کۆمەڵگای لادێوە بۆ کۆمەڵگای شار بنەمای کۆمەڵایەتی پێویستن بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەندو بەو پێیەش دەرکەوتنی ناسیونالیزم. ئەندێرسۆن پێیوایە دەرکەوتن و پەرەسەندنی چاپەمەنی و بوونی هوشیاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە شوناسی گشتی کۆمەڵە خەیاڵیەکان مەرجی پێویستن بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزم. هۆبسباوم رای وایە دەرکەوتنی ئابووری نەتەوەیی و چینە کۆمەڵایەتیەکان بنچینەی ناسیونالیزمن. ئەگەر لە هەرکام لەم تێڕوانینانەوە سەیری ناسیونالیزمی کوردی بکەین، ئەوا بە ئاشکرا دەبینین هیچ کام لەم پێش مەرجە بابەتیانە لە رابردووی کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەبوونیان لەو ئاستەدا نەبووە کە ببنە بنەما بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی.

هەروەک ئاشکرایە، دەرکەوتنی ناسیونالیزمی نەتەوەکانی دەوروبەری کوردستان و تەنانەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتیش بەگشتی لە رووی مێژووییەوە دەکەوێتە دوای دەرکەوتنی ناسیونالیزمی رۆژئاواوە. لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی دەکەوێتە دوای دەرکەوتنی ناسیونالیزمی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە بریتین لە تورک و فارس و عەرەب و هەریەکەشیان کۆلۆنیالیستی بەشێکی کوردستانە.

کاتێ باسی ناسیونالیزمی کوردی دەکەین، ئەوەمان لا روونە کە باسی ناسیونالیزمی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو و ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم دەکەین. بەشێوەیەکی سروشتی ناسیونالیزمی هەموو نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو، لە لایەک لە ژێر کاریگەری ناسیونالیزمی کۆلۆنیالیستدا دروست دەبێت، لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی ترسی لەناوچوون و وەکو کاردانەوە دەروست دەبێت. دەبێ لە باسکردنی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردیدا ئەم بارودۆخە لە بیر نەکرێت. هەروەک سەرباری ئەوەی کە کۆلۆنیالیکردن رۆڵی نێگەتیفی هەیە لە سەر شێوەی دەرکەوتن و دروستبوونی ناسیونالیزم، بە گوێرەی کۆمەڵگای کوردی بارودۆخەکە ئاڵۆزتریشە. ئەویش لەبەر دوو هۆکار، کە یەکەمیان ئەوەیە کوردستان کراوەتە چوار کۆلۆنی و لە لایەن چوار دەوڵەتی کۆلۆنیالیستەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیین کۆلۆنیکراوە. بێگومان مانەوە لە ژێر کاریگەری و هەژموونی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالیستدا، بنەما سروشتی و خۆڕسکەکانی یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەیی لاوازکردووە. دووەم دوو بەشی کوردستان کە باشورو رۆژئاوان، کراونەتە کۆلۆنی دوو دەوڵەتی کۆلۆنیکراو. ئەمەش رۆڵی هێجگار نەرێنی هەبووە لە شێواندن و ونکردنی ئاراستەی دروستی سەرهەڵدانی هەستی ناسیونالیستی کوردیدا، لەو روانگەیەوە کە ئایا بۆ رزگاربوون لە کۆلۆنیالیستی دەرەکی ئاراستە بکرێت، یان بۆ رزگاربوون لە کۆلۆنیالیستی ناوخۆ؟ بێگومان ئەمەش لە لایەک هەر لەسەرهەڵدانەوە ئەو هەستە سادە نەتەوەییەی دابەشکردووە، لە لایەکی ترەوە هەژموون و دەسەڵاتی ستەمکارانەی کۆلۆنیالیستی دەرەکی هاوچارەنووسیەکی لە نێوان کۆلۆنیالیستی ناوخۆ و کوردی کۆلۆنی ناوخۆدا دروست کردووەو ئەو بۆچوونە دروستبووە کە کورد لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە کۆلۆنیکراوەدا کە ئەمی پێوە لکێندراوە، بەشێکە لە گەلی ئەو وڵاتەو ئەرکی یەکەمی خەباتی هاوبەشە بۆ رزگاربوون لە کۆلۆنیالیستی دەرەکی.

ناسیونالیزمی کوردی بەو شێوەیەوەی کە ئێستا دەبینرێت بەرهەمی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزو بەناویەکداچووە پڕ لە گرێ و کێشەیەیە، کە ئەوەش رۆڵی لەبەرچاوی هەبووە لە ناسروشتی شێوازی پێکهاتن و دەرکەوتنیدا. بە تایبەتی لە زەمینەیەکدا کە ئەو سێ بۆچوونەی لەسەرەوە وەکو پێش مەرجی دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم باسکران لە زەمینەی کوردستان و

کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان نەبووە. بۆیە لێرەوە دەبێت ئاماژە بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی بکرێت لە ئاستی یەکەمدا وەکو دروستبوویەکی ژێر کاریگەری دەرەکی یان کاریگەری ئەوانیتر، لە ئاستی دووەمدا باسی کاردانەوە بەرامبەر بە هەژموونی ناسیونالیزمەکانی ترو ترسی لەناوچوون بکرێت. ئاشکرایە ئەم کاریگەرییانە بنەمای هاوشێوەبوونیان لە نێوان ناسیونالیزمی سادەی کوردی و ناسیونالیزمی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستاندا دروست کردووە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کردووە تەنانەت کورد لە خوێندنەوەی مێژووی خۆیدا ڕێگای هاوشێوەکردنی گرتۆتەبەر[٢]. واتە مێژووی خۆیی لەسەر بنەمای لێکچواندن بە مێژووی ئەوانی تر خوێندۆتەوەو لەو ڕووەوە چوارچێوەیەک ئامادەکراوەو کوردو مێژووی کورد بە پێوانەی ئەو چوارچێوەیە پێوراوە. لەم ڕونگەیەوە بێ لەبەرچاوگرتنی باری واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری مێژووەکەی بەهاوشێوەکردن لەگەڵ مێژووی گەل و نەتەوەکانی تردا وەکو مێژووی کۆمەڵگایەکی ئاسایی و پەرەسەندو کە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی سروشتی هەبووبێت، خوێندراوەتەوە.

ئێمە پێشتر باسی کاریگەری دەرەوەمان کرد، واتە کاریگەری ناسیونالیزمی ڕۆژئاوا لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ڕۆژهەڵات و لەناویشیدا ناسیونالیزمی کوردی. هەر خۆی لە ڕاستیدا کۆلۆنیالیزم و دواتریش ئیمپریالیزم بەرهەمی ناسیونالیزمی ڕۆژئاوان. لە ئەنجامی پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردندا، دەوڵەتی کۆلۆنیالیست بە کەلتوری ناسیونالیزمیەوە، بە بەرهەمەکانی مۆدێرنێتەوە، هەژموونی خۆیی بەسەر کۆلۆنیدا سەپاندووەو ئەوەش سەرئەنجام دەوری هەبووە لە دروستبوونی هەستی نەتەوەیی لای پێکهاتەی کۆلۆنیکراو. کە ئەمەیان وەکو ڕوویەکی ئەرێنی کۆلۆنیالیزم پەیوەست بە دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کۆلۆنیکراو لێکدەدرێتەوە. هەروەها هەژموونی کۆلۆنیالیست بەسەر کۆلۆنیکراوەوە لە چەند ڕوویەکەوە کاریگەری هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کۆلۆنیکراو، بۆ نموونە ترس لە لەناوچوون.

ترس دیاردەیەکە کە هەژموونی کۆلۆنیالیزم لە لای کۆلۆنیکراو دروستی دەکات، ئەویش ترسە لە سەرکوتکردن، ترسە لە لەناوچوون. بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە ترس لە کۆمەڵگای کۆلۆنیکراودا دەوری کاریگەری هەیە بۆ بەهێزکردن و جوڵاندنی ناسیونالیزم بەرامبەر بە کۆلۆنیالیست. واتە ترس لە

کۆمەڵگایەکی کۆلۆنیکراوداو ژیان لە سایەی ئەو ترسەدا نابیتە هۆی روخاندن و هەرەس، بەڵکو دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی پەیوەستبوون بەژیانەوە، هەستی پەیوەستبوون بە خاکەوە، کە ئەوەش هەستی لە رووداوەستان دروست دەکات. واتە لە رووداوەستانی کۆمەڵگای کۆلۆنیکراو بەرامبەر بە هەژموون و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیست. ئەو هەستەش راستەوخۆ دەبێتە هۆی دروستکردنی دووانەیەک لای کۆلۆنیکراو، کە بریتیە لە دووانەی ئێمەی بەردەم مەترسی و هەڕەشە لێکراو لە بەرامبەر ئەوانی مەترسیدارو هەڕەشەکەردا. ئەو هەستەی لە پشتی دروستکردنی ئەم دووانەیەوەیە، هەستی ناسیونالیزمە. واتە ترس لەوی تر دەبێتە هۆی دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم و تەنانەت لەگەڵ بەردەوامی و رۆیشتنی کاتدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی. ئەم ترسی لەناوچوونە، بە شێوەیەکی خۆڕسک دەبێتە هۆی دروستکردنی گیانی بەرگری. بە گوێرەی کورد، ترسی بەردەوام لە لەناوچوون رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی گیانی بەرگری لای کوردو لە قۆناغەکانی دواتریشدا ئەو گیانی بەرگریە تێکەڵاوی هەستی نەتەوەیی یان ناسیونالیزم بووە.

لە ئەنجامی کۆلۆنیالیکردندا مەترسیەکی تر لای کۆمەڵگای کۆلۆنیکراو دروست دەبێت، ئەویش مەترسی بوونی کۆلۆنیە بە بەشێک لە یەکەیەکی گەورەتر کە ئەو یەکەیەش دەوڵەتی کۆلۆنیالیستە. ئاشکرایە کۆلۆنیالیست بەو عەقڵیەتە وڵاتان یان کۆمەڵگاکانی تر کۆلۆنی دەکات کە بۆ هەتەهەتایە لە ژێردەستی خۆیدا بیانهێڵێتەوە، ئەوەش لە پێناوی بەرژەوەندیە ئابوورییەکانیدایە. لە بارێکی وەهادا کۆلۆنیالیست دەیەوێت کۆلۆنی بکاتە بەشێک لە خۆی. کۆلۆنی هەست بەو مەترسیە دەکات و ئەو هەستەش دیوارێک لە نێوان ئەمی کۆلۆنی و ئەوی کۆلۆنیالیستدا دروست دەکات، کە سەرئەنجام ئەو هەستە وەکو هەستێکی ناسیونالیستی دەردەکەوێت و ئامانجەکەشی لە ئاستی یەکەمدا رەتکردنەوەی بوونی کۆلۆنیە بە بەشێک لە یەکەیەکی گەورەتر کە کۆلۆنیالیستە. بۆ نموونە هەوڵ و کۆششی نەتەوەو ئیتنیکە جیاوازەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ جیابوونەوە، هەوڵ و کۆششی نەتەوەو ئیتنیکەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی سۆڤێتی بۆ جیابوونەوە لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتدا بۆ خۆپاراستنی کۆلۆنیەکانە لەوەی کە نەبنە بەشێک لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست. تەنانەت جیابوونەوەی بەریتانیا لە

یەکێتی ئەورووپا وەکو دەوڵەتێکی ناسیونالیزمی بەهێز لە ترسی بوون بە بەشێکی یەکەیەکی گەورەتر کە کۆمەڵەی ئەورووپیە، کە دەشێت بەریتانیەکان سەرباری ئەوەی نەک کۆڵۆنی نین بەڵکو وەکو کۆڵۆنیالیستێکی گەورەو بەهێزیش هێشتا ترسی ئەوەیان هەبێت لەناو ئەو یەکە گەورەترەدا ون ببن. هەڵبەت لێرەدا بە گوێرەی دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو بەریتانیا مەترسی ونبوونی شوناس یان لاوازبوون و دیارنەمانیشی دێتە ئاراوە.

بۆچوونیک لای کورد خۆی و زۆرێک لە کوردناسانیش جێگیربووە، ئەویش ئەوەیە کە پێیان وایە کورد لە بنەڕەتدا نەتەوەیەو نەتەوەییبوونی کورد هیچ پەیوەست نیە بە بوونی دەوڵەتەوە. ئەم بۆچوونەش لەسەر بنەمای هاوشێوەکردنی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دروستبووە، کە زیاتر بۆچوونی پریمۆدێرالیستەکانە. بۆچوونی پریمۆدێرالیستەکان ئەوەیە کە نەتەوە بووەیەکی سروشتیەو خۆی لە پێش بوونی دەوڵەتدا هەیەو لەبری ئەوەی دەوڵەت نەتەوە دروست بکات، نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات و لەسەر ئەم بنەمایەش مێژووی نەتەوەکان لە مێژووی دەوڵەت کۆنترە. لەم رووەشەوە پایەکانی دروستبوونی نەتەوە بریتین لە نەژاد یان رەگوڕیشەو رەچەڵەک، خاک، زمان. مێژووی هاوبەش، داب و نەریت و فۆلکلۆرو ئەفسانەو هێمای هاوبەش و هەندێجار ئایینی هاوبەشیش لەم رووەوە بە یەکێک لە بنەماکانی بوونی نەتەوە دادەنرێت. لێرەدا هەوتەریب بوونێک لە نێوان ئەم بۆچوونەو بۆچوونی مۆدێرنێتە لەسەر پەیوەندی زمان و فۆلکلۆرو ئەفسانەو کەلەپورو کەلتور بەگشتی لەگەڵ ناسیونالیزم یان بوونی نەتەوەوە دەردەکەوێت.

لەناوچوونی ئەم رەگەزانە یان لەناوبردنیان لە لایەن کۆڵۆنیالیستەوە چی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی بێت وەکو کۆڵۆنیالیستی بەریتانی و فەرەنسی کە هەریەکەیان کۆڵۆنیالیستی دەرەکی بەشێک لە کوردستان بوون، یان لە لایەن کۆڵۆنیالیستی ناوخۆوە وەکو کۆڵۆنیالیستی فارس و تورک و عەرەب کە کۆڵۆنیالیستی ناوخۆی کوردستانن و بەهەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە ئەو پایە گرنگانەی نەتەوایەتی یان بوون بە نەتەوەی کورد لەناو ببەن. لە روانگەی مۆدێرنێتەوە، ترس لە لەناوچوونی ئەم رەگەزانە کە دەشێت بەگشتی بە رەگەزە کەلتوری یان رەگەزەکانی سەرخان ناوببرێن، پێویستبوونی

پاراستنیان دێنیتە ئاراوە. ئەم رەگەزانە کە میرات و کەلتوری خەڵکن و بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکی رۆژانەی میللین، دەبێت بپارێزرێن. هەروەک ئەم رەگەزانە وەکو بنەماکانی شوناس سەیر دەکرێن، هەر بۆیە لەناوبردنیان دەبێتە هۆی لەناوبردنی شوناس کە ئەوەش مانای ونبوون و لەناوچوونە. پێویستبوونی پاراستنی میرات و کەلەپورو فۆلکلۆرو ئەفسانەو هێماکان و بەگشتی کەلتور دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دروستکردنی هەستی پەیوەستبوون و ئینتیما بە بەرهەمهێنی ئەم رەگەزانەوە کە خەڵک یان گروپی ئیتنیکیە. دروستبوونی ئەو هەستە دەروازەیەکە بۆ دروستبوونی هەستی ناسیونالیزم و دەرکەوتنی. هەر لێرەوە دروستبوونی هەستی پاراستنی ئەو رەگەزانە بە هەستی پێویستبوونی پاراستنی سەروەرییەکانی رابردوو دەوڵەمەندو بەهێز دەکرێت.

بۆ زیاتر ئاشکراکردنی ئەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین کاتێ کورد سەرنج لە رابردووی خۆی دەدات، راستەوخۆ لە یادەوەریدا سەردەمێکی زێڕین ئامادە دەبێت کە رووبەری یادەوەری کوردی داگیر دەکات، کە ئەویش یادەوەری رابردووی دەوڵەتی میدە کە ئەم وەکو رابردووی زێڕینی خۆی سەیری دەکات و دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو رابردووە لەسەر رووبەری یادەوەری جۆرێک لە هەستبەخۆکردن و ئامادەبوونی کەسێتی کوردی دێنێتە ئاراوەو ئەمەش لە لایەکی ترەوە هەستی ناسیونالیزم بەهێز دەکات. ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدیهاک و ئاگری نەورۆز سەرباری ئەوەی بۆچوونی جیاواز لەسەر راستی ئەو مێژووەو شوێنی کەسەکان لە درێژەی رووداوەکاندا هەیە، بەڵام ئەم ئەفسانەیە رووبەرێکی فراوانی لە یادەوەری کورد داگیرکردووەو پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ دروستبوون و دەرخستنی هەستی ناسیونالیزمی کوردی. هەروەک ئاشکرایە یەکێک لە پایەکانی ناسیونالیزم ئەفسانەیە، بۆیە ئەو ئەفسانانەی پەیوەندییان بە سەروەری رابردووەوە هەیە پێویستە بپارێزرێن ئەگەر بوون و سەرچاوەی بوون و پەیوەستبوونیان بە ئەوەی لە ئێستادا هەیە تەمومژاویش بێت.

فشارو زەبروزەنگی کۆڵۆنیالیست بەرامبەر بە کۆڵۆنی لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا هەستی خۆپاراستن لای کۆڵۆنی دروست دەکات و لەوەش تێدەگات

کە خۆپاراستن بە تاکەکەس و بە پەرش و بڵاوی ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە هێزی هەمووان هەیە. هێزی هەمووان واتە لێکتر نزیکبوونەوەی کۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا یان هەموو دەنیشتوانی کۆلۆنی و یەکگرتنیان، کە ئەمەش تێکەڵاوبوون و هەستی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست دەکات. هەستی هاوبەش و هەستی پێویستبوون بە یەکتری پێکهاتەکانی کۆلۆنی بەرەو یەکێتی و یەکبوون دەبات، کە ئەوەش هاوتەریبە لەگەڵ دروستبوون و دەرکەوتنی هەستی ناسیونالیزم بەرامبەرو دژ بە کۆلۆنیالیزم. ئەم هەستە سادەیەی بەرگریکردن و خۆپاراستن لە هەژمونی کۆلۆنیالیزم بە چەمکی نویٔ و دەسەڵاتی دەرەوەو نامۆ بە چەمکی کۆن، لە مێژووی کورددا گیانی بەرگری دروستکردووە. لەم بارەیەوە عەباسی وەلی دەڵێت: دیالکتیکی نکوڵیکردن و بەرگریکردن شێوەی سیاسی و خاسێتی ناسیونالیزمی کوردی دیاری دەکات[٣]. بەرەنگاربوونەوەی دە هەزار کەسی یۆنانی لە لایەن دانیشتوانی ناوچە چیاییەکانی زاکرۆسەوە، نموونەیەکی کۆنی ئەو بەرگریکردنەیە لە پێناوی خۆپاراستندا. لە رووداوەستانی سوپای فەتحی ئیسلامی لە شارەزوورو ناوچەکانی تر لە لایەن کوردەوە دیمەنێکی تری ئەو بەرگریکردنەیە. دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کورد لە دەسەڵاتی خێڵەکان و پاشانیش دەسەڵاتی میرنشینەکان بەردەوام رووبەڕووبوونەوەیان هەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتەکان. هەروەک دوای روخاندنی میرنشینەکانیش، راپەڕینە ناوچەییەکانی کورد دژی دەسەڵات و هەژموونی هەردووی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارسی نموونەی ئەم بەرگریکردنەن. بە جۆرێک ئەگەر لە قۆناغی دەسەڵاتی میرنشینەکان و پێشتردا بەرگریکردن تەنیا هۆکار بوبێت بۆ خۆپاراستن لە دەسەڵات و هەژمونی ئەوی دەرەکی و بێگانەو نامۆ، ئەوا لە راپەڕینی بەدرخانیەکانەوە واتە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە فشاری داگیرکەران بووەتە هۆی دروستکردنی هەستی نەتەوەیی یان دەرکەوتنی سەرەتای ناسیونالیزمی کوردی. هەر ئەوەش وایکردووە کە گوتاری بزووتنەوەکان تا ئەندازەیەک بە بەشێک لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی بکرێت.

هەڵبەت لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی کۆمەڵگاوە لە قۆناغی فیودیالیەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری و دەرکەوتنی چینی ناوەند یان بۆرژوای نیشتیمانی و پیشەسازی و دروستبوونی گۆرانکاری

لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی دەستی کار لە لادێوە بۆ شار و دروستبوونی بازاڕی هاوبەش زەمینەی دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم دەخەملێت. ئەم بارە لە روانگەی مارکسیزم و هەروەها لە روانینی گیلنەرەوە کە پاشخانێکی مارکسی هەیە بۆ دەرکەوتنی ناسیونالیزم، رێگای سروشتی دەرکەوتنی ناسیونالیزمە وەکو بیرو ئایدیۆلۆجیای چینی ناوەند. بە گوێرەی کۆمەڵگای کوردی کە پەرەسەندنێکی سروشتی نەبووە وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگا ئاساییەکاندا روودەدات، ئەم گواستنەوەیە لە قۆناغی فیودیالیەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری روونەداوە، هەر بۆیە ناسیونالیزمیش وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی جەماوەریی دروست نەبووە. ئەگەرچی نکوڵی ئەوە ناکرێت کە جوڵەیەکی سادە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا لە کۆمەڵگای کوردیدا روویداوەو بەردەوامیش بووە، وەکو دەرکەوتنی سادەی دەستەبژێری چینی ناوەندو سەرەتایەکی سادەی پیشەو ئیشی دەست و هاتنی بەرهەمەکانی پیشەسازی لە دەرەوە بە شێوەیەکی ساکارو دەرکەوتنی چاپەمەنی و هۆیەکانی گواستنەوەو پەیوەندیکردن و دروستبوونی سەرەتایەکی سادەی بازاڕی شار یان بازاڕی هاوبەش، بە پێی ئەو بارەی شاری بچووک و دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی تێدا بووە، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکار بۆ جۆرێک لە تێکەڵاوبوون. ئەو تێکەڵاوبوونەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە هەستی هاوبەش و هەستکردن بە هاوچارەنووسی، کە ئەوەش جۆرێکە لە هەستی ناسیونالیزم کە ئەم جۆرە هەستە بە لایەنی کەمەوە لە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە دەرکەوتووە.

بێگومان سەرباری بوونی جۆرێک لە ناسیونالیزم بە ناوی ناسیونالیزمی ئایینی وەکو پێشتریش باسمان کرد، ئایین لە روویەکی ترەوە کە ئەویش ریفۆرمی ئایینیە رۆڵی هەبووە لە دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا، لەو رووەوە کە ئایین بەشداری بکات لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیونالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئایینیدا. ئەمەش تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لەگەڵ شێوەی گشتی ناسیونالیزمدا باش یەکناگرێتەوە، ئەویش لەو رووەوە کە ناسیونالیزم بە تایبەتی ناسیونالیزمی رۆژئاوا زیاتر سروشتێکی عیلمانی هەیە. بەڵام بزووتنەوە ریفۆرمییە ئایینیەکان کە تا ئەندازەیەکی

دیار کرانەوە بە ئایین دەبەخشن. لەو رووەوە دەشێ ئایین وەکو رەگەزێکی دەرکەوتنی ناسیونالیزم رۆڵی دیارو کاریگەر ببینێت. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین رۆڵی ئایین لە دروستبوونی ناسیونالیزمی عەرەبیدا لەسەر بنەمای ریفۆرمی ئایینی نەهاتووەو ئەو ریفۆرمە ئایینیەی کە جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدەو رەشید رەزاو و کەمێک دواتریش عەلی عەبدولرەزاق باسیان دەکرد، کە کرانەوەی ئیسلام و دووبارە خوێندنەوەی دەقە ئیسلامیەکان بوو بە شێوەیەکی عەقلانی و پاکژکردنەوەی ئیسلام لە خورافات و شتی بێبنەما. بەڵکو بە پێچەوانەوەی ریفۆرمی ئایینیەوە، ناسیونالیزمی عەرەبی و فارسی و تەنانەت ناسیونالیزمی تورکی نوێ، واتە ئەوەی لە باڵادەستبوونی ئاراستەی ئیسلامیەوە لە تورکیادا هەیە، لە دەرەوەی ئاراستەی ریفۆرمی ئیسلامی پەیدابوون و زیاتر سوودیان لە لایەنە داخراوەکانی ئیسلام وەرگرتووەو ئەوەش یەکێکە لە هۆکاری توندو تیژی و شۆڤینیستی و رەگەزپەرستی و فاشیزمبوونی ناسیونالیزمی ئەم سێ نەتەوەی کە هەرسێکیان کۆلۆنیالیزمی ناوخۆی کوردستانن.

رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا شتێک هەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا ناوی ریفۆرمی ئایینی بێت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە باسی رۆڵی ریفۆرمی ئایینی لەسەر سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی بکەین؟ بێگومان لە کۆمەڵگای کوردیدا شتێک نیە بەناوی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی. بەڵام وەک دەزانین لە کوردستان دیاردەیەکی پەیوەست بە ئایین هەیە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا گەیشتووەتە دیارترین ئاستی، ئەویش دیاردەی تەسەوفە. ئێمە دەزانین تەسەوف بە رێبازە جیاوازەکانیەوە لە مێژوویەکی زووەوە لە جیهانی ئیسلامیدا وەکو جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆن بوون سەریهەڵداوە. بەڵام سروشتی تەسەوف و پەیوەندی نێوان ئەو دوو رێبازەی لە کوردستان هەبوون جیاوازی هەیە لەچاو هەمان دیاردە لە شوێنەکانی تری جیهانی ئیسلامیدا بە تایبەتی لەو مێژووەدا. ئاشکرایە تەسەوف بەگشتی جۆرێکە لە ئۆپۆزسیۆنبوون لە ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی، یان لە ناوەندی دەسەڵاتی خەلافەت کە مەبەست ئەو ناوەندەی دەسەڵاتە کە کەسانی وەکو جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەو کەواکیبی و کەسانی تریش دەیانویست ریفۆرمی تێدا بکەن. هەروەک ئاشکرایە تەسەوفیش سەرباری

ئـەوەی سـەرچاوەکانی قورئـان و فەرمودەکانـی پێغەمبـەرە، بەڵام ئامانجی ئەوە بـووە کـە کەمێک لـەو داخراویـەی کـەم بکاتـەوە.

زیاترین ئاستی پەرەسـەندن و ململانێی دوو ڕێبازی دیاری تەسـەوف لـە کوردستاندا هاوتەمەنـی دەرکەوتـن و گەشـەی ناسیونالیزم و پەرەسـەندنی کۆلۆنیالیزمـن لـە ڕۆژئـاوا. لـەم قۆناغـەدا مەگـەر هەسـتێکی زۆر سـادەی نەتەوەیی، ئەگینا شـتێک نەبووە بە ناوی ناسیونالیزمی کوردی. بـەڵام لە دوای ڕوخاندنـی میرنشـینەکان، دەبینرێت زۆرینـەی ڕاپەڕینەکانـی کورد لـە لایـەن ڕابـەرو شـێخەکانی ئـەم دوو ڕێبازەوە سـەرکردایەتی کراون. هەڵبـەت ڕێبازی قـادری زیاتـر پەیوەسـتە بـە ناوەنـدی دەسـەڵاتی ئیسـلامەوەو لە ڕێگای تەسـەوفەوە دەیەوێت زیاتـر بنەماکانـی ئایینی ئیسـلام پتەو و بەهێز بکات، یان بـە دەربڕینێکـی تـر ئـەم ڕێبـازە دەیەوێت لـە ڕێگای تەسـەوفەوە پەیوەسـتبوون و دڵسـۆزی زیاتـر بـۆ ئایینەکـە فەراهـەم بـکات. بێگومـان لـەم ڕووەشـەوە ئـەم ڕێبـازە هیـچ لادانێکـی لـە پرینسـیپەکانی ئایینەکـەو لـە ناوەنـدی بڕیـاری ئایینەکـە نەبووەو نیـە. بـەڵام دەشـیا ئـەم ڕێبـازە ببوایەتـە بنەمـاو هەوێنـی ناسـیونالیزمی ئایینـی کـوردی.

لە بەرامبەرڕێبازی قادریدا، ڕێبازی نەقشبەندی لە ڕووی پرینسیپەکانیەوەو لـە ڕووی ڕەچەڵـەک و درەختـی بنەماڵـەی شـێخی ئەم ڕێبازەوە، جیاوازی هەیە لە ڕێبازی قادری لە کاتێکدا پرینسیپەکانی ڕێبازی قادری تەنیا لەسـەر بنەمای پەیوەسـتبوون بـە ناوەندی ئیسـلام و بـە ئایینـەوە بنیادنراوەو شـێخ لـە ڕێبازی قادریدا دەبێ سـەید بێت، واتە بە ڕەچەڵەک بچێتەوە سـەر پێغەمبەری ئیسـلام. لـە بەرامبـەر ئەمـەدا، سـەرباری ئـەوەی سـەرچاوەکانی ڕێبازی نەقشـبەندی وەکو هەمـو ڕێبازەکانـی تـری تەسـەوف قوریـان و فەرمـودەن، ئـەم ڕێبـازە تـا ئەندازەیـەک بنەمـای پێکـەوە کۆکردنـەوەی دیـن و دنیـای هەیـە. هـەروەک ئـەم ڕێبـازە بـە ڕێبـازی خەڵکـی ئاسـایی ناودەبرێت، واتـە ڕێبـازی خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگاو ئەهلی کار و پیشەیە. هەروەک شێخ لە ڕێبازی نەقشبەندیدا مەرج نیە سـەید بێت و بە ڕەچەڵەک بچێتەوە سـەر پێغەمبەری ئیسـلام. ئەم نەگەڕانەوەی شـێخ لـە ڕووی ڕەگوڕیشـەوە بۆ سـەر پێغەمبـەری ئیسـلام، واتـە نەگەڕانـەوە بۆ سـەر ئیتنیکی عەرەبی، ئەمـەش شوناسـی لـە ڕیشـەدا نـا عەرەبی دەداتـە

شێخی ئەم ڕێبازە. هەروەها کۆکردنەوەی دین و دنیا پێکەوە و پەیوەستبوون بە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگاو ئەهلی کار و ناڕاستەخۆ پێداویستیەکانیان، هەڵبەت لە چوارچێوەی ئاییندا، لە خۆیدا وەکو شێوەیەکی تری ئەو ریفۆرمەیە کە ریفۆرمیستەکان داوایان دەکرد لە ئاینی ئیسلامدا بکرێت.

لێرەوە دەردەکەوێت پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردی و ئاینی ئیسلام، کە بێگومان ئاینی کۆمەڵگای کوردیە، ڕێبازی نەقشبەندی وەکو شێوەیەک لە بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی دەردەکەوێت بە تایبەتی لە پێکەوەبەستنی دین و دنیادا، لە کاتێکدا ئاستیک لە ریفۆرمی ئاینی لای عەرەبەکان داوای جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت دەکات. ئەو ڕووبەرەی ریفۆرم کە لە پرینسیپەکانی نەقشبەندیدا هەیە وەکو دورکەوتنەوەیەکی ڕێژەیی لە ناوەندی بڕیاری ئیسلامی ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی هەستی نەتەوەیی یان ناسیونالیزمی کوردیدا و ئەگەری ئەوەش هەبوو کە پرینسپیەمانی ئەم ڕێبازە بە لەیەکتر نزیکبوونەوەو یەکگرتن لەگەڵ هەستی نەتەوەیی کوردیدا ببوونایەتە بنەما بۆ دروستبوونی ناسیونالیزمی ئاینی- ئیسلامی- کوردی[٤]. تەنانەت ببوونایەتە بنەما بۆ بنیادنانەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردی و یەکێک لە پایەکانی ڕێنیسانسی نەتەوەیی کوردی[٥]، هەرچۆن پرینسیپەکانی شێعەگەرێتی بوونەتە بنەما بۆ ڕێنیسانسی فارسی و بۆ بنیادنانی کەسێتی فارسی و دروستکردنی ناسیونالیزمی فارسی.

هەروەک گەڕانەوەی کورد بۆ نووسین بە زمانی کوردی و بایەخدان بە فۆلکلۆرو ئەفسانەو گۆرانی و ڕەگەزە کەلتورییەکانی تری کوردی، دەوریان هەبووە لە زیاتر دەرخستنی هەستی ناسیونالیزمی کوردیدا، دیسان لە ڕوویەکی تریشەوە بایەخدان بەم بوارانە وەکو دەرئەنجامی دروستبوونی هەستی ناسیونالیزمی کوردی دەردەکەوێت. بێگومان هەریەکە لەم خاڵانەی سەرەوە کە باسکران دەشێت بە ئاستی جۆراوجۆر ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزم هەبێت. بەڵام لە پاڵ ئەمانەدا دەشێ باسی ڕۆڵ و کاریگەری ناسیونالیستەکانی تر یان ناسیونالیستەکانی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی بکەین لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی. لە کاتێکدا یەکێک لە هەرە بنەما سەرەکیەکانی دەرکەوتنی ناسیونالیزم کە نوێگەری یان پێشکەوتنە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆی

نەبووە لە کۆمەڵگای کوردیدا. دیارە مەبەست لە نوێگەری و پێشکەوتن بەپیشەسازییبوونی کۆمەڵگاو دروستبوونی کۆمەڵگای شارو عەقڵی شارو کەلتوری شارو دەرکەوتنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیستێمی ئابووری بۆرژوازی و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی ئەم سیستێمە ئابووریەیە، لەگەڵ کارکردنی هەموو ئەمانەش بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا بە چەمکی هیگڵی لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و هەتا لەوێشەوە دەوڵەت بەرهەم بهێنێت[٦]. نەبوونی ئەم بنەما پێویستانە هۆکاری سەرەکیە بۆ دواکەوتنی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی. لەپاڵ نەبوونی زەمینەی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردیدا، لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەی پێشتر باسکران، هەستێکی سادەی نەتەوەیی یان ناسیونالیزمی دەرکەوتووە کە لەگەڵ ئەو هەستەدا لە کۆمەڵگای کوردیدا تاکەکەس یان دەستەبژێری ناسیونالیست دەرکەوتووە بەبێ بوونی ناسیونالیزم. ئەوەش ناسیونالیزمی لە بیرو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی جەماوەرییەوە کردووە بە بیرو ئایدیۆلۆجیای تاکەکەس یان لە باشترین باردا بیرو ئایدۆلۆجیای دەستەبژێری بەژمارە کەم و ناکاریگەر. ئەم بۆشاییە بۆ دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی دەوری هەبووە لەوەدا کە ناسیونالیزمی دەرەوەو بیرو ئایدیۆلۆجیا جۆراوجۆرەکان کاریگەری ئاشکرایان لەسەر کوردو ناسیونالیزمی کوردی هەبێت. لەم رووەشەوە ناسیونالیزمی کوردی لە لایەک بە ناسروشتی و نەبەکامی لە دایک ببێت، لە لایەکی ترەوە بە دیدو بۆچوون و تەنانەت بیری ئەوانی دەرەوەی واقیعی کوردەواری دروست ببێت. ئەوەش هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی کە ناسیونالیزمی کوردی نەتوانێت هەڵگری خواست و گوتاری راستەقینەی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو بێت. هەروەها نەتوانێت ببێتە ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی جەماوەریی بۆ دروستکردن و بەکارخستنی پرۆسێسی یەکێتی و یەکبوون.

ئەگەر بەپێی ئاستی کاریگەری و لە روانگەی پێشینەی مێژووییەوە سەیری کاریگەری ئەوانی تر بکەین لەسەر کورد بەگشتی و لەسەر ناسیونالیزمی کوردی بە تایبەتی، ئەوا کاریگەری بیرو ئایدیۆلۆجیای ئایینی کە بە گوێرەی کورد بیرو ئایدیۆلۆجیای ئیسلامیە پێش بیرو ئایدیۆلۆجیاکانی تر کاریگەری خۆیی لەسەر کورد داناوە. هەر بیرو ئایدیۆلجیایەکیش کە هاتووەتە ناو ژینگەو سەرزەمینی نائامادەی کوردیەوە، بە ئاسانی شوێنی خۆیی گرتووەو نەک

هەر کاریگەری لەسەر واقیعەکە دەرکەوتووە، بەڵکو بۆتە بیرو ئایدیۆلۆجیای ئامادەو هەژموندارو بڕیاردەر، کە لە راستیدا نامۆ بووە بە واقیعی کۆمەڵگای کوردیَ. کاتیَ ئایینی ئیسلام دەگاتە کوردستان، بە جۆرێک جێگا دەگرێت وەکو ئەوەی لە پێش هاتنی ئەو ئایینەدا کورد هیچ بیرو باوەڕێکی ئایینی تری نەبووبێت و هیچ ئامادەبوون یان بنەمایەکی ئەوتۆی ژیانی تایبەتی خۆیی نەبووبێت کە بەلایەنی کەمەوە لە توانەوەی تەواوەتی لەناو ئیسلامدا بیپارێزێت. مەبەست لەم بۆچوونە ئەوە نیە کە کورد نەبێت بە ئیسلام، نەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر کورد بوو بە ئیسلام لەناو ئایینەکەدا نەتوێتەوەو ببێت بە بەشێک لە ئومەتێک کە خۆی بە خاوەنی ئایینەکەو زمانی ئاینەکەش دەزانێت و ئەو ئایینەکە لە پێناوی دەسەلات و زمان و شوناسی خۆیدا بەکاردەهێنێت. کێشەی کورد ئەوە بووە لەناو ئایینەکەدا تواوەتەوەو نەک نەیتوانیووە ئەم ئایینە بکاتە بنەما بۆ بەدەستهێنانی شوناس و پارێزگاری لەخۆکردنی، بەڵکو ئەو شوناسە سادەو ناوچەییەی کە پێشتر هەیبووە ئەویش لەناو ئایینەکەدا تواوەتەوە. لێرەوە ئەو بۆچوونە دروست دەبێت کە کۆنەستی کۆمەلایەتی کوردی لە لایەن ئایینەکەوە داگیرکراوەو لە نێوان وابەستەبوونی ئیتنیکی و ئایینیدا هەمیشە وابەستەبوونی ئایینی بەهێزتر بووە. ئەم بارەش بە گوێرەی کورد تەنیا بۆ ئایینی ئیسلام وانەبووە، بەڵکو بۆ بیرو ئایدیۆلۆجیا نائایینیەکانیش هاوشێوەیە. بارودۆخێکی لەمجۆرەش بوار بۆ رۆڵی بیرو ئایدیۆلۆجیای هاتوو لە سنوری کارلێکردن و بوونی کاریگەریدا ناهێڵێتیەوە، بەڵکو بیرو ئایدیۆلۆجیای هاتوو دەبێت بەجێگرەوەو رۆڵی بیرو ئایدیۆلۆجیای یەکەم دەبینێت.

ئەم بارو دۆخە رەنگە هەتا سەروەختی دەرکەوتنی هەستی ناسیونالیزم ئاسایی بووبێت، بەلام لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا کاریگەری نەرێنی دەبێت. کاریگەری نەرێنی گوتاری ئایینی- ئیسلامی- لەسەر کورد دوو ئاراستەی هەبووە. یەکەمیان پەیوەستکردنی کورد بە گوتاری کۆلۆنیالیستەکانی کوردستانەوە لە عەرەب و تورک و فارس، لە کاتێکدا ئەم کۆلۆنیالیستانەیَ کوردستان پەیڕەوکەری هەمان ئایین بوون و گەوهەری گوتاری دەسەلاتی دەوڵەتی ئەم سیَ نەتەوەیە سەپاندنی هەژموونی نەتەوەی یەکەم بووە، واتە هەژموونی نەتەوەی عەرەب و تورک و فارس بەسەر کورددا، چونکە گوتاری

دەوڵەتیی ئەمانە یەکگرتنی گوتاری نەتەوەیی و ئایینی بووەو ئایینیش بووەتە بەشێکی تەواوکەری گوتاری نەتەوەیی ئەوان و ئەوەش وایکردووە کە هاوئایینی ئەو بۆچوونە لای کوردی پاشکۆو کۆلۆنیکراو دروست بکات کە بەشێکە لە پێکهاتەی ئەو دەوڵەتە، واتە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست. ئەمەش ئەوە دەردەخات بە گوێرەی کورد گوتاری ئایینی بووەتە فاکتەرێک بۆ ئامادەکردنی کورد بۆ پێکهێنانی گەل لەگەڵ نەتەوەی سەردەست یان کۆلۆنیالیستدا، کە ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ناسیونالیزمی کوردی هەبووە. ئایین یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی گوتاری یەک گەل یان یەک نەتەوە بووە بە ناوی نیشتیمانەوە وەکو گەلی عێراق، گەلی ئێران ،گەلی تورکیا، گەلی سوریا، کە تیایاندا دەوڵەت دەوڵەتی نەتەوەی یەکەم بووەو کوردیش لەبەردەم پرۆسێسی توانەوەدا بووە.

ئاراستەی دووەم، رۆلی نەرێنی گوتاری ئایینیە لەسەر دابەشکردنی زیاتری کورد. لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ساڵی ١٩١٨دا، کوردستان جارێکی تر دابەشکرایەوەو ئەمجارە لەبری دابەشبوون بۆ دوو بەش و مانەوە لە ژێر دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی ئیمپراتۆری تەقلیدی عوسمانی و سەفەوی و پاشان قاجاریدا، کرایە چواربەشەوە، کە دوو بەشیان وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کرانە پاشکۆی دوو دەوڵەتی تازە پێکهێنراوی کۆلۆنیالیست کە ئەوانیش عێراق و سوریا بوون. باشوری کوردستان زیاتر لە هەر هۆکارێکی تر، بە هۆکاری ئایینی- مەزهەبی- لکێندرا بە عێراقەوە، ئەویش بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان مەزهەبی شیعەو سونە لە پێکهاتەی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا.

لەم قۆناغەدا، کورد لە رووی جوگرافی و سیاسی و ئابووری و دیمۆگرافیەوە کرایە چواربەش. بەڵام لە لایەکی تریشەوە فرە ئایینی و فرە مەزهەبی و رێبازی جیاوازی تەسەوفیش لە کۆمەڵگای کوردیدا هاوشانی دابەشبوونەکانی تری وەکو خێڵایەتی و عەشیرەتایەتی و دابەشبوونی زمان بۆ زاری جۆراوجۆر هۆکار بوون بۆ زیاتر دابەشکردنی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردی. هەر دابەشکردنێک لەم بوارانەدا دەبێتە هۆی دابەشکردن لە سەرخانی کۆمەڵگادا، کە مەبەست کەلتورو زۆرینەی رەگەزو پێکهێنەرەکانیەتی. ئەوەش سەرئەنجام دەبێتە هۆی دابەشکردنی بنەماکانی پێکهێنانی شوناس،

واتە لەبری تاکە شوناسێکی نەتەوەیی کە ئەویش یەکسانە بە شوناسی دەوڵەت- نەتەوە، شوناسی پارچە پارچە بوو یان دابەشبوو بەرهەم دێت. کە ئەوەش دەبێتە هۆی دابەشبوون لەهەستی ناسیونالیستی و بەرهەمهێنانی گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزمدا، کە گوتارێکە لە خوار ئاستی هەڵگرتنی پرۆژەی دەوڵەتەوەیە. هەر لێرەوە ئاشکرا دیارە لە دابەشبوونی دووەمی کوردستانەوە هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی نەبووە نەک لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، بەڵکو تەنانەت لەسەر ئاستی تاکە بەشێکی کوردستانی دابەشکراویش. بە درێژایی سەدەی بیست هەتا ئەو ساتەی پەرلەمانی باشوری کوردستان بە فەرمی لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکاندا هەنگاوێکی کەمیٔ زیاتری هەڵهێناو ئاستی خواستەکانی کوردی باشوری بۆ فیدراڵی بەرزکردەوە، کە دیارە ئەویش دیسان هەر گوتاری ناتەواوەو بەرهەمی ئەو دابەشبوونەیە کە لە لایەک لە رووی سیاسیەوە جێبەجێکراوە، لەلایەکی ترەوە بە کاریگەری گوتارەکانی تر لە نێویاندا گوتاری ئایینی، واقیعی دابەشبوون کراوەتە دیفاکتۆو لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا شوێنی خۆیی گرتووە.

لە ئاستێکی تریشدا، ئایین کاریگەری نەرێنی هەبووەو هەتا ئێستاش ئەو کاریگەرییە نەرێنیەی لەدەستنەداوە بۆ دابەشکردنی زیاری کورد نەک هەر بۆ چوار بەش بەڵکو لەهەر بەشێکیشدا دابەشبوونی زیاتری دروستکردووە. ئێستا با سەیری دابەشبوون لە چوارچێوەی بڕوادارانی ئیسلام بکەین لە کوردستاندا. دابەشبوونی ئاشکرا بۆ شوێنکەتووانی مەزهەبی سونە و شیعە لە رۆژهەلات کوردی کردۆتە دوو بەشەوە. لە باشور کوردی کردۆتە دوو بەشەوە. لە باکور کوردی مسوڵمان دابەش دەبن بۆ پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سونەو عەلەوی بەهەمان شێوە لە رۆژئاواش. ئەمەش دەریدەخات کە پارچەبوونی زیاتر لە جەستەی کوردیدا روویداوەو هەموو دابەشبوونێکی زیاتر، مانای دابەشبوونی زیاتری شوناس و ئەوەش مانای لاوازی و ناکارایی ناسیونالیزم هەڵدەگرێت بەجۆرێک کە نەبێتە هەڵگری گوتاری تەواو کە گوتاری یەکێتی و یەکبوونە و بارگاویکراوە بە رەگەزەکانی دەوڵەت و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوە.

هەڵبەت لە ئاستیکی تریشدا ئایین کاریگەری نەرێنی لەسەر ناسیونالیزمی کوردی هەیە چونکە بە ئاراستەیەکی جیاواز لەو ئاراستەیەی ئیسلام کوردی دابەشکردووە، ئایین بەگشتی کوردی دابەشی چەندین بەشی تر کردووە. راستە شوناس بریتیە لە پەیوەندی خودو ئەویتر لەسەر بنەمای جیاوازییان[٧]. هەروەک بەردەوام ئەوە دەبیسترێت کە جۆراوجۆرێتی ئیتنیکی، ئایینی، رەنگ، زمان، کەلتور سەرچاوەی هێزن، بەڵام ئەوە بۆ کاتێک راستە کە سیستێمێکی دەوڵەتی دیموکراتی و مەدەنی بنیادنراو لەسەر بنەمای چەمکی هاوولاتیبوون بوونی هەبێت و کارا بێت، نەک بۆ کۆمەڵگایەک کە هەریەک لەم پێکهاتانە لەبەردەم مەترسی لە دەستدانی شوناس و تەنانەت بوونیشدا بێت و هەریەکە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا لە کۆششی بەردەوامدا بێت و بەمەبستی پاراستن و مانەوەی خۆی بشێت بچێتە رووبەری ئەوانی ترەوەو تەنانەت بگاتە ئاستی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەوانیتر لە پێناوی خۆیدا. کورد دابەش دەبێت بۆ شوێنکەوتووانی ئیسلام، مەسیحی، پێشتر جولەکە، یارسان، ئیزیدی و زەردەشتی و سابئەو...تاد. تەنانەت ئەم فرە ئایینیە ئەگەر نەشبووبێتە هۆی پێکدادان، بەڵام بووەتە هۆی دابەشبوون. ئاشکرایە ئایین وەکو رەگەزێکی شوناس سەیر دەکرێت. دابەشبوونی ئایینی دەبێتە هۆی دابەشبوون لە شوناسدا. هەر دابەشبوونێکی شوناس خودی شوناسەکە لە تاکە شوناسێکی گشتیەوە دەهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی شوناسی بەشێک کە ئەوەش دابەشبوونە لە ناسیونالیزم و گوتارەکەیدا. هەر دابەشبوونێک لە ناسیونالیزمدا گوتاری ناسیونالیزم دەکات بە گوتارێکی ناتەواو، واتە گوتارێک کە ناگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت. ئەمەش مانای لاوازکردنی بنیادی ناسیونالیزمە.

بیرو ئایدیۆلۆجیای چەپ لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی سۆڤێتی، بووەتە بیرو ئایدیۆلۆجیایەکی کاریگەرو ئەو کاریگەرییەش زیاتر بە ئاراستەی ئەو شوێنانە رۆیشتووەو بڵاوبووەتەوە کە کراون بە کۆلۆنی بۆ کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستی رۆژئاوا. بەڵام دەرکەوتنی کاریگەری چەپ لەسە ر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان و کوردستانیش وەکو چوار کۆلۆنی ناوخۆ لەگەڵ دروستبوونی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانەدا دەرکەوت. دوا بەدوای یەک پارتە کۆمۆنیستەکان لەم چوار دەوڵەتە

کۆلۆنیالیستەی کوردستاندا بەم جۆرە دروستبوون. پارتی کۆمۆنیستی ئێران ساڵی ١٩٢٠ دروستبوو، پارتی کۆمۆنیستی تورکیا ساڵی ١٩٢٠، پارتی کۆمۆنیستی سوریا ساڵی ١٩٢٤ و پارتی کۆمۆنیستی عێراق ساڵی ١٩٣٤. بێگومان سەرەتاش ئەم پارتە کۆمۆنیستانە لە لایەن دەستەبژێری نەتەوەی یەکەم یان نەتەوەی سەردەستی ئەم دەوڵەتانەوە دروستکران. هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە ئەم پارتە کۆمۆنیستانە کە بە رێنومایی و پشتگیری یەکێتی سۆڤێت دروستبوون، ئامانجیان دامەزراندنی سیستێمی سۆشیالیستی بوو لەم وڵاتانەدا. دیارە ئەوەی کە پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکرابوو، دەیانوویست و مەبەستیان بوو، دروستکردنی دەوڵەتی نیشتیمانی سەربە سۆڤێت بوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئەوان بڕوایان بە بوونی یەک گەل هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا، کە ئەویش بێگومان دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست بوو، یان بە گوێرەی کوردستانی دابەشکراو دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆ بوون.

لەم بارەدا کورد لە هەرچوار دەوڵەتەکەدا وەکو بەشێک لە گەلی هەر یەکە لەو دەوڵەتانە سەیردەکراو بەئاشکراش لە رێگای توندو تیژی و فشارو هێزەوە تا ئاستی تواندنەوە، هەوڵدەدرا بکرێتە بەشێک لە گەلی ئەو دەوڵەتەی کە هەبوو. پارتە کۆمۆنیستەکان دەیانوویست لە رێگای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و پاشکۆکانی کۆلۆنیالیزمەوە سیستێمی سۆشیالیستی تێدا دابمەزرێنن. هەر لەسەر شێوەی نەتەوەو ئیتنیکە جیاوازەکانی ژێر سایەی یەکێتی سۆڤێت و لەسەر بنەمای دیموکراتی بۆ دەوڵەت و مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ نەتەوەی بندەست واتە بۆ کورد، دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی سەربە سۆڤێت لەهەر یەکە لەم چوار دەوڵەتەدا دروست ببێت. لێرەوە پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم چوار دەوڵەتە هەر چۆن سەیری جیاوازی نەتەوەیی فارس و تورک و عەرەبیان دەکرد، وەکو چوار نەتەوەی جیاواز، سەرباری ئەوەی کە عێراق و سوریا هەردووکیان عەرەب بوون، بەهەمان شێوە سەیری کوردیان دەکرد وەکو ئەوەی چوار ئیتنیک بێت و هەریەکەیان بەشێک بێت لەو چوار دەوڵەتەی کە هەریەکەیان بەشێکی کوردستانی پێوە لکیندرابوو. پارتە کۆمۆنیستەکان بەم روانینەیان رەوایەتییان دا بە دابەشکردنی کوردستان. کە ئەو دابەشکردنە تەنیا جوگرافیاو ئابوری و دانیشتوان و

سیاسەتی کورددیان دابەش نەکردبوو، بەڵکو بنەمای سەرەکی شوناس، کە یەکبوونە، ئەوەشیان دابەشکردبوو. بەوەش کورد شوناسی خۆیی وەکو یەک شوناسی نەتەوەیی لە دەست دابوو.====

پارتە کۆمۆنیستەکان رەوایەتییان بەم دابەشکردنەی کوردستان داوەو خەباتیان بۆ دروستکردن و پێکهێنانی یەک گەل کردووە لە هەریەکە لەم وڵاتانەدا لە نەتەوەی سەردەستەی عەرەب و تورک و فارس و ئیتنیکی بندەستی کوردی. لەم هەلومەرجەدا، لە لایەک کورد وەکو نەتەوەی بندەست لە ژێر هەژموونی ئەم دەوڵەتانەدا بوو وەکو کۆلۆنیالیستی ناوخۆ. ئاشکرایشە عێراق و سوریا کە هێشتا خۆیان کۆلۆنی بەریتانیاو فەڕەنسا بوون، هاوکات کۆلۆنیالیستی دوو بەشی کوردستانیش بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە لایەک کورد لە ژێر سایەو هەژموون و چاودێری بیانیدا بوو، لە لایەکی تریشەوە کرابووە پاشکۆی نەتەوەی سەردەستی ئەو دەوڵەتەی پێوەی لکێندرابوو. ئەمەش لە پاڵ دابەشبووندا رۆڵی هەبوو لە دروستبوونی گوتاری ناتەواوی خۆبەڕێوەبردن یان ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە سایەی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناوخۆدا کە ئەمەش زیاتر داهینانێکی ئایدیۆلۆجیای چەپ و پارتە کۆمۆنیستەکان بوو.. جارێکی تر عەباسی وەلی دەڵێت: چاودێریکردنی بیانی و پاشکۆیەتی ناوخۆ، دوو رەگەزی بنچینەیین لە دروستکردنی ئەو بزووتنەوە کوردییانەی بەدوای ئۆتۆنۆمیەوەن، کە هەرووکیان واتە چاودێرکردنی بیانی و پاشکۆیەتی ناوخۆ، دژی ناسنامەی نەتەوەیی کوردین[٨]. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە شوناسی تەواو پەیوەستە بە بوونی دەوڵەتەوە، واتە سەروەری نەتەوەیی لە بوونی دەوڵەتی نەتەوەدا بەدەست دێت. ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەش بەرهەمی ناسیونالیزمێکە لە سەر ئاستی ناوخۆ هەموو دابەشبوونە ناوخۆییەکانی کۆتایی پێهێنابێت و کۆمەڵگای کردبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو. لە بارێکی وەهاشدا دامەزراوە ناوخۆییەکانی وەکو حیزب و دەستە و گروپ و خێڵ و عەشیرەت و...ناتوانن بەرنامەی سنورداری خۆیان بەسەر بەرنامەی ناسیونالیزمدا بسەپێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموو ئەم دامەزراوە ناوخۆییە سنوردارانە دەبێت ببنە بەشێک لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جەماوەرییەی کە هێزو بەرنامەی رێکخستن و جوڵاندنی ناسیونالیزمە. بەرنامەی ناسیونالیزمی خاوەن شوناسیش بەرنامەیەکی تەواوەو لە چوارچێوەی دروستکردنی

دەوڵەتی نەتەوەدا پێناسە دەکرێت. هەر بەرنامەیەکی تر بۆ ئیتنیک یان نەتەوەیەکی کۆڵۆنیکراو، بێجگە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە لە دەرەوەی بەرنامەی ناسیونالیزمە. هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەی کۆڵۆنیکراویش ئەگەر بەرنامەی دەوڵەتی نەبێت و کار بۆ دروستکردنی دەوڵەت نەکات، بە بزووتنەوەی ناسیونالیزمی ناونابرێت.

لێرەوە سەرباری ئەوەی بزووتنەوەکانی کورد بە هەندیٚ لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاویکراون، بەڵام لە راستیدا نەبوونەتە بزووتنەوەی ناسیونالیزمی خاوەن شوناس، یان هەڵگری گوتاری تەواو. ئەوەش لە ئاستی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ نەڕەخساندنی زەمینەی ناوخۆیی پێویست لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە. لە ئاستی دووەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ رۆلی نەرێنی کۆڵۆنیالیستی دەرەکی و ناوخۆ و کەریگەری بیرو ئایدیۆلۆجیاکانی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی، کە ئەوانیش لە لایەک بوونەتە یارمەتیدەری جێبەجێکردنی پرۆسێسی کۆڵۆنیالیکردنی کەلتوریی کوردی، لە لایەکی ترەوە کوردیان راهێناوە بۆ رازیبوون بە پەسەندکردنی دابەشبوون و راهاتن لەگەڵیداو لەگەڵ رۆیشتنی کاتیشدا گەیاندوویانەتە ئەو بارەی کە هەستی خۆ بە بەشێک زانین لە گەلی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆیی هەر بەشێک رووبەرێکی فراوان لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی داگیربکات و ئاراستەی پەیوەستبوون بە ناوەندی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی ناوخۆوە بەهێزتر بێت لە ئاراستەی پەیوەستبوون بە یەکێتی نەتەوەییەوە. ئەو یەکێتیەی کە لەبەر لاوازی ناسیونالیزمی کوردی تاکو ئێستا دروست نەبووە. ئەمەش ئاراستەی دابەشبوونی شوناسی بەهێزتر کردووەو بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەر بەشێکی کوردستان بە تەنیا لە خۆی و لە کۆڵۆنیالیستی ئەو بەشە بڕوانێت و لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاستێک لە مافدا بێت لە چوارچێوەی یەکێتی ئەو دەوڵەتەدا کە ئەو بەشەی پێوە لکێندراوە.

ئەم شێوازە کارکردنەش لە جەنگی دووەمی جیهانی بەدواوە زیاتر بە کاریگەری پارتە کۆمۆنیستەکان و یەکێتی سۆڤیەت بووە. ئەوەش لەو گوتارە ناتەواوەدا بەرجەستە کراوە کە دەڵێت دیموکراتی بۆ دەوڵەتی کۆڵۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کۆڵۆنیالیستەدا. لە

بارێکی وەهاشدا نەبوونی دیموکراتی و مانەوەی بە دیموکراتیکردنی دەوڵەت تەنیا لە چوارچێوەی دروشمداو هەوڵدانی ناچارکردنی کورد بۆ داننان بە هاووڵاتیبوونی ئەو دەوڵەتەدا لە ڕێگای هێزو فشارو تواندنەوەوە تەنیا یەک شوناسی لەو دەوڵەتەدا بەرهەمهێناوە کە شوناسی نەتەوەی خاوەن دەوڵەتە، واتە شوناسی تورک و فارس و عەرەب. کەواتە لەچوارچێوەی مانەوەی کورد بە هەر دارشتنێک بێت لە سنوری دەوڵەتی ئەویتردا، ئەم نابێتە خاوەنی شوناس. واتە کورد لە ئاستی پێکهاتەی دووەمدا دەمێنێتەوە بە شوناسێکی دابەشبووەوەو لە دەرەوەی سەروەری نەتەوەیی.

# سەرچاوەکان

١. عەتا قەرەداخی، پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، بلاوکراوەکانی گەلاوێژی نوێ، ٢٠٠١، ل ٤٧.

٢. عەتا قەرەداخی، ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٦٥.

3. Faleh A. Jabar and Hosham Dawod, The Kurdish Nationalism and Politics, London, 2006, p.49.

٤. عەتا قەرەداخی، سلێمانی زەمینەی پەرەسەندن و ململانێی تەسەوف، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣٥.

٥. عەتا قەرەداخی، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، سلێمانی،چاپی دووەم، ٢٠٠٧، ل ١٢٨

٦. هیغل، مختارات، الجزء الثانی، ترجمە الیاس مرقص، بیروت، دارالطلیعە، ١٩٧٨، ص٣٨.

7. Abbas Vali, “The Kurds and their others, Fragmented Identity and fragmented politics” in Faleh A. jabar and Hosham Dawod: The Kurdish Nationalism and Politics, London, 2006, p. 52.

8. Abbas Vali, The Kurds and their others, fragmented Identity and fragmented Politics, in The Kurdish nationalism and politics, p.51.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

## لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی، مێژوویی:

١. فۆرمەلەنەبوونی گوتاری نەتەوەیی کوردی- هێلسینکی – ١٩٩٥
٢. ستراتیژو کوسێتی نەتەوەیی کوردی- سلێمانی- ١٩٩٨
٣. چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤. کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٠، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥. پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگەی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
٦. سلێمانی زەمینەی سەرهەڵدان و پەرەسەندن و ململانێی تەسەوف، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٧. خەونی سەربەخۆیی لە واقیعێکی ناجێگیردا، سلیمانی، ٢٠٠٤.
٨. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩
٩. ترس لە ئایندە، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٠. دەسەڵاتی بێ باک و ئۆپۆزسیۆنی بەپەلە، هەولێر، ٢٠١٢.
١١. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
١٢. کوردستان لە نێوان پەرتبوون و یەکبووندا، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٣. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی سێیەم، ٢٠١٩.

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

١٤. گۆران و گەڕان بە دوای یەقیندا، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٥. گەڕان بە دوای ناسنامەدا، سلێمانی، ٢٠٠١،
١٦. گەڕان بە دوای بووندا، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٧. گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٨. گەڕان بە دوای ماناکانی شیعردا، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٩. فانتازیای گەڕانەوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٠. گەڕان بە دوای شیعرو شیعریەتدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢١. مەحوی لە نێوان حەزی دنیایی و عیشقی خودایدا، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٢. لە نێوان دەنگی خاک و دەنگی ڕۆحدا، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٣. گەران لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا، سلێمانی، ٢٠١٨.
٢٤. گەران بە دوای جوانیدا لە رووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا، هەولێر، ٢٠٢٠.
٢٥. گۆران و گەڕان بە دوای بەهاکانی جوانیدا، سلێمانی، ٢٠٢١.

## وەرگێڕان:

٢٦. نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٧. دکتۆر شاکیر خەسباک، پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٨. گراهام فۆڵەر و چەند نووسەرێکی تر، جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٩. کێشەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیا، سلێمانی، ٢٠١٤.
٣٠. ئیدوارد سەعید، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٩.
٣١. کۆمەڵێک نووسەر، کوردەکان، سلێمانی، دەزگای بڵاوکردنەوەو رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٠.
٣٢. مارتین ڤان برۆنیسین، رۆبێرت ئۆڵسن، دەربارەی کورد و ناسیونالیزمی کوردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٢٠.

## وەرگێڕانی ئەدەبی:

٣٣. دایڤد دەچز، ڕێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٣٤. ئایان ماکلین، ڕێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٣٥. هێنریک ئیبسن، تارماییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٥،
٣٦. تۆماس ستێرن ئێللیەت، وێرانە خاک، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣٧. رۆجەر وێبستەر، لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠١٧.
٣٨. تێری ئیگڵتن، تیۆریی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠١٧.